# زاناو بیرمەندی کوردستان

# (سەعید نورسی)

## خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ژیاننامەی و
## تیشکێك لەسەر پرۆژەو پەیامەکانی

د.عومەر عەبدولعەزیز

(٢٠٢٠ز)

به ناوی خوای میهرەبانی بەخشندە


- ناوی کتێب: سەعید نورسی..
- ناوی نووسەر: د. عومەر عەبدولعەزیز
- بابەت: توێژینەوەی مێژوویی
- دیزاینی ناوەوە: نووسەر
- وردبینییو هەڵەچنیی: نووسەر
- دیزاینی بەرگ:
- نۆبەو ساڵی چاپ: یەکەم/ ٢٠٢٠ ز/ ١٤٤١ ک
- ئەم کتێبە (٤٣٠) لاپەڕەو (٢٢٠٧) بڕگەو (٨٩١٧) دێڕو (٧١٧٣٣) وشەیە.
- جۆری خەتی کوردیی: ali, k, sahifa.

  خەتی عەرەبی: (ali,a sahifa).



- ناونیشانی ئەلیکترۆنی نووسەر: omer٩٥٨@yahoo.com
- پەیجەکانی نووسەر لە فەیسبوکو تویتەرو تێلگرامو یوتیوب، بە ناوی:

  عمر عبد العزیز.



- ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان:



- مافی چاپ پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێڕستی تەوەرو بابەتەکان

بابەت ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ لاپەڕە

پێشەکی........................................... ١١

**دیرۆکی بەندە لە خزمەت نورسیو پەیامەکانیدا.......................١٣**

**بەشی یەکەم: خوێندنەوەی ژیاننامەی نورسی لە دیدێکی ترەوە......١٩**

١ـ دەسکەوتنی سەرەنجامێكو خوێندنەوەیەکی جیاواز..................٢٠

٢ـ وێستگە فەرامۆشکراوەکانی ژیانی نورسی........................ ٢٥

٣ـ بەشێك لە ئاكارو تایبەتمەندییەکانی نورسی.........  ................٢٨

**بەشی دووەم: تیشکێک لەسەر ژیانو خەباتی نورسی...............٣٧**

**پانۆرامایەکی ژیاننامەی نورسی:.........................٣٨ تا ١٣٤**

ناوو نازناوو زێدی (٣٨) خەوێکی سەرنجڕاکێش (٤١) هەوڵی ناوبژیوانیی (٤٣) هەوڵی سەفەری شاری بەغداو سەرنەگرتنی (٤٤) لە فەقێ سەعیدەوە بۆ مەلا سەعیدی مەشهور (٤٧پێبەخشینی نازناوی (بدیع الزمان) (٥١) خوێندنەوەو شارەزا بوون لە زانستە نوێو تەجریبییەکان (٥٢)  بڕیارێکی مێژوویی نورسی (٤١) دیداری بدیع الزمان لەگەڵ سوڵتان (عبد الحمید)و داوای زانکۆ بۆ کوردستان (٥٥) تەحەددای زانایان لە ئەستەمبوڵ (٥٦) ئیرەیی هاوپیشەکانو تۆمەتی شێتیی (٥٧) سەرسامبوونی شێخی ئەزهەر بە نورسی (٦٠) مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵی ئیتتیحادو تەرەققی (٦١) ڕۆڵی (بدیع الزمان) لە بەشداریی ئیتتیحادی محەممەدیی (٦٢) ڕووداوی ڕاپەڕینی سەربازان لە (١٩٠٩ن) (٦٣) دەستگیرکرانی مامۆستا مەلا سەعیدو پیرەمێرد (٦٤) دادگاییو داکۆکییەکی کەموێنە (٦٥) چالاکیی ڕۆژنامەوانیی نورسی (٦٨) گەڕانەوەی نورسی بۆ شاری (وان)و سەردانی دیمەشق (٧٠) سەردانی سوڵتان ڕەشادو گەشتێك (٥٨) پێکهێنانی تیپی سەربازیی خۆبەخشو بەدیلگیران (٧١) سەربەرزیی بڕوادار، لە بەردەم خاڵی قەیصەردا (٧٢) هەڵهاتنی نورسی لە دیلیەتییو

گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبوڵو ڕێزلێنانی (٧٤) ئەندامێتیی لە دامەزراوەی (دار الحكمة الإسلامية) (٧٥) داگیرکردنی ئەستەمبوڵ لە لایەن ئینگلیزو هاوپەیمانانەوە (٧٦) بەسەرهاتی نووسینی نامیلکەی شەش هەنگاو دژی ئینگلیز (٧٧) فتوا دژی شۆڕشی ڕزگاریخوازییو وەڵامی نورسی (٧٨) سەردانی پەرلەمانو بینینی ئەتاتورك (٧٩).

**گەڕانەوە بۆ (وان)و سەرەتای قۆناغی سەعیدی دووەم.............. ٨٣**

**هەڵوێستی نورسی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران................. ٨٤**

ڕوونکردنەوەیەکی فوراتی کورەزای شێخ سەعیدی پیران .................٩٠

دەستگیرکردنی نورسیو دوورخستنەوەی بۆ (بارلا)..................... ٩٣

سەردانمان بۆ گوندی (بارلا)، نشینگەی خەڵوەتی مامۆستا...............٩٥

سەردانی دیوەخانی مردووان (٩٨) سەردانی کێوی سەرسەختی (چام) (٩٩)

دوورخستنەوەی نورسی بۆ شاری ئیسبارتە............................١٠٣

دوورخرانەوە بۆ (قەستەمۆنی) (١٠٤) دادگاو زیندانی (دینزلی)و بڕیاری بێ تاوانیی (١٠٥) ڕۆژانی ئەمیرداغو زەهرخواردکردنی ........................١٠٦

**نورسیو ناردنی نامە بۆ (حسن البنا)ی ڕابەری (برایان)..................١٠٦**

**سەرکەوتنی (حزبی دیموکرات)و کرانەوەی سیاسی........................ ١٠٣**

**ئەمیرداغ و سەرەتای قۆناغی سەعیدی سێیەم............................٩٦**

جارێکی تر دادگایی کردن لەسەر نووسینی (ڕابەری لاوان).........................١١٠

دەقی داکۆکیی پارێزەر محەممەدی میهریی موفتی زادە لە نورسی.....................١١٦

بروسکەیەکی ئەمجەد زەهاوی بۆ مامۆستا نورسی.........................١١٩

گەڕانەوە بۆ شاری (ئەمیرداغ) (١٢٠) چوونی نورسی بۆ شاری ئیسبارتە....... ١٢١

ناردنی نوێنەر بۆ ڕۆژهەڵاتو باشوری کوردستانو ئێرانو عیراق...............١٢٢

ئازادبوونی پەیامەکانی نور..........................................١٢٤

هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٥٧ن)و بەشداریی نورسیو قوتابییانی................١٢٥

**ڕۆژانی کۆتایی تەمەنو کۆچی دوایی مامۆستا نورسی.....................١٢٦**

**کودەتای ساڵی (١٩٦٠ز)و چارەنووسی نادیاری تەرمی نورسی..............١٣١**

**هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی تەرمەکەی نورسی............................١٣٢**

**بەشی سێیەم: نورسیو چالاکیی سیاسیو ڕێکخراوەییو ڕۆژنامەوانیی.. ١٣٥**

١ــ بڕیاری مەشروتەو بەشداریی نورسی لە ڕێکخراوە کوردییەکاندا.........١٣٦

نورسیو چالاکیی لە ڕێکخراوی تەعاونو تەرەققی کورددا..............١٣٧

٢ــ پیرەمێرد خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری گۆڤاری (کورد)................١٣٩

٣ــ شێوەی واژۆی نورسی لە ڕۆژنامەکاندا..................................١٤٠

٤ــ بەشێك لە ناونیشانی وتارەکانی نورسی، لە ڕۆژنامەکاندا.............١٤٢

٥ــ نموونەی چەند وتارێکی نورسی دەربارەی دۆزی کوردو زمانی کوردییو پرسەکانی کوردستان............................................ ١٤٥

ا- وتاری (ئەی گەلی کوردان!)...................................... ١٤٥

ب - کوردەکان چیان دەوێت.........................................١٤٧

ج - کوردەکان دیسانەوە موحتاجن.........................................١٤٨

٦ــ نورسیو بابەتی وازهێنان لە سیاسەت...................................١٥٠

**بەشی چوارەم/ڕۆڵی نورسی لە ئەستەمبوڵداو پەیوەندیی لەگەڵ پیرەمێرد. ١٦٣**

- ئەستەمبوڵ گەورەترین شاری کوردان...........................١٦٤
- (نورسی) لە وتارو بیرەوەرییەکانی (پیرەمێرد)دا................... ١٦٦
- سەرەتای یەکترناسینی پیرەمێردو نورسی............................١٦٩
- چەند وتارێکی پیرەمێرد دەربارەی نورسی.............................١٧٠

١ــ وتاری (تەئریخو ئەشخاص، بەدیعوززەمانی کوردیی)..................١٧٠

٢ــ هەوڵێکی تری پیرەمێرد لەگەڵ نورسی بۆ بەشداریی ڕاپەڕین.........١٧٦

٣ــ نورسی لە کۆپلەشیعرێکی پیرەمێرددا...................................١٧٨

٤ــ وتاری (ترسو واهیمە).................................................١٨٠

٥ ــ وتاری (زەکاو حافظة)..............................................١٨٢

٦ـ وتاری (هەندێ وانەی مەلا سەعید بەدیعوززەمان)..................١٨٣

**بەشی پێنجەم/بابەتی دەسکاریی بەرهەمو نووسراوەکانی نورسی..١٨٥**

یەکەم/ گۆڕینی وشەی (کورد) و (کوردستان)، لە کتێبی (هذه شهادتي...)......١٨٨

بەراوردی نێوان دوو نوسخەی کۆنو نوێی (هذه شهادتي...)..............١٩١

دووەم/ گۆڕینی واژووی سەر کتێبو وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی نورسی..........١٩٦

سێیەم/ گۆڕینی وێنەی پێناسی تایبەتی نورسی..........................١٩٨

چوارەم/ دیرۆکی کتێبی (رچتة العوام) یان (مناظرات)........................١٩٨

**بەشی شەشەم/ تیشکێک لەسەر ناوەرۆکی کتێبی (رچتە العوام).....٢٠٥**

- پێناسی کتێبی (رچتـە العوام)..........................................٢٠٦
- بیرکردنەوە بە کوردییو ئاخاوتن بە عەرەبی............................٢٠٧
- (مەشروتـیەت)و بارودۆخی کوردو هەڵوێستی نورسی...................٢٠٩
- پێناسەی (دیکتاتۆریەت) و (مەشروتیەت)................................ ٢١٠
- باری ناهەمواری کوردستانو گلەیی نورسی لە سوڵتان....................٢١٣
- واتای (هێزو دەسەڵات) لە ژیانی شارستانیانەدا..........................٢١٥
- غیرەتی نەتەوەگەریی (میللەتپەوەریی)....................................٢١٨
- نرخو بەهای زانستو وانەیەکی گرنگ.....................................٢١٩
- چەوساندنەوەو جۆرەکانی.................................................٢٢١
- تێڕوانینی نورسی بۆ حاڵی جیهانی ئیسلامو زانایان.................... ٢٢٣
- هەڵوێستی لە سوڵتانو حکومەتو گۆڕانکارییەکان........................ ٢٢٤
- پرۆسەی زانکۆی (الزهراء)و مەرجو تایبەتمەندییەکانی................... ٢٢٦
- هەڵوێستی نورسی لە ئەرمەنییەکان.......................................٢٣٠
- هۆی ئاڵۆزبوونی پرسی کوردو ڕێگاچارەی..................................٢٣٢
- چەند ئامۆژگارییەك بۆ کاربەدەستانو (ئیتتیحادو تەرەققی)............٢٣٤

**بەشی حەوتەم/ دیدار لەگەڵ (حەوت) قوتابی دێرینی نورسی...... ٢٤٥**
١ـ دیدار لەگەڵ قوتابی دێرینی نورسی (حوسنی بەیرام ئۆغلو)................ ٢٤٦
٢ـ دوو دیدار لەگەڵ قوتابی نورسی (محەممەد فەرەنجی).................. ٢٥٨
٣ـ دیدار لەگەڵ (مصطفی سونگور) قوتابی دێرینی نورسی.................. ٢٦٢
٤ـ دیدار لەگەڵ حەسەن حوسەین، لە شاری ئیسبارتە............ ٢٦٤
٥ـ دیدار لەگەڵ (عەلی ئیحسان)، قوتابی نورسی، لە (سنل کنت)................٢٦٦
٦ـ بینینی محەممەد سەعید ئۆزدەمیر...................................٢٦٨
٧ـ مامۆستا ئەحمەد ئایتمور.....................................٢٦٩
**بەشی هەشتەم: وتاری زانای کوردی بەهرەمەند..............٢٧١**
**بەشداریی نورسی لە جەنگداو بەدیلگیرانی...................٢٧٦**
بەرهەمە نووسراوەکانی نورسی بە کوردیی.......................٢٨١
بدیع الزمان لە جەنگی ڕوسداو چوونی بۆ گوندی (زڤنگ) لە بۆتان........٢٨٣
چۆن بدیع الزمان لە ڕوسیا ڕای کرد؟............................٢٨٥
بدیع الزمانو تاهیر پاشای والی شاری وان..........................٢٨٦
سەعیدی یەکەمو سەعیدی دووەم.............................٢٨٩
**بەشی نۆیەم/ گەشتێکی نورانیو کۆگایەک لە ئەزموون............٢٩٥**
ئابلۆقەو شالاوی نوور......................................**٢٩٧**
کاریگەریی پەروەردەو ڕەوشت...................................٢٩٨
**یەکەم/ ئەو شوێنانەی سەردانمان کردن.......................... ٣٠٠**
١ـ خەڵوەتگەی گەڕەکی کەمبرغاز (٢٨٢) ٢ـ بەشداریی یادی ئازادکردنی (قسطنطینیة) (٣٠١) ٣ـ سەردانی مزگەوتە دێرینەکان (٣٠٣) ٤ ـ بەشداریی کۆنگرەی ڕێکخراوە جیهانییە ئیسلامییەکان (٣٠٣)ـ٥ـ گەشت بە چەند دامەزراوەکدا (٣٠٥) ٦ـ سەردانی کەنداوی ئەستەمبوڵو مزگەوتی (أبو أیوب)

(٣٠٥) ٧ـ سەردانی شاری ئیسبارتە، مەنفای نورسی (٣٠٨) ٨ ـ سەردانی (الوقف المكي للتربية) لە ئیسبارتە (٢١٠) ٩ـ کۆڕێكو چەند وتارێك (٣١٠) ١٠ـ سەردانی ماڵی نورسیو بینینی بەجێماوەکانی (٣١٢) بیرۆکەی خۆ وەقفکردن بۆ خزمەت............٣١٥

**دووەم/ تاوتوێی چەند تەوەرێك..................................٣١٦**

١ـ بۆچی موسوڵمانان سەرناکەون، کە لەسەر حەقیشن؟........... ٣١٥

٢ـ چەمکی دونیاو ژیانی دونیا (٣١٧) ٣ـ پرۆژەی چاکسازیی گەورە..... (٣١٩)

٤ـ چی بکەینو چی نەکەین ؟ نەك: چی دەبێو چی نابێ؟...............٣٢٠

هەڵوێستەیەك لەگەڵ (تصوّف)و (حلول)............................... ٣٢١

**سێیەم/ هۆکاری بنەڕەتیی گۆڕانی ئاراستەی نورسیو تیشکێك لەسەر بەشێك لە پەیامەکانی سەعیدی دووەم............................٣٢٤**

**ئەتاتورك چی کردو چی بەسەر تورکیا چی بەسەر هێنا؟............٣٢٤**

نورسی چۆن دەستی پێ کرد؟ چی هەژاندی؟............................ ٣٣٠

**تیشکێك لەسەر بەشێك لە پەیامەکانی:** ١ ـ خوێندنەوەی نامیلکەکانی (الأخوة والإخلاص) ٢ـ ئیمانو کامڵبونی ٣ـ حەشر ٤ـ ڕابەری لاوان ٥ـ ڕابەری ئەهلی قورئان ٦ـ وتاری شامیی٧ـ بەرهەم درەختی ئیمان....... ٣٣٤ـ ٣٥٠

بەرهەمەکانی نورسیو تیشێك لەسەر (پەیامەکانی نور)................ ٣٥٤

کەلێنێکی ڕەوتی نورو تیشکێك لەسەر باڵەکانی..................... ٣٦٠

- هەندێك لە وتە پڕ لە حیکمەتو داناییەکانی نورسی........... ٣٦٧
- ژیاننامەی مامۆستا نورسی، بە پوختییو کورتیی............... ٣٧٠
- دەقی گفتوگۆکانی ناو دادگاییکردنی شێخ سەعیدی پیران..... ٣٧٤
- پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکان.............................. ٣٨١
- سەرچاوەو ژێدەرەکان................................... ٤٢٢
- کورتە ژیاننامەی نووسەر (د.عمر عبد العزيز)و بەرهەمەکانی....٤٢٧

## پێشەکی

مامۆستا مەلا سەعید کوردی (نورسی)[1] ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی عیرفانو عەقڵو خواناسییو زانستو مەعریفە بوو. سونبولێکی پێکەوەگرێدانی خزمەتی ئاینو نەتەوەو نیشتیمان بوو. بیرمەندێکی ئازاو ئازادو نوێخوازێکی گۆڕەپانی بیرو هزری ئیسلامیی بوو. ڕابەری هیوابەخشی سەردەمی نائومێدییو پاشەکشێ بوو. پێشەنگی پابەندییو نوێخوازییو کۆکردنەوەی ڕەسەنایەتییو هاوچەرخیی بوو.

نورسی تاقانەی بیری تیژو زەینی ڕوونو هەڵکەوتووی سەردەمی خۆی بوو. لە گۆترە نەبوو کە کۆڕبەندی زانایانی هاوچەرخی خۆی، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا نازناوی (مەلا سەعیدی مەشهور)و لە (١٦) ساڵیدا، نازناوی

---

١ مامۆستا مەلا سەعید لە کۆتایی زۆربەی نووسینەکانی خۆیدا واژووی (سەعید کوردی)، یان (مەلا سەعید کوردی)، یان (مەلا سەعیدی مەشهور)، یان (سەعیدی نورسی)، یان (بدیع الزمان سەعید)، یان (سەعید)ی بە تەنیا داناوە. (دواتر لەم کتێبەدا نموونەکان دێنم) بەڵام بەداخەوە لە کتێبە تورکیو عەرەبییەکاندا، بە زۆریی نازناوی (سەعید نورسی) بەکارهێنراوە. بەندە وەك ئەمانەتو بۆ ڕێزنانێك لە بەشێکی زۆر لە تەمەنی خۆی، لەم کتێبەدا هەموو ئەو نازناوانە بەکاردێنم. لە وێنەی ژمارە (١)ی بەشی پاشکۆدا، وێنەیەکی ببینە. ◙

(بديع الزمان)يان پێبەخشی. دواتر چەندین نازناوی تری وەك: (ترجمان الحقائق)، (المجدّد)، (معلم الإسلام) و (منقذ الإيمان)ی بەسەردا بڕا. ئێستەش لە گۆترە نیە کە نووسینو پەیامەکانی بۆ نزیکەی پەنجا زمانی جۆراوجۆری سەرزەوی وەرگێڕدراونو ساڵانە چەندین کۆڕو کۆنگرەو پانێلو سمینار لەسەری ساز دەکرێن، یان چەندین توێژینەوە لەسەری چاپو بڵاو دەکرێنەوە، هەروەها چەندین ناوەندی توێژینەوەو سەنتەرو ڕێکخراوەی ناحکومیی، یان سایتو پەیجی ئەلیکترۆنیی، بە ناوییەوە ناودەنرێن.

نورسی خاوەنی میتۆدێکی فیکریی تایبەت بە خۆیەتی. ئەو پێی وایە کە بۆ ئەو سەردەمەی تورکیا ـ واتە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست ـ هەنگاوی یەکەم لەوەوە دەستپێدەکات کە ناوی لێنابوو (ڕزگارکردنی ئیمان)، چونکە بیروبڕواو ئیمانی موسڵمانانی تورکیا لە ژێر هەڕەشەی کەمالیزمو عەلمانییە تورانییو توندڕەوەکاندا بوو. بۆیە مامۆستا مەلا سەعید لە ڕێی بەرهەمە ئیمانییو فیکرییەکانییەوە، ڕەوتێکی ئیمانیی میانەڕەوی، لە سەرتاسەری تورکیاو زۆربەی وڵاتانی عەرەبییو ئیسلامیدا خستە ڕێ، کە کاریگەریی ئاشکرای بەسەر ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخەوە، لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامیی دیارە.

## دیرۆکی بەندە لە خزمەت نورسیو پەیامەکانیدا

لەم پێشەکییەدا پێویستە ئەو ڕاستییە عەرزی خوێنەرانی بەڕێز بکەم کە بەندە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە بە مامۆستا نورسیو بەشێك لە بۆچوونەکانی ئاشنا بووم. واتە زیاتر لە (٤٠) ساڵە لەسەری دەبینمو دەبیستمو دەخوێنمەوە. بە تایبەتی لەو کاتەوە کە گۆڤاری (المسلمون) لە (جنێڤ)ی سویسرا، سەعید ڕەمەزانی زاوای (حسن البنا) دەری دەکرد، هەروەها گۆڤاری (الحضارة الإسلامیة)ی سوری، مستەفا سیباعیو ڕۆژنامەی (الشهاب)ی لوبنانی، جاروبار دەهاتنە سلێمانیو لە هەندێ ژمارەیاندا باسو وتاری (نورسی)یان بڵاودەکردەوە، بەندە ـ هەرچەند مێردمنداڵێکی تەمەن (١٠ ـ ١٢) ساڵان بووم ـ بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە پەیمانگای ئیسلامیی شاری سلێمانی دەمخوێندو خوێندنم بە زمانی عەرەبی بوو، لەو وتارانە تێدەگەیشتمو چێژم لێدەبردن.

دیارە بە حوکمی ئەوەی ئەوان لە سەرچاوە تورکییەکان سوودیان وەردەگرت، زیاتر بابەتە ئیمانییو فیکرییەکانی نورسییان بڵاودەکردەوە، بۆیە بۆ جارێکیش نەمدی باس لەوە بکرێت کە نورسی لە ڕووی نەتەوەییەوە چی کردووەو لە ڕووی سیاسییەوە چ هەوڵێکی بۆ کوردو کوردستان ـ یان تەنانەت بۆ تورکیا ـ داوە؟ واتە باسی ئەو بەشە لە ژیانی، کە ناونراوە (سەعیدی یەکەم)، زۆر بە کاڵیی دەکرا. ڕەنگە هەندێك بەڕێز ئەو پرسیارە بکەن: جا، ئایا باسکردنی بابەتی ئیمانییو فیکریی، بەلای تۆوە بایەخی نیە؟ یان کارێکی کەمە؟ ئەم پرسیارە گریمانە نیە، بەڵکو بە واقعیی لە خۆمیان پرسیوە. بەندەش لە وەڵامدا دەڵێم: شاراوە نیە کە نزیکەی لە سەدا سەدی ئەوەی لەسەر نورسی نووسراوە ـ چ بە تورکی، یان عەرەبی، یان کوردیی، یان ئینگلیزییو مالیزییو فارسیو ئۆردو و.. هتد ـ

هەمووی دەربارەی بابەتە ئیمانییو فیکرییەکان بووە، دەیان کۆڕو کۆنگرەو پانێلّ سازکراون، هەموویان لەسەر هەمان بابەت بوون. تەواوی پەیامەکانی مامۆستا نورسی بۆ ئەو زمانانەو غەیری ئەوانەش وەرگێڕراون، بۆیە پێویستە دەرگای بابەتو لایەنی تری والاّ بکرێت، چ ئەو لایەنانەی کە لەسەریان نەنووسراوەو بە بۆشایی ماونەتەوە، چ ڕەخنەو هەڵسەنگاندن لەسەر ئەوەی کە لەسەری نووسراوە، بگرە تەنانەت هەڵسەنگاندنو شرۆڤەکردنی وتەو پەیامەکانی خودی مامۆستا نورسیو بەشێك لە بۆچوونەکانی.

بەهەرحالّ، کاتێك سالأنی (١٩٧٥–١٩٧٩ز) قوتابی زانکۆی بەغدا بووم، چاوم کەوت بە کتێبێکی زانای کوردی بۆتانی ناسراو بە (سەعید ڕەمەزان بوتی) بە ناوی (من الفكر والقلب)، نزیکەی (٣٠) لاپەڕەی تەرخان کردبوو بۆ باسی نورسی. بە داخەوە ئەویش تەنها ئەوەندەی نووسی بوو کە "دایكو باوکی نورسی کوردن".[٢] بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا ئەو بڕەی کە لەو کتێبەدا لەسەر نورسی هاتبوو، زۆر بەچێژو کاریگەر بوو لەسەرم. لەبەر ئەوەی درێژترین بابەت بوو کە تا ئەو کاتە زۆرترین وتەی نورسی تێدا بلاّو کرابێتەوە. بۆیە سالّی (١٩٧٩ز) ـ کە تەمەنم تەنها (٢١) سالّ بوو، ئەو وتارەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. کاتێکیش لە سالّی (١٩٨١ز)دا ئاوارەی ئێران بووم، لە کتێبخانەکەی مالّی (کاك ئەحمەدی موفتی زادە) لە شاری (کرماشان)، هەندێك سەرچاوەی ترم دەستکەوتنو چەند سەرە قەلّەمێکم بۆ بابەتەکە زیاد کردو لە کۆتایی سالّی (١٩٨١ز) لە شێوەی نامیلکەیەکی (٦٠) لاپەڕەیی قەبارە ناونجیدا،

---

٢ ئەم کتێبە (٣١٥) لاپەڕەیە، چەند بابەتێکی ئەدەبییو فیکریی لەخۆگرتووە. ئەو ڕستەیەی لە لاپەڕە (٣١٦)ی چاپی سالّی (١٩٧٢ز)ی دیمەشق هاتووە. بۆ بینینی وێنەی ئەو کتێبە، لە پاشکۆی بەلّگەو وێنەکاندا بڕوانە وێنەی ژمارە (٢). ◙

به ناوی (کەڵە شۆڕشگێڕی کوردستان، سەعید نورسی)، لە چاپخانەی (سەیدیان)ی شاری مەهاباد چاپ کراو لە ڕۆژهەڵات بڵاوکرایەوە.[٣]

دواتر ساڵی (١٩٨٨ز) کە چووینە شاری ئەستەمبوڵ بۆ بەشداریی کۆنگرەی دامەزراندنی (ڕابیتەی ئیسلامیی کوردیی)، بە شارەکانی (وان)و (بتلیس) و (بایەزید) و زۆر شوێنی تردا تێپەڕین، کە بیرەوەریی زۆری مامۆستا نورسییان تێدایە، لە هەر شوێنێك هەندێ وردە زانیاریم دەستکەوت. پاش ئەوە ساڵی (١٩٩١ز) ئاوارەی تورکیا بووین‌و بەدواداچوونێکی زۆرم کردو سەردانی شارەکانی (وان) و (قارەمان مەراش) و (غازی عەینتاب)م کرد، کە نورسی بەسەرهاتی تیایاندا هەیە.

دواتریش ساڵانی نەوەدەکان چەندین جار سەردانی تورکیام کردەوەو دیدارم لەگەڵ چەندین قوتابی‌و کەسانی هاوچەرخی نورسی کرد، لەوانە حەوت کەس لە قوتابییە دێرینەکانی ـ کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەم ـ جگە لەوە سەردانی چەندین کەسایەتیی‌و ڕێکخراوو ناوەندو دامودەزگای سەر بە ڕەوتەکانی (نور)م کرد. هەروەها ئەو شارو شارۆچکانەی کە نورسییان تێدا ژیاوە، یان بە دوورخراوەیی تێیاندا ماوەتەوە، وەك: شارەکانی (ئیسبارتە) و (قەستەمونی) و گوندی (بارلا)، کە ساڵانێکی زۆر مامۆستا نورسی تیایاندا ژیانی بردووەتە سەر. جگە لە شارەکانی ئەنقەرەی پایتەخت‌و ئەستەمبوڵ، کە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی نورسیدا چەندین بەسەرهاتی تاڵ‌و شیرینیان تێدایە. جگە لەمانەش لە چەند کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیشدا بەشداریم کرد، کە تایبەت بە نورسی ساز کران.

---

٣ لە پاشکۆی بەڵگەنامەو وێنەکاندا، وێنەی ژمارە (٣)ی بەرگی ئەو کتێبە ببینە.

سەرەنجام پاش دەسکەوتنی هەندێك داتاو زانیاریی‌و شارەزابوونم بە بیرو پرۆژەکانی نورسی‌و نورییەکان لە تورکیا، زنجیرە وتارێکی وروژێنەرم لە ساڵی (١٩٩٦)و (١٩٩٧ن)دا لە ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)دا بڵاو کردەوە، بۆیە دەڵێم وروژێنەر، چونکە یەکەم جار بوو لە کوردستان ـ بگرە لە خۆرهەڵاتو وڵاتانی عەرەبی ـ باسی ئەگەری دەسکاریکردن‌و شێواندنی پەیامەکانی مامۆستا نورسی بکرێت. هەر لەبەر ئەوەش لە کوردستانی خۆمان هەندێك کەس خۆیان بۆ نەگیراو ڕەدیان دامەوە، بگرە تۆمەتباریشیان کردم. بەڵام خوا مۆڵەتی تەمەنمی داو پاش شکانی تەلیسمی کەمالیزم‌و تورانچییەکان‌و کرانەوەیەکی ڕێژەیی کە لەسەر پرسی کورد دروست بوو، لە ناو جەرگەی ئەستەمبوڵدا، چەندین دەنگ لەسەر هەمان باس‌و بابەت بەرز بوونەوەو ڕاشکاوانە زۆرێك لەو دەزگاو ناوەندانەیان تۆمەتبار کرد بە گۆڕینی هەندێك لە دەستەواژەو زاراوەو چەمکەکانی ناو پەیامەکانی نور، کە دواتر بە بەڵگەوە چەند نموونەیەك دەخەمە ڕوو.

ئەوەی لەم پێشەکییەدا مەبەستە بگەیەنرێت ئەوەیە کە بە ڕاستیی زانای خەمخۆر مامۆستا سەعید نورسی پیاچوونەوەیەکی نوێی ژیانی‌و توێژینەوەیەکی نوێی ڕێبازی‌و شێوازی هەوڵ‌و خەباتی، زۆر پێویستەو ئەرکی سەرشانی دۆست‌و هۆگرانیەتی.

بەندە بە پشتیوانی خوا لەم کتێبەدا ئەوەندەی توانام هەبێ‌و بە پێی ئەو بەڵگەنامەو سەرچاوانەی کەوتوونەتە دەستم، بۆ تەواوکردنی وێنەی ناسنامەی ئەو زاناو موجاهیدە کۆڵنەدەرە ـ وەك ئەرکێکی سەرشانم ـ هەنگاو دەنێم‌و داواش لە براو خوشکانی خوێنەرو هەر بەڕێزێکی تر دەکەم کە ئەگەر سەرچاوەیەك، یان هەواڵ‌و زانیارییەك، یان هەر بەڵگەنامەیەك لەمەڕ لایەنە ونکراوەکانی ژیانی (بدیع الزمان سەعید کوردی) سۆراغ دەکەن، بە


نامەی تایبەت، یان بە وتارو بابەتی بەدواداچوون، ئاگادارمان بکەنەوە. جێگای ڕێزو سوپاسی تایبەتەو هەستکردنیشە بە ئەرکی خزمەتی زانستو مێژوو و حەقیقەت، جگە لەوە کە بەڕێزەوە پێشوازیی لە هەر ڕاستکردنەوەو سەرنجێك دەکەم.

سەبارەت بەم بەرهەمە پێویستە ئەوەش بڵێم لە چەند بەشێك پێکدێت، کە خوێنەر هەست بە جیاوازیی شێوازی نووسینو دارشتنیان دەکات، هۆکەش ئەوەیە کە کاتو هەلومەرجی نووسینیانو ئامانج لە بڵاوکردنەوەیان جیاوازە، بۆیە هەندێك بەشی، کاری دارشتنی ئاساییو روونکردنەوە ئەگرێتە خۆی، هەندێك بەشی، شیکارییو توێژینەوەیە، هەندێکیشی لایەنی ئەدەبیی بەسەریدا زاڵە. لەسەر میتۆدەکەی مامۆستا سەعید نورسی، دەسکاریی بابەتەکانم نەکردو وەکو خۆی دامنانەوە، بەو هیوایەی جێی سوودو ڕەزامەندیی خوێنەرانی بەڕێز بێت.

عمر عبد العزيز[٤]

---

٤ لە بەرەبەیانی (٢٠١٩/١٠/١٧ز)و لە کەشێکی پایزیی ڕەنگینی ئەستەمبوڵدا، لە مزگەوتی دڵنشینی (فاتح) ـ کە ماوەیەکی زۆر مامۆستا نورسی لە تەنیشتیدا مایەوە ـ ئەم پێشەکییەم دارشتەوەو ڕێکمخستەوە، لە بنەڕەتدا هەوێنی وتارێکە لە ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)، ژمارە (١١٥)ی (١٩٩٦/١٢/٦ز)، بڵاوم کردووەتەوە. ◙



**مامۆستا سەعید نورسی**

**لە کاتی نوێژکردندا**

# بەشی یەکەم

# خوێندنەوەی ژیاننامەی نورسی لە گۆشەنیگایەکی ترەوە

بابەتەکانی ئەم تەوەرە:

١ـ دەسکەوتنی سەرەنجامێك و خوێندنەوەیەکی جیاواز.

٢ـ وێستگە فەرامۆشکراوەکانی ژیانی نورسی.

٣ـ بەشێك لە ئاکارو تایبەتمەندییەکانی نورسی.

## ١ـ دەسکەوتنی چەند سەرەنجامێكو
## خوێندنەوەیەکی جیاواز

لە ئەنجامی خوێندنەوەی زۆرو سەردانی مەیدانیی بۆ ئەو شارو ناوچانەی کە نورسی تیایاندا بووەو بەشداریی چەندین کۆڕو کۆنگرەی تایبەت بە نورسیو بینینی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانیو دۆستانی، لەگەڵ دەسکەوتە شیرینەکاندا لە بواری خزمەت بە سەعید نورسیدا، چەند ڕاستییەکی تاڵو ناسۆریشم بۆ ڕوون بوونەوە، کە پێویستە لەم سەرەتایەوە لێیان ئاگادار بین:

**یەکەم:** ڕاستە کە ڕەوتی نوور لە پەیکەرێکی حزبیدا قەتیس نەبووەو لایەنگرانی ڕەوتەکە ئەوە بە خاڵی بەهێزی خۆیان دەزانن، بەڵام ڕەوتی نور لە یەك دانە جغزیشدا نەماوەتەوەو بووەتە چەند جەمسەرو ئاراستەو قوتابخانەیەكو هەندێکیشیان یەکتر تۆمەتبار دەکەن بە لادان لە میتۆدو بەرنامەی نورو هەرکامیان بە شێوەیەك ژیانو بەرهەمو فیکری نورسی شرۆڤە دەکەن.

**دووەم:** بە گشتیی ئەوانەیان کە تەنها لە ڕووی ئیمانییو پەروەردەییو فیکرییەوە، لێی سوودمەند بوون، زۆر هەوڵیان داوە هەموو هەڵوێستە سیاسییەکانی نورسی، کورت بکەنەوە لەو ڕۆژانەی سەرەتای تەمەنیدا کە ناونراوە (سەعیدی یەکەم). ئیتر تیشك ناخەنە سەر ئەندامێتی ئەو زانا ووشیارە لە چەندین ڕێکخراوی سیاسیو نووسینی چەندین وتاری سیاسی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەدا، بە تایبەتی ئەوانەی کە باسی داواکارییەکانی نەتەوەی کوردو گرفتەکانی کورستان دەکەن. مەعلومیشە ئەو بەشە لە نوسەرو توێژەران کە (نور) و (نورسی)یان بەو ئاقارەدا بردووە، زیاتر ژمارەیەك لە نوسەرە تورکەکانو ئەو کەسو دەزگایانەن کە تەنها لە دەلاقەی ئەوانەوە ئەو جوامێرەیان ناسیوە.

ئەم حاڵەتە زیاتر لە ناو نوسەرانی ناسیۆنالیستی خۆماندا بەدی دەکرێت، وەگەرنا نووسەرانی باکوری کوردستانو ژمارەیەك لە نووسەرە تورکەکانیش، دوور لە دەمارگیریی ئایدیۆلۆژیی، لە دەیان نووسینو کتێبو لێکۆڵینەوەیاندا ـ ڕۆهات[5] گوتەنی ـ ئاماژە بە "دینو کوردایەتی، دوو پێکهێنی جیاوازی کەسایەتیی سەعیدی نورسی"[6] دەکەن. بۆ نموونە: کەسانێکی وەك: ئیسماعیل گوێڵداش، ڕۆهات ئەلاکۆم، مالمیسانژ، محەممەد ئەمین بوز ئەرسەلان، جەمال کۆتای، نەجمەدین شاهینەر، حوسەین ئۆقچوو، موسا عەنتەر، زنار سلوپی، ئەحمەد ڕامیز، عبد الله جەودەت.. بە دووردودرێژی باسی عەللامەی گەورە سەعید نورسییان کردووە، بە تایبەتی ئەو لایەنو ڕەهەندانەی کە نووسەرە دەمارگیرە تورکو عەرەبە ناشارەزاکان باسیان لێ نەکردووە، مەبەستم لایەنی نەتەوەییو خەباتی سیاسییە، کە کەمترین تیشکی خراوەتە سەر. بۆ نموونە ئیسماعیل گوێڵداش دەڵێت: "سەعیدی کوردیی هەوڵێکی زۆری بە ورياییەوە داوە، کە کەسایەتی ئیسلامییو نەتەوەیی خۆی بە یەکەوە ببەستێتەوە."[7]

---

٥ (ڕۆهات ئەلاکۆم) نووسەرێکی کوردستانی باکوورە، ساڵی (١٩٥٥ز) لەدایکبووە، خەڵکی شارۆچکەی (کاغەزمان)ی سەر بە پارێزگای (قارس)ە، بەشی دەروونناسی لە زانکۆی ئەنقەرە تەواو کردووە. لە ساڵی (١٩٨٣ز)وە لە وڵاتی سوید دەژی. بە زمانەکانی کوردییو تورکییو سویدیی دەنووسێت. خاوەنی چەند بەرهەمێکە لەسەر مێژووی کورد، وەك: وێنەی کوردان لە ئەدەبی تورکی هاوچەرخدا، (١٩٨٩ز). وێنەی کوردان لە کارەکانی یەشار کەمالدا، (١٩٩٢ز). ئەرستۆکراتییەتی کوردیی، (٢٠٠٤ز). کوردانی ئەستەمبوڵ، فۆلکلۆرو ژنی کورد.. هتد.◙

٦ جەمعییەتی تەعالی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، لا: (٤٣).

٧ هەمان سەرچاوە، لا: ٥٠.

**سێیەم:** لەسەر ئەو بنەمایەو بە هۆی دەمارگیریی ئیتتیحادیی‌و کەمالیستە ڕەگەزپەرستەکانەوە، بە درێژایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم، تا نەوەدەکانیش، لە زۆربەی چاپەکانی کتێب‌و بەرهەمەکانی نورسیدا، ئەو هەلەیان قۆستووەتەوە کە نورسی لە قۆناغی دوای کۆماریدا ـ کە ناوی خۆی ناوە سەعیدی دووەم ـ هەندێك وردە دەسکاریی کتێبەکانی خۆی کردووەو چەند وشەیەکی لێگۆڕیون، بەڵام هەندێك لە تورکە دەمارگیرەکانی خاوەنی چەند چاپخانەو دەزگایەکی پەخش، هەموو وشەکانی (کوردستان)یان کردووەتە (ویلایاتی شەرقی)، زۆرجار وشەی (کوردلر) ـ واتە (کوردان) ـ یشیان کردووەتە (مسلمانلر)، بەم کارەش کەم کەم کوردبوونی نورسی لە زیهنی هاووڵاتیانی تورکیادا ـ تەنانەت بە زۆرێك لە کوردانیشەوە ـ سڕڕابووەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، بەڕێز ئیسماعیل گوێڵداش دەڵێت: "لە چاپی (سۆزلەر)دا ساڵی (١٩٧٨ز)، هیچ ڕستەیەکی (سەعیدی کوردی) سەبارەت بە کورد بڵاو نەکراوەتەوەو (کوردستان)یش بە (ویلایاتی شەرقییە) ناو براوە"، [٨] بەندەش سەرنجم دا ئەو قسەیە ڕاستو دروستە.

دیارە ئەم بابەتە جێی مشتومڕەو هەندێك لە شارەزایان ــ لەوانە بەشێك لە قوتابییەکانی مامۆستا نورسی ـ پێیان وایە تەواوی گۆڕینەکان لە خودی نورسییەوە بووە، هەندێکیش پێیان وایە هەموو گۆڕینەکان لەوەوە نیە، بەڵکو بەشێك لە دۆستانی بۆچوونیان وا بووە کە دانانی وشەگەلێکی وەك (کورد) و (کوردستان) ئەبێتە ڕێگر لە بڵاوبوونەوەی پەیامەکان، یان ڕقئەستوربوونی تورکەکان، بۆیە بڵاو بوونەوەیان بەو دەسکارییە کەمەوە، پێ باشتر بووە لە شاردنەوەو قەدەغەبوونیان بە شێوەیەکی گشتی. مامۆستا (عزالدین یەلدرم)ی دامەزرێنەری وەقفی (زەهرا)،

---

٨ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: (٤٨).

یەکێك بوو لەوانەی ئەم بۆچوونەی هەبوو، بۆ خۆم ڕاستەوخۆ لە سەفەرێکمدا بۆ ئەستەمبوڵ، ساڵی (١٩٩٦ز)، لە ئۆفیسەکەی خۆی ئەم شایەتییەم لێ بیستووە.

لێرەدا لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە هەرکەس بیگوتبا سەعید نورسی بایەخی بە کێشەکانی کوردستانو پرسەکانی نەتەوەکەی خۆی داوە، تۆمەتبار دەکرا بە ڕەگەزپەرستو دوژمن بە بابەتگەلی ئیمانییو نەیار بە پەیامەکانی نور. من بۆ خۆم لە دۆستانمەوە بەر تیری ئەم تۆمەتانە کەوتم، کاتێك کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا لە ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)دا ـ کە بۆ خۆم سەرنووسەری بووم ـ وەك پێشتر وتم ـ زنجیرەوتارێکم لەسەر نورسیو ئەو ڕاستییانەی سەرەوە بڵاو کردنەوە، بەڵام ڕۆژگار سەلماندی کە بۆچوونەکانی ئێمە ڕاست دەرچوونو پاش کرانەوەیەکی سیاسی کە بەسەر تورکیادا هات، دەرکەوت کە لە دەیەکانی ڕابردوودا ـ بە تایبەتی لە سەردەمی زاڵبوونی ڕەوتی کەمالیزمو ئیتتیحادییەکانەوە ـ سانسۆرێکی تورکیی دەمارگیرانە لەسەر سەعید نورسی هەبووەو لایەنێکی زۆر لە ژیانی ـ کە پەیوەندیی بە ڕەهەندی زمانو نەتەوەو لایەنی سیاسی ژیانییەوە هەیە ـ شێوێنراوە، یان ونکراوەو شارراوەتەوە. تەنانەت هەندێك بڕگەی گرنگو هەستیار لە ژیانیشی ـ کە پەیوەندیی بە چارەنووسی نەتەوەی کوردەوە هەیە ـ بڵاو نەکراوەتەوە.

جێی ئاماژەیە کە نورسی زۆر سەرسام بووە بە حەکیمو شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانیو کردوویەتییە "کەسایەتییەکی نمونەیی بۆ خۆی، بەوەش هەوڵی داوە هاوئاهەنگییەك لە نێوان دونیای ئیسلامییو کوردانەی خۆیدا دروست بکات. لە لایەکی دیکەشەوە زۆر کەوتووەتە بەر کاریگەریی کەسایەتی صەلاحەدینی ئەیوبی."[9] لەم لایەنەوە نورسی بۆ خۆی دەڵێت:

---

٩ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، بنکەی ژین، ٢٠١١ز، لا: ٤٤.

".. من نەتەوەخوازیی (میللییەت) لە (ئیسلامەتیی) تێدەگەم. سەعیدی کوردیی هەوڵێکی زۆری بە وریاییەوە داوە کە کەسایەتیی ئیسلامییو نەتەوەیی خۆی بە یەکەوە ببەستێتەوە. (بۆیە) پێکهاتەی کوردیی بە پیرۆز زانیوەو هەوڵی داوە پاساوێکی لە سیستمی بیرکردنەوەی ئیسلامیدا بۆ بهێنێتەوەو جێی بکاتەوە."[10]

ئەوەی دەرهاویشتەی ئەم باسەیە ئەوەیە کە هەروەك ڕەگەزپەرستانی نەتەوەی عەرەب (کۆپییەکی عەرەبی)یان لە ئیسلامی ئاینی خواو محەممەدی ڕەحمەت بۆ جیهانییان (درودی خوای لەسەر بێت) کرد، هەندێك ڕەگەزپەرستی تورکیش هەوڵیان دا (کۆپییەکی تورکیی) لە کەسایەتیی نورسی وێنا بکەنو وێنەی ئەسڵە کوردییەکەی بسڕنەوە. بۆیە ئەرکی سەرشانی شوێنکەوتووانی دڵسۆزییەتی، کە وێنە ڕاستەقینەکەی دەرخەنەوە: نورسی مرۆڤ بوو، پێش ئەوەی کورد بێت، یان تورك، نورسی لە خەمی هەموو مرۆڤایەتیدا بوو، لە کوردە هاوزمانەکانی خۆیەوە دەستی پێکرد، تا تورکو عەرەبە دراوسێکانی.

بۆیە من ناکەومە ئەو هەڵەیەوە ـ نابێت کەسیشمان تێی بکەوین ـ کە باس لە (نوسخەی کوردیی) مامۆستا مەلا سەعید نورسی بکەین، ئەو وەك هەستو خەمە گەورەکان: مرۆڤ بوو، وەك زمانو نەتەوەو جوگرافیا: مەلایەکی کوردو بابایەکی کوردستانیی بوو، بە ستەمو ناڕەوا: ڕەگەزنامەی تورکیای بەسەردا سەپێنرا بوو..! وەك ئاینو بیرو باوەڕیش: ئیسلام بوو. ئەمە پێناسی دروستی نورسییە، خۆیشی وای پێخۆش بوو.

---

١٠ هەمان سەرچاوە، لا: ٥٠.

## ٢ـ وێستگە فەرامۆشکراوەکانی ژیانی نورسی:

خۆیشم زۆر لە نهێنیی ئەوە تێناگەم کە بۆچی لە یەکەم ساڵانی ئاشنابوونمەوە بە بەرهەمەکانی نورسی، بەگومان بووم لەوەی کە هەندێك لە ناوەندو دەزگای بڵاوکردنەوە تورکییەکان، دەسکاریی بەشێك لە پەیامەکانی نوریان کردووەو هەندێك دەستەواژەو وشەی نورسییان گۆڕیوە. ڕەنگە بەشێکی ئەو نهێنییە پەیوەندیی بە خوێندنەوەی تایبەتیم بووبێت بۆ بیری مامۆستا نورسی، کە پێم وابوو پیاوێکی تێگەیشتوو بووە لە ئاین‌و واقیع‌و کۆمەڵگەو سەردەمەکەی، لە کاتێکدا لە هەندێك شوێنی پەیامەکانیدا، وا ناسێنراوە کە پیاوێکی نائاشنا بە واقیعە کۆمەڵایەتیی‌و سیاسییەکەی‌و وڵات‌و نەتەوەکەی بووە.

ئەو خاڵەی ئەو گومانە دووپات دەکاتەوە کە هەموو گۆڕین‌و دەسکاریکردنەکان لە خودی نورسییەوە نەبن، ئەوەیە کە داهێنانی دەستەواژەی (ویلایاتی شەرقی) لە جێی وشەی (کوردستان) زاراوەی شۆڤێنییە کەمالییە تورکەکانە،[11] کە نەیاندەویست دان بە وشەی (کوردستان)دا بنێن، چونکە ناوەشێتەوە لە مەلایەکی گەورەبووی حوجرەو گوندو شاخ‌و

---

[11] ئەمە ڕای ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی کوردی باکوورە لە خودی تورکیا، بۆ نموونە بەڕێز (زنار سلوپی) دەڵێت: "(حوسەین جاهد)ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (طنین)ی تورکی، زمانحاڵی کۆمەڵەی تورکچی توندڕەوی (ئیتتیحادو تەرەققی) بۆ شەش ویلایەتە گەورە کوردییەکە ـ کە لە بە بەرەبەیانی مێژووەوە بە کوردستان ناسراون ـ دەستەواژەی (ویلایەتە شەرقییەکان)ی داهێنا، زۆر هەوڵیشی دا وشەی (کورد) بسڕێتەوە، بۆیە لەو کاتەوە وشەی (کوردستان)یش لەسەر نەخشەی دەوڵەتی عوسمانیی لابرا". (ڤی سبیل کوردستان، زنار سلوپی، بیروت، ص: ٢٥). ◘

دۆڵەکانی کوردستان، لە ساڵانی پێش هاتنی ئیتتیحادییەکاندا، باس لە گرفتو نەهامەتییو هەژارییو گرفتەکانی کوردستانی نیشتیمانی بکات، بەڵام چەند جارێك نەبێت وشەی (کوردستان) بەکار نەهێنێتو لە جێیدا دەیان جار وشەی (ولایاتی شەرقی بەکاربێنێت)! یان باسی دەردی هەژارییو پەرتەوازەییو نەخوێندەواریی کوردانی هاوزمانی زێدی خۆی بکات، بەڵام لە جێی وشەی (کورد) ـ کە جێی باسەکانی ئەون ـ وشەی (تورکلر) یان (موسلمانلر) بەکار بهێنێت. ! ئەمە هەرگیز ناگونجێتو ناکرێت.

ختووکەی ئەم بابەتە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر پەیامێکی نورسیدا لەو پەیامانەی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستدا بە قۆناغ وەردەگێڕران بۆ عەرەبی، لە ناخمدا زیادی دەکرد، هیچ بەڵگەیەکیشم نەبوو جگە لە لێکدانەوەو بیرکردنەوەی خۆم. تاکو قەدەری خوایی لە ساڵانی سەرەتای نەوەدەکاندا چەندین جار گەیاندمیە تورکیاو کەم کەم هەندێك سەرەداوم بۆ پشتڕاستکردنەوەی گومانەکەی خۆم دەستکەوتن. دواتر گومانەکان بوونە زانیارییو ناچار ئەمانەتی مێژوویيو زانستیی پاڵی پێوە نام کە زنجیرە وتارێك لەو بارەیەوە بڵاو بکەمەوە.

بەشێك لەم کتێبە پەیوەندیی بەو دۆخەوە هەیەو لە پەراوێزی سەرەتای وتارەکاندا ئاماژەم بۆ مێژوو و سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی وتارەکان کردووە.

بە کورتی لەگەڵ هەندێ برای هاوبیرمدا ئەم بابەتەمان تاوتوێ کردو ئەو گومانەمان لە لا خەست بوویەوە کە جگە لە گۆڕینو دەسکاریی بەرهەمەکانی بدیع الزمان سەعید نورسی، هەندێك گۆشەی ژیانیشی، تا ئێستە ـ لەبەر هەر ئیعتبارو هۆکارێك ـ لە تورکیادا نەخراونەتە ڕوو. یەکێك لەو گۆشەو لایەنانەی کە ناکرێ پیاوێکی وا لێی بێدەنگو بێ هەڵوێست بووبێ، ڕاو هەڵوێستو بەشداریکردنیەتی لە ڕەوتی سیاسی گەلی کوردستان بە گشتییو

توركیاو باكوری كوردستان به تایبه‌تی. چونكه تا ئێسته نه‌ماندیوه كه له زۆربه‌ی ناوه‌نده توركییه‌كاندا باس له‌و لایه‌نه له ژیان‌و بیرو هه‌ڵوێستی نورسی بكرێت.

ته‌نانه‌ت به‌نده خۆم له مانگی ئه‌یلولی ساڵی (١٩٩٦ز)دا كه به‌شداریی (سێیه‌مین كۆنگره‌ی جیهانیی نورسی)م كرد، زۆر ناڕه‌حه‌ت بووم كه سه‌ره‌ڕای ته‌رخانكردنی سێ ڕۆژو (٥٧) وتارو بابه‌ت‌و توێژینه‌وه‌ی ئه‌كادیمیی، ته‌نها ئاماژه‌یه‌كیش نه‌كرا بۆ ڕه‌چه‌ڵه‌كی مامۆستا (سه‌عید نورسی)و چه‌ند لایه‌نێك له ژیانی سیاسی‌و هه‌ڵوێستی له‌مه‌ڕ گه‌له‌كه‌ی خۆی. هه‌رچه‌نده من به‌ش به حاڵی خۆم تا ئه‌و ساته‌ش وامنه‌ده‌زانی كه نورسی ئه‌سپی خۆی له‌و بواره‌دا تاو دابێ‌و هه‌ڵوێست، یان نوسراوێكی وای هه‌بێت كه ببێته به‌ڵگه‌نامه‌و جێی سه‌رنجی توێژه‌ران.

بێگومان لای كه‌سانی هۆشیار ئاشكرایه كه هه‌رگیز پاساوی ئه‌وه به‌وه نادرێ كه مامۆستا نورسی (خه‌باتی ئیسلامیی) كردووه‌و ڕێڕه‌وی بیركردنه‌وه‌ی (نه‌ته‌وه‌گه‌ریی) هه‌ڵنه‌بژاردووه، بۆیه باسی گه‌ل‌و نه‌ته‌وه‌كه‌ی‌و كێشه‌كانی نه‌كردووه. خۆ بڕیار نیه كه هه‌ركه‌س ئیسلامخواز بوو، ئیتر واز له گه‌ل‌و وڵاتی بهێنێت‌و سه‌رجه‌م حه‌زو نیازو گوفتارو كرداری ته‌رخان بكات بۆ چه‌ند لایه‌نێكی دیاریكراو له ئیسلام، كه هه‌ندێ كه‌س به هه‌موو ئیسلام تێی گه‌یشتوون. ئه‌وه دیدێكی پارچه پارچه‌كردن‌و (ته‌جزیئه‌یی)یه بۆ ئاینی گشتگیری ئیسلام، كه ڕێی هیدایه‌ت‌و سه‌رفرازییه بۆ مرۆڤو به‌رنامه‌ی ژیان‌و ژیارو شارستانێتیی، حاشا له نورسی‌و كه‌ڵه پیاوانی وه‌ك ئه‌و، كه به‌و جۆره له ئاینی خواو شه‌ریعه‌تی ئیسلام تێگه‌یشتبن‌و له ئایه‌تی (كَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى الْمُقْتَسِمِينَ * الَّذِينَ جَعَلُوا الْقُرْآنَ عِضِينَ) الحجر/ ٩٠ــ ٩١، ورد نه‌بووبنه‌وه.

## ٣ـ بەشێك لە ئاكارو تایبەتمەندییەكانی مامۆستا نورسی

هاوڕێو قوتابییەكانی مامۆستا نورسی دەربارەی كەسایەتیی ئەو زاتە شتی زۆریان وتووەو نووسیوە، چ لە ڕووی ژیاننامەی ئاسایی، یان لایەنی زانستیی، یان لایەنی ئیمانیی، یان لایەنی ڕەوشتییو ئاكارە تایبەتەكانییەوە. ڕەنگە دۆستانی نورسیو پەیڕەوانی پەیامەكانیو شارەزاو پسپۆڕانی ئەو بوارە، ئاگایان لەوە بێت كە چەندین كەس لە هاوڕێو قوتابییانی، بیرەوەرییەكانی خۆیان لەگەڵ نورسی نووسیوەتەوە، یان ئاگایان لە چوار بەرگە كتێبەكەی (دواهەمین شایەتەكان) بێت، كە وەرگێڕراوی كوردیی كتێبی (الشهود الأواخر)ی نووسەری بەتوانا (نجم الدین شاهینەر)ە،[١٢] كە لێدوانو وتەی زیاتر لە (٣٠٠) كەسی لە هاوڕێو قوتابیو دۆستو هاوڕێیانی نورسی وەرگرتووە. پوختەی ئەوەی لەو لێدوانانەو لە خودی مامۆستا سەعید نورسی لە پەیامەكانییەوە وەردەگیرێن، دەگونجێت لەم ئاكارو ناونیشانو خاڵانەی خوارەوەدا كورت بكەینەوەو دەستنیشان بكەین:

**لە ڕووی كەسییەتییەوە:** مامۆستا نورسی كەسێكی زۆر موتەوازیعو خاكیی بوو، زۆر جار ڕێگەی نەدەدا دەستی ماچ بكرێت، هەرچەند قوتابییانی زۆریان دەكرد، هەندێك جار ڕێی نەدەداو قەدەغەی دەكردن. هەمیشە بیری قوتابییانی دەخستەوە كە گرنگیی بە (پەیامەكانی نور) بدەن، نەك بە خودی خۆی، بۆیە یەكێك لە دۆعاو خۆزگە هەمیشەییەكانی

---

١٢ دواهەمین شایەتەكان، لە چوار بەرگدا بە كوردی لە لایەن لێژنەیەكەوە وەرگێڕڕاوە بۆ زمانی كوردییو لە لایەن (ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا)وە، ساڵی (٢٠١٤ز) چاپ كراوە. ◘

ئەوە بوو کە هەرکات مرد گۆڕەکەی دیار نەبێت، تەنانەت لە وەصیەتنامەکانیشیدا ئەمەی تۆمار کردووە، تا گۆڕەکەی نەبێتە زیارەتگای دۆستو قوتابییانی. بۆیە یەکەم وەصیەتی لە بن (داربیی)یەکدا نووسی: "با گۆڕم نهێنیی بێت، تەنها دوو، یان سێ کەس بیزانێت"، نورسی ئەم داوایەی لە وەصیەتەکانی تریشیدا ـ کە دوو جار بیری قوتابییانی خستووەتەوە- دووپات کردووەتەوە.

**لە ڕووی دەروونبەرزییەوە:** کەسێکی زۆر بەعیففەت بوو، دیارییو بەخششی وەرنەدەگرت، پێی وابوو لەبەر زاتی خۆی دیاریی دەدرێتێو ئەویش ئەوە نیە کە خەڵکیی دەیزانێ، بۆیە زۆرجار ڕوونکردنەوەی دەدا، تاکو خاوەن دیارییو بەخششەکان دلگران نەبن، بەڵام هەر دیارییو بەخششێك بۆ کاری دەستەجەمییو کاری پەیامەکانو قوتابییانی نور بوایە، پێی ڕازی دەبوو، نموونەش ئەوەیە کە پێشنیاریان کرد ئۆتۆمبێلێك بۆ ئەو کارانە بکڕێت، ڕێگریی نەکردو کڕا.[١٣] هەروەها زۆر دەروونبەرزو نیکنەفس بوو، زۆربەی کات کە دەچووە گوندو شارو شارۆچکەکان، خۆراکی لەگەڵ خۆیدا دەبردو نەیدەهێشت ئەرك بۆ قوتابیو دۆستە خانەخوێکانی دروست ببێت، خۆی لەگەڵ هاوەڵە هاوڕێکانی، خۆراکێکی سادەیان ساز دەکرد.

---

١٣ ساڵی (٢٠٠٦ز) لەگەڵ ژمارەیەك لە برایان، چووین بەرەو باشوری ڕۆژئاوای تورکیاو لە شاری (ئیسبارتە) سەردانی ماڵی مامۆستا سەعید نورسیمان کردو ئەو ئۆتۆمۆبێلەو زۆرێکی تر لە جێماوەکانی مامۆستامان بینی، کە لەو ماڵەدا پارێزراونو تا ئێستەش ماونەتەوە. (بڕوانە وێنەکانی ژمارە (٤) و (٥) لە پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکاندا، بۆ بینینی ئەو خانووەو ئەو ئۆتۆمبێلە). ◘

**له ڕووی ڕێزی کاتەوە:** کاتی بەفیڕۆ نەدەدا، کاتەکانیشی زۆر ڕێکخراو بوون، خشتەی بۆ کارەکانی دادەنا. یان دەینووسی، یان دەیخوێندەوە، یان لە گەردوونو دەوروبەری ورد دەبووەوەو بیری دەکردەوە، یان ئامۆژگاریی دەکرد، یان زیکرو دۆعای جەوشەنی دەخوێند. هانی دەوربەریشی دەدا کاراو بەبەرهەمو جیددی بن، زۆر ڕقی لە تەمبەڵیی‌و بێکاریی بوو. بۆیە دژی زۆرخەوییش بوو، لە شەوو ڕۆژدا تەنها چوار تا پێنج سەعات دەنووست، دەیگوت: خەوی سروشتیی پێنج کاتژمێرە، ڕایەخیشی تەنها پێستەیەکی دەباغدراوی سادە بوو.

**له ڕووی خوردو خۆراکەوە:** خۆراکی کەمی دەخوارد، خواردنی بەسەر خواردندا نەدەخوارد، تاکو پێنج کاتژمێر نێوانیان نەکەوتایە. ئاوی لەگەڵ خواردندا نەدەخواردەوە، تا دوو کاتژمێر پاش نانخواردن، تەنانەت زۆر جار سەیری کاتژمێری ئەکرد، ئەگەر دە خولەکی بمایە، ئەیوت: کاتی ئاوخواردنەوە نەهاتووە. حەزیشی لە ئاوی ساردو فێنك بوو. حەزی لە خواردنە سادەو خۆماڵییەکان بوو، هەر خۆراکێك زۆر پاك نەبوایە نەیدەخوارد، هەر خۆراکێك سەری دانەپۆشرایە، لێی نەئەخوارد. زۆر ڕقی لە چڵێسیی‌و زیادەخۆریی‌و ئیسراف بوو. بە زۆرو لەسەرچوون نەبوایە دەعوەتی دۆستانی قبوڵ نەئەکردو حەزی لە ئەرکگرانکردن نەبوو.

**له ڕووی ئازایەتییەوە:** زۆر چاونەترس‌و بە غیرەت بوو، هەڵوێستی زۆری هەن لەگەڵ چەندین بەرپرس‌و ئەفسەرو پلەدار، کە بەڵگەی قارەمانیی‌و نەبەردین، متمانەی وابوو کە فریشتەی خوایی پشتیوان‌و یاریدەری مرۆڤی بڕوادارن. لە ڕووداوی ناسراو بە (٣١)ی مارت (١٩٠٩/٤/١٣ز) مامۆستا نورسی دەسگیر کراو لە کاتی دادگاییکردندا دادوەرێکی سەربازیی بە ناوی (خورشید پاشا) (١٥) تەرمی پیشان دا کە زانا بوون‌و لەسێدارە درابوون، پێی وت: هەرکەس خوازیاری

جێبەجیکردنی شەریعەت بێت، وەکو ئەمانە (دەستی بۆ خنکێنراوەکان ڕاکێشا) لە سێدارە دەدرێت، تۆیش یەکێکی لەوانەی داوای شەریعەت دەکەیت. نورسی لە دادگاکەدا هەستایە سەر پێ‌و وتی: "بە دڵنیایی من قوتابی شەریعەتم، هەموو شت بە ترازووی شەریعەت دەپێوم... من لەم وێستگەی ئیعدامکردنە وەستاوم، چاوەڕێی شەمەندەفەری دواڕۆژم ... من بە هەموو شەوقێکمەوە چاوەڕێی چوونم بۆ لای ئەو لەسێدارە دراوانە."[١٤]

**لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:** لەگەڵ هەژاراندا زۆر میهرەبان‌و بەسۆز بوو، سەرەڕای کەمدەستیی خۆی، هەمیشە لە خەمیاندا بوو. چەندین وتاری هەن لەسەر بایەخی خەمخۆریی هەژاران، وتاری تایبەتی هەیە باسی کرێکارو پاڵەو حەماڵە کوردەکانی نیشتەجێی ئەستەمبوڵ دەکات. زۆر لە خەمی توێژەکانی ئافرەتان‌و لاوانیشدا بوو، بۆ هەریەکەیان پەیامی تایبەتی هەیەو دەیان جاریش لە پەیامەکانیدا ئاماژەی بە پرس‌و کێشەکانیان کردووە.

هەروەها زۆر سوور بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕێزو خۆشەویستیی لە نێوان موسڵماناندا، تەنانەت قوتابی‌و دۆستانی فێردەکرد کە لە خەمی موسڵمانانی جیهاندا بن‌و لە پاشملە دۆعای خێر بۆ یەکتر بکەن، زۆر دژی غەیبەتکردن بوو.

لە ڕوویەکی ترەوە کەسێکی زۆر ئاشتیخواز بوو، هەرکات بیبستایە لە نێوان دوو هۆزدا کێشە هەیە یەکسەر ئەچوو بە دەمیانەوە، ئامۆژگاریی دەکردن.

**لەگەڵ بەرپرساندا:** حەزی لە ئامۆژگاریی‌و بیرخستنەوەو ڕێپیشاندانیان بوو، بە تایبەتی پەرلەمانتارو وەزیران‌و سەربازان‌و والی (پارێزگاکان)، هەرگیز موجامەلەو پیاخوێندنی ناڕاستی نەبوو.

---

١٤ بديع الزمان سعيد النورسي، إحسان قاسم الصالحي، لا: ٤١.

**له ڕووی زیرەكییەوە:** كەسێكی بیرتیژو هەڵكەوتوو بوو. له (١٥) ساڵیدا ناوبانگی به (مەلا سەعیدی مەشهور) دەرچوو. له (١٦) ساڵیدا نازناوی (بدیع الزمان)ی بەسەردا بڕا. هێزی لەبەركردنی كەموێنه بوو، له چەند مانگێكدا مەتنی (٨٠) تا (٩٠) كتێبی زانستیی لەبەر كرد. به وردیی‌و تێڕامانەوە هەرچی بخوێندایەتەوە، ئەهاتە بەری، بۆ نموونە: نورسی ـ وەك خۆی وتوویەتی ـ كتێبی قەبارە گەورەی (جمع الجوامع)ی له زانستی (أصول الفقه)دا، له هەفتەیەكدا لەبەر كردووە [١٥]، كه كتێبێكی زۆر چڕو قورس‌و شێلراوەو (٢٠٠) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە.

**له ڕووی مامەڵه لەگەڵ قورئاندا:** زۆربەی كات له خزمەتی قورئاندا بوو، به تایبەتی شەوان‌و كاتی خەڵوەت‌و تەنیایی. تێڕامانی له هەندێك بڕگەی قورئانیی زۆر بوو، هەركات بیرۆكەو (خاطرة)یەكی بۆ بهاتایە، خێرا دەینووسییەوە، زۆرێك له كرۆكی (پەیامەكانی نور) لەم بابەتەن، به تایبەتی بڕگەكانی كتێبی بەناوبانگی (إشارات الإعجاز)، كه له كاتی جەنگداو لەسەر ئەسپ‌و لەناو سەنگەرو بەرەكانی جەنگدا نووسی.

**له ڕووی هزرو بیرەوە:** زۆر ورد دەبووەوەو تێڕامانی له خۆی‌و مرۆڤایەتیی‌و دەشت‌ودەرو كەژو كێوو بوونەوەرو گەردوون‌و ڕووداوەكان زۆر بوو، به تایبەتی كاتێك دەچووە سەر كەژو كێوەكانی كوردستان، یان ئەو كاتانەی له مەنفاكان بوو، زۆر بیری دەكردەوەو بیركردنەوەكانی دەكردە بیرۆكەو بیرۆكەكانیشی دەكردە پەیامێك، یان بەشێك له پەیامێك. هەروەها حەزی له نوێگەریی‌و داهێنان

---

١٥ له بەشی وێنەو بەڵگەنامەكاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە (٦) بۆ بینینی ئەو ڕستەیەی دەڵێ: (إنی جمعتُ جمعَ الجوامع جمیعَه في جمعةٍ واحدة)، واته: من هەموو (جمع الجوامع)م له یەك هەفتەدا لەبەركرد ◙

بوو، زۆر پشتیوانیی لە پرۆژەو بیرۆکە زانستییەکان دەکرد. هەر ڕووداوێکی دەکردە بیانووی نووسینی پەیامێك.

**لە ڕووی پەرستشەوە:** زۆربەی کاتی لە شەواندا خەریکی نزاو پاڕانەوە بوو، پاش نوێژی خەوتنان زوو دەنووستو سێیەکی کۆتایی زوو هەڵدەستا. بە بەهارو هاویندا شوێنی تایبەتی هەبوو بۆ پەرستش. نوێژەکانی زۆر جیاواز بوون لە نوێژی خەڵکیی، زۆر لە مانای ئەو ئایەتو ڕستانە ورد دەبووەوە کە لە نوێژدا دەیخوێندنەوە، لە کاتی خۆیشیداو لەگەڵ گوێی لە بانگ بوایە، نوێژی دەکرد. بەردەوام دەست بە دەستنوێژ بوو، شەوانیش زۆر لە قورئان ورد دەبووەوە، یان ویردو ذیکری (جەوشەن)ی دەخوێندەوە،[16] یان شەونێژی دەکرد. ساڵانە لە شەوی (١٥)ی مانگی ڕەمەزان بە دواوە، نەدەخەوتو تا پارشێو ـ خۆیو ئەوانەی لەگەڵی بوون ـ خەریکی خوێندنی قورئانو پەرستشی تر بوون.

**لە ڕووی وەرزشییو تەندروستییەوە:** تەندروستی خۆی دەپاراست، حەزی لە سواریی وڵاخ بوو، لە نێوان گوندەکاندا بە وڵاخ هاتوچۆی ئەکرد. لە بەهارو هاویندا پیادەڕەویی زۆری دەکرد. زیاتر حەزی لە چوونە سەر کێوە بەرزەکانو ناو باخو بێستانەکان بوو. مژینی هەوای ئازادو پاکی لە لا پێویست بوو. بەهاران لەگەڵ قوتابییانی دەچووە گەشتو سەیران. سەرەڕای سادەیی جلو بەرگەکانی، زۆر پاكو خاوێن بوو، زۆر گورجو گۆڵو چابوك بوو.

(موحسین ئالو)ی قوتابیی دەڵێت: "ڕۆژێك لە ئەستەمبوڵ ڕۆژی نەورۆز (٣/٢١)، مامۆستا نورسی ئێمەشی بردە دەرەوە، وتی: ئەمڕۆ ڕۆژی جەژنی بەدیهێنراوانە،

---

١٦ جەوشەن نزاو پاڕانەوەیەکی زۆرە، نیسبەت دراوەتە لای ئیمام زین العابدین، کۆڕی حوسەین، کوڕی عەلی، کوڕی ئەبو تالیب. وشەی جەوشەن واتە: قەڵغان. ◘

بەهار جەژنی بەدیهێنراوانی خوایە، با ئێمەش بەشداریی دروستکراوان بکەین لە جەژنەکەیاندا، ڕۆژی نەورۆز خۆشییو شادیی پێوە دیار بوو."[17]

**لە ڕووی دۆستایەیی نیشتیمانو ژینگەپارێزییەوە:** زۆر دڵسۆزی نیشتیمانی بوو، تەنانەت لە کاتی بوونی لە شاری ئەستەمبوڵو شوێنەکانی تری دوورخستنەوەیدا، بەردەوام لە خەمی کوردستاندا بوو، هەمیشە ئاراستەی بەرپرسانی دەکرد کە پرۆژە بەسوودەکان بەرنە ناوچە کوردییەکان، چونکە لە هەموو شوێنەکانی تر بێبەشترن. بۆیە زۆر دژی بڕینی دارو درەخت بوو، پاكوخاوێنیی شوێنو دەوروبەرەکەیشی دەپاراست. ڕێزی لە جیهانی گیانداران دەگرت. جارێك لە نزیك کێوی (ئەراك) ویستیان ژوورێکی بۆ دروست بکەن، لە کاتی بناغەلێداندا شارە مێرووڵەیەك دەرکەوت، وتی: شوێنەکە بگۆڕن، سێ جار کارەکەیان دووبارە کردەوە، هەر سێ جارەکە شارە مێرووڵە دەردەکەوت. قوتابیانی خەریك بوو بێزار بن، مامۆستا وتی: ئاخر شارێکی گیانداران چۆن تێکبدەین بۆ ژوورێك؟! هەر جاریش مێرووڵەی دەبینی، وردەنانو ساوەرو شەکرە وردەی بۆ دادەنانو لێیان ورد دەبووەوە.

**لە ڕووی نەتەوەییەوە:** هەڵپێکانێکی دروستو جوانی کردبوو لە نێوان تێگەیشتنی ئاینییو هەستی نەتەوایەتیو پێی وابوو تەواوکاری یەکترنو بێ یەکتر نایانکرێت. ئەڵبەتە ئەم وێنایە لە قۆناغی سەعیدی یەکەمدا زۆرتر بەرجەستەیەو پاش دوورخرانەوەکانی بۆ ناوچە تورکییەکان، ئاماژەکانی بۆ لایەنی نەتەوەیی کەم بوونەتەوە.

---

١٧ دواهەمین شایەتەکان، ژمارەیەك نووسەر، ٣٢٤/٤.

**لە ڕووی عیففەتو دەسپاکیی‌و پاراستنی دارایی گشتییەوە:**

نورسی هەمیشە هەوڵی دەدا کە دارایی گشتیی نەکەوێتە لای ئەو. پارەو خەڵاتی دەوڵەتی، بە ماڵی هاوڵاتیان دەزانی. حەزی دەکرد وەك هەژارانی میللەتەکەی بژی. خەڵاتو دیاریی وەرنەدەگرت، چونکە خۆی بە شایانی ئەوە نەئەزانی، تەنانەت خەڵاتی سوڵتان (عبد الحمید)ی وەرنەگرت، کاتێك لە دادگا بێتاوان دەرچوو، هەروەها مووچەی ئەندامێتیی (دار الحكمة الإسلامية)[١٨]ی بە زۆر ئەزانی، بەشێکی کەمی بۆ خەرجی خۆیو (عبد الرحمن)ی برازای گل دەدایەوەو ئەوی تری دادەنایەوە، یان بۆ بابەتی گشتیی خەرجی دەکرد.

برازاکەی دەڵێت: "لەو بڕە پارەیە، بەشێکی هەڵدەگرت بۆ خەرجو بەشێکیشی دەدایە من، دەیوت هەڵی گرە. وتم: "بۆ وا ئەکەی؟ وتی: ئەمەوێ وەکو زۆرینەی خەڵك بژیم، زۆرینە ئەو بڕەی بەسە کە جیای دەکەمەوە، من نامەوێت لە توێژی کەمینەی بەدمەسرەف بچم، کە زۆرخۆرو موسریفن".

منیش هەندێك جار بە بێ ئاگاداریی ئەو، لێم خەرج دەکرد، چونکە دەمزانی زۆر نەرمونیانە، بەڵام ڕۆژێك پێی وتم: "ئەم پارەیە بۆ ئێمە حەڵاڵ نیە، ئەمە ماڵی میللەتە، بۆچی خەرجت کردووە؟ ئەوا لە بەرپرسیارێتیی خەرجکردن لامدایتو خۆمم لە جێگەی تۆدا دامەزراند!."

پاش ماوەیەك هات بە خەیاڵیدا ئەو بڕە پارەیە کە پاشەکەوت کرابوو، لە مەسرەفی چاپو بڵاوکردنەوەی (١٢) ناميلكەی خۆیدا خەرج بکات. بڕە پارەکەی لە چاپدا خەرج کردو نامیلکەکانی بە خۆڕاییو بێبەرامبەر بەناو خەڵکیدا دابەش کردن، تەنها یەك دووانێکی لێ هێشتنەوە. کاتێك لێم پرسی:

---

١٨ (دار الحكمة الإسلامية) دامەزراوەیەکی باڵای دەوڵەتی عوسمانیی بوو کە زانایانی ناوداری تورکیا تیایدا ئەندام بوون، وەك: محەممەد عاکیف، ئیسماعیل حەقی، شیخ الإسلام مصطفي صەبری، موفەسسیری ناسراو، حمد المالیلي، سعدالدین باشاو.. هتد. ◙

بۆ وا دەکەیت؟ بۆ کتێبە دانراوەکانی خۆت دابەش دەکەیتو نایانفرۆشیت؟ وتی: ئەو پارەی مووچەیە کە وەریدەگرم، لە حەددی پێویستیی زیاتر، ڕەوا نیە لێی بخۆم، بەم ڕێگەیە ماڵی مافی میللەتم گێڕایەوە بۆ خاوەنەکانیان!"[١٩]

**لە ڕووی خێزانداریییەوە:** وەك ئاشکرایە مامۆستا نورسی لە هەموو تەمەنیدا هاوسەرگیریی نەکرد، کاتێکیش لە هۆکارەکەیان دەپرسی، دەیوت: من ئیشوکارم زۆرنو هاوسەرگیریش بەرپرسیارێتیی تێدایەو ئەترسم نەتوانم ئەرکەکانم بەرامبەر هاوسەرو خێزانو منداڵ جێبەجێ بکەم. بەڵام سەیر ئەوە بوو کە زۆر شارەزای کێشەو گرفتە خێزانییەکان بوو، هەمیشە ئامۆژگاریی خانەوادەکانی دەکرد بە مامەڵەو هەڵسوکەوتی جوانو باسی لە بەرپرسیارێتییە هاوبەشەکانی ژنو مێرد دەکرد، وەك کەسێك کە شارەزاییو ئەزموونێکی زۆری هەبێت.

ئەمانە بە کورتییو پوختیی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کەسییەتی مامۆستا سەعید بوون، دیارە تایبەتمەندییو ئاکاری زۆری تری هەن، کە ناکرێ لێرەدا هەموو باس بکرێن، چونکە ئەبنە درێژکردنەوەی ئەم کتێبە، بۆیە پشت بەخوا لە جێی خۆیدا هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی ـ فیکریی ڕوون دەکەینەوەو نموونەشیان بۆ دێنینەوە.

---

[١٩] الرجل والإعصار، إحسان قاسم الصالحي، ص: ٣٨ ـ ٣٩.

# بەشی دووەم

# تیشکێک لەسەر ژیان و خەباتی

# مامۆستا مەلا سەعید نورسی

ـ خەوێکی سەرنجڕاکێش/ عیززەت و سەربەرزیی بڕوادار

ـ خوێندنەوەو شارەزا بوون لە زانستە نوێ و تەجریبییەکان

ـ پێبەخشینی نازناوی (بدیع الزمان)

ـ دیداری لەگەڵ سوڵتان (عبد الحمید) و داوای زانکۆ بۆ کوردستان

ـ ڕۆڵی (بدیع الزمان) لە بەشداریی ئیتتیحادی محەممەدیی

ـ ئەندامێتیی لە دامەزراوەی (دار الحکمة الإسلامیة)

ـ سەردانی پەرلەمانی تورکیاو گفتوگۆ لەگەڵ ئەتاتورك

ـ هەڵوێستی نورسی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

ـ سەردانمان بۆ گوندی (بارلا)، نشینگەی خەڵوەتی مامۆستا

ـ نورسی و ناردنی نامە بۆ (حسن البنا)ی ڕابەری برایان

ـ سەرکەوتنی (حزبی دیموکرات) و کرانەوەو بەشداریی هەڵبژاردن

ـ ئەمیرداغ و سەرەتای قۆناغی سەعیدی سێیەم

ـ بروسکەیەکی ئەمجەد زەهاوی بۆ مامۆستا نورسی

ـ ڕۆژانی کۆتایی تەمەن و کۆچی دوایی مامۆستا نورسی

ـ کودەتای ساڵی (١٩٦٠ن) و چارەنووسی نادیاری تەرمی نورسی

ـ هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی گۆڕو تەرمی نورسی

## ١ـ پانۆرامایەکی ژیاننامەی مامۆستا مەلا سەعید:[٢٠]

پێش چوونە ناو کاری لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنو ڕەخنەگرتن، جێی خۆیەتی کورتەیەك لە ژیاننامەی نورسی بخەمە بەردەست خوێنەران، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی زۆر ئاشنا نین پێی، تا بزانن ئەم ناوو خاوەن ناونیشانە کێیە، وا دوو سەدەیە کوردستانی تێپەڕاندووەو ناوەندانێکی فیکریی‌و ڕوناکبیریی تورکیاو عەرەبیشی بەخۆیەوە سەرگەرم کردووە..؟

**ناوو نازناوو زێدیو لەدایکبوونی:**

زاناو نوسەرو بیرمەندی گەورەی کوردو جیهانی ئیسلام، ناوی سەعید، ناسراو بە مەلا سەعیدی مەشهورو بدیع الزمان، کوڕی سۆفی میرزا، کوڕی عەلی، کوڕی خزر، کوڕی میرزا خالد، کوڕی میرزا ڕەشان، لە عەشیرەتی ئیسباریتە، لە گوندی (نورس). دایکی ناوی (نوریە)یە، کچی مەلا تایر، لە عەشیرەتی (خاکیف) بووە، لە گوندی (بلکیان)، کە سێ کاتژمێر لە گوندی (نورس)ەوە دوورە. هەردوو عەشیرەتەکە سەر بە هۆزە گەورەکانی کوردی هەکارین.[٢١] نورسی دوو خوشکی هەبوون بە ناوەکانی (درية) و (خانم)، چوار برایشی هەبوون بە ناوەکانی: (عبد الله، محەممەد، عبد المجيد، مەرجان).[٢٢]

---

٢٠ لە بەشێکی ئەم کتێبەدا بابەتێکی شوێنەوارناس مامۆستا (عبدالرقيب يوسف)م لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردیی، لەم بابەتە جیاوازەو زانیاریی تری تێدایە لەسەر ژیاننامەی نورسی، بۆیە لێرەدا هەندێ وردەکاریی باس ناکەین. ◘

[٢١] سيرة ذاتية، سعيد النورسي، ص: ٤٠.

[٢٢] بڕوانە: سعيد النورسي، رجل القدرفي حياة الأمة، أورخان محمد علي، النسل، إسطنبول، ص: ٨.

باوكو دايكى دوو كەسى زۆر خواناسو پارێزكار بوون، لە دايكييەوە گێڕڕاوەتەوە كە تا بۆى گونجا بێت بەبىٚ دەستنوێژ شيرى نەداوە بە منداڵەكانىو بەبىٚ ناوى خوايش هەڵى نەگرتوونو داينەناون.[٢٣]

سەعيد ساڵى (١٢٤٩ك ــ١٨٧٦ز) لە گوندى (نورس) لە ناوچەى هيران ـ كە كەوتووەتە باشورى دەرياچەى وان ـ سەر بە قەزاى (خيزان)ى پارێزگاى (بتليس) لە باكورى كوردستان، لە دايك بووە.

لە تەمەنى نۆ ساڵيدا ــ ساڵى (١٨٨٥ز) ـ قورئانى پيرۆزو هەندىٚ زانستى سەرەتايى لاى مەلا (عبدالله)ى براى، لە گوندەكەى خۆى خوێندووە. پاش ماوەيەك تاقەتى نەماوەو حەزى كردووە بچێتە شوێنێكى تر، بۆيە چووەتە گوندى (داغ)و ماوەيەك لاى مەلايەك بە ناوى مەلا حەمەمين ئەفەندى، خوێندوويەتى. خۆى دەگێڕێتەوە كە: لەوێش تاقەتى بەسەر چووەو گەڕاوەتەوە بۆ (نورس)و هەفتەى وانەيەكى لاى مەلا (عبد الله)ى براى خوێندووە.

پاشان چووەتە گوندى (پرمس) لاى مەلايەك بە ناوى (نور محەممەد)، خوێندوويەتى. ئەم مامۆستايە زۆر سەرسام بووە بە فەقىٚ سەعيد، بە ڕادەيەك كە لە گوندەكەيەوە ـ (گوندى پرمس) ـ لەگەڵ چەند پياوێكى گوندەكەىو فەقىٚ سەعيد كەوتووەتە ڕىٚ بۆ گوندى (نورس) ـ كە شەش تا حەوت كاتژمێر نێوانيانە ـ بۆ ئەوەى لە دايكو باوكى سەعيد بپرسىٚ: نهێنيى ئەو جۆرە پەروەردە سەركەوتووە چيە؟ چۆن ئەم فەقىٚ سەعيدەيان پەروەردە كردووە؟ دايكى سەعيد لە وەڵامدا وتوويەتى: "كاتێك باردار بووم بە سەعيدەوە، هەرگيز نەچوومەتە شوێنێك بە بىٚ

٢٣ هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

دەستنوێژ، کاتێکیش هاتە دونیاوە بە بێ دەستنوێژ شیرم نەداوەتێ،"
ئەوە دایکی فەقێ سەعید، کاتێك (سۆفی میرزا)ی باوکیشی دێتەوە، مەلا حەمەمینی میوان دەبینێ دوو مانگاو دوو گاجووتی داوەتە پێش خۆیو هەرچواریان دەمیان پێچراوەو هەڵبەستراوە، کاتێك نهێنیی ئەو کارەی لێ دەپرسێ، میرزای باوکی سەعید دەڵێت: لە ڕاستیدا بێستانەکەی من کەمێك دوورە لە ئاواییەوە، بە لای باخو بێستانی کەسانێکی تردا دێنو دەچین، بۆیە دەمی ئەم ئاژەڵانە هەڵئەپێچم، تاکو گژوگیاو بەروبوومی ئەو بێستانانە نەخۆن، چونکە نامەوێ لوقمەی حەرام بێتە ناو ماڵمەوە."[24]
بەو شێوەیە مەلا حەمەمینو میوانەکان وەڵامی پرسیارەکەیان وەردەگرن.

فەقێ سەعید بۆ جارێکی تر لە گوندی (مورس) هەڵناکاتو دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، بەڵام وەقرە ناگرێو جارێکی تر شان ئەداتەوە ژێر باری خوێندنو دەچێت بۆ گوندی (شێخان)، لەوێش پاش ماوەك دەچێتە گوندی (نورشین)و لەوێشەوە بۆ گوندی (خیزان)، بەڵام بە پەشۆکاویی لەگەڵ مەلا (عبد الله)ی برایدا دەچێتەوە بۆ گوندی (نورشین)و ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە، بۆ جارێکی تر دەچێتەوە بۆ گوندی (خێزان)، دوای ماوەیەکی کەم واز لە فەقێیەتی دێنێو دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (نورس)ی زێدی خۆی.

نورسی باسی ئەم بێوەقرەییەی خۆی دەکاتو لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەر جارەو لە هەر گوندە، چەند مانگێك زیاتر نەماوەتەوەو دۆخی زۆر پشێو بووەو مامۆستاکانی حاڵەتەکەیان بە شێتیی

---

٢٤ مامۆستا نورسی خۆی ئەم صیفەتانە لە دایكو باوکی دەگێڕێتەوە، بڕوانە: آخر الفرسان، فرید الأنصاري، لا: ٢٨، هەوەها: سعید النورسی، رجل القدر، فی حیاة أمة، أورخان محمد علی، النسل، إسطنبول، ١٩٩٥م، ص: ١١. ◘

لەقەڵەم داوە. بە پێی ئاماژەکانی خۆی وا دیارە بەشێك لەو بێزارییەی لەوەوە هاتووە کە دیویەتی فەقیێو مەلاکان چاویان لە دەستی خەڵکییەو لەسەر خێرو زەکات دەژین. هەر ئەو دیمەنە زۆرانەش کە لە ناو ئەو حوجرەو فەقیێو مەلایانەدا بینی، وای لێکرد کە لە تەمەنیدا تەنانەت هیچ دیارییەکیش وەرنەگرێ، تا بگات بە خێرو زەکاتو سەرفیترە.

**خەوێکی سەرنجڕاکێش:**

لەو ساڵەدا کە گەڕابووەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، لە تەمەنی منداڵیداو لەو حاڵەتی دڵەڕاوکێیەدا خەوێکی سەیرو هەژێنەری بینی، لە خەویدا ڕۆژی ڕەستاخێز هەستابوو، فەرتەنە بوو، هەموو خەڵکەکان کۆ کرابوونەوە، حەزێکی زۆری بۆ دروست بوو کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ببینێت، بەڵام لەم ناو جەنجاڵو ڕۆژی حەشرەدا چۆن بیبینێت؟ لەم کاتەدا کە بیری لەوە دەکردەوەو چاوی بەناو خەڵکەکەدا دەگێڕا، هات بە بیریدا کە بچێت بەرەو ڕێگا ڕاستو دروستەکە، چونکە بە دڵنیاییی پێغەمبەری خوا لەوێوە دەڕوات، (لەو کاتەدا ڕێگەیەکی ڕاستی بینی). چووە سەر ئەو ڕێگەیەو چاوەڕێی کرد، زۆرێك لە پێغەمبەران (علیهم السلام) لەوێوە تێپەڕین، دەستی هەموویانی ماچ کرد. پێغەمبەری ئیسلامیش گەیشت، سەعیدی بچکۆلە چووە لایو پەلاماری دەستی داو ماچی کرد. سەعید داوای (زانست)ی لە پێغەمبەری خوا کرد. پێغەمبەریش فەرمووی: "لەمەولا زانستی قورئانت پێ دەبەخشرێ، بە مەرجێ هەرگیز هیچ پرسیارێك لە کەسێکی ئوممەتی من نەکەیت." نورسی ئەم خەوە لە مێشکیدا وەك مۆری هەڵکەنراو چاپ بوو، لەبەر ئەوە لە هەموو تەمەنیدا

هیچی له كه‌س داوا نه‌كردو هیچ پرسیارێكیشی له یه‌ك كه‌س له ئوممه‌تی ئیسلامیی نه‌كرد.[٢٥]

دوای ئه‌و خه‌وه هه‌وای خوێندن‌و به‌دواداچوونی زانست ده‌كه‌وێته‌وه سه‌ری‌و ده‌چێ بۆ شاری (بتلیس)و لای زانایه‌ك به ناوی مه‌لا محه‌ممه‌د ئه‌فه‌ندی درێژه ده‌دات به خوێندنی هه‌ندێك له وانه‌كان، پاشان ده‌چێته قوتابخانه‌ی (میر حه‌سه‌ن وه‌لی)، له‌وێیش له‌به‌ر ئه‌وه كه زۆر گوێیان به فه‌قێ سه‌ره‌تاییه‌كان (سوخته‌كان) نه‌داوه ئه‌وێیش به‌جێ دێڵێ‌و ده‌چێته گوندی (گواش) له پارێزگای (وان)، به‌ڵام له‌وێیش ته‌نها یه‌ك مانگ ده‌مێنێته‌وه، ماوه‌یه‌كیش له شاری (سعرت) لای مه‌لا (فتح الله) ناوێك ده‌خوێنێت.

ساڵی (١٨٩١ز) له ته‌مه‌نی (١٥) ساڵیدا ده‌چێته قه‌زای (تغۆ بایه‌زید)ی سه‌ر به پارێزگای (ئاغری)و لای مه‌لایه‌كی ناودار به ناوی مه‌لا (محه‌ممه‌د جه‌لالی) درێژه به خوێندن ده‌داو به خوێندنی كتێبی (جامی) له زانستی (نه‌حو)دا ده‌ست پێده‌كات‌و بڕێكی زۆر له (توحفه)ی (ابن حجر الهیتمی) له فیقهداو ته‌واوی (جمع الجوامع)ی (سبكی) له (أصول الفقه)داو (شرح المواقف)ی (ئیجی) له زانستی (علم الكلام)دا به ماوه‌ی سێ مانگ ده‌خوێنێت! به مه‌رجێك له ناو فه‌قێیاندا وا باوه كه ئه‌و زانستانه به لای كه‌مه‌وه زیاتر له ده ساڵیان پێویسته.

له‌و شاره‌دا زۆربه‌ی كاته‌كانی خۆی له‌سه‌ر گۆڕی شاعیری گه‌وره‌ی كورد (ئه‌حمه‌دی خانی) به‌سه‌ربردووه. ته‌نانه‌ت جارێكیان ناگه‌ڕێته‌وه بۆ حوجره‌و فه‌قێ هاوه‌ڵه‌كانی زۆر بۆی ده‌گه‌ڕێن، تا ڕێیان ده‌كه‌وێته سه‌ر گڵكۆی

[٢٥] بدیع الزمان النورسي، نظرة عامة عن حیاته وآثاره، إحسان الصالحی، ص: ٢٨.

ئەحمەدی خانی، کاتێك دەزانن مەلا سەعید لەوێیەو مۆمێکی داگیرساندووەو لەبەر ڕووناکییەکەیدا خەریکی خوێندنەوەیە.[٢٦]

**هەوڵی ناوبژیوانیی:**

نورسی ساڵی (١٨٩١ز) لەو شارەدا (شاری بتلیس) هەوڵی دا کە ناوبژیوانیی بکات لە نێوان زانایانی ئاینییو شێخانی تەریقەتدا، چونکە گرژییەك لە نێوانیاندا دروست بوو بوو. ئەم هەواڵە دەگاتە کەسایەتییەکی ئەو کاتە بە ناوی (ئەمین فەیزی بەگ)و داوای لێ ئەکەن کە قسەی لەگەڵ بکات، ئەویش ئەڵێت: ئەو مەلا سەعیدە منداڵەو هی ئەوە نیە قسەی ئاراستە بکرێت. نورسیش ـ کە لەو کاتەدا پازدە ساڵان بووە ـ ئەم قسەو هەڵسەنگانەی پێدەگاتەوەو زۆر پێی بێتاقەت دەبێتو خۆی ئەگەیەنێتە لای ئەمین فەیزی بەگو پێی ئەڵێت: "گەورەم! تاقیم بکەرەوە، ئەمەوێ بیسەلمێنم کە ئەهلی ئەوەم قسەم ئاراستە بکرێت". شێخ ئەمینیش (١٦) پرسیاری لە زانستە جۆراوجۆرەکان بۆ ئامادە دەکاتو ئاراستەی فەقێ سەعیدیان دەکات، ئەویش سەرکەوتووانە وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەداتەوە.

شێخ ئەمینو زاناکان پاش ئەم ڕووداوە مل ئەدەن بە خوێندەوارییو هەڵکەوتوویی فەقێ سەعید، بۆیە زەمینەی بۆ دەرەخسێو لە مزگەوتەکاندا دەستدەکات بە وتاردان، بەڵام لە ترسی ناکۆکییو دوودەستەبوونی زانایان، والی شاری بتلیس فەقێ سەعیدی تازە لاو دوور دەخاتەوە.[٢٧]

---

[٢٦] ص: Tarihce hayati ٣٥

٢٧ بڕوانە: دواهەمین شایەتەکان، نجم الدین شاهینەر، سلێمانی، ٣٥/١.

**هەوڵی سەفەری شاری بەغداو سەرنەگرتنی:**

دیارە فەقێ سەعیدی تامەزرۆی زانست، هەواڵی خوێندنگەو زانا ناودارەکانی ئەو سەردەمەی شاری بەغدا دەبیستێ، بۆیە هەوای کۆچکردن بەرەو بەغدا دەکەوێتە سەریو خۆی ئامادە دەکاتو مۆڵەت لە مەلا محەممەد جەلالی مامۆستای وەردەگرێ، ئەویش دڵی ناشکێنێو پێی ئەڵێت: برۆ. نورسی جلوبەرگی تایبەتی دەروێشان لەبەر دەکاتو عەودالانە بەبێ ئەوەی هیچ رێگەیەك شارەزا بێت، رێگەی ئاسایی واز لێدێنێو گوایە بە مەبەستی کورتکردنەوەی رێگاو قەدبڕیی، رێگای شاخوداخو نائاسایی دەگرێتە پێشو بەرەو باشوری تورکیاو بە نیازی چوون بەرەو بەغدا ئەکەوێتە رێ، بەڵام رێگە نازانێو چەند شەوو رۆژێك بەناو کەژو کێوو جەنگەڵو چەمو دۆڵدا دەرواتو ون دەبێت، بۆیە لە ناکاو نیەت دەگۆڕێو رووی وەردەچەرخێنێو بۆ جارێکی تر دەچێتەوە بۆ شاری (بتلیس)و دەگەرێتەوە لای مەلا حەمەمینە فەندی کۆنە مامۆستای. لەوێ مامۆستاکەی داوای لێ دەکات کە جلوبەرگی مەلایانە لەبەر بکاتو مێزەر بە سەرییەوە ببەستێت، بەڵام فەقێ سەعید پێی ئەڵێت: قوربان! من چۆن پۆشاکی مامۆستا بەرێزەکان لەبەر بکەم، کە هێشتا منداڵمو باڵغ نەبووم؟[٢٨] وا دیارە لەوێش لەگەڵ مامۆستاکەیدا ناسازێ، بۆیە تەنها دوو رۆژ لەوێ دەبێو رۆژی سێیەم ئەوێش بەجێ دێڵێو دەچێت بەرەو شارۆچکەی (شیروان) بۆ لای مەلا (عبد الله)ی برای، کە لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە.

---

٢٨ هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕەی پێشوو.

مەلا عبد الله ـ كە موستەعید بووەو مەلا سەعید سوختە بووە ـ گفتۆگۆیەكی لەگەڵ دەكات، تا بزانێ پاش چەند مانگێك دابڕان، فەقێ سەعید چی خوێندووە، دەپرسێ: دوای تۆ من كتێبی (شرح الشمسیة)م خوێند لە زانستی (المنطق)، ئەی تۆ چیت خوێندووە؟ فەقێ سەعید دەڵێت: من (٨٠) كتێبم خوێندووەتەوە. براكەی بە سەرسوڕمانەوە لێی دەپرسێ: چی؟! سەعید دەڵێ: بەڵێ، (٨٠) كتێبم خوێندووەتەوە، جگە لە كتێبە دەرسییەكانم، حەز ئەكەی ئیمتیحانم بكە. مەلای برایشی ئیمتیحانی دەكاتو چەندین پرسیاری لێدەكات، سەرەنجام سەرسام دەبێت لە وەڵامەكانی سەعیدی برا بچوكی، دەبینێ زۆر خوێندەوارەو ئاشنا بووە بە وردەكارییەكانی زانستەكان، بۆیە داوای لێدەكات كە ئەو ببێتە قوتابی فەقێ سەعیدی برای، هەرچەند پێشتر ئەم مامۆستای بووە..![29]

**بێ وەقرەیی مەلا سەعیدو گونداوگوندو شارەوشار كردن:**

پاش ماوەیەك مەلا سەعید كەڵكەڵەی چوونەوە بەرەو شاری (سعرت) دەكەوێتەوە سەری، بۆ لای مەلا فتح الله ئەفەندی كە ناوبانگی هەبووە، لە سەعید دەپرسێ: پار كتێبی (سیوطي)ت خوێند، ئەمساڵ (جامی) دەخوێنیت؟ سەعید وتی: (جامی)م تەواو كرد! دواتر هەرچی دەپرسێو دەربارەی هەر كتێبێك پرسیاری لێدەكات، فەقێ سەعید دەڵێت: خوێنمدوومە. بۆیە مەلا فتح الله خۆی بۆ ناگیرێو دەڵێت: سەعید! تۆ ساڵی پار شێت بوویت، ئەمساڵیش هەر بە شێتی ماوی؟ فەقێ سەعید دەڵێت: مرۆڤ بۆ ئەوەی فیزو دەعیە بشكێنێ، زۆر جار ڕاستیی لە كەسانی تر دەشارێتەوە، بەڵام لەبەردەم مامۆستایەكیدا كە پێگەی باوكی هەیە،

---

[29] بڕوانە: سعید النورسي، رجل القدر، أورخان محمد علي، ص: ١٤.

ناچاره ڕاستییەکە بڵێت. جا من ئێستە لە خزمەتتام، فەرموو لە هەموو زانستەکاندا ئیمتیحانم بکە.

مەلا فتح الله ـ کە زانایەکی بە تواناو بە ئەزموون بووەـ لە هەر زانستێك چەند پرسیارێکی لێدەکات، سەعیدیش وەڵامی دروستی هەموو پرسیارەکان دەداتەوە. پاشان بۆ ئەوەی ڕادەی زیرەکییو توانای (حافظة)ی فەقێ سەعید تاقی بکاتەوە، پێی دەڵێ: ئادەی چەند دێڕێك لە کتێی (مەقاماتی حەریری) دوو جار بخوێنەرەوە. فەقێ سەعید نیو لاپەڕە لەو (مەقامات)ە یەك جار دەخوێنێتەوە، هەمووی دێتە بەری! مەلا (فتح الله) بەم حاڵەتە سەرسام دەبێو دەڵێ: "بە ڕاستی کۆبوونەوەی زیرەکییەکی زۆر، لەگەڵ هێزو توانای لەبەرکردن، لە هەر کەسدا کۆبووەوە، ئەزە دیاردەیەکی دەگمەنە".[30]

لەو شوێنەو لای ئەو مەلایە، فەقێ سەعید تەنها لە ماوەی یەك هەفتەدا، کتێبی (جمع الجوامع)ی لە زانستی (أصول الفقه)دا لەبەرکردووە،[31] کە پێشتر وامان: کتێبێکی قەبارە گەورەی (٢٠٠) لاپەڕەییەو زۆر قورسو گرانەو فەقێکانی کوردستان بە نزیکەی ساڵێك دەیخوێنن، چ جای لەبەری بکەن.

مامۆستاکەی کاتێك ئەمە لە فەقێ سەعید دەبینێت، لای مەلاو زاناکانی تر زۆر جار باسی دەکات، تا وای لێ دێت کە داوای لێدەکەن ڕۆژێك بیباتە کۆڕی زانایان تا ئیمتیحانێکی بکەن. مەلا فتح الله فەقێ سەعید لەگەڵ خۆی دەبات بۆ مەجلیسی مەلاو زاناکانی (سعرت)، لەوێ

---

٣٠ هەمان سەرچاوە، لا: ١٥.

٣١ لە پەراوێزێکی بەشی یەکەمدا وتمان: لە بەشی وێنەو بەڵگەنامەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە (٦) بۆ بینینی ئەو ڕستەیەی دەڵێ: (إنی جمعتُ جمعَ الجوامع جميعَه في جمعةٍ واحدة)، واتە: من هەموو (جمع الجوامع)م لە یەك هەفتەدا لەبەرکرد. ◙

ژمارەیەکی زۆر پرسیاری قورس‌و هەڵبژاردەی لێدەکەن. فەقێ سەعیدیش بە بێ ڕامان‌و وەستان وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەداتەوە، بە ڕادەیەك کە سەرسامیی بۆ هەموو ئامادەبووان دروست دەبێت. بۆیە دەبێتە جێی ئیرەیی زۆرێك لە فەقێ‌و مەلایانی ئەو ناوچەیەو زۆر جار تەشقەڵەی پێدەکەن‌و دەیانەوێ زۆری بۆ بێنن تا لەو شارە نەمێنێت، تەنانەت جارێك پیلان دەڕێژن کە لەو شارە دەری کەن، هەواڵەکە دەگاتە پارێزگاری شارەکە، ئەویش تاقمێك جەندرمە دەنێرێت، تا ئەو فەقێیانە دەربکات‌و فەقێ سەعید بەرنە لای ئەو. بەڵام فەقێ سەعید بەو کارە ڕازی نابێت‌و پێیان دەڵێت: "ئێمە فەقێی یەك حوجرەین، زۆر جار وردە ناکۆکیمان دەبێت، بەڵام دوایی ڕێکدەکەوینەوە، بۆیە بە پێویست نابینم کەس دەستوەرداتە نێوانمان. لەبەر ئەوە پێویست ناکات من بێمە لای پارێزگار، تکایە ئاگاداری بکەنەوە کە هەڵە لە منەوەیە، نەك ئەوان"

بۆیە بە ڕەغبەتی خۆی شاری (سعرت)ی بەجێهێشت‌و بۆ جارێکی تر گەڕایەوە بۆ شاری (بتلیس).

**لە فەقێ سەعیدەوە بۆ مەلا سەعیدی مەشهور:**

ئەو بێ وەقرەییەی فەقێ سەعیدو زۆر گەڕانەی لە گوندو شارەکاندا: (لە (نورس)ەوە بۆ (داغ)و لەوێوە بۆ (پرمس)و لەوێوە بۆ (مورس)، پاشان بۆ (شێخان)و بە دوایدا بۆ (نورشین)و ئەوجا بۆ (خیزان)و دووبارە بۆ نورشین‌و جارێکی تر بۆ خیزان‌و نورس، پاشان بۆ (بتلیس)و لەوێوە بۆ (گواش)و لەوێشەوە بۆ تغۆبایەزیدو شیروان‌و شارە گەورەکانی (وان‌و بتلیس‌و بایەزیدو سعرت)، لەگەڵ گرێدانی کۆڕەکانی تاقیکردنەوەی لە ناو مەلاو فەقێیاندا، هەموو ئەوانە ئەبنە هۆی داکەوتنی باسی زیرەکیی‌و

هەڵکەوتووی، بۆیە ناوبانگ دەرئەکاتو نازناوی (مەلا سەعیدی مەشهور)ی بەسەردا دەبڕێت.

مەلا سەعید ماوەیەك لە شاری (بتلیس) دەمێنێتەوە، لەوێیش بە بۆنەی ئەوەوە دووبەرەکیی دەکەوێتە نێوان دانیشتووانی شارەکە، هەندێك دەبنە نەیاریی‌و هەندێك دەبنە پشتیوانی، بۆیە پارێزگاری ئەو شارەش ناچار دەبێت مەلا سەعید ئاگادار بکاتەوە کە ئەو شارە بەجێ بێڵێت، ئەویش بۆ جارێکی تر دەچێتەوە بۆ شاری (شیروان). لەوێش نامێنێتەوەو بە بۆنەی ئەو ڕووداوانەوە ئاڵوگۆڕێکی دەروونیی ڕووی تێدەکاتو دەچێتە گوندێکی کەنار بە ناوی (تیللو)و دەست دەکات بە خەڵوەتنشینی. لەو کاتەدا (١١٥٠) لاپەڕە لە کتێبی (القاموس المحیط)ی فەیروزئابادیی (لە سەرەتاوە تا پیتی سین) لەبەر دەکات، کە فەرهەنگێکی زۆر قورسی زمانی عەرەبییە.

**کۆڕێکی تری مونازەرەی زانستیی لە شاری (جزیرە):**

سەرۆکی هۆزی (میران) بە ناوی (مستەفا پاشا)، یەکێك لە سەرکردەکانی (سوارەی حەمیدیە)[٣٢] بوو، کە لە لایەن سوڵتان (عبد الحمید)ەوە ڕوتبەی (پاشایی) پێدرابوو. ناوبانگی بە ستەمکاریی دەرکردبوو، دانیشتوانی ناوچەی (جزیرە) لێی وەڕس بوون، خەڵکی بێ تاوانی دەکوشتو دەستیشیان بەسەریدا نەدەڕۆیشت.

---

٣٢ سوارەی حەمیدیە هێزێکی چەکدار بوو، تایبەت بە هۆزە کوردەکانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان، کە بە فەرمانی سوڵتان عبد الحمید پێکهێنرا، بۆیە ناونران (حەمیدیە)، بۆ ڕاگیرکردنی سەرۆك هۆزە کوردەکان‌و پارێزگاریی لە مەرزەکان، بە تایبەتی مەرزەکانی وڵات لەگەڵ ڕوسیا.. ◘

ئەم هەواڵە گەیشتە مەلا سەعیدی مەشهور، بە داڵغەی ئەم پیاوەوە خەوێکی بینی بە شێخ (عبد القادری گەیلانی)یەوە، لە خەوەکەدا پێی وت: سەعید! برۆ بۆ لای ئەو مستەفا پاشایە، داوای ئیلتزامی لیٚ بکەو پێی بڵیٚ: واز لە ستەمکردن بهێنێتو دەستیش بکات بە نوێژکردن، ئەگەر تۆبەی نەکردو بڕیاری نەدا، بیکوژە! مەلا سەعید بیٚ یەكودوو کردن، شمشێرێکی هەڵگرتو کەوتە ڕیٚ بەرەو شاری جزیرە، کاتێك گەیشتە ئەویٚ، پاشا لەویٚ نەبوو، شمشێرەکەی بە سەقفی خێمەکەدا هەڵواسی، چاوەڕێی کرد تا پاشا بگەڕێتەوە.

کە پاشا هاتەوە، دارو دەستەکەی بە ترسو لەرزەوە لەبەری هەستان، مەلا سەعید لە جێی خۆی تەکانی نەخواردو نەجووڵا. پاشا بە خێسەیەکەوە سەیرێکی مەلا سەعیدی کردو بە یەکێك لە پاسەوانەکانی وت: ئەمە کێیە؟ وتیان: قوربان! ئەوە مەلا سەعیدی مەشهورە. وتی: ها! بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟ مەلا سەعید بە متمانەیەکی زۆرەوە وتی: هاتووم بانگت بکەم بۆ هیدایەتو پێت بڵێم: واز لە ستەمکاریی بهێنەو دەست بە نوێژەکانت بکە. پاشا لە خێمەکە چووە دەرەوەو تووڕەیی خۆی خواردەوەو پاش هەناسە هەڵمژینێك هاتەوە ژوورەوەو وتی: ئەگەر بە گوێت نەکەم چی ئەبیٚ؟ وتی: ئەتکوژم! پاشا وتی: بەو شمشێرە ڕزیوەت دەمکوژی؟ مەلا سەعید وتی: شمشێر نابڕێت، دەست دەتوانیٚ بتبڕێت. پاشا زۆر شڵەژا، لە تەمەنیدا شتی وای نەدیبوو، دووبارە لە خێمەکەی چووە دەرەوەو بیری کردەوە. هاتەوەو بە مەلا سەعیدی وت: من مەلای زۆرم لە ناوچەی جزیرە هەن، کۆیان دەکەمەوەو گفتوگۆو مونازەرەیەکی زانستیی لە نێوانتاندا ساز دەکەم. جا ئەگەر توانیت بۆڕیان بدەی، ئەوە بەگوێت دەکەم، ئەگەر نا، فڕێت ئەدەمە ناو ئەو ڕووبارەوە!

مەلا سەعید وتی: نە من لاف ئەوە لێئەدەم کە بۆڕی هەموو ئەو زانایانە بدەم، نە تۆش ئەتوانی من فڕێ دەیتە دەریاوە. بەڵام ئەگەر من لەو زانایانەم بردەوە، تۆ ئەو تفەنگە (ماوزەر)ەی خۆتم بدەرێ تا بتکوژم پێی، ئەگەر بەڵێنەکەت نەبردە سەر!

بەهەرحاڵ پاشا هەموو زانا خوێندەوارو ناودارەکانی ناوچەی جزیرەی کۆکردەوە، خۆیشی لە کۆڕەکەدا دانیشتو پیاوانیشی لە خزمەتدا ڕاوەستابوون، مەلا سەعیدیشیان بانگ کرد، دەستیان کرد بە چای دانان، مەلاکان دوو دوو و سێ سێ سەریان کرد بەیەکداو دەستیان کرد بە ئەمدیوو ئەودیوکردنی کتێبە زانستییەکان بۆ دۆزینەوەی کونە قەیدو پرسیاری گرانو بابەتی ئاڵۆز، مەلا سەعیدیش چایەکەی خۆی خواردەوە، ئەو مەلایانەی کە لەمدیوو لەودیوییەی دانیشتبوون لەبەر سەرقاڵییان چاییەکەیان لەبیر چووەوە. بۆیە وەك سوعبەتێك مەلا سەعید سێ چوار چایی ئەملاو ئەولای خۆیشی خواردەوەو مەلاکان بەخۆیان نەزانی.

پاشا لەم دیمەنە ورد بووەوە، کاتێك ئەو خوێنساردییەی مەلا سەعیدو ئەو شڵەژاوییەی مەلاکانی بینی، وتی: ئەرێ مامۆستایینە! سەرنج ئەدەم لەبەر مەشغوڵیتان ئاگاتان لەخۆتان نیە، تەنانەت مەلا سەعید چایەکانی ئێوەشی خواردەوە. من وا ئەزانم لە ئێستەوە لەبەردەم ئەم فەقێیەدا دۆڕانووتانە.!

مەلا سەعید لە دەموچاوی مەلاکان ئەوەی دەخوێندەوە کە ئەوان بترسن ئەم پرسیار لەوان بکاتو نەزانن وەڵام بدەنەوە. بۆیە ویستی لە ئیحراجیی دەربازیان بکات، پێی وتن: من بەڵێنم داوە هیچ پرسیارێك نەکەم، بەڵام ئامادەم هەرچی پرسیاری ئێوەیە وەڵام بدەمەوە.

مەلاكان بەمە زۆر دڵخۆش بوون، دەستیان كرد بە پرسیاركردن، نزیكەی (٤٠) پرسیاری ئاڵۆزو قورسیان لە مەلا سەعید كرد. ئەویش بە زمانی پاراوو بێ وەستان، وەڵامی هەموویانی بە دروستیی دایەوە، مەلاكان واقیان وڕ ماو لە بلیمەتیی ئەو فەقێ لاوە سەرسام بوون. كۆبوونەوە لە سەدا سەد لە بەرژەوەندیی مەلا سەعید تەواو بوو، كاتێك هەستان‌و ویستیان بچنە دەرەوە، مەلا سەعید وتی: ببورن، وەڵامی یەكێك لە پرسیارەكانم بە هەڵە دایەوە، ئێوەش پێتان نەزانی، ئێستە وەڵامە دروستەكەم بیر كەوتەوە.!

سەرەنجام بەشێك لەو زانایانە سەرسامیی خۆیان بە مەلا سەعید دەربڕی‌و داوایان لێكرد كە ئەو زنجیرە دەرسێكیان بۆ دابنێ‌و ئەوان لای ئەو بخوێنن. هەرچی مستەفا پاشایشە بەڵێنەكەی بردە سەرو تفەنگەكەی بەخشی بە مەلا سەعیدو خۆیشی دەستی كرد بە نوێژكردن، بەڵام وا مەشهورە كە پاش ماوەیەك چووەتەوە سەر خووە پێشووەكانی.

**چوونی بۆ شاری (ماردین)و پێبەخشینی نازناوی (بدیع الزمان):**

ئەو كاتە مەلا سەعید تەمەنی (١٦) ساڵ بوو، ساڵی (١٨٩٢ز) بوو، هەواری گواستەوە بۆ شاری (ماردین)و لە مزگەوتەكانی ئەو شارە ژمارەیەك وتاری كاریگەری پێشكەش كرد، بەڵام كەسانێك لەو شارە چوونە لای (نادر بەگ)ی پارێزگارو فیتنەییان دژی كرد، ئەویش بێ لێكۆڵینەوە مەلا سەعیدی دوور خستەوە بۆ شاری (بتلیس)و بۆ ماوەی دوو ساڵ لەوێ مایەوە. (عومەر پاشا)ی والی ئەو پارێزگایە كەسێكی ڕۆشنبیر بوو، زۆر ڕێزی ئەهلی زانستی دەگرت، كتێبخانەیەكی گەورەی هەبوو، زۆر لەسەر ئەوە چوو كە لە ژوورێكی كۆشكەكەیدا بمێنێتەوە، (مەلا سەعید) ڕازی بوو، زۆر سوودی لەوە بینی‌و دوو ساڵ لەوێ مایەوەو

توانی لەو ماوەیەدا مەتنی (٨٠) کتێب لە زانستە جۆراوجۆرەکان لەبەر بکاتو سێ مانگ جارێك هەموویانی لەبەر دەخوێندنەوە بۆ ئەوەی لەبیری نەچنەوە.[٣٣]

**چوونی بۆ شاری (وان)و شارەزابوونی لە زانستە نوێو تەجریبییەکان:**

ساڵی (١٨٩٤ز) حەسەن پاشای والی پارێزگای (وان) بانگێشتی (بدیع الزمان)ی کرد بۆ پارێزگاکەی. لەو کاتەوە کەوتە وەقرەگرتنو تا پازدە ساڵی تەواو، لە شاری (وان) مایەوەو دەستی کرد بە وانەوتنەوە، جاروباریش دەچووە شارۆچکەو گوندەکانو ئامۆژگاریی هاووڵاتیانی گوندنشینی دەکردو هۆشیاری دەکردنەوەو هەوڵی ئاشتەوایيو چاکسازیی دەداو زۆر سەرکەوتووانە توانی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیی چارەسەر بکات.[٣٤]

پاش ئەوە کە زانستە عەرەبیو شەرعییەکانی لە ماوەی دوو ساڵدا تەواو کرد، لەو ماوەیەی مانەوە لە شاری (وان)، بە سوودوەرگرتن لە کتێبخانەیەکی گەورەی (حەسەن پاشا)ی پارێزگاری (وان) لە ماوەیەکی کورتداو بە پلانێکی ورد، خۆی فێری زانستەکانی فەلسەفەو بیرکارييو فیزیاو کیمیاو گەردووناسیو مێژوو و جوگرافیاش کرد. ئەو پێی وابوو (زانستی کەلام) ـ کە لە زانستە کۆنەکانەـ توانای بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلی بێڕوایيو (ئیلحاد)و گومانە وروژێنراوەکانی ئەم سەردەمەی نیە.

سەیر ئەوە بوو بۆ ئەم کارە هیچ مامۆستایەکی نەبوو، تەنها خۆی خەریك بوو. بۆ نموونە: لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا کتێبێکی دەربارەی جوگرافیا لەبەر کردو ڕۆژی دوایی کەوتە گفتوگۆو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی

---

٣٣ زۆربەی ئەم زانیارییانە لە (سيرة ذاتية)ی نورسی خۆیو (النورسی رجل القدر)ی ئورخان محمددا هەن.

٣٤ النورسي، رجل القدر، أورخان علي، ص: ٢٦.

مامۆستایەکی جوگرافیا. هەروەها لەو ماوەیەدا کتێبێکی لەسەر زانستی (بیرکاریی) نووسی، بەلام لە ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوەدا سووتا.

پاش ئەو ڕووداوانە، بەتایبەتی ئەو مونازەرانەی (سعرت) و (جزیرە)و هەندێك لە گوندەکانو ئەو گفتوگۆیانەی دیوانی (حەسەن پاشا)ی پارێزگاری (وان)و دڵنیابوونەوەی زاناکان لە تواناو بەهرەکانی، نازناوی (هەڵکەوتووی سەردەم)یان پێ داو لەو کاتەوە نازناوەکەی لە (مەلا سەعیدی مەشهور)ەوە بوو بە (بدیع الزمان).

**بڕیارێکی مێژوویی نورسی: داکۆکیی لە قورئانی پیرۆز:**

بەدەر لەوەی کە (بدیع الزمان) لە زووەوە گرنگیی بە قورئانی پیرۆز دەدا، هەواڵێکی تایبەتیش زۆر کاریگەریی لەسەر بەجێ هێشت، ئەویش لێدوانێکی وەزیری موستەعمەراتی ئینگلیز بوو.

ساڵی (١٨٩٩ز) کاتێك مەلا سەعید لە شاری (وان) بوو، پارێزگاری نوێی (وان) تاهیر پاشا، بۆ (بدیع الزمان)ی گێڕایەوە کە (ولیەم گلادستۆن) (١٨٠٩ــ١٨٩٨)ی وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا لە لێدوانێکیدا لە ناو ئەنجومەنی گشتیی وڵاتەکەیدا قورئانێکی بەرزکردووەتەوەو وتوویەتی: "تاکو ئەم قورئانە بەدەست موسڵمانانەوە بێت، بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ناتوانین حوکمیان بکەین، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین ئەم قورئانە لەبەر دەستیان دەربهێنین."

مەلا سەعید کە ئەمەی بیست وەك هەورە بروسکە لێی بدات، ڕاچەنی. بڕیارێکی مێژوویی چارەنووسسازی دا، بڕیاری خۆ وەقفکردنو دەستخاڵیی بوون بۆ داکۆکیکردن لە قورئانی پیرۆز، بۆیە لە ڕاگەیاندنێکیدا وتی: "شەرت بێ بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنم کە قورئانی پیرۆز خۆرێکی مەعنەوییەو تیشکەکەی هەرگیز ئاوا نابێتو نورەکەی هەرگیز

ناکوژێتەوە". [٣٥] لێرەوە بیرۆکەیماڵگواستنەوە بۆ شاری ئەستەمبوڵ کەوتە سەری، بەو پێیە کە شاری ئەستەمبوڵ مەڵبەندی فەرهەنگو زانستو ڕووناکبیریی‌و شارستانیەتی ئەو کاتە بوو.

دیارە ئەو هەواڵەو خودی بڕیارەکە، زۆر مێشکی مەلا سەعیدی خەمخۆری سەرقاڵ کردووە، بۆیە لەو ساڵەوە، کەوتە داڵغەی ئەوەی کە چی بکاتو چۆن ئەو بەڵێنەی بەرێتە سەر؟ تەنانەت خەوی بەو حاڵەتەی خۆیەوە بینیوە. خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەڵێت:

"کاتی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانیی یەکەم، خەوێکی ڕاستم بینی، خۆمم بینییەوە لە ژێر کێوی (ئارارات)دا بووم، لە ناکاو کێوەکە بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار شەقوپەق بوو، تاشو تاوێرە بەردی وەکو کێوی بە دەوری خۆیدا فڕێ دەدا. لەم ترسو تۆقینەدا بووم، لە نزیکمەوە، دایکی خۆمم بینی (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، پێم وت: دایکە! مەترسە، ئەمە کاری خوایە، بەڕاستی خوا میهرەبانە، خوا دانایە.. لەم حاڵەتەدا بووین پیاوێکی بەڕێز وتی: ئیعجازی قورئان ڕوون بکەرەوە. لە خەو ڕاپەڕیم، زانیم کە تەقینەوەیەکی گەورە ڕوو دەدات، ئەو دیوارو بەربەستانەی بە دەوروبەری قورئاندا هەڵچنراون، وردوخاش دەبن. پەلاماری قورئان دەدرێت، بەڵام قورئان خۆی داکۆکیی لە خۆی دەکاتو ئیعجازەکەی دەبێتە قەڵایەکی پۆڵایین، کەسێکی وەك بەندەش پاڵێوراو دەبم کە لەم سەردەمەدا ڕوونکردنەوە لەسەر بەشێك لەو ئیعجازە بدەم." [٣٦]

---

٣٥ سيرة ذاتية، سعيد النورسي، ص: ٦٦.

٣٦ المكتوبات، النورسي، ٤٧٥.

دیاره وەك بەشێك لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی خۆی، دواتر لە گەرمەی جەنگی جیهانیی یەکەمیشدا ـ کە خۆیو چەند هەزارێك لە قوتابیو دۆستانیی، جەنگاوەری خۆبەخش بوون ـ دەستی کرد بە دانانی کتێبە نایابەکەی (إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز)، کە ئیملای ئەکرد بۆ (مەلا حەبیب)ی قوتابی خۆیو ئەویش ئەینووسییەوەو دواتر مەلا سەعید خۆی پێیدا ئەچووەوە، تەنانەت هەندێکجار لە ڕیزی پێشەوەی بەرەی جەنگ، لەسەر ئەسپەکەی بوو، یان لە ناو سەنگەردا بوو، بەڵام بەردەوام بوو لەسەر نووسینی ئەو تەفسیرە کەم وێنەیە.!

**دیداری بدیع الزمان لەگەڵ سوڵتانو داوای کردنەوەی زانکۆ لە کوردستان:**

ئەو قۆناغەی سەرەتای لاوییەتی (بدیع الزمان) بەو ئەمسەرو ئەوسەر کردنو شارەو شارکردنە تەواو بوو. گەیشتە ساڵی (١٨٩٦ز) ـ کە هێشتا تەمەنی (١٩) ساڵ بوو ـ سەردانی شاری ئەستەمبوڵی کردو بە بۆنەی نامەیەکەوە ــ کە لە کەسایەتییەکی ناسراوو نزیکی سوڵتان (عبد الحميد)ەوە بردبووی ــ توانی بگاتە لای سوڵتان.

دیدارێکی لەگەڵ سوڵتان ساز کردو داوای لێکرد کە زانکۆیەك لە کوردستان بکرێتەوە، یان لە شاری وان، یان ئامەد (دیاربەکر)، بە ناوی زانکۆی (الزهراء)، بەڵام پرۆژەکەی بۆ جێبەجێ نەکرا. (دواتر بە جیا باس لەم پرۆژەیە دەکەین).

لەو سەفەرەیدا (بدیع الزمان) بۆ ماوەی ساڵو نیوێك لە شاری ئەستەمبوڵ مایەوەو سەردانی مزگەوتو مۆزەو ئەرشیفو دەستنووسخانەو کتێبخانەو شوێنەوارە دێرینەکانی کردو لەگەڵ ژمارەیەك لە زانایان ئاشنایەتیی پەیدا کردو چاوو گوێی بە شارستانێتییو پێشکەوتنی ئەو کاتەی

ئەستەمبوڵدا کرایەوە، کە ساڵانێك بوو تامەزرۆی سەردانی ئەو شارە دێرینو گەورەیە بوو..

پاش ئەوە بە ئاسۆیەکی کراوەترەوە گەڕایەوە بۆ کوردستانو دەستی کردەوە بە وانەوتنەوەو سەردانی شارۆچکەو گوندەکانو بینینی هۆزە کوردەکانو ئامۆژگاریی خەڵکیی‌و موتالەعەی زانستە جۆراوجۆرەکانو وروژاندنی بابەتی کردنەوەی زانکۆیەك لە کوردستان، بۆ خوێندنی زانستە نوێکان (زانستە ئەزموونییەکان) لە پاڵ (زانستە شەرعییەکان)دا.

**تەحەددای زانایان لە ئەستەمبوڵ:**

مامۆستا مەلا سەعید (بديع الزمان) بۆ جاری دووەمو پاش (١٠) ساڵ لە ساڵی (١٩٠٧ز)دا[٣٧] بۆ جاری دووەم چووەوە بۆ شاری ئەستەمبوڵو لە (خانی شەکرچی)[٣٨] لە ناوچەی (فاتیح) ژوورێکی گرتو مایەوە. ئەو شوێنە مەڵبەندێکی گەورەی زانستیی‌و ڕوناکبیریی بوو، لەو کاتەدا لە تەمەنی (٢٩) ساڵیدا بوو، داوای مونازەرەی لەگەڵ گەورە زانایانی بەناوبانگی ئەستەمبوڵ کردو ڕایگەیاند کە ئامادەی وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانی خەڵکییەو

---

٣٧ بە داخەوە لە سەرچاوە بەربڵاوو بەردەستەکانی ژیاننامەی نورسیدا، تەنانەت لە (سيرة ذاتية)شدا، لە ساڵی (١٨٩٧ز)ەوە بۆ (١٩٠٧ز) کە بۆ جاری دووەم چووەتەوە بۆ ئەستەمبوڵ ـ واتە نزیکەی (١٠) ساڵ، کە ماوەیەکی زۆریشە ـ زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر ژیانی مامۆستا نورسی نەنووسراوەتەوە. ◙

٣٨ لە ڕۆژانی (١٦ـ ٢٠١٩/١٠/١٨ز) لە ئوتێلێکی تەواو کۆن، لە تەنیشت مزگەوتی فاتیح، بە ناوی (ئۆزۆن) ـ بەرامبەر ئەو (خانی شەکرچی)یەـ مامەوەو خەریکی پاکنووسی ئەم کتێبە بووم، لە دوا ساتەکانی دەرچوونم بەوەم زانی کە من لە شوێنێك خەریکی ژیاننامەی نورسی بووم، بەرامبەر ئەو شوێنە بووە کە نورسی تێیدا بووەو ڕۆژانە چەندین جار بەو کۆڵانەدا هاتوچۆی کردووە! (لە بەشی پاشکۆکاندا وێنەی ژمارە (٧) و (٨) ببینە، کە دوو وێنەی خانی باسکراو، خانی شەکرچییە).◙

لەسەر دەرگای ئەو ژوورە کە تێیدا مابووەوە ئەمەی نووسی: "لەم شوێنەدا هەموو جۆرە پرسیارێك وەڵام دەدرێتەوەو هەموو گرفێك چارەسەر دەکرێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی ئەم شوێنە پرسیار لە هیچ کەس بکات!" (بدیع الزمان) خۆی دەگێڕێتەوە، ئەڵێت: "پێش سەردەمی ئازادیی (مەبەستی پێش ڕاگەیاندنی مەشروتەو[39] نووسینەوەی دەستورە) چووم بۆ ئەستەمبوڵ، هەندێك کتێبی بەنرخم دەربارەی (زانستی کەلام) لەگەڵ خۆم هەڵگرتن‌و بە وردیی خوێندنمەوە. لە ئەستەمبوڵ داوام کرد لە زانایان‌و مودەرریسەکانی خوێندنگە ئاینییەکان، بێن بۆ موناقەشەو گفتۆگۆ، پێم وتن: "چی ئەپرسن، بپرسن". سەیر ئەوە بوو هەرچییان پرسی، لەو شتانە بوون کە لە ڕێی هاتنم بۆ ئەستەمبوڵ، وەڵامەکانیانم خوێندبوونەوەو لە زیهنمدا مابوونەوە."![40]

### ئیرەیی هاوپیشەکان‌و تۆمەتی شێتیی:

ئەم تایبەتمەندییەی نورسی لە ڕووی زیرەکیی‌و بیرتیژییەوە، خستییە جۆرێکی تر لە دەردەسەریی. زۆری نەخایاند لە ئەستەمبوڵ کەوتە بەر چاوان‌و بووە جێی ئیرەیی زاناو مودەرریسەکانی ئەو شارە، هەمان ئەو گرفتە پێشووەی کە لە شاری (ماردین)یش ڕووبەڕووی بوویەوە، ئەویش

---

٣٩ لە ژێر فشاری هێزە بەرهەڵستکارەکانی سوڵتان عبد الحمیددا، شۆڕشی دەستوریی لە تورکیا سەری گرت، سوڵتان ناچار بوو کە لە (١٩٠٨/٧/٢٣ز) دەستور ڕابگەیەنێت، کە بە ڕاگەیاندنی دووەمی (مەشروتە) ناسراوەو سیستمی حوکمڕانیی کرایە دەستوریی. پاش ئەوە کرانەوەیەکی سیاسی گونجاو ڕووی داو لەو ساڵەدا کوردانی ڕۆشنبیری دانیشتووی ئەستەمبوڵ، چەندین ڕێکخراوی سیاسیی‌و ڕوناکبیرییان دامەزراند. ◘

٤٠ الملاحق، أمیرداغ، ١/٢٥٥.

بابایەکی کوردی جلشڕی بێکەس‌و ئاوارەو نەناسراو، بە مشکیی‌و شەپکی کوردییەوە، کێ پشتیوانی بێت؟

کەسێك بە ناوی (حەسەن فەهمی باش ئوغلو) ـ کە دواتر بووە ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاریی کاروباری ئاینیی تورکیا ـ دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "لە سەردەمی مەشروتە لە قوتابخانەی (فاتح) قوتابیی بووم، بیستمان گەنجێك هاتووەتە ئەستەمبوڵ‌و شتێکی وای لەسەر دەرگاکەی نووسیوە، ئەوە هات بە خەیاڵمدا کە کەسێکی وا دەبێ شێت بێت، ئەگەر نا چۆن تەحەددای وا ئەکات کە وەڵامی هەرچی پرسیارە دەداتەوە؟ بەڵام قوتابیی‌و زانایان‌و خەڵك بە گشتیی ئەوەندە بە باڵایاندا خوێند، ڕەغبەتی سەردانی کەوتە سەرم. بڕیاریشم دا وردترین‌و قورسترین پرسیارە زانستییەکان ئامادە بکەم، من ئەو کاتە لە قوتابییە سەرکەوتووەکان بووم، بەو پرسیارانەوە چوومە لای‌و هەموو پرسیارەکانم ئاراستە کرد، دەبینم هەمووی بە وردیی‌و سەرکەوتووانە وەڵام دانەوە، بە جۆرێك کە سەرسامی کردم، بۆیە بە تەواویی دڵنیا بوومەوە کە ئەو زانستەی (بدیع الزمان) لە خۆیەوە نیەو زانستێکی (لدنّی) خودادادییە".

حەسەن فەهمی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "دوای وەڵامەکان (بدیع الزمان نورسی) نەخشەیەکی بۆ دەرهێنان‌و باسی پێویستیی کردنەوەی قوتابخانەی زانستیی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات کرد، (مەبەستی کوردستانە)، کە لە لایەن (سوارەی حەمیدییە) وە بەڕێوە دەبرێت. پاشان ڕەخنەی لە ئیدارەی سوڵتان گرت‌و وتی: ئەو ناوچەیە بەو شێوەیە نابرێت بەڕێوە،

پێویستە ئەو ناوچەیە لە ڕووی زانستییەوە هەڵسێتەوە. وتیشی: من تەنهاو بە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە هاتووم بۆ ئەستەمبوڵ. !"[41]

بەهەر حاڵ، لە کاردانەوەی ئەم ناوبانگەی (بدیع الزمان)دا کار بە ئیرەییو حەسادەتەوە نەوەستا، ژمارەیەك نەیارو حەسود ڕاپۆرتیان گەیاندە لای سوڵتان (عبد الحمید)ی خەلیفەی عوسمانیی، کە ئەم سەعیدەی بە (بدیع الزمان) ناسراوە، پیاوێکی شێتەو عەقڵی تەواو نیە. ئەویش فەرمانی دا بیگرنو ببیەن بۆ نەخۆشخانەی شێتان. (بدیع الزمان) پەلکێش کرایە شێتخانەو پزیشکی تایبەت بینیو لەگەڵی کەوتە گفتوگۆ. پزیشکەکە لە ڕادەی ژیریو زیرەکیی نورسی سەرسام بوو، بۆیە ڕاپۆرتێکی هەژێنەری ئامادە کردو تیایدا نووسی:

"هیچ کەسێك پێی نەکەوتووەتە ئەستەمبوڵ کە ڕادەی زیرەکییو ژیریی لەم پیاوە زیاتر بێت. ! ئەم پیاوە تاقانەی جیهانەو وێنەی نیە !"[42]

پاش ئەم ڕاپۆرتە شڵەژاویی کەوتە کۆشکی سوڵتانو ناو بەرپرسانی میریی، سوڵتان زانی کە فیتنەیی دژی ئەو پیاوە کراوەو ڕاپۆرتی هەڵەش بەو دراوە، بۆیە وەك بەشێك لە قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵەو تاوانە، فەرمانێکی خێرای دەرکرد کە پێویستە بەزووترین کات (بدیع الزمان) نورسی لە شێتخانە دەربێننەوە، بە (شەفیق پاشا)ی وەزیری ئاسایشیشدا فەرمانێکی دەرکرد کە دەبێت مانگانە (٣٠) لیرەی زێڕی عوسمانیی بۆ (بدیع الزمان) ببڕێتەوە، لەگەڵ هەندێك دیارییو خەڵاتی تایبەت.

---

٤١ سعيد النورسي، رجل القدر، في حياة أمة، أورخان محمد علي، النسل، إسطنبول، ١٩٩٥م.

٤٢ الشعاعات، النورسي، ٥٤٢.

بۆ ئەم مەبەستە دیدارێکی بە شکۆ بۆ (بدیع الزمان) ساز کرا، وەزیر بڕیارەکانی بۆ خوێندەوە، (بدیع الزمان) ـ کە زۆر بێتاقەت بوو بوو لەو کارو هەڵوێستانە ـ وتی: "من سواڵکەر نیمو بۆ مووچەی مانگانە نەهاتوومەتە ئەستەمبوڵ. ئەگەر هەزار لیرەشم بدەنێ من نامەوێت. من لە پێناوی میللەتەکەمدا هاتوومەتە ئێرە، نەك لەبەر خۆم. جگە لەوەش ئەمە بەرتیلێکە ئەیدەن بە من، تا دەمچەورم بکەنو بێدەنگ ببم. با بزانن، کە من هاتم بۆ ئەستەمبوڵ، گیانم خستە سەر لەپی دەستم. چی ئەکەن بیکەن، من خۆم ئەزانم چی ئەڵێم، من ئەمەوێ ڕۆڵەکانی میللەتەکەم وریا بکەمەوە، کاتێك ئەتوانم ئەمەش بکەمو کاریگەریی هەبێت، کە بێ تەماع بمو شتی شەخسیی قبوڵ نەکەم، بۆیە ببورن کە ئەو دیاریی‌و خەڵاتەی سوڵتان ڕەد دەکەمەوە."[٤٣]

هەر لە ساڵی (١٩٠٧ز)دا نامەیەکی نووسی بۆ سوڵتان عبد الحمیدو داوای چاکسازیی کرد لە کوردستانو بۆ جارێکی تر پرۆژەی کردنەوەی زانکۆی (الزهراء)ی خستە بەردەم سوڵتان، بۆ بڵاوکردنەوەی زانستەکانی بیرکاریی‌و کیمیاو فیزیا، لەگەڵ زانستە شەرعییەکان.

**سەرسامبوونی شێخی ئەزهەر بە نورسی:**

ساڵی (١٩٠٨ز) (بدیع الزمان) دیدارێکی کرد لەگەڵ شێخ محەممەد بەخیت، شێخی ئەزهەری ئەو سەردەمەو زۆر سەرسام بوو بە زیرەکیی (بدیع الزمان). لە کۆڕێکی فراوانی زانایانی ئەستەمبوڵدا شێخ بەخیت لە (بدیع الزمان)ی پرسی: "تۆ دەربارەی ئەم ئازادییەی دەوڵەتی عوسمانیی‌و مەدەنییەتی ئەوروپا، چی دەڵێی؟" (بدیع الزمان) وتی: "دەوڵەتی عوسمانیی

---

٤٣ الرجل والإعصار، إحسان قاسم الصالحي، دار الكلمات، ٢٠٠٤ز، ص: ٢٢ ـ ٢٣.

ئاوسە بە دەوڵەتێکی ئەوروپیی، هەر ڕۆژێك بێت ئەم سکەی دەبێت. ئەوروپاش ئاوسە بە ئیسلام، ئەویش هەر ڕۆژێك بێت، ئەو سکەی دەبێت."

شێخی ئەزهەر کە ئەم ڕستەیەی لە(بدیع الزمان) بیست، بە زاناکانی کۆڕی مەجلیسەکەو تەواوی ئامادبووانی وت: "ئەم لاوە گفتوگۆو مونازەرەی لەگەڵ ناکرێت، بە ڕاستی من ناتوانم بۆڕی بدەم![44]" بەم ڕستەیەی (شێخ محەممەد بەخیت)ی شێخی ئەزهەردا دەردەکەوێت کە زاناو مودەرریسە ئێرەیی بەرەکان لە (بدیع الزمان)، پێشتر لای ئەو میوانە میصرییەش باش باسیان نەکردووەو هانیان داوە کە پرسیاری قورسی لێبکات، کە ئەوەش جێگای داخو کەسەرە.

**نورسیو مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵی ئیتتیحادو تەرەققی:**

هەمان ساڵی (١٩٠٨ز) (بدیع الزمان) سەردانی ویلایەتی (سلانیك)ی کردو لە لایەن گەورە بەرپرسانی کۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەققی)یەوە پیشوازییەکی گەرمی لێکرا، چونکە بەرێزی لە بانگخوازانی ئازادییو شوراو دادگەریی بوو، ئەوانیش لە سەرەتاوە دروشمەکانی (ئازادییو برایەتیو یەکسانی)یان بەرز کردبووەوەو لافی دیموکراسیو حوکمی دەستورییو (مەشروتە)یان لێدەدا. (بدیع الزمان) خۆی ئاماژە بەم خاڵە هاوبەشانە دەکاتو دەڵێت: "من بە بەڵگە شەرعییەکان بە مەشروتە (حوکمی دەستوریی) ڕازی بووم، نەك وەك هەندێك لە بانگخوازانی مەدەنیەتی خۆرئاوا، کە چاولێکەرانە قبوڵیان کردو بە شتێکی دژە شەریعەتیان زانی، من سازشم نەکردووە دژی شەریعەتو شەریعەت

---

[44] الملاحق، أميرداغ، النورسي، ٣٨٦/٢.

ناکەمە باجی هیچ شتێك".[٤٥] بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کەم کە زانی سەرانی ئەو ڕێکخراوە ڕاست ناکەنو دژایەتیی ئیسلام دەکەنو دژی شەریعەتنو خۆ نزیکخستنەوەیان لە نورسیو ئەو دروشمانەش کە هەڵیانبڕی بوو، تەنها بۆ پەردەپۆشکردنی نیازو پلانو مەبەستەکانی خۆیان دەوێت، دروشمی ئازادیش بە خۆداڕنین لە بۆچوونو بەها بەرزەکان تێگەیشتبوون، پاش دڵنیابوونەوە لەو مەبەستانە بە تەواویی لێیان دوور کەوتەوەو ڕاشکاوانە پێی وتن: "ئێوە دەستدرێژیتان کردووەتە سەر ئاینو پشتتان لە شەریعەت کردووە".[٤٦]

**ڕۆڵی (بدیع الزمان) لە بەشداریی ڕێکخراوی ئیتتیحادی محەممەدیی:**

لە (٥)ی مانگی نیسانی ساڵی (١٩٠٩ز)دا کۆمەڵێك لە زاناو ڕوناکبیرانی تورکیا ـ یەکێك لەوانە مامۆستا (بدیع الزمان) بوو ـ ڕێکخراوێکی ئیسلامییان بە ناوی (ئیتتیحادی محەممەدیی) پێکهێنا. ئامانج لەم ڕێکخراوە پاراستنی ڕەسەنایەتیی ئیسلامیی تورکیاو داکۆکیی لە شەریعەت بوو.

بە پێی بەڵگەنامەیەکی حاشا هەڵنەگر ـ کە پێڕەوی ناوخۆی ئیتتیحادی محەممەدییەو نموونەی لەبەر دەستمدایە ـ بە ناوی (اتحادی محمدی جمعیتی نیظامنامەسی)و لە ئەستەمبوڵ دەستم کەوت، مامۆستا سەعید نورسی لە ئەندامانی (دەستەی ئەنجومەنی کارگێڕیی) ئەم ڕێکخراوە بووەو ناوی لە لیستی ئەنجومەنەکەدا لە ڕیزبەندیی (٨)دا هاتووە، بە ناوی: (بدیع الزمان، سەعیدی کوردی، ئیبن میرزا). بۆیە لە ئاهەنگی ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی ناوبراودا کە لە (ئەیاصۆفیا) ساز کرا، وتارێکی مێژوویی پڕ لە جۆشو

---

٤٥ صيقل الإسلام، النورسي، ص: ٤٤٢.

٤٦ سيرة ذاتية، النورسي، ص: ٨١.

حەماسەتی خوێندبووەوە. ڕێکخراوی ناوبراو زمانحاڵێکیشی بووە بە ناوی (وولقان)،[٤٧] کە بدیع الزمان (١٥) وتاری لەو گۆڤارەدا بڵاوبووەتەوە.

شایانی باسە کە لە ڕیزبەندیی (٢٥)یشدا ناوی شاعیرو حەکیمی ناسراوی کورد پیرەمێردیش هاتووە، بە ناوی: تەوفیق ئەفەندی، وەك نوێنەری وانەبێژەکان (مدرسین)ی شاری ئەستەمبوڵ.[٤٨]

لەو بەڵگەنامەیەوە دەردەکەوێت کە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە (٢٦) کەس بوون، لە دەستەبژێرانی زاناو مودەرریسو ڕۆژنامەنووسانی ئەو کاتەو نوێنەرانی هەندێك لە دەزگاو ناوەندو شارەکان، وەك: سەهل پاشا، فەیزوڵا ئەفەندی زادە، حاجی خەیری بەگ، دەروێش وەحدەتی، پیرەمێرد..تاد.

**ڕووداوی ڕاپەڕینی سەربازان لە (١٩٠٩ز):**

دوای ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی) بە هەفتەیەك، ڕووداوە مێژووییەکەی (٣١)ی مارتی ڕۆمی، بەرامبەر (١٣/٤/١٩٠٩ز) ڕووی دا، کە ژمارەیەك سەربازی ڕاسپێرراو بە پاراستنی مەشروتە، لە دەسەڵاتی (ئیتتیحادو تەرەققی) وەرگەڕانەوە. بە دوایدا ژمارەیەك سەربازی سەربازگەکان - کە خوازیاری گێڕانەوەی شەریعەت بوون - بوونە پشتیوانی یاخیبووەکان. سەرەنجام بۆ ماوەی یازدە ڕۆژ دۆخێکی ئاڵۆز باڵی بەسەر

---

٤٧ (وولقان) وشەیەکی تورکییە بە مانای گڕکان (بُرکان). یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤارە لە (١١/١٢/١٩٠٨ز)، دوا ژمارەشی ڕۆژی (٢٠/٤/١٩٠٩ز) دەرچووە، نووسەرێکی ناسراوی بەتوانا بەناوی (دەروێش وەحدەتی) خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نووسینی بووە. (١٠٨) ژمارەی لێدەرچووە. لە بەشی وێنەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە (٩)، بۆ بینینی نموونەی ئەو گۆڤارە. ◙

٤٨ لە پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە: (١٠) کە هەشتەم ناو، ناوی نورسییە. نوسخەی (ئەم نیزامنامەیە لە ئەرشیفی نووسەردایە) ◙.

توركيا بەگشتيی‌و ئەستەمبوڵدا بە تايبەتی كێشا، ڕووداوەكە بەوە كۆتايی هات كە سوپای ئيتتيحادييەكان لە پارێزگای (سلانيك)ەوە گەيشتنە ئەستەمبوڵ‌و ياخيبوونەكەيان كپ كردەوەو ئەحكامی عورفييان لە ئەستەمبوڵ ڕاگەياندو لە (١٩٠٩/٤/٢٧ز) سوڵتان (عبد الحميد)يان لەسەر كورسی هێنايە خوارەوە، بە تۆمەتی ئەوەی لە پشت ئەو كارەوە بووە.

**دەستگيركرانی مامۆستا مەلا سەعيدو پيرەمێرد:**

بە تۆمەتی بەشداريی ئەو چالاكييە (بديع الزمان) نورسی‌و (پيرەمێرد)ی شاعيريشيان دەستگير كرد، كە لەو كاتەدا هاوڕێی يەكتر بوون‌و هاوكاريی يەكتريان دەكرد بۆ دەركردنی گۆڤاری (كورد)، زمانحاڵی كۆمەڵەی (تەعاون‌و تەرەققی كورد)، لەگەڵ سەدان كەسی چالاكی تر، ديارە بەرپرسانی ئەو كاتە وايانداناوە كە هەردووكيان لەو ياخيبوونەدا دەستيان هەبێت.

بە پێی لێدوانی خودی نورسی ـ كە بە درێژيی لە سنوری چوار لاپەڕەدا باسی ئەو ڕووداوە دەكات ـ يەكێك لە تۆمەتە گەورەكان كە درايە پاڵی، ئەندامێتيی ئەو ڕێكخراوە بوو. پيرەمێردی ڕەحمەتيش لە وتارێكيدا ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە، (كە دواتر بە جيا باسی دەكەم).

بەهەرحاڵ، سەرانی دەسەڵات وايانداناوبوو كە كۆمەڵەی (ئيتتيحادی محەممەدی) لە پشت ئەو ڕاپەڕينەی نيسانەوە بووە، چونكە هەندێك لە سەربازانی ياخيبووی ئەو ڕۆژەو بەشدارانی تر، هيتافيان دەكێشا: "شەريعەت. شەريعەت". بەرپرسانيش وا وێنايان كردبوو كە ڕاپەڕينەكە بە پيلانی ئيسلامييەكان داڕێژراوە، كە مامۆستا مەلا سەعيدو پيرەمێردو هاووێنەكانيان لەو ڕۆژانەدا بە ڕابەرو دينەمۆی ڕەوتی داكۆكيكار لە شەريعەت دەزانران، بە تايبەتی كە (بديع الزمان) وتارێكی مێژوويی لە ڕۆژی ڕاگەياندنی ڕێكخراوی ناوبراودا خوێندبووەوە.

**دادگایی‌و داکۆکییه‌کی که‌م وێنه‌:**

بۆ لێپرسینه‌وه‌ له‌و ڕووداوه‌ چه‌ندین دادگای سه‌ربازیی دانران‌و سه‌دان که‌س گیران‌و به‌ تۆمه‌تی پشێویی نانه‌وه‌و هه‌وڵی کوده‌تا، چه‌ندین که‌س له‌سێداره‌ دران. له‌و ئاقاره‌دا (بدیع الزمان) به‌ تۆمه‌تی ئاژاوه‌نانه‌وه‌ درایه‌ دادگایه‌کی تایبه‌ت، ئه‌ندامێتیی ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محه‌ممه‌دیی) خۆی تۆمه‌تێك بوو، نۆ تۆمه‌تیش درایه‌ پاڵ ڕێکخراوه‌که‌. (بدیع الزمان)یان برد به‌ لای ژماره‌یه‌ك ته‌رمی له‌سێداره‌ دراودا ـ که‌ (١٥) زانا بوون، به‌ تۆمه‌تی داوای جێبه‌جێکردنی شه‌ریعه‌ت له‌ قه‌ناره‌ درابوون، حاکمه‌ سه‌ربازییه‌که‌ ـ که‌ ناوی خورشید پاشا بوو ـ پێی وت: "تۆش له‌و که‌سانه‌ی که‌ داوای جێبه‌جێ کردنی شه‌ریعه‌ت ده‌که‌ن؟ حوکمی ئه‌و که‌سه‌ له‌سێداره‌دانه‌، له‌و کاته‌دا ده‌ستی ڕاکێشا بۆ ته‌رمه‌کان که‌ تا ئه‌و کاته‌ به‌ قه‌ناره‌کانه‌وه‌ دانه‌گیرا بوون.

(بدیع الزمان) زۆر به‌ شانازییه‌وه‌ دانی به‌ هۆگریی خۆیدا نا بۆ ئه‌و ڕێکخراوه‌و هه‌ر نۆ تۆمه‌ته‌که‌شی به‌ توندیی‌و لۆژیکێکی که‌موێنه‌، ڕه‌ت کردنه‌وه‌. له‌و لایه‌نه‌وه‌ له‌ به‌شێکی قسه‌کانیدا وتی: "ئه‌گه‌ر من هه‌زار گیانم ببوایه‌ دوودڵ نه‌ده‌بووم له‌ به‌خشینیان، له‌ پێناوی یه‌ك ڕاستیی له‌ ڕاستییه‌کانی ئیسلام... من وتوومه‌ قوتابی زانستم، هه‌موو شتێك به‌ ترازووی شه‌ریعه‌ت ده‌پێوم... من ئێسته‌ له‌م به‌رزه‌خه‌دا که‌ پێی ده‌ڵێن: زیندان، پێتان ڕاده‌گه‌یه‌نم: چاوه‌ڕێی ئه‌و شه‌مه‌نده‌فه‌ره‌م که‌ بمگه‌یه‌نێته‌ ڕۆژی دوایی، من تامه‌زرۆی گه‌یشتنم به‌و ڕۆژه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌و له‌سێداره‌ دراوانه‌..." هه‌روه‌ها وتی: "پێتان ئه‌ڵێم: ئێمه‌ به‌ هه‌موو هێزمانه‌وه‌ شێواندنی شکۆی ئه‌م یه‌کیه‌تییه‌مان ڕه‌د ده‌که‌ینه‌وه‌، که‌ نوێنه‌رایه‌تیی یه‌کێتیی موسڵمانان ده‌کات... من به‌ هه‌موو فه‌خرو شانازییه‌که‌وه‌، یه‌کێك له‌

ئەندامانی ئەم یەکێتییەم، هەوڵیش دەدەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵاکەیو شکۆداریی ناوو ناوبانگەکەی."

سەبارەت بە مامەڵەو هەڵسوکەوتی حکومەتی ئەو کاتەش، مامۆستا وتی: "ئەم حکومەتە جاران دوژمنایەتیی لەگەڵ ژیریدا دەکرد، ئێستە دژایەتیی ژیان دەکات، جا ئەوە حاڵی حکومەت بێت با بژی شێتی! با بژی مردن! با بە قوڕا چێت دۆزەخ بۆ ستەمکاران".[٤٩]

جا، هەرچەند سەرەتا مامەڵەی دادگا زۆر توند بوو لەگەڵی، بەڵام نورسی بە دیفاعکردنە بەهێزەکانی، کاریگەریی لەسەر بڕیاری دادگا بەجێ هێشتو نەیاتوانی تاوانێکی یاسایی یان سیاسی بەسەردا ساغ بکەنەوە، بۆیە دواتر ئازاد کرا، تەنانەت کاریگەریی لەسەر بڕیارو تێڕوانینی دادگا سەبارەت بە تەواوی دەسگیرکراوانو تۆمەتبارکردنی خودی ڕێکخراوی ئیتتیحادی محەممەدیش هەبوو.

(بدیع الزمان) پاش چەندین ساڵ لەو ڕووداوە، لەسەر ئەو ڕێکخراوەو دەسگیرکرانی لەسەر ئەندامێتییو دادگاییکردنیو بەشێك لە دیفاعە نایابەکەی لە ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی)، خۆی بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "بیستم هەندێك کەسایەتیی بەڕێز، وەك (سوهەیل پاشا)و (شێخ صادق)، ئەم ناوەی ئیتتیحادی محەممەدی)یان گۆڕیوە بۆ شتێکی ساکارو کەمو قۆرخیان کردووە لە پەرستشو شوێنکەوتنی هەندێ سوننەتی پاکدا. بۆیە پەیوەندییان پچڕاندووە بەو کۆمەڵە سیاسییەوەو بڕیاریان داوە نەچنە سیاسەت. لەبەر ئەوە ترسام، وتم: ئەم ناوە (ئیتتیحادی محەممەدی)

---

٤٩ مامۆستا نورسی بۆ خۆی لە چەندین شوێنی نووسینەکانیدا باسی ئەم ڕووداوە دەکات، بە تایبەتی بڕوانە: صیقل الإسلام، المحکمة العسکریة، لا: ٤٤٧ ـ٤٥٢، هەروەها: سیرة ذاتیة، لا: ١٠٨..◙

موڵکی هەموو موسڵمانانە، بۆیە تایبەتکردنو سنوردارکردن قبولّ ناکات. لەبەر ئەوە هەروەکو چۆن من چوومەتە چەندین کۆمەڵەی ئاینیی ـ چونکە وامدەبینی ئامانجیان یەکە ـ هەروەها ئەچمە ناو ئەم (کۆمەڵە) موبارەکەش.

بەڵام ئەو (ئیتتیحادی محەممەدی)یەی ناسیمو چوومە ناوی، ئەو بازنە نورانییەیە کە هەمووی پێکەوە پەیوەستەو لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاواو لە باشورەوە تا باکور، درێژ بووەتەوە. "پاشان بەم جۆرە پێناسی ڕێکخراوەکە دەکاتو (پرۆفایل)ی دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

"ـ ژمارەی ئەندامەکانی ئیتتیحاد: لە (٣٠٠) ملیۆن ترازاوە"[٥٠]

ـ تۆماری ناوی: ئەندامانی (لوح المحفوظ)ە.

ـ شوێنی کۆبوونەوەکانی: مزگەوتو تەکیەو قوتابخانە ئاینییەکانن.

ـ مەڵبەندی گشتیی: شاری مەککەو مەدینەیە.

ـ سەرۆکەکەی: سەروەری جیهان، گەورەمان پێغەمبەری بەڕێزە.[٥١]

ـ پێڕەوی ناوخۆی ئەم یەکێتییە: سوننەتو ڕەوییەی پێغەمبەری خوایە.

ـ یاساکەی: فرمانە شەرعییەکانن.

ـ (چەك)و شمشێری: بەڵگە بڕندەکانن.

ـ ئامانجو مەبەستی: بەرزکردنەوەی وشەی خوایە."

---

٥٠ مەبەستی ژمارەی هەموو دانیشتووانی موسڵمانی ئەو کاتەیە، ساڵی (١٩٠٩ز).

٥١ لە ماددەی یەکەمی پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی)دا، نووسراوە: "سەرۆکی کۆمەڵە، حەزرەتی محەممەدی مصطفی یە، درودی خوای لەسەر بێت.!" بەم لێکچوونەدا گومانی زۆرم بۆ دروست بووە کە (بدیع الزمان) نورسی، لە داڕشتنی پێڕەوی باسکراودا، دەستێکی بنەڕەتیی بووبێت. (بڕوانە وێنەی ژمارە (١١) بۆ بینینی ئەسڵی ئەو دەقە، کە بە زمانی تورکییە). ◙

(بديع الزمان) بەم جۆرە گوزارشتە ویستوویەتی تێڕوانینی دادگا بۆ ئەو ڕێکخراوە ڕاست بکاتەوەو بە گوێیاندا بدات کە هەموو موسڵمانانی جیهان پشتیوانیی دەکەن، هەروەها ئەو جەنگو دژایەتییەی کە دەسەڵاتو دادگا دەستیان داوەتێ هەڵەیەو بە زیانی خۆیانو سومعەی تورکیاش تەواو دەبێت.

لەسەر جۆری بەشداریی مامۆستا نورسی لە ڕووداوی (مارت)دا مشتومڕی زۆر هەیە، ئیسماعیل گوێڵداش دەڵێت: "سەعیدی کوردیی یەکێك بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی ڕوداوی (٣١)ی مارتو لە بنەڕەتدا وابەستەی ئیسلام بووە. بۆ خۆی دەڵێت: "من نەتەوەخوازیی لە ئیسلامەتیی تێدەگەم". سەعیدی کوردیی هەوڵێکی زۆری بە وریاییەوە داوە کە کەسایەتیی ئیسلامیيو نەتەوەیی خۆی بەیەکەوە ببەستێتەوە. (بۆیە) پێکهاتەی کوردیی بە پیرۆز زانیوەو هەوڵی داوە پاساوێکی لە سیستمی بیرکردنەوەی ئیسلامیدا بۆ بهێنێتەوەو جێی بکاتەوە."[٥٢]

## چالاکیی ڕۆژنامەوانیی نورسی:

نورسی لەو چەند ساڵەی ئەستەمبوڵدا چەندین وتاری لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییو تورکییەکاندا بڵاو کردووەتەوە، وەك: (کورد)،[٥٣] (وولقان)، کە زمانحاڵی ڕێکخراوی ئیتتیحادی محەممەدی بوو، هەروەها لە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی تری وەك: (شەرقوکوردستان)،[٥٤] هەروەها ڕۆژنامە تورکییەکانی وەك:

---

٥٢ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، بنکەی ژین، لا: ٥٠.

٥٣ بڕوانە وێنەی ژمارە (١٢)، بۆ بینینی نموونەی ئەو گۆڤارە.

٥٤ ئەم ڕۆژنامەیە هی سەردەمی (مەشروتیەت) بوو، هەفتانە دوو ژمارەی لێ دەردەچوو. سەرەڕای ئەوە کە ڕەخنەی لە سوڵتانی عوسمانی گرتووە، بەڵام ◄

(سەربەستی)،[55] (سبیل الرشاد)و[56] شورای ئوممەتو.. هتد.

(ڕۆهات ئەلاکۆم) لە نووسینێکیدا دەربارەی کوردانی ئەستەمبوڵی کۆن، باس لە مامۆستا نورسی دەکات وەك کارەکتەرێکی چالاکی کوردو خەمخۆرێکی هەژارانی کورد، بە تایبەتی کوردانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ. بۆیە ئاماژە دەکات کە نورسی هەمیشە لەو ناوچانەدا گەڕاوە کە کوردە هەژارەکانی لێ بووەو لە چارەسەر گەڕاوە بۆ گرفتەکانیان. لەو ساڵانەدا نزیکەی (٧٠) هەزار کوردی حەماڵ لە ئەستەمبوڵ هەبوون!. پاشان قسەیەکی نورسی نەقڵ دەکات کە شوێنی کوردەکان بە گشتیو قاوەخانەکان گەڕاوەو هەوڵی هێنانەسەرڕێی ڕاستی ئەوانی داوە.[57]

نورسی دەڵێت: "من لە لەکەدارکردنی نەتەوەی کورد دەترسام."[58]

(ڕۆهات) لە درێژەی بابەتەکەیدا دەڵێت: "لە ژینگەیەکی وەهادا ـ کە سەعید نورسی بۆ کوردی ئەستەمبوڵ بووەتە (باوکی دەردان) ـ پێشەوایەتییو هاوپەیمانێتیی بۆ کردوون، کوردپەروەرییەکی بەتینی خۆیمان بۆ دەنوێنێ، بۆ ئەوەی گەرد لەسەر کوردەکانی ناو ئەستەمبوڵ نەنیشێت. سەعید نورسی هەوڵێکی زۆر دەدات هەمیشە شانازیی بە بوونی کوردەوە دەکاتو لە هەموو بوارێکیشدا ئەمە دەردەخات. لەو ماوەیەدا کە لە

---

▶ داکۆکیشی لە خیلافەت کردووە. لە بەشی وێنەو بەڵگەنامەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە (١٣)، بۆ بینینی نموونەی ئەو ڕۆژنامەیە.◙

٥٥ بڕوانە وێنەی ژمارە (١٤)، بۆ بینینی نموونەی ئەو ڕۆژنامەیە.

٥٦ بڕوانە وێنەی ژمارە (١٥)، بۆ بینینی نموونەی ئەو ڕۆژنامەیە.

٥٧ کوردانی ئەستەمبوڵی کۆن، ن: ڕۆهات ئەلاکۆم، و: ئەحمەد تاقانە، ٢٠٠٥ز، هەولێر، لا: ٩٣.

٥٨ لادیوانی حەربی عورفیی، سەعید نورسی، (١٩٩٢ز)، لا: ١٠.

ئەستەمبولٚ بووە، بیری لە بارودۆخی پەرێشانیی کوردستان کردووەتەوە".[59]
نورسی بۆ خۆی دەڵێت: "ساڵو نیوێکە لێرە (لە ئەستەمبولٚ) بۆ بڵاو کردنەوەی زانست لە کوردستاندا تێدەکۆشم." هەروەها دەڵێت:

"من لە چیاکانی کوردستاندا پەروەردە بووم، ڕەوشتی مەحکەمم دەبێ بە قەپانی کوردستان کێشانە بکرێ. نابێ بە تەرازووی هەستەوەریی ئەستەمبولّی پێشکەوتوو پێوانە بکرێ."![60]

**گەڕانەوەی نورسی بۆ شاری (وان)و سەردانی دیمەشق:**

(بدیع الزمان) مەلا سەعید دوای ئەو ڕووداوانە ساڵی (١٩١٠ز) ئەستەمبولّی بەجێ هێشتو گەڕایەوە بۆ زێدی خۆیو لە شاری (وان)ی کوردستانو دەستی کرد بە سەردانی هۆزە کوردییەکانو ئامۆژگاریی کردنو هۆشیارکردنەوەو وەڵامی پرسیارەکانیان، کتێبی (المناظرات) بەرهەمی ئەو کاتەیە.

دواتر ساڵی (١٩١١ز) بە مەبەستی سەردانی خوشکێکی کە لە شاری دیمەشق بوو، سەردانی وڵاتی شامی کردو لە مزگەوتی گەورەی (ئومەوی) لە دیمەشق، وتارێکی مێژوویی بە زمانی عەرەبیی پێشکەش کرد، کە بە (الخطبة الشامیة)[61] ناوبانگی دەرکردووە. لەوێوە سەردانی بەیروتی کردو لە ڕێی دەریاوە گەڕایەوە بۆ ئەستەمبولّ.

**سەردانی سوڵتان ڕەشادو گەشتێك:**

پاش گەڕانەوەی لە شام، لە ئەستەمبولٚ سوڵتان محەممەد ڕەشادی بینیو بابەتی زانکۆی (الزهراء)ی بۆ جارێکی تر لەگەڵ ئەویشو کۆمەڵەی

---

٥٩ کوردانی ئەستەمبولّی کۆن، ڕۆهات ئەلاکۆم، لا: ٩٣.

٦٠ دیوانی حەربی عورفیی، سەعید نورسی، (١٩٩٢ز)، لا: ١٨، ٣٢.

٦١ لە بڕگەی دووەمی بەشی نۆیەمی ئەم کتێبەدا، باسێك لەم وتارەو ناوەرۆکەکەی دەکەین.

ئیتتیحادو تەرەققی باس کردەوەو بەڵێنیان دایە، بەڵام ئەوە بوو ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی، دۆخەکەی شێواندو پرۆژەکە ئەنجام نەدرا.

لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا سوڵتان محەممەد ڕەشاد لە گەشتێکیدا بۆ ناوچەی (ڕوم ئەیلی) داوای لێکرد کە بچێت لەگەڵی، (بدیع الزمان)یش بە نیازی ئامۆژگارییو یادخستنەوەی زۆر بابەت، هاوڕێیەتی کردو بە درێژایی ئەو ڕێگەیە دەیان پرسو بابەتیان تاوتوێ کرد.

**پێکهێنانی تیپی سەربازیی خۆبەخشو بەدیلگیرانی نورسی:**

ساڵی (١٩١٣ز) کە هێزەکانی ڕووس بە یارمەتیی ئەرمەنەکان پەلاماری هەندێك ناوچەی کوردستانیان دا، نورسیو هاوکارە خۆبەخشەکانی، بەرەنگارییان بوونەوە. شایانی باسە لە شاری (وان) لەو قوتابخانەیەدا کە دەکەوێتە ناو قەڵای مێژوویی ئەو شارەوەو بە مەدرەسەی (خوڕ خوڕ) ناسراوە، (بدیع الزمان) مامۆستا بوو، وانەی بە (٢٠٠) قوتابی دەگوتەوە. بە داخەوە ئەو قوتابخانەیە لە کاتی پەلاماری ئەرمەنەکاندا سووتێنراو چەندین دەستنووسی بەنرخ تیایدا فەوتێنران.

(بدیع الزمان) ساڵی (١٩١٤ز) لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا تیپێکی خۆبەخشی موجاهیدینی دژ بە ڕووسەکان دامەزراندو خۆی وەك ئەفسەرێکی میللی خۆبەخش بووە سەرکردەیان. پاش بەشداریی چالاکانەی شەڕی دژەڕووس، لە ڕۆژێکی مانگی ئازاری ساڵی (١٩١٦ز)دا بە سەختیی بریندار کرا، دوای ئەوەی لە ناو قوڕو چڵپاوی ژێر پردێکدا لەگەڵ قوتابییەکی بە برینداریی بەرەنگاربوونەوە، لەبەر ماندوویىو ناڕەحەتیی زۆر، بۆ ماوەی (٣٠) کاتژمێر بوورایەوە، سەرەنجام لە لایەن سەربازانی ڕووسەوە دیل کراو برا بۆ سەربازگەی (قۆسترمە) لە (سیبیریا)ی خۆرهەڵاتی ڕوسیاو لەوێ زیندان کرا. خۆی دەربارەی نامۆیی ئەو شوێنە دەڵێت: ".. لە جێیەکی

نزيك ئەو شوێنەی منی لێ دیل کرابووم، یەك حەفتە خۆر ئاوا نەئەبوو، بە ڕادەیەك کە خەڵکیی ئەهاتن بۆ سەیرکردنی ئەو دیمەنە."[٦٢]

هەروەها دەڵێت: "کاتێك لە (قوستەرمە)ی ڕوسیا بە دیل گیرابووم، لەگەڵ (٩٠) کەس لە ئەفسەرە دیلەکانمان لە قاوشێکدا بووین، جاروبار لەو قاوشەدا وانەیەکم هەبوو. جارێکیان فەرماندەی سوپای ڕووس هاتە قاوشەکەو وتی: ئەم کابرا کوردە فەرماندەی جەنگاوەرە خۆبەخشەکانە، سەربازی زۆری سەربڕیوین، ئێستە هاتووە لێرەدا وانەی سیاسی ئەڵێتەوە؟ هەرگیز ئەمە ناگونجێت، من نایەڵم درێژە بە شتی وا بدات. بەڵام دوای دوو ڕۆژ هاتەوەو وتی: وا دیارە وانەکانتان سیاسی نین، بەڵکو ئاینیی‌و ڕەوشتین، لەبەر ئەوە بەردەوام بن لەسەریان"![٦٣].

**سەربەرزیی بڕوادار، لە بەردەم خاڵی قەیصەردا:**

ڕۆژێك لەو کاتی دیلییەیدا خاڵی قەیصەر، فەرماندەی گشتیی بەرەی ڕوسیا، کە ناوی (نیقۆلا نیکۆلافیچ) بوو، سەردانی سەربازگەی دیلەکانی کرد، هەموو دیلەکان لەبەری هەستان‌و سڵاوی سەربازییان لێکرد، جگە لە مامۆستا نورسی. فەرماندەی ناوبراو هەستی کرد کە لەبەری هەڵنەستا، جارێکی تر گەڕایەوە، نورسی خۆی تێکنەدا، جاری سێیەم بە لایدا تێپەڕییەوە، نورسی نەجووڵا، فەرماندەکە لەبەردەمیدا وەستاو لە ڕێی وەرگێڕێکەوە کەوتە گفتوگۆ لەگەڵی‌و وتی: وا دیارە نامناسیت؟! نورسی وتی: بەڵێ، تۆم ناسی، تۆ (نیقۆلا نیقۆلافیچ)یت، خاڵی قەیصەرو فەرماندەی گشتیی بەرەی قەوقاس.

---

[٦٢] الكلمات، النورسي، ص: ٣٩٣.

[٦٣] الشعاعات، النورسي، ٥٧٤.

فەرماندە: کەواتە بۆ سووکایەتیم پێدەکەیت؟

نورسی: نەخێر، من سووکایەتیم بە کەس نەکردووە، من فەرمانی بیروباوەڕی خۆمم جێبەجێ کردووە.

فەرماندە: بیروباوەڕت فەرمانی چیت بەسەردا دەدات؟

نورسی: من زانایەکی موسڵمانم، ئیمان لە دڵمدا هەڵدەگرم، تۆ ئیمانت نیە. بۆیە ئەگەر لەبەر تۆ هەستامایە، سووکایەتیی بوو بە بیروباوەڕی خۆم.

فەرماندە: کەواتە تۆ صیفەتی بێبڕواییت دایە پاڵ من، ئەمەش سووکایەتییە بە خۆمو سوپاکەمو ئوممەتەکەم، تەنانەت خودی قەیصەریش، دەبێت دادگایەکی سەربازیی دانرێت تا لەم بابەتە بکۆڵێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە دادگایەکی سەربازیی پێکهێنرا، (بدیع الزمان) بە تۆمەتی سووکایەتیی بە قەیصەرو نەتەوەی ڕووسیو سوپای ڕوسیا، درایە دادگا، خەفەتو نارەحەتییەکی زۆر باڵی بەسەر سەربازگەکەدا کێشا، ئەفسەرە دیلە تورکو ئەڵمانیو نەمساییەکان لە دەوری نورسی جەم بوونەوە، زۆریان لێکرد پۆزش بۆ فەرماندە ڕوسییەکە بێنێتەوەو داوای لێبوردنی لێبکات. بەڵام ڕازی نەبوو، وتی: "من تامەزرۆی پاشەڕۆژم، شەیدای چوونە خزمەتی پێغەمبەری خوام، بۆیە من پێویستم بە پاساپۆرتێکە بۆ گەشتی دواڕۆژ، من ناتوانم شتێك بکەم پێچەوانەی بیروباوەڕەکەم بێت".

سەرەنجام دادگا سەربازییەکە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ نورسی دەرکرد. لە ڕۆژی جێبەجێکردنی لەسێدارەداندا چەند سەربازێك بە فەرماندەیی ئەفسەرێکی ڕوسیی چوون نورسی بەرن بەرەو گۆڕەپانی لەسێدارەدان. مامۆستا نورسی بە شەوقو خۆشییەکەوە لە جێی خۆی هەستایە سەرپێو وتی بە ئەفسەرەکە: "تکا دەکەم کەمێك مۆڵەتم بدە با دوا ئەرکی سەرشانم جێبەجێ بکەم". ئەویش مۆڵەتی دا. نورسی

دەستنوێژێکی گرتو دوو ڕکات نوێژی کرد. کاتێك لە نوێژەکەی بووەوە، هەمان فەرماندە گشتییەکە چووە لای نورسیو پێی وت:

"تکام وایە لێم ببوری، من وامزانی ئەو هەڵنەستانەت لەبەر من، بە نیازی سووکایەتیی بە من بوو، بەڵام ئێستە دڵنیا بوومەوە کە تۆ فەرمانی بیروباوەڕی خۆتت جێبەجێ کردبوو، بۆیە وا بڕیاری دادگام هەڵوەشاندەوە. بە ڕاستی من پیرۆزبایی ئەم پابەندییە توندوتۆڵەت لێ دەکەم بە بیرو باوەڕەکەتەوە، جارێکی تریش داوای لێبوردنت لێ ئەکەم".[٦٤]

**هەڵهاتنی نورسی لە دیلیەتییو گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبوڵ:**

سەرەنجام پاش دوو ساڵو چوار مانگ دیلییەتی، دوای بەرپابوونی شۆڕشی بەلشەڤی، خوا هەلێکی بۆ ڕەخساندو ساڵی (١٩١٨ز) لە زیندانەکەدا خۆی دەرباز کردو لە ڕووداوێکی سەیرو سەمەرەدا بە پێو بە پیادە، پاش زەحمەتێکی زۆر، لە ڕوسیاوە بەرەو شاری (بوترسبورگ)و لەوێوە بۆ (وارشۆ)ی پایتەختی پۆڵەنداو لەوێوە بۆ (ڤیەننا)ی پایتەختی نەمساو پاشان بۆ وڵاتی ڕۆمانیاو لە ناو خاکی مەجەرستانەوە گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵو لەو دیلیەتییو کزییو دەربەدەرییە ـ پاش دوو ساڵو نیو ـ ڕزگاریی بوو.

مامۆستا نورسی لە بیرەوەرییەکانیدا باسێکی ئەم گەشتە دوورو درێژە سەیرەی خۆی ئەکات، لە بەشێکیدا ئەڵێت: "تا ئێستەش خۆم سەرم سوڕماوە، چۆن توانیم لە چەند ڕۆژێکی کەمدا هەڵبێمو مەسافەیەك کە بە ساڵێکی تەواو بە پێ نابڕرێت، بە چەند ڕۆژێك ببڕم، زمانی ڕووسیشم نەئەزانی. من وا ئەزانم لەبەر بێ دەسەڵاتییو لاوازیم، بە چاودێریی خوای گەورە، لەو دیلییەتییە ڕزگارم بوو.. بە ڕاستی زۆر ئاسان لەو دیلییە ڕزگارم بوو، بە شێوەیەك

---

٦٤ بديع الزمان سعيد النورسي، إحسان قاسم الصالحي، أنقرة، ٢٠٠٠م، ص: ٤٨.

که جێی سەرسوڕمانە، کاری وا بە ئازاترین‌و زیرەکترین‌و زۆرزانترین کەس نەئەکرا، لەو کەسانە کە زمانی ڕووسی دەزانن "[٦٥]

**خەڵات‌و ڕێزلێنان:**

نورسی ڕاستەوخۆ پاش گەڕانەوەی لە دیلییەتی، لە (١٩١٨/٨/١٣ز) ـ وەك خەڵات‌و ڕێزلێنانێك بەرامبەر نەبەردیی‌و جوامێرییەکانی لە جەنگداو دیلکرانی‌و گەڕانەوەی ـ لە شاری ئەستەمبوڵ پێشوازییەکی شاهانە کرا، سوڵتان وحید الدین (محەممەدی شەشەم)و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی عوسمانیی‌و شیخ الإسلام و قوتابییانی خوێندنگە شەرعییەکان، هەر یەك لە لایەن خۆیەوە پێشوازییەکی شایانیان لێکرد. خۆی دەڵێت: "پێشوازییەکیان لێکردم کە زۆر شایستەتر بوو لەوەی شایانی بەندە بێت."[٦٦] بەبۆنەی ئەو قارەمانێتییەش کە لە بەرەکانی جەنگدا دژی ڕووسی داگیرکار نواندی، وەزارەتی جەنگی عوسمانیی، (١٥٠) لیرەی زێڕیان بە دیاری پێ بەخشی، لەگەڵ میدالیایەکی سەربازیی نموونە.[٦٧]

**ئەندامێتیی لە دامەزراوەی (دار الحكمة الإسلامية):**

هەر لە درێژەی ئەو پێزانین‌و ڕێزلێنانە، حکومەت لە دامەزراوەی ڕەسمیی (دار الحكمة الإسلامية)ی ئەستەمبوڵ دایمەزراند، بە بێ ئەوەی پرس بە خۆی بکەن، کردیانە ئەندامی دەستەی باڵای زانایانی دەوڵەتی عوسمانیی، کە بە (المشيخة الإسلامية) ناسرابوو، ماوەی سێ ساڵ تیایدا مایەوە. جێی باسە کە مامۆستا نورسی پێشنیاری کردبوو کە لە جێی ئەو (المشيخة)یە

---

٦٥ اللمعات، سعيد النورسي، لا: ٣٥٩.

٦٦ هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

٦٧ بڕوانە: سعيد النورسي، حركته ومشروعه الإصلاحي، د. آزاد سعيد سمو، دار الزمان، دمشق، ٢٠٠٨، ص: ١٠١.

دەزگایەکی گەورەو فراوانتر پێکبهێنرێت بە ناوی (ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی)، لە نوێنەرانی زانایانی جیهانی ئیسلامیی.[٦٨]

(دار الحكمة الإسلامية) دامەزراوەیەکی باڵای دەوڵەتی عوسمانیی بوو کە گەورە زانایانی ناوداری تورکیا تیایدا ئەندام بوون، وەك: محەممەد عاکیف، ئیسماعیل حەقی ئەزمیریی، شیخ الإسلام مصطفي صەبری، موفەسسیری ناسراو، حمد الماليلي، سعد الدين باشاو.. هتد.

**داگیرکردنی ئەستەمبوڵ لە لایەن ئینگلیزو هاوپەیمانانەوە:**

هێزەکانی ئینگلیز بە پشتیوانیی هێزەکانی فەڕەنساو ئیتالیا، لە مانگی تشرینی یەکەمی (١٩١٨ز)دا شاری ئەستەمبوڵیان داگیر کرد، پاش دامەزرانیان لە شارەکە، وەك بەشێك لە سووکایەتیی کردنیان بە ئیسلامو پیرۆزییەکانی موسڵمانان، سەرۆکی ئەسقوفەکانی کڵێسای ئینجلیکانی ـ کە بە هاوڕێیەتیی سوپای داگیرکەران هاتبووە ئەستەمبوڵ ـ لە سەردانێکیدا بۆ (دار الحكمة الإسلامية) بە بوغراییو فیزێکەوەو بە شێوەی تەحەددای موسڵمانانو فیکری ئیسلامیی، شەش پرسیاری قورسو ئاوکێشو ئاڵۆزی ئاراستەی زاناکانی دانیشتووی ئەو کۆڕە کرد، داواشی کرد کە دەبێ وەڵامی پرسیارەکان تەنها لە (٦٠٠) وشەدا بدرێنەوەو لەوە تێنەپەڕێت! سەرۆکی دامەزراوەکەو زانایانی ئامادەبوو، پرسیارەکانیان ڕووبەڕووی مامۆستا مەلا سەعیدی (بديع الزمان) کردەوەو داوایان لێکرد کە وەڵامیان بداتەوە. نورسی پەی برد بە ئەسڵی پیلانەکەو دیوی پشتەوەی پرسیارەکانی خوێندەوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە لە تەمەنیدا بۆ وەڵامی هیچ پرسیارێك دانەدەماو لەو لایەنەوە لە تەواوی تورکیادا

---

٦٨ ئەمە بەڕێز (ئەشرەف ئەدیب دەباغ)، سەرنوسەری گۆڤاری (سبيل الرشاد) لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات. بڕوانە: دوایەمین شایەتەکان، ١٥٧/١.

ناوبانگی دەركردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر داخ لە دڵ بوو بەرامبەر داگیركەران‌و كارە نامرۆڤانەكانیان، لەم بابەتەدا وتی:

"وەڵامی ئەم پرسیارانە نە بە (٦٠٠) وشە دەدرێتەوە، نە بە شەش وشە، نە بە یەك وشە، بەڵكو بە یەك (تف) وەڵام دەدرێتەوە، چونكە كاتێك ئەمانە پێیان خستە وڵاتمان‌و وەك دەبینن دەستیان خستە قورقوڕاگەمان، دەبێ تف بكرێتە ڕووی سەرۆكی ئەساقیفەكان بۆ ئەو پرسیارانە كە بە فیزو بوغراییەوە كردنی، بۆیە وتم: تف بە ڕووی ستەمكارانی بێنرخدا بكەن."[٦٩]

**بەسەرهاتی نووسینی نامیلكەی شەش هەنگاو دژی ئینگلیز:**

لەگەڵ داگیركردنی شاری ئەستەمبوڵ لە لایەن سوپای ئینگلیزەوە، دەستیان كرد بە جەنگێكی دەروونیی ترسناك دژی موسڵمانان، بۆ ئەوەی گیانی بەرەنگاربوونەوە لە ناویاندا بمرێنن، كە خەریك بوو سەری هەڵ ئەدا، بە تایبەتی لە ناوچەكانی ئەنادۆڵ. هەندێك گوێ لە مشتیشیان پشتیوانی ئەو پیلانەیان كرد، بۆ نموونە وتیان: شكستی دەوڵەتی عوسمانیی‌و سەركەوتنی ئینگلیزو هاوپەیمانان، تۆڵەیەكی خواییە دژی كەمتەرخەمیی موسڵمانان، هێزەكانی ئینگلیزو هاوپەیمانانیش ئامرازی جێبەجێبوونی ئەو ویستە خوداییەن! بۆیە چارەیەكیان نیە جگە لە ملكەچكردن بۆ هێزی ئینگلزو هاوپەیمانانی. تەنانەت هەندێك لە زانایان ـ لەوانە شیخ الإسلام ـ هەمان ئەم قسەیەیان ئەكرد!.

لەو دۆخە ناهەموارەدا (بدیع الزمان) بە هەستیاریی خۆی، زانی پیلانێكی گەورە لە ژێر سەری ئەو دوژمنانەدایە بۆ بەرگرتن لە جووڵانەوەی سەربەخۆیی. لەو سەرەتایەشەوە چارەیەك نیە جگە لە هەوڵی هۆشیاركردنەوەو بەرچاوڕوونیی، بۆیە نامیلكەیەكی نووسی بە ناوی (شەش هەنگاو)، تیایدا فرتو فێڵ‌و گومان

---

[٦٩] Bilinmeyen Taraflariyle Bediuzzaman S. Nursi .٢٢٤-٢٢٥

دروستکردنو پیلانەکانی ئینگلیزی چواند بە وەسوەسەو هەنگاوەکانی شەیتان. قوتابییەکانی هەزاران نوسخەیان دەستنووس کردو بڵاویان کردەوە بە تورکیادا.

بدیع الزمان لەو نامیلکەیەدا وەڵامی ئەم شوبهەو گومانانەی ئینگلیز دەداتەوە:

ـ ئێوە بە گوناهی خۆتان شایستەی ئەو موصیبەتەی خوا بوون.

ـ ئێوە لەگەڵ لایەنێکی تر ڕێکەوتن، کە وەك من کافرە، (مەبەستی ئەڵمانیایە)، ئەی جیاوازیی چیە لەگەڵ ئێمە؟

ـ ئەوانەی حوکمڕانیی ئێوەیان ئەکرد لە خۆتان، ستەمیان لێکردن.

ـ نیازی سەرکردەکانتان لە ئەنادۆڵ گەندەڵەو ئامانجیان وەك ئێوە ئیسلامیی نیە.

ـ پێشەوا ـ خەلیفە ـ خۆی پشتیوانیی لە سیاسەتی ئێمەی ئینگلیز دەکاتو گوێڕایەڵمانە.

**فتوا دژی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی و وەڵامدانەوەی نورسی:**

لەگەڵ جێگیربوونی هێزی داگیرکەران لە ئەستەمبوڵو هەندێك شاری تر، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ سەریان هەڵدا، بە داخەوە ئینگلیزەکان هەمان سیاسەتیان پەیڕەو کرد کە کاتی خۆی لە ساڵی (١٨٥٧ز) لە هیندستان پەیڕەویان کرد، کە پەنابردن بوو بۆ فتوای ئەو مەلاو زانایانەی کەوتبوونە ژێر کاریگەرییان. بۆیە زۆریان کرد لە شیخ الإسلام (عبد الله ئەفەندی) کە فتوا دژی شۆڕشگێڕان بدات، بەڵام گەرماوگەرم زانایانی وریاو بە هەڵوێست لێی هاتنە دەنگو فتوایەکیان بە واژۆی (١٢٠) زاناو موفتی دژی دەرکرد، کە یەکێکیان (بدیع الزمان) نورسی بوو، وتی: "فتوایەك کە لە ڕابەرایەتییەکی دینییو بەڕێوەبەرایەتییەکەوە دەربچێت کە لە ژێر فەرمانی ئینگلیزو زۆرو گوشاری ئەواندایە، بەدڵنیایی فتوایەکی ناتەواوەو جائیز نیە گوێی پێ بدرێ، چونکە ئەوانەی هەستاون بە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر، ناکرێ بە یاخی دابنرێن، بۆیە دەبێ لەو فتوایە پاشگەز ببێتەوە."[٧٠]

---

[٧٠] Risale-i Nur Hakkinda Ilmi Bir Tahlil ٧١

**سەردانی پەرلەمانی تورکیاو گفتوگۆ لەگەڵ ئەتاتورك:**

کاتێك جووڵەی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران سەری هەڵداو ئەنقەرە بووە جەمسەرو ئەو زاناو موفتییانە پشتیوانیان بۆ هەڵوێستەکە دەربڕی، (بدیع الزمان)یش وەك یەکێك لە ڕەمزەکانی بەرەنگاریی‌و وەستانەوە دژی ئینگلیز، بانگێشت کرا بۆ پەرلەمان. سەرەتا نەیویست بچێ‌و وتی: "من لە ئەستەمبوڵ بم باشترە، مەڵبەندی ڕوبەڕوبوونەوەی داگیرکارانەو لە نزیکیانەوەم"، بەڵام دۆست‌و قوتابییانی زۆریان بۆ هێناو قەناعەتیان پێکرد کە سەرێك بدات لە ئەنقەرە.

ئەو ڕووداوە ساڵی (١٩٢٢ز) بوو، (بدیع الزمان) نورسی چووە ئەنقەرەو پێشوازییەکی بەشکۆی لێکرا، پاشان سەردانی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی تورکیای کرد، دوای بینینی بەرپرسان نائومێدیی ڕووی تێکرد، بینی زۆربەیان نوێژ ناکەن‌و پابەندییان بە ئاینەوە دیار نیە، بەڵکو زۆربەیان باس لە پەراوێزخستنی ئیسلام دەکەن، بۆیە بە ئامادەبوونی ئەتاتورك وتارێکی گرنگی ئاراستە کردن‌و بەم جۆرە دەستی پێکرد: "أیها المبعوثون! (إنکم لمبعوثون لیوم عظیم). لەو دەمەدا بە نوێنەران لە پەرلەمان دەگوترا (مبعوث)، واتە: نێردراو. یانی: "ئەی نێردراوان! بە دڵنیایی ئێوە دەنێررێنەوە بۆ ڕۆژێکی گەورە". پاشان باسێکی دەربارەی گرنگیی نوێژ کرد، کە ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی (٦٠) کەس لە پەرلەمانتاران دەست بکەن بە نوێژکرن.

دوای ئەوە وتارێکی گرنگیی داو لە دە خاڵدا ئاماژەی بە چەند بابەتێك کرد، پوختەکەی ئەمانە بوون:

ـ سەرکەوتنی شۆڕش نیعمەتەو شوکرانەی دەوێت.

ـ سەرکەوتنتان مایەی خۆشحاڵی موسڵمانانە، مەرجیان پابەندیتانە.

ـ ئێوە ڕابەرایەتیی چەندین موجاهیدو شەهیدانێکی زۆرتان کرد، بۆیە دەبێ وەك ئەوان پابەند بن.

ـ نەوەکانی ئەم ئوممەتە ـ هەرچەند هەندێکیان نوێژیش ناکەن ـ بەڵام حەز دەکەن سەرکردەکانیان خواناس‌و پابەند بن. یەکەم شتێك کە دێت بە زیهنی خەڵکی کوردستاندا ـ کە دەگەن بە بەرپرسانیان ـ ئەوەیە دەڵێن: ئایا نوێژ ئەکەن؟ ئەگەر نا، ئەوە ئەکەونە گومان لەوەی بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

ـ ئەوەی ئێمەی خۆرهەڵاتی پێویستمانە بۆ ڕاپەڕین‌و بێداربوونەوە، بێداریی دڵ‌و تێگەشتنی ئاینە.

ـ نەیارانتان‌و دوژمنانی ئیسلام لە فەرەنگییەکان ـ بەتایبەتی ئینگلیز ـ فەرامۆشکاریی ئێوە بەرامبەر بە ئاین، دەقۆزنەوە.

ـ سەرکەوتنی نەیاران لەم ناوچەیەدا سەرکەوتن نیە بەسەر ئاینی ئیسلامدا.

ـ لە پاڵ بەهەندنەگرتنی ئایندا، هیچ کارێکی گەورەو بنیاتنەر ناکرێت.

ـ پشتیوان‌و هاوکارانتان لە جەنگەکانی ڕزگاریخوازیی، خەڵکی ئیسلامدۆست بوو، ئەمەتان لەبیر نەچێت.

ـ ئەگەر لە شوێنێك نۆ ڕێی ئەگەری تیاچوون هەبێ‌و تاقە ڕێیەکی ڕزگار بوون، کەس پیایاندا ناچێت، مەگەر شێتیکی سەرکێش.

دوای ئەوە باسێکی لە گرنگیی ئەرك‌و ڕۆڵی پەرلەمانتاران‌و قورسیی بەرپرسیارێتییان کردو هەندێك ئامۆژگاریی کردن.

دیارە ئەو کارەو ئەو قسەوباسانە، کەمال ئەتاتورکیان قەڵس کرد، بۆیە بە (بدیع الزمان) نورسی وت: "ئێمە نیازمەندین بە مامۆستایەکی وەك بەڕێزت، بانگمان کردی، تا سوود لە ڕاو بۆچوونە گرنگەکانت وەربگرین، بەڵام تۆ قسەکانت بە باسی نوێژ دەست پێکردو دووبەرەکیت خستە ناو مەجلیسەوە". نورسی کە زانی ئەتاتورك دەیەوێ بەبێ بایەخ سەیری نوێژ

بکات، وتی: "پاشا! پاشا! دوای ئیمان، گەورەترین حەقیقەت نوێژە، ئەوەی نوێژ نەکات خائینە، حوکمی خائینیش ڕەد دەکرێتەوە".[٧١]

ئەم قسەیە لەسەر دڵی ئەتاتورك زۆر قورس بوو، چونکە خۆی یەکەم کەس بوو کە لەو قسانەدا بە ئەنجام گیرا. بۆیە بڕیارێکی دەرکرد کە نورسی دوور بخرێتەوە بۆ کوردستانو خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، بە بیانووی دامەزراندنی وەك ئامۆژگار، بەڵام نورسی ڕەدی کردەوەو هەشت مانگ لە ئەنقەرە مایەوەو نەڕۆیشت بەدەم ئەو بڕیارەوە.

نورسی دواتر خۆی ئەم بابەتە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "ژمارەیەك لە بەرپرسە باڵاکان لێیان پرسیم: تۆ بۆچی ئەو پێشنیارەی ئەتاتورکت قبوڵ نەکرد، کە لە کوردستانو ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات وەك ئامۆژگار بە (٣٠٠) لیرە دابمەزرایتایە؟ ئەگەر ئەوەت قبوڵ بکردایە، ئەو سەدان هەزار گیانە بە هۆی شۆڕشەکەوە تیا نەئەچوون، (مەبەستیان شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بوو).

مامۆستا نورسی دەڵێ: "منیش پێم وتن: ئەگەر ئەو پێشنیارەی ئەتاتورکم قبوڵ بکردایە، ئەوە پەیامەکانی نور سەریان هەڵنەئەدا، کە نهێنیی ئیخلاصیان تێدایە، ئەو پەیامانەی کە نابنە ئامرازی هیچ شتێكو ناشبنە پاشکۆی هیچ شتێك.[٧٢]

(بدیع الزمان) لە ڕوانگەی گەیاندنی پەیامی خۆیو حوججەتی شەرعییو هۆشیارکردنەوە، بڕوای بەوە زۆر بوو کە بانگخوازان پێویستە سەرنجو ئامۆژگارییو داواو ڕوونکردنەوەیان بە هەموو ئاستە ڕەسمییە سیاسیو کارگێڕییەکانی دەسەڵات بگەیەنن، بۆ خۆیشی ئەم ڕێچکەیەی گرتبووە

---

[٧١] سیرة ذاتیة، النورسي، ص: ١٢٨.

[٧٢] سیرة بدیع الزمان سعید النورسي بلسانه وأقلام تلامذته، ص: ٥١٧.

پێش. بۆیە هەرچەند بۆی کرابێتو بۆی لوابێت ئەم ئەرکەی ئەنجام داوە. لە کاتی دیداری لەگەڵ چەندین کەس لە بەرپرسو والی (پارێزگاران)، لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە پەرلەمانو دەرەوەی پەرلەمان، لەگەڵ وەزیرەکان، لەگەڵ فەرماندەو ئەفسەرو پلەباڵاکانی سەربازیی، لەگەڵ قازیو دادوەرەکان، لەگەڵ ئاغاو سەرۆك هۆزەکان. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە کەسی نەدەبوارد، تەنانەت لە دیدارەکانیدا لەگەڵ (کەمال ئەتاتورك) ئامۆژگاریی دەکردو ڕەخنەشی لێدەگرت، بۆیە ئەتاتورك ڕقی لێی هەستا.

لەم بارەیەوە یەکێك لە شایەتحاڵەکانی ئەو کاتە بە ناوی: (حەسەن ئەرکن)، کە لە سیلکی (جەندرمە)دا بووەو لە زیندانی (ئەفیون) نورسی ناسیوە، ئەڵێت: "لە مامۆستا نورسیم پرسی: بۆچی بەندیان کردووە؟ وتی: دوای سەرکەوتن بەسەر دوژمنان (لە جەنگەکاندا)، کەمال (ئەتاتورك) ویستی خانوو و کێڵگەم بداتێ، من وەرمنەگرتنو وتم: من لە پێناوی خوادا جەنگاوم، مەبەستم تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا بووە. هیچ شتێکم ناوێ، با هەموو شتێك بۆ گەلەکەم بێت. ئەمەم پێ وت، دوای ماوەیەك کەمال (ئەتاتورك) هاتەوەو وتی: "بە هەندێ تازەگەرییو نوێکاریی هەڵدەستم، بۆیە بۆ جێبەجێ کردنیان، پێویستم بە یارمەتی ئێوەیە. دەمەوێ هەندێ کاروبار سووك بکەم، وەك خواردنەوەی مەشروباتو سفووریی، (واتە: ڕێ بەمانە بدەم).. من بە ئایەتێکی قورئان وەڵامم دایەوەو پێم وت: ناکرێت ئایەتێکی قورئان بگۆڕیت، بەڵکو تاکە پیتێکیشی. ئەویش زمانی عەرەبیو قورئانی پیرۆزی دەزانی، هەستا بە خوێندنەوەی ئایەتەکەو وتی: منیش ئەمانە هەمووی دەزانم. منیش لەو کاتەدا پێم وت: هەرچییەکت دەوێ لە تازەگەریی لە زانستو هونەرەکاندا ئەنجامی بدە،

بەڵام واز لە قورئان بێنەو خۆت هەڵمەقورتێنە لە کاروباری ئیسلامیدا، هەوڵ مەدە قورئان بگۆڕی.

لەسەر ئەم هەڵوێستە (ئەتاتورك) زۆر تووڕە بوو، بە هەڕەشەوە پێی وتم: تۆ دەبێ هەموو تەمەنت لە دوور خستنەوەو دەربەدەریدا بژی". [٧٣]

**گەڕانەوە بۆ (وان)و خۆیو سەرەتای قۆناغی سەعیدی دووەم:**

(بدیع الزمان) هەمان ساڵی (١٩٢٢ز) پاش هەشت مانگ مانەوە لە ئەنقەرە، کەوتە خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان، بەڵام پێش سواربوونی شەمەندەفەر، لە وێستگەکە کەمال ئەتاتورکی بینی، کە تازە دەستی کردبوو بە دانانی پەیکەر بۆ خۆی، (بدیع الزمان) ئەو هەلەی قۆستەوەو پێی وت: "لە قورئانی پیرۆزدا هێرشی زۆر کراوەتە سەر بتو پەیکەرەکان، ئەو پەیکەرانەی کە پێویستە موسڵمانان بۆ یادبوودو بیرەوەریی دایاننێن، بریتین لە خەستەخانەو قوتابخانەو خانەی پەروەردەو سەرپەرشتیی هەتیوانو بەشی ناوخۆیی قوتابیانو شوێنەکانی پەرستشو دروستکردنی ڕێگەو بان.."! [٧٤]

دوای ئەوە (بدیع الزمان) بە کۆڵێك داخو حەسرەتەوە کەوتە ڕێ بەرەو کوردستان، بە تایبەتی داخی ئەوەی کە لە حکومەتو پەرلەماندا لە ئەنقەرە بینی. کە گەیشتەوە کوردستانیش ڕووبەڕووی کۆڵێك ئازارو مەینەتیی بوویەوە، چونکە ڕووسو ئەرمەنەکان هەزاران کەسیان لە هاوشارییو خزمەکانی کوشتبوو، دەیان گەڕەکیان خاپوور کردبوو، جگە لە گەڕەکێکی ئەرمەنەکان، هیچ گەڕەکێك بە بێ زیان نەمابووەوە. بۆیە

---

٧٣ دواهەمین شایەتەکان، ٢/٣٠١ ـ٣٠٢.

٧٤ Bilinmeyen Taraflariyle Bediuzzaman Said Nursi ٢٥٠ .

چارەیەکی بەدەستەوە نەما، جگە لە پەنابردن بە کەنارەگیریی‌و خەڵوەتخانەو تێڕامان‌و دوور کەوتنەوە لە جەنجاڵی سیاسەت، بە نیازی پشوودان بە گیانی خۆی‌و صافبوونەوەی ڕۆحی‌و ئاسوودەکردنی.

بۆیە بۆ ماوەی سێ ساڵی تەواو، (١٩٢٣_١٩٢٥ز) ژیانی لە مزگەوتی (نورشین)و چیای (ئەراك) لە شاری (وان) بەسەر برد، هاوینان لە چیاکەو زستانانیش لە ماڵی (عبد المجید)ی برای‌و مزگەوتی (نورچین) لە (وان). زۆربەی کاتەکانی ئەو سێ ساڵەی بە زیکرو بیرکردنەوەو تێڕامان بردە سەر. جاروباریش ژمارەیەکی کەم لە دۆستان‌و قوتابیانی سەردانیان دەکردو هەواڵ‌و دەنگو باسیان پێدەگەیاندو ئەویش قسەی بۆ ئەکردن..

لێرەوەو لە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی ڕابردوودا، ئیتر باس لە (مەلا سەعیدی مەشهور) و (بدیع الزمان) لە نووسین‌و واژۆکانیدا کەم دەبێتەوەو سەردەمی کەسێکی تر بە ناوی (سەعید نورسی)، دەست پێدەکات.

## هەڵوێستی نورسی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران:[٧٥]

لەو خەڵوەتخانەیەی کێوی (ئەراك)دا بوو کە بە مەبەستی ڕاوێژ بۆ بەشداریی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران، پەیوەندیی پێوە کرا. سەرەتا سەرۆك هۆزێکی کورد بە ناوی (حوسەین پاشا) ڕاوێژی پێکرد بۆ شۆڕشکردن دژی دەسەڵاتی ئەو کاتە، بەڵام نورسی ڕاشکاوانە کارەکەی پێ باش نەبوو، بەو پێیەی کە ئەوە شەڕی ناو بەرەیەکی ناوخۆیە.

---

٧٥ ئەم باسە بە کەمێك دەسکارییەوە، لە کتێبێکی نووسەر بە ناوی (خەباتی کوردو ڕەهەندی ئیسلامیی)، لا: (٢٣—٢٤٠)، وەرگیراوە.

دوای ئەوە ـ بەپێی هەندێ سەرچاوە ـ نامەیەکی شێخی پیران گەیشتووەتە دەستی نورسیو تێیدا هاتووە: "گەورەم! بەڕێزت کاریگەریت زۆرە، ئەگەر لوتف بکەیتو بەشداربیت لە شۆڕشەکەماندا، ئەوا سەردەکەوین." [٧٦]

بەپێی ئەو سەرچاوەیە، مامۆستا مەلا سەعید لە وەڵامدا وتوویەتی: "ئێمە موسڵمانین، تورکەکانیش برامانن، کارێك مەکەن برا برای خۆی بکوژێت. ئەمە لە ڕووی شەرعییەوە ڕەوا نیە. شمشێر تەنها دژی دوژمنی دەرەکیی بەرز دەکرێتەوە، نەك لە ناوخۆدا. تاکە ڕێگا لەم سەردەمەدا، لە بەردەمماندا بۆ ڕزگاربوون، ڕێنوێنیکردنی خەڵکییە بۆ ڕاستییەکانی قورئانو ئیمان، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی نەفامییە، کە گەورەترین دوژمنمانە. بۆیە پێم باشە واز لەو هەوڵە بهێنن، لەبەر ئەوە شکستی بە دواوەیە، چونکە بەبۆنەی چنگێك بکوژو تاوانکارەوە، هەزاران ژنو پیاو تیا ئەچن." [٧٧]

## خوێندنەوەیەکی جیاواز، لە گۆشەنیگایەکی ترەوە:

لێرەدا بە گونجاو ـ بگرە پێویست ـ ی دەبینم کە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ئاماژە بکەم بە هەڵوێستی مامۆستا نورسی، لەو شۆڕشەو لە خودی شێخی پیران، لەو سۆنگەیەوە کە لە زۆربەی زۆری ناوەندە تورکیو عەرەبیو تەنانەت کوردییەکانیشدا، ئەوە بڵاوبووەتەوە کە لە سەرەوە هاتووە.

بەڵێ، تا ئەم دواییانەش وا بڵاو بوو کە نورسی دژی ئەو شۆڕشەی شێخ سەعیدی پیران بووە، بە پاساوی ئەوەی کە سوپای تورکیا موسڵمانەو ناکرێ شەڕ لە نێوان موسڵماناندا هەڵگیرسێت. بە بێ ئەوەی ئەو ڕاستییە

---

٧٦ لەوانە: Bilinmeyen Taraflariyle Bediuzzaman Said Nursi, ٢٥٣-٢٥٥

٧٧ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەبەرچاو بگیرێت کە شێخ سەعیدی پیران دژی ئەتاتورکو دارودەستەکەی هەستابوو، کە هەزاران کوردیان کوشتو بووبووە داردەستی بێگانەو بە پشتیوانیی زایۆنیزمی جیهانییو بەرەی ئەورووپای دژ بە ئیسلام، خیلافەتی عوسمانییان ڕووخاندو ڕاشکاوانە ئیعلانی دژایەتیی ئیسلامیان کرد، شەریعەتیان قاچاخ کرد، یاسا ئاینییەکانیان گۆڕی، بانگیان بە زمانی عەرەبی لە مزگەوتەکان ڕاگرتو کردیانە تورکی، پۆشاکی شەرعییو دیمەنە ئیسلامییەکانیان قەدەغە کرد، حوجرەو خوێندنگە شەرعییەکانیان داخستو.. هتد.

شێخ سەعیدی پیران دژی ئەم کارانە هەستا، هەم بە نیازی تۆڵەسەندنەوە لەو تاوانە دژە مرۆڤانەیەی بەرامبەر کورد ئەنجام دران، هەم بۆ گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامیی ڕاستەقینە، وەك لە لێدوانو (مورافەعات)ەکانی خۆی لە کاتی دادگایی کردنەکەیدا دەردەکەوێت. (بڕوانە بەشی پاشکۆکانی ئەم کتێبە بۆ بینینی دەقی ئەو مورافەعەیەی شێخی پیران، کە هەمووی جەختکردنەوەبە لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەت). جا، ئایا مەعقولە کەسایەتییەکی زاناو هۆشیاری وەك (بدیع الزمان) نورسی ـ کە پێش شێخی پیران بە زیاتر لە (٢٥)ساڵ، هەمان بانگەشەی دژایەتییو ڕاپەڕین دژی ستەمی دەکردو هەر لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانییەوە، ڕەخنەبارانی دەسەڵاتی تورکیای دەکرد، کە لە بەرنامەی ئیسلام لایانداوەو ستەمیان لە نەتەوەی کوردو ناوچەکانی کوردستان کردووە ـ لەو ساتەوەختە مێژووییو هەستیارو ناسکەدا، دژی سەرکردەی موجاهید شێخ سەعیدی پیران بوەستێتەوەو شۆڕشەکەی بە نادروست بزانێو نامەی بۆ بنووسێو داوای لێ بکات دەست هەڵبگرێت؟!

بەڵێ، لەو ساڵانەدا کە بەڵگەیەکی ئەوتۆشم بەدەستەوە نەبوو، نەك جارێك، صەدجار دەمگوت: نەخێر، ئەو کارە نە مەعقولەو نە ڕاستو

ڕەوایەو نە لە نورسی دەوەشێتەوە کە هەڵوێستی وا بنوێنێت. جگە لەوە نە تێگەیشتنی دروستیش لە چەمکە ئاینییەکان ـ کە نورسی لەو بوارەدا قاڵ بوو بوو ـ ڕێ بە ئاوا هەڵوێستێك دەدەن! ئەوپەڕی ئەوە بووە کە نورسی خۆی بەشداریی نەکاتو عوزر بۆ شێخی پیران بهێنێتەوە.

تا ئێرە تەنها بۆچوونی خۆم بوو، هیچ دیکۆمێنتو بەڵگەنامەیەکیشم نەدیبوو، بەردەوامیش لە ناوەندە ڕوناکبیرییە کوردستانییو عەرەبییو تورکییەکاندا، داکۆکیم لەم بۆچوونەم دەکرد، نەشمدەزانی چۆن بیسەلمێنم، تەنها جارێك لە شاری ئەستەمبوڵ، لە بارەگاکەی خۆی، مەرحومی مامۆستا (عز الدین یەڵدرم) سەرۆکی وەقفی (الزهراء)م[٧٨] بینی ـ کە یەکێکە لە باڵەکانی ڕەوتی (نور) ـ هەستم کرد زۆر پڕە لەو دەزگاو ناوەندە تورکانەی کە خۆیان بە شوێنکەوتەی نورسی دەزانن، بەڵام وشەکانی (کوردو کوردستان)یان لە کتێبەکانی مامۆستا نورسیدا لابردووە. بەڕێزیان وتی: "ئەو هەواڵەش کە گوایە مامۆستا نورسی نامەی نووسیوە بۆ شێخ سەعیدی پیران ئەسڵو ئەساسی نیەو ڕەگەزپەرستە تورکەکان ئەم داستانەیان هەڵبەستووە، تا نورسی بکەنە دوژمنی کورد." ئەو دەیوت:

---

٧٨ عز الدین یەڵدرم (١٩٤٦—٢٠٠٠ز): سەرۆکی دەزگای (وقف الزهراء) بوو، لە لایەنگرانی قوتابخانەی (سەعید نورسی)نو زیاتر کوردیان لە دەور کۆبووەتەوە. ساڵی (١٩٩٢ز) ئەو وەقفەی دامەزراندو خاوەنی زیاتر لە (٧٥) لقو بارەگا بوو لە تورکیا، بارەگای سەرەکیی لە ناوچەی (ئاقسەرا)ی ئەستەمبوڵ بوو. بەندە چەندین جار لە نزیکەوە سەردانم کرد، کەسێکی لێبڕاوو خەمخۆرو بەتوانا بوو. خاوەنی گۆڤاری کوردیی (نەوبەهار) بوو، لە کاتێکدا کەس نەیدەتوانی بابەتو بەرهەم بە کوردیی بڵاو بکاتەوە. ساڵی (٢٠٠٠ز) بە پیلانێکی داڕێژراو تیرۆر کرا، خوای گەورە بە شەهید وەری بگرێت. ◘

"به پێچەوانەوە مامۆستا نورسی پشتیوانیی لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران کردووەو تەنانەت بەو تۆمەتەش نورسی دەسگیر کراوە."

لە ڕاستیدا من لەمە زیاتر نە هیچم بیستبوو، نە هیچم دیبوو، قسەکانی ئەویش بۆ من نەدەبوونە بەڵگە، چونکە دەزگاو ناوەندەکانی تر کە ئاشنایەتیم لەگەڵیان هەبوو، ئەو بەڕێزەیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی دەمارگیریی بۆ کورد زۆرە، هەرچەند پیاوێکی زۆر دیندارو خاوەن هەڵوێست بوو، بەڵام منیش بۆ خۆم دەترسام کە لە کاردانەوەدا کەوتبێتە هەڵەو زیادەڕەویی.

بەهەرحاڵ، بۆ یەکەم جار لە مانگی نیسانی (٢٠١٤ز)دا چاوم بە کتیبێك کەوت تایبەت بە مێژووی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) لە نووسینی (ئیسماعیل گوێڵداش)، [٧٩] سەیر دەکەم ئەم بابەتەی وروژاندووە. زۆر پێی دڵخۆش بووم، چونکە بۆ یەکەمجار بوو بە زمانی کوردی نوسراوێك بڵاو ببێتەوە کە گومان بخاتە سەر ئەو بابەتی نامەیەی نورسی بۆ شێخ سەعیدی پیران‌و جۆری ئەو پەیوەندییەی نێوانیان‌و داستانی ئەو نامەیە بخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆیە لێرەدا چەند بڕگەیەکی لێ دەگوێزمەوەو بەشێك لە بۆچوونەکانی پێش بیست ساڵی خۆمی پێ پشتڕاست دەکەمەوە، (کە لە ڕۆژنامەی یەکگرتوودا ساڵی (١٩٩٦)و (١٩٩٧ز) خستنمە ڕوو.

ئیسماعیل گوێڵداش دەڵێت:".. بۆچوونی جیاواز هەن سەبارەت بە هەڵوێستی (بدیع الزمان) سەعیدی نورسی سەبارەت بەو بابەتە... هەندێك لەو گێڕانەوانە ڕاستو هەندێکیشیان درۆو دەلەسەن. بە گوێرەی هەندێك

---

٧٩ ئەم کتێبە لە لایەن بەڕێز (زریان ڕۆژهەڵاتی)یەوە کراوە بە کوردیی، بە سوپاسەوە (بنکەی ژین) لە سلێمانی، ساڵی (٢٠١١ز)، لە (٥٠٢) لاپەڕەی مامناوەندیدا، چاپی کردووە. ◙

چاودێرو لێکۆڵ، (بديع الزمان) سەرەتا هەڵوێستی نەرێنیی بەرامبەر بە ڕاپەڕینەکە هەبووە، بەڵام دواتر کاتێك ڕەفتاری نائیسلامیی لە وڵاتدا بینیوەو فشارەکانی سەر خۆیشی پتربوون، بۆچوونی گۆڕیوەو بەشداریی لە جووڵانەوەکەی شێخ سەعیددا کردووە. هەندێکی تریش دەڵێن بەدیعوززەمان هەر لە سەرەتاوە پشتگیریی شێخ سەعیدی کردووە، بەڵام متمانەی بە شێوازی دروستبوونی جوڵانەوەکەو وادە دانانەکەی نەبووە."

سەبارەت بە دەنگۆی ئەو نامەیەش کە باسدەکرێت، گوایە نورسی بۆ شێخ سەعیدی پیرانی ناردبێتو وتبێتی: "جیهادەکەتان براکوژییەو بێ ئەنجامە"، هەمان سەرچاوە دەڵێت: "..سەرەڕای ئەوەی کە بەڵگەی زۆر لەبەردەستدان سەبارەت بەوەی وا ئەو نامەیە هی (بديع الزمان) نیە، هیچ بەڵگەیەك نیە بیسەلمێنێ ئەو نامەیە هی ئەو بووە. بەر لە هەموو شتێك ناوەڕۆکی نامەکە لەگەڵ ئەو تێکۆشانەی کە بەدیعوززەمان لە ماوەی تەمەنیدا کردوویە، ناکۆکە. زۆرێك لە لێکۆڵەرەکان پێیان وایە ئەوی تۆزێك لە یاسای ئیسلام تێبگات، نامەیەکی وا نانوسێو کەسێکی وەکو مامۆستا بەدیعوززەمانیش ـ کە بە وردیی ئاگای لە یاساکانی ئیسلامە ـ هەڵوێستێکی وەها وەرناگرێت."[٨٠]

دواجار ئەم نووسەرە بەڵگە بۆ دروستیی بۆچوونەکەی خۆی بەوە دەهێنێتەوە کە نورسی لە کتێبی (شوعاعلەر)دا زۆر بەڕێزەوە ناوی لە شێخ سەعیدو هاوڕێکانی بردووەو وتویەتی: "شێخ سەعیدو هاوڕێکانی

---

٨٠ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، لا: ٥٢ ـ ٥٣.

شەهیدی ڕاستەقینەن"، بەڵام ئەو ڕستەیە کە لە نوسخە ئەسڵییەکاندا هەیە، لە چاپەکاندا لابراوە.[81]

## ڕوونکردنەوەیەکی کوڕەزای شێخ سەعیدی پیران:

بەڵگەیەکی تری بەهێز کە گومان لەسەر باسی ئەو نامەیەی نورسی بۆ شێخ سەعید دروست دەکات، ڕوونکردنەوەی کوڕەزایەکی شێخ سەعیدی پیرانە بە ناوی (عبد الملك فورات)[82] کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بوو،

---

٨١ نورسی تەنها لەو جێیەدا باسی شێخ سەعیدی پیرانو شۆڕشەکەی ناکات، بەڵکو لە پێنج جێگەی پەیامەکانیدا ناوی شێخی پیرانی بردووە، کە ئەمانەن: لە: (اللمعات: ٣/٦٧)، (الشعاعات: ٤/٤٢٥ و ٥١٥)، الملاحق: ٧/٢٤٠)، (سيرة ذاتية/ ١٨٧). لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بەڕێز (ئیحسان صالحی) شدا، لە چەند پەراوێزێکدا، ئاماژەی کردووە کە شۆڕشەکەی شێخ سەعید دژی سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەتاتورك بووە لەگەڵ ئیسلام، (كليات الرسائل: ٣/٦٧ و ٩/١٨٧).. ئەوەی ئێستە لە (الشعاعات) هەیە، هەر ئەوەیە کە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید لە (٤/٤٢٥)، بە ڕووداوێکی لاوەکیی (حادثة جزئية) و لە(٤/٥١٥)شدا بە (شۆڕش) ناوی دەبات، بەڵام لە (الملاحق، ٩/١٨٧)، دارودەستەی ئەتاتورك تۆمەتبار دەکاتو دەڵێت: "دووڕووەکان لە پێناوی ئاشووبو تۆقاندن کاردەکەنو بوونەتە هۆی دەیان ڕووداوی وەك (مەنمن)و ڕووداوی شێخ سەعید"◘

٨٢ عبد الملك فورات، کوڕەزای شێخ سەعیدی پیران، ساڵی (١٩٣٤ز) لە شاری (ئەرزڕوم) لەدایکبووە. پلەی دبلۆمی لە کۆمەڵناسیی تەواوکردووە. ساڵی (١٩٥٧ز) لەسەر لیستی (حزبی دیموکرات)، بووەتە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا. پاش کودەتای سەربازیی، ساڵی (١٩٦٠ز) دەسگیر کراو سزای لەسێدارەدانی بەسەردا درا، بەڵام دواتر سزاکەی سووك کرا بۆ زیندانیی. ساڵی (١٩٩١ز) چووە حزبی ڕێی ڕاست (DYP)، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵوێستی حزبی بەرامبەر بە کورد بە دڵ نەبوو، لە حزب هاتە دەروە. هەمان ساڵ، بۆ ◄

که له چەندین بۆنەدا دەری خستووە هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەو نامەیە. مەلیك فورات ـ که چەند جارێك له پەرلەمانی تورکیا بۆتە پەرلەمانتارو بۆ خۆم چەند جارێك له تورکیا بینیومە ـ ساڵی (١٩٨٩ز) بۆ گۆڤاری (گریشم)ی تورکیی ڕایگەیاند که: "نورسی نامەی وای بۆ شێخ سەعیدی باپیرم نەناردووە."[٨٣] لەو چاوپێکەوتنەدا ئەوەش دەڵێت: "ساڵی (١٩٥٤ز) له (ئیسپارتە) سەرم له بەدیعوززەمان دا... نەخۆش بوو... جامەدانەکەی سەری دەسماڵێکی لوولکراوی پێوە بوو... دەستیم ماچ کرد... هەندێك شتی پێویستمان باس کرد. (پاشان مامۆستا نورسی) وتی: من تۆڵەی برای پایەبەرزو موکەڕڕەم، شێخ سەعید دەکەمەوە."[٨٤]

لەمەش گرنگتر ئەوەیە که: "ژمارەیەك له نووسەران باسی ئەوەیان کردووە که سەعیدی کوردیی کاتی ڕاپەڕینەکەی (١٩٢٥ز) (شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران) له چیای (ئەراك) بووە له ناوچەی (وان)و بە کردەوە بەشداریی له ڕاپەڕینەکەدا کردووەو پشتیوانیی لیّ کردووە."[٨٥]

---

▶ خولێکی تر بوو بە ئەندامی پەرلەمان. ساڵی (٢٠٠١ز) حزبی (مافو ئازادییەکان)ی پێکهێنا. دواتر بووە سەرۆکی فەخریی حزبی (ئازادیی‌و ڕاستیی). ناوبراو له (٢٠٠٩/٩/٢٩ز) له ئەنقەرە کۆچی دوایی کرد. (بڕوانە: وێنەی ژمارە (١٦) بۆ بینینی وێنەی ناوبراو).◙

٨٣ گۆڤاری (گریشم)، ژمارە: (٤٧)، ئابی (١٩٨٩ز)، ڕاپەڕینی شێخ سەعید، حوسەین ئوقچو، لا: (٧)، له لاپەڕە (٥٥)ی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، وەرگیراوە.◙

٨٤ هەمان سەرچاوە، لا: ٢٢.

٨٥ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵاش، لا: ٥٧.

بەڵێ، هەر ئەوە لە کەسایەتییەکی وەك سەعید نورسی دەوەشێتەوە، نورسییەك کە سیاسەتمەداری ناودار موسا عەنتەر[86] لە بیرەوەرییەکانیدا بە (موجاهیدێکی کورد)و (گەورەترین دەستبژاردەی کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا) ناوزەدی دەکاتو دەربارەی دەڵێت: "لە سەرەتای سەدەکەمانەوە تا ساڵی (١٩٦٠ز) (ساڵی وەفاتی)، ژیانی بە تێکۆشان دژی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی عوسمانییو کۆماری تورکیا بەسەر برد."[87]

بەهەرحاڵ، ئێستەش ئەوە دووپات دەکەمەوە دەربارەی ئەو نامەیەی کە باسدەکرێت، گوایە مامۆستا سەعید نورسی بۆ شێخ سەعیدی نوسیوە: تا دەقی ئەو نامەیە بڵاو نەکرێتەوە، جێی ئەوە نیە بە ڕاست بزانرێت، چونکە ـ وەك (ئیسماعیل گوێڵداش) دەڵێت: "نابێت ڕۆڵی هەستیارییەکانی (نورسی) سەبارەت بە شوناسی کوردیی لەبەرچاو نەگرین."[88]

لێرەدا پێویستە ئەم زانیارییەش بدەم بە خوێنەرانی بەڕێز، کە کەسانی شارەزا بە ناوەندە دیکۆمێنتیو ئەرشیفییەکانی تورکیا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەزاران بەڵگەنامە لە تورکیادا بە پارێزراویی ماونەتەوە، کە پەیوەندییان بە ساڵانی دەیەکانی سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە

---

٨٦ موسا عەنتەر: ڕوناکبیرو ڕۆژنامەنووسو سیاسەتمەداری باکوری کوردستان. لە (١٩١٨ز) لە شاری ماردینی باکور لەدایك بووە. ساڵی (١٩٩٢ز) لە شاری ئامەد تیرۆر کرا، لە زۆربەی ڕێکخراوە کوردییەکاندا چالاك بووە. خاوەنی چەندین نووسینو بەرهەمی زانستییە. لەوانە: ئەلفبای کوردیو فەرهەنگێکی کوردیی - تورکییو بیرەوەرییەکانی لە دوو بەرگدا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی، بڕوانە (المستدرك على تتمة الأعلام)، بيروت، دار ابن حزم.◙

٨٧ بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر، لا: ٧٦، (لە سەرچاوەی پێشوو لا: ٦١) .

٨٨ هەمان سەرچاوە، لا: ٦١.

هەیە. بە پێی ئەو بەڵگەنامانەش ـ کە کەم تا زۆرێك بڵاو دەبنەوە ـ دەردەکەوێت کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی (ئیتتیحادو تەرەققی)و دەسەڵاتی کەمالیستە ڕەگەزپەرستەکانەوە، هەوڵ دراوە ئەو دیکۆمێنتو بەڵگەنامانە بشارنەوە کە لە بەرژەوەندیی بیرکردنەوە دەمارگیرییەکەی ئەواندا نین. لەوەش زیاتر ـ بە پێچەوانەوە- دەیان نوسراو بڵاوکراونەتەوە کە هەندێك بەڵگەنامەی مێژوویی دەسکارییکراونو شێوێنراون.

بە داخەوە زۆرێك لە ناوەندەکانی چاپو بڵاوکردنەوە ـ لە ڕاستەوە بۆ چەپ، بێئاگایانە، یان بە مەبەست، کەوتوونەتە هەڵەی وردنەبوونەوە لەم خاڵەو بەدوادانەچوون بۆ زۆرێك لەو پرسو بابەتە مێژووییانەی کە پرسیار هەڵدەگرنو بەدواداچوونیان پێویستە، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە نەتەوەکانی تری غەیری تورکو ناوچەکانی کوردستانو ڕووداوە گرنگەکانی وەك ڕێکخراوو جووڵانەوە کوردییەکانو شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیرانو شۆڕشی ئاراراتو ئاگری داخو دەرسیم و..هتد، هەیە.

**دەستگیرکردنی نورسیو دوورخستنەوەی بۆ (بارلا):**

سیخوڕانی دەسەڵات ئاگایان لەو جموجووڵە بوو، بە بیانووش بوون لە نورسی، بۆیە لە زستانێکی سەختو ساردی بەفراویی ساڵی (١٩٢٥ز)دا جەندرمە تورکەکان سەرکەوتنە سەر چیای (ئەراك)و ئەو کەنارەگیرییەشیان پێ ڕیجوا نەبینیو دەسگیریان کردو لەگەڵ سەدان هاولاتی تری کورد ـ کە بە تۆمەتی بەشداریيو لایەنگریی لە شۆڕشی شێخی پیران گیرابوون ـ دووریان خستنەوە بۆ شاری (بوردور). دەبوایە تەواوی دوورخراوەکان هەموو ئێوارەیەك لە پۆلیسخانەی ئەو شارە وارۆی ئامادەبوونیان بکەن. لەو شارەدا حەوت مانگ مایەوەو لەوێوە گوێزرایەوە بۆ شاری (ئەسبارتە)، بیست ڕۆژ لەوێش هێشتیانەوەو پاشان لە (١٩٢٧/٣/٣١ز) گواستیانەوە بۆ گوندی

(بارلا)، [89] كە شارۆچكەیەكی بچوكی سەر بە شاری (ئیسبارتە)یە، ئەو گوندەی بووە زێدی لەدایكبوونی بەهاری پەیامەكانی نور.

دەسەڵاتدارانی ئەو كاتەی كەمالیزم وایانزانی خۆری نورسی بەو ئاوارەكردنەی بەرەو (خۆرئاوای توركیا) ئاوا دەبێت، هەرگیز بیریان لەوە نەكردبووەوە كە ئەو گوندە كەنارو چەپەكەی (بارلا)ی خۆرئاوا، خۆی دەبێتە ملەی هەڵهاتنی خۆری زنجیرەیەك پەیامی نور، كە نەك تەنها ئەو ناوچە دوورەی توركیا، بگرە هەموو توركیاو زۆرێك لە جیهانی عەرەبیی‌و ئیسلامیش دەگرێتەوە.

نورسی هەشت ساڵ‌و نیو ـ واتە تاكو ساڵی (١٩٣٤ز) ـ لەو گوندەدا دیل بوو، دەسەڵاتی توركیا مامەڵەیەكی زۆر نامرۆڤانەیان لەگەڵ دەكرد، لە كەناری مزگەوتی گوندەكەدا بوو، بەڵام قەدەغە بوو نوێژ بەرێتە مزگەوت. لەوەش ستەمكارانە تر دەسەڵات داوای كردبوو لە دانیشتووانی گوندەكە كە نابێت كەس سڵاوو مەرحەبای بكات، ئەگەر نا لێپێچانەوەی لەگەڵ ئەكرێت.

بەڵام بە تێپەڕینی كات ئەم بڕیارە ناهەقە سەری نەگرت، چونكە نورسی بووە دۆستی ژینگەكەو دەیان قوتابیی بە شەوداو دوور لە چاوی چاودێران، بوونە هۆگری، تەنانەت ژمارەیەك لە چاودێرو سیخوڕەكانیش كەمەندكێشی بوون. پاش ماوەیەك هەندێك لە دۆستانی لەسەر درەختێكی بەردەمی ماڵەكەی، بە دارو تەختە، جێیەكی تایبەتیان بۆ دروست كرد، مامۆستا لە قاتی دووەمی خانووەكەیەوە دەچووە ئەو شوێنە بۆ پەرستش‌و بیركردنەوەو نووسین.

---

٨٩ بەندە بە هاوڕێیەتی (١١) برای بەڕێز، ساڵی (٢٠٠٦ز) سەردانێكی ئەو گوندەمان كرد. لە بڕگەیەكی تایبەتی بەشی داهاتووی ئەم كتێبەدا، دەتوانی بابەتێك لەو بارەیەوە بخوێنیتەوە، هەروەها لە پاشكۆكەشدا دەتوانی هەندێك وێنە ببینیت. ◘

بەهارو هاوینانیش دەچووە سەر لوتکەی کێوی (چام) بۆ هەمان مەبەست، چونکە سروشتی نورسی وابوو کە حەزی لە بەرزییو بڵندیی بوو.

قوتابییەکانیشی دەستیان کرد بە نووسینەوەی دەیان هەزار نوسخە لە نامیلکەکانی نورو بڵاوکردنەوەیان بە شێوەیەکی نهێنیی بە تەواوی تورکیادا، چونکە لەو کاتەدا جگە لە یاساغیی نامیلکەکان، ئامێری چاپیش نەگەیشتبووە ئەو جۆرە شوێنانە. ئەمە لە کاتێکدا کە نەیارانی وایان دانابوو کە بەو دوورخستنەوەیە، خۆیو بیرو بۆچوونەکانی لەناوبەرن.

## سەردانمان بۆ گوندی (بارلا)، نشینگەی خەڵوەتی مامۆستا:

بێ پەیوەندیی نیە بەشێك لە گەشتێکی ساڵی (٢٠٠٦ز)ی خۆمان لێرەدا باس بکەم، کە بەشێکە لە سەردانێکمان بۆ ئەو گوندەی (بارلا)، تاکو خەیاڵی خوێنەر بەرمەوە بۆ بەشێك لەو کەشوهەوایەو بینینی لایەنێك لە وێنەکانی ئەو کاتە:[٩٠]

ڕۆژی یەك شەممە (٢٠٠٦/٦/٤ز) لە شاری (ئیسبارتە)وە بەرەو گوندی (بارلا) ـ لە (٤٠) کیلۆمەتری ئیسبارتە ـ کەوتینە ڕێ، ئەو گوندەی دەکەوێتە بەرزاییەکانی زنجیرە شاخی (توروس) لە خوارووی خۆرئاوای تورکیا. جوانییو ڕازاوەیی ناوچەکەو غەریبایەتییو بێنازیی نورسی لە خەیاڵماندا ئامێتە بوون. تاوێك مەلی یادەکان دەفڕینە سەر چڵە بەرزەکانی عیززەتو جیهادو خزمەتو دەعوەت، تاوێك لەسەر زەوی ستەمو ناهەقییو نادادیی دەنیشتمەوە. تاوێك لە خۆشیی خوا لەخۆڕازیکردنو نەنیشتن بە جیفەی دونیاوە، دەیانچریکاند، تاوێك لە ئەسەفی غوربەتو بێکەسییو تاقانەیی

---

٩٠ ئەم باسەی (بارلا)و ماڵی نورسیو کێوی (چام)، بەشێکە لە کتێبی (گەشتێکی نورانی) نووسەر (عمر عبد العزیز)و ناوەڕۆکەکەی لە فەزای گوندی (بارلا)و دەوروبەری نووسراوە، بۆیە بە شێوەیەکی ئەدەبیی ـ دوور لە شێوازی شیکاریی ـ داڕێژراوە◙

نورسیدا، دەیاننالاندو گەوهەری ئەسرینیان هەڵدەوەراند. ئاخر ئازیزانم! نورسیو غوربەتەکەی لەم گوندەدا داستانی ئێشناكو ئەسەفباریان هەیە ! ؟

سەرەتا چووینە قوتابخانەی نور، پاش پشوویەکی کەم نوێژی نیوەڕۆو عەسرمان لەو مزگەوتە کرد، کە ماڵە خنجیلانەکەی نورسی، دیوار بە دیوارە لەگەڵی، بەڵام جەندرمەکانی ئەو سەردەمەی تورکیا، لێیان قەدەغە کردبوو کە بۆ نوێژکردنیش بچێتە ئەو مزگەوتەی چرپەی نوێژخوێنانی دەگەیشتێ.

ئێستە زانیتان بۆ دەڵێم: مەلی خەیاڵ گەوهەری فرمێسکی دەڕشت بۆ غوربەتو بێکەسییو بێنازییو تاقانەیی؟

بەڵێ، زیاد لەوەش، سوپا هەڕەشەی کردبوو لە خەڵکی ئەو گوندە کە قەدەغەیە لەگەڵ نورسی قسە بکرێت، نورسی وەك تاوانکارێکی دوورخراوە بە خەڵکی ئەو گوندە ناسێنرابوو، زۆرجار دەچووە دەرەوە، ڕوو بە کێوی (چام) لەمسەرو لەوسەری چوونو گەڕانەوەدا، سەری دادەخستو بۆ کەس نەبوو سڵاویشی لێ بکات.

بەهەرحاڵ، چووینە ئەو ماڵە خاکییو ساکارەو سڵاوێکمان نارد بۆ گیانی ئەو شێرەی لەو کوخەوە کاخی تاغوتەکانی لەرزاندو بۆ ساتێکیش [٩١] خۆی وچانی نەدا. ئەو ماڵە ئەوەیە کە زۆربەی پەیامەکانی تێدا نووسیوە، ئەو پەیامانەی وتمان لە (بارلا) نوسراون. هەر لە تەنیشت ماڵەکەیدا لە کەنار ئەو درەختەدا وێنەمان گرت، کە نورسی پەیژەیەکی پێوە بەستبوو، جار جار دەچووە سەریو لە نێوان لقەکانیدا جێگەیەکی

٩١ لە بەشی وێنەو بەڵگەنامەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە (١٧)، دیمەنێکی گوندی (بارلا).

چاككردبوو، بۆ تێڕامان‌و بیركردنه‌وه‌و (ذكر) و (فكر)، بۆ نووسین‌و خزمه‌ت، نه‌ك بۆ كاتكوشتن‌و كه‌یف‌و صه‌فا. ئاخر ئه‌و وا فێر بوو بوو كه سه‌ربه‌رزانه بژی، تا بۆی بكرایه له به‌رزاییدا ده‌ژیا، سه‌رچیاكان، (چیای ئه‌راك، چیای چه‌م، چیای باشیت، لوتكه‌كانی توروس، چیاكانی ئیسبارته) سه‌ر دره‌خته‌كان، سه‌ربانی ماڵه‌كان، حه‌زی له سه‌ربه‌رزیی بوو، بۆیه حه‌زی له به‌رزیی بوو. ته‌نانه‌ت به قوتابییه لاوه‌كانی ده‌وت: "ئه‌گه‌ر هێزی لاوییه‌تی ئێوه‌م تیادا ئه‌ما، له‌سه‌ر ئه‌م كێوانه نه‌ئه‌هاتمه خواره‌وه."[٩٢]

هه‌ر له‌و گونده‌دا چووینه نێو بازاڕێكی ساده، له كه‌نار ماڵه‌كه‌ی نورسیدا، چه‌ند وێنه‌یه‌ك‌و نامیلكه‌یه‌كی ژیاننامه‌ی مامۆستا سه‌عید نورسیم كڕی، كه (عبدالرحمن)ی برازای نووسیویه‌تی. پاشان چووینه ئه‌و باخچه‌یه‌ی كه‌نار گوندی (بارلا)، كه نورسی وته‌ی (٢٨)ی تێدا نووسیوه، كه په‌یامێكی تایبه‌ته به باسی به‌هه‌شت، له‌سه‌ر هه‌مان به‌ردو له ژێر هه‌مان دره‌ختدا، به‌نده به یادی ئه‌و ساته پڕ له ئیمانییه‌ی نورسییه‌وه، هه‌مان په‌یامی (٢٨)م بۆ برایانی هاوسه‌فه‌رم خوێنده‌وه. ساتێكی ئیمانیی‌و به‌پێز بوو، له باخچه‌یه‌كی وێنه به‌هه‌شتیدا، له یادگاری نورسیدا، له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ك له برایانی ئیمانیدا، له میوانی چه‌ند قوتابییه‌كی نورسیدا، به ده‌سته‌جه‌میی، په‌یامی باسی به‌هه‌شت بخوێنیته‌وه، به ڕاستی تام‌و چێژی خۆی به‌خشی.

خوێنه‌ری ئازیز! ماوه‌ته‌وه ئه‌وه‌ش بزانی كه هۆی دوورخستنه‌وه‌ی نورسی بۆ ئه‌م گونده، په‌یوه‌ندیی ڕاسته‌وخۆی به شۆڕشی شێخ سه‌عیدی پیرانه‌وه هه‌بوو. كاتێك كه شێخ سه‌عیدو یارانی شۆڕشگێڕی له

---

٩٢ ذكريات عن سعيد النورسي، أسيد إحسان، لا: ٩٠.

باكوری كوردستان دەستگیركران، مامۆستا نورسیش بە تۆمەتی هاوكاریی هەمان شۆڕشو وەك سەركردەیەكی كوردی ناسراو، دەسگیركراو بۆ ئەم گوندە دوور خرایەوە، كە دەكەوێتە بەرزاییەكانی زنجیرە شاخی (توروس) لە خۆرئاوای توركیا، لە بناری دەریاچەی ئاگرین.

**سەردانی دیوەخانی مردووان:**

ڕۆژی (٥/٦/٢٠٠٦ز) سەردانی گۆڕستانی (بارلا)مان كرد، چونكە ئەویش داستانی هەیە، ئەو گۆڕستانە بووبوە (دیوەخانی نورسی)، ئەی نەمانگوت: نورسی لێی قەدەغە كرابوو كە لەگەڵ زیندوەكاندا هەڵسوكەوت بكات؟ دیارە ڕێی پێ درابوو كۆڕی خۆی لەگەڵ مردوواندا گەرم بكات! بەڵێ، زۆرجار دەچووە ئەوێ، بیری لە جیهانی مردووانو زیندووان دەكردەوە، خامۆشیی گۆڕستان ڕشتەی (خاطرات)ی بۆ دەهۆنییەوە، شنەی گەڵای دارو بەڕووەكان، دارستانو باخو باخاتەكانی شاری وانو بتلیسو شوێنەكانی تری كوردستانیان بیردەخستەوە، هەموو پێكەوە ـ دونیا خامۆش، جگە لە خشەی گەڵا ـ چامەیەكیان لە ستەمو دڵڕەقیی ملهوڕان بۆ دەهۆنینەوە.

لەو گۆڕستانەدا بیری قوتابییە دڵسۆزەكەی نورسی (بەیرام)مان كەوتەوە، هەروەها ئەو پیاوەی كە هەشت ساڵ بە دزیو ئاشكرا خزمەتی نورسی كرد، ناسراو بە (سولەیمان كاروانچی)، لە كەنار گۆڕەكەیدا وێنەمان گرت، سڵاومان لەوو لە پیاو صاڵحەكانی هاوشانی كرد، داوامان كرد لە خوا لەوانو لە ئێمەش خۆش بێو لە پاداشتیان بێبەشمان نەكاتو پاش ئەوان تووشی فیتنەمان نەكات.

**سەردانی قوتابخانەی نور لە گوندی (بارلا):**

پاشان لە هەمان گوندی (بارلا) چووینە قوتابخانەیەکی پێنج قات، کە چوار قاتی بۆ چوار قۆناغی قوتابییانی قورئانخوێن تەرخان کرابوو، قاتی پێنجەمیش بۆ دیدارو کۆبوونەوە لەگەڵ دایكو باوكو کەسوکاری قوتابییان. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پێی وتین: ئێستە (١٢٠) قوتابیمان هەیە، لە سەرەتاوە (ئەلفبێ)یان بە داتاشوو فێر ئەکەین، پاشان هەندێك سورەتی کورتی قورئانی پیرۆز، پاشان فێری خوێندنەوەی تەواوی قورئان دەبن، دوای ئەوە ئەوانەی بەتوانانو حەزیان لێیە، دەمێننەوە بۆ قورئان لەبەرکردن، ئەوانی تر کە بە تەواویی فێری خوێندنەوەی قورئان بوون، دەڕۆنو وەجبەیەکی تر دێن. وتیشی: ساڵی ڕابردوو ـ واتە ساڵی (٢٠٠٥ز)ـ صەد قوتابی قورئانیان بە تەواویی لەبەر کردووە. شایانی باسە لە گوندی (بارلا) قوتابخانەیەك بە هەمان شێوە هەیە کە تایبەتە بە کچانەوە.

**سەردانی کێوی سەرسەختی (چام):**

هەر لە ئاقاری بەسەرکردنەوەی شوێنەوارەکانی نورسیدا، کەوتینە ڕێ بەرەو کێوە بەرزەکەی (چام)، بۆ بینینی لوتکەی ئەو کێوە کە نورسی مەکتوبی (٣) و (٤)ی تێدا نووسیو زۆرجار ڕووی تێدەکرد. ئەو شاخە (٢٧٩٩) مەتر لە ڕووی دەریاوە بەرزەو مرۆڤی بە هەڵمەت بە چوار سەعات دەگاتە بەرزاییەکانی، بەڵام خوا ویستی وا بوو بە هەڵمەتی ئوتۆمبێلیشەوە ئێمە نەگەینە جێ! بە ویستی خوا ئوتومبێلەکەمان سەر نەدەکەوت، زۆر هەوڵمان دا، بێ سوود بوو، بە ڕازی بوون بە حیکمەتێکی خوا ـ کە بە تەواویی نەمانزانی چییە ـ گەڕاینەوە بۆ بارلا. بەڵام ئێستە کە ئەم یادەوەرییانە دەنووسم پێم وایە بۆ ئەوە بوو کە گەورەیی

نورسیمان بۆ دەربکەوێت، کە ئەو بە پیادە بە ناو تاشو بەردا دەیتوانی بڕواو ئێمە بە ئۆتومبێلو جادەی قیریشدا نەمانتوانی!

ماوەتەوە خوێنەری بەڕێز ئەوە بزانێت کە گوندی (بارلا) کۆگای یادگارییە زۆرو زیندوەکانی نورسییە، ئەو گوندەیە کە تیشکی پەیامەکانی نور تیایدا سەری هەڵدا. ئەو گوندەیە کە بە ڕەسمیی قوتابییانی نورسی لەخۆگرت. ئەو گوندەیە کە دووجار نورسی تیایدا نیشتەجێ بوو، لە ساڵی (١٩٢٦ز) پاش ئەوەی ماوەی ساڵێك زیاتر لە (بوردور) و (ئیسبارتە) مایەوە، دواتریش لە پاش ساڵی (١٩٥٣ز) کە دوای دادگا ناهەقەکان جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ئەو گوندەی هەردەم لە یادی نەدەکرد، سەرەڕای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر بەجێهێشتنیدا.

مامۆستا نورسی بۆ خۆی باسی ئەم کێوە بەرزەی (چام) دەکاتو دەڵێت: "لە کاتی دوورخستنەوەم، لە لوتکەی ئەو کێوەی بارلا، چاوم بە درەختەکانی سنەوبەرو قەترانو عەرعەردا دەگێڕا، کە هەموو دەورو بەرەکەیان داپۆشیبوو، لە سامی گەورەییو جوانییو شێوەیان ورد دەبوومەوە، لە ناکاو شەماڵێکی ناسك هەڵیکردو ئەو دۆخە بە سامو نایابەی گۆڕی بە کۆڕێکی سەرنجڕاکێشی تەسبیحاتو زیکرکردنو شەوقو تەهلیل. لەبەر ئەوە ئەو دیمەنە زۆر قەشەنگە دڵخۆشکەرە، پەندو عیبرەتی لێ دەچۆڕاو حیکمەتی بە گوێدا دەچرپاند".

جارێکی تر مامۆستا نورسی دەڵێت: ".. لەسەر لوتکەی کێوی (چام) لە کاتی خامۆشیی شەوێکدا، لە ڕوخساری ئاسمان ورد دەبوومەوە، یەکسەر ئەم ڕستانە هاتن بە خەیاڵمدا، بە بێ ڕێساکانی ڕێکخستنی پەخشانو شیعر، چونکە ئەو شتانە نازانم.. ئەمانەم نووسی:

ئەستێرەكان بە گوفتاری شیرینو بەچێژیان بە زمانی حاڵ وتیان: ئێمە بەڵگەی ڕوونین لەسەر سامو شكۆی خوای كردگار. ئێمە شایەتی ڕاستگۆین لەسەر بوونی جوانكاری گەورەو تاكو تەنیاییو دەسەڵاتی. ئێمەش وەك فریشتەكان لەو موعجیزانە ورد دەبینەوە كە ڕووی زەوییان لە زێوەر داوە. ئێمە بە هەزاران چاوی بینەرین، كە لە ئاسمانەوە لە زەوی ورد دەبینەوەو بەرەو بەهەشت دەشنێین. ئێمە هەزاران بەری درەختی هەستیین، دەستی حیكمەتی كردگاری بە توانا، لە ناخی ئاسمانداو بە لقو پۆپی كۆمەڵەی ڕێی كاكێشاندا، هەڵیواسیوین. ئێمە بۆ دانیشتوانی ئاسمانان مزگەوتی گەڕۆكین، نشینگەی سووڕاوین، هێلانەی بەرزو بڵندین، فڕۆكەین.."

بەم جۆرە جریوەی ئەستێرەی شەوانی سەر ئەو كێوەی (چام)، چاوگی پەخشانێكی نورسی دێنێتە جۆشو لەم بابەتە چەند دێڕێكی تر لە (مەكتوبی چوارەم) دەنووسێت، كە وا چاكترە خوێنەر خۆی بگەڕێتەوە بۆ دەقەكەی لە بەرگی (المكتوبات)دایە.

ئێمەش مەلی یادو خەیاڵمان لەگەڵ پۆلی یادەكانی نورسیدا، ئاسمانی سامالّی (بارلا)یان پۆشی بوو، ئاخر من دەمزانی (بارلا) لە مێژووی نورسیدا یانی چی؟ ماڵە خنجیلانەكەیم لە وێنەدا بینی بوو، درەختی بەردەم ماڵەكەیم دی بوو كە (مصطفی چاویش)ی قوتابی لە نێو پەلەكانیدا جێیەكی بۆ چاككردبوو، وەك وتمان بۆ (ذكر) و (فیكر) و (پەرستش) و (نووسین). بیستبووم كە زیاتر لە هەشت ساڵ لەو گوندەدا تالأوی غوربەتی تێكەڵ كرد بە شەكراوی بیركردنەوەو پەرستش. چۆن مەلی خەیاڵمان لە ئاست ئەو درەختەدا نەگرسێتەوەو لە تەنیشتیدا وێنە

نەگرین، ٩٣ كە نورسی ـ پاش گەڕانەوەی ـ باوەشی پێدا كردو دەستی كردە ناڵەو گریان؟ ئاخر ئەو درەختە لە خوای نزیك كردەوە، لەسەر ئەو درەختە میحرابی عیبادەتی دروست كردبوو، مەگەر پێشتر نەمانوت لە سەرەتاوە ڕێیان لێگرتبوو كە بچێتە ئەو مزگەوتەی دیواری جووت بوو لەگەڵ ماڵەكەیداو چەند مەترێك لەو درەختەوە دوور بوو..؟

خوێنەرانی بەڕێز! هەرگیز گومان نەبەن نورسی زیاد لە حەد عاطفیو هەست ناسك بووبێت، نورسی دەریایەك بوو لە عەقڵو ژیریی، بەڵام یادو خاتیرەكانی هەژێنەر بوون. ئەی ئەوە نیە ئێمەی بانگخوازی هەمان قوتابخانەش، پاش (٦٨) ساڵ عاتیفەمان زاڵ دەبێو دەوەستینو وێنە لە كەنار ئەو ماڵو درەختەدا دەگرین. ئاخر ئەو ڕووداوانەو ئەو هەڵوێستانەن كە دەبنە بەشێك لە مێژووی كەسەكانو لایەنێك لە سیناریۆی زیندووی ڕووداوەكان، ئەی بۆ قورئان باس لە درەختەكەی ئادەمو حەواو كەشتییەكەی نوحو كێوەكەی جودیو ئاگرەكەی ئیبراهیمو بەرانەكەی ئیسماعیلو حوشترەكەی صالحو نەهەنگەكەی یونسو كراسەكەی یوسف و (غار) و (شار) و (شاخ)ی (ثَوْر) و (مەككە)و (أُحد)ەكەی پێغەمبەرمان (علیه وعلیهم الصلاة والسلام)و (ساڵی فیل)و (مەلی ئەبابیل)و.. هتد، دەكات؟ بەڵێ هەڵوێستەكان تۆماری مێژوو دەنووسنەوە، هەر هەڵوێستەكانیشن سەكۆو زەمینەو كەسو زەمانەكان پێكڕا سازی دەكەن.

بۆیە ئێمەش وەك نورسی چووینەوە ماڵە خنجیلانەكەی (بارلا)، كە لە تەنیشت ئەو درەختەدایە، هەندێك تێڕامانو چەند وێنەیەكمان گرت، ئەو

---

٩٣ بڕوانە: وێنەی (١٨)، نووسەر لەبەردەم ماڵی نورسیو درەختی ناوبراودا.

ماڵەی کە پاش گەڕانەوەی بیست ساڵەی نورسی، داوای کرد تاوێك بە تەنها بەجێی بێڵن، ئەویش چووە سەرەوەو شریتی تۆماری یادەکانی خستە سەرو بەجۆشو خرۆش دەستی کردە گریانو دەنگی فغانی نورسی دەگەیشتە دەرەوەی ژوورەکەو ئەوانیشی خستە ناڕەحەتی.

لە باسەکەی خۆمان دەرنەچین، شەوو ڕۆژێکی بەپیتو بەرەکەتمان لە گوندە مێژوییەدا بردە سەر، قسەو باسی زۆرمان لەگەڵ هەندێ لە قوتابیانی نور کرد، چاوو دڵو هەستمان تێر کرد بە بینینو یادهێناوەی ڕۆژە لەبیر نەکراوەکانی نورسی.

ڕۆژی دوایی بەرەو فڕۆکەخانەی شاری (ئەنتالیا) کەوتینە ڕێ، لەو فڕۆکەخانەیە کۆتایی بەم گەشتەمان هات بۆ ناوچەی (ئیسبارتە)و (بارلا)، مەنزڵگەی سەرهەڵدانی نوری هەندێ لە پەیامەکانی نور، ئەو شارو گوندەی کە سەعید نورسی (٣٠) ساڵی تەمەنی بە غەریبیی تێدا بردە سەر. برایان کاکە مەسعودو کاکە یەشار خواحافیزییان لێ کردین، لە خۆشییو سۆزو میهرەبانیدا، نەماندەزانی بە چ زمانێك هەستی خۆمان دەربڕینو ماڵئاواییان لێ بکەین.

**دوورخستنەوەی نورسی بۆ شاری ئیسبارتە:**

نەرمە چالاکییەکانی نورسیو دۆستو قوتابییەکانی لەو گوندەداو دابەشکردنی پەیامەکانی بە ناوچەکانی تەواوی تورکیادا، تەنگی بە دەسەڵات هەڵچنی بوو. ساڵی (١٩٣١ز) دەسەڵاتی تورکیا بانگدانی بە زمانی عەرەبی لە سەرتاسەری تورکیادا قەدەغە کردو بڕیار درا بانگ بە زمانی تورکی بدرێت، نورسیو قوتابییەکانی پابەند نەبوون بەو بڕیارەوە، لەبەر ئەوە نورسیو ژمارەیەك لە هاوکارە نزیکەکانی لە (بارلا)ش دەرکرانو ساڵی

(١٩٣٥ز) به فه‌رماتی سه‌رۆك كۆمار دوور خرانه‌وه بۆ شاری (ئیسبارته).[٩٤]
له‌و شاره‌شدا به‌رده‌وام بوو له‌سه‌ر نووسینی په‌یامه‌كانی نور، بۆیه خۆیو ژماره‌یه‌ك له قوتابییاتی ده‌ستگیر كرانو خرانه زیندانی شاری (ئه‌سكی شه‌هر). نورسی له‌به‌ر نووسینی نامیلكه‌ی (الحجاب) كه تایبه‌تی كردبوو به باسی بالاپۆشیی ئافره‌تانه‌وه، به تۆمه‌تی دژایه‌تی یاسای تایبه‌ت به جلوبه‌رگ، حوكمی (١١) مانگ زیندانیی بۆ ده‌رچوو. هاوه‌ڵه‌كانیشی تۆمه‌تبار كران به چه‌ندین تاوان، وه‌ك: پێكهێنانی كۆمه‌ڵه‌یه‌كی نهێنی، هه‌وڵی ڕووخاندنی پایه‌كانی شۆڕشی ئه‌تاتورك، پێكهێنانی ته‌ریقه‌تێكی صۆفی، (ته‌ریقه‌ته‌كانیش له‌و كاته‌دا یاساغ بوون).[٩٥]

**دوورخرانه‌وه بۆ شاری (قه‌سته‌مۆنی):**

دوای ته‌واوبوونی ماوه‌ی ئه‌و حوكمه‌ی له زیندانی ئه‌سكی شه‌هر، ڕاسته‌وخۆ دوور خرایه‌وه بۆ شاری (قه‌سته‌مونی)، له‌وێیش درێژه‌ی دا به چالاكییه‌كانیو ژماره‌یه‌كی تر له په‌یامه‌كانی نوری ته‌واو كرد. له‌و شاره‌شدا شه‌ش حه‌وت ساڵی تری ته‌مه‌نی له غه‌ریبیو دووره وڵاتیی بڕی، به‌ڵام سوپاسگوزارانه ژیانی به‌سه‌ر برد، چالاكییه‌كانی له نووسینو ئامۆژگاریی خه‌ڵكیو په‌روه‌رده‌ی دۆستو قوتابییانی به‌رده‌وام بوو. بۆیه ده‌سه‌ڵاتی گه‌نده‌ڵی ئه‌و كاته‌ی توركیا جۆره‌ها پیلانی دژی كێشا. له مانگی ئابی ساڵی (١٩٤٣ز)دا زه‌هریان كرده خواردنیه‌وه‌و نه‌خۆش كه‌وت، به‌ڵام خوا ڕزگاری كرد، كه زانییان زه‌هر نه‌یكوشتووه، چوونه سه‌ر ماڵه شرۆڵه‌كه‌یو دایان به یه‌كداو هه‌ندێ نووسراوو نامیلكه‌یان دۆزییه‌وه. پاش دوو حه‌فته دووباره چوونه‌وه سه‌ر

٩٤ له به‌شی پاشكۆكاندا بروانه وێنه‌ی ژماره (٣٨) بۆ بینینی ده‌قی ئه‌و بڕیاره‌ی سه‌رۆكی كۆمار.

[٩٥] سيرة ذاتية، النورسي، لا: ٢٥١.

ماڵەکەی، ئەمجارە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی یاساغو دامەزراندنی تەریقەتێکی سۆفییانەو کودەتا بەسەر ڕژێمە ئەتاتورکدا لە (١٩٤٣/٩/١٨ز) خۆیو (١٢٦)کەس لە قوتابیو دۆستانی، دەسگیر کرانو نێردران بۆ ئەنقەرەی پایتەختو ماوەیەك لەوێ دەستبەسەر بوون.

**دادگاو زیندانی (دینزلی)و بڕیاری بێ تاوانیی:**

مامۆستا نورسیو قوتابییەکانی لە ئەنقەرەوە نێرران بۆ دادگای دینزڵی، لەو ماوەی ڕاگیرکردنەیدا دەسەڵاتی تورکیا لێژنەیەکی تایبەتی دیاریی کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی پەیامەکانی نور، لێژنەکە لە تەواوی پەیامەکانی کۆڵیییەوەو بڕیارەکەی بەم جۆرە بوو: "بدیع الزمان هیچ چالاکییەکی سیاسی نیە، هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە ویستبێتی تەریقەتێکی سۆفی یان ڕێکخراوەیەك دابمەزرێنێت. بابەتی ناو کتێبەکانیشی هەموو شتی زانستییو ئیمانیینو تەفسیری قورئانن".[٩٦]

سەرەڕای ئەم بێ تاوانبوونەی نورسی لە لایەن ئەو لێژنەیەوە، نۆ مانگ لە زیندانی دینزڵی هێشتیانەوەو چەندین جار هێنایانە بەردەم دادگا، بەڵام زۆر بوێرانەو بە بەڵگەی بەهێزەوە داکۆکیی لەخۆی کرد، بۆیە لە (١٩٤٣/٦/١٦ز) حوکمی بێ تاوانیی دەرچوو، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی ئازادی نەکردو بڕیاریان دا دوور بخرێتەوە بۆ قەزای (ئەمیرداغ)ی سەر بە پارێزگای (ئەفیون).

**ڕۆژانی ئەمیرداغو زەهرخواردکردنی:**

لەگەڵ گەیشتنی بەو شارە، بەرپرسانی دەسەڵات ئاگاداریان کردەوە کە نابێت هاتو چۆی مزگەوت بکاتو ئامادەی نوێژی جەماعەت بێت، هەروەها نابێت کەس ببینێتو کەس بچێتە لای. پاش ماوەیەکی کەم لە ڕێی یەکێك لە دەسندەو

[٩٦] اللمعات، النورسي، ص: ٤٠٥.

سیخوڕەکانیانەوە زەهریان کردە ناو خۆراکی، نەخۆش کەوتو ماوەیەکی زۆر بە بێ کەس لە ناوجێدا کەوتو باری تەندروستیی زۆر تێکچوو، ئەم هەوڵی زەهرخواردانە سێ جار لە زیندانی ئەفیویش دووبارە بووەوە.

مامۆستا نورسی سێ ساڵی پڕ لە تاڵاوی لە ئەمیرداغ بردە سەر. بەو بێ نازییەش وازیان لێ نەهێناو بۆ جارێکی تر لە سەرەتای ساڵی (١٩٤٨ز)دا هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەیو دەسگیریان کردەوەو لە (ئەفیون) زیندان کراو حوکمی (٢٠) مانگ درا، بەڵام لە بەردەم دادگادا داکۆکییەکی بەهێزی لە خۆیو قوتابییەکانیو پەیامەکانی کرد، بە ڕادەیەك کە دادگای ناچار کرد بە بڕیارەکەیدا بچێتەوەو حوکمی بیست مانگەکە هەڵوەشێنێتەوە، هەرچەند ئەم بەرائەتە هیچ سوودی نەبوو، دەسەڵاتی سیاسی بە بێ تاوان نورسییان بیست مانگەکە لە زینداندا هێشتەوەو ماوەکە تەواو بوو، جا لە (١٩٤٩/٩/٢٠ز) ئازاد کرا.

**نورسیو ناردنی نامە بۆ (حسن البنا)ی ڕابەری برایان:**

نورسی لە ڕێی هەندێك بڵاوکراوەی ئەو سەردەمەوە، ئاگای لە کۆمەڵی (برایانی موسڵمان)و هەوڵە ئیصلاحییەکانی پێشەوا (حەسەن بەننا)ی ڕابەریان بووە. لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا یەکێك لەوانەی باسی (برایان)ی گەیاندووەتە تورکیا، (سەعید ڕەمەزان)ی زاوای (حەسەن بەننا) بووە، کە چووەتە ئەستەمبوڵو لە مزگەوتی (فاتیح)ی ئەو شارە وتارێکی داوەو ژمارەیەك لە هاوڕێو دۆستانی نورسی بینیوە. هەروەها مامۆستا نورسی پێشتر لە ساڵانی (١٩٠٥) بۆ (١٩٠٩ز) زانای گەورەو ناسراو مامۆستا (ئەمجەد زەهاوی)[٩٧] سەرکردەی (برایان)ی عێراقیی ناسیوە، چونکە زەهاوی لەو

---

٩٧ ئەمجەد زەهاوی (١٨٨٢ ـ ١٩٩٢)، کوڕی محەممەد سەعیدی موفتی بەغداد، کوڕی عەللامە فەیزی زەهاوی موفتی بەغداد، لە بنەماڵەی بابانییەکانی شاری سلێمانییە. لە ئەستەمبوڵ کۆلیژی دادوەرییو لە میصر زانکۆی ئەزهەری تەواو◄

ساڵانەدا لە کۆلیژی دادوەریی لە شاری ئەستەمبوڵ خوێندوویەتی، نورسیش لە سەفەری دووەمیدا کە ساڵی (١٩٠٧ز) بووە، لە ئەستەمبوڵ بووە. بەهەرحاڵ، مامۆستا نورسی زۆر حەزی کردووە کە (پەیامەکانی نور) بگەن بە وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەتی بگەن بە دەستی بەرپرسانی کۆمەڵی برایان، ڕەغبەتیشی زۆر بووە کە پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردەکانیان ڕێکبخات. بۆیە سەرەتای ساڵی (١٩٤٩ز)، مامۆستا نورسی بۆ ئەم مەبەستە نامەیەك ئەنووسێت بۆ پێشەوا (حەسەن بەننا)و یەکێك لە دۆستانی خۆی بە ناوی (ئەحمەد ڕەمەزان) ڕائەسپێرێت کە نامەکە ببات بۆ قاهیرەو بیگەیەنێتە دەستی.

مامۆستا ئیحسان قاسم صالحی دەگێڕێتەوە کە لە تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠١١ز) چاوی کەوتووە بەم ئەحمەد ڕەمەزانە، کە تا نووسینی ئەم بابەتە لە ژیاندا ماوەو لە شاری مەدینە دادەنیشێت. بەم جۆرە ڕووداوی نووسینی ئەو نامەیەی نورسیو سەفەرەکەی بۆ قاهیرە، بۆ گێڕاوەتەوە، ئەحمەد ڕەمەزان وتوویەتی:

"من بەڕێوەبەری گۆڤاری (بیوك دوغو) (خۆرهەڵاتی گەورە) بووم. جارێك چووم بۆ دیدەنی مامۆستا (نورسی)، پێی وتم: واز لە کارەکەت بێنەو بڕۆ دەستبکە بە بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نور لە دەرەوەی وڵات. ڕایسپاردم کە بچم بۆ میصرو نامەیەکی پێدام کە ئاراستەی کۆمەڵی (برایانی موسڵمان)ی کردبوو... سەفەرم کرد بۆ حەڵەب، لەوێوە بۆ شام (دیمەشق)... لە ڕێگا هیچ پارەم پێنەما، ناچار بووم لە کۆتاییدا وەك وەستا ئیشێك بکەم، بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەمو بتوانم بڕۆم بۆ میصرو

---

▶ کردووەو ماوەیەك بەرپرسی کۆمەڵی (برایان)ی عێراق بووە. سەرۆكو ئەندامی چەندین دەزگاو ڕێکخراو بووە، کەسێکی کاریگەرو کاریزمی بووەو لە ئاستی جیهاندا ناوبانگی هەبووە. ◘

نامەکە بگەیەنم. پاش ئەوە ڕۆیشتم بۆ بەیروت‌و لەوێوە بۆ میصر. لە شاری قاهیرە بەسەر شۆستەی شەقامێکدا دەڕۆیشتم، لە ناکاو یەکێك لە شۆستەکەی ئەوبەری شەقامەکەوە بە ناوی خۆمەوە بانگی لێکردم، ئەویش بەڕێز (سەعید ڕەمەزان) بوو، زاوای مامۆستا (حەسەن بەننا)، پێشتر من ئەوم دەناسی، چونکە هاتبوو بۆ ئەستەمبوڵ‌و لە مزگەوتی فاتیح وتاری داو هەمووانی گریاند، هەرچەند بە زمانی عەرەبی قسەی دەکرد ... نامەکەم دا بەدەستییەوە، من نەمدەزانی ئەو نامەیە چی تێدایە، ئەوەندە ئەزانم دوو لاپەڕەی تەواو بوو. ئەویش لە بەرامبەردا چەند کتێبێکی مامۆستا حەسەن بەننای، وەك دیاریی خۆی پێدام، تاکو بیانبەم بۆ مامۆستا نورسی ... پاش شەش مانگ گەڕامەوە بۆ تورکیا."[٩٨]

بەم جۆرە دەبینین کە نورسی کەسێکی هۆشیارو ئاگاو بە هەڵوێست بووە، بە پلان‌و بەرنامەش کاری کردووە.

هەر لە ئاقاری ئەم گرنگیدانەیدا بە کێشەی موسڵمانانی جیهان‌و هەڵگرتنی خەمی ئوممەتی ئیسلامیی، بەندە (عمر) ساڵی (١٩٩٥ز) لە ماڵی خۆی لە شاری ئەنقەرە، چوومە ماڵی مامۆستا (حوسنی بەیرام ئوغلو) ـ یەکێك لە قوتابییە دێرینەکانی مامۆستا نورسی ـ بۆ دیداری، بەڕێزی ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە، وتی: "ڕۆژێکی ساڵی (١٩٥٤ز) بوو، مامۆستا نورسی پێی وتم: حوسنی! لە خۆمەوە هەست بەبێ تاقەتییەکی دەروونیی‌و بێزاریی دەکەم، وا دەزانم بەڵایەك بەسەر موسڵماناندا هاتبێ، بڕۆن سەیرێکی ڕۆژنامەکان بکەن، بزانن چی ڕووی داوە؟ ئێمەش یەکسەر چووین

---

٩٨ ئەم بەسەرهاتە بە درێژیی لە: (رحلتی مع رسائل النور، إحسان قاسم الصالحی)، إسطنبول، ، ٢٠١٦ز، لا: ٢٣، هاتووە.

بەدەم فەرمانەکەیەوە، کاتێکمان زانی، باس لە دەسگیرکرانی هەزاران کەسە لە کۆمەڵی (برایانی موسڵمان)ی میسر، کە هەواڵەکەمان پێ دا، خەم زیاتر دایگرت، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك باری ئاسایی نەبوو، دەستی کردە دۆعای خێر بۆیان، زۆر بە کوڵ لە خوا دەپاڕایەوە کە تۆڵەیان بۆ بسێنێ. مامۆستا پێیشی وتین: "(برایانی موسڵمان)ی میسر، تێکۆشەرو موجاهیدی ڕێی خوان، دۆعای خێریان بۆ بکەن، خوا ڕزگاریان بکات".[٩٩]

**سەرکەوتنی (حزبی دیموکرات)و کرانەوەی سیاسی:**

لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٥٠ز)ی پەرلەمانی تورکیادا، (حزبی دیموکرات) کە جەلال بایارو عەدنان مەندرێس دایانمەزراندبوو، سەرکەوتن‌و حکومەتیان پێکهێناو لێبوردنی گشتییان ڕاگەیاندو تا ڕادەیەك دۆخی سیاسی ئارام بووەوەو ئازادیی ڕۆژنامەگەریی‌و ئازادیی سیاسی دەستی پێکردو مامەڵەیەکی نەرمیان لەگەڵ نورسی‌و قوتابییەکانی‌و پەیامەکانی نور دەرخست، ئەوەش هەلێکی لەباری ڕەخساند بۆ گەشەو زیادبوونی چالاکییەکانی مامۆستاو لایەنگرانی.

**ئەمیرداغ و سەرەتای قۆناغی سەعیدی سێیەم:**

پاش ئازادبوونی لە زیندان، مامۆستا نورسی دوو مانگ لە شاری (ئەفیون) مایەوە، دوای ئەوە چوو بەرەو ئەمیرداغ، لەو شارەشدا دوو ساڵ مایەوەو بە سوودوەرگرتن لە بڕیاری دادگا ـ بە بێتاوانیی نورسی‌و پەیامەکانی ـ دەستی کردە چاپکردنی پەیامەکانی‌و بە هەزاران نوسخەیان لێ بڵاوکرایەوە.

ساڵی (١٩٥١ز) سەردانی شاری (ئەسکی شەهر)ی کرد، ئەوە یەکەم سەفەری ئازادانەی بوو، چونکە پێش ئەو بەرواره نەیدەتوانی هیچ جموجوڵێك بکات. لەو

---

٩٩ دەقی تەواوی ئەم دیدارە لە بەشێکی تایبەتی ئەم کتێبەدا ببینە.

شارەدا سەرەڕای ئەوەی سەدان دۆستو قوتابی هەبوون، بەڵام لەسەر عادەتەکەی خۆی کە نەیدەویست ئەرك بۆ کەس دروست بکات، نەچووە ماڵی کەسیانو لە ئوتێلێك مایەوە بە ناوی (یەلدن)، لەو شوێنەدا ڕۆژانە دەیانو سەدان کەس لە قوتابیو دۆستو هەوادارانی سەردانیان دەکرد. پاش (٤٥) ڕۆژ مانەوە لەو شارە چوو بۆ شاری (ئیسبارتە)و زیاتر لە دوو مانگ لەوێیش مایەوەو بە یادی ساڵانی دوورخستنەوەی بۆ ئەو شارە، لەو دوو مانگەدا دیداری تازە کردەوە لەگەڵ سەدان لە قوتابیو دۆستانی..

**جارێکی تر دادگایی کردن لەسەر نووسینی (ڕابەری لاوان):**

لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٢ز)دا ژمارەیەك لە قوتابیانی لاو، نامیلکەی (ڕابەری لاوان)ی نورسییان بە پیتی لاتینیی چاپ کردو بڵاویان کردەوە، گوایە حوکمی بێ تاوانیی پەیامەکان ڕاگەیەنرابوو، بەڵام سکاڵا دژی بەرز کرایەوە، کە ئەو کارە پێچەوانەی ماددەی (١٦٣)ی دەستوری تورکیایە، (ئەو ماددەیە باس لە دامەزراندنی دەوڵەت دەکات لەسەر بنەمای ئاینیی). بۆیە سەعید نورسی ڕۆژی (١٩٥٢/١/٢٢ز) پەلکێش کرا بۆ ئەستەمبوڵ، بۆ ئامادەبوون لە دادگای باڵای سزای تورکیا.

نورسی پاش دابڕانێکی (٢٧) ساڵە ڕووی نا بەرەو ئەستەمبوڵ، دووبارە لەوێش ئەرکی بۆ کەس دروست نەکردو لە ئوتێلێك بە ناوی (ئاق شەهر) لای دا، لەوێش بە لێشاو دۆستو قوتابییانی ڕژانە سەری، بە تایبەتی ئەوانەی ناوو ناوبانگیان بیستبوو، بەڵام نەیاندیبوو.

ڕۆژی دادگاییکردن لەگەڵ دەیان قوتابی ئامادەی دادگا بوو، سەدان کەس لە دانیشتووانی ئەستەمبوڵیش لە پێشوازییو هۆڵی دادگا جەم بووبوونەوە، چونکە گەڕانەوەی نورسی بۆ ئەستەمبوڵ پاش (٢٧) ساڵو بینینی شەخسی خۆیشی بۆ هەندێك کەس، خۆی بۆ خۆی ڕووداوو بابەتی ڕۆژ بوو، جێی بایەخی ئەستەمبوڵیان بوو، ئاخر یەك نەوەی تەواو لە ئیسلامخوازانو هاووڵاتیانی

ئاسایی، بیستبوویان کە پیاوێکی کوردی بێکەس‌و بێدەر، زانایەکی هەڵکەوتوو، کە بە (١٦)ساڵ تەمەنەوە نازناوی (مەلا سەعیدی مەشهور) و (بدیع الزمان)ی بەسەردا برا، جەنگاوەرێکی ئازاو نەترس، کە دژی ڕووس‌و داگیرکەران جەنگی کردو لە جەنگدا گیراو نەفی کرا بۆ سیبریاو لەوێوە هەڵات‌و پاشان گەڕایەوەو لە ئەستەمبوڵ پێشوازیی شاهانە کراو وەك ڕێزلێنان کرایە ئەندامی (دار الحكمة)، بەڵام لەسەر بیروڕا ئازادەکانی بۆ (٣٠) ساڵ دەچێ لە ئاوارەیی‌و دوورخرانەوەو زیندان‌و غەریبیی‌و بێنازیی‌و نەخۆشیی‌و زەهردەخواردان‌و تاد.. بەسەر دەبات، ئێستە ئەو کەسە نامۆو کەموێنەیە لەسەر نووسینی چەند لاپەڕەیەك ئامۆژگاریی بۆ لاوان، ئەوەتا پەلکێشی دادگا دەکرێت، دیارە بۆ بینینی ئاوەها کەسێك، ئەهێنێ کە هۆڵی دادگاو دەوروبەری، ببێتە جەنجاڵ، بگرە تەواوی ئەستەمبوڵ‌و تورکیاش بخرۆشێت.

بەهەرحاڵ، پاش هات‌و هاوارو پاڵەپەستۆیەکی نەبینراو، دادگا دەستی پێکرد، قازییەکان پێیان وت: "تۆ ڕێ‌و شوێن بۆ لاوان دادەنێی، داوا دەکەی ژنان پۆشتە بن، خەڵکی فێری ئاین بکرێن. ئەمانەش بە پێی یاسای تورکیا تاوانن، چونکە بانگەشەن بۆ پێکهێنانی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئاینیی".

لەو دادگایەدا ـ کە بە سێ کۆبوونەوەی جیاجیا ئەنجام درا ـ نورسی بە سەربەرزیی دیفاعی لە خۆی کردو سەرەنجام بە بێ تاوان دەرچوو. نورسی لە بەشێك لە داکۆکیکردنەکانی لە خۆی، وتی: ".. تێپەڕینی (٣٥) ساڵ نموونەو بەڵگەیەو گومان ناهێڵێتەوە کە من کاری سیاسیم نەکردووەو پەیوەندیم بە کاروباری دونیایی‌و ڕەوتە زیانبەخشەکانیشەوە نیە. خەمو بایەخی من خزمەتی قورئانی پیرۆزو ڕوونکردنەوەی ڕاستییە ئیمانییەکان‌و ڕزگارکردنی ئیمانە، بڕیاری ئەستۆپاکیی چەندین دادگای تریش بەڵگەیە.

سەبارەت بە چاپی نامیلکەی (ڕابەری لاوان)یش دەبوایە مایەی خۆشحاڵیی‌و ئاسوودەیی بووایە، چونکە نامیلکەکە هەوڵی ڕزگارکردنی کوڕو کچە لاوەکان دەدات لەو تەوژمانەی کار دەکەن لەسەر ڕووخاندنی بنەماکانی کۆمەڵگەو داخورانی.

ئەو ڕۆژە ئەو دادگایە هەڵگیراو ڕۆژی (١٩٥٢/٢/١٩ز) دیاریی کرا بۆ کۆبوونەوەی دووەمی دادگا. ئەو ڕۆژەش لە جاری پێشوو جەنجاڵتر بوو، هۆڵ‌و حەوش‌و تەواوی بەشەکانی دادگا سیخناخ بوو بوون بە قوتابی‌و دۆستانی نورسی، کە بە هەزاران کەس دەخەملێنران، بە چەپڵەڕێزان پێشوازیی لێ کرا. جەنجاڵ لە ئاستێکدا بوو کە دانیشتنی دادگا نەدەکرا، ناچار سەرۆکی دادگا بە خەڵکەکەی وت: ئەگەر مامۆستاتان خۆشدەوێت، بوار بدەن با دادگا کارەکانی بکات. بوار کرایەوە، دادگا دەستی پێکرد، سەرەتا خاوەنی چاپخانەکە قسەی کرد، پاشان پیاوانی پۆلیس ڕاپۆرتیان خوێندەوە، تا ئەمە کرا، کات لە نوێژی شێوان نزیك بووەوە، نورسی مۆڵەتی خواست کە نوێژی عەسر بکات، تا نەفەوتێت، مۆڵەتی دراو لە مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد لەگەڵ ئاپۆرەی دۆستانی نوێژی کرد، لە پێش دەرگای دادگا نزیکەی چوار هەزار کەس چاوەڕێی بینینی نورسی بوون.

دادگایی کردنی نورسی ئەو ڕۆژەش تەواو نەبوو، ڕۆژی (١٩٥٢/٣/٥ز) دانیشتنی سێیەمی دادگا ئەنجام دراو بە ڕاپۆرتی ئەو قوتابییەی زانکۆ دەستی پێکرد، کە سەرپەرستیی چاپی نامیلکەکەی کردبوو، جەختی کردەوە کە ئەو نامیلکەیە زۆر کاریگەری ئەرێنیی هەیە بۆ پەروەردەی لاوان‌و ڕاستکردنەوەی ڕەوشتیان.

پاش ئەوە سەرەی نورسی هات‌و هەر لە سەرەتاوە داوای کرد کە گوێی لێبگرن، تا دیرۆکی ستەمێکی دوورودرێژ بگێڕێتەوە. پاش

مۆڵەتدانی، وتارێکی دوورودرێژی دا، کە لە چوار لاپەڕەی تەواودا جێی بووەتەوەو ئەمە پوختەکەیەتی:

لە سەرەتاوە وتی: "قازییە بەڕێزەکان! من (٢٨) ساڵە دووچاری چەندین سووکایەتی پێکردنو ئازارو شکەنجەو چاودێرییو زیندانکران بوومەتەوە، کە هاوشێوەی نیە... تۆمەتەکان دژم ئەمانە بوون:

**تۆمەتی یەکەم/** دژایەتیی ڕژێمی دەسەڵات: لە کاتێکدا هەموو سیستمێك ئۆپۆزسیۆنی هەیە، کەسیش لەسەر هەر بیرو پرۆگرامێك کە لە دڵیایەتی، نابێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، مادام ئاسایشی گشتیی تێکنەداتو ئارامیی کۆمەڵگە نەشێوێنێت."

پاشان نورسی وەك نموونە ئاماژە دەکات بەوە کە لە زووەوە مەسیحیو جوولەکە لە سایەی حکومەتە ئیسلامییەکاندا هەبوونو یاساکان دژیان نەبوون. پاش ئەوە وتی: "ئایا ئەگەر من وەڵامی لایەنە گەندەڵەکەی خۆرئاوام دایەوەو باسی تاکڕەوییو ستەمکارییەکەی پشت پەردەی ئازادیم کرد، یان باسی ئەو دژایەتییەی  ئاینم کرد، کە لە ژێر دەمامکی عەلمانیەتدا، دەکرێت، بۆچی دەبمە یاخی بوو لە یاسا، لە جێی ئەوەی بە داکۆکیکارێکی ڕاستگۆی دەستور بژمێررێم..؟

**تۆمەتی دووەم**/ شێواندنی ئاسایشو ئارامیی وڵات:

لەسەر ئەم تۆمەتە هەڵبەستراوە چەندین دادگاو زیندانو شارو شارۆچکەو شوێنی دوورخرانەوەم بینی، زەهرخوارد کرام، تێکەڵبوونی خەڵکیم لێ قەدەغە کرا، جۆرەها شکەنجە درام. بە پێچەوانەوە، ئێمەی قوتابییانی نور هیچ درێغییەکمان نەکردووە بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایشو ئارامیی. من لە شەش پارێزگادا شەش دادگای تر کراوم، یەك حاڵەتی تاوانو تۆمەتی پشێویی نانەوە لەسەرمان تۆمار نەکراوە."

دوای ئەوە سەرنجی قازییەکان ڕادەکێشێت بۆ جۆری ئەو ئازاردان‌و کارە ستەمکارییانەی لە ماوەی (٢٧) ساڵدا دژی خۆی‌و قوتابییەکانی کراون.

پاش مامۆستا نورسی، قازییەکان گوێیان لە داکۆکیی سێ پارێزەری نورسی گرت: (محەممەد میهری هێلاڤ (موفتیزادە) و (سَنِيّ الدين باشاق)و عبد الرحمن شەرەف لاج)، ئەو دووانەی دووەم‌و سێیەم لای تورکان ناسراون‌و تا ڕادەیەك ناسێنراویشن، بەڵام بە داخەوە ستەمێك لە پارێزەر (میهری هێلاڤ) کراوەو نەناسێنراوە، تەنانەت ناوەکەی لە سەرچاوە تورکی‌و عەرەبییەکاندا لە (میهریی هێلاڤ)ەوە کراوە بە (میهریی حەلاو).[100]

بەڵام ئەم پارێزەرە خەمخۆرە خۆبەخشە کێیە؟

ئەم پارێزەرە محەممەد میهریی موفتی زادە، کوڕی مەلا (عبدالله)ی دشەیی هەورامانە، (دشە گوندێکە لە نزیك شاری پاوە)، باوکی‌و باپیری موفتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، واتە مامی عەللامەی ناسراو کاك ئەحمەدی موفتی زادەیە. لە تەمەنی لاوییەتییەوە چووەتە شاری (وان)و بووەتە ئاشنای نورسی‌و ماوەیەك لە خوێندنگەی (خوڕ خوڕ)ی (وان) لای مامۆستا نورسی خوێندوویەتی، تەنانەت لەسەر هەندێك لە پەیامەکانی نور، ـ لەگەڵ

١٠٠ بڕوانە: (سيرة بديع الزمان سعيد النورسي، بلسانه وأقلام تلامذته. دار الأنوار، إسطنبول، ٢٠١٦ز)، لا: (٨٢٨). بە داخەوە ناوەکەیان لە (میهری هێلاڤ)ەوە کردووە بە (میهری حلاو)و بە ڕستەیەکیش باسی نەکراوەو بە خوێنەران نەناسێنراوە، لە کاتێکدا کەسایەتییەکی کوردی زۆر ناسراوی شاری ئەستەمبوڵ‌و تورکیا بووە. (بڕوانە وێنەی ژمارە (١٩)، بۆ بینینی وێنەی ناوبراوو هاوسەرەکەی). ◙

حەمزەو محەممەد شەفیقی هاوڕێی - پەراوێزیان هەیە لەسەر هەندێك بۆچوونی مامۆستا نورسی.[١٠١]

پاشان چووەتە شاری ئەستەمبولّو کۆلیژی یاسای تەواو کردووەو بووەتە مامۆستای مالّی سولّتان محەممەد ڕەشادو لەگەلّ زۆربەی ڕێکخراوە کوردییەکاندا چالاکیی هەبووەو ڕۆژنامەیەکیشی بە ناوی (کوردستان) دەرکردووە.[١٠٢] لە ئەستەمبولّیش لەگەلّ کچێکی نەوەی موجاهیدی گەورە شێخ شاملی داغستانیی، ناسراو بە (هەلّۆی قەوقاز) هاوسەرگیریی کردووەو پێنج مندالّی لێی بووە.[١٠٣] بە هەموو تەمەنی لە ئەستەمبولّ بووەو مامۆستای یاسا بووەو

---

١٠١ لە ژیاننامە تورکییەکەدا، نورسی لە دەقێکدا دەلّێت: "پێش ڕوودانی ڕووداوێك، ئەگەری زەمینلەرزەیەکی گەورە هات بە خەیالّمدا.." محەممەد میهریی‌و حەمزەو محەممەد شەفیق، لە پەراوێزی ئەو دەقەدا نووسیویانە: "بەلّێ، لە کاتی یەکێك لە وانەکانماندا - لەسەر بانی قوتابخانەکەمان - لە (خورِ خورِ)، لە (وان)، (مامۆستا نورسی) ئەو هەوالّەی دا، ئەوە بوو جەنگی جیهانیی یەکەم پاش ماوەیەکی کەم، ڕووی دا". (سیرة بديع الزمان سعيد النورسي، بلسانه وأقلام تلامذته، ص: ١٤٢).◙

١٠٢ بۆ بینینی نموونەی ئەو ڕۆژنامەیە، بڕوانە: وێنەکانی ژمارە (٢٠) و (٢١).

١٠٣ بەندە سالّی (٢٠١٦ز) هەولّێکی زۆرم دا بۆ دۆزینەوەی ئەم بنەمالّەیە، سەرەنجام یەکێك لە کچەکانیم لە ئەستەمبولّ دۆزییەوە بە ناوی (لەیلا) کە تەمەنی لە حەفتاکاندایە، قسەم لەگەلّ کردو ئاگادارم کردەوە کە کتێبێکی (١٢٠) لاپەڕەییم لەسەر ژیان‌و چالاکیی‌و بەرهەمەکانی محەممەدی میهریی باوکی نووسیوە. لە هەولّێکی کۆمەلّایەتیشدا ئەم خانەوادەیەم ناساندەوە بە خێلّی مامەکانی‌و پوورەکانی لە ڕۆژهەلّاتی کوردستان، بەڕێزان کاك (حەمە ژیان)ی◄

له هەموو ناوەندە ئاینییو زانستییو کۆمەڵایەتییەکاندا ناسراوە، یەکەم پارێزەریش بووە کە لەو دادگایەدا هەستاوەو داکۆکیی لە مامۆستا نورسی کردووە.. بۆیە دەبوایە بە چەند دێڕێکیش بووایە، بناسێنرایە بە قوتابییانی نورو خوێنەرانی پەیامەکانی نور، بەڵام بۆچی وا ساردو لا بە لا ناو براوە؟!

من بۆ خۆم ئەمەم بۆم ڕاست نەبووەوە.

بەدەر لەو داخە، جێی خۆیەتی لێرەدا پوختەی دیفاعەکەی ئەم پارێزەرە گومناوە لە مامۆستا نورسی، کە لەو دادگایەدا کردوویەتی، بنووسم:[١٠٤]

---

▶ کوڕی کاک (ئەحمەدی موفتی زادە)ی ئامۆزایانو کاک (فوئادی ڕوحانی)و کاک (ماجد)ی برای، کە پوورزایانن. هەروەها ناساندنمەوە بە ئامۆزایەکیانەوە بە ناوی (د. ئیمان) کە کچی مامێکی تریانە، بە ناوی محەممەد ڕەشید، ئەویش لە سەرەتای سەدەی بیستەوە چووەتە لوبنانو نەگەڕاتەوە. ئەو کتێبەی بەندە لەسەر ئەو کەسایەتییە، ئامادەی چاپە، خوا یار بێ لەگەڵ ئەم کتێبە چاپ دەبێت.◙

١٠٤ ئەم دیفاعکردنەی پارێزەر مەلا محەممەد میهریی لە مامۆستا نورسی، هەرچەند کەمێك درێژە، بەڵام لەبەر دوو هۆ وەرمگێڕاو لێرەدا دامنا، یەکەم: بێ موناسەبەت نیەو هەمووی دیفاعە لە نورسی لەو دادگایەدا. دووەم: تا ئێستە نەمدیوە لە هیچ سەرچاوەیەکی کوردیدا بڵاوبکرێتەوە. ◙

**دەقی داکۆکیی پارێزەر محەممەدی میهریی موفتی زادە لە نورسی:**

پارێزەر محەممەد میهریی لە دادگاکەدا وتی: "بە ڕاستی نووسەری پەیامەکانی نور، پیاوێکە تا ئێستا گۆڕەپانی دانەرو نووسەران، کەسێکی لەو خاکی تری، بەخۆیەوە نەدیوە. ئەو دوژمنی شۆرەتو ناوبانگو خۆبەزلزانینە، پشتی لە کالآی دونیا هەڵکردووە، دارایی‌و ناوبانگو دەستڕۆیشتن بوغرای نەکردووە. بە ڕاستی ئەو پیاوێکە لەم گۆڕەپانەداو لەم لایەنەوە هاوشێوەی نیە، تەنانەت (گاندی) نەیتوانیوە وەك ئەو خۆی دابڕنێ لە دونیا. ئەم پیاوە گەورەیە بۆ بەردڵو قووتی ڕۆژانەی، تاکە کولێرەیەکو کاسەیەك شۆربای بەسە، ئەو ئەگەر بژی، بۆ خزمەتی قورئانو ئیمان دەژی، نەك هیچ شتێکی تر، هیچ شتی تر جگە لەمانە لای ئەو نرخو بایەخی نیە".

هەروەها وتی: "بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەمووی، بۆ مەحکومکردنی‌و بەتاوانبار ناساندنی‌و تووشکردنی بە مادەی (١٦٣) کاردەکرێت، تەنها لەبەر ئەوەی باسی لە کتێبە دانراوەکانی خۆی کردووە. ئایا ئەمە لەگەڵ ڕاستیی‌و دادپەروەریی‌و ئینصاف یەکدەگرێتەوە؟ یان ئایا لەگەڵ زانستو فیکر یەك دەگرێتەوە؟ ئایا لەگەڵ یاساو هزرو لۆژیك یەکدەگرێتەوە؟ من ئەمە بەجێ دێڵم بۆ دادگای بەڕێز..

دەمەوێ دیفاعەکەی خۆم بە چەند وشەیەك دەربارەی باسی دژایەتیی (نورسی) بۆ سیستمی دەسەڵات، تەواو بکەم، ئەڵێم:

بە ڕاستی ئەم پیاوە بەڕێزە ـ کە چاوەڕێی بڕیاری دادگەرانەی ئێوەیە ـ مرۆڤێکی ناخ پاكو ڕاستگۆیە، ئەزموونەکانی ژیانو ساڵانی تەمەنی، خەملاندوویانەو لە زێوەریان داوە، هەرگیز لە ژیانیدا پێچەوانەی ڕاستیی،

تەنازولی بۆ هیچ نەکردووە. ئەو لە یەکەم دانیشتنەکانی دادگادا، ڕێزی بۆ ئەم حکومەتەی ئێستا داناوە، سەرسوڕمانی خۆیشی بۆ دەربڕیوەو دوعای تەوفیقی بۆ کردووە[١٠٥]، ڕاشکاوانەش ڕایگەیاندووە کە مەبەستی ئەو، حکومەتە پێشووەکەیە".

پاشان وتی: "لە ڕاستیدا ئەم وەکیل بۆ گێراوەی من (نورسی)، لەگەڵ ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە دژی دیکتاتۆریەت خەباتی کردووە، بۆ سەقامگیرکردنی ئازادییو میللەتسەروەریی، هەوڵی داوە. ئەو ئەمڕۆ هەست بە کامەرانییو خۆشحاڵیی دەکات کە لەم لایەنەوە سەرکەوتن هەیە. ئەوەش ناشاردرێتەوە کە یەکێك لە ئامانجەکانی پەیامەکانی نور، سەقامگیرکردنی سیستمو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە لە دڵەکاندا. جا ئەگەر پیاوانی سیاسەت لە کەرتی سیاسەتدا بۆ هاتنەکایەی ئەو ئامانجە هەوڵ ئەدەنو ئەیانەوێ مافەکانو ئازادییەکان بۆ ئەم گەلە دەستەبەر ببێت، ئەوە نووسەری پەیامەکانی نور، بە هەمان کار هەڵدەستێ، بەڵام ئەو لە ڕووی مەعنەوییەوە خەریکە، کەواتە ئامانجەکە هاوبەشە".

هەروەها وتی: "بە ڕاستی نووسەری پەیامەکانی نورو قوتابییەکانی (پەیامەکان خۆیان قوتابخانەی نورو عیرفانن) پاسەوانی مەعنەوییو پارێزەری خۆبەخشن، کە پارێزگاریی لە ئاسایشو سیستمو سەقامگیریی دەکەن، لە لایەنی مەعنەوەییەوە هەوڵ ئەدەن بۆ نەهێشتنی گەندەڵیو پشێوییو بێ سەروبەریی لە دڵەکانو زیهنەکاندا، زۆر ڕاستگۆیانەو بە

---

١٠٥ مەبەست حکومەتەکەی (عەدنان مەندرێس)ە، کە زۆر جیاواز بوو لە حکومەتە پێشووەکانو تا ڕادەیەکی زۆر دەرگای ئازادییەکانی کردەوەو بابەتە ئاینییەکانو زیندانییە سیاسییەکانی ئازاد کرد، لەوانە نورسیو قوتابییەکانی. ◙

لێبڕانیشەوە ئەم کارانە دەکەن، بەبێ چاوەڕوانی هیچ بەرامبەرێك، یان پاداشتو قەرەبوویەك. ئەوان لە بەرامبەر ئەو کارانەوە، جگە لە ڕازیکردنی خوای گەورەو سوودگەیاندن بە وڵاتو هاوڵاتیان، چاوەڕێی هیچی تر نین، هیچ کام لەمانەش شتێکی تێدا نیە کە بە تاوان یان جەریمە بژمێردرێت، هەموو خزمەتن بە نیشتمانو گەل، هەموو شایانی ئەوەن کە ڕێزیان لێ بگیرێت، نەك لێی بگیرێت.. بۆیە مافی ئێمەیە داوای بێبەریکردنیان بکەینو بێ تاوان بیاندەینە قەڵەم..بڕیاریش بۆ دادگای بەڕێزە". [106]

دوای تەواوبوونی دیفاعی دوو پارێزەرەکەی تریش، نورسی مۆڵەتی چەند وشەیەکی لە دادگا خواستو وتی: "بە ڕاستی من ئەهلی ئەو ڕێزلێنانو پیاهەڵدانە نیم کە پارێزەرە بەڕێزەکانم دەرهەق بە من وتیان. من پیاوێکی لاوازو بێ دەسەڵاتم، لە پێناوی خزمەتی قورئانو ئیماندا کار دەکەم، هیچی ترم نیە بیڵێم جگە لەمە".

پاش ئەمە کۆتایی بە دادگا هێنراو دەستەی ڕاوێژکارانی دادگاو قازیو حاکمەکان کۆبوونەوەو بە کۆی دەنگ بڕیاری بێ تاوانیی نورسییان دەرکرد.

**بروسکەیەکی ئەمجەد زەهاوی بۆ مامۆستا نورسی:**

جێی باسە کە بەو بۆنەیەوە مامۆستای گەورەو ناسراوی کورد (ئەمجەد زەهاوی) لە بەغداوە بروسکەیەکی پیرۆزبایی ناردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

"بەوپەڕی شادیو دڵخۆشییەوە بڕیاری دادگامان پێگەیشت، کە عەللامەی گرانقەدر (بدیع الزمان)ی بە بێ تاوان ناساندووە. بۆیە لەبەر ئەم بڕیارە دادگەرانەیە ـ کە هەموومانی دڵخۆش کرد ـ سوپاس ئاراستەی دەستەی

---

[106] دەقی ئەم دیفاعەی مەلا محەممەدی میهری، پارێزەری نورسی لە (سیرە بدیع الزمان سعید النورسي بلسانە وأقلام تلامذتە)، لا: (٨٢٨–٨٢٩) بڵاوکراوەتەوە.

قەزایی بەڕێزو پارێزەرە خۆبەخشە بەڕێزەکان ئەکەین. هەروەها پیرۆزبایی ئاراستەی مامۆستامان‌و برایانمان قوتابییانی نور دەکەین.."

واژۆ: ئەمجەد زەهاوی/ عیراق.

### گەڕانەوە بۆ شاری (ئەمیرداغ):

پاش ئەو دادگایە، مامۆستا نورسی گەڕایەوە بۆ ئەمیرداغ و دەستی کردەوە بە وانەوتنەوەو پەروەردەی لاوان لەسەر پەیامەکانی نورو ئامۆژگاریی خەڵکی. بەڵام سەرەڕای ئەو بڕیارەی دادگا، بەرپرسە خۆجێیەکانی ئەمیرداغ، هەر ڕۆژە پەڵپ‌و بیانوویەکیان پێدەگرت، بۆ نموونە: نورسی ڕۆژێکی ڕەمەزانی ئەو ساڵە، لە یەکێك لە بێستانەکاندا ـ وەك عادەتی خۆی ـ پیاسەی دەکرد، لە ناکاو سێ پۆلیس کەوتنە شوێنی‌و ڕایانگرت، وتیان: ئەبێ شەپقەی ئەورووپی لەسەر بکەیت، دیارە ئەو هەمیشە مشکیی کوردەواریی بە سەریدا دەپێچاو هیچ ڕۆژێك پابەند نەبووە بەو بڕیارەی ئەتاتورکەوە. بۆیە وتی: هەرگیز کاری وا ناکەم، بۆیە پەلیان گرت‌و بردیان بۆ مەخفەری پۆلیس‌و لێپێچینەوەیان لەگەڵ کرد، ئەویش وەڵامە هەمیشەییەکانی خۆی دایەوە.

مامۆستا نورسی لەسەر ئەم ڕەفتارەی پۆلیس، هەڵوێستی وەرگرت‌و سکاڵانامەیەکی نووسی‌و وێنەی لێنارد بۆ وەزارەتی دادو ناوخۆو پەرلەمانی تورکیاو لە ڕۆژنامەی (الجهاد الأكبر)یش ـ کە لە شاری (سامسۆن) دەرئەچوو ـ وەك وتارێك بڵاوکرایەوە، بەڵام سکاڵاکەی دادێکی نەدا، بە پێچەوانەوە، دادگای سامسۆن سکاڵای دژ بە نورسی بەرزکردەوە، لەسەر ئەو نووسراوەی کە بڵاوکرایەوە. نورسی بە ناچاریی لە ئەمیرداغەوە بەرەو ئەستەمبوڵ کەوتە ڕێ، تا بچێت بەرەو دادگای سامسۆن، بەڵام دۆخی ناباری تەندروستیی ڕێگەی نەداو نەیتوانی بچێت، چونکە ماوەی نێوان ئەستەمبوڵ‌و سامسۆن (٧٥٤) کیلۆمەترە.

هاوكارانی ناچار بوون كه ڕاپۆرتێكی پزیشكیی دەربارەی تەندروستیی نورسی ئامادە بكەنو بینێرن بۆ دادگای سامسۆن، تیایدا نووسرابوو: "نورسی لەبەر ناجێگیریی باری تەندروستیی، نە لە ڕێی زەمینیی، نە دەریایی، نە هەواییەوە، ناتوانێت سەفەر بكات بۆ سامسۆن"، وەلێ داواكاری گشتیی ئەو شارە، سوور بوو لەسەر ئامادەبوونی، بەڵام دەستەی دادگای سامسۆن بڕیاری دا كە دادگایەكی ئەستەمبوڵ بە وەكالەت بەو كارە هەستێو دادگایی بكات، كە لەو دادگاییەشدا داكۆكییەكی بەهێزو كاریگەری لە خۆی كردو قازییەكانی ناچار كرد كە بێ تاوان لە قەڵەمی بدەن.

**چوونی نورسی بۆ شاری ئیسبارته:**

دوای ئەو دادگاییە، لە هاوینی (١٩٥٣ز)دا نورسی ئەمیرداغی بەجێ هێشتو هەواری گواستەوە بۆ شاری (ئیسبارته)، شاری نەوەی یەكەمی قوتابییەكانی نور، ئەو شارەی كە قوتابییەكانی هەزاران نوسخەی پەیامەكانی نوریان تێدا نووسییەوە، ئەو شارەی كە هەزاران دۆستو قوتابی نورسی تێدا مابوونو تامەزرۆی بوون، مامەڵەی پیاوانی قەزاو دادگاشی، لە شارەكانی تر زۆر باشتر بوو.. بۆیە حەزی كرد ئەوەندەی تەمەنی ماوە، لەو شارەدا بەسەری بەرێت.

پاش ماوەیەك نورسی تامەزرۆیی بۆ سەردانی گوندی (بارلا) جووڵا، ئەو گوندەی كە پێش بیست ساڵ لەو مێژووە بە دوورخراوەییو غەریبییو بێنازیی نیشتەجێی بوو، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی گزنگی پەیامەكانیدا، نە بێنازیی ما، نە غەریبیی.

سەری لە (بارلا) دا، گوندەكەو مزگەوتەكەو ماڵە شڕۆڵەكەی خۆیو درەختی سوورە چنارەكەی، بەسەر كردەوەو بەدەم گریانەوە باوەشی پێدا كرد، خەیاڵ بردییەوە بۆ ساڵانی تۆوی بەرەكەت، داوای لە هاوڕێیانی كرد كە مۆڵەتی بدەن ساتێك بە تەنیایی لە حوجرەی قوتابخانەكەی خۆیدا بمێنێتەوە، دوو سەعات تێیدا مایەوەو لە دەرەوە گوێیان لە نركەی گریانی بوو.

## ناردنی نوێنەر بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران:

هەر لە ساڵی (١٩٥٣ن)دا پلانی ناردنی پەیامەکانی نوری بۆ (ئێران) داناو (ئەحمەد ئەلب ئەرسەلان) ـ پەرلەمانتاری دێرینی تورکیاـ و (کامل ئاجار) ـ کە هەردووکیان دۆستی خۆی بوون ـ ڕاسپارد کە پەیامەکان بگەیەننە دەست (شێخ عادل) ناوێك لە ناو ئێرانو لەویشەوە بگەنە دەستی کەسێك بە ناوی (عبد الله) کە قوتابی خۆی بووەو لە نزیك شاری (تاران) نیشتەجیێ بووە ![١٠٧]

## ناردنی نوێنەر بۆ باشووری کوردستانو عیراق:

لە درێژەی هەوڵەکانی سەعید نورسیدا بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نور لە دەرەوەی تورکیادا، هەمان ئەو ئەحمەد ڕەمەزانەی لە سەرەوە ناومان برد، ڕادەسپێرێت کە بچێت لە شاری (بەغدا) دابنیشێتو پەیامەکانی نور بڵاو بکاتەوە. ئەویش سەردانی شارەکانی هەولێرو کەرکوكو زاخۆو دهۆكو سلێمانیو هەڵەبجە دەکات.

ئەحمەد ڕەمەزان خۆی لە هەمان دیداری سەرەوەدا دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نور لە دەرەوەی تورکیا، لە مامۆستا نورسیم پرسی: لە کویێ بمێنمەوە؟ فەرمووی: لە بەغداد. منیش گەڕامەوە بۆ شام... لەوێوە چووم بۆ عیراق. کاتێك گەیشتمە هەولێر، شێخ محی الدین[١٠٨] میوانداریی کردم، پاشان ناردمی بۆ لای (مەلا ڕەزا)ی وتاربێژ لە

١٠٧ کامل ئاجار، یەکێك لە دوو کەسە ڕاسپێردراوەکە، خۆی ئەمە دەگێڕێتەوە، بڕوانە: دواهەمین شایەتەکان، ٢٩٨/٣.

١٠٨ مەبەست شێخ محی الدین، کوڕی شێخ (صالح)ی بەرزنجەیی قادرییە، خاوەنی تەکیەی ناسراو بە (تەکیەی شێخ محی الدین) لە گەڕەکی عەرەبانی هەولێر، کە هاوکاری ڕێکخستنی (برایان) بووەو دۆستی ئەمجەد زەهاویو مەحمود صەواف بووەو هەر کاتێك چووبنە شاری هەولێر لای ئەو ماونەتەوە. ◙

شاری کەرکوك،[١٠٩] ئەویش لە مزگەوتەکەی خۆیدا یەك مانگ میوانداریی کردم. دوایی ناردمی بۆ لای شێخ ئەمجەد زەهاوی لە بەغداد، شێخ ئەمجەد لەبەر ئەوەی مامۆستا نورسی ئەناسی پێشوازیی لێکردمو لە مزگەوتی (سولەیمانیە) جێی کردمەوە، زەهاوی کاتێك قوتابی بووە لە قوتابخانەی دادوەریی لە ئەستەمبوڵ، بە دیداری نورسی گەیشتووە. زەهاوی کاتێك دەڕۆیشت بۆ شارەکانی تر، داوای لێ دەکردم هاوەڵێتیی بکەم. جارێکیان هاوەڵێتیی ئەوو مامۆستا (مەحمود صەواف)م کرد، کە سەردانی باکوری عیراقو چەند شارێکی تریان کرد. (گومان زۆرە مەبەستی ئەو سەفەرە بێت کە ساڵی ١٩٥٢ز) ناوبراوان تیایدا سەردانی شارەکانی کەرکوكو هەولێرو سلێمانیو هەڵەبجەیان کردووە).

ئەو سەردانانەم لەگەڵ شێخدا بووبوونە هۆی ئەوەی ئەو پەیامانەی نور - کە پێم بوون - پێشکەش بە زاناکانی ئەو شارانەی بکەم..

بە درێژایی مانەوەم لە بەغداد تا ساڵی (١٩٦٨ز) - بە گوێرەی بۆ گونجان - بەردەوام پەیوەندیم بە تورکیاو وڵاتە عەرەبییەکانو پاکستانو یۆنانەوە هەبوو... ساڵی (١٩٥٣ز) لەگەڵ شێخ ئەمجەد زەهاویو شێخ صەوافو پارێزەر نور الدین واعظ لە کەرکوكو شێخ محی الدینو پارێزەر

---

١٠٩ مەلا ڕەزا، کوڕی وەیس (١٨٧٠ـ١٩٦٣ز)، باوکی کەسایەتی ناسراو (نور الدین الواعظ)ە. لە بەغدا لای موفتی عیراق عەللامە فەیزی زەهاوی خوێندوویەتی، پاشان کراوە بە وتاربێژی ویلایەتی موسڵی سەردەمی عوسمانیی. لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتی عیراقدا، کراوەتە بەڕێوەبەری ئەوقافی پارێزگای کەرکوك. دواتر لە مزگەوتەکانی کەرکوکدا وانەی بە فەقێیان وتووەتەوە. خاوەنی چەند بەرهەمێکی زانستییە. بڕوانە: علماؤنا في خدمة العلم والدين، المدرس، لا: ٢٠٥. ◙

محەممەد صادقی هەولێر، بەشداریم کرد لە کۆنگرەی قودس[110]... مەلیك حوسەین هەموومانی بانگێشت کرد بۆ خوانێکی ئێواران".[111]

**ئازادبوونی پەیامەکانی نور:**

دادگای ئەفیون لە ساڵی (١٩٤٨ز)ەوە لێژنەیەکی شارەزای بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیامەکانی نور، پێکهێنابوو، تا دیاریی بکرێت چەندە دژی دەستورو یاساکانی تورکیان. ئەم دادگایە هەشت ساڵی خایاند، دواجار لە (١٩٥٦/٥/٢٥ز) لێژنەی باسکراو ڕاپۆرتی لەسەر پەیامەکان نووسیو ڕایگەیاند کە: "پەیامەکانی نور هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ ماددە یاساییەکانی تورکیادا نیە". بۆیە دادگا بڕیاری ئازادبوونی پەیامەکانی دا، ئەمەش بە واتای مۆڵەتپێدانی چاپو بڵاوبوونەوەیان بوو.

پاش ئەو بڕیارە، چاپخانەی شارەکانی ئەنقەرەو ئەستەمبوڵو سامسۆنو ئەنتالیا، دەستیان کرد بە چاپکردنی پەیامەکان، بەڵام پێش چاپکردنیان مەلزەمەکانیان ئەهێنا بۆ مامۆستاو پێیاندا دەچووەوەو هەڵەچنیی دەکردن. مامۆستا زۆر بەم گۆڕانکارییە دڵخۆش بوو، تەنانەت وتی: "ئەمە جەژنی

---

١١٠ مەبەستی (المؤتمر الإسلامي العام لبيت المقدس)ە، ئەو کۆنگرە فراوانەیە کە ساڵی (١٩٥٣ز) لە عەممانی پایتەختی ئوردون، بە چاودێریی حوسەینی شای ئوردونو ئامادەبوونی سەدان زاناو بیرمەندو یاساناسو کەسایەتیی عەرەبیو ئیسلامیی پێکهێنرا، لە عیراقیشەوە چەندین زانا لە کوردو عەرەبو تورکمان بەشدار بوون، کە ئەوانەی ناوی بردوون بەشێکیانن. ◙

١١١ ئەم بەسەرهاتە بە درێژیی لە: (رحلتي مع رسائل النور، إحسان قاسم الصالحي)، إسطنبول، ٢٠١٦ز، لا: ٢٣، هاتووە.

پەیامەکانی نورە، من چاوەڕێی ئاوا ڕۆژێك بووم، ئیتر کەواتە ئەرکی من تەواو بووە، وا دیارە بەم نزیکانە من دەڕۆم."[112]

**هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٥٧ز)و بەشداریی نورسی و قوتابییانی:**

ساڵی (١٩٥٧ز) عەدنان مەندرێس سەرۆك وەزیرانی تورکیا ـ کە لە حزبی دیموکرات بوو ـ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا هاتە دەرەوەو دەستی کرد بە گەڕانو بانگەشە بۆ هەڵبژاردن. مامۆستا (نورسی)ش چوو بۆ ڕێگەی (بولفادین) چاوەڕێی (مەندرێس)ی کرد، بەوێدا تێپەڕیو بڕوات بۆ (ئەمیرداغ)و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات."[113]

مامۆستا نورسی لایەنگرانی خۆی هان دا بۆ بەشداریی لەو هەڵبژارنە پەرلەمانییەو خۆی چووە سەر سندوقەمانو دەنگی دا بە حزبی دیموکراتو داوای کرد لە لایەنگرانیشی کە دەنگ بە لیستی ئەو حزبە بدەن، لە دژی (حزبی گەلی کۆماریی)، تەنانەت داوای لە هەندێك کەس لە قوتابیانی کرد کە خۆیان بپاڵێون بۆ پەرلەمان، وەك: تەکلیفکردنی لە (غیاث الدین ئەمرە)، کە لە لیستی قەوارەی (حزبی دیموکرات)دا خۆی کاندید بکات بۆ نوێنەرایەتیی شاری (بتلیس)،[114] بە مەرجێك حزبی دیموکراتیش ئیسلامیی نەبوو، بەڵام بە حزبێکی موحافیزکار دەژمێردرا، لەچاو حزبی کۆماریدا، کە ئەندامەکانی بیری چەپیان هەبوو و دژایەتیی ئاینیان دەکرد.

مامۆستا نورسی لەم زەمینەیەدا ڕاشکاوانە دەڵێت: "بۆ ڕێگریکردن لە گەیشتنی (حزبی گەل) بە دەسەڵات، ئەو حزبەی مەترسییەکی گەورەی

---

١١٢ بدیع الزمان، نظرة عامة عن حیاته وآثاره، إحسان قاسم الصالحي، أنقرة، ٢٠٠٠م ، ص: ١٥١.

١١٣ هەمان سەرچاوە، ٤٣٠/٢.

١١٤ هەمان سەرچاوە، ٣٣٣/٣.

هەیە لەسەر ژیانو گوزەرانی کۆمەڵایەتیمانو لەسەر نیشتیمانمان، بە ناوی قورئانو نیشتیمانو ئاشتییەوە، کار ئەکەم لەسەر پارێزگاریی لە حزبی دیموکرات".[115]

**ڕووداوەکانی ڕۆژانی کۆتایی تەمەن:**

مامۆستا سەعید نورسی ڕۆژە کۆتاییەکانی ژیانی لە شاری ئیسبارتە بەسەر برد، لەگەڵ ئەوەی سالآنی دوای (١٩٥٠ز)ی تا ڕادەیەك بە لاوە لە سالآنی پێشتر پێ چاکتر بوو، بەڵام پشووی نەداو دەیان جار دادگایی کرا، ئەو دە ساڵە کە لای خۆی سالآنی کرانەوەو ئومێدبەخش بوون، بەڵام نورسی بەو پیریی‌و کەنەفتیی‌و بێ گوناهییەوە، بێجگە لە جارەکانی تر، (٤٧) جاری تر پەلکێشی دادگا کرا، بۆیە کەم کەم نەخۆشیی سەری لێ هەڵداو ناجێگیریی کەوتە تەندروستیی.

لە (١٦/٤/١٩٥٨ز) تەواوی ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵ مامۆستا نورسی بوون دەسگیرکرانو بە تەنها مایەوە، لەگەڵ چالاکوانەکانی ئەنقەرەو ئەستەمبوڵو ئیسبارتە، کە لە بواری بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نوردا کاریان دەکرد.

سەعید نورسی لە (١٩/١٢/١٩٥٩ز) گەشتێکی بەرنامە بۆداڕێژراوی دەستپێکرد، بۆ سەردانی ژمارەیەك لە هاوڕێو دۆستو قوتابییەکانی لە شارەکانی تورکیا، مەبەستی بوو لە نزیکەوە لە جموجووڵو کاروبارەکان ئاگادار ببێتەوە. سەرەتا سەردانی ئەنقەرەی کرد، لەوێوە چوو بۆ ئەمیرداغ، پاشان چووە قۆنیاو ئەستەمبوڵو (ئەدەنە)و (غازی عەینتاب)و (ئورفە)و دواتر گەڕایەوە بۆ شاری ئەنقەرە. لەو کاتەدا بوو کە پەیامنێری

---

١١٥ الملاحق، سعيد النورسي، ٣٩٦.

ڕۆژنامەی (تایمز)ی لەندەن دیداری لەگەڵ کردو لە (١٩٦٠/١/٦ز) دەقەکەی بڵاوکرایەوە. دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ شاری قۆنیاو هەمان ڕۆژ بەبێ وەستان ڕۆیشتەوە بۆ ئیسبارتەو پاشان بۆ ئەمیرداغ. هەروەها سەردانی چەند جێی تری کردو هاوەڵو قوتابییەکانی بەسەر کردەوە، هەروەك ماڵئاوایی ژیانیان لێبکات.

دیارە مامۆستا هەمیشە لە ژێر چاودێریی دەسەڵاتدا بووە، کاتێك بەم گەشتە خێراو ئاڵۆزەیان زانی، هەراسان بوون. نەیارانی مامۆستاش لە چەپو توندڕەوو دژە ئیسلامەکان، لەو سەفەرەی تۆقیبوون، بۆیە لە دەزگاو میدیاکانیانەوە کەوتنە پەلاماردانیو درۆو دەلەسە هەڵبەستن، تا سنووری بوختانو قسەی بێ مانا.

لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٦٠ز)دا نەخۆشیی نورسی پەرەی سەند، سییەکانی نەخۆش کەوتبوون، زۆر جار لە هۆش خۆی دەچوو. لە (١٨)ی مانگدا بانگی کردە قوتابییە نزیکەکانی کە لە شاری ئیسبارتە بوون. یەك یەك لە خۆی نزیك دەکردنەوەو پێی دەگوتن: بەخواتان ئەسپێرم، من لەسەر ڕۆیشتنم" ![116] نارەحەتییەکی زۆر ڕووی کردە ئەو چەند لە لای بوون، تەمێکی دژوار باڵی بەسەر ئەو شارەدا کێشا. پاش نوێژی بەیانی بەرەو شاری ئیسبارتە ڕۆیشت. چەند ڕۆژێك تەندروستیی باش بوو، بەڵام لە (١٠)ی ڕەمەزاندا باری تەندروستیی زۆر تێکچوو، بەردەوام پلەی گەرمای لەشی بەرزتر دەبووەوە، قسەی بۆ نەدەکرا، چاوەکانی داخستبوون، هاوڕێیانی پەشۆکابوون، لە ناکاو چاوی کردەوەو وتی: ئەڕۆین. وتیان: بۆ کوێ؟ وتی: "بۆ (ئورفە)، دەی خۆتان ئامادە بکەن"!

---

[116] بديع الزمان، سعيد النورسي، إحسان قاسم الصالحي، ص: ١٥٦.

هەندێك لەوانەی لەسەر سەری بوون، وتیان: "لەوە ئەچێ مامۆستا هۆشی لە خۆی نەبێ". ئەمەیان بۆیە وت، لەبەر ئەوەی ئەو دۆخە تەندروستییەی ئەو، هی ئەوە نەبوو لە جێی خۆی هەستێت، چ جای باسی سەفەر بۆ ئورفە بكات، چونكە مەسافەی نێوان (ئیسبارتەو ئورفە) (٩٥٠) كیلۆمەترە.!

هەرچۆن بوو پێیان وت: مامۆستا! ئۆتۆمبێلەكەمان ناتەواوە، كەڵكی سەفەركردنی پێوە نیە. نورسی سوور بوو لەسەر هەڵوێستەكەیو وتی: ئۆتۆمبێلێكی تر ئامادە بكەن، ناتوانین دوو سەد لیرە بدەین بە كرێی سەیارە؟ ئەگەر نیە من حازرم جوببەكەی بەرم بفرۆشم!

هاوكارانی ناچار بوون سەیارەیەك بە كرێ بگرن، مامۆستا نەیتوانی خۆی هەستێو بچێتە سەیارەكەوە، ناچار بە دەست هەڵیانگرت، خۆیو سێ نەفەر سەر لە بەیانی ڕۆژی (١٩٦٩/٣/٢٠ز) لەگەڵیا كەوتنە ڕێ، بەبێ ئاگاداركردنەوەی پۆلیس، بەڵام پێیان زانینو یەكێك لە قوتابییەكانیان دەسگیر كردو پرسیاربارانیان كرد: مامۆستاكەتان بۆچی ڕۆشت؟ بۆ كوێ ڕۆشت؟ بۆچی ئێمەی ئاگادار نەكردەوە؟ وتی: نازانم بەرەو كوێ چووە. ڕەنگە بەرەو (ئاگریدیر) چووبێت.

پۆلیس كەوتنە كەشماڵ، تەواوی بنكەو زاڵگەی نێوان شارەكانیان ئاگادار كردەوە، ژمارەی سەیارەو ڕەنگو مۆدێلەكەیان پێدان. كاتەكە بارانو تەمو مژاویی بوو، هاوڕێكانی نورسی ژمارەی سەیارەكەیان بە قوڕ داپۆشی. پاش سەفەرێكی پڕ زەحمەتو دوورو درێژو بڕینی نزیكەی هەزار كیلۆمەتر، ڕۆژی (٣/٢١) گەیشتنە شاری ئورفەو لە ئوتێلێك بە ناوی (ئەبك پالاس) دابەزین. پاش ماوەیەكی كورت پۆلیس ئابلۆقەی ئوتێلەكەی داو

وتیان: "بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ، دەبێ هەر ئێستە ئەم شارە بەجێ بێڵن‌و بگەڕێنەوە بۆ ئیسبارتە".

مامۆستا نورسی وتی: "ئێوە زۆر سەیرن، من ئێرە بەجێ ناهێڵم، من هاتووم لێرە بمرم. حاڵی من نابینن؟" سەیرێکی هاوڕێکانی دەکات‌و پێیان دەڵێت: "حاڵی من ڕوون کەنەوە بۆ ئەمانە".

بە ناچاریی سێ کەسە هاوڕێکەی دەبەن بۆ مەخفەری پۆلیس، پێیان دەڵێن: چۆن هاتنە ئێرە؟ کێ مۆڵەتی دان؟ فەرمانی توند هەیە کە دەبێ هەر ئێستە ئەم شارە بەجێ بهێڵن‌و ئەمەی پێ ڕابگەیەنن. وتیان: ئێمە گوێ بۆ مامۆستامان دەگرین، تەنها فەرمانی ئەو جێبەجێ دەکەین، ئێوە خۆتان قسەی لەگەڵ بکەن.

کەم کەم ئەم هەواڵانە گەیشتنە ناو شارو دەوروبەری ئورفە، شارەکە شڵەژا، بە هەزاران کەس ڕژانە دەوروبەری ئوتێلەکە. هەواڵ گەیشتە سەرۆکی لقی ئورفەی حزبی دیموکرات، ئەویش سەردانی مامۆستای کردو خێرا بەرپرسی ئاسایشی شاری ئاگادار کردەوەو وتی: "ئەگەر ئەو پیاوە بەڕێزە دەرکەن، من یەکەم کەسم بەرەنگارتان دەبمەوە. ئێوە ناتوانن دەست بۆ موویەکی بەرن، یان یەك هەنگاو بیگوازنەوە، ئەو میوانی ئێمەیە"! وتیان: "فەرمانی دەرکردنی لەسەرەوە هاتووەو ئێمە دەسەڵاتێکمان نیە". وتی: "نابینن لە چ حاڵێکدایە"؟

**کۆچی دوایی مامۆستا نورسی:**

قوتابییەکانی پزیشکیان بردە سەری، بینی کە گەرمای لەشی لە (٤٠) پلەدایە، ڕاپۆرتێکی نووسی کە: ئەم نەخۆشە توانای جووڵەی نیەو دەبێ پشوو بدات. بەرپرسەکەی ئاسایش سوور بوو لەسەر دەرکردنی، خۆی هاتەوە لای نورسی، وتی: فەرمانەکان جیددین، ئەبێ ئێرە بەجێ بێڵی. نورسی بە

نکە نکەو نارەحەتیی وتی: "نابینی من لە دوا خولەکەکانی تەمەنمدام؟! من ناتوانم بگەڕێمەوە، لێرە ئەمرم، ئەرکی تۆ ئەوەیە ئێستە ئاو گەرم بکەیت بۆ شوشتنم"! کابرا بە ناچاریی سەری داخستو چووە دەرەوە.

ئەو شەوو ڕۆژە بە دەیان بروسکەی نارەزایی لەو هەڵسو کەوتە ناشایستەیە، نێررا بۆ ئەنقەرەی پایتەخت. دۆستو لایەنگرانیشی ـ کە بە هەزاران دەبوون ـ سەرەیان گرتبوو، یەك یەكو دوو دوو دەهاتنە لایو سڵاویان لێدەکردو چاویان پێدەکەوت.

دەمەو ئێوارەی هەمان ڕۆژ، پلەی گەرمای لاشەی زیاتر بەرز بووەوە، لە قسە کەوت، بەڵام بە لێوجووڵاندنیدا دیار بوو زیکرو دوعا دەخوێنێت. بەو حاڵەوە خامۆشییەك ڕووی تێدەکات، دایدەپۆشن، بەڵام دەمەو بەیانی کاتێك سەری لادەدەن دەبینن کە گیانی پاکی سپاردووە، واتە: (٢٥)ی ڕەمەزانی ساڵی (١٣٧٩ك)، بەرامبەر (٢٣/٣/١٩٦٠ز).

سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە بە دەیان هەزار کەس ڕژانە شاری ئورفەو لە قەبرستانی (أولو جامع) ناشتیان.[117]

کاتێك تەواوی بۆماوەو میراتەکەیان گەیاندە دەستی (عبد المجید)ی برای، تەنها بریتی بوو لە: بەرماڵێكو کاتژمێرێکی بەرباخەڵو مشکییەکی سەریو جوببەیەكو قورئانێك..![118]

---

١١٧ لە بەشی پاشکۆکاندا بڕوانە وێنەی (٤٠) و (٤١) بۆ بینینی دیمەنی بە خاکسپاردنی تەرمی مامۆستا نورسی. ◙

١١٨ بۆ ئەم بەشە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: سیرة ذاتیة، النورسي، سیرة بدیع الزمان، ژمارەیەك نووسەر. بدیع الزمان سعید النورسی، إحسان قاسم الصالحی◙

**کودەتای ساڵی (١٩٦٠ز)و چارەنووسی نادیاری تەرمی نورسی:**

لە (١٩٦٠/٥/٢٧ز) کودەتایەکی سەربازیی ڕووی داو کۆتایی بە دەسەڵاتی حزبی دیموکرات هێنرا، کە تا ڕادەیەك مامەڵەی لەگەڵ نورسیو نورچییەکاندا لەبارتر بوو. لەو کودەتایەدا دادگای دەستوریی دانراو (عەدنان مەندرێس)ی سەرەك وەزیرانو چەند وەزیرێك لەسێدارە دران. تووڕەیی کودەتاچییەکان بە زیندووانەوە نەوەستاو گەیشتە لای گۆڕی مامۆستا نورسیو تەرمەکەی ئەویش.

بۆیە ڕۆژی (١٩٦٠/٧/١١ز) پارێزگاری ئورفەو سەرکردەیەکی سەربازیی بە فڕۆکەیەکی سەربازیی گەیشتنە قۆنیاو داوای مەلا (عبد المجید)ی برای نورسییان کردو پێیان وت: "دەبێ تەرمی مەلا سەعیدی برات لە ئورفە بگوازرێتەوەو لەسەر داوای تۆش بێت! چونکە سەردانی زۆر دەکرێو دۆخی ئێمەش تەواو نیە". مەلا مەجید ـ لە بیرەوەرییەکانیدا ـ ئەڵێت: "وتم: ئاخر خۆ من داوام نەکردووە"؟! وتیان: "پێویست ناکات درێژەی بدەیتێ، ئەم وەرەقەیە ئیمزا بکە. (وەرەقەیەکیان پێ بوو کە بە ناوی منەوە نووسرابوو)"، وتم: "بێڵن با برام لە ناو گۆڕەکەیدا بحەسێتەوە". وتیان: "هیچ ڕێگایەکت نیە جگە لە ئیمزاکردنی ئەم نووسراوە".

بەو جۆرە لە ژێر هەڕەشەدا ئیمزایەکیان پێکردمو بە فڕۆکەیەك چووین بۆ ئورفەو نیوەشەو کاتژمێر (٣) چووین بۆ لای گۆڕەکەی مامۆستا نورسی. بینیم دوو تابوت دانراون، من خۆم بۆ نەگیراو گریانێکی زۆرم بۆ هات. پزیشکێکی سەربازیی هاتە لامەوەو وتی: "بێ تاقەت مەبە، تەرمەکەی دەگوازرێتەوە بۆ ئەنادۆڵ".

سەربازەکان دوودڵ بوونو دەترسان کە دەست بەرن بۆ تەرمی مامۆستا. من بە تەما بووم تەنها ئێسقانی مابن (چونکە زیاد لە سێ مانگ

بوو نێژرا بوو)، بەڵام کە دەستم دایە کفنەکەی، واتدەزانی ڕۆژی پێشتر مردووە، کفنەکەی لای سەرییەوە کەمێك زەرد بوو بوو، پەڵەیەکیشی لەسەر بوو وەك قەترەئاوێك. پزیشکەکە لای سەرییەوە کفنەکەی کردەوە، دەبینم مامۆستا وەك زەردەخەنە بکات وایە، باوەشم پێدا کردو لەگەڵ سەربازەکان خستمانە تابوتەکەوەو بردمان بەرەو فڕۆکەخانە. شەقامەکان کەسی مەدەنییان تێدا نەبوو، پڕبوون لە سەربازی چەکدار، دیار بوو هاتوچۆ قەدەغە کرابوو. ویستیان تەرمەکە بخەنە فڕۆکەکەوە، بەڵام تابووتەکە جێی نەبووەوە، ناچار بوون فڕۆکەیەکی تریان هێناو خستیانە ناوی، منیش لە تەنیشتیدا دانیشتم. داخو کەسەر دڵمیان پڕ کردبوو، چاوانم پڕبوون لە فرمێسك، فڕۆکەکە بەرەو شاری (ئەفیون) ڕۆیشت، لەوێوە تەرمەکە بە ئەمبوڵانسێك برا بۆ شاری ئیسبارتەو لە شوێنێك بە خاك سپێررا، کە تا ئێستەش نەزانراوە کوێیە.[119]

**هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی تەرمەکەی نورسی:**

ئەم بابەتی گواستنەوەی تەرمی مامۆستا نورسی، هەرچەند لای بیرمەندو خوێندەوارە تێگەیشتووەکانی لایەنگری نورسی، زۆر بایەخی نەبووە، بگرە وەك کەرامەتێکی نورسی باسی دەکەن، چونکە خۆی ترسی ئەوەی هەبووە کە گۆڕەکەی ببێتە زیارەتگەو خەڵکیی بە هۆی گۆڕەکەیەوە تووشی گوناه ببن.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی تر لە دۆستانی، لەو کاتەوە تا ئێستا خولیای ئەوەیانە ئەم بابەتە بێتەوە بەر باسو ڕوون ببێتەوە کە تەرمەکەی چی لێ کراوە؟ ئایا ئەو ئەفسەرو پلەدارانە کە بەرپرسی شاردنەوەی تەرمەکەی بوون، لە ژیاندا ماون یان نا؟ ئەگەر

١١٩ بڕوانە: بديع الزمان سعيد النورسى، إحسان قاسم الصالحى، ص: ١٦٧–١٦٨.

ماون ئایا پێویست ناكات پێش ئەوەی بمرن، كارێكیان لەگەڵ بكرێت كە گۆڕە تازەكەی پیشانی دۆستانی بدەن؟ ئایا هیچ ڕێگرێكی شەرعیی، یان یاسایی، یان سیاسیو ئەمنیی، لەم لایەنەوە هەیە یان نا؟

بەدەر لە حەزو خولیای ئەو تاقمە لە دۆستانی نورسی، پاش (٦٠) ساڵ لە كۆچی دوایی مامۆستا، هەندێك دەزگاو لایەنی ناو دەسەڵاتی ئێستەی توركیا، بۆ دەرخستنی نیازپاكییو وەك هەنگاوێك بۆ ئاشتەوایی ناوخۆییو دڵخۆشكردنی باڵەكانی (پەیڕەوانی نور)، سالانێكە لە هەوڵی دۆزینەوەی گۆڕە نوێكەی (نورسی)دان.

لەم ئاقارەدا ڕۆژنامەی (نیۆرك تایمز)ی ئەمریكی، ساڵی (٢٠١٢ز) لە زمانی (مصطفی عقیول)ەوە ـ كە شارەزایەكی پسپۆڕی كاروباری ئیسلامییە لە توركیا ـ نووسیویەتی: "لێژنەیەك لە پەرلەمانی توركیا، كە سەرقاڵی توێژینەوەن لەسەر كودەتاكانی توركیا، ئەو بابەتەشیان خستووەتە بەر باسو داوایان كردووە كە كاری گەڕانو پشكنین بە دوای گۆڕە نهێنییەكەی نورسیدا دەست پێبكات." ڕۆژنامەكە ئەوەشی ڕوون كردووەتەوە كە ئەو داواكارییە لە ناو لیستی چەند ڕاسپاردەیەكی لێژنەی ناوبراودا بووە، كە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠١٢ز)دا بەرزیان كردووەتەوە.

شایانی باسە یەكێك لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە بە ناوی (سیلكوك ئوزداغ) ـ كە پەرلەمانتارە لەسەر لیستی (پارتی دادو گەشەپێدان)ی دەسەڵات ـ لە پەیوەندییەكی تەلەفونیدا وتوویەتی: "بەڕاستی توركیا پۆزشهێنانەوەو داوایەكی لێبوردن لە (سەعید نورسی) قەرزارە، هەمان كات دۆزینەوەی تەرمی (نورسی) كارێكی پێویستە بۆ تەواوكردنی پرۆسەی ئاشتەوایی لە نێوان گەلو دەوڵەتدا". بەپێی ڕوونكردنەوەی هەمان ڕۆژنامە، لیژنەی باسكراو لەگەڵ ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە سەربازییە، لێكۆڵینەوەیان كردووە،

که پێشتر له ساڵی (١٩٦٠ز)دا له‌و پرۆسه‌ی گواستنه‌وه‌یه‌ی ته‌رمی نورسی ئاگادار بوون‌و تا ئێسته‌ش ژماره‌یه‌کیان له ژیاندا ماون. هه‌روه‌ها کاری پشکنینیان له‌و تۆمارو به‌ڵگه‌نامه ڕه‌سمییانه‌شدا ده‌ستپێکردووه، که په‌یوه‌ندییان به دۆسیه‌ی شوێنی گۆڕی دووه‌می نورسییه‌وه هه‌یه.

شایانی باسه تا ئه‌و کاته (واته ساڵی ٢٠١٢ز)، دوو ئه‌فسه‌ری پله‌باڵای ئه‌ندامی ئه‌و ئه‌نجومه‌نه سه‌ربازییه به ناوه‌کانی (ئه‌حمه‌د ئێر)و (نوعمان ئیسین) که له ژیاندا مابوون‌و له ته‌مه‌نی (٨٣) و (٨٥) ساڵیدا بوون، هه‌واڵیان به‌و جۆره به لیژنه‌که دابوو که: هیچ زانیارییه‌کیان له‌سه‌ر ئه‌و بابه‌ته نیه، به‌ڵام ئه‌حمه‌د ناوه‌که‌یان ئه‌م شایه‌تییه‌ی دابوو: تاکه که‌سێك له ئه‌ندامانی ئه‌و لیژنه‌یه که زانیاریی له‌سه‌ر ئه‌و بابه‌ته له‌لا بووه، ئه‌فسه‌رێك بووه به ناوی (ئه‌لب ئه‌رسه‌لان تیلکس)، که ئه‌وه‌یان ساڵی (١٩٩٧ز) کۆچی دوایی کردووه.

هه‌ر له‌م زه‌مینه‌یه‌دا وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی تورکیا به‌و ڕۆژنامه‌یه‌ی ڕاگه‌یاندووه که هیچ کلیل‌و به‌ڵگه‌نامه‌یه‌ك له تۆماره‌کانی پۆلیسدا، یان له ئۆفیسی سه‌رۆك وه‌زیران، یان له ئۆفیسه‌کانی پارێزگاره مه‌حه‌للییه‌کاندا له‌و باره‌یه‌وه له ده‌ستدا نیه."[١٢٠]

---

[١٢٠] سایتی (إیلاف)، له (٢٠)ی (دیسمبه‌ر)ی (٢٠١٢ز)دا ئه‌م هه‌واڵه‌ی بڵاو کردووه‌ته‌وه.

# بەشی سێیەم

# سەعید نورسیو چالاکییە سیاسیو ڕێکخراوەییو ڕۆژنامەوانییەکان

١ــ بڕیاری مەشروتەو بەشداریی نورسی لە ڕێکخراوە کوردییەکاندا

نورسیو چالاکیی لە ڕێکخراوی تەعاونو تەرەقی کورددا.

٢ــ پیرەمێرد خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (کورد)، لەگەڵ نورسی.

٣ــ شێوەی واژۆی نورسی لە ڕۆژنامەکاندا.

٤ــ بەشێك لە ناونیشانی وتارەکانی نورسی، لە ڕۆژنامەکاندا.

٥ــ نموونەی چەند وتارێکی نورسی دەربارەی دۆزی کوردو زمانی کوردییو پرسەکانی کوردستان:

ا- وتاری (ئەی گەلی کوردان!).

ب - کوردەکان چیان دەوێت.

ج - کوردەکان دیسانەوە موحتاجن.

٦ــ نورسیو بابەتی وازهێنان لە سیاسەت.

**١ـ بڕیاری مەشروتەو گەشەی چالاکیی ڕێکخراوەیی:**

کاتێك لە ژێر فشاری هێزە بەرهەڵستکارەکانی سوڵتان عبد الحمیددا، شۆڕشی دەستوریی لە تورکیا سەری گرت، سوڵتان ناچار بوو کە سەر لە نوێ لە (١٩٠٨/٧/٢٣ز) دەستور ڕابگەیەنێت، کە بە ڕاگەیاندنی دووەمی (مەشروتە) ناسراوەو سیستمی حوکمڕانیی بکاتە دەستوریی. بۆیە پاش ئەوە کرانەوەیەکی سیاسی گونجاو ڕووی داو لە ساڵی (١٩٠٨)دا ـ هەمان ساڵی (مەشروتە) ـ کوردە ڕۆشنبیرەکانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ، چەندین ڕێکخراوی سیاسیو ڕوناکبیرییان دامەزراند. مەشروتەی یەکەم لە (٣/١٦/ ١٨٧٦ز) بوو، کە سوڵتان عبد الحمید دەستورێکی ڕاگەیاندو یەکەم ئەنجومەنی نوێنەران لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێکهێنرا.

**بەشداریی نورسی لە ڕێکخراوەکاندا:**

مامۆستا نورسی تا دوا ساتەکانی ژیانی لە پێناوی سەربەرزیی میللەتەکەیدا خەباتی کرد. لێرەدا تیشك دەخەمە سەر لایەنێك کە بە داخەوە لە سەرچاوە تورکییو تەنانەت عەرەبییەکانیشدا، یان باس نەکراوە، یان ڕێگوزەر بەلایدا تێ پەڕیون. ئەویش باسی ڕۆڵی مامۆستا سەعید نورسییە لە دامەزراندنو بەشداریی چالاکییەکانی هەندێك ڕێکخراوەی سیاسیو ڕوناکبیریدا، هەروەها بەشدارییە ڕۆژنامەوانییەکانی.

ئەوەندەی ـ بە پێی بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکان ـ دەرکەوتووە، مامۆستا نورسی لەم ڕێکخراوانەدا ئەندام بووە:

١ـ کۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی کورد. ٢ـ کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان.

٣ـ کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد. ٤ـ کۆمەڵەی هەیڤی سەوز (یەشیل ئای). ٥ـ ڕێکخراوی ئیتتیحادی محەممەدی. ٦ـ کۆمەڵەی بووژانەوەی کوردستان، (بعث کردستان) ٧ـ جگە لە بەشداریی ڕێکخستنە تایبەتەکانی

ناسراو به (تشكيلات خاصة)، كه دامەزراوەیەكی سیاسی سەربازیی ئاسایشییو نهێنیی بوو، پێش جەنگی یەكەمی جیهانیی بە فەرمانی سوڵتان محەممەد ڕەشاد دامەزرا.

**نورسیو چالاكیی لە ڕێكخراوی تەعاونو تەرەققی كورددا:**[١٢١]

بۆ نموونە ئەندامێتی لە كۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی كورد)و دەركردنی ئۆرگانەكەی، بە ناوی (ڕۆژنامەی كورد) كە لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو.

كۆمەڵەی ناوبراو ـ وەك لە پێناسەیەكی پێڕەوەكەی خۆیدا هاتووە- كۆمەڵەیەكی سیاسی، كۆمەڵایەتی، كوردیی بووە، پاش تاوتوێكردنێكی زۆری كوردە ئاوارەكانی ئەستەمبوڵ بۆ وەزعی كورد، لەگەڵ ژمارەیەك لە كوردی ڕۆشنبیری باشووری كوردستان، ساڵی (١٩٠٨ز) دامەزراوە. ئەو كۆمەڵەیە بووبووە بۆتەی یەككەوتنەوەی ڕێكخستنی هەوڵە سیاسیو ڕوناكبیرییەكانی كوردانی ئەستەمبوڵو گرێدەری خەباتی چالاكوانە (بەدرخانییەكانو بابانییەكانو شەمدینییەكان)، كە لەو سەردەمەدا دەمڕاسی نەتەوەی كورد بوونو چالاكانە لەگەڵ ڕەوتی سیاسیدا بەشدار بوون.

مامۆستا مەلا سەعیدی نورسیش وەك موسڵمانێكی كوردزمانو خەباتگێڕێكی ئەو سەردەمەی میللەتەكەی، چالاكانە بەشداریی كردو لەگەڵ تەوفیق بەگی (پیرەمێرد)ی شاعیری حەكیمی باشووری كوردستانو (ئەحمەد جەمیل)ی ڕۆشنبیری كوردو خەلیل خەیالیو ئەحمەد ڕامیزو شەفیق ئەڕواسیو مەلا محەممەدی میهریو چەند كەسایەتییەكی تری كورد.

---

١٢١ ئەم وتارە لە ئەسڵدا لە ڕۆژنامەی یەككگرتوو، ژمارە (١٨٦)، لە: (١٩٩٨/٥/٨ز)دا بڵاوكراوەتەوە.

سەبارەت بە پەیوەندیی مامۆستا سەعید نورسی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە، (ڕۆهات ئەلاکۆم) دەڵێت: "لەو ماوەیەدا کە (نورسی) لە ئەستەمبوڵ بوو، تێکەڵییەکی کاریگەری لەگەڵ (کۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی کورد)و (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد)و (کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان)، هەبوو. لە لایەکی دیکەوە ساڵی (١٩٢٠ز) بووە یەکێك لە دامەزرێنەرانی هەیڤی سەوز (یەشیل ئای)."[١٢٢] لە جێیەکی دیدا دەڵێت: "جێگرتنی سەعیدی کوردیی لە نێو دەستەی دامەزرێنەرانی ئەم جەمعییەتەدا (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد) نیشانەی هاوکاریی ئەو بووە.. کۆششەکانی سەعیدی کوردیی بۆ سەرهەڵدانی (جووڵەی) جەماوەریی لە دژی دەسەڵاتی عەبدولحەمید، بە بەشداریکردنی لەو جەمعییەتەدا، واتایەکی دیکەیان پەیدا کرد."[١٢٣]

شایانی باسە (پیرەمێرد)ی نووسەرو ڕۆژنامەنووسیش یەکێك بووە لە دە ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە، کە پەیوەندییو دۆستایەتییەکی گەرمیشی لەگەڵ مامۆستا نورسیدا هەبووەو دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ئەم باسە.

بە داخەوە لە زۆربەی ژیاننامەکانی نورسیدا، باسی ئەم ئەندامێتییو جۆرە چالاکییانەی نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی سەرچاوە کوردییو عەرەبیو تورکییەکانم خوێندوونەتەوە. بۆ خۆیشی وتارێکی لە ژمارە شەشی ڕۆژنامەی (کورد)دا نووسیوەو تیایدا ئاماژە بە ڕۆڵی ئیسلام دەکات لە بزافی ڕزگاریخوازی کورددا و جەخت دەکاتەوە لە کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد) کە پەنابەرێتە بەر سوودوەرگرتن لە شەریعەتی ئیسلام بۆ ڕێکخستنی سەرلەنوێی کۆمەڵە.

---

١٢٢ کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، نوسینی: ڕۆهات ئەلاکۆم، ٢٠٠٥، هەولێر، لا: ٩٣.

١٢٣ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، و: زریان، لا: ٤٦.

به پێی وتارێکیشی ـ که له ژماره شه‌شی ڕۆژنامه‌ی (کورد)دا بڵاوی کردووه‌ته‌وه ـ دووپات ده‌بێته‌وه که نورسی ئه‌ندامی کۆمه‌ڵه‌ی (ته‌عاون‌و ته‌ره‌ققی کورد) بووه، که به داخه‌وه له هیچ ژیاننامه‌یه‌کیدا ئه‌م باسه‌شم نه‌دیوه.

دوو به‌ڵگه‌شم هه‌ن بۆ ئه‌و بۆچوونه که ئه‌ندامی ئه‌و ڕێکخراوه بووبێت:

یه‌که‌م: ئه‌و هاوکارییه گه‌رم‌وگوڕه‌ی که له‌گه‌ل ڕۆژنامه‌ی (کورد)، ئۆرگان‌و زمانحاڵی کۆمه‌ڵه‌ی (ته‌عاون‌و ته‌ره‌ققی کورد) هه‌یبووه.

دووه‌م: ئه‌و وتاره‌ی له ژماره شه‌شی ڕۆژنامه‌ی ناوبراودا، که ئاماژه به ڕۆڵی ئیسلام ده‌کات له بزافی ڕزگاریخوازی کورددا، بۆیه جه‌خت ده‌کاته‌وه‌و داوا له کۆمه‌ڵه‌ی ناوبراو ده‌کات که په‌نا به‌رێته به‌ر سوودوه‌رگرتن له شه‌ریعه‌تی ئیسلام بۆ ڕێکخستنی سه‌رله‌نوێی کۆمه‌ڵه.[١٢٤]

## ٢ـ پیره‌مێرد خاوه‌ن ئیمتیازو به‌ڕێوه‌به‌ری گۆڤاری (کورد):

ڕێکخراوی (ته‌عاون‌و ته‌ره‌ققی کورد) له‌که‌ڵ دامه‌زراندنیدا بڕیاری دا که ڕۆژنامه‌یه‌ك ده‌ربکات به ناوی (کورد)، له‌و کاته‌دا ئه‌و ده‌سته کورده‌ی دانیشتووی ئه‌سته‌مبوڵ که‌سێکیان په‌یدا نه‌کرد بۆ به‌ڕێوه‌بردنی ڕۆژنامه‌که، گونجاوتر بێت له (پیره‌مێرد)ی ڕه‌حمه‌تیی، به‌و پێیه که هه‌ر چوار زمانی کوردی‌و فارسی‌و عه‌ره‌بی‌و تورکی ده‌زانی، جگه له‌وه که‌سێکی ڕۆشنبیرو به‌تواناش بوو، بۆیه ئه‌ویان وه‌ك (خاوه‌ن ئیمتیاز) و (به‌ڕێوه‌به‌ری نووسین)ی ڕۆژنامه‌که ده‌ستنیشان کرد، که به هه‌ردوو زمانی کوردی‌و تورکی له ئه‌سته‌مبوڵ ده‌رده‌چوو، بۆیه له‌سه‌ر به‌رگی ڕۆژنامه‌که نووسراوه:

---

١٢٤ گۆڤاری ڕۆژنامه‌وان، ژماره: ٩، لا: ٦٨. جه‌بار قادر له سه‌رچاوه‌که‌ی جه‌لیلی جه‌لیل وه‌ری گرتووه.

(خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نووسین: سولەیمانیەلی تەوفیق)، واتە: تەوفیقی سلێمانەیی.[١٢٥]

یەکێك لە نوسەرەکانی ئەم ڕۆژنامەیە مامۆستا (سەعیدی نورسی) بوو کە لەو کاتەدا لە ئەستەمبوڵ دەژیا، لەگەڵ پیرەمێرد هەردووکیان هەڵگری خەمی کوردو کوردستانو لە بیری چاکسازیی لە دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، وەك لە دەیان وتاریاندا لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا دەردەکەوێت.

**٣ـ شێوەی واژۆی نورسی لەسەر وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی:**

مامۆستا نورسی لە وتارەکانیدا ـ چ بە کوردیی، یان بە تورکی ـ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا، وەك: (کورد، شرقو کوردستان، وولقان، إقدام، میزان، سەربەستی، مصباح، شورای ئوممەت، سبیل الرشاد، الجهاد الأكبر).. بە ناوی خۆی، ئەم ناوانەی دەنووسی:

ـ (بدیع الزمان سەعیدی کوردی)، وەك لە چەندین ژمارەی گۆڤاری (وولقان)[١٢٦] و گۆڤاری (سەربەستی)دا بەدی دەکرێ.

بەندە کۆپی ژمارەیەك لە گۆڤارەکانی (وولقان) زمانحاڵی ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی)م لەلایە، کە چەندین وتاری نورسییان لەسەرە بە واژۆی (بدیع الزمان سەعید کوردی). ژمارەکانی: (٧٠، ٧٥، ٨٣، ٨٤، ٩٠، ٩١، ٩٧، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٧، ١١٠)، کە ساڵی (١٩٠٩ز) دەرچوون.

---

١٢٥ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕێکخراوە، بڕوانە: کۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی کورد، مالمیسانژ، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: ٣٦–٣٨، هەروەها: خەباتی کوردو ڕەهەندی ئیسلامیی، عمر عبد العزيز. ◙

١٢٦ پێشتر وتمان: (وولقان) وشەیەکی تورکییە بە مانای گڕکان. گۆڤارەکە زمانحاڵی (ئیتتیحادی محەممەدی) بوو.

هەروەها ژمارە (١٥٤)ی گۆڤاری (سەربەستی)، کە لە نیسانی (١٩٠٩ز) دەرچووە. بەڵام لە کاتی وەرگێڕانی هەندێك لەم وتارانەدا بۆ عەرەبی، وشەی (سەعید کوردی) کراوە بە (سەعید نورسی). کە ئەمە پێچەوانەی کاری زانستییو ئەمانەتی عیلمییە، چونکە ئەو واژۆیانەی پەیوەندییان بە قۆناغی (سەعیدی یەکەم)ەوە هەیە، هەر نازناوێکیان لەسەرە، هەق وایە وەك خۆی نەقڵ بکرێت.

ئەم واژۆیانەی (سەعیدی کوردی) لەسەر ژمارەیەك گۆڤارو ڕۆژنامەی هەڵگیراوی پارێزراون، لەو بابەتە کتێبو دەستنووسانە نین، کە بوترێ: سەعید نورسی خۆی دەسکاریی کردوونو گۆڕیونی.!

ـ (مەلا سەعید)، وەك لە گۆڤاری (کورد)ی زمانحاڵی (کۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی کورد)دا دەبینرێ.[١٢٧]

ـ (مەلا سەعیدی مەشهور)، وەك لە گۆڤاری (شرقو کوردستان)دا دەبینرێ.[١٢٨]

ـ (بدیع الزمان کوردی)، وەك لە گۆڤاری (شورای ئوممەت)دا لە ژمارە (٤٦–١٤٠)ی مانگی تشرینی دووەمی (١٩٠٨ز)دا وتاری بەو ناوەوە بڵاو کردووەتەوە.[١٢٩] هەروەها سەعیدی کوردی، وەك لە ڕۆژنامەی (إقدام)دا هەیە.

---

١٢٧ بڕوانە: پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکان، ژمارە (٢٢)، کە کۆپی وتارێکی سەعید نورسییە بە زمانی کوردی، لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (کورد)دا، بە ناونیشانی (زمانمان کوردییە)، کە لە تشرینی دووەمی (١٩٠٨ز) دەرچووە، تەنها ناونیشانەکەی بە تورکی نوسراوە: (لسانمز کوردچە).

١٢٨ بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (١٣)ی پاشکۆی وێنەکان، کە کۆپی وتارێکی نورسییە، لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (شرقو کوردستان)، لە تشرینی دووەمی (١٩٠٨ز)، بە ناونیشانی (کوردەکان نیازمەندن)، بە واژووی (مەلا سەعیدی مەشهور).

**٤ـ بەشێك لە ناونیشانی وتارەکانی نورسی، لە ڕۆژنامەکاندا:**

**یەکەم/** لە ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (شەرق و کوردستان)دا، ساڵی (١٩٠٨ن) لە ژێر ناونیشانی (کوردەکان دیسانەوە موحتاجن)، بە ئیمزای (مەلا سەعیدی مەشهور)، وتارێکی نووسیوە، تیایدا ڕەخنە لە حکومەت دەگرێ کە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا، منداڵانی کورد تەنها زمانی تورکییان فێر دەکرێ‌و بە زمانی کوردیی وانەکان ناخوێنن. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زانست‌و زانیاریی فێر نەبن، چونکە خوێندن بە زمانی خۆیان نیە. ئەمەش کێشەو گرفت دروست دەکات.

لە کۆتاییدا داوا دەکات بۆ سەلماندنی عەدالەتی دەوڵەت‌و بەرەو پێشبردنی شارستانێتی، دەبێ قوتابخانە بە زمانی کوردیی لە شارە کوردییەکاندا بکرێتەوەو خوێدنگە زانستییەکان بەهێز بکرێن‌و پشتیوانییان لێ بکرێت.[130]

**دووەم/** وتاری (حمیدیە آلایلرینە دائر بیان حقیقت)، لە ڕۆژنامەی (شورای ئوممەت)، لە (١٩٠٨/١١/٦ن)، بە واژۆی بدیع الزمان کوردی.

**سێیەم/** وتاری (زمانمان کوردییە)، لە ڕۆژنامەی (کورد) زمانحاڵی (کۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەققی کورد)، (لە ١٩٠٨/١١/٢٢ن)، بە واژۆی مەلا سەعید.

**چوارەم/** لە ژمارەی (١٧ـ ١٢ـ ١٣٢٦ك/ ٩ـ١ـ ١٩٠٩ن)ی ڕۆژنامەی کورد، باسی کورد دەکاو ڕوو بە زانایان دەدوێ، بە واژۆی مەلا سەعیدی کوردی.

---

١٢٩ بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣)ی پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکان، کە وێنەی وتارێکی نورسییە لە ژمارە (٤٦–١٤٠)ی مانگی تشرینی دووەمی (١٩٠٨ن)، لە گۆڤاری (شورای ئوممەت)دا، بە واژۆی (بدیع الزمان کوردی).◙

١٣٠ ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (شەرق‌و کوردستان)، (١٩)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٠٨ن)، ئەستەمبوڵ. پێشتر وتمان: ئەم ڕۆژنامەیە هی سەردەمی (مەشروتیەت) بوو، هەفتانە دوو ژمارەی لێ دەردەچوو. ◙

**پێنجەم/** هەمان ژمارەی سەرەوە، باسی شارستانیەتو کێشەی تێگەیشتن دەکات، بە واژۆی سەعیدی کوری.

**شەشەم/** وتاری (کوردو عوسمانی) لە ڕۆژنامەی (إقدام)، ژمارە (٨٢٧٣)، لە (١٩٢٠/٣/٧ن)، بە واژۆی: لە لایەن زانایانی کوردەوە، سەعیدی کوردی.

**حەوتەم/** وتاری (کوردەکانو ئیسلامیەت)، لە ژمارە (٤٦١)ی ڕۆژنامەی (سبیل الرشاد) لە (١٩٢٠/٣/١٧ن).

**هەشتەم/** بە پێی بەدواداچوونێکم بۆ ڕادەی نووسینە ڕۆژنامەوانییەکانی نورسی، پێم وایە زۆرترین وتاری لە گۆڤاری (وولقان)ی زمانحاڵی (ئیتتیحادی محەممەدی) بڵاوکردبێتەوە. ئەمەی خوارەوە ناونیشانی گرنگترین ئەو وتارانەن:[131]

١ـ وتاری (حەقیقەت)، لە ژمارە (٧٠)ی (١٩٠٩/٣/١١ن)، بە ئیمزای (بدیع الزمان سەعیدی کوردی). بەڵام لە وەرگێڕراوە عەرەبیو تورکییەکان کراوە بە سەعیدی نورسیو بە شیعرێکی کوردیی (مەلا ئەحمەدی جزیری)ش دەست پێدەکات، ئەو شیعرە کوردییەش لادراوە. ![132]

---

١٣١ بەڕێز عوسمان ڕەسولان، لە کتێبی (وتارەکانی بدیع الزمان لە (وولقان)دا)، کە ناوەندی (نەوبەهار)، ساڵی (١٩٩٤ن) بڵاوی کردووەتەوە، تەواوی وتارەکانی نورسی کۆکردووەتەوە. ◘

١٣٢ بۆ نموونەی ئەو گۆڕانکارییە، بڕوانە: رسائل النور، إحسان الصالحی، بەرگی (٨) لاپەڕە (٥٢٧) . ◘

٢ـ وتاری (یاشاسین شریعت غرا)، که ئاراستەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیای کردووە، لە ژمارە (٧٧)ی (١٤/٣/١٩٠٩ز)، بە ئیمزای بدیع الزمان سەعیدی کوردی.[١٣٣]

٣ـ وتاری (یشاسون شریعت أحمدی)، لە ژمارە (٧٧)ی (١٨/٣/١٩٠٩ز).[١٣٤]

٤ـ دوو وتاری (کردینك فهرسته مقاصدی) پێڕستی داواکارییەکانی کوردان، لە ژمارە (٨٣) و (٨٤)ی مانگی ئازاری (١٩٠٩ز).

٥ـ وتاری (صدای حقیقت)، لە ژمارە (٨٩)ی (٢٧/٣/١٩٠٩ز).

٦ـ وتاری (رد الأوهام)، لە ژمارە (٩٠)ی (٣١/٣/١٩٠٩ز). بە واژۆی: ئەندامێکی بچوکی (ئیتتیحادی محەممەدی) بدیع الزمان، کوردی، سەعید.[١٣٥]

٧ـ وتاری (ضیای حقیقت)، لە ژمارە (٩٧)ی (٧/٤/١٩٠٩ز)، بە واژۆی بدیع الزمان سەعیدی کوردی، کە باسی ڕێکخراوی ئیتتیحادی محەممەدی دەکات.

٨ـ وتاری (لمعان حقیقتو إزالەی شبهات)، لە ژمارە (١٠١) بە دواوە، لە (١١/٤/١٩٠٩ز)، بە واژۆی بدیع الزمان سەعیدی کوردی.

٩ـ وتاری (قهرمان عسکرلریمزه)، کە ئاراستەی سوپای کردووە، لە ژمارە ( ١٠٧)ی (١٥/٤/١٩٠٩ز)، بە واژۆی بدیع الزمان سەعیدی کوردی.

١٠ـ وتاری (عساکره خطاب)، لە ژمارە (١١٠)ی (٢٠/٤/١٩٠٩ز)، بە هەمان جۆر ڕوو بە سوپا قسە دەکات، بە واژۆی بدیع الزمان سەعیدی نورسی.

---

١٣٣ ئەم وتارەش لە (کلیات) (٥٣٨/٨) هەیە، بەڵام ئیمزاکەی (بدیع الزمان سەعیدی کوردی) بووە بە (سەعیدی نورسی).

١٣٤ ئەویش پەرەگرافێکی لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی (رسائل النور) (٥٣١/٨) لێ لادراوەو ئیمزاکەش بە هەمان شێوە گۆڕاوە.

١٣٥ لە وەرگێڕراوە عەرەبییەکەی (رسائل النور)، (٥٣٣/٨)، نیوەی وتارەکە لا دراوەو ئیمزاکەش کراوەتە (سەعیدی نورسی).

ئەمە جگە لەو وتارانەی کە دواتر لە زۆر ڕۆژنامەو گۆڤاردا بڵاو بوونەتەوە، تەنانەت زۆر جار لەسەر وتارێك دراوە بە دادگا، بۆ نموونە: ساڵی (١٩٥٣ز) لەسەر وتارێك کە بە ناونیشانی (گەورەترین بەڵگە) لە ڕۆژنامەی (الجهاد الأكبر)دا بڵاوی کردەوە، لە دادگای شاری (سامسۆن) سکاڵای لەسەر تۆمار کراو لە ئەستەمبوڵ دادگایی کرا، بەڵام داکۆکییەکی بەهێزی لە خۆی کردو بەبێ تاوان دەرچوو.

**٥ـ نموونەی چەند وتارێکی نورسی دەربارەی دۆزی کوردو زمانی کوردیی‌و پرسەکانی کوردستان:**

مامۆستا نورسی لە سەرەتای سەدەی بیستەمداو لەگەڵ سەرهەڵدانی پرۆسەی مەشروتیەتدا، چالاکیی ڕۆژنامەوانیی زیادی کردو لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە بەربڵاوەکانی ئەو سەردەمەدا وتاری هەیە، بە تایبەتی گۆڤاری (وولقان)، (سبيل الرشاد)، (کوردستان)، (إقدام)، (سەربەستی)، (کورد)و (میزان)و چەندینی تر، زۆربەی وتارەکانیشی لە ئاقاری ناساندنی پرسی کورد بوون، بە ناوەندە ڕووناکبیرییە تورکییەکان.

لەم بەشەدا چەند نموونەیەك لەو وتارانە بڵاو دەکەمەوە، کە زۆر تیشکیان نەخراونەتە سەر:

**ا ـ وتاری (ئەی گەلی کوردان!)**

پێشتر وتمان: ژمارەیەك لە کوردانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ کۆمەڵـەی (تەعاون‌و تەرەققی کورد)یان پێکهێناو ڕۆژنامەی (کورد)یان دەرکرد. یەکەم ژمارەی لە (١١)ی (ذوالعقدة)ی ساڵی (١٣٢٦ك)، بەرامبەر (١٩٠٨/١٢/٤ز)، لە ئەستەمبوڵ چاپ کرا. مامۆستا سەعید نورسی لە زۆرێك لە ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیەدا، وتارو بابەتی نووسیوەو زۆربەشیان وتاری سیاسی ـ کۆمەڵایەتین. هەر لە یەکەم ژمارەیدا دەستی کردە نووسین‌و

سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژنامەکە بابەتەکانی بە تورکی بڵاو دەکرانەوە، بەڵام ئەو لە یەکەم ژمارەیدا وتارێکی گرنگی بە زمانی کوردیی، شێوەی کرمانجی سەروو، بڵاو کردەوەو بە پوختییو کوردیی کێشەی میللەتەکەیو ڕێگاچارەی خستە ڕوو. لە بەشێك لەو وتارەیدا مامۆستا نورسی دەڵێت:

"ئەی گەلی کوردان! لە (ڕێککەوتن)دا (هێز) هەیە. لە (یەکگرتن)دا (ژیان) هەیە. لە (برایەتی)دا (کامەرانیی) هەیە. لە (حکومەت)دا (سەلامەتی) هەیە. دەبا بە یەکگرتن گوریسی خۆشەویستییەکەمان پتەوتر بکەین، تاکو لەم نەهامەتییانە ڕزگارمان ببێت. با من شتێك بە ئێوە بڵێم: با هەموومان بزانین کە سێ (گەوهەر)مان هەن، پاراستنیان ئەرکی سەرشانمانە:
یەکەم: (ئیسلامییەت)، کە خوێنی هەزاران هەزار شەهید لە پێناویدا ڕژاوە.
دووەم: (ئینسانییەت)، کە دەبێ عاقڵانەو جوامێرانە خزمەتی بکەین.
سێیەم: (نەتەوایەتیی) میللییەتی ئێمە، کە تایبەتمەندییو (مەزییەت)ی داوە پێمانو دەبێت ڕۆحی مردووەکانمان لەناو گۆڕدا شاد بکەین.

ئێمە سێ دوژمنیشمان هەن، کە حاڵی ئێمەیان شێواندووە:
یەکەم: فەقیریی‌و هەژاریی. ئێستە چل هەزار حەماڵ لە ئەستەمبوڵ (لە کوردە ئاوارەکان) هەن.
دووەم: نەخوێندەواریی، بەڵگەش ئەوەیە کە لە هەزار کەسمان، یەکێك ڕۆژنامەی بۆ ناخوێنرێتەوە.
سێیەم: دوژمنایەتییو ناکۆکیی نێوان خۆمان، کە هۆی لەناوبردنی هێزمانە.

سەرەڕای ئەمانەش حکومەت بێ بەزەییانە کەوتووەتە گیانمانو زوڵممان لێ دەکات.."پاشان بەوە کۆتایی بە وتارەکەی دێنێت کە: "دەبێت بە ئێمە چارەسەری ئەم پەتایانە بکەین، دەبێ بە شمشێری ئەڵماسین،

پارێزگاریی له سێ گەوهەرەکەمان بکەین‌و ، ئەو سێ دوژمنەش ڕامـاڵین. ئـەو شمشـێرەش بریتییــە لــە ١ــ دادپــەروەریی‌و خوێنــدن‌و زانـین، ٢ــ یەکگرتن‌و خۆشەویسایی، ٣ــ تاك به دەستی خـۆی کـاری خـۆی بکـات‌و چاوی له دەستی خەڵك نەبێت. "[١٣٦]

کۆتایی وتارەکەی به ئیمزای (مەلا سەعید) هێناوه.

## ب ـ کوردەکان چیان دەوێت؟

له ژماره (٢)ی ڕۆژنامەی (کورد)داو به ئیمزای (سەعیدی کوردی)، له ژێر ناونیشانی پرسیارێکدا که (کوردەکان چییان دەوێ)؟، بابەتێك دەوروژێنێ‌و مەزلۆمیەتی گەلەکەی دەخاتە ڕوو. هەروەها دەیسەلمێنێت که حکومەتی تورکیا به دەم کێشەی نەتەوەکانەوە ناچێت. نورسی دەڵێت: "من زیاتر له پانزه ساڵه بیر لەم پرسیاره دەکەمەوەو ڕۆشنایی وەڵامێك نابینم: (کوردەکان چییان دەوێت؟)، من وا دەزانم دوو شت چارەنووسی کوردستان دەکرێتەوە: یەکەم: (یەکگرتنی نیشتمانیی)، دووەم: (زیادکردنی زانست‌و هونەرە ژیاریی‌و شارستانییەکان)، شانبەشانی مەنهەجی (زانستە ئیسلامییەکان)، چونکه (ئیختیلاف‌و دوودەستەیی) لەگەڵ (بێ ئاگایی له هونەرو زانستە هاوچەرخەکان)، دوو هۆکاری سەرەکیی دواکەوتنی کوردەکانه."[١٣٧]

وا بـزانم وردەکـاریی‌و بیرتیـژیی ئـەم زانـا پایـە بـەرزه لـە دیـاریکردنی جەمسەری کێشـەی گەلەکەیـدا، لـە ڕادەیەکدایـە کـە قسـە لەسـەرکردنی زیاتری پێویست نەبێت.

---

[١٣٦] ڕۆژنامەی (کورد) ئۆرگانی کۆمەڵەی (تەعاون‌و تەرەققی) کورد، ئەستەمبوڵ. ژماره (١)، (١٩)ی تشرینی یەکەمی (١٩٠٨ز).

[١٣٧] ڕۆژنامەی (کورد)، ئەستەمبوڵ، ژماره (٢).

## ج ـ کوردەکان بۆچی موحتاجن؟[١٣٨]

لە سەرەتای نووسینەکەی نورسیدا، موحەرریری ڕۆژنامەی (شەرق‌و کوردستان) نووسیویەتی: "ئەوەی تا ئێستا کوردەکانی لەناوبردووە، دوو بەڵای گەورە بوون: یەکێکیان: ناکۆکیی ناوخۆییە، ئەوی تریشیان حەقنەدانە بە بڵاوکردنەوەی مەعریفەو تەعمیم نەکردنی وەکو پێویست. بەرامبەر ئەم دوو بەڵا ئیستیبدادییە، (بدیع الزمان) مەلا سەعید ئەفەندی بەرەنگاریان بووەتەوە، یەکێك لەو وێنە (لائحة)انە کە جێی فەخرە وەك خۆی پێشکەش دەکەین" نورسی دەڵێت:

"میللەتی عوسمانیی توخمێکی گرنگە لە پێکهاتەی کوردستاندا، بەڵام من هەندێك شت دەخوازم کە لای حکومەتیش ئاشکران، ئەویش خزمەتی عیلمی پیرۆزو دابینکردنی پێویستییەکانیەتی. لەم جیهانەداو لەم سەردەمی گەشەو پێشبڕکێیەدا، کە هەرچی برامان هەن پێش دەکەون، هەوڵەکانی حکومەت‌و هیممەتی لە کورستاندا، لە لادێ‌و شارۆچکەکاندا، دەرخستووە. سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانە، جێی سوپاسە، بەڵام مناڵەکانمان تەنها زمانی کوردیی فێر ئەکرێن. ئەو منداڵانە کە زمانی تورکیی نازانن، ناتوانن لە قوتابخانەکان بخوێنن، چونکە بە زمانی خۆیان نیە، بەم شێوەیەش لە زانست‌و مەعریفە بێبەش ئەبن. ئەمەش وەحشەت‌و کێشمەکێش دروست دەکات‌و درێژ دەبێتەوە، ئەوکاتەش خەڵکانێکی سەرەتایی‌و چاولێکەر لەژێر کاریگەریی خەیاڵات‌و ئەوهام‌و گومانی دروستکراوی کەسانی تردا دەمێننەوە.

---

١٣٨ ڕۆژنامەی (شرق و کردستان)، ژمارە (١)، لە (١٩) تشرینی دووەمی (١٩٠٨ز).

جاران هەر کەسێك بە جۆرێك بۆ کوردی ئەڕوانی، هەرچی ئیمڕۆیە بە تێگەیشتنەوە بۆ ئەم حاڵەتە دەڕوانرێو سوودیشی پێدەگەیەنرێ. کەچی لە پاڵ ئەمەدا (أهل...) هەر بیر لەوە دەکەنەوەو پلانی ئەوە دەکێشن کە لە داهاتوودا گوررزێکی گران لە کورد بدەن. ئەمەش خەڵکانی بەرچاوڕوونی داخدار کردووە. چارەی ئەمەش نموونەکانی جارانە لە گۆڕانکارییو دۆزینەوەی ڕێگەی هاندانو (تەشویقو تەرغیب)، ئەوەتا چۆن (بیت الشباب) توانی ـ سەرەڕای جیاوازیی لە هەندێ خاڵدا ـ (ئەرتەشیو عەشائری) مەرکەزیی دروست بکات! شوێنەکانی تریش: مواصکان، بلکان، محاصون، لە ناوەندیش کاکانو صیدران لە (وان)یشدا، ناوی قوتابخانە باو بووەو زانستە ئاینییو هونەرە نوێ پێویستەکانی تێدا دەخوێنرا. هیچ نەبێ هەر یەکی پەنجا قوتابییەکی تێدا بووەو حکومەتیش بەشێوازی خۆی، ژیانو بژێویی دابین کردوون، لەگەڵ ئەمەشدا خەریکی کردنەوەی سێ (دار التعليم) بوون. ئێستەش زیندووکردنەوەی ئەم قوتابخانانە، بۆ بوژاندنەوەی ژیانی ماددیو مەعنەوی داهاتووی خەڵك، گرنگترین هۆکاری بڕوادارە. بەمەش بناغەی (معارف) بنیات دەنرێ، بەم پرەنسیبەش یەکگرتن دروستدەبێتو جیاوازییو پەرتەوازەیی پشتشکێن لەناودەچێت. گەر حکومەتیش دەستی یارمەتیی درێژ نەکاتو ئەم کێشەیە لە دەرەوەی کاری خۆی دابنێ، ئیتر چۆن پیشانی دەدات کە دادگەرەو شایستەی مەدەنییەتە.

مەلا سەعیدی مەشهور

## ٦ـ نورسیو بابەتی وازهێنان لە سیاسەت:

زۆرجار ئەو ڕاستییە دووبارە کراوەتەوە کە لـە تورکیـادا بەشـێکی زۆر لە مێژووی کەسایەتییە کوردەکان پەردەپۆش کـراوەو لـە دوای شـەپۆلی ڕەگەزپەرسـتانی تـورانیزم، ڕاسـتییەکان لــە هــەرکات زیـاتر ئـاوەژوو کراونەتەوە، یان شێوێنراون.

مامۆستا (سەعیدی نورسی) ـ کە لە دەیەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا ژیاوەو بە ناوی (سەعیدی کوردی) یان (مەلا سەعیدی کوردی) لە زۆرێك لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بابەتی بڵاو بووەتەوە- یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەو فەرامۆشکارییە. ڕاستە بەشێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکان پەیوەندیی بە هەڵوێستی خودی (نورسی)یەوە هەیە، کە لە پاش ساڵانی (١٩٢٦)وە، تا ڕادەیەك ڕچەی سیاسی خۆی گۆڕیوەو بارودۆخە ئاڵۆزو هیوابڕەکەی ئەو سەردەمەی تورکیا، وایلێکردووە کە لە بەشداری چالاکییە سیاسییەکاندا ڕێبازێکی نوێ بگرێتە پێش، من دەڵێم ڕێبازێکی نوێ، چونکە قەناعەتم وا نیە کە نورسی لە هیچ سەردەمێکی ژیانیدا بە تەواویی وازی لە سیاسەت هێنابێت، کارو چالاکییەکانی قۆناغی سەعیدی دووەمو دەیەی کۆتایی ژیانیشی ـ کە هەندێ کەس بە سەعیدی سێیەم ناوزەدیان کردووە ـ ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە.

لە ڕاستیدا نورسی سێ دەورانی سیاسی زۆر ئاڵۆزی بینیوە: سەردەمی سیستمی مەشروتیەت، سەردەمی ڕژێمی ئیتتیحادو تەرەققی، لەگەڵ سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری. ڕاستە ئەو لە نائومێدییەکی کاتییو بێزارییەکی ساڵانی سییەکانی تورکیادا، دوورکەوتنەوەی خۆی لە سیاسەتی درۆو سیاسەتی چەواشەو سیاسەتی ستەمو فروفێڵ، دەربڕیو دروشمی (أعوذ بالله من الشیطان والسیاسة)ی بەرز کردەوە. بەپێی نامەیەکی

خۆی کە نورسی لە (ئەمیرداغ) لە ساڵانی (١٩٤٤ز) بە دواوە نووسیویەتی، دەڵێت: "هۆکاری وازهێنانم لە سیاسەت، پێش (٣٠) ساڵ، ئەوە بوو کە زانایەکی بەڕێز، دەماری حزبایەتیی بۆ ڕەوتەکەی خۆی زاڵ بوو بوو، بۆیە بە بێڕێزیی دەیڕوانییە زانایەکی پیاوچاکی بەڕێزی تر، تا سنووری بەکافردانانی، تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ بیری ئەو نەبوو، بەڵام زۆر دەیخوێند بە باڵای کەسێکی دووڕووی دەستڕێژکاری بەناوبانگدا، تەنها لەبەر ئەوەی هاوبیری خۆی بوو. ئەم هەڵوێستە دایچڵەکاندمو لە ناخی دڵمەوە پێی بێزار بووم.. بۆیە وتم: (أعوذ بالله من الشيطان والسياسة): پەنا ئەگرم بە خوا لە شەیتانو سیاسەت. لەو کاتەشەوە وازم لە سیاسەت هێنا.."[139]

بەڵام بە ڕاستیی بە سەیرکردنێکی سەرپێیی ژیانی نورسی، دڵنیا دەبینەوە کە خۆی لە سەدا سەد بەو دروشمەوە پابەند نەبووە، بەڵگە زۆرنو بەندە بە بێ توێژینەوەیەکی قووڵ، تەنها ئەم چەند خاڵە دەخەمە ڕوو:

- نورسی لە (١٩٢٦ز) وە تا پەنجاکان، واتە بە درێژایی (٣٠) ساڵی سەعیدی دووەم بە کردەیی (موعارەزەی سیاسی) دەسەڵاتی تورکیا بووە.
- بەردەوام لە گیرانو ڕاگواستنو لێپرسینەوەو هەڕەشەلێکردندا بووە.
- لە مورافەعەکانی دادگایدا، دژی ستەمی دەوڵەت دواوەو خەڵکیشی دژی هانداوە.

---

١٣٩ المكتوبات، النورسي، لا: ٣٤٦، لە جێیەکی تر دەڵێت: "لەگەڵ وازهێنانم لە جگەرەکێشان وازم لە سیاسەتیش هێنا" (المكتوبات، لا: ٧٦) هەروەها: سيرة بديع الزمان سعيد النورسي، بلسانه وأقلام تلامذته. دار الأنوار، إسطنبول، ٢٠١٦ز)، لا: ٦٥٨. ڕاستە مامۆستا نورسی ئەمە دەڵێت، بەڵام هۆکارەکان زۆر لەوە زیاترن، تەنانەت خۆی ئاماژە بە چەندین نموونەی تر دەکات. ◘

ـ هەندێ تێبینی نەبێ لەسەر نووسینەکانی سەردەمی یەکەمی ژیانی (واتە سەعیدی یەکەم)، بە گشتیی بەرهەمو هەوڵو خەباتی خۆی ڕەد نەکردووەتەوە، تەنانەت ڕاسپاردەشی هەیە کە گرنگیی بە کتێبە پێشووەکانی بدەن.

ــ لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە لە پەنجاکانداو لە گەرمەی نووسینەوەی (پەیامەکانی نور)دا، بەشداریی هەڵبژاردنەکانی تورکیای کردوووەو دەنگی بە (دیموکراتەکان) داوەو فتوای داوە کە دەنگیان پێ بدرێ، دژی (پارتی گەل).

ــ خوێندنەوەو چاوخشاندنی بە ڕۆژنامەکاندا بەردەوام بووەو بەدواداچوونی ڕووداوە ناوخۆییو جیهانییەکانی کردووە. لەم بارەیەوە بەڵگەی شایەتەکانی زۆرە، بۆ نموونە: یەکێك لە قوتابییەکانی بە ناوی (مستەفا ئاچیت) دەڵێت: "مامۆستا زۆر بە بایەخەوە بە دوای ئەو هەواڵانەدا دەچوو، کە لە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە جیهانی ئیسلامیی بڵاودەکرانەوە. داوای لێدەکردین ڕۆژنامەکانی (بیوك دوغو)، (حورِ ئادەم)، (أهل السنة)و (بیوك جهاد)ی بۆ بخوێنینەوە، جاری وابوو من بەو ئەرکە هەڵدەستام."[١٤٠]

ـ لەم بارەیەوە دۆستێکی نزیکی مامۆستا نورسی، بە ناوی (محەممەد چالیشقان) (١٩٠٥ـ١٩٨٤ز) کە خەڵکی (ئەمیرداغ)ەو (١٥) ساڵ هاوڕێیەتی مامۆستای کردووە، دەڵێت: "مامۆستا ئەو کاتەی لە (ئەمیرداغ) دەژیا، (ساڵی (١٩٤٤ز)، چەندین نامەو دەستوری کۆمەڵایەتییو سیاسی نووسی، بۆ نموونە: ئەو نامانەی چوار حزبەکەی شیتەڵ دەکرد، (مەبەست حزبەکانی گەلی کۆماریو حزبی دیموکراتیو حزبی ئوممەتو حزبی ئیتتیحادو تەرەققی یە)، لە (ئەمیرداغ) نووسی.."

١٤٠ دواهەمین شایەتەکان، ١٥٨/٣.

هەروەها دەربارەی گرنگیدانی سەعید نورسی بە هەواڵە سیاسییەکانو بەدواداچوونی ڕۆژنامەکان، لەو ساڵانەدا، کە ساڵانی سەعیدی دووەمیشە، ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیست، دەڵێت: "دوای ساڵەکانی پەنجاو دوابەدوای ڕۆژەکانی بەندیخانەی (ئەفیون)، مامۆستا داوای لێکردین کە ڕۆژنامە بکڕینو بیانخوێنینەوە. پێشتر قسەی سیاسیو کۆمەڵایەتیمان لیێ نەبیستبوو، بەڵام لەم دواییانەدا نامەی سیاسی دەنووسی، چەند ڕۆژنامەیەکیشمان دەکڕیو لە گیرفانماندا دەمانشاردنەوەو دەمانهێنان بۆ مامۆستا. پاشان دەهاتو لە لای ڕۆژنامەفرۆشەکاندا ڕادەوەستاو ئاماژەی بۆ ئەو بابەتو وتارانە دەکرد تا بیخوێنینەوە."

(محەممەد چالیشقان) ئەوەش ناشارێتەوە کە کاتێك لقی (ئەمیرداغ)ی (حزبی دیموکرات)، داوایان لێکردووە ببێتە ئەندامی ئەو حزبە، ڕاوێـژی بـە مامۆستا نورسی کردووە، ئەویش ڕێگەی پێداوە، بۆ خۆی دەڵێت: "منیان بانگێشت کرد، تا لەو حزبەدا بەشداریی بکەم، دوای ئەوە کە ڕەزامەندیی مامۆستام وەرگرت، لە حزبدا ناوم تۆمار کرد."[١٤١]

ـ هەر لە (ئەمیرداغ) لە ساڵانی (١٩٤٤ بۆ ١٩٤٨ز) نامەیەکی دوورو درێژی نووسی بۆ وەزیری پێشووی ناوخۆ (حیلمی)، کە بووبووە سکرتێری حزبی گەلی کۆماری، ئەو حزبەی کە کەمال ئەتاتورك پاش ڕووخانی عوسمانیی دایمەزراند، تیایدا سەرنجو ئامۆژگارییەکانی خۆی تۆمار کردبوو.[١٤٢]

ـ ساڵانی (١٩٥٠ ـ ١٩٥٣ز) گرنگییەکی زۆری دەدا بە جەنگی بەناوبانگی (کۆریا)و بەردەوام گوێی لە ڕادیۆ دەگرت، چونکە تورکیا بە چوار لیوای

---

١٤١ دواهەمین شایەتەکان، ٣٦٦/٢ـ ٣٦٨.

١٤٢ دەقی ئەو نامەیە لە (سيرة بديع الزمان، سعيد النورسي بلسانه وأقلام تلامذته)، لا: (٦٣٦) تا (٦٤٤) بڵاو کراوەتەوە.

سەربازیی (زیاتر لە "٢١" هەزار سەرباز بەشداریی کرد)و پشتیوانیی لە کۆریای باشور کرد دژی کۆریای باکور، کە وڵاتی (چین) پشتیوانیی لێدەکردو هێرشیان کردبووە سەر کۆریای باشور، تورکەکان لە شاری (کۆنری) کۆریا، سەرکەوتنیان بەدەستهێناو نورسی زۆر دڵخۆش بوو بەو هەواڵە.[١٤٣]

ـ لەو ساڵانەدا ـ (١٩٥٠ز) بە دواوە ـ یەکێك لە قوتابییە زۆر نزیکەکانی ـ کە (مستەفا سونگور) بوو ـ کردە بەرپرسی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەرپرسانی میریی‌و هێنان‌و بردنی نامەو نووسراوەکان. هەروەك قوتابییەکی تری بە ناوی (زوبەیر) کردە بەرپرسی کڕین‌و خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان‌و ئامادەو پوختەکردنی هەواڵە ڕۆژانەکان.

ـ ساڵی (١٩٥٠ز) کە عەدنان مەندرێس بوو بە سەرۆك وەزیرانی تورکیا، مامۆستا نورسی بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ ناردو تیایدا هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها نامەیەکی شەش لاپەڕەیی بۆ نووسی‌و تیایدا چەند ئامۆژگارییەکی دەکات‌و پشتیوانی بۆ دیموکراتەکان دەردەخات‌و ناویان دەنێت: پشتیوانانی دینداریی‌و ئازادیی.! شایانی باسە سەرۆك کۆمار وەڵامی بروسکەکەی نورسی دایەوە.[١٤٤]

ـ ساڵی (١٩٥١ز) کتێبی (ذو الفقار)ی خۆی، بە دیاریی نارد بۆ پاپای ڤاتیکان‌و پاپا لە (١٩٥١/٢/٢٢ز) وەڵامی دایەوەو سوپاسنامەی بۆ نارد.[١٤٥]

---

١٤٣ قوتابی نورسی (ئەحمەد ئۆرفەلی) ـ لە شایەتەکان ـ باسی ئەم ڕووداوە دەکات، بڕوانە: (دواهەمین شایەتەکان، ٣/١٥٨).

١٤٤ لە (سيرة بديع الزمان، سعيد النورسي بلسانه وأقلام تلامذته)، لا: ٧٨٣ بۆ ٧٨٩، دەقی نامەکە بڵاو بووەتەوە.

١٤٥ ئەم کتێبە (٥٥٠) لاپەڕەو چەند کتێبێکی لەخۆ گرتووە، کە بریتین لە: ا ـ رسالة المعجزات القرآنية وذيولها ب ـ رسالة المعجزات الأحمدية وذيولها ◄

ـ ساڵی (١٩٥٢ز) لەسەر ئەوەی پۆلیسی (ئـەمیرداغ) زۆری لێکـرد کـە مشـکییە کوردەوارییەکەی سەری لاباتو شەبقەی ئەورووپی لەسەر بکات، سکاڵانامەیەکی نووسیو وێنەی لێنارد بۆ وەزارەتی دادو ناوخۆو پەرلەمانی تورکیا.

ـ هەمان ساڵی (١٩٥٢ز) دیداری کرد لەگەڵ (عەلی ئەکبەر شا)، بریکاری وەزارەتی پەروەردەی پاکستان، کە وتارێکی کاریگەریی دەربارەی نورسی پێشکەش کرد، کە گەڕایشەوە بۆ پاکستان، فەرمانی دا کە پەیامەکانی نور وەرگێڕرێن بۆ زمانی ئۆردو و هەندێکیشیان بکرێنە پرۆگرامی خوێندن.

ـ ساڵی (١٩٥٣ز) لە ئاهەنگی (٥٠٠) ساڵەی ئازادکردنی (قسطنطينية)دا، لە شاری ئەستەمبوڵ، دیدارێکی لەگەڵ بەتریرەکی ڕۆم (ئاشنۆ کراس) دا ئەنجام دا.[١٤٦]

ـ ساڵی (١٩٥٧ز) عەدنان مەندرێس (سەرۆك وەزیرانی تورکیا) لە بانگەشەی هەڵبژاردندا هاتە دەرەوەو دەستی کرد بە گەڕان. مامۆستا (نورسی)ش چوو بۆ ڕێگەی (بولفادین) چاوەڕێی (مەندرێس)ی کرد، بەوێدا تێپەڕیو بڕوات بۆ (ئەمیرداغ)..[١٤٧]

ـ هەر لە ساڵی (١٩٥٧ز)دا ـ واتە تەنها دوو ساڵ پێش وەفاتی ـ لایەنگرانی خۆی هان دا بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژارنە پەرلەمانییەکەی ئەو ساڵەو دەنگی دا بە (حزبی دیموکرات)و داوای کرد لە لایەنگرانیشی کە دەنگ بە

---

▶ ج ـ المقالة العاشرة: رسالة الحشر وذيولها). تەوەری هەموویان داکۆکییە لە ڕاستیەکانی قورئان. ◘

١٤٦ عبدالقادر بادیللی ـ قوتابی نورسی ـ ئەمە باس دەکاتو دەقی گفتوگۆیەکیش دێنیت کە لە نێوان نورسیو ناوبراودا بووە. بڕوانە: (الرجل والإعصار)، إحسان الصالحی، لا: ٩٠. ◘

١٤٧ هەمان سەرچاوە، ٢/٤٣٠.

لیستی ئەو حزبە بدەن، لە دژی (حزبی گەلی کۆماریی)، تەنانەت داوای لە هەندێك كەس لە قوتابیانی کرد کە خۆیان بپاڵێون بۆ پەرلەمان، وەك: تەکلیفکردنی لە (غیاث الدین ئەمره)، کە لە لیستی قەوارەی (حزبی دیموکرات)دا خۆی کاندید بکات بۆ نوێنەرایەتیی شاری (بتلیس)،[١٤٨] بە مەرجێك حزبی دیموکراتیش ئیسلامیی نەبوو، بەڵام بە حزبێکی موحافیزکار دەژمێردرا، لەچاو حزبی کۆماریدا، کە ئەندامانی بیری چەپیان هەبوو.

مامۆستا نورسی لەم زەمینەیەدا ڕاشکاوانە دەڵێت: "بۆ ڕێگریکردن لە گەیشتنی (حزبی گەل) بە دەسەڵات، ئەو حزبەی مەترسییەکی گەورەی هەیە لەسەر ژیانو گوزەرانی کۆمەڵایەتیمانو لەسەر نیشتیمانمان، بە ناوی قورئانو نیشتیمانو ئاشتییەوە، کار ئەکەم لەسەر پارێزگاریی لە (حزبی دیموکرات)".[١٤٩]

ـ ساڵی (١٩٥٩ز)یش کاتێك عەدنان مەندرێس لە دوای ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی لە بەریتانیاو گەڕانەوەی بە ڕێی شاری (ئەسکی شەهرد)دا، مامۆستا نورسی دوو نوێنەری خۆی بە ناوەکانی (عبد الواحد تەبەقچیو جەیلان)ی ناردن بۆ لایو پێی وتن: "بڕۆن بۆ پێشوازیی کردنیو سەلامی منی پێبگەیەنن".[١٥٠] لەو بارەیەشەوە مامۆستا بە قوتابییانی خۆی وتووە: "پێویستە لەسەرمان پشتگیریيو هاوکاریی (مەندرێس) بکەین، بە هێزو توانامانەوە، تاکو جارێکی تر (پارتی گەل) نەگەڕێنەوە سەر فەرمانڕەوایی."[١٥١]

---

١٤٨ هەمان سەرچاوە، ٣/٣٣٣.

١٤٩ الملاحق، سعيد النورسي، ٣٩٦.

١٥٠ بڕوانە: دواهەمین شایەتەکان، ٣/ ٢٨١.

١٥١ هەمان سەرچاوە، ٣/ ٢٩٢.

ـ له كۆتايی ساڵی (١٩٥٩ن)دا سەردانێكی تایبەتی كرد بۆ ئەنقەرەی پایتەختی توركیاو چووە پەرلەمانو دیدارێكی ساز كرد لەگەڵ پەرلەمانتاران.
ـ له (١٩٦٠/١/٣ن) ـ واته كەمتر له دوو مانگ پێش وەفاتی ـ چاوپێكەوتنێكی رۆژنامەوانیی لەگەڵ نوێنەری رۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی ئەنجام داو له (١٩٦٠/١/٦ن) چاوپێكەوتنەكە بڵاوكرایەوە.

بۆیە بە ڕاستی دەبێت یان دەستەواژەی (سەعیدی سێیەم) جێگیر بكەینو بڵێین: له قۆناغێكی سێیەمدا مامۆستا نورسی هاوسەنگانەتر له قۆناغەكانی (سەعیدی یەكەم) و (سەعیدی دووەم) ڕوانیویەته سیاسەتو واقیعو كۆمەڵگە، یان دەبێ بڵێین: ماوەی (سەعیدی دووەم) ماوەیەكی كاتیی بووەو بە تێپەڕینی كاتەكە چووەتەوە دۆخی سەرەتای ژیانی، كه ناونراوه سەعیدی یەكەم.

چونكه وەك دەبینین نورسی بەردەوام چاوی لەسەر شانۆی سیاسی بووەو له ڕۆڵی ئەكتەرەكانی ورد بووەتەوە، بۆیه ئەگەر سیاسەت بریتی بێت له دژایەتیی ستەمو موعارەزەی حوكمو لێدوانی سیاسییانەو داكۆكیی له مافەكانی خەڵكیو هۆشیاركردنەوەی جەماوەرو بەشداریی هەڵبژاردنو بەدواداچوونی هەواڵی ناوخۆییو دونیاو جەنگەكانو سەردانی پەرلەمانو دیداری سیاسییەكانو.. هتد، ئەمانه هەمووی له ژیانی سەعیدی دووەمدا زیاتر بوون له سەردەمی سەعیدی یەكەم.

ئەمەش بەڵگەیه لەسەر ئەوەی كه ئەو دروشمی (نەفرەت له سیاسەت)ەی، هەڵوێستی تایبەتی ئەو قۆناغه تێكهەڵپرژاوەی توركیا بووە، كه جەنگی جیهانییو ئاسەوارەكانیو ناهەقییو ستەمكارییەكانی ئەتاتوركو ڕژێمەكەی، هەموو وێناو هاوكێشەكانی پێكدا ئاڵاندبوو، تروسكەیەكی هیوا نەما بوو، عەرەب گوتەنی (عاقڵی تێدا حەیران بوو)، باری ناوخۆی توركیاش له

هەرکات بێ سەروبەرتر بوو، سەرکردەو میرە کوردەکانیش پەرتەوازەو بێ شوان بوون، ولاَتە زلهێزەکان هەلی لاوازیی تورکیایان قۆستبووەوە، ولاَتە عەرەبیی‌و ئیسلامییەکانیش هەموو هەڵوێستێکیان بووبووە چاوەڕوانیی‌و جگە لە تەسلیمبوون بە (ئەمری واقیع)، دەروازەیەکی تریان نەدەدی.

هەروەك مامۆستا ئیحسان قاسم صالحی ئەڵێت: "ئەو سیاسەتەی مامۆستا نورسی باسی لێکردووەو ئاماژەی بە بێ کەڵکیی کردووە، بەڵکو باسی لە زیانگەیاندنی کردووە بە دڵسۆزیی‌و کاری ئیسلامیی، ئەو سیاسەتە بەرژەوەندیخوازە میکافیلییە هاوچەرخەیە، کە بە دڕندەیەکی ترسناك ناساندوویەتی‌و پەنای بەخوا گرتووە لێی، بۆیە لە هەمان کاتدا کۆڵی نەداوە لە ئامۆژگاریی دەسەلاَتداران.."[152]

مامۆستا نورسی لە (اللمعات)دا ـ بۆ ئەوەی مەبەستی لەو سیاسەتە نەخوازراوە ڕوون بێت ـ دەڵێت: "هەژمونی سیاسەت لەم کاتەدا چاکسازیی لە دڵدا دروست ناکات.."[153]

بۆیە زۆر ئاساییە کە لە ساتانێکی بێ هیواییدا (نورسی) وەك هەر مرۆڤێکی هەستیاری تر، بێزار ببێ‌و شتانێك بڵێ کە بۆنی وازهێنان لە سیاسەتی لێ بێت. ئەگەر وا نیە بۆچی بە عەمەلیی بە شوێن جێبەجێکردنی ئەو دروشمەیدا نەڕۆیشت؟ بۆچی لەگەڵ ڕونکردنەوەی حەقیقەتە ئیمانییەکاندا، بەردەوام بوو لەسەر دژایەتیی دەسەلاَت‌و بەگژاچوونی توندی بەرپرسان لە مەحکەمەکانداو بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکان‌و.. هتد؟

---

١٥٢ الرجل والإعصار، إحسان قاسم الصالحي، ص: ٥٠.

١٥٣ اللمعات، النورسي، ص: ١٥٨.

ئەم قۆناغبەندییە لە ژیانی کەسە گەورەکاندا کارێکی ئاسایی بووە، لە مێژووی ئیسلامیدا هەیە کە فەقیهێکی وەکو پێشەوا ئەحمەد، چوار تا پێنج فتواو بۆچوونی هەن، پێشەوا ئەبو حەنیفە دوو تا سێ مەزهەبی هەن، پێشەوا شافعی دوو مەزهەبی کۆن‌و نوێی هەن.

نورسی بۆ خۆی ئەم تایبەتمەندییەی قۆناغبەندیی بۆ تەمەنی خۆی‌و سروشتی پەیامەکانی باس دەکات‌و دەڵێت: "ئەگەر مەولانا جلال الدین الرومی لەم سەردەمەدا بووایە، (پەیامەکانی نور)ی دەنووسی. ئەگەر منیش لەو سەردەمەدا بوومایەو بمنووسیایە (مەثنەوی)م دەنووسی. !"[١٥٤]

**دیدارێك‌و بۆچوونێك:**

لە ئاقاری ئەم باسەی مامۆستا نورسی‌و سیاسەتدا، ڕۆژی (١٩/١٠/٢٠١٩ز) لەگەڵ برای بەڕێزم هیوا غەفور لە شاری ئەستەمبوڵ، سەردانێکی ماڵی مامۆستا ئیحسان قاسم صالحیم کرد، کە پیاوێکی بەڕێزەو لەبەر خزمەتەکانی بە پەیامەکانی نورو لوتفی زۆری لەگەڵمان، ڕێزێکی تایبەتی ئەگرم‌و زۆربەی کات کە چوومەتە ئەو شارە سەردانیم کردووە. دووبارە ئەم باسی وازهێنانەی نورسی لە سیاسەت هاتە گۆڕێ‌و بەڕێزی شکستی هەندێك هێزی سیاسی‌و پاشەکشێی هەندێکی تری، کردە بەڵگە لەسەر فیراسەتی نورسی‌و دووربینیی بۆ کاری ئیسلامیی.

بەندە وا دەبینم کە مامۆستا نورسی کاتێك لە سیاسەت بێزار بووە، دیارە کە مەبەستی کام سیاسەت بووە، باسی لە سیاسەتی میکافیللییانەی درۆو ناڕاستیی‌و پڕ لە فرت‌و فێڵ بووە. باسی قۆناغی ئەزموونی نورسییە لەگەڵ ڕووداوەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیست (ساڵانی ١٩٠٠ بۆ

---

[١٥٤] ذكريات عن سعيد النورسي، أسيد إحسان، لا: ١٠٤.

١٩٢٦ز) كه جگه له تالآوەكانی جەنگی جیهانیی یەكەمو هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی عوسمانیی، توركیا بەرەو هەڵدێرێكی مەترسیدار له گلۆربوونەوەدا بوو، هەڵدێری ڕاگەیاندنی ئیلحاد له ئاستی دەوڵەتداو دژایەتیی ئاشكرای ئاینو بڕیاره مەترسیدارەكانی وەك: قەدەغەكردنی زمانو نووسینی عەرەبیو داخستنی خوێندنگه شەرعییەكانو بەتوركیكردنی بانگو ڕێگرتن له بالآپۆشیی ئافرەتانو جلوبەرگی زانایانی ئاینییو سووكایەتیی به ئیسلامو قورئان له ڕۆژنامەو گۆڤاره ڕەسمییەكانداو ڕەدكردنەوەی شەریعەتو چەندین هەنگاوی تری لەم بابەته. ئایا نورسی ـ یان هەر حەكیمێكی تری دڵسۆزی ئوممەت ـ له ئاوا كەشوهەوایەكدا، چی پێ دەكرا جگه له دووركەوتنەوە له سیاسەتو ڕاگەیاندنی هەستان به ئەركی (ڕزگاركردنی ئیمانو داكۆكیی له قورئان)..؟ له دۆخێكی وادا نه دامەزراندنی حزبێكی سیاسی دادی ئەدا، نه بەشداریی حزبێكی وەك حزبی (گەلی كۆماریی) كه یەكەم حزبی توركی بوو ئەتاتورك بەو تێڕوانینه دژه ئاینییه ساڵی (١٩٢٣ز) دایمەزراند.

ئەوە بوو مامۆستا نورسی ئەو هەڵوێستی خۆدوورگرتنه له سیاسەتیشی ڕاگەیاندو نەفرینی لەو جۆره سیاسەته كرد، ئەوجا هیچ شەفاعەتێكی بۆ نەكردو ساڵانی (١٩٢٦ز) به دواوە ـ كه گوایه ساڵانی دووركەوتنەوە له سیاسەت بوو ـ له چارەكەی یەكەمی سەدە، ناڕەحەتتر تێیپەڕاندو هەموو پاشماوەی تەمەنی له گیروگرفتو دەرگیریدا بوو: به هەڵكەنران له زێدی خۆیو دوورخستنەوە دەستی پێكردو به بێنازییو ئەشكەنجەی دەروونییو ژەهردەرخوارددانی چەندجارەو تۆمەتباركردنی به شێتییەتیو دەیانجار دادگاییكردنو.. هتد، كۆتایی به ژیانی هات.

بۆیه مامۆستا نورسی تەنها به ڕستەیەكی زۆر كورت: (أعوذ بالله من الشیطان والسیاسة)، هەزاران كاتژمێر له كاتی خۆیو له كاتی دۆستانیو

قوتابییانی خۆی گێڕایەوەو ڕووی وەرچەرخاندن لە نائومێدیی‌و بێزاریی دەربڕینەوە، بەرەو کاری بنسییەمیاتنەرو بیرکردنەوەی ستراتیژیی. خۆ ئەگەر ئەوەشی پیٚ زیادبکەین، کە لە چارەکی دووەمی سەدەی بیستیشدا، جەنگی دووەمی جیهانیی ڕووی داو هێزەکانی دونیا لە شەش ساڵی تەواودا پێکداهەڵپرژان، بە ڕادەیەك کە دانیشتووانی زۆربەی جیهان بیٚ هیوا بوون، چونکە ڕووداوەکە دووبەرەی دروست کرد: بەرەی وڵاتانی میحوەر (ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو یابان)و بەرەی هاوپەیمانان (بەریتانیاو پشتیوانانی)و سەرەنجام (٣٠) وڵات تێوەگلان‌و دووکەڵی شەڕەکەش یەخەی خۆرهەڵاتی گرتەوەو خەریك بوو لە ناو هەر ماڵێکدا دووبەرەیی دروست ببێت، لەو کاتەشدا هیچ مانای نەبوو کە هەر چاودێرو لایەنێکی سێیەم، هەڵوێست دەربڕیٚ‌و لایەنێك بکاتە دۆست‌و لایەنەکەی تر بکاتە دوژمن، ڕۆژێك یابان لە هەندێك ناوچەوە بەسەر بەریتانیادا سەرئەکەوت، ڕۆژێك ئەڵمانیا ئەیبردەوە، ڕۆژێك سۆڤیەت سەرئەکەوت، تاوێك فەڕەنسا لە بەردەم هاوپەیماناندا چۆکی دائەدا، تاوێك ئەڵمانیا تەسلیم دەبوو.. ئەم ڕووداوانە شەش ساڵ (لە ١٩٣٩ تا ١٩٤٥ز) مێشکی خەڵکیان زۆر مەشغوڵ کردبوو.

دیارە کات بەفیڕۆدان بەو ڕووداوە نەزۆکانەوە، بۆ کەسە گەورەو خاوەن پرۆژە مەزن‌و ستراتیژییەکان، کەم نەبوو، لە جێی گوێگرتن لە هەواڵی کوشتارو کاولکاریی، گرنگیدان بە ئاین‌و وڵات‌و واقع‌و کۆمەڵگە، عەینی ژیریی‌و حیکمەت‌و لێزانین بوو.

جا، لەو دیدارەدا عەرزی مامۆستا ئیحسانم کرد: قوربان! من پێم وایە مامۆستا سەعید نورسی گەورەترین کاری سیاسی کرد، کە ئەو خیارەی پەناگرتن لە سیاسەتی هەڵبژارد، ڕەنگە ئەم ڕێسایەی بۆ دانێین کە: (مِن

صُلب السياسة تجنُّبُ سلبيات السّياسة)، من پێموایه نورسی ئەوەی کرد، بۆ ئەو قۆناغه ـ وەك سیاسییەکی دووربینی کەنارگیر ـ ژیرانەترین هەڵوێستی سیاسی نواند. خوا هەڵناگرێ مامۆستا ئیحسان وتی: "ئەو ڕستەیەی کە وتت، زۆر جوان بوو، ئەوە صولبی سیاسەت بوو کە مامۆستا نورسی کردی".

بۆیە بە پێی ئەو هەڵوێستانەو جۆری ئەو چالاکییانەی مامۆستا نورسیدا دەتوانین ئەم قۆناغەی کۆتایی ناوبنێین قۆناغی (سەعیدی سێیەم)، سەعیدێك نە وەك (سەعیدی یەکەم) بە تەواویی سەرقاڵی سیاسەتو ململانێکان بێت، نە وەك (سەعیدی دووەم) نەفرەت بکات لە سیاسەتو ـ لەگەڵ شەیتاندا ـ پەنا بەخوا بگرێت لە سیاسەتو سیاسییەکان.

لەم ماوەی دە ساڵەی کۆتاییدا سەرەڕای ئەوەی لە چاو سی ساڵەی پێشتریدا، تا ڕادەیەك ساڵانی کرانەوەو ئازادیی بوو، بەڵام چەندین جار دادگایی کرا. لە ساڵی (١٩٥٠) تا (١٩٦٠ز) ـ (٤٧) جار دادگایی کراوە! واتە لە هەندێکیاندا تەمەنی لە نێوان (٧٣) بۆ (٨٣) ساڵیدا بووە. بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو دە ساڵەی پێش وەفاتی (١٩٥٠ـ ١٩٦٠ز) لە هەردوو قۆناغی پێشووی جیاواز بوو، چەندین چالاکیی سیاسی جۆراوجۆری ئەنجام داو هاوسەنگانەتر مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکانو واقیعەکە کرد.

# بەشی چوارەم

## ڕۆڵی نورسی لە ئەستەمبوڵداو دۆستایەتیی لەگەڵ پیرەمێردی شاعیر

- ئەستەمبوڵ گەورەترین شاری کوردان
- (نورسی) لە وتارو بیرەوەرییەکانی (پیرەمێرد)دا
- سەرەتای یەکترناسینی پیرەمێردو نورسی.......
- چەند وتارێکی پیرەمێرد دەربارەی نورسی:

١ـ وتاری (تەئریخو ئەشخاص، بەدیعوززەمانی کوردیی)

٢ـ هەوڵێکی تری پیرەمێرد لەگەڵ نورسی بۆ بەشداریی ڕاپەڕین

٣ـ نورسی لە کۆپلەشیعرێکی پیرەمێرددا

٤ـ وتاری (ترسو واهیمە)

٥ ـ وتاری (زەکاو حافظة)

٦ـ وتاری (هەندێ وانەی مەلا سەعید بەدیعوززەمان)

## ئەستەمبولْ گەورەترین شاری کوردان

لەبەر ئەوەی شاری ئەستەمبولْ دێرینترین شاری گەورەو ئاوەدانی تورکیاو پایتەختی سەڵتەنەتی عوسمانیی بووە، لە کۆنەوە دەیان هەزار کورد لەو شارەدا ژیاونو زۆربەیان بوونەتە ئەستەمبوڵیی‌و ئێستەش نەوەکانیان لەو شارەدا ژیان بەسەردەبەن. سەدان کەسیشیان خوێندەوارو بیرمەندو نووسەرو ئەدیبو ڕۆژنامەنووس بوون، یان پلە باڵاکانی خوێندنی ئەکادیمییان بڕیوە. بۆیە کاتێك لە سەرەتای سەدەی بیستدا ژمارەی کوردان نزیکەی (٣٠) هەزار کەس بووە، ئەو ژمارەیە پاش سەد ساڵو تا سەرەتای سەدەی بیستو یەك، (سێ ملیۆن) کەسی تێپەڕاندووە. بۆیە ڕۆهات ئالاکۆم پێی وایە: "ئەمڕۆ ئەستەمبولْ بە گەورەترین شارێکی دنیای کوردان دەژمێردرێت".[١٥٥]

لەو کاتەوە کە ئەستەمبولْ لەسەر دەستی سوڵتان محەممەد فاتح ئازاد بووە، ناوەندە سیاسیو زانستییەکانی، بە دەیان کەسایەتیی کورد ئاشنا بوون، لە دێرینەکان کەسانێکی وەك مەلا شەهابەدین گۆرانی، (١٤١٠ ـ ١٤٨٨ز) کە مامۆستاو هاوکاری فاتیح بووە، تا دەگاتە مەلا ئیدریسی بەدلیسی (١٤٥٢ـ١٥٢٠ز)، کە یەکەمین خاوەن بیرۆکەی فیدرالیەتی میرنشینە کوردەکان بووە، تا دەگاتە مەلا (أبو السعود) ئەفەندی، (١٤٩١ـ ١٥٧٥ز) کە (٢٧) ساڵ شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانیی بووە، هەروەها دەیانی تر کە ئێرە جێی باسکردنیان نیە. لە سەردەمی هاوچەرخیشدا، دەیان زاناو نووسەرو ڕووناکبیر لە ئەستەمبوڵدا ژیاونو

---

١٥٥ کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، ن: ڕۆهات ئەلەکۆم، و: ئەحمەد تاقاتە، ٢٠٠٥ز، هەولێر، لا: ١٦.

زۆرێکیان دۆستو هاوەڵی مامۆستا سەعید نورسی بوون، وەك: خەلیل خەیالی، خاوەنی نووسینی یەکەم ئەلفبالی کوردیی، کوردیزادە ئەحمەد ڕامیز، یەکێك لە بڵاوکەرەوەکانی بەرهەمەکانی نورسی، محەممەد شەفیق ئەرواسی، حەمزە موکسی، (تەوفیق بەگ)ی سلێمانی، ناسراو بە پیرەمێردی شاعیر، مەمدوح سەلیم، ڕەفعەتی مەولان زادەی سلێمانەیی، مەلا محەممەدی میهریی هەورامانی (دشەیی)، یەکێك لە پارێزەرانی نورسی لە دادگاکرنەکانیدا..تاد.

بەهەر حاڵ، یەکێك لەو کەسایەتییانەی بوونو ئامادەیی کوردانی لە شاری ئەستەمبوڵدا تۆخ کردەوەو بووە هەوێنی بەیەکگەیشتنی کوردانی ڕوناکبیری ئەو شارە گەورەیە، سەعید نورسی بوو، کە لە دوو جەمسەرەوە کاری دەکرد، لە سەرێکەوە بە سەروسیماو جلوبەرگو کلتووری کوردەوارییو باسکردنو وروژاندنی پرسی کوردو کێشەی نەتەوەییەوە، هۆشیاریی بە تورکەکان دەدا، لە سەرێکی ترەوە ناوەندە کوردییەکانی بەسەر دەکردەوەو وریای دەکردنەوەو ئاشنای دەکردن بە مافو داخوازییەکانیان.

دیارە لە ناو ئەو ژمارە زۆرەی کورداندا کە نورسی لە مزگەوتو بازاڕو چایخانەکانی ئەستەمبوڵدا بەسەری دەکردنەوە، ڕێی لە کەسانی نوخبەو دەستەبژێر کەوتووە، هەندێکیان ئەوانەی سەرەوە بوون کە ناومان بردن، دیارە زۆرێکی تریش هەبوون کە باس نەکراون.

## (نورسی) له وتارو بیرەوەرییەکانی (پیرەمێرد)دا:

لەم برگەیەدا تیشکێکی تایبەت دەخەمە سەر پەیوەندیی برایانەو دۆستانەی مامۆستا نورسیو پیرەمێرد.

هاودەنگییو هاوهەڵوێستیی کوردە نیشتیمانپەروەرو ئایندۆستەکانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ، لە هەڵگرتنی خەمی ئاینو نەتەوەو خاكو خەڵكو ئوممەتدا، وایکرد کە (پیرەمێردی شاعیر)و (نورسی)یش بەیەك بگەنو بەشێك لە پرۆژەکانیان یەکبخەن. لەو ئاقارەدا، هەردووکیان پێکەوە بوونە ئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەی (کۆمەڵەی ئیتتیحادی محەممەدی)، (اتحاد محمد جمعیتی)، کە لە مێژووی (٥/٤/١٩٠٩ز) لە لایەن (حەمدی جاویش)و (دەرویش وەحدەتی)و چەند کەسایەتییەکی ترەوە، دژی کۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەققی)، لە کۆبونەوەیەکی فراوانی گۆرەپانی بەردەم مزگەوتو کلێسای (ئەیاصۆفیا)ی[١٥٦] شاری ئەستەمبوڵدا، ڕاگەیەنرا.

مامۆستا نورسی لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی گرنگی خوێندەوەو پشتیوانیی لە ڕێکخراوەکە کرد، کە خۆی لە ژیاننامەکەیدا بە شانازییەوە باسی ئەو ڕۆژەو ئەو وتارەو ئەو ڕێکخراوە دەکات.[١٥٧] کۆمەڵەی ناوبراو بۆ داکۆکی لە ئیسلامو دەستورو بە نیازی چاکسازیی لە سەڵتەنەتی عوسمانیدا، دامەزرا. هەندێك پێیان وایە کە نورسی بۆ خۆی دامەزرێنەری ڕێکخراوەی (ئیتتیحادی محەممەدی) بووە.[١٥٨]

---

١٥٦ لە بەشی وێنەو بەڵگەنامەکاندا، بڕوانە وێنەی (٢٤)، دیمەنێك لە ئەیاصۆفیا.

١٥٧ السيرة الذاتية، بديع الزمان النورسي، ترجمة إحسان قاسم الصالحي، ص: ١١١.

١٥٨ من الفكر والقلب، سعيد رمضان البوطي، دمشق، ١٩٦٩ز، ص: ٢٧٢.

ئەم ئەندامێتییەی پیرەمێردی شاعیر لە (ئەنجومەنی بەڕێوەبردن)ی کۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی)دا، لای زۆربەی مێژوونوسان، بە هەند نەگیراوە. بەندە کە ئێستە ئەم دێڕانە دەنووسم دەقی پێڕەوی ناوخۆی (ئیتتیحادی محەممەدی)م لەبەردەستدایە کە ئەوکاتە ناوی (نظامنامە)یان لێ ناوەو لە ژمارەی (٧٥)ی ڕۆژنامەی (وولقان)ی زمانحاڵی کۆمەڵەکەدا، لە ساڵی (١٩٠٩ز) بڵاوکراوەتەوە، لە کۆتاییەکەیدا ناوی (٢٦) ئەندامەکەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، بە ناوی (مجلس إدارە) هاتووە، کە لە زنجیرەی هەشتەمدا ناوی مامۆستا نورسی بەم جۆرە نوسراوە: (بدیع الزمان سعید کوردی، ابن میرزا). لە زنجیرەی (٢٥)یشدا ناوی تەوفیق بەگ (پیرەمێرد) بەم جۆرە هاتووە: (مدرسیندن توفیق أفندی).[١٥٩]

جا، بە حوکمی ئەوەی کە (نورسی)و (پیرەمێرد)ی شاعیر، هەردووکیان لەو کاتەدا لە ئەستەمبوڵ دەژیانو هەردووکیان لە خەمی چاکسازیی دەوڵەتی عوسمانییو دەستەبەرکردنی مافەکانی میللەتەکەیاندا بوون، هەردوولایان بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکەی زمانحاڵی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد) - واتە ڕۆژنامەی (کورد) - هاوکاری یەکتر بوونو پێدەچێ برادەرییان زۆر گەرموگوڕ بووبێت، بۆیە بەشی داهاتوو تەرخان دەکەم بۆ ئەو پەیوەندییەی نێوان مامۆستا نورسیو پیرەمێرد.

---

١٥٩ بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)، لە پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکاندا، کە کۆپی ناوی ئەنجومەنی ناوبراوەو تێیدا ناوی (نورسیو پیرەمێرد) هاتووە. کە لە وێنەی دەقاودەقی ژمارە (٧٥)ی گۆڤاری (وولقان)ی زمانحاڵی (ئیتتیحادی محمدی) کە ساڵی (١٩٠٩ز) دەرچووە، وەرمگرتووە، لە ئەرشیفی شەخصی بەندە پارێزراوە. ◘

پیرەمێرد وەك دۆستێكی دێرینی سەعید نورسیو هاوەڵێكی سەردەمی هەوڵو خەباتو خەمخۆریی بۆ ئاینو گەلو وڵاتیان، پاش دوورکەوتنەوە لە ئەستەمبوڵو گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی، سەرەڕای تێپەڕینی دەیان ساڵ، وەك وەفاو پێزانینێك بۆ ئەو دۆستایەتییە خاوێنە، لە چەندین جێی ڕۆژنامە نایابەکەیدا (ڕۆژنامەی ژین) ـ کە لە شاری سلێمانی دەری دەکرد ـ باسی سەعید نورسی دەکاتو هەندێك لە بیرەوەرییە هاوبەشەکانیان دەگێڕێتەوەو ناوبەناو هەندێك لە هەڵوێستو وتە بە نرخەکانی مامۆستا نورسیش دەهێنێتەوە بیر.

بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی من ئاگادار بم مامۆستا نورسی لە هیچ کام لە کتێبەکانیدا کە پاش ناسینی پیرەمێرد ـ واتە لە ساڵانی (١٩٠٥ز) بەدواوە ـ نووسیونی ـ کە دەکەنە زۆربەی هەرەزۆری پەیامو نووسینەکانی ـ هیچ باسێك لە پیرەمێردی ڕەحمەتیی ناکات، لە کاتێکدا ناوی زۆرێك لە قوتابیو هاوەڵانی دەبات، لەوانە: خەلیل خەیالی مۆتکی، یەکەمین نوسەری ئەلفبێی کوردی، یوسف زیا پاشا، زوبەیر، خەسرەو، حەمزە، محەممەد میهریی (هەورامانی)و (عبد الرحمن)ی برازای نورسیو.. هتد. بەڵام پیرەمێرد بە پێچەوانەوە لە چەندین شوێنی نووسینەکانی (ژین)ی خۆیو هەندێك جێی تریشدا ـ کە لەم بابەتەدا هەندێکیم هێناوە ـ باسی سەعید نورسی دەکات، چ سەرەتای ناسینی، چ کاتی خەباتو هەوڵی سیاسیو خزمەتکردنیان بە ڕۆژنامەگەریی کوردییو خزمەتی کوردزمانانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ، چ کاتی دەسگیرکرانو زیندانکردنیان پێکەوە.

بەندە ئەم بەشەم بۆیە بۆ ئەم کتێبە دانا، چونکە هەندێك زانیاریی جیاوازمان لەسەر نورسی دەداتیو چەند بڕگەیەك لە ژیاننامەکەیمان بۆ زیاد دەکات، کە لە هیچ جێیەکی تر بەم شێوەیە باس نەکراون.

**سەرەتای یەکترناسینی پیرەمێردو سەعید نورسی:**

یەکێك لەو باسانەی پیرەمێردی ڕەحمەتیی، سەرەداوی زانیاری بەسوودمان دەداتێ لەسەر یەکترناسینی یەکەمجاریانو سەرەتاکانی ئاشنابوونی مامۆستا نورسیو پیرەمێرد بەیەکتر. وا دیارە لە ئەستەمبوڵ قاوەخانەیەکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە، تایبەت بە کوردەکان هەبووە بە ناوی (قیرائەتخانەی دیاربەکر)، گوایە پیرەمێرد ڕۆژێك لە ڕۆژنامەکاندا ئەو هەواڵەی بیستووە کە مەلا سەعیدی نورسی ڕایگەیاندووە: ئامادەیە لە ماڵەکەی خۆیدا وەڵامی هەموو پرسیارێك بداتەوە. لەو هەواڵەوە پیرەمێرد خولیای ناسینو بینینی نورسی دەکەوێتە سەری. وا چاکە گوێ لە خودی پیرەمێرد بگرین، کە بە خامە ساکارو شیرینو خۆشمەشرەبەکەی، بەسەرهاتەکەمان بۆ بگێڕێتەوە، کە لە یەکەم برگەی داهاتوودا دایدەنێم، لەگەڵ دوو وتاری تریدا.

## چەند وێستگەو وتارێکی پیرەمێرد دەربارەی نورسی:

**١ـ وتاری (تەئریخو ئەشخاص، بەدیعوززەمانی کوردیی):**

پیرەمێرد لە وتارێکیدا، کە ساڵی (١٩٤٢ز) لە ڕۆژنامەی (ژین)دا نووسیویەتی، لە ژێر ناونیشانی (تەئریخو ئەشخاص: بەدیعوززەمانی کوردیی): دەڵێت: "لە ئەستەمبوڵ بووم، ئاموشۆی (قیرائەتخانەی دیار بەکر)[١٦٠]م ئەکرد. زۆرتر کوردەکان لەوێ دادەنیشتن. ڕۆژێکیان لە غەزەتەدا خوێندمەوە کە: "لە (شاری) (وان)ەوە مەلا سەعید ناوێك هاتووە، لەقەبی (بەدیعوززەمانی کوردی)یە، لە (مەدرەسەی فاتیح) دادەنیشێ. تا حەوت ڕۆژ هەرکەس ئارەزوو بکات لە عیلمدا، هەرچی لێ بپرسێت، جوابی ئەداتەوە.

ئەم ئیعلانە بوو بە جونبوشێك بە ژنو بە پیاوەوە هەرچی هەڵدەستا ڕووی ئەکردە فاتیح. نیوەیان بۆ پرسیارو نیوەیان بۆ سەیر ئەچوون. هێجگار ئەوانەی کە ئەچوون عەجائیبیان لەوە ئەما کوردێکی هەڕەتی کوڕێنی، بە شاڵو شەپك، چۆغەو ڕانكو پشتێنێکی چیت، دوو سێ جامەدانەو شەدەی گوڵنکەدار بەسەرەوەو قەمەیێك بەلاقەدەوەو سمێڵ بادراوو ڕیشی هەڵپاچراو، لافی مەلایەتی لێ ئەدا. ڕەفیقێکم بوو یادی بەخێر، "خەلیل خەیالی"[١٦١] زۆر خوێندەوارو بە ویقارو بە ئاثار، هەمیشە

---

١٦٠ قیرائەتخانە: واتە شوێنی خوێندنەوە. جاران لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لەبەر کەمیی کتێبو ڕۆژنامە، لە هەندێك شوێنی گشتییو سەنتەری شارەکاندا، بەشێك لە چایخانەکان بڵاو کراوەکانیان دادەناو ئارەزومەندانی موتاڵاو خوێندنەوە، دەچوونە ئەو شوێنانە، بۆ وەرگرتنی زانیارییو هەواڵە گەرماو گەرمەکان. ◘

١٦١ خەلیل قوتابی پەروەردەبووی سەعید نورسییە، خەڵکی (مۆتکی) سەر بە پارێزگای (بتلیس)ە، لە هۆزی (مۆدان). تەمەنی لاوێتیو خوێندنی لە ئەستەمبوڵ بەسەر بردووە، فارسیو عەرەبیو فەڕەنسی زانیوە. ئەندامی کارای کۆمەڵەی (کرد نشر معارفی) بووە. ◄

بەیەکەوە بووین! پێی گوتم: ئاغا، مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان هاتووە، هێشتا تۆ نەچووی بیبینی؟ وتم: کاکە! منو مەلایان نەوتووە. وتی: ئاخر ئەویش وەك تۆ لە مەلایان بێزارە! تەعریفی وا بۆ کردم، دەستبەجێ وتم: هەستە با بڕۆین. وتی: باشە، وا ئێوارەیە، درەنگە، (ڕەنگە) ئێستا کەسی لە دەور نەمابێ. کە چووین، (مەلا سەعید) لە دوور ئێمەی بەچاو کرد، هەستا هات بە پیرمانەوە، بە (خەیالی بەگ)ی گوت: یاخوا بەخێر بێی. دیارییەکی قنجت بۆ هێناوم، باوەڕم ئەوەیە ئەمە (سلێمانیەلی تۆفیق بەگ)ە! (ناوی پیرەمێردە). (خەیالی)ش وتی: سەیدا! بە چت زانی هەوە؟ وتی: دڵم خەبەری دامێ. هەویش نەبێ، بەو نیەتە دەست ئەکەمە ملی. دەستی ڕاستی بەسەرشانمدا هێنا، خستیە پشت شانمەوە، وتی: موصافەحەی

---

▶ یەکێك بووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد) و (هێڤی)، کە سەرەتا ناوی (جڤاتا هێڤی فەقیهێ کوردان) بوو، دواتر پێیان وتووە: (جڤاتا هێڤی قوتابییانێن کورد)، هەروەها ژمێریارو سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکەش بووە، خۆیشی بنەماکانی ڕێکخراوەکەو پێڕەوەکەی نووسیوە. ساڵی (١٩١٨ز) بە هاوکاریی حەمزە موکسیو سەعید نورسیو ژمارەیەکی تر، کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان)یان دامەزراندووە. ڕەسول هاوار دەڵێت: "نورسی وتوویەتی: خەلیل خەیالی ئەو کەسەیە بناغەی پیتەکانی ئەبجەدی کوردیی داهێناو بناغەی زمانی کوردی دانا. ئەو کوردە نیشتیمانپەروەرە وەك ئەستێرەیەکی گەشەداری ئاسمانی کوردستان وایە. خەلیل داهێنەری بناغەی چۆنیەتی گۆڕینی زمانەکەمانە." لە کۆتاییدا مامۆستا نورسی دەڵێت: "داوا لە هاووڵاتیان دەکەم ڕێبازی ئەو بگرنە بەرو بیروبۆچونەکانی بکەن بە بناغەی سەرەتای وانەکانمان." خەلیل لەسەر شێوە نووسینی کوردی کتێبێکی بە ناوی (ئەلفبای کرمانجی) ساڵی (١٩٠٧ز)، نوسیوەو لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە، کە بە یەکەمین دەستپێشخەری ڕوناکبیرێکی کورد دادەنرێت لە نووسینی ئەو بابەتەدا. هەروەها فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی نووسیوە، بەڵام بەرلەوەی بڵاوبکرێتەوە لەلایەن (ضیا طیوك ئالپ)ەوە سوتێنراوە." بۆ زانیاریی زیاتر لەسەری بڕوانە: (خەباتی کوردو ڕەهەندی ئیسلامیی، د. عمر عبد العزیز، تەفسیر، ٢٠١٦ز). لە وێنەی ژمارە (٢٦)ی پاشکۆدا وێنەی خەلیل خەیالی ببینە. ◙

کوردان وەسانە. دانیشتین، لە پاش گفتوگۆیەك بووینە ئاشنا. درێژەی پێنەدەین، دوایی ئەویان بردە مابەین، ئەهمییەتێکیان پێداو مەعاشیان بۆ تەخصیص کرد. نەیویستو هەندێ قسەی ناشیرینی کردبوو، وتبووی: من بۆ سواڵی مەعاش نەهاتووم، بۆ چارەی میللەتەکەم هاتووم. مەعاریفیان نیەو پادشایش زەکاتی زەمانی سەڵتەنەتی خۆی وەك (عمر عبد العزیز) صەرف کا. ئەوانیش ناردیانە (تیمارخانە)[١٦٢] و مودیری تیمارخانەکە گفتوگۆی لەگەڵ کردبوو، تێگەیشتبوو، ئیستیعفای کردبوو، وتبووی: ئەگەر ئەم پیاوە شێت بێ، کێ عاقڵە؟!

ئیتر مەلا سەعید کەوتە گێچەڵەوە، حەپس کراو بەربوو. لە ژێر موراقەبەدا بوو، تا مەشروتیەت[١٦٣] فریای کەوت. چەند نوتقی داو چەند مەقالەی لە غەزەتەدا نووسی. درۆ ناکەم، مەقالەی غەزەتەکانی، من بۆم ئەنووسییەوە، چونکە ئەوەڵەن خەتەکەی نەدەخوێنرایەوە،[١٦٤] دووهەم تورکی تەواو

---

١٦٢ مەبەست لە تیمارخانە شوێنی (چاکسازیی کۆمەڵایەتی)یە، ئەو شوێنەی کە نەخۆشانی بیرکۆڵو دەروونییان تێدا کۆ دەکردەوەو جاران لە کوردەواریدا دەستەواژەی (شێتخانە)ی بۆ بەکار دەبرا. ◙

١٦٣ وتمان: مەبەست لە (مەشروتیەت) ڕاگەیاندنی دەستوری عوسمانییە، لە تەموزی ساڵی (١٩٠٨ز)دا، کە هەڵبژاردنو پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەران (مەجلیسی مبعوثان)ی بەدوادا هات. لەو کاتەدا پیرەمێردو نورسیو ژمارەیەك لە کوردانی ڕوناکبیر لە ئەستەمبوڵ دەژیان. ◙

١٦٤ خەتی نورسی جوان نەبووە، تا ڕادەیەك کە بە زەحمەت خوێنراوەتەوە. بۆیە خۆی بە نووسینەوە خەریك نەکردووەو زۆربەی بەرهەمو پەیامەکانی لە لایەن خۆیەوە ئیملا کراونو قوتابییەکانی نووسیویانەتەوەو دوای ئەوە خۆی پیایاندا چووەتەوە. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٢٧)، بۆ بینینی نمونەی خەتەکەی.◙

نەدەزانی، تا لە دواییدا فێر بوو. ئەنجا ئیلتحاقی (جەمعییەی کرد، عوزوی فەععال بوو. لەوێشدا دوو کەسی خۆمانو یەکێکی کەرکوك دڵی (سەید عبد القادر)[166] یان لێ ئێشان، بەڵام (دار الحكمة الإسلامية)[167] بردیانە مەجلیسی خۆیانەوە، جوابی سوئالی ڕاهیبە ئینگلیزەکانیان پێ دایەوە. پێنج هەزار قروشیان دایێ، ئەویشی نەویست، بە خۆڕایی ئەو ئەسەرە نایابە ـ کە ئیسکاتی ڕەهبانەکانی ئینگلیزی پێ کرا ـ بە عەرەبی بۆی نوسییەوە. لە شەڕی یۆناندا، چوو لە کوردستانەوە لەشکرێکی زۆری کوردی پێش خۆی دا، بە دە هەزار کەسەوە ئیلتیحاقی قیوای مییلییەی کرد. منیشی بە زۆر لەگەڵ خۆی برد، تا یۆنان شکا.

دوایی لە خصوصی دیانەتەوە لەگەڵ مستەفا کەمال (ئەتاتورك) دەمەقاڵەیان بوو. تەرکی دونیای کرد. چووە سەر شاخی یوشەع پێغەمبەر،[168]

---

١٦٥ مەبەستی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد)ە، کە ساڵی (١٩٠٩ز) لە ئەستەمبوڵ دامەزراو باسکرا.◘

١٦٦ مەبەستی شێخ عبدالقادر، کوڕی شێخ عبید الله شەمزینی یە.

١٦٧ دار الحكمة الإسلامية: دەزگایەك بوو کە دامەزراوەی باڵای زانایانی دەوڵەتی عوسمانیی دایمەزراندبوو، بۆ گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ پیتۆڵو زانایانی ئەوروپیو گەیاندنی ئیسلام پێیان. کاتێك سەعید نورسی ساڵی (١٩١٨ز) لە دیلییەتی لە سیبریای ڕوسیا گەڕایەوە، بەبێ ئاگادارکردنی خۆی کردیانە ئەندامی ئەو دامەزراوەیە. چەندین جار داوای وازهێنانی کرد، قبوڵیان نەدەکرد، بۆیە دواتر بە ناچاریی بەشداریی کۆبوونەوەکانی دەکرد. (بۆ زانیاری بڕوانە: ئەم سێ کتێبەی خودی نورسی: الشعاعات، ص: ٥١٥، اللمعات، ص: ٣٧٤، السيرة الذاتية، ص: ١٣٣).◘

١٦٨ تەپۆڵکەی یوشەع، شوێنێکی بەرزە، لە ناوچەی (بیکۆز)ی بەشی ئاسیای ئەستەمبوڵ، نزیك تەنگەی بسفۆڕ. (٣٧کم) لە سەنتەری شاری◄

چل شەو ڕیازەتی کێشا. ئاخری من دۆزیمەوە، بە فێڵ بردم بۆ (ئەرز ڕۆم)، لای خالید بەگ ڕەئیسی (ثورة)ی کوردستان،[١٦٩] لەوێش ئیشتراکی (قۆمیتە)ی نەکرد. مایەوە خالید بەگو سەید عبد القادرو ئەو گەلە ناودارانەی کوردە بەدارا کرانو ئەویشیان نەفی کرد لە (بوردور). چوار ساڵ لەمەو پێش کە چوومە مەعرەزی (ئیزمیر)، بە خزمەتی گەیشتم. ئیتر فەرامۆشیم کردبوو. نەو، نەو، بە خوداییٚ کە منو ئەوی بەیەك ناسیوە، تا دەمرم فەرامۆشی ناکەمو بەیەکەوەیش دەمرین.

جا پێریٚ ئیوارە لە ماڵی جەمیلی خوشکەزام بووم، بیٚ نەشئە بووم، وتم: کتێبێکی تورکیم بدەریٚ، وەختی پیٚ ڕابوێرم. هەروا کتێبێکی شڕی بۆ هینام، کە لە وەقتی خۆیدا نوسیویەتەوەو "مصطو"یش لە ژێریدا نووسیویە: "کوردو کوردستان بویلە پارلاق ناحیە لەرن افتخارو تعالی ایدییور." ئەو

---

▶ئەستەمبوڵەوە دوورە. وا باوە گە گۆڕی یوشەع پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەوێیە. وا دیارە نورسی بۆ بیرکردنەوەو پشووی گیانی چووەتە ئەویٚ. بەپێی سەرچاوەکانی ژیاننامەی نورسی، ئەو مانەوەیەی لە (چیای یوشەع) لە (١٩٢١ز) دا بووە، ئەو کاتەو لەو شوێنەدا ـ وەك خۆی باسی دەکات ـ "کرانەوەیەکی ڕوحییو ئاڵوگۆڕێك لە دڵو فیکریدا" دروست بوو. (سيرة ذاتية، ص: ١٧). ◘

١٦٩ مەبەستی پیرەمێرد، خالد بەگی جوبرانلی، سەرکردەی سەربازیی ئەرزڕۆمە، دامەزرێنەری ڕێکخراوی (ئازادیی) لە (١٩٢١ز)، دواتر لە (١٩٢٤ز) لەسێدارە درا، ئەو بوو هەماهەنگیی کرد لەگەڵ شێخ سەعیدی پیران بۆ شۆڕشی (١٩٢٥ز)، بە پشتیوانیی شێخ مەحمودی حەفیدو سمایل ئاغای شکاك (سمکۆ). (بڕوانە: الحركة الكردية في العصر الحديث)، جليلی جليل وآخرون، دار الفارابی، بيروت، ٢٠١٣م. ◘

زاته ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی میللەتی کوردە، ئەمەوێ بەرە بەرە ئاسارەکانی تەرجەمە بکەمو لە "ژین"دا بینووسم. لەسەر خوا."[170]

ئەم پەرەگرافانەی پیرەمێرد لەو وتارەدا، پڕن لە زانیاریی بەسوودو هەندێکیان لە سەرچاوەی تردا بۆ ژیانی نورسی دەستمان ناکەون، بۆ نموونە لەم وتارەدا ئەم خاڵانە ڕوون دەبنەوە:

ــ دەرئەکەوێ پێش ئەو دیدارە، نورسی ناوی (پیرەمێرد)ی بیستووە.

ــ کوردەکان لە ئەستەمبوڵ شوێنێکی تایبەتیان هەبووە بۆ دەردەدڵو ئاڵوگۆڕی بیروڕا، بەناوی قیرائەتخانەی (دیاربەکر)، هاوشێوەی دوکانەکەی (بەشیر موشیر) لە بەغدا.

ــ وێناکردنی شێوەی هەندامی نورسیو شێوەی جلوبەرگە کوردییەکانی.

ــ دۆستایەتیی پیرەمێردو (خەلیل خەیالی)، کە دواتر بووە قوتابی نورسی.

ــ نووسینەوەی هەندێ بابەتی نورسی بۆ ڕۆژنامەکان لە لایەن پیرەمێردەوە.

ــ هۆگریی نورسی بۆ ڕێکخراوی تەعاونو تەرەققی کورد.

ــ ویشایەی چەند کوردێك لە نێوان نورسیو سەید عبدالقادردا.

ــ دامەزرانی نورسی لە (دار الحكمة) بۆ وەڵامدانەوەی تەحەدداکانی ڕاهیبە ئینگلیزەکان بووە.

ــ سەعید نورسی پیرەمێردی لەگەڵ خۆیدا بردووە بۆ شەڕی یۆنان.

ــ پیرەمێرد نورسی بردووە بۆ شاری ئەرزڕۆم، بۆ نزیککردنەوەی لە سەید عبد القادرو بەشدارکردنی لە ڕێکخراوی (ئازادیی) کە خالد بەگ دایمەزراندووە..

---

١٧٠ ئەم وتارەی پیرەمێرد لە لاپەڕە (٢–٣)ی، ژمارە (٦٦١)ی ساڵی (١٩٤٢ز)ی ڕۆژنامەی (ژین)دا، بڵاو کراوەتەوە.

ئەمانە زانیاریی گرنگن‌و یارمەتیی هەر توێژەرێك ئەدەن بۆ زیادە لێكۆڵینەوە لەو چەند لایەنە لە ژیانی هەردووكیان، هەم نورسی، هەم پیرەمێرد.

**٢ـ هەوڵێكی تری پیرەمێرد لەگەڵ نورسی بۆ بەشداریی ڕاپەڕین:**

بەڵگەیەكی تری ئاشكرا بۆ هەماهەنگیی گەرموگوڕی نێوان پیرەمێردو سەعید نورسی، بە تایبەتی هەوڵی پیرەمێرد بۆ قەناعەتپێكردنی نورسی تا بەشداریی چالاكیی ڕێكخراوی (ئازادیی) بكات، كە بە سەركردایەتی خالد بەگو (ضیاء) پاشا، پلانی هەڵگیرساندنی شۆڕشیان دژی دەسەڵاتی ئەتاتورك بەدەستەوە بوو، وتارێكی تری خودی پیرەمێردە، كە سەرەداوی ئەم هەواڵو زانیارییەمان بۆ دەخاتە ڕوو.

پیرەمێردی ڕەحمەتیی لە ژمارەیەكی تری ڕۆژنامەی (ژین)ەكەی خۆیدا، گۆشەیەكی تر لەو چالاكییەی خۆی‌و هاوەڵانی باس دەكات، كە لە وتارە پێشووەكەیدا ئاماژەیەكی تری پێكرد. پاش گەڕانەوەی لە ئەستەمبوڵەوە بۆ سلێمانی، بیرەوەرییەكی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لە سەورەو قۆمیتەی (ئەرزڕۆم)ی كوردانِدا، لەگەڵ (خالید بەگ)و (یوسف ضیاء)و دكتۆر كەمالدا، لە خزمەت مەلا سەعیدی (بدیع الزمان)دا ڕەنجم ئەداو ئیدارەی عورفیی لە ئەستەمبوڵ بە ئیعدام مەحكومی كردم." مەبەستیی چالاكییە لە ڕێكخستنە نهێنییەكەی ڕێكخراوی (ئازادی)دا كە لقە بنەڕەتییەكەی لە ئەرزڕۆم بوو، بە سەرۆكایەتیی خالد بەگی جوبرانلی.

لە ژمارەیەكی تری (ژین)دا دەسگیركرانی خۆی لەسەر ئەو جموجووڵە دووپات دەكاتەوەو دەڵێت: "لە زیندانی ژێرزەمینی (بلوكی بەكر ئاغا) لە ئەستەمبول گیرابووم، بیمی خنكاندم هەبوو." ئەم زیندانبوونەش هەر ئەوەیە كە لەگەڵ سەعید نورسیدا كرابوو.

جارێکی تریش لە ژمارەیەکی تری (ژین)ی ساڵی (١٩٤٤ز)دا باسی ئەو خەوو هەواڵەی سەعید نورسی دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەك نموونەی یەکێك لە کەرامەتەکانی مامۆستا نورسی دەیوروژێنیّ، گوایە وا دەردەخات لە کاتی منداڵیدا شتی زۆری بیستووە بە ناوی کەرامەتەوە، کاتێکیش چووەتە ئەستەمبولّ پێکەنینی بەخۆی هاتووە کە چۆن کاتی خۆی بڕوای بەوە کردووە کە قاپقاپ لە بەغدا بهاوێژریّ، لە هیندستان سەر بپەڕێنیّ! پیرەمێرد دەیەویّ بڵێت: نە ئەو سادەییو خۆشباوەڕییەی سەردەمی منداڵیی، تەواو بوو، نە ئەوەش کە بە ڕەهایی هەموو شتێك ئینکار بکرێت. بۆیە حاڵەتێکی مامناوەدیی پیّ ڕاستترەو وا دەردەخات کە کاك ئەحمەدی شێخ خاوەنی کەرامات بووە. بۆیە دەڵێت: ".. تا لە دواییدا بە خزمەت مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان گەیشتم. لە کاتی ئیعدامدا مەلا سەعید هات، فەرمووی: ناشیّ بتانخنکێنن، ڕاستیشی کرد. ڕسگار بووین. ئەنجا بەو کەرامەتەی کاك ئەحمەدە هاتمەوە سەر ڕێی پێشوو. من خۆم کەراماتی کاك ئەحمەدم دیبوو."[١٧١]

زیندانکردنی پیرەمێرد ـ کە وەك وتمان: خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (کورد) زمانحاڵی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد) بووە، لە (بلوکی بەکر ئاغا)، پێش داخستنی کۆمەڵەو ڕۆژنامەکەیان بووە، دوای ڕووداوەکەی (٣١)ی مارتی (١٩٠٩ز).

---

١٧١ ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (٧٣٩)، ساڵی (١٧)، (١٨/٤/ ١٩٤٤ز)، لا: (٤).

**٣ـ نورسی له کۆپلەشیعرێکی پیرەمێرددا:**

به پێی پارچه شیعرێکی ناسکی خودی پیرەمێرد ـ که لێرەدا دەینووسمەوە ـ وا دیاره شەوێك له شەوەکانی زینداندا، که هەردووکیان ـ پیرەمێردو نورسی ـ به خەفەتی ئاینو خاکو خەڵکەوه خەویان لێ کەوتووه، (کاك ئەحمەدی شێخ)ی سلێمانی، چووەته خەوی سەعید نورسیو مژدەی داوەتێ که: ئێوه نامرنو ئەمێننو ئازادیش دەکرێن، داواشی لێ کردووه که ئەو هەواڵە بدات به پیرەمێردی هاوڕێی زیندانی. !

به دڵنیایی پیرەمێرد ـ به حوکمی ئەوەی گەورەبووی شاری سلێمانییه، که مەڵبەندی کاك ئەحمەدی شێخەو گۆڕی له (مزگەوتی گەورە)ی ئەو شارەیه ـ جارانی تر ـ له زیندان بووبێت، یان له دەرەوەی زیندان ـ باسی کاك ئەحمەدی شێخی بۆ سەعید نورسی کردوەو گەورەییو خواناسییو خەمخۆرییەکانی بۆ گوتووه، بۆیه چووەته خەوی نورسی.

پیرەمێرد له پێشەکی کتێبی (مەناقیبی کاك ئەحمەد)دا – که عەزیز ئەفەندی وەسمان پاشا، ناسراو به (خواجه ئەفەندی) له وەصفی کاك ئەحمەدی شێخدا، له ساڵانی سییەکاندا به زمانی فارسی نووسیویەتیو پیرەمێرد وەریگێڕاوەته سەر کوردیی ـ ئەم باسەی مامۆستا سەعید نورسی دەکات، پیرەمێرد دەڵێت:

"له ئەستەمبوڵ له زەمانی ئیحتیلالدا، لەگەڵ مەلا سەعیدی مەشهور به (بدیع الزمان) نورسی، له زیندانی بلوکی بەکرئاغادا حەبس بووین.. ئەیانویست هەڵمانواسنو پێشیان وتین. له بێهۆشیدا بوومو هەریەکەمان

به جیا له ئۆدەیەکدا بووینو نۆبەتچیشمان[172] لەبەر دەرگا بوو. مەلا سەعید هات، فەرمووی: مەترسە، نامانکوژن. کاك ئەحمەد(ی شێخ) هات (واتە: له خەومدا)، مژدەی دامێ. ڕاستی فەرموو بەیانی عەفو کراین." [173]

بەهەرحاڵ، دواترو پاش زیاتر له (٣٠) ساڵ، پیرەمێردی ڕەحمەتی ئەم یادگارییو بیرەوەرییە بەچێژە له کۆپله شیعرێکیدا له سلێمانی به زیندوویی دەهێڵێتەوەو له ژمارە (٨٨٣)ی ڕۆژنامەکەی خۆیدا، (ژین)ی ساڵی (١٩٤١ز)، له ژێر سەردێڕی (نەڕەی دێوانە)دا بڵاوی دەکاتەوە.

پیرەمێرد له کۆپله شیعرەدا دەڵێت:

کاك ئەحمەدەکەی خۆشەویستی خوا!
زۆرکەس له سایەی تۆوە نان ئەخوا
لەوانە زیاتر من تۆم خۆش ئەوێ
هەر تۆی سەربەرزیی قەومەکەت ئەوێ
که له زیندانیان تێکخزاندبووین
سێدارەیان بۆ داچەقاندبووین
تۆ چوبوویتە لای (بەدیعوززەمان)
مژدەت دابوویێ به ژیانو مان
فەرموبووت: ئێوە نامرن، ئەمێنن

---

١٧٢ جاران به پاسەوانی ناو زیندان دەوترا نۆبەتچی، لەبەر ئەوە که پاسەوانەکان به سەرەو نۆبەت شیفتیان دەگۆڕی.

١٧٣ کتێبی (مەناقیبی کاك ئەحمەد)، نووسینی: خواجه ئەفەندی، وەرگێڕانی: پیرەمێرد، سلێمانی، چاپخانەی ژیان، (١٣٥٨ك ـ ١٩٣٩ز)، لا: ٩. ئەم کتێبە ـ به سوپاسەوە ـ ساڵی (٢٠٠٠ز) له لایەن بەڕێز حەمە صالحی حاجی مەلا محەممەدی گەلاڵەییەوە هێنراوەتە سەر شێوەی نووسینی نوێ. ◘

تا سەر، ئازادیی گەلتان ئەسێنن
خۆ من باوەڕم بەوە کردووە
بە وەصیەت ناوی ئێوەم بردووە
بەڵام وا ئەمرم بەو ئاواتەوە
بشمرم گۆڕم دەنگ ئەداتەوە[١٧٤]

**٤ـ وتاری (ترسو واهیمە):**

پیرەمێردی شاعیرو حەکیم، لە ژمارە (٦٠٩)ی ڕۆژنامەی (ژین)، ساڵی (١٥)دا، کە ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی (١٩)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٠ز)، دەرچووە، لەژێر ناونیشانی (ترسو واهیمە)دا ئەم بابەتەی خوارەوەی نوسیوە، کە تێیدا ئاماژە بە ئازایەتیی سەعید نورسیو نەبەردییەکانی خۆیو شوێنکەوتووانی دەکات، دەڵێت:

"جاران کە چاوەقووڵە، قۆلێرا، ڕشانەوە، لەناوا بوو، ئەیانگوت: قۆلێرا وتوویە: من خۆم یەکێکم، بە تەنها ڕوو بکەمە هەر شارێك، لە هەموو ماڵێکدا موعاوینم بۆ پەیدا ئەبێ کە (ترسو واهیمە)یە.

من خۆم لە (مەککە) ئەمەم بەسەر هات، ڕەفیقەکانم کە تووش بوونو چاوم پێ دەکەوت ئەڕشانەوە، منیش لە خۆمەوە دڵم پێکا ئەهات. هێز لە بەدەنما نەما، لەشم سارد بووەوە. خوا نایە دڵم کە ئەمە ترسە، خۆم ڕائەتکاند، هەڵسامە سەر پێ. ئیتر نەموێرا بۆی بکەوم، دەستم کرد بە گەڕان، کەمتر ئەهاتمە شارەوە، بەوە ڕسگار بووم، هیچم لێ نەهات.

---

١٧٤ پارچە شیعری (نەڕەی دێوانە)، کە لە ڕۆژنامەی (ژین)، لە ساڵی (١٩٤١ز)دا بڵاوی کردووەتەوە.

ئێستا ئەبینم واین لەمپەڕی کایەوە. ساڵی بەسەردا تێپەڕی، هیچمان بۆ نەبوو. زۆر کەسم ئەدی لە گوێ ڕادیۆ هەڵنەدەسان، هەمیشە گوێیان بە تەنبورەی بێ تەلەوە بوو. ها ئەمشەو بۆمباران ئەکرێین، ها تەیارەی ئەڵمان گەیشتە کەرکوك. بەمانەو بەم ترسو لەرزەیە، ئەمساڵە گوزەرانیان لە خۆیان تاڵ کرد.

جارێ هیچیشمان بۆ نەبوو و هیوادارم لای خواوە هیچمان بۆ نابێ، چونکو بارها ئێمە بە ڕاستی نووسیمان: تا ئینگلیز بمێنێ، لێرە دڵنیا بە. وا ئینگلیزیش نەفەوتاو ناشفەوتێ. مادام هیچ دوژمنێ ناتوانێ لە (مانش)[175] بپەڕێتەوە، بۆمباردمان وڵاتی بۆ ناگیرێ.

وڵاخی ڕەسەن هونەری لە درێژیی‌و سەڵەفدا دەردەکەوێ. بەڵێ: ئەگەر تورکیا لە ناوا نەبێ، لەملاوە ترسمان ڕێ دەکەوێ. بەڵام من خۆم پەروەردەی ناو تورکم‌و لە شەڕی یۆناندا بووم. سێ صەد هەزار جەنگاوەری یۆنان بە زەخیرەو موهیمماتی تەواوەوەو بە جلوبەرگی تازەو ئەسلەحەی مومتازەوە، هاتنە سەریان، گاپوڕی ژنانی ئەنادۆڵی لە قوّماندەی (قەرە ئایشەی بیکباشی) و (صاڕی ئامینە)دا بەرەنگاریان بوون، نەیانهێشت بەر عیصمەت ئەین ئووکی‌و ئەتاتورك. خوا ئەیزانێ درۆی تیا نیە، ئەو لاوانەی کە (مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان) لە کوردستانەوە هێنابوونی، وەك کارئاسك گومەتەیان ئەبەستو وەك سوێسکە هەڵدەقوڵێن، هێشوویان لە پشت ژنە تورکەکانەوە نەدەکرد. ئەو ئافرەتە نازەنینانە خۆیان لە

---

١٧٥ مەبەستی دەریای (مانش)ە لە نێوان فەڕەنساو دورگەی بەریتانیادا، کە دەریای باکور بە ئۆقیانووسی ئەتلەسییەوە دەبەستێتەوە، لە جەنگی جیهانیدا نەیارانی بەریتانیا بۆیان نەگیرا. ◙

شەڵوارو چاکەت هەڵکێشابوو، لوولە تفەنگیان ئەگرتو بە گوڵبانگی (الله اکبر)ەوە هوجومیان ئەکرد، من خۆم لە غیرەتی ئەوان، جۆشی گریانم ئەهات.

جا ئەو میللەتە چۆن لە شەڕدا ئەشکێنو تورك کە خۆی نایە پێناوی ئەڵمانەوە، ئەوان بە چ ڕووێکەوە ڕووبەڕوویان ئەوەستن. لەبەر ئەوە ـ خوا یار بێ ـ هیچ ترسو دەغدەغەیەکیان نابێو ئەم جەژنەیش بە خۆشی ئەبەینە سەر. هەرچی گوێ لەم پیرە دنیادیدە ئەکا، نەترسێ، نەترسێ."

**٥ ــ وتاری (زەکاو حافظة):**

هەروەها پیرەمێرد، لەژێر ناونیشانی (زەکاو حافیزە)، لە ژمارە (٦١٠)ی،ساڵی (١٥)ی هەمان ڕۆژنامەی (ژین)، کە پێنج شەممە، ڕێکەوتی (١٥)ی تشرینی دووەمی (١٩٤٠ز) دەرچووە، بابەتێکی تایبەت کردووە بە باسی زیرەکیی‌و بیرتیژیی نائاسایی مامۆستا (سەعید نورسی)یەو بەراوردێك دەکات لە نێوان زیرەکیی نورسی‌و زیرەکیی مامۆستا شێخ (محەممەدی خاڵ)دا، بە وتارەکەشدا دیارە کە پێش وەفاتی نورسی نووسیویەتی. ئەمە دەقەکەیەتی: "بە تێگەیشتنو بەراوردی خۆم، وایدەزانم ئەو کەسانەی کە لە خوێندەواریدا ناو دەرئەکەنو هونەر دەنوێنن، بە دوو چشتە: یەکێکیان زیرەکییە، کە گەوهەری سروشتیان ئەمەندە تیژو بە ڕشتەی هەرچی هاتە پێش، ئەیقڵێشێتەوە، پێستی لێ فڕێ ئەداو لە مەغزەکەی ئەکا. دووەمیان لەوە بەکارتر، یادداشتو قووەی حافیزەیە. (مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان)ی مەشهور، خوا بیهێڵێ، ئەیگوت: "من لە خوێندن، خۆم بینیم، کەللەم لە ڕاستی مێشکم هەزار ڕەفەی کون کونو شای هەنگی هەیە. هەرچی ئەیخوێنمو بۆم پوخت ئەبێ، لەو ڕەفانەدا جێگیر ئەبێ. وەك عەتارێکی ماهیر کە داوای دەرمانێکیان لێ کرد، دەستبەجێ دەستی پڕ ڕادێڵێو ئەیدا بە دەستەوە. منیش ئەو ماددەیەی کە لە مێشکمدا ـ یەعنی لە

حوجەیراتی دەماغییەدا ـ دامناوە، ئەیدەم بە زبانم، ئەویش بەڕێوجێ ئەیگێڕێتەوە.."(!)

باوەڕم کرد کە (مەلا سەعید) ڕاست ئەکا. خوا بەهرەیێکی وای داوەتێ کە هاتە ئەستەمبوڵو بە غەزەتە جارێ نووسیی: تا حەوت ڕۆژ هەرکەس لە عیلمو فەن پرسیارم لێ ئەکا، جوابی ئەدەمەوە، زۆر خوێندەوارانی ناودار دەستە دەستە ئەهاتن، لێیان ئەپرسییەوە. خوا شەرمەزاری نەکردو ناوی دەرکرد.

ئەنجا خواپێداو کە زیرەك بێو تێبگاو ئەویش تێی دەگا، لە مێشکیدا هەڵیگرێو لەگەڵ پرسییانەوە، بتوانێ بیخاتە مەیدان، پایەی زۆر بڵند ئەبێ، بە شەرتێ گزو گزیریی تێکەڵ نەکا. ئەمەم بۆیە کرد بە دیباچە، کە لە ناو ئێمەیشدا یەکێکی تری وەك بەدیعوززەمانی کوردی هەیە، ئەگەر زەمان زمانی نەبەستێ، خوا یار بێ، لەو باشتر ئەبێ. (شێخ محەممەدی نەوەی خاڵ) زۆرجار کە دوواندوومە، دەماغی ئەویشم بە هەزار ڕەفە زانیوە، چشتی وای لێ هێناوەتە دەرێ، مەگەر لە (مەلا سەعید)م دیبێ، خوا بیپارێزێو سەخڵەتیی بۆ نەیێتە پێش، ناودارێك ئەبێ، لە نامدارانی پێش باشتر ئەبێ."[176]

**٦ـ وتاری (هەندێ وانەی مەلا سەعید بەدیعوززەمان):**

هەروەها لە ژمارە (٦٦٤)ی هەمان ڕۆژنامەی (ژین)ی، ساڵی (١٥)، کە ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی (٢٢)ی نیسانی (١٩٤٢ز) دەرچووە، لە ژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەدا، بروسکە وتارێکی نورسی کە ئاراستەی گەلی کوردستانی کردووە، بڵاو کردووەتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

---

١٧٦ ڕۆژنامەی ژین، پێنج شەممە، ١٩٤٠/١١/١٥ز.

"ئەی گەلی کورد! لەبیرتان نەچێتەوە کە ئێوە دلاوەرە پێشدارەکانی کوردان‌و شێری بێشەی ئارییانن، بەڵام خەوی گێژو نووستنی درێژی ئێوە، لە خەوی عوزێر تێپەڕیوە. ئەو، صەد ساڵ نووست، ئێوە سێصەد ساڵە لە خەودان.(!)

ئەموستی عیززەتی خوا لە گۆشەی ئوفوقی ئەزەلەوە ئیشارەتی ئێوە دەکاو بە هەڕەشەوە ئەڵێ: سەرچاوەی کورد لەسەر شاخی فیترەتی بەرزە، وەك تاڤگەو شەللالە هەڵدەڕژێتە خوارەوە، بۆیە وا بە پەرش‌و بڵاوی هیچ تنۆکێکی بەیەکەوە نانوسێ، بەڵام لە خوارەوە کە گەیشتە حەزیز (حضیض)ی پەستی، هەموو باخەوانێك جۆگای لێ هەڵدەبەستێ، ئەیبا بۆ خۆی، ئەینێ لە باغچە، قووەتی کەم ئەکاتەوە، هیچ فائیدەیێکی بۆ سەرچاوەو شوێن‌و مەڵبەندی خۆی نیە. یاخۆ زەرراتێکن شوێن جازیبەی ڕۆژی شەوکەتی لاوە دەکەون، لە جازیبەی میللی بێزارن، ڕادەکەن، هەمیشە تەفرەقەجوون."[177]

دیارە کاتێك سەرانی (ئیتیحادو تەرەققی) دەسەڵاتیان کەوتە دەست، کەم کەم دەستیان کرد بە سنوردارکردنی ئازادییەکان بە گشتیی‌و چالاکیی کەسایەتییە کوردەکان بە تایبەتی، لەبەر دژایەتییان بۆ ئیسلام‌و ئەو دەمارگیرییە تورکچییەتیەش کە هەیانبوو. بۆیە کەوتنە دژایەتیی کۆمەڵەی (تەعاون‌و تەرەققی کورد)و ڕۆژنامەی (کورد)، چ لەبەر پشتگیریکردنیان لە ئیسلام وەك ئاینی کۆمەڵگەی کوردستان، چ لەبەر داکۆکیکردنیان لە مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان. ئەم بابەتەی نورسی لەسەر زمانی پیرەمێرد، لەو ئاقارو کەش‌وهەوایەدا نووسراوە.

177 ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (٦٦٤)، پێنج شەممە، لە (٢٢/٤/ ١٩٤٢ن).

# بەشی پێنجەم

## بابەتی دەسكاریی بەرهەم‌و نووسراوەكانی سەعیدی نورسی

تەوەرەكانی ئەم بەشە:

**یەكەم/** گۆڕینی وشەی (كورد) و (كوردستان)، لە كتێبی (هذه شهادتي..)

بەراوردی نێوان دوو نوسخەی كۆن‌و نوێی (هذه شهادتي...)

**دووەم/** گۆڕینی واژووی سەر كتێب‌و وتارە ڕۆژنامەوانییەكانی نورسی

**سێیەم/** گۆڕینی وێنەی پێناسی تایبەتی نورسی

**چوارەم/** دیرۆكی كتێبی (رچتة العوام) یان (مناظرات)

ئەگەری دەسکاریکردنی بەرهەمە چاپکراوەکانی مامۆستا نورسی تا ساڵانی کۆتایی (٢٠٠٠)یش جۆرێك لە تۆمەت بوو و بە پیلان‌و دژایەتیی (پەیامەکانی نور) دەهاتە ژمار. بەڵام لەو کاتەوە لەو ئاستەدا نەماو لە ناو خودی باڵە جیاوازەکانی پەیڕەوانی نورسیدا باسەکە سەری هەڵدا. ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکان ململانێی باڵەکان بێت، جگە لە فاکتەری کرانەوەو زیادبوونی پانتایی ئازادیی ڕادەربڕین‌و هەڵگرتن یان کاڵکردنەوەی فلتەر لەسەر باسی وشەی کوردو کوردستان.

بەهەرحاڵ، دەسکاریکردنی بەرهەمەکانی نورسی، زیاتر پەیوەندییان بە دوو وشەی (کورد)و (کوردستان)و واژۆی مامۆستا نورسییەوە هەیە، کە لە چاپە ئەسڵیی‌و نوسخە کۆنەکاندا لەگەڵ چاپە نوێکاندا جیاوازیی هەیە، لەگەڵ لابردنی چەند ڕستەو دەستەواژەیەك لە هەندێ شوێندا.

بەندە پاش سەردانم لە چەندین کتێبخانەو مەڵبەندی ڕۆشنبیریی لە ئەستەمبوڵ‌و چەند شارێکی تری تورکیاو چاوخشاندن بە چەند نوسخەیەکی چاپی یەکەمی کتێبەکانی سەعید نورسیدا ـ کە بە شێوە خەتی عوسمانیی‌و پیتی عەرەبی نوسراون ـ بینیم کە دەیان جارو لە زۆر نوسراویدا، نورسی وشەی (کورد) و (کوردستان)ی بەکارهێناوە، بەڵام لە چاپە نوێکاندا ـ کە بە پیتی لاتینی نوسراون‌و دەگەڕێنەوە بۆ دوای کودەتای کۆماریی‌و سەردەمی پەرەسەندنی گیانی تورانیزم ـ بەداخەوە زۆربەی وشەکانی (کورد) و (کوردلەر) کراون بە (موسلمان)، یان (عەوام)، یان (کەس)، یان (تورکلەر)یان بۆ زیاد کراوە، یان هەر لابراون. هەروەها دەیان جار وشەی (کوردستان)ی بەکار بردووە، بەڵام لە چاپە نوێکاندا ئەو وشانە کراون بە (ویلایاتی شەرقیی)، یان (شارانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ). یان واژۆی لەسەر زۆرێك لە نووسراوەکانی بە (سەعیدی کوردی) کردووە، بەڵام کراون بە

(سەعید نورسی). ئەمە بێجگە لەوانەی کە نورسی خۆی پیایاندا چووەتەوەو دەسکاریی کردوون‌و هەندێك لەو وشانەی گۆڕیوە، وەك کتێبی (رچتة العوام/ مناظرات) و (هذه شهادتي من مدرسة الابتلاء)و هەندێکی تر لە بەرهەمانی.

بۆیە ئەمە ئەڵێم چونکە بەندە نکوڵیی لەوە ناکەم کە نورسی خۆی بە هەندێك لە نووسراوەکانیدا چووەتەوەو هەندێکی گۆڕیون‌و پێی وابووە ئەو گۆڕینە دەبێتە مایەی ئەوەی نووسراوەکانی لە ناوەندە تورکییەکاندا باشتر بڵاو ببنەوەو هەستیاریی زمانیی‌و نەتەوەیی نەبێتە ڕێگر لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی. بەڵام خۆ نورسی دانەنیشتووە دانەدانەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ساڵانی یەکەمیش بێنێت‌و واژۆی تەواوی وتارەکانی خۆی لە (مەلا سەعید) و (سەعیدی کوردی)یەوە بکات بە (سەعید نورسی)..!

ئەمەی خوارەوە نموونەی هەندێك لەو گۆڕانکاریی‌و دەستکاریکردنانەن، کە بە بەراورد لە نێوان نوسخە ئەسڵییەکان‌و نوسخە تازەکاندا دەرئەکەون‌و چەند ڕەهەندێك دەگرنەوە، کە کارێکی زۆر ناشایستەو نەگونجاوەو دوورە لە سەرەتاییترین ڕێبازی ئەمانەتی زانستییەوە:

## یەکەم/ گۆڕینی وشەی (کورد) و (کوردستان)
## لە کتێبی (هذه شهادتي من مدرسة الابتلاء):

مامۆستا نورسی کتێبێکی هەیە بە ناوی (هذه شهادتي من مدرسة الابتلاء، أو ديوان الحرب العرفي وسعيد الكردي)[١٧٨]، ئەم کتێبە مشتو مڕی زۆری لەسەرە، کە بەم چەند خاڵە ئاماژەیان بۆ دەکەم:

١ـ ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار ساڵی (١٩١١ز)و دواتر ساڵی (١٩١٢ز) بە پیتی عوسمانیی (عەرەبی) لە لایەن کەسایەتیی ناسراوی گەورەو بە خزمەتی کورد، ئەحمەد ڕامیز، ناسراو بە (کوردیی زادە ئەحمەد ڕامیز)ەوە، چاپ کراوەو لە چاپی دووەمدا پێشەکییەکی سۆزدارانەی بە بایەخی بۆ نووسیوە.

٢ـ نورسی لەو کتێبەدا ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٠٧ز)و دواتری تێدا تۆمار کردووە، کە بۆ داوای کردنەوەی زانکۆیەك لە کوردستان سەردانی ئەستەمبوڵی کردووەو سوڵتان (عبد الحميد)و بەرپرسانی باڵای بینیوە، بەڵام ئەوان بە شێتو سەرلێشێواو داویانەتە قەڵەمو ناردوویانەتە نەخۆشخانەی کۆڵبیرو شێتانی ئەستەمبوڵ.

٣ـ لەو کتێبەدا چەندین جار وشەی (کورد) و (کوردستان)و (سەعیدی کوردی) بەکارهێناوە.

٤ـ ئەو کتێبە لەو ساڵەی (١٩١١ز)ەوە، بە بێ دەسکارییو گۆڕین، لەبەر دەستدا بووەو لێی گیراوەتەوە. تاکو ساڵی (١٩٤٤ز) لە لایەن قوتابییەکی مامۆستا نورسییەوە نوسخەیەکی هەمان کتێب بە خەت نووسراوەتەوە، دواتر ساڵی (١٩٤٦ز) قوتابییەکی تری نوسخەیەکی تری نووسیوەتەوە،

---

١٧٨ لە زنجیرە عەرەبییەکەی بەڕێز ئیحسان قاسم صالحیدا، خراوەتە بەرگی (٨)ی (صيقل الإسلام).

هەردوو نوسخەکە دەسکاریی وشەکانی کوردو کوردستانی تێدا نەکراووە، هەرچەند ئەو ساڵانە بە ساڵە ڕەشەکانی تورکیا دەژمێردرێن، کە لە لایەکەوە وشەی کوردو کوردستان، لە لایەکی تریشەوە باسی ئیسلامو هەر بابەتێکی ئاینیی، قەدەغە بوون.

٥- ژمارەیەك لە قوتابیانی مامۆستا نورسی - لە سەروو هەموویانەوە (عبد القادر بادیللی) پێیان وایە کە مامۆستا نورسی لەو ساڵەوە (١٩١١) تاکو کۆتایی پەنجاکان - واتە بە درێژایی نزیکەی پەنجا ساڵ - دەسکاریی ئەو کتێبەی نەکردووە، بەڵام لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەسکاریی ئەو دوو دەستنووسەی کردووە کە لە لایەن هەردوو قوتابی خۆیەوە (ئیبراهیم قاقازلی) و (جەیلان)ی (ئەمیرداغی)یەوە نووسراونەتەوە. هەندێك وشەی زیادو کەم کردووەو هەندێکیشی لێگۆڕیوە، لەوانە وشەکانی (کورد) و (کوردستان)، کە گۆڕیونی بە (موسڵمان) و (ویلایاتی شەرقیی).

٥- بەڕێز عبد القادر بادیللی لێکۆڵینەوەو کارێکی بەراوردکاریی وردیی لەسەر هەموو نوسخەکانی ئەم کتێبە (چ خەتییەکان، چ چاپییەکان) کردووەو قەناعەتی تەواوی وایە کە دوا نوسخە دەسکاریکراوەکان دەسخەتی مامۆستا نورسییان لەسەرەو کەس تۆمەتبار ناکات بە گۆڕینو دەستێوەردانی ئەو کتێبە. لە کاتێکدا کە تاکو ساڵی (٢٠١١ز) ئەو نوسخەیەی نەدیبوو کە دەسکاریی نورسی لەسەرە.

٦- بێگومان ژمارەیەکی تر لە لایەنگرانی نورسیو پەیامەکانی نور، ئەم لێکدانەوەیە ڕەد دەکەنەوەو پێیان وایە هەندێك کەسی دەمارگیری تورك، ئەو دەسکارییانەیان کردووەو وشەی (کوردو کوردستان)و نازناوی (سەعیدی کوردی)یان گۆڕیوە، لەوانە: مامۆستا عزالدین یەڵدرمو

لایـەنگرانی (وەقفـی زەهـرا)و ژمارییەیـەکی تـر لـە دۆسـتانی کوردزمـانی قوتابخانەی نورو نورسی..[179]

٧ـ یەکێك لەوانە بەڕێز (شوکری ئەسلان کوردستانی)یە، کە ئەو کتێبـەی لەبـەر دوو نوسـخەی کـۆن وەرگێـڕاوە بـۆ عـەرەبیو چـەند نموونەیـەکی دەسکاریکردنەکانی بۆ بەراوردکردن لە نێوان ئەو نوسخە ئەسـڵانەو نوسـخە گۆڕاوەکەدا داناوە.[180]

٨ــ بەندە لێرەدا وەرگێڕانە کوردییەکەی مامۆستا فاروق ڕەسوڵ دەکەمە ئەسڵ، لە هەندێ جێشدا سوود لە بەراوردەکەی بەڕێز (شوکری ئەسلان) وەردەگرمو لەم خشتەیەی خوارەوەدا هەردوو دەقەکان دەخەمە ڕوو.

٩ــ قەناعـەتی خۆیشـم هـەمان قەناعـەتی سـەرەتاکانی نەوەدەکانـە، کـە پـێش چارەکە سەدەیەك، زنجـیرە وتـارێکم لەسـەر ئـەم بابەتـەی نورسـی بـڵاو کردنەوە، ئـەویش ئەوەیـە کـە ئەگـەر متمانـەی تەواویشـمان بـە نوسـخە پارێزراوەکـانی لای قوتابییـەکانی نورسـی هـەبێت، ئـەوە نـاتوانین

---

١٧٩ ساڵی (١٩٩٦ز) مامۆستا (عز الدین یلدرم) سەرۆکی وەقفی (زەهرا)، لە نووسینگەکەی خۆی لە ئەستەمبوڵ، نوسخەیەك لەو کتێبەی پێشکەش کردم، کە شوێنی دەسکاریکردنەکانی تێدا دیاری کرابوو. ◙

١٨٠ جگە لە وەرگێڕانەکەی بەڕێز ئیحسان قاسم صالحی بۆ زمانی عەرەبی، بەڕێز (تەحسین ئیبراهیم دۆسکی)ش ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردییو ساڵی (٢٠٠٥ز) لە لایەن وەشانگەی (سبیریز)ەوە لە دهۆك لە چاپ دراوە. هەروەها هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا فاروق ڕەسول لەبەر ڕۆشنایی نوسخە بەراوردکراوەکەی (عبدالقادر بادیللی) هەمان کتێبی بە ناوی (بڕوانامەی هەردوو قوتابخانەی موسیبەت..) وەرگێڕاوەتە سەر کوردیو ساڵی (٢٠١٤ز) لە لایەن (ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا)وە، چاپ کراوە. ◙

متمانەمان بە نوسخە چاپکراوەکانی سەردەمی ئیتتیحادیی‌و کەمالییە ڕەگەزپەرستەکان ببێت، چونکە بە دڵنیایی دەسکاریی کراون.

١٠ـ ئەمەی سەرەوە واتای ئەوە نیە کە مامۆستا نورسی دەسکاریی هەندێك نوسخەی کتێبەکانی خۆی نەکردبێت، چونکە بە پێی هەندێك بۆچوونی خۆیدا دیارە کە لە سەردەمی (سەعیدی دووەم)دا ڕەخنە لە (سەعیدی یەکەم) دەگرێت، بەوەشدا دەردەکەوێت کە پێداچوونەوەی هەبووە، بەڵام ئەوەی پاساوی بۆ نادۆزرێتەوە ئەوەیە کە زۆربەی دەسکاریکردنەکان لەسەر وشەی (کورد) و (کوردستان) و (سەعیدی کوردی) کراون.

ڕەنگە لەم بەراوردەی خوارەوەدا هەندێ ڕاستیی ڕوون ببنەوە، کە ئایا هەموو دەسکارییەکان لە خودی (مامۆستا نورسی)یەوە بووە، یان نا.

**بەراوردی نێوان دوو نوسخەی کۆن‌و نوێی (هذه شهادتي...):**

| دەقی نوسخەی دروست‌و ئەسڵیی | دەقی دەسکاریکراو |
|---|---|
| لا: (٧): قوتابییەکی کورد | لا: (٤٣٩): قوتابییەکی گوندنشین |
| لا: (١١): تەواوی هۆزە کوردەکان | لا: (٤٤١): هۆزەکانی ڕۆژهەڵات |
| لا: (١١): گەلی کوردم وریا کردەوە | لا: (٤٤٢): ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتم وریا کردەوە |
| ـــــ | |
| لا: (١٢): بۆ گەلی کورد | لا: (٤٤٢): بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات |
| لا: (١٣): بیست هەزار کورد | لا: (٤٤٢): بیست هەزار کەس |
| لا: (١٣): بەو دوکان‌و چاپخانانەی کورداندا گەڕام .. | لا: (٤٤٢): بە چاپخانەو دوکانی حەماڵاندا گەڕام.. |
| لا: (١٣): برا ئەرمەنەکانمان ڕۆڵی | لا: (٤٤٣): هاوکاریی‌و ڕاستگۆیی |

زۆریان هەبوو لە هۆشیارکردنەوەمان بەرەو شارستانێتیی، بۆیە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەبینە دۆستیان.

لا: (١٦): منی کوردی گوندنشینی نەخوێندەوار

لا: (١٦): زمانی قوتابییەکی کورد.

———

لا: (١٩): کوردەکانی بەخەبەر هێنا

لا: (١٩): کوردانی ئەمڕۆ، نەوەی..

لا: (٢٢): کوردەکان

لە کوردستاندا..

چیاکانی کوردستان..

ئێمەی کورد دەخەڵەتێنرێین

لا: (٢٦): تاوانی یازدەهەمم: وامدەبینی کە دۆخی گەلی کورد لە کوردستان، لە خراپترین حاڵەتدایە. بڕواشم وابوو کە شارستانییەتی ئێمە لە ڕێی زانستە نوێکانەوە دێت، دەشبێت ئەو زانستانە لە ڕێی خوێندنگەکانەوە لەسەر دەستی زاناو حەکیمەکان بێنە کوردستان، تا لە ناو کوردا کرانەوە بەسەر ئەو زانستانەدا دروست ببێت، چونکە تا ئێستەش

دەکەین، دەست بە دەست لەگەڵ تورکان، ئەوان برای ڕاستەقینەمانن!

———

لا: (٤٤٤): منی گوندنشین.

———

لا: (٤٤٥): زمانی خوێندکارێکی گوندنشین، کە تازە تورکی فێربووبێت.

لا: (٤٤٦) ویلایاتی ڕۆژهەڵاتی بەخەبەر هێنا

لا: (٤٤٦): ڕۆژهەڵاتییەکان نەگۆڕاون.

لا: (٤٤٢): عەوامەکان

لە وڵاتەکەمدا..

ویلایەتەکانی خۆرهەڵات..

موسڵمانی ڕاستەقینە..

لا: (٤٥٠): تاوانی یازدەهەمم: هەستم دەکرد بە دۆخی نالەباری خەڵکی ویلایەتە ڕۆژهەڵاتییەکان. بۆیشم ڕوون بووەوە کە کامەرانیی دونیایی بە زانستە نوێکانی سەردەم دێتە دەست، سەرچاوەیەکی پاکی ئەو زانستانەش زانایانن، سەرچاوەیەکی تریش خوێندنگە شەرعییەکانن، چونکە جڵەوی کار لەو ناوچانە ـ کە زۆربەی دانیشتووانی نەخوێندەوارن ـ لە دەستی زانایاندایە.

| | |
|---|---|
| جلەوی کورد لە دەست زانایاندایە. | ــــــ |
| لا: (٢٦): هاتم بۆ ئەستەمبوڵو هەموو ئەو بەڵگەنامانەم لەگەڵ خۆم هێنا کە پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەبوو. | لا: (٤٥٠): ئەم هەستە پاڵی پێوە نام کە بێم بۆ ئەستەمبوڵ.. <br> ــــــ |
| لا: (٢٧): (لای سوڵتان عبدالحمید): بەخششەکەیم ڕەدکردەوە، پێشنیارەکانیم قبوڵ نەکردن، قوربانییم بە ئەقڵی خۆم دا، بەڵام سومعەی نەتەوەکەمم عەیبدار نەکردو ملم بۆ سوڵتان کەچ نەکرد. | لا: (٤٥١): (لای سوڵتان عەبدولحەمید): قوربانییم بە ئەقڵی خۆم دا، وازم لە ئازادیی خۆم نەهێنا، سەرم بۆ ئەو سوڵتانە میهرەبانە کەچ نەکرد. ! <br> ــــــــــــ |
| لا: (٢٧): من ساڵو نیوێکە لێرەم، بۆ ئەوەی زانیاریی بڵاو بکەمەوە لەسەر کوردستان، هەروەك لای خەڵکی ئەستەمبوڵ ئەمە مەعلومە. | لا: (٤٥١): من ساڵو نیوێکە لێرەم، بۆ ئەوەی وڵاتەکەم بگات بە زانیاریی‌و زانست، زۆربەی هاوڕێیانیش لە ئەستەمبوڵ ئەمە ئەزانن. |
| لا: (٢٧): من لەبەر بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەم، کێوە بڵندەکانی کوردستانم بەجێ هێشت، کە تا ئێستەش شەیدایانم. | لا: (٣٥١): من خۆشەویسترین ناوچەم بەجێ هێشت، کە لوتکەی کێوەکانی ویلایەتە شەرقییەکانە، بانگەشەم کرد بۆ کامەرانیی ئوممەتەکەم. |
| لا: (٣٠): ئێمەی گەلی کورد ـ بەبێ فەخرـ فێڵمان لێ ئەکرێت، بەڵام فێڵو درۆ ناکەین لە پێناوی درێژەدان بە ژیان. | لا: (٤٥٣): بەبێ فەخر ئێمەی موسڵمانانی ڕاستەقینە، فێڵمان لێ ئەکرێت، بەڵام لەبەر درێژەدان بە ژیانی دونیا فێڵو درۆ ناکەین. |
| لا: (٣١): ویستم خزمەتی گەلەکەم بکەم.. | لا: (٣١): حەزم ئەکرد خزمەتی ئوممەتی ئیسلامیی بکەم.. |
| لا: (٤٤): نورسی ڕوو بە ئەستەمبوڵ | لا: (٤٠٠) و (٤٦١): |

| | |
|---|---|
| ئەڵێت: ماڵئاوا پیرەژنی سەردژاو، کە پۆشاکی بووکێنیت کردووەتە بەرت. من لێت بێزار بووم، تۆ وەك هەنگوینی ژاراوی وایت، نەخێر وەك دڕندەیەکیت پۆشاکی کەسێکی شارستانیی کردبێتە بەری. ئەوەندەی لە دیمەنتا ژیارو شارستانییەت دیارە، ئەوەندەش لە مێژووتا دڕندەیی‌و دووڕوویی‌و سەفاهەت‌و مەیلکاریی هەیە. تۆ بە تەواویی وەك دونیا وایت، هەزارجار پەشیمانم کە هاتمە ئەم دونیایە، هەرچی یادت ئەکەمەوە ڕیابازییم دێتە بەرچاو. | بە تەواویی ئەم بڕگەیە لابراوە.. |
| لا:(٤٥): کێوە بڵندەکانی کوردستان. | لا: (٤٦١): کێوە بڵندەکانی ڕۆژهەڵات.. |
| لا: (٤٥): کێوەکانی کوردستان. | لا: (٤٦١): کێوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. |
| لا: (٤٥): کێوە سەر بڵندەکانی کوردستان، مەبەستم کێوی باشیدە، لە پارێزگای (وان). | لا: (٤٦١): لوتکەی کێوەکانی زێدم، کێوی باشیت، لوتکەی کێوێکە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. |
| لا: (٤٧): بیدعەی سەردەمی ئێستە، سەعیدی کوردیی. | لا: (٤٦١): بیدعەی ئەم سەردەمە، سەعیدی نورسی. |
| لا:(٤٨): لەو ڕەوشتانەی لە کوردستان لە برەودان: ئازایەتیی، سەربەرزیی، توندگرتنی ئاین، یەککەوتنی دڵو | لا: (٧٠) (سيرة ذاتية): خووە پەسەندەکان لە ئەنادۆڵ بریتین لە: جەسارەت، دەروونبەرزیی، پایەداریی لەسەر ئاین، یەککەوتنی دڵو |

| | |
|---|---|
| زمان. بەڵام ئەوەی شارستانییەکان پێی ئەڵێن: موجامەلە، سازشکاریی‌و دووڕوویی زیاتر هیچی تر نیە. | زمان. بەڵام جوانیی هاوشێوەکانیان لە بابەتە مەدەنییەکان، لای ئەوان بە دووڕوویی‌و ماستاوکردن دەژمێردرێت. |
| لا: (٥٩): کاتێك لە کوردستان بووم وام ئەزانی زۆر پاکن.. | لا: (٧٥ سيرة ذاتية): بە تەواویی ئەو ڕستەیە لابراوە. |
| لا: (٦٠): ئەی شێرە کوردەکان! ئەی سەربازە نەبەردە پێشووەکانی سەردەمی سەڵتەنەتی ئاشوریی‌و کیيانییەکان! | لا: (٤٦٣): ئەی ڕۆڵەکانی نیشتیمانم! برایانم! نەوەی سەربازە سەربەرزەکانی نەوەی ئاسیا! |
| لا: (٦٢): بە ڕاستی لایەنی نەتەوەیی ئێوە، هەمووتان وەك هۆزێك لێئەکات لە ژێر چادرێکدا، لەگەڵ پاڵەوانانێکی وەك ڕۆستەم‌و صەلاحەدین پێکەوە دانیشتبن..<br>———<br>———<br>——— | لا: (٤٦٣): بە ڕاستی میللییەتی ئیسلامیی کە لە دۆڵەکانی ڕابردوو و ساراکانی ئێستەو بەرزاییەکانی داهاتوودا، چادری هەڵداوەو باپیرانتان وەك: صەلاحەدین‌و جەلالەدین خوارەزم شاو سوڵتان سەلیم‌و خەیرەدین باربارۆس‌و ڕوستەمی زاڵ‌و هاوشێوەکانیان لە ژێر سایەیدان..(!) |
| لا: (٦٤): دوو لاپەڕە باسی جوانیی‌و گرنگیی زمانی کوردیی‌و نەتەوەی کوردو ناوچەی کوردستان دەکات. | لا: (٤٦٤): تەواوی ئەو دوو لاپەڕەیە لابراوە، چونکە باسی جوانیی‌و زمانی کوردیی‌و کوردستان‌و کورد دەکات. |

ئەو خشتەیە بەراوردی نوسخە کۆن‌و نوێکانی کتێبی (بڕوانامەی هەردوو قوتابخانەی موصیبەت) یان (دادگای عورفیی سەربازیی‌و سەعیدی کوردی)یە. بە وردبوونەوە لە هەندێك دەسکاریی‌و گۆڕینەکاندا مرۆڤ دڵگرمێ دەبێت لەو نوسخانەی چاپە دواییەکانی دوای سەردەمی

کەمالیستەکان، کە گۆڕینیان بەسەردا هاتووە، چونکە پاساوێك نابینرێت بۆ ئەو هەموو هەستارییە لە مامۆستا نورسییەوە بەرامبەر بە وشەی (کورد) و (کوردستان) و نازناوی (سەعیدی کوردی).

بەڵام ئەوەی لێرەدا وتنی پێویست بێت ئەوەیە کە ئەم باسە بۆ تۆمەتبارکردنی قوتابییە دەسپاکەکانی نورسی نیە، چونکە پەروەردەی ئەو بۆ قوتابییەکانی نموونەیی بوو، بەڵکو زیاتر باسی نوسخە چاپییەکانی سەردەمە تاریکەکەی دوای ئەتاتورکو یاساغکردنی وشەی کوردو کوردستانە لە چاپەمەنییەکاندا. هەرچەند بەڵگەی مەحکەمیشمان نیە بۆ دەستاو دەست نەبینینی نوسخە خەتییەکان، بەڵام ئەمە کاری زۆری دەوێو ژانی پەیدابوونی لێکۆڵینەوەی زیاترە لەسەر نورسی.

**دووەم/ گۆڕینی واژووی سەر کتێبو وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی نورسی:**

لە زۆربەی نامەو وتارو کتێبەکانیدا ـ وەك لە بەڵگەنامەو بەرهەمە بەردەستەکاندا دیارە ـ مامۆستا نورسی کاتێك واژۆی بەرهەمەکانی کردووە، نووسیویەتی (سەعیدی کوردی)، یان (مەلا سەعید)[181]، یان (مەلا سەعیدی مەشهور)[182]، یان (بدیع الزمان سەعیدی کوردی)[183]، یان (مەلا سەعیدی

---

١٨١ بڕوانە: وێنەی ژمارە (١٢)، وتارێکی نورسییە لە گۆڤاری (کورد، تەعاونو تەرەققی غەزەتەسی)، پیرەمێردی ڕۆژنامەنووس بە ناوی (سلێمانیەلی توفیق) خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری دایرەکەی بووە، وتارەکەی بە ناوی (مەلا سەعید) واژۆ کردووە. ◙

١٨٢ بڕوانە: وێنەی ژمارە (١٣)، کە گۆڤاری (شەرقو کوردستان)ە، ساڵی (١٩٠٨ز) بڵاو کراوەتەوە، وتارێکی نورسی تێدایە، بە واژۆی (مەلا سەعیدی مەشهور).◙

١٨٣ بۆ نموونە: لە سەرجەم وتارو باسەکانی گۆڤاری (وولقان)دا بە ناوی (بدیع الزمان سەعیدی کوردی) وتاری بڵاوکراوەتەوە. بۆ نموونە: (بڕوانە: وێنەی ژمارە (٢٨)، بابەتێکی نورسییە، کە لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (٧٠)ی ◄

کوردی).. به داخەوە لەمەشدا زۆر جار ئەمانەتی زانستیی پشتگوێ خراوەو زۆربەی ناوو ئیمزاکانی ـ لە چاپە نوێکاندا ـ گۆڕاونو کراون بە (سەعیدی نورسی)، بە تایبەتی لەو بەشەیدا کە پەیوەندیی بە واژۆی سەر وتارەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە هەیە، کە بابەتی دیکۆمێنتییو مێژوویینو نورسی دەستی پێیان نەگەیشتووە تا بڵێین خۆی گۆڕیونی.

---

▶گۆڤاری ناوبراو وەرگیراوە. هەروەها بڕوانە: وێنەی ژمارە (١٤)، کە وێنەی ڕۆژنامەی (سەربەستی)یە، دوو بابەتی نورسی تێدایەو بە (بدیع الزمان سەعید کوردی) واژۆی کردوون. ◙

## سێیەم/ گۆڕینی وێنەی پێناسی تایبەتی نورسی

لەوەش ناسۆرتر لـە بـەراوردکردنی دوو شـێوە چـاپی یـەك بەرهەمـدا، بینیم کە وێنەی پێناس (تەسکەرە)و ڕەگەزنامەیەکی مامۆستا نورسـی ـ لـە کاتێکدا کە باس لە ژیاننامەی دەکات ـ گۆڕاوە. لە چـاپی یەکـەمی کتێبـی (سیرة ذاتية)دا، لە وێنەکەیدا مشکیی‌و جامەدانەی باوی کـوردەواریی لـە سەریدایە، بەڵام لە چاپەکانی دواتردا وێنەکەی گۆڕاوەو وێنەیەك خراوەتە جێی، کە کلێتەیەکی تورکیی لەسەردایە، پێدەچێ وێنەی ئەو کاتەی بێت کە بەدیلیی گیراوەو بەرەو سیبریای ڕوسیا براوە.

ئەمـەش وەك دیـارە کـارێکی زۆر بـێ مانـاو ناشایسـتەیە، کـە گومـان دەخاتە سەر هەر کارێك ئەو دەزگایە ئەنجامی دابێت.

## چوارەم/ دیرۆکی کتێبی (رچتة[184] العوام) یان (مناظرات):

لە زنجیرەی پشکنینمدا بە دوای بەڵگەنامەو بابەتی سەلمێنەری بەشێك لەو ڕاستییانەی سەرەوەدا، لە لای دۆستێکی باکوری کوردستان، ڕێمکەوت لە مایکرۆفیلمی کتێبێکی سەعید نورسی. پاش لەبەرگرتنەوەی مایکرۆفیلمەکە دەرکەوت کە نوسخەیەکی چاپی یەکەمی کتێبێکی (سەعید نورسی)یەو لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (هذه رچـتـة العوام)، بەڵام نورسی لە پێشەکییەکەیدا ناوی ناوە (رچـتـة الأكراد). کتێبەکەساڵی (١٩١١ز) لە سەردەمی (سوڵتان ڕەشاد) لە (ئاستانە) چاپ کراوەو کاتی خۆی بە ژمارە: (٣٢٩٥) لە کتێبخانەی (یوسف ئاغا)ی شاری (قۆنیا) پارێزراوە.

ئەم کتێبە لە ئەسڵدا ناوەرۆکی گفتوگۆو پرسیارو وەڵامی نێوان سەعید نورسیی‌و ژمارەیەك لە هۆزە کوردییەکانی باکوری کوردستانە.

---

١٨٤ وشەی (ڕەچەتە) هەمان ڕەچەتەی پزیشکییە، بە واتای (وەصفەی پزیشکی).

ئەم نوسخەیە عەرەبییەو لەسەر بەرگەکەی نوسراوە (هذه رچـتـة العوام)، بەڵام لەناو پێشەکی خودی کتێبەکەدا مامۆستا نورسی دەڵێت: "کتێبی (رچـتـة الأكراد)م لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە دیمەشق وەرگێڕایە سەر عەرەبی‌و هەمان کتێب لە سەرەتاوە کوردی بوو، پاشان کردمە تورکی، دواجار کردوومەتە عەرەبی، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر زبریی‌و ناڕێکیی لە واتاو ئوسلوبەکەمدا هەبێت." [١٨٥]

ئەمە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە مامۆستا نورسی ئەو کتێبەی بە زمانی کوردیی نووسیوە. بەندە ساڵی (١٩٩٦ز) - واتە پێش (٢٤) ساڵ، بۆ یەکەم جار ئەم بۆچوونەم لە ئەڵقەیەکی زنجیرە وتارەکانی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو)دا وروژاند، بەداخەوە چەند بەڕێزێك - لە دۆستانی نوور - بۆچوونەکە زۆر لەسەر دڵیان گران بوو، تەنانەت بە نامیلکەیەکی گیرفانیی وەڵامیان دامەوە. بە ڕاستی من ئەو بۆچوونەم لە کەسی تر نەبیستبوو، بە پێویستیشم نەبینی وەڵامی ئەو بەڕێزانە بدەمەوە.

چارەکە سەدەیەکە لە خۆم ئەپرسم: تۆ بڵێی من هەڵە بووبم؟ خۆشبەختانە ئێستە کە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکەم (سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ز) چاوم کەوت بە ڕای دەستەی وەرگێڕانی کتێبی (TARIHCE-I HAYATI) کە گشتگیرترین‌و جێی متمانەترین سەرچاوەیەو لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی نورسی‌و قوتابییە نزیکەکانی نووسراوەو سێ بەڕێزی ناسراو لە دۆستانی نور وەریانگێڕاوە بۆ عەرەبی، [١٨٦] لە ناساندنی کتێبی

---

١٨٥ لاپەڕە (٥)ی کتێبی (رچـتـة العوام)، چاپی ئاستانە، ١٩١١ز.

١٨٦ ئەو سێ بەڕێزە بریتین لە: (حسين عثمان، خليل جادو، محمد أبو الخير السيد). کتێبەکە (٩٥٩) لاپەڕەیەی قەبارە گەورەیەو ساڵی (٢٠١٦ز)، لە ◄

ناوبراودا، به واژۆی هەرسێکیان نووسیویانە: "کتێبی (مناظرات) ـ واتە هەمان رچـتة العوام ـ دەوروبەری ساڵی (١٩١٠ز) مامۆستا (سەعید نورسی) بە کوردیی نووسیویەتی، پاشان خۆی وەریگێڕاوە بۆ تورکی، لە تورکیەکەشەوە وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی، پاش نزیکەی (٥٠) ساڵ، خۆی چاوی بە ئەسڵە تورکییەکەدا خشاندووەتەوەو شەنوکەوو پاکنووسی کردووەو زیادو کەمی لێکردووەو هەندێك پەراوێزی بۆ زیاد کردووە".[١٨٧]

لێرەدا دوو پرسیار سەر هەڵدەدەن:

**یەکەم:** ئاخۆ لەسەر بەرگەکە بۆ ناوی کتێبەکە نراوە (رچـتة العوام)، لە کاتێکدا مامۆستا نورسی خۆی بە ڕوونی لە پێشەکی کتێبەکەدا بە (رچـتـة الأکراد) ناوی دەبات؟

**دووەم:** ئەگەر ئەو کتێبە عەرەبییەی لە تورکی، تورکییەکەشی لە کوردی وەرگرتووە ـ وەك خۆی دەڵێت ـ ئەی کوان نوسخە تورکیو کوردییەکەی؟ خۆ تەواوی باڵەکانی قوتابخانەی نور باس لەوە دەکەن نووسراوەکانی مامۆستا نورسی هەموو پارێزراونو لە سەرچاوەکانی باسی ژیاننامەیدا باسی فەوتانی نووسراوێکی ئەوتۆی مامۆستا نەکراوە..؟

ئەوەی لێرەدا گرنگە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە کە مامۆستا نورسی سەراسەری ئەم کتێبەی تەرخان کردووە بۆ باسی گەلی کوردو دۆزی کوردو تیایدا کوردان هان دەدات کە خەبات بکەنو سوود لە ڕێبازی (مەشروتیەت) و (شورا) وەربگرنو لە دەردودای دیکتاتۆریەتو پەرتەوازەییو تاکڕەویی، خۆیان بەدوور بگرن. هەروەها بە ڕاشکاوییو جورئەتەوە، گلەیی لە

---

▶ لایەن (دار الأنوار)ەوە لە ئەستەمبوڵ، بە ناوی (سيرة بديع الزمان سعيد النورسي بلسانه وأقلام تلامذته)، چاپ کراوە. ◘

١٨٧ سيرة بديع الزمان سعيد النورسي بلسانه وأقلام تلامذته)، ص: ١٠٥.

سیاسەتی سوڵتانی هاوچەرخی‌و (عەساکری عوسمانی) دەکات‌و دەڵێت: "کوردستانیان کردووەتە مەیدانی ستەم‌و زوڵم‌و زۆرو گیروگرفت"و ڕێگا چارەش بە ڕوونی دەخاتە ڕوو.

لەم بارەیەوە مامۆستا (عبد الرقيب يوسف) ـ نووسەرو شوێنەوارناس ـ لە وتارێکی عەرەبیدا کە بۆ خۆمی ناردو وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دەڵێت: "چەند زانیارییەکم لە شوێنکەوتووانی بدیع الزمان وەرگرتووە، لەوانە زانای گەورە مەلا (صدر الدين)، لە گوندی (نورشین)ی سەهل موس، کە زیاد لە جارێك بە نهێنیی سەردانی (بدیع الزمان)ی کردووە، کاتێك لە شوێنی دوورخرانەوەی بووە.

ئەو ڕۆژی (١٣) یان (١٤)ی ئابی (١٩٧٧ز) ئاگاداری کردمەوە کە نورسی کتێبی (رچتة العوام) و (الجبر والمقابلة)ی بە زمانی کوردیی نووسیوە. ئەم زانایە (صدر الدين) بە ڕەهایی لە بەناوبانگترین زانایانی باکوری کوردستان بوو. بەڕێزی پێی وتم کە نورسی لە هاوینەهەواری فەراشین‌و کێوی ئاشیت ـ کە هاوینان لەگەڵ قوتابییەکانیدا بۆ گەشت ئەچوونە ئەو شوێنە ـ ئەو کتێبانەی نووسیوە. هاوکات پەیوەندیشی ئەکرد بە ئاغاوات‌و کەسایەتییەکانی هەکارییەوەو هۆشیاری ئەدا پێیان دەربارەی دۆزی کورد".[١٨٨]

بەهەرحاڵ، ئەم کارە لە سەردەمانێکدا کە تورکیا دانی بە گەلی کوردو خاکی کوردستاندا نەدەناو دەگوترێ: قەدەغەی دەکرد کە لە چاپەمەنی‌و ڕەسمییاتدا بەکار ببرێ، ئەگەر بگونجێ پاساوی بۆ بدرێ، ئەی ئێستا

---

[١٨٨] دەقی ئەم وتارەی ناوبراوم بە کوردیی، بە جیا لە بەشێکی ئەم کتێبەدا بڵاو کردووەتەوە، لەبەر ئەوەی هەندێك وردە زانیاریی نوێ‌و جیاوازی تێدایە◘

وەڵامی ئەو کەسو دەزگا بڵاوکەرەوانە چیە؟ خۆ چەندین ساڵە یاسای چاودێریی چاپەمەنی نەماوەو سەربەستییەکی گونجاو هەیە بۆ بەکارهێنانی وشەی (کورد)و (کوردستان)و هەر نەتەوەیەکی تر، لەوەش زیاتر تەنانەت چاپکراوی کوردییو گۆڤاری کوردییو کەناڵی تەلەفزیۆنییو ئێزگەی ڕادیۆیی کوردییو سایتی کوردیی کەوتوونەتە کار، هەرچەند تا ئەم ساتە وەختەش دەوڵەتی تورکیا نەیتوانیوە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ دۆزی کورد لە تورکیا بکات.

ئەوەی پێویستە بە ڕاشکاویی بگوترێ، ئەوەیە کە هەندێك لە قوتابیو دۆستو خەمخۆرانی نورسیو بەرهەمە نایابەکانی، لە ئاست شاڵاوی تورکچییەتیو کەمالیزمدا لاواز بوونو توانای بەرەنگارییان نەبوو. تەنانەت یەکێك لە دۆستە ناودارەکانی ـ کە بۆ خۆی کوردی باکوری کوردستانەو کۆمەڵەیەکی تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی کەلەپوری نورسی ـ پێی گوتم کە: "ناوێرین لە دیدارو کۆڕو کۆمەڵو کۆنگرەکاندا بڵێین: سەعید نورسی کورد بووە، چونکە یەکسەر تۆمەتی ڕەگەزپەرستیی دەدرێتە پاڵمان، ئیتر چۆن بتوانین حەقیقەتی ئەو دەستێوەردانو گۆڕانکارییانەی ناو کتێبەکانی باس بکەین..؟"[١٨٩] هەزار مەخابن کە کاری واو دەستێوەردانی لەو


---

١٨٩ ئەو کەسە بەڕێز (عز الدين يەڵدرم) بوو، خوا لێی خۆش بێت، کە پەراوێزێکی پێشووتردا ناساندم ـ خاوەنی وەقفی (الزهراء)و خاوەنی گۆڤاری (نەوبەهار) کە بە کوردیی دەرئەچوو. ئەو کاتە کە ئەم وتارەم نووسی، لە ژیاندا مابوو، حەزم نەکرد ناوی بەرم، چونکە هەستم کرد کە زۆرێك لە دەزگاو ناوەندەکانی تری سەر بە نوورییەکان (وەك دەزگای سۆزلەرو دەزگاکانی یەنی ئاسیاو یەنی نەسلو دەزگاکانی سەر بە فتح الله گولەن) بەرامبەری هەستیار بوون. ناوبراو بە شێوەیەکی دڕندانە، ساڵی (٢٠٠٠ز) لە شاری ئەستەمبوڵ تیرۆر کرا. ◘

جۆرە، بە هەڵەو کارێکی نادروستو بێ ئەمانەتیی نازانرێت ـ بە پێچەوانەوە ـ وەلامدانەوەو خستنەڕووی ڕاستییەکان دەکرێتە تاوانو تۆمەت.

بێ گومان خوێنەری هاوچەرخی تورکو کوردی باکورو خوێنەرانی هاوچەرخی کوردو عەرەبو زمانەکانی تر ـ کە نوسراوەکانی مامۆستا نورسی بە زمانیان بەرچڤە کراون ـ وێنەیەکی تایبەتی لێ دەگرنو ئەو لایەنە سیاسی ـ ئیجتماعییەی ژیانی، لە ئاکامی ئەو دەستێوەردانو شێواندنەوە ون دەبێت.

لە ڕاستیدا باسی ئەم کتێبە تا ڕادەیەك ئاوکێشەو دەخوازێت کە لە بەشی داهاتوودا تیشکێکی زیاتر بخەمە سەر ناوەرۆکەکەی.



**وێنەی مامۆستا مەلا سەعید نورسی**

**لە کاتی جەنگی دژی ڕووسەکاندا**

# بەشی شەشەم

# تیشکێک لەسەر ناوەرۆکی

# کتێبی (رچتە العوام)

تەوەرەکانی ئەم بەشە

- پێناسی کتێبی (رچتـە العوام)
- بیرکردنەوە بە کوردیی‌و ئاخاوتن بە عەرەبی
- (مەشروتـیەت)و بارودۆخی کوردو هەڵوێستی نورسی
- پێناسەی (دیکتاتۆریەت) و (مەشروتیەت)
- باری ناهەمواری کوردستان‌و گلەیی نورسی لە سوڵتان
- واتای (هێزو دەسەڵات) لە ژیانی شارستانیانەدا
- غیرەتی نەتەوەگەریی (میللەتپەوەریی)
- نرخ‌و بەهای زانست‌و وانەیەکی گرنگ
- چەوساندنەوەو جۆرەکانی
- تێڕوانینی نورسی بۆ حاڵی جیهانی ئیسلام‌و زانایان
- هەڵوێستی لە سوڵتان‌و حکومەت‌و گۆڕانکارییەکان
- پرۆسەی زانکۆی (الزهراء)و مەرج‌و تایبەتمەندییەکانی
- هەڵوێستی نورسی لە ئەرمەنییەکان
- هۆی ئاڵۆزبوونی پرسی کوردو ڕێگاچارەی
- چەند ئامۆژگارییەك بۆ کاربەدەستان‌و (ئیتتیحادو تەرەققی)

لەم بەشەدا تیشکێك دەخەمە سەر یەکەم چاپی کتێبی (رچتـة العوام)، کە هەمووی تایبەتە بە کوردو کوردستان:[190]

**پێناسی کتێبی (رچتـة العوام):**

ـ کتێبەکە ـ وەك لە پێشەکییەکەیدا دەردەکەوێت ـ بۆ خۆی بە کوردیی بووەو نورسی خۆی کردوویەتە تورکی، پاشان مەبەستیشی بووە کە عەرەبی زانان لە دۆزی کوردان ئاگادار ببنـەوە، بۆیـە کاتێـك لـە شـاری دیمەشـق بووە، خۆی وەریشی گێڕاوە بۆ عەرەبی.

ـ لەسەر بەرگی یەکەم نوسراوە (هذه رچـتـة العوام لبديع الزمان). سـەیر ئەوەیە ـ وەك پێشتر وتمان ـ نورسی خـۆی لـە پێشـەکییەکەدا بـە (رچـتـــة الأكراد) ناوی بردووە.

ـ بەرگەکە هـیچ کلێشـەیەکی لەسـەر نیـە، جگـە لـە دوو مـۆری کتێبخانـەی یوسف ئاغای شاری قونیا، کە کتێبخانەیەکی بەناوبانگی شاری قونیایـەو ژمارە (٣٢٩٥)ی زنجیرەی کتێبەکانی بۆ تەرخان کراوە.

ـ کتێبەکە (٧٠) لاپـەڕەی قـەوارە گەورەیـەو لـە دوادێڕیـدا نورسـی بـەم شێوەیە واژۆی خۆی دەرخستووە: (جريدەی سيّارە، أبو لاشئ، ابن الزمان، أخو العجائب، رفيق الغرائب، بديع الزمان، سعيد الكردی النورسی).

ـ لە ساڵی (١٩١١ز) لە سەردەمی سوڵتان ڕەشاد، لە چاپخانەی (أبو ضيا) لە ئاستانە، چاپ کراوە، بەڵام ساڵی نووسینی بەرهەمەکە مەعلوم نیـە، هێنـدە هەیە کە ئەم کتێبە پـێش (الصـيقل الإسـلامي) نووسـیوە، وەك خـۆی لـە لاپەڕە (٢٤)دا باسی دەکات.

---

[190] لێرەوە ئەم بەشە، لە ژمارە (١١٦)ی ڕۆژنامەی یەکگرتوودا، لە (١٩٩٦/١٢/١٣ز) بڵاو کراوەتەوە.

ـ کتێبەکە بە سەرەتاترین ئـامێری چـاپی ئـەو کاتـە چـاپ کـراوە، هـیچ خاڵو وێرگوڵو خاڵبەندییەکی تری تێدا نیە.

ئەمەی خوارەوە چەند پەرەگرافێکی هەڵبژێرراون لەو کتێبە، کە بەندە ساڵی (١٩٩٥ز) وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی:[١٩١]

ـ سەعید نورسـی لـە ژێـر ناونیشـانی (مَعـذِرةً طَویلـةَ الأذْیـال) پۆزشـێکی دوورو درێژدا، پێشەکییەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە، تیایـدا ئـەو هۆکارانـە ڕوون دەکاتەوە کە هاندەری بوون بۆ نووسینی ئەو کتێبەو دەڵێت:

"هەموو نووسینەکان وەك پێڕست وان، بۆ چەند سەردەمێکی جیاواز، وەك نموونە وان بۆ سروشتە جۆراوجۆرەکـانی هـۆزو تـیرە کوردییـەکان، هەروەها ناونیشانن بۆ سەردەمو قۆناغە جیاوازەکـانی تەمـەنی خـۆم.." (لا: (٣)ی کتێبی (رچـتــة العوام).

**بیرکردنەوە بە کوردییو ئاخاوتن بە عەرەبی:**

ـ دوابەدوای ئـەوە ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە بەرهـەمو نووسـینەکەی بـە عەرەبییەکی لاوازەو هۆکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە خـۆی کوردزمانـەو ناهەقی نیە. ئەوەتا دەڵێت: "من (کوردی)یانە بیردەکەمەوە، پاشان بـە عەرەبی، یان تورکی دێمە ئاخـاوتن، پاشـان لـە چاپخانەیەکی خەیاڵمـدا وەرگێڕێکی عەجەمی دادەنیشێو دەستبەکار دەبێـت (...) مـن هـەروەك لـە ڕووی زمانـەوانییو (نـەحو و صـەرف)ەوە ڕسـتەکانم بـە تـورکی بـۆ هەڵناپێکرێن، بە هەمان شێوە لە هەڵپێکانی عەرەبیشـدا سـەلیقەم نیـە، بۆیە ئەو عیبارەتانەی کردوومنەتە بەری باڵای واتاکان، دوگمەو تەقەڵیان

---

١٩١ تێبینی: لە کۆتایی هەر پەرەگرافێکەوە ئاماژەم بە ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکە کردووەو لەبەر زۆرییو دووبارەبوونەوەیان نەمهێناوەتە پەراوێزەکان.

شێواوو پەشێون، بە ڕادەیەك كە وشەی "ئەوێت، ئیشتە، هەمدە، زیرا، شو، بوو" (چەند وشەیەكی توركین بە مانای: بەڵێ، كەواتە، بۆیە، ئەوە، ئەمە) دووبارە بوونەتەوە.. هەروەها دەزانم كە دووبارەبوونەوەی "نعم، إلا، إن، ثم، في، الذي، ذلك.. هتد" هەروەك منی بێتاقەت كردووە، ئێوەشی بێتاقەت كردووە. ئەوەش بڵێم كە من ڕازی نابم بەوەی كە كەسانێكی تر عیبارەتم بۆ ڕاست بكەنەوە، چونكە هەروەك هەڵواسینی لفكەو قردێڵەی تەربوشی توركی، بە كڵاوو جامەدانەكەی من ناخواتو قورسی دەكات، هەروا قسەو وشەی كەسانی تریش لەگەڵ وشەكانی مندا بە یەك ناخۆن.."(رجتة العوام، لا: ٤).

ـ پاشان هۆی ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە لەبەر چی كتێبەكەی تایبەت كردووە بە پرسی نەتەوەكەیەوەو دەری دەخات كە بەرهەمی موعاناتی كوردستانە، دەڵێت: "غیرەتی ئیسلامیی‌و غیرەتی نەتەوەیی دوو نوسراویان هێنایە بەرهەم (مەبەستی رجتة العوام‌و رجتة العلماء)یە (...)، تەنانەت بەشێك لەم نوسراوانە بەرهەمی كێوی (باشید)و هەندێكیان میوەی دەشتی (فەراشین)و هەندێكی تریان چەمی (بیت الشباب)ن، (سێ ناوچەن لە باكوری كوردستان) (...) جگە لەوە كە كتێبی (رجتة الأكراد)م لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە دیمەشقی شام وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی" (رجتة العوام، لا: ٥).

ـ لە كۆتایی پێشەكییەكەدا بە ڕاشكاویی دەری دەخات كە بەرهەمەكەی بۆ كوردان نووسیوەو پۆزش دێنێتەوەو دەڵێت: "ئەی ئەهلی ئینصاف! ئەمە پۆزشهێنانەوەی منە بۆ ئێوە (...) ئەم نامیلكە عەرەبییە، لە توركییەوە وەرمگێڕاوە، توركییەكەشم لە كوردییەوە وەرگێڕاوە، ئەو كوردییەشم بە شێوەیەكی سەرپێی بۆ پرسیاری كوردە گوندنیشینەكان بووە، بۆیە

بەرهەمێكی وەرگێراو، لە بەرهەمێكی جارێكی تـر وەرگـێراو، لـە بەرهـەمێكی سەرپێیی، لە نەخوێندەوارێكی وەك منەوە، بۆ كەسانێكی گوندنشین، لە زبریی‌و ناڕێكیی لە واتاو لەفزدا خاڵیی نابێـت (...) جـا هەركـەس دەیـەوێ گوێ بگرێت، با گیانی بنێرێت بۆ نێو لاشەی گوندنشینێك، تا ئەم پەیامـە بە خەیاڵی ئەو گوندنشـینە وەربگرێـت. هەركـەس نەبێتـە كـورد، هەركـەس خۆی نەخاتە حاڵەتی دەشتەكیی‌و گوندنشینێك، گوێگرتن بۆی حەلاڵ نیەو لەزەت لە بیستنی ئەم پەیامە نابات." (رچـتــة العوام، لا: ٥).

**(مەشروتـیەت)و بارودۆخی كوردو هەڵوێستی نورسی:**

لـە سـەرەتای ئـەو كتێبـەدا مامۆسـتا سـەعید هەڵوێسـتی خـۆی لـە سەردەمی مەشـروتیەتی توركیـا دەردەخـاتو بـە گـەرمیی پشـتیوانیی‌و داكۆكیی لێدەكاتو ڕێبازو شـێوازەكانی دەشـوبهێنێ بـە (شـورا)و هـانی نەتەوەی كورد دەدات كە تێی بگەن‌و پشتیوانی لێ بكـەن، دەڵێـت: "لـە دووەم سـاڵی (مەشـروتیەت)دا لـە ئەسـتەمبوڵەوە بـەرەو چـاخەكانی ناوەڕاست خلۆر بوومەوەو خۆم گەیاندە نێوان هـۆزو تـیرە كوردییـەكان، (...) لەوێ كەژو كێوو هـەردو نشـێوەكانم كردنـە قوتابخانەیـەك‌و وانـەی مەشروتیەتم پێیان گوتەوە (...) من هەستم كـرد كـە لێـی تێنەگەیشـتوون، بۆیە كلیلی قسەو باسم خستە بەردەستیان‌و پێمگوتن: بپرسن، تا وەڵامتـان بدەمەوە (...) پاشـان بـۆ ئـەوەی سـوودی باسـەكە گشـتیی تـر بـێ‌و بـۆ هـەموو لا بێـت، پرسـیارەكانیانم لەگـەڵ وەڵامەكانمـدا نووسـینەوە (...) ئێستە ئەم كتێبەم هەم لەگەڵ كورداندا دێتە گفت، هەم لەگەڵ ئەوانەدا كـە هاووێنەی ئەوان‌و نەمدیون". (رچـتــة العوام، لا: ٦).

پاشـان دەڵێـت "..ئـەی ئـەهلی غـیرەت! ئاگادارتـان دەكەمـەوە كـە كـوردو هاووێنەكانیان لە ڕووی هزرو بیرەوە بوونەتـە ئـەهلی مەشـروتیەت‌و دەبـن،

بـەڵام هەنـدێك لـە فـەرمانڕەواكان ڕێبـازی (شـورا)و ڕاوێـژ لـە ڕووی كردەییەوە پیادە ناكەن" (رچتـة العوام، لا: ٦).

**پێناسەی (دیكتاتۆریەت) و (مەشروتیەت):**

پاش ئەوەی كە نورسی ئەم گەشتە دەكات بە كوردستانداو هۆزو تیرە گوندنشینەكان بەسەر دەكاتەوە، كۆیـان دەكاتـەوەو هانیـان دەدات كـە سەبارەت بە بـارودۆخی سـەردەمو گۆڕانكارییـە سیاسـییەكان پرسـیاری ئاڕاسـتە بكـەن، ئـەوانیش بـە تامەزرۆییـەوە دەڕژێـن بەسـەریداو جۆرەهـا پرسـیاری لێ دەكـەن. ئـەوەتا بـۆ خـۆی وێنەیـەكی ئـەو دیمەنـە دەكێشـێو دەڵێـت: "یـەكێك پرسـیاری كـرد: تـاكڕەوییو ئیسـتبداد یـانی چـیو مەشـروتییەت یـانی چـی؟ یـەكێكی تـر گـوتی: چـۆن ئەرمەنییـەكان سەركەوتنو ئێمە دواكەوتین؟ یەكێكی تر گوتی: چـۆن غـەیرە موسـڵمان دەبێتە سەرباز؟ چوارەمێك گوتی: سەربەستیی یـانی چـی؟ یـەكێكی تـر گوتی: ئایا ئاین زیانی هەیە بۆمان؟ یەكێكیش گوتی: چـۆن تـورك وایـەو وایە؟..." یەكێكی ترو چەندینی تر، جۆرەها پرسیاریان ئاڕاستە كردم.

منیش پێمگوتن: چۆن وەڵامی ئەم هـەموو پرسـیارە پێكداهەڵپرژاوانـە بدەمەوە، كە نمونەی ناڕێكییو بێ نەزمیی خۆتانن؟ گوتیان: دەی باشە ڕێسایەكمان بۆ دابنێ. منیش وەڵامم دانەوەو گوتم: وا چاكە پابەند بن بە یاسای مەشروتەوە. كەواتە یەكێك یان دوان لە خۆتان هەڵبژێرن، تا پرسیار بكەنو ئێوەش گوێ بگرن.." (رچتـة العوام، لا: ٦٧).

پـاش ئـەوەی بـەو شـێوە كردەییـە فێـری شـێوازی دروسـتو شارستانییانەی پرسیارو گفتوگۆیان دەكـات، هـەر لـە سـەرەتاوە چێژی ڕێبازەكـانی هەڵبـژاردنو نوێنـەرگرتنیان بـۆ دەخاتـە ڕوو، پێناسـەیەكی ڕوونو چڕو كـورتی دیكتاتۆریـەتو تـاكڕەویی، لەگـەڵ مەشـروتەو شـورا

دەكاتو دەڵێت: "ئیستبدادو تاكڕەویی واتە: بەزۆر خۆكردنە حاكم، واتە پەنابردنە بەر هێز، واتە ڕاوبۆچوونی كەسێكی تاك بە تەنیا، واتە مەیدانی هەر بەكارهێنانێكی خراپو دەرگای هەموو گەندەڵیو فەسادێك. تاكڕەویی بناغەی ستەمە، توێنەرەوەی مرۆڤایەتییە. تاكڕەوییە كە مرۆڤی ڕێزداری لە پۆپەی ڕێزو حورمەتەوە بۆ هەڵدێری بێڕێزیو نزمیی هێناوەتە خوارەوە. تاكڕەوییە عالەمی ئیسلامیی خستووەتە داوی زیللەت. هەر ئەویشە كە كینەو غەرەزبازییو دوژمنایەتیی زیندوو كردووەتەوە. هەر تاكڕەوییە كە زەهری خستووەتە ئیسلامییەت، ئەو زەهرەی بە دەمارەكانی عالەمی ئیسلامیدا بڵاو بووەتەوە. هەر تاكڕەوییە كە هەموو پەرتەوازەییو ئیختلافاتە سەر لێتێكدەرەكانی هێناوەتە كایە. تەنانەت دەڵێم: (تاكڕەوییو ئیستبدادی زانستی)ش زادەی تاكڕەویی سیاسییەو بەدیهێنەری چاولێكەرییو دەردی تەقلیدیشە. بگرە تاقمەكانی (جبريّة) و (مرجئة) و (معتزلة) و (رافضة)و غەیری ئەوانیش ـ لە تاقمە لادەرەكانی تر ـ هەموو بەرهەمی تاكڕەوییو ئیستبدادی خۆپەسەندین..".

دوای ئەوە كوردە گوێگرەكان هەموو سوپاسی خوا دەكەن كە سەردەمی دیكتاتۆرییەت بەسەر چووەو داوا لە مامۆستایان دەكەن كە دەرمانی ئەو دەردەیان بۆ باس بكات، ئەویش بۆیان ڕوون دەكاتەوە كە (مەشروتییەت) چارەیەكی باشەو دڵنیایان دەكاتەوە كە لە ڕووی كاری هەندێ لە كاربەدەستانی سەردەمی خۆیانەوە ـ كە دوورن لە شێوازی ڕاوێژكارییو شوراوە ـ نەڕواننە چەمكی (مەشروتیەت)و دەڵێت: "مەشروتە ڕوونكەرەوەی دوو ئایەتی ﴿وأمرهم شورى بينهم﴾ و ﴿وشاورهم في الأمر﴾ە. واتاو مەفهومی مەشورەتی شەرعییە. پشتی مەشورەت بەهێزی ڕاستییە، ژیانی مەشورەت بە دادپەروەرییە، دڵی مەشورەت زانستو ئاگاییو زمانی

مەشـوەرەت خۆشەویسـتییە، عەقڵەکـەش یاسـایە، نـەك تاکەکەسـێك.."
پاش ئەوە درێژە بەباسی شورا دەدات:

"بەڵێ بە ڕاستی (شورا) واتە دەسەڵاتی میللەت، شورا هۆی کامەرانکردنی نەتەوەکانــە، بزوێنــەری هەســتە بــەرزەکانو بووژێنــەرەوەی شــەوقە گەشەکانە. ئێوەش ئاگادار بنو لـەو خـەوە دوورو درێـژە ڕا بـن. (شـورا) مرۆڤایەتیی لە لێواری ئاژەڵدارییی ڕزگار دەکاتو پاپۆڕی ئیسلامەتیی والآ دەکات.. مژدەتان لێ بێت! شوراو ڕاوێژکردن ئـاوی حەیاتـەو تەمـەنێکی درێژ دەدات بە دەوڵەت، بە درێژیی مانەوەی میللەت، بۆیە پێتـان دەڵـێم کە بێ هیوا مەبن. چاك بزانن کە (شـورا) ڕەئـی تـاکی تاکرەوییانـە ـ کـە وەك دەزوویەکی بەربای هەواو هەوەس وایە ـ دەکاتە فیکرێکی گشـتیی، کـە وەك سـتوونێکی ئاسـن وایـەو هـەرگیز نالـەرزێ، وەك شمشـێرێکی ئەڵماس وایە کە هەرگیز ژەنگ ناهێنـێ (...) (شـورا) هەرکـەس لـە جیهـانی خۆیدا دەکاتە سوڵتانێکی سەربەستو بەشـی خۆویسـتی مـرۆڤ (جـوزئی ئیختیاری) لە دیلییەتی قوتار دەکات.. کەواتە هەرگیز ڕازی مەبن کە وشكو بێ گیان بن.." (رچتــة العوام، لا: ٨).

هــەر بــە مەبەســتی کرانــەوەی زیــاتری ئاســۆی هۆشــیاری کــوردو بەگوڕخستنی ڕەوتی شارستانیەتی کوردسـتان، نورسـی پـڕۆژەی زانکـۆ ئەهلییە هاوچەرخەکە ـ کە بۆ کوردستان پێشـنیاری کردبـوو ـ دێنێتـەوە بـیری بەرپرسـانو ڕای گشـتیی کـوردیو تـورکیو ئیسـلامییو دەربـارەی دەڵێت: "یەکێ لە ئامانجەکان ئەوەیە لە ڕێی ئەو زانکۆیەوە لایەنە لـە بـارو ئیجابییەکانی مەشـروتیەت بێنـە کوردسـتان... هەرچـەند سـوپاس بـۆ خـوا لەناو کورداندا کەسێك نیە بیرۆکەی مەشروتیەت ڕەت بکاتەوە.. (رچتــة العوام، لا: ٦٧).

## باری ناهەمواری کوردستانو گلەیی نورسی لە سوڵتان

بـۆ هێنانـەوەی نموونـەی زینـدووی تـاکڕەوییو گوێنـەدان بـە بـیروڕاو بۆچوونی کەسانی دی، نورسی لـە کـاتی توێژینـەوەی چـەمکی (شـورا)و ڕێبازەکانیدا، نموونە بە کـارە هەڵـەو چـەوتەکانی سـوڵتانی عوسمـانیی لـە کوردستان دێنێتەوەو دەڵێت: "ئەگەر کوردستان بەدەست ژانـە سـکەوە، لەبـەر دەردی برسییەتی هاواری لێ هەستا، پزیشکی حەکیمیش دەرمانی هەرسـکردنی خۆراکی بۆ نارد، ئایا ئەوە چارەسەرکردنە، یان ژەهردەرخواردان؟!.

یان ئەگەر کوردەکان بە دەردی دوژمنایەتیی نەخۆش کەوتنو ئاگریان بەردایە بوونی خۆیان، حەکیمیش کـارێکی کـرد کـە زیـاتر گـڕو تـین بـەو ئاگرە بدات ـ وەك کارەکانی جەندرمەکانی (عەسـاکری ئـالانی سـوڵتانی) کـە پشـتیوانی لـە تـاکڕەویی ئیسـتبدادە پـژاوەکان دەکـەن ـ ئایـا ئـەوە چارەکردنە، یان ژەهردەرخواردانو یارمەتیدانی فریشتەی مەرگ؟!

بەڵێ ئەوە نمونەو پەیکەری تاریکی تـاکڕەوییو سـتەمکارییە، چـونکە سوڵتان جاران وەك زیندانکراو لەماڵەوە بوو، حاڵی میللـەتی نـەدەزانی، یان بە هۆی لاوازیی دڵیو بەهێزیی وەهمو گومانییەوە، حـەزی نـەدەکرد لە حاڵی میللەت بزانێت، یان بە هۆی هەوەسبازییو دڵەڕاوکێوە، وەزعـی خۆی لەبار نەبوو کە حاڵیی بکرێت.. ئـیتر هـەموو جـۆرە تاکڕەوییـەکان مەچوێنن بەم تاکڕەوییەوە." (رچتــة العوام، لا: ٩).

پاشان وەبیر هۆزە کوردەکان دێنێتەوە کە خۆیان خەتابارنو بە هۆی یەکنەبوونیانەوە ستەمی زۆریان لێ کـراوەو سـتەم لـە نێوانیانـدا پـەرەی سەندووە، دەڵێت: "ئەگەر هۆزەکانی (کوردان) و (مام خەران) و (هاجان)، (سێ هۆزی کوردین) سامانە میرییەکان ـ ئەو ڕێژە سـامانەی کـە سـاڵانە تەرخان کرابـوو بـدرێ بـە سـوڵتان ـ یـان پێشـهاتنی سـەربازەکانیان کـۆ

بکردایەتـــەوە، ئایـا بــەو شـێوەیە سـتەمو دەسـتدرێژیی ڕووی دەدا؟. نەخێر.." (رچـتـة العوام، لا: ١١).

دوای ئـــەوە بـــۆ ئـــەوەی کوردەکـــان جیـــاوازیی لـــە نێـــوان (شـــوراو مەشروتیەت)دا ـ وەکو دروشمو مومارەسە ـ بکەنو بە تەما نەبن کە چـەمکە تیۆرییەکان دەقاودەق ببنـە واقیـع، پێیـان دەڵێـت: "هەرچـەند مـەودای نێوان ئێوەو شاری ئەستەنبوڵ مانگێك ڕێیە، بەڵام نێوان ئێوەو مەشروتە هەزار مانگە (...) شورای نەرمو ناسـك ئەگـەر بتوانێـت خـۆی لـەو مـارو ئەژدیهایانەی دەوروبەری ئەستەمبوڵ بپارێزێو ئەو مەودا زۆرەش ببڕێت، ناچار دەبێت ئاوا ڕێگەیەکی هەڵئاوساو بە هـۆی (نـەفامیی)و چـەمو دۆڵێکـی ترسناكو چۆڵ، بە هۆی (هەژاریی)و شاخە سەختە ڕەقهەڵگەڕاوەکان بـە هۆی (ڕقەبەرایەتیی)یەوە، ببڕێت. (!)" (رچـتـة العوام، لا: ١٢).

پاشان بیریشیان دەخاتـەوە کـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیریی‌و پاراسـتنی ڕەوشـتە بـەرزەکان، فاکتـەری پاراسـتنی گیـانی شـوراییەنو دەڵێت: "ئەگەر دەتانەوێ (شورا) بەم نزیکانە ببێتە میوانتانو سـڵاوتان لێ بکات، ئەوە پێویستە کـە لـە مەعـدەنی (زانسـت) و (ڕەوشـتبەرزیی)، هێڵێکـی ئاسنین دروست بکەن، تا (مەشروتیەت) لە شەمەندەفەری کەمالاتـدا ـ کـە پێی دەوترێت شارستانێتی ـ خەڵاتی سەرکەوتنو پێشکەوتنەکان، بـاربۆ بکات بۆتانو بە نزیکترین کات بگاتە لاتان." (رچـتـة العوام، لا: ١٢).

پاشان ئاگاداریان دەکاتەوە کە دەبێت خۆیان هەنگاو بنێنو بـە نـاوی (توکّـل)ەوە پشـتوێن شـل نەکـەنو مانـای دروسـتی تـەوەککولو پشتبەخوابەسـتنیان بیردەخاتـەوەو دەڵێـت: "بـە ڕاسـتی (توکّـل)و پشتبەخوابەستن ئەگەر بە ڕەتکردنەوەی ئەسبابو هۆبـەکاربردن بێـت، ئـەوە خـۆی بـۆ خـۆی ڕەتکردنـەوەی مەشـیئەتو خواسـتی خواییـە"،

مەبەستی ئەوەیە کە خوا خۆی ویستی وابووەو فەرمانی داوە کە مرۆڤ هەنگاو بەرەو پێشکەوتنو سەرکەوتن بنێت.

لە جێیەکی تردا بە ڕاشکاویی لۆمەی سوڵتانو حکومەت دەکاتو دەڵێت: "ئەی هاوار سوڵتانێکی تاکڕەوو[192] فەرمانداریکی ماستاوکەرو پۆلیسی گەلێکی فاسق، چۆن دەتوانن ئاین بپارێزن؟ چۆن پشتیان پێ دەبەستن؟" (رچتە العوام لا: ٢٤).

### واتای (هێزو دەسەڵات) لە ژیانی شارستانیانەدا:[193]

مامۆستا نورسی لە چەندین جێگەی ئەم کتێبەیدا ڕوونی دەکاتەوە کە لە کوردەواریدا هێزی میرو دەسەڵاتداران، لە جێی خۆیدا بەکارنەبراوە، بۆیە دەری دەخات کە (هێزو توانایی) لە ژیانێکی ئاسایيو کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا، مەرج نیە بریتی بێت لە چەكو بازوو، بەڵكو بریتییە لە (ڕاستی) و (ژیریی) و (زانست) و (یاسا) و (ڕای گشتیی). بە ڕاستی ئەو چەمكو واتا بەپێزانەی لەم دەستەواژەو عیبارەتە کورتانەدا تۆماری کردوون، باشترین وانەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیيو سیاسین، هەق وایە لە هەر سەردەمێکدا جێی سەرنجی میرو بەرپرسو فەرمانڕەوایانی کورد بن. مامۆستا لەو بارەیەوە دەڵێت: "هەر زەمانێك حوکمێكو هەر سەردەمێك حاكمێك ـ یان بە زاراوەی خۆتان ـ ئاغایەکی هەیە. ئەو ئاغاو حاکمە، مەکینەی دەزگای کۆمەڵایەتیی دەچەرخێنێ. چاك بزانن کە حاکمی مەعنەویيو زوڵمو زۆرو

---

١٩٢ مەبەستی سوڵتان ڕەشادی کوڕی سوڵتان (عبد المجید)ی یەکەمە، برای (سولتان عبد الحمید)، کە ساڵی (١٩٠٩ز) کرایە سوڵتانو دۆخی سیاسی تورکیا یەکلایی بووەوە بۆ ئیتتیحادییەکان. ناوبراو ساڵی (١٩١٨ز) کۆچی دوایی کرد. ◙

١٩٣ لێرەوە ئەسڵی ئەم بەشە، لە ژمارە (١١٧)ی ڕۆژنامەی یەکگرتوودا، لە (٢٠/١٢/١٩٩٦ز)دا بڵاو کراوەتەوە.

ئیستبداد، جگە لە (هێز) هیچی تر نیە. لە مەنتیقی ستەمکاریی‌و تاکڕەویدا، هەرکەس شمشێری بڕندە بێ‌و دڵی ڕەق بێ، ئەوە سەربەرزو پێشکەوتووە، بەڵام لە (مەشروتیەت)دا حاکم‌و دەسەڵاتدارو گیان‌و هێزو ئاغا، جگە لە (حەق) و (ژیریی) و (زانست) و (یاسا) و (ڕای گشتیی)، هیچی دی نیە. لەو مەنتیقەدا هەرکەس عەقڵی تیژو جەم بێ‌و دڵی گەرم‌و ڕوون بێت، ئەوە سەربەرزو پێشکەوتووە. دەی کەواتە ئەی کوردەکان! ئەگەر گەورەو ئاغاتان تەنها پشت بە هێزی خۆی ببەستێ‌و هەر سەرگەرمی تیژکردنەوەی شمشێرەکەی بێ‌و ئامێرە هەستیارە ماددییەکانی، شوێن ئەفکارو بۆچوونەکانی بکەون، ئەوە حەتمەن دەڕووخێ‌و تیادەچێ‌و شایانیشیەتی. بەڵام ئەگەر پشت بە (ژیریی) ببەستێ‌و لە جێی تۆڵە، (خۆشەویستیی) بەکاربەرێ‌و بۆچوون‌و هێزو بیری، دەزگا هەستیارە ماددیەکانی بخاتە کار، ئەوە نەك هەر تیا ناچێ، بەڵکو پێش دەکەوێ‌و سەربەرزیش دەبێت (...)"

هەروەها دەڵێت: "ئەگەر گەورەتان تەنها پشت بە هێزی ماددی ببەستێ، یان بۆ خۆی خەیاڵی هێزێکی مەعنەویی بکات، یان فێڵ بکات‌و خەڵکی بکاتە کۆیلەو بیانچەوسێنێتەوەو بۆ کاری خۆی بەکاریان بهێنێ، یان بە تەوقی ترس‌و تۆڵە، تەنگیان پێ هەڵبچنێ (...) و شەوقی میللەتپەروەریی بشکێنێ‌و ئاواتەکانیان بتۆرێنێ، یان هەرکات خێرێکی بینی، داگیری بکات بۆ خۆی‌و وا دابنێ لە خۆیەوەیەتی (...)، هەرکاتیش شەڕو بەڵایەك ڕووی دا بە گەردنی میللەتدا هەڵیواسێ.. ئا ئەو سەرکردەیە وا مەزانن مەزن‌و گەورەیە، ئەوە وەك وەرەم کەسێکی هەڵئاوساوەو نموونەی بەرجەستەبووی ستەمکاریی‌و ئیستبدادە، کە بچووك سەیری شوێنکەوتووانی دەکات‌و ئەوانیش دەبنە جێی گاڵتەجاڕی‌و خاترگرتنی‌و

ڕوپامایی‌و درۆو، هتد.. چونکە شەوق‌و حەز ـ کە وەك بوخارو وزە وایە بۆ مەکینەی هەوڵ‌و کۆششی مرۆڤ ـ تیایاندا دەکوژێتەوە. ئەو کاتە سەرکردەیان لە جێی ئەوەی دەست بداتە بنباڵیان‌و ڕایانپەڕێنێ، دەچێتە سەر کۆڵیان، تا بە تەنیا دەرکەوێ. ئەو بە گۆشتی ئەوان خۆی قەڵەو دەکات، سەرەنجام دەبێتە پەردەو ڕێی تیشك‌و ڕووناکی دەگرێ لە لێهاتنەکانیان، کە وەك گوڵی نێو خونچەی نەکراوە وان".

پاشان وەصفی گەورەو بەرپرسی شیاوو شورا صیفەتیان بۆ دەکات‌و دەڵێت: "گەورە ئەو کەسەیە پشت بە (حەق) دەبەستێ، (ژیریی) بەکاردەبات، خۆشەویستیی دەکاتە خوو.. بۆیە میللەت ڕووی تێدەکەن‌و کەمەندکێشی دەبن. گەورەی وا ناچێتە بان سەریان، بەڵکو دەچێتە بندەستیان‌و هەڵیاندەستێنێتەوە، گەشە بە شەوق‌و حەزەکانیان دەدات. ئەگەر چاکەو خێرێك ڕووی دا لە ڕووی مەعنەوییەوە بەسەر هەموویاندا دابەشدەبێ‌و هەر تاکێکی میللەت بەشێکی فەخرو شانازیی بەردەکەوێ‌و شەوقی بۆ هەوڵ‌و خەبات زیاتر دەبێت. ئەو سەرکردەیە بۆ ئەوەی حەق جێگەی خۆی ببینێ‌و خونچەی لێهاتن‌و تواناییەکان بپشکوێن، ڕێ خۆشدەکات بۆ ئەوەی تیشك‌و ڕووناکیی زانست‌و مەعریفەت بگاتە هەموو کەس.. ئەمەیە نمونەی (سید القوم خادمهم)و بەرجەستەکارو ئاوێنەی شوراو ڕاوێژکاریی." (رچتە العوام، لا: ١٥و ١٦).

لە شوێنێکی تردا مامۆستا نورسی هانی کوردەکان دەدات کە پارێزگاریی لە حاکمیەتی خۆیان بکەن، دەڵێت: "ئەی میللەت! ئەگەر ئێوە بۆ خۆتان میریی‌و حاکمێتی خۆتان نەپارێزن، ئەوە کەسانێکی دی لێتان زەوت دەکەن، پاشان دەتانچەوسێننەوە. من نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە: ئەگەر سەرچاوەو کانگای ئاو، گۆڕانی هات بەسەردا، ئەوە

هەموو ئـەو هێـڵ‌و گۆلانـەی لێـی جیابوونەتـەوە، گـۆڕان دێ بەسـەریاندا (...) ئێستە ئێمە خۆمان سەرچاوەین، ئەگەر بە کلی مەعریفەت‌و زانست چاومان بڕێژین..

ئەی گەلی کوردان! ئێوە گلـەیی لـە خۆتـان‌و هاوێنـەکانتان بکـەن مـن نابینم خۆمان سەرچاوەمان هەبێت، بۆیە ناچارین ئاوێکی گەنیو بنۆشـین، کە لە دوورەوە هاتووە! بۆیە ستەمکاریی‌و ئیستبداد زاڵ بووە بەسەرماندا.

غیرەتتان هەبێت، دەستەوئەژنۆ دامەنیشن، (متواکل) مەبن. فیکری میللەتپەروەریی/ نەتەوەگەریی بکەنە کێڵیارێك‌و بێڵی زانست‌و ڕەوشت بدەن بە دەستییەوە، تا لەژێر ئەم شاخە چۆڵ‌و سەختانەدا سەرچاوەی پێشکەوتن‌و کەمالات بتەقێنێ.." (رچتـة العوام، لا: ٢٣).

**غیرەتی نەتەوەگەریی (میللەتپەوەریی):**

لە شوێنێکی ئەو کتێبەدا کوردەکان پێی دەڵێن:

"سەیدا! سوڵتانی پێشوو نەیتوانی لەسەر ڕێی حـەق پێـت بترازێنـێ، کۆمەڵەی (ئیتتیحادیی) نەیتوانی لاوازت بکات، هەرچەند زیندانی کرایت‌و ئازار درایت‌و تەنانەت خەریك بوو لە قەنارەش بـدرێیتت، بـەڵام تـۆ ملـت کەچ نەکردو تۆ دەم بە خەندەو بە ڕووی سپییەوە پـەلاماری مـەرگت دا، ئێمەشت ڕوو سپی کرد. تۆ مەعاشـێکی بـاش‌و تـەماعێکی زۆریـان خسـتیتە بەردەست، بەڵام تۆ بێ منەتیت دەرخست‌و میللەتپەروەریت نواند..؟"

لـە وەڵامیانـدا نورسـی ڕابـەریان دەڵێـت: "بـەڵێ، هەرکـەس هـاوەڵی ڕاستیی‌و حەقناسی بێت، خاتری (حەق) لەبەر دڵی هـیچ کـەس ناشـکێنێ، چونکە خاتری حەق‌و ڕاستیی، خاتری میللەتە، خاتری میللەتیش بـەرزو بەنرخـە، ناکرێتـە قوربـانی خـاتری هـیچ کـەس، هەرچـەند گـەورەترین سوڵتانیش بێت." (رچتـة العوام، لا: ٢٧).

نورسی به ڕادەیەك گیانی میللەتپەروەریی‌و خەبات لـە ڕێـی نەتـەوەدا بە گـرنگ دادەنێـت، کـە دەیکاتـە تاکـە ڕێگـەی دەسـتکەوتنی ئـازادیی‌و دەڵێـت: "مـن وا دەزانم میللـەتانی جیهـان، کاتێـك گەیشـتنە ئـازادیی‌و سەربەخۆیی، کە فیکری میللەتپەروەریی تیایانـدا لـەدایك بـوو. بـە ڕاسـتی سەربەستیی‌و ئازادیخوازیی، زادەی فیکـری میللـەت‌و نەتەوەپەروەرییـە. ئەوە گەلانی کوردو تورکن کـە دیـل‌و کۆیلـەن‌و بـە چـەندین قەیـدو بەنـد بەسـتراونەتەوە (...) ئێمـە چـەند قەیـدێکی درۆینـەمان قرتانـدووە، کـە دەگونجـێ ببێتـــە ڕێخۆشــکەر بــۆ سەربەســتیی‌و ئــازادیی جیهــانی ئیسلامیی." (رچتة العوام، لا: ٣٤).

**نرخ‌و بەهای زانست‌و وانەیەکی گرنگ:**

لــە میانــەی ســەردانەکانی مامۆســتا نورســی بــۆ شــارو گونـدەکانی کوردستان، خەڵکی زانستپەروەرو ڕێزداری کـورد، زۆر هـەوڵیان دەدا کـە میوانداریی گەرم لە مامۆستای خۆشەویستیان بکـەن‌و ڕێـزی تایبـەتی لێ بگـرن، بـەڵام ئـەو هەمیشـە نەیدەهێشـت زەحمـەت بکێشـن‌و بـۆ خـۆی تەگبیری خواردن‌و حەوانەوەو پشووی خۆی دەکرد، بە ڕادەیەك کـە ئـەو صیفەتە کێشەیەکی لە نێـوان مامۆسـتاو هاوولاتیـە کوردەکانـدا دروسـت کرد. بۆیە لەو گەشتەیدا ـ کە کتێبـی (رچتــة العـوام)ی هێنایـە بەرهـەم، کوردە هۆگرو تامەزرۆکانی نورسـی، کـە بـە گـەرمیی ویسـتیان خزمـەتی بکەن‌و ڕێزی لێ بگرن، قەدەغەی کردن‌و نەیهێشت، تەنانەت نەیهێشت بۆ جارێکیش ئەوان خۆراکی بۆ ساز بکـەن، تـا سـەرەنجام باسـەکە لـە کـۆڕی پیاوماقوڵانی کوردستاندا تەقییەوەو لە زنجیرەی پرسیارەکانیاندا ئاڕاسـتەی نورسـییان کـردو وتیـان: "مامۆسـتا! ڕێزگـرتن لـە میـوان نـەریتێکی زۆر جوان‌و پەسەندەو لە سەری پەروەردە بـووین، بۆچـی ئـەو نەریتـەمان لێ

تێکـدەدەی؟ بـۆ میوانـداریمان ڕەت دەکەیتـەوە؟ بـۆ نایـەڵی خـۆتو هاوڕێکانت میوانمان بن، کە هەقی خۆتانەو ئەرکی سەرشانمانە؟"

نورسـی ـ کـە هـەردەم لـە بـیری ڕیشـەکەنکردنی دیـاردە ناپەسـەندو دزێوەکاندا بوو و خولیای گەیاندنو دەرخستنی هەندێ ڕاسـتیو چـارەی گیروگرفتە دەروونییو کۆمەڵایەتییەکان بوو، گـوتی: "لەبـەر چـوار شـت حەز ناکەم زەحمەتتان بدەین:

**یەکەم:** زانست عەزیزو بەڕێزو سەربەرزە، حەز ناکەم زەلیلو ژێر چـەپۆکەی بکەم. دەمەوێ نیشانتان بدەم، کە لە ئەهلی زانستدا کەسانی وا هەن کە بۆ دونیا لە پلەوپایەی خۆیان ناهێننە خوارەوەو زانسـت ناکەنـە پیشـەی خۆژیاندن. دەمەوێ بزانن کە قوتابی زانست سواڵکەرو دەروەزەچی نیە.

**دووەم:** دەمـەوێ وانەیـەکی کردەیـی نیشـانی هەنـدێ لـە کاربەدەسـتان بدەم، کە لە جێبـەجێکردنی ئەرکەکانیانـدا کـورت دەڕۆنو قەناعـەت بـە کەم ناکەنو سەرەڕای مووچەی خۆیان، بەرتیل دەخۆنو سەرەڕای بـڕی تایبـەتی مەسـرەفی سـەفەریان، تـەرێز ناکەنـەوە لـە هـیچ میوانـدارییو ئەزیەتدانێکی خەڵکی..(!).

**سـێیەم:** دەمـەوێ ڕێیـەکیش بخەمـە ڕوو، بـۆ داخسـتنی دەرگـای ئـەو خەرجییە زۆرانەی کە تـاریکی سـتەمکاریی زیـاد دەکـەن، لـە لایـەن ئـەو سەرکردانەوە کە جۆماڵ بۆ داهاتی غەیرە شەرعی بۆ خۆیان دەکەن.

**چوارەم:** دەمەوێ پێودانگو مەحەکێکی لەبەرچاوتان پێشـان بـدەم، بـۆ ناسـینی ئـەو کەسـانەی هاتوچـۆتان دەکـەن، تـا چـاك بیانناسـن: ئایـا نەفسبازو خۆویستن، یان میللەتپـەروەرن؟ ئایـا فـێڵو تەڵەکـەبازن، یـان خاوەن غیرەتن؟.."

که نورسی ئەم وەڵامەی دانەوە، یەکێك لە کوردان گوتی: "ئایا ئەمە ڕێگرتن لە چاکەخوازییو ڕەتکردنەوەی گوستاخییو سەخاوەت نیە؟.

نورسی گوتی: "بە لای منەوە چاکەخوازیی دەبێ بۆ نەوعی کۆمەڵ بێت، نەك بۆ تاکەکەسێك، مەگەر لە کاتێکدا کە ناچارو موحتاج بێت. سەخاوەتیش کاتێك پێی دەگوترێ سەخاوەت، کە بۆ سوودی میللەت بێت، ئەگەر بۆ تاك بوو، ئەوە تەمەڵو چاولەبەرو بەدخووی دەکات. بەهەرحاڵ ئەوەی دەمێنێتەوە میللەتە، تاك لە تیاچووندایە (...) بەلای منەوە ئەم سەردەمە سەردەمی بەدەمەوەچوونی داخوازییەکانی میللەتو کردنەوەی دەرگای ئەم ئامانجە بەرزو پیرۆزەیە." (رچتـة العوام، لا: ٥٧و ٥٨).

**چەوساندنەوەو جۆرەکانی:**

سەعید نورسی لەو وتارانەدا کە پێشکەشی هاووڵاتیە گوندنشینە کوردەکانی دەکرد، زۆر لۆمەی هەندێ لە سەرکردەو ئاغا کوردەکانی زەمانی پێشووی دەکردو بە سەرچاوەی هۆی دواخستنی کوردو نموونەی ستەمکارییو ناعەدالەتیی دادەنان. ئەم حاڵەتە وای کرد لەو هاووڵاتیانە کە پرسیاریان بۆ دروست ببێت، بۆیە بە ڕاشکاویی ئەم پرسیارەیان ئاڕاستەی نورسی کرد: ".. ئەو سەرکردانە ڕۆیشتن، دەرگای ستەمیان داخرا، هەندێکیشیان لە سەرەمەرگدان، بۆ نایەڵی بۆ خۆیان گیان بدەن؟"

نورسی لە وەڵامدا گوتی: "بۆ ئەوانەیان کە ماون، دەمەوێ دەرسی شوراو ڕاوێژکارییان پێ بڵێمەوە. بەڵێ، هێزی ئەو سەرکردانەی کە لە ستەمکارییو تاکڕەویدا گۆشکران، لەبەین چوو. بەڵام هەندێکیان هەن کە پارێزگاریی لە میللەت دەکەن، ئەوانە جێی ڕێزو سوپاسن. هەندێکیشیان تەمەڵو بێ جووڵەن، ئەوانەش هاوارو داد لەدەستیان! هەندێکی تریان

سـەرگەردانو ڕێنموونییـان دەکـەین. هەندێکیشـیان مـردوون، ئـەوە میراتیان دەپارێزین تا نەکەوێتە دەستی..."

لێرەدا قسەیان بە نورسی بڕیو گوتیـان: "بـۆ هێـرش دەبەیتـە سـەر مردووانو تیاچووان؟" گوتی: "دەترسم میراتەکەیان ـ میراتـی ستەمکارییو تاکڕەویی ـ بکەوێتە دەستی ئەوانەی کە بەناهەق لافی شـێخییەتیو ئیرشـاد لێ دەدەن، جا بەڵایەکی دوو سەرە دامێنگیرتان ببێت. ئێوە نەشارەزاتان تێدایە، کەسانێکیشتان تێدایە کە گوێڕایەڵیی کوێرانـە دەکـەن، ئـەو دوو صـیفەتە ئاغایـەتییو ملـهوڕیی دروسـت دەکـەن، حـوکمی تەناسـوخو دووبارەبوونەوە، بە ئاغایەتیو خۆسەپاندن دەدەن. دەترسم ستەمکارێك کە لە بەرگی (ئاغا)دا دەمرێ، لە بەرگی (ئەفەندی)یەکدا، یان (شێخ)ێکدا، زینـدوو ببێتـەوە. مـن مەبەسـتمە کـە مـەیلی ملـهوڕییو خۆسـەپاندنو لووتبەرزیی بمرێنم." (رچتـة العوام لا: ٥٨).

لێرەدا گوتیان: "تۆ دۆستی شـێخەکانی ئیرشـاد بوویـت، ئێسـتە بـۆ وا دەڵێی؟" گوتی: ".. لە زیادە خۆشەویستیمە بۆیان، کەوا دەڵێم. من لەبەر ئیسلامەتیی، خۆشمویستوون. من مەبەسـتم ئەوانـە نیـە کـە لـە قـوڵایی دڵیاندا ڕەنگو بۆی (ربّانی)و ڕووناکیی حەقیقەت هەیـە. چـاك بـزانن کـە پایەی سەرەکیی مەسـلەكو ڕچـەی ئـەوان، دەبـێ ڕوونکردنـەوەی دڵانو بەسـتنەوەیان بێـت بـە ڕەوشـتی ئیسـلامیی بـەرزەوە. دەبـێ غیرەتـی دینییـان هـەبێو دەسـتبەرداریی دونیـا بـنو بـە کـەم ڕازی بـنو سـوودە شەخسییەکان وەلانێنو خۆشەویستیی گشتیی بـڵاو بکەنـەوەو خزمـەتی (یـەکێتی ئیسـلامیی) بکـەن. بـەڵام بەداخـەوە هەنـدێکیان شـانیان شـل کردووەو لە خزمەتکردندا تەمەڵی ئەکەن.

من دەمەوێ ئاوەڕۆی خەمو حەزی ئەوان بەرەو ڕەوتی ئاسـایی خـۆی بگێڕمەوە (...) من دەمەوێ مۆری ڕاستیی لـە نێوچـاوی بـەرزی ئەوانـدا پارێزراو بێت. من دەمەوێ کەسانێك بە بەرگی ئەوانـەوە ناهـەقی نەکـەن (...) لە لۆمەی کەسیش ناترسم، ئەوە حەوت جارە کە هەڕەشە لە گیانم دەکرێو خوا دەیپارێزێ.

من بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنم کە هەردوو ژیانی دونیاو پاشەڕۆژم دەکەم بە قوربانی (یەکیەتی ئیسلامیی) (...)، من پێنج شتم لەوان دەوێ:١- دڵسۆزیی، کە زۆر دەیڵێنەوە. ٢- غیرەتی ئیسلامیی، کە خۆیان بۆ ئەوە داناوە. ٣- وازهێنان لە حەزی دەروون، کە پێیان گوتراوە ئەو حەزە ناڕەوایە بمرێنن. ٤- وازهێنان لە سوودە شەخسییەکان، کە هەمان دروشمی (زوهد)ی خۆیانە. ٥- خۆشەویستیی، کە هەوێنی ئیسلامەتییە. ئەوان بە بەکارهێنانی ئێمە کرێی خۆیان وەرگرت، ئێستەش ئێمە کارو خزمەتمان لێیان دەوێت (...) با واز لە عینادیکردن لەگەڵ یەکترو غەیبەتکردنو هەوەسخوازیی بێنن، چونکە بە ڕاستیی ئەو خووە بەدانە ئیسلامەتییان بەم ڕۆژە گەیاندو چەندین گرۆی گومڕاو بیدعەتچییان دامەزراند." (رچتـة العوام، لا: ٥٩ و ٦٠).

## تێڕوانینی نورسی بۆ حاڵی جیهانی ئیسلامو حاڵەتی زانایان:

لەو پرسیارە گەرمو گرنگانەی هاوولاتییە کوردەکان بەپێویستیان زانی ئاڕاستەی نورسی بکەنو ڕای لێ وەرگرن، ئەمە بوو: "ڕات چیە سەبارەت بەو (ئیختیلافە) ناخۆشەی نێوان زانایانی جیهانی ئیسلامیی؟".

نورسی دووربینانـە لـە مەسـەلەکەی کۆڵییـەوەو لـە ڕیشـەوە هەڵدێرو وەردێری کێشەکەی کردو وتی: "جیهـانی ئیسـلامیی بـەلای منـەوە وەك (ئەنجومەنی نوێنەران) وایە کە هێشتا ڕەنگی نـەگرتووە. وەك (ئەنجومـەنی

شورا) وایه كه شیرازەی تێكچووه. ئەوەی له شەریعەتدا پێی دەڵێن (ڕا و بۆچوونی جمهور)، وەك ئەوه وایه كه ئەمڕۆ لـه (ئەنجومـەنی نوێنـەران)دا پێی دەگوترێ (ڕای زۆرینه).. ئیتر ئەوەی ڕای گشتیی جمهوری لەسەر نەبێ، ئەگەر دوور نەبێ له ڕاستییەوەو هەڵەیەكی ئاشكرا نەبێ، ئەوه به لای كەمەوه ڕای تایبەتیو لێهاتنی تاكەكەسییه. گرفتەكه لەوەدایه كه ئەو (تاك)ه به ڕەهایی ڕاو بۆچوون دەردەخات، شوێنكەوتووانیشی حوكمەكەی گشتیی دەكەنو توند پێوەی پابەندن، دەمـارگیریی تەقلیدچـیو چـاولێكەرانیش ململانێو بەیەكدادان سازدەكات له نێوان ئەو (تـاك)ه زانایـەو براكانیـدا. ئیتر قسەی نـاخۆشو برینـداركردنو ڕەتكردنـەوەو هەوەسـبازییو مـەیلكاریی، دەسـت پێـدەكاتو (هیوایـەت) جێـی (هیدایـەت) دەگرێتــەوه (...) سروشــتی مەسـەلەكه ئاوایـه: هـەنگ ئـاو دەخواتـەوەو دەیكاتـه هـەنگوین، بـەڵام مـار دەیخواتەوەو دەیكاته زەهر. (رجتـة العوام، لا: ٦٢ و ٦٣).

## هەڵوێستی له سوڵتانو حكومەتو گۆڕانكارییه سیاسییەكان:

لــه میانــەی بەدواداچــوونەكاندا، پرســیارێكی ڕاشــكاوانه لــه لایــەن كوردەكانەوه ئاڕاستەی نورسی كـراو پێیـان گـوت: "تـۆ ده سـاڵ پـێش كودەتاكــە، جارجــار دژی ئەوانــە دەوەســتای، كــە دژی حكومــەت دەوەسـتان، تەنانـەت مـەدحی سـوڵتانه عوسمانییـەكانت دەكـرد، بگـره جارێكیان ـ بۆ پاسـاودانی كـاره هەڵـەكانی سـوڵتان ـ گوتـت: دەگونجـێ سوڵتان (عبد الحمید) نـەتوانێ جڵـەوی كاروبـار ڕابگرێـت، یـان بـه هـۆی هەڵەی بۆچوونو ئیجتیهادییەوه مەعزور بێت، یـان هـەروەك زینـدانیی وا بێت لەبەر دەستی هاوكارانیدا.. بۆچی وا داكۆكیت له حكومەت دەكرد، له كاتێكدا كه تۆ له بەرهەڵستكارەكان توندتر دژایەتیی حكومەتت دەكرد؟"

له وەڵامدا نورسی گوتی: "من پێش شازدە ساڵ ڕێم لە ڕابەرێك كەوت كە ڕێی حەقی پیشان دامو ڕچەی دروستی بۆ خستمە ڕوو. لەو كاتەوە داچڵەكیم بەو خەوە مەشهورەی كە بینیم. بەڵام ڕێمكەوت لە دوو تاقم كە بە (إفراط) و (تفریط)ەوە، دژی حكومەت دەوەستان: هەندێكیان (تورك)یان بە گومڕا دەزانی، لە كاتێكدا كە پاش عەرەبەكان، پشتوپەنای ئیسلامن، تەنانەت هەندێكیان ئەهلی یاسایان بە كافر لە قەڵەم دەدا، لەبەر ئەوەی كە (قانونی ئەساسیی)و (ئازادیی)یان پێش لە سی ساڵ داهێناوە: گوایە بەڵگەشیان بە ئایەتی ﴿ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون﴾ دەهانییەوە... ئەوانە نەیاندەزانی كە ئایەتەكە مەبەستی ئەوانەیە كە بڕوایان لە بنەڕەتەوە بە حوكمی خوا نیە. ئاخر من چۆن دژی ئەوانە ناوەستم كە ستەمكاریی جارانیان بە (ئازادیی)و (قانونی ئەساسی) دەزانی، كەچی ئێستەش ئازادیخوازان بە گومڕا دەزانن.

تاقمی دووەمم بینی كە ئاشناییان بە ئاین نەبوو، بەڵكو دژی موسڵمانان بوون، كەچی هەر ئەوانەن ئێستا دەیانەوێ ببنە نموونەیەكی تەواوی ئەورووپاو لە (عوسمانییەت) دابڕێن. بەڵێ، هەروەك ستەمكارییو تاكڕەوییەكەی جاران، فێڵو چاوبەستی لە ئێوە كردو وای لە قەڵەم دا كە زۆربەی تێكۆشەران (ماسۆنی)ن، پێش دە ساڵ لە ئینقلاب، ستەمو زۆرداریی ئەو فێڵەی لە منیش كرد (...) بەڵام سوپاس بۆ خوا پاشان بۆم ڕوون بووەوە كە زۆربەی ئازادیخوازان لە ناوماندا هەروەك خۆمان موسڵمانن. بە كورتی هەندێكیان دەیانگوت (حیدۆ، حیدۆ)، هەندێكی تر دەیانگوت (حەیدەر ئاغا، حەیدەر ئاغا) ـ هەروەك ئێستەش وایە ـ منیش دەمگوت (حەیدەر)و بڕایەوە." (رجتة العوام، لا: ٦٣و ٦٤).

## پرۆسەی زانکۆی (الزهراء) مەرجو تایبەتمەندییەکانی:[194]

یەکێك لەو پرۆسە گرنگانەی کە سەردەمێکی زۆر لە ژیانی نورسیدا خولیای سەری بوو و دەیویست بیکاتە پێگەی جێبەجێکردنی پلانەکانی بۆ سەرخستنو پێشکەوتنی باری ژیارییو شارستانیی گەلی کوردستانو بنکەیەکی ئەکادیمییو زانستیی هاوچەرخو پێشکەوتوو، ئەو پرۆسەیە بوو کە خۆی ناوی لێ نابوو (زانکۆی الزهراء). جا ویستی هۆزەکانی گەلی کورد لەو دیدارانەیدا، لەو پرۆسەیە ئاگادار بکاتەوە.. بۆیە پێی گوتن:

"ئێمە کارمان بە ناوی (ئیتتیحادو تەرەققی)یەوە نیە، ئێمە بەشی خۆمان لە واتای ئەو ئینقلابە دەوێ، واتە بەشی خۆمان لە (یەکیەتی) و (پێشکەوتن) دەوێ. من شتێکتان بۆ دەخەمە ڕوو، کە زۆر لای ئێمە گرنگەو لە ئێوە شاراوەیە." گوتیان چیە؟ گوتی: "خوشکێکی زانکۆی ئەزهەرە، کە ناومان ناوە (خوێندنگەی زەهرا)و پەیمانگای هونەرەکانی تێدایە. ئەویش لە شاری (بتلیس) دەبێو نموونەشی لە شارەکانی (وان)و (دیاربکر) دەبێت. (سێ شاری باکوری کوردستانن)". پاشان بۆ دەرخستنی هەلو مەرجی کرانەوەی زانکۆکە دەڵێت:

"**یەکەم/** مەسەلەی ناوەکەی: دەبێ ناوی (الزهراء) بێت، چونکە ناوی ئەو مەدرەسەیەیە کە لە (بتلیس) هەیەو ناسراوو مەئلوفەو خەڵکی کەمەندکێشی بوون، هەرچەند ناونیشانێکی ئیعتبارییە، بەڵام حەقیقەتێکە کە شەوقو ڕەغبەتو حەزەکان دەوروژێنێ.

---

١٩٤ ئەم بەشە لە ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (١١٨)دا، لە: (١٩٩٦/١٢/٢٧ز) بڵاو کراوەتەوە.

**دووەم/** دەبێ لەو خوێندنگەیەدا (زانستە شەرعییەکان) و (زانستو هونەرە تازەکان) ئامێتە بکرێنو زمانی عەرەبی بکرێتە ئەساسو زمانی کوردیش تێیدا مۆڵەت بدرێو تورکیش وەك پێویستییەك تێیدا بخوێنرێت (...) مەبەست لەو تێکەڵکردنەش پێکدائالاندنی ڕۆشنایی دڵە ـ کە زانستە دینییەکانن ـ لەگەڵ نوری عەقڵدا، کە هونەرە مەدەنییو شارستانییەکانن. جا بە ئامێتەبوونی ئەو دووانە، حەقیقەت نومایان دەبێو بە جیابوونەوەشیان، لەمیاندا فڕوفێڵو لەویاندا دەمارگیریی پەیدا دەبێت.

**سێیەم/** دەبێ مامۆستایانی ئەو (زانکۆ)یە لە نێوان زانا کوردەکاندا هەڵبژێررێن، ئەوانەی هەردوو باڵەکەیان هەیە، یان هیچ نەبێ دەبێ زمانی مەحەللی ناوچەکە (واتە کوردی) بزانن، تا لەگەڵیان ڕابێن.

**چوارەم/** دەبێ لەگەڵ لێهاتنو توانای کوردەکاندا، ڕاوێژو مامەڵەکردن هەبێت. دەبێ سادەیی بوونو (بەساطەت)یان لەپێش چاو بگیرێت. ئاخر، بەرگی زۆر هەیە کە بە باڵای کەسێك دەخوا، بەڵام لەبەر کەسێکی تردا ناشیرینە. دەبێ خوێندنی تازە لاوان تیایدا تەوزیمیی (ئیجباریی) بێت، یان کەمەندکێش بکرێن بۆی.

**پێنجەم/** یاسای دابەشکردنی کارەکانو (پسپۆڕیی) تیایدا بە تەواوی جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی هەندێك لە لقو بەشەکان ببنە دەروازە، یان پردەبازی هەندێکی دی، بۆ ئەوەی لە هەر بەشێکیدا کەسانی پسپۆڕو لێهاتوو خوێندن تەواو بکەن.

**شەشەم/** دابینکردنی خەرجو مەسرەفی هەموو دەستبەکارانی زانکۆکە، تا وەك خوێندنگا باڵا ڕەسمییەکانی لێبێتو تاقیکردنەوەکانی نەزۆكو بێ ئاکام نەبنو بەرهەمدار بن.

**حەوتەم/** تێکەڵکردنی پەیمانگای مامۆستایان بەو خوێندنگەیە، تا لەوەوە نەزمو ڕێكوپێكیی بۆ ئەم، لەمیشەوە ڕەوشتو دینداریی بۆ ئەو، ئاڵوگۆڕ بکرێت.
**هەشتەم/** ئامانجێکی تری ئەو مەدرەسەیە ئەوەیە کە (خوێندنی تاکەکەسیی) ببێتە (دەستەجەمیی)و ئەو عادەتە کۆنە نەمێنێت، چونکە سەردەمی بەسەرچووە."

پاشان ئاماژە بۆ داهاتەکانی ئەو پڕۆژەیەش دەکاتو دەڵێت:

"**یەکەم**: ئەگەر کاری (وەقفەکان) چاکبکرێت، هەمووی ئەڕژێتە حەوزی ئەو مەدرەسەیە.

**دووەم**: زەکات. چونکە ئێمە شافیعین. من دڵنیام ئەگەر زەکاتی خۆمان بەڕێكو پێکی بۆ (ئەو زانکۆیە) تەرخان بکەین، بەسیەتی.

**سێیەم**: ئەگەر بەرهەمی بڵاوبێتەوەو تیشکی هەموو لا بگرێتەوەو خزمەت بە ئیسلامەتیی بکات، دەبێتە ڕاقیترینو گرنگترین دەزگای زانست، ئەوکات لای ئەهلی دڵ دەبێتە زاوییەیەکی میللی پیرۆزو لای ئەهلی سیاسەتیش دەبێتە دەزگاو مەڵبەندێکی ڕووناکبیریی. بە کورتیی هەم دەبێتە خوێندنگە، هەم دەزگای بێداربوونەوە، هەم تەکیە. جا ئەو کاتە یارمەتییە میللییو ئیسلامییەکان ـ کە ئێستە بە گۆترە دەفەوتێن ـ مەبەستم (نەزرو صەدەقەکان)ە ـ دەڕژێن بەسەریدا.

**چوارەم**: خۆ ئەگەر لەگەڵ (پەیمانگای مامۆستایان) تێکەڵ کرا، ئەوە داهاتی هەردوولا ـ بە هیممەتی میریی ـ دەهێنرێتە بەرهەمو دەتوانرێ پاشان ئەمانەتە خوازراوەکان بدرێنەوە."

جا پاش ئەو ڕوونکردنەوانە کوردەکان سەیریان لێ دێ کە نورسی بەو ڕادەیە مەسەلەکەی بە گرنگیی وەرگرتووە، بۆیە لێی دەپرسن: "بەرهەمی ئەم کارە چییە، ئامانجت لەم کارە چییە، وا چەندین ساڵە

خەریکیتی؟" ئەویش دەڵێت: "ئەگەر بە کورتیی دەتانەوێ ئامانجم یەك شتە، ئەویش (**دەستەبەرکردنی داهاتووی کوردەکانو زاناکانیانە**)."

ئەوانیش دەڵێن: "ئەگەر زیاتر ڕوونی بکەیتەوە چاکترە"، بۆیە نورسیش (بە ڕەحمەت بێت) درێژە بە باسی ئامانجەکانی لە پرۆژەی زانکۆی (الزهراء) دەداتو دەڵێت:

"**یەکەم**: یەکخستنەوەو چاککردنی باری قوتابخانە شەرعییەکان.

**دووەم**: خاوێنکردنەوەی ئیسلامەتی لە داستانی ئەفسووناویی ئیسرائیلیاتو توندڕەوییو دەمارگیرییەکان، کە لە ئیسلامدا جێیان نابێتەوە (...).

سێیەم: کردنەوەی دەروازەیەك بۆ سەر کوردستان، تا بەرهەمە لەبارەکانی سەردەمی (مەشروتە)ی بۆ بچێت. ئاگادار بن! سوپاس بۆ خوا لە ناو کوردەکاندا کەسێك نیە دژی مەشروتە بێت، ئەوپەڕی ئەوەیە لەبەر ئەوەی چاك لێی تێنەگەیشتوون، سوودیان لێ نەبینیوە. جا ئەگەر نەخۆش دەرمان بە ژاری کوشندە بزانێت، دەمی بۆ ناباو سەرەنجام چاکیش نابێتەوە. جا ئەم مەدرەسەیە ڕێگای چاكو باشی ئەو بوارە پیشانی خەڵکی دەدات.

**چوارەم**: ئەو مەدرەسەیە هۆی کۆکردنەوەی ڕێگەی (زانستە هاوچەرخەکان)ە بۆ سەر (قوتابخانە شەرعییەکان). کردنەوەی چاوگەیەکی ڕوونە بۆ فەقێو مەلاکان، چونکە لەمەوپێش لێکحاڵی نەبوونێکی خراپو بەدگومانییو ڕەشبینی لە یەکتر هەبوو.

**پێنجەم**: ئاشتکردنەوەو سازدانی ئەهلی مەکتەبو خوێندنی ڕەسمییە، لەگەڵ ئەهلی خوێندنگا شەرعییەکانو ئەهلی تەکییەکان، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو یەکخستنەوەی ئامانجە هاوبەشەکانیان. بەڵێ ئەوانە بە هۆی جیاوازیی بۆچوونیانەوە، پەرتەوازەییان نایەوەو ڕێیان لە

پێشکەوتن گرت. هەر لایەنە دەمارگیریی بۆ مەسلەكو مەبەستی خۆی دەربڕی، ئەم لا بە کەمتەرخەمیی‌و ئەولا بە زیادەڕەویی یەکتریان سفر کرد. بە کورتیی ئەگەر (الزهراء) سەربگرێت، دەبێتە کۆشکێکی نورانی مەحکەم‌و بەشێکی دەبێتە خوێندنگەی زانستە هاوچەرخەکان‌و بەشێکی دەبێتە حوجرەو گۆشەیەکی تری دەبێتە زاویەو تەکیەی خۆپەروەردە کردن‌و حەوش‌و دالآنەکانیشی دەبنە جێی کۆبوونەوەی هەموو لاو ئەنجومەنێکی شورایی پێکدێنن‌و یەکتریی تەواو دەکەن.." (لا: ٦٥—٦٧).

سەبارەت بە هەنگاوی کردەیی لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا: ئاهەنگێکی گەورە لە شاری (وان) بۆ دانانی بەردی‌بناغەی زانکۆکە سازکرا، شیرینیی‌و خۆراکێکی زۆر سازکراو نورسی بانگ کرا بۆ دانانی بەردی بناغەکە[١٩٥]، بەڵام دۆخی نالەباری جەنگی جیهانیی یەکەم، بووە کۆسپ لە بەردەم جێبەجێکردنی تەواوی پرۆژەکەدا..

## هەڵوێستی نورسی لە ئەرمەنییەکان:

لە بەشێکی ئەو کتێبەیدا مامۆستا نورسی لایەنێك لە کێشەی ئەو کاتەی کوردستان دەخاتە ڕوو، کە لە زۆر سەردەمی تریشدا ـ پێش ئەوو پاش ئەویش ـ لە سەر ڕەوشی سیاسی کوردستان‌و ناوچەکە کاریگەر بووە، ئەویش کێشەی ئاینیی‌و نەتەوەیی ئەرمەنییەکانە. نورسی ڕاشکاوانە ڕای ئیسلام لەمەڕ مەسەلەکە دەردەبڕێ‌و پرسیارێکی هاوڵاتییە کوردەکان دەکاتە هەل، بۆ خستنەڕووی چەند ڕاستییەك کە لای زۆر کەس شێواون... لەو گەشتەی نورسیدا بۆ کوردستان لێی دەپرسن: "چۆن دەبێ ئێمەو

---

١٩٥ دوایەمین شایەتەکان، نجم الدین شاهینەر، ناوەندی ئارا، ٢٠١٤ز، سلێمانی، ٤٧/١.

ئەرمەنییەکان یەکسان بین؟" لە وەڵامدا مامۆستا نورسی دەڵێت: "یەکسانیی لە پلەو پایەو ڕەوشتدا نیە، یەکسانیی لە مافەکاندایە. لە مافدا پادشاو مسکێن وەك یەك وان.. زۆر سەیرە! ئاخر شەریعەتێك کە ئازاردانی مێروولەیەك قەدەغە بکاتو داوا بکات کە مافی پێشێل نەکرێت، چۆن مافی مرۆڤ ـ بە تایبەتی ئەهلی زیممەو ئەرمەنییەکان ـ ناپارێزێت..؟ مەگەر پێشەوا عەلی داکۆکی لە جولەکەیەکی هەژار نەکرد؟ مەگەر گەورەو فەخری خۆتان (صلاح الدین) پشتی گاورێکی خاوەن مافی نەگرت؟".

پاشان دەڵێت: "لە ستەمکردندا دەستپێشخەر ستەمکارترە. ئێمە (پێشتر) ئەرکی لە ئەستۆگرتنی گیانو ژیانی ئەوانمان نەبردە سەر. ئێمە دادپەروەریی شەریعەتمان پیشان نەدان. ئێمە بەهۆی ڕەفتی نالەباری ستەمکاریی و تاکڕەوییەوە، بە تەواوی نەمانتوانی مافەکانی ئەوان بپارێزین. ئێمە ئێستە هیچ بیانوویەکمان نیە کە دوژمنایەتیی ئەوان بکەین.. با بژی تەبایی و خۆشەویستی! من دەڵێمو گوێم لە هیچ نیە: کە خۆشبەختیی ئەم وڵاتەو سەلامەتیی ئەم نیشتمانە، بەستراون بە یەکیەتیی و دڵسافکردنەوە لەگەڵیان، ئەمەش مانای زەلیلی نیە. دەبێ هەمیشە سەربەرزیی میللەت بپارێزرێ (...) دوژمنایەتیی زیانی بۆ خۆتان تێدایە. کەسێك کە لەگەڵمان دەژیو لە سەردەمی نوحەوە تا ئێستە هاوڕێمانە، هەر لەگەڵمان دەبێو دەمێنێ." (لا: ٣٦).

لە کۆتایی ئەو بڕگانەدا کە تایبەتی کردوون بە وەڵامی ئەو پرسیارەوە دەڵێت: "ئەی ئەو کەسەی کە بە خەیاڵی لەگەڵ مندا بە کێوە بەرزەکانی کوردستاندا دەگەڕێ! عوزرخواییت لێ دەکەم، بۆیە درێژەم دا بەم مەسەلەیە، چونکە زۆر گرنگەو زۆریش پشتگوێ خراوە.." (لا: ٤٦).

ئەمە لە کاتێکدایە ـ بە پێچەوانەوە ـ ئەرمەنەکان ڕۆڵێکی زۆر خراپیان گێڕاو لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بوونە هاوکاری هێزە داگیرکەرەکانی ڕووس‌و لە ناوچەکانی کوردستان بە سەدان منداڵی کوردە موسڵمانەکانیان کوشت. بەڵام کاتێك هەزاران منداڵی ئەرمەنەکان کەوتە دەستی هێزەکانی نورسی، داوای لە ئەفسەرە جەنگاوەرەکانی کرد، کە ئازاری یەك منداڵ نەدەن‌و بە بێ وەی لە بەرەی پێشەوەدا ئازادیان کەن‌و بیانگەیەننەوە دەستی بنەماڵەکانیان، کە لە بەرەی پشتەوەی هێزەکانی ڕوسیا بوون. دوای ئەو ڕووداوە یەك سەربازی ئەرمەنیی هیچ منداڵێکی موسڵمانیان نەکوشت..

## هۆی ئاڵۆزبوونی پرسی کوردو ڕێگاچارەی:

بۆ هەڵماڵینی پەردە لەسەر ڕاستیی‌و ناوەڕۆکی پرسی ئەو سەردەمەی کورد، نورسی لەسەر زمانی کوردەکان پرسیارێك دادەنێ‌و دەڵێت: "ئێمەی خەڵکی کورد پڕ بەدڵ (ئازایەتی)مان هەیە، بگرە هەموو لاشەمانی گرتووەتەوە، بگرە بڵاو بووەتەوەو تەنانەت لەم چەم‌و دۆڵانەدا ئەو ئازایەتییەمان وەك کێو بەرجەستە بووە. هەروەها پڕ بە سەرمان (زیرەکی)مان هەیە. پڕ بە سنگیشمان (غیرەت)مان هەیە. نەفەرمان پڕ بەم چەم‌و هەردانە هەیەو کەژو کێویان پێ ڕازاوەتەوە. ئەی بۆچی دواکەوتووین‌و ئەوانەی بەرەو پێشکەوتن دەچن، بەسەر ئێمەدا دەچن‌و دەمانشێلن؟"

جا خۆی بۆ خۆی وەڵامیش دەداتەوەو دەڵێت: "من بەردی خۆم بۆ ڕابردوو دەهاوێژم، ئەگەر خاتری بەعزە کەسانێکیش بشکێ، با لێم ببورن، چونکە خاتری میللەت بەرزترو بایەخدارترە لە خاتری ئەوان. چاك بزانن کە هەندێ هۆو خەتای ئەو دواکەوتنە، لە سەرکردەکانەوەیە،

که بەنداوی هێزو خەزێنەی سامانی میللەتیان کون کردو ئاوی حەیاتی ئەم میللەتەیان ڕشت (...)، بەڵێ بڕینی پەتی فیکری میللەتپەرورەیی شانو شکۆی میللەت ناهێڵێ، (...) بەڕاستی سەردەمی تاکڕەوییو ستەمکاریی، نالەباری زۆری هێنایە کایەوە. لەو سەردەمەدا هەندێ لەوانەی لافی شێخییەتی لێدەدەن، بە هێزی فێڵو تەڵەکەبازییو هەندێ سەرکردەش بە هێزی چەك، حەزی ئاوی ئەم میللەتەیان ڕۆ کرد. من دەڵێم هەر میللەتێك دەبێ بۆ سوودی میللەتەکە، بەشێك لە سامانی خۆی دابنێت. هەر میللەتێك دەبێ جەسارەتو غیرەتی میللی هەبێت." (لا: ٥١).

سەعید نورسی لەسەر هەمان مەبەست دەڕواو چەند دیاردەیەکی نالەبار لەناو کوردەواریدا دەخاتە ڕوو و دەڵێت: "هەندێ لە ئێمە دەڵێن: ئەگەر من لە تینوویەتیدا مردم، خوای دەکرد باران نەدەباری! ئەگەر من خۆشبەختیم نەدی، دونیا چی لێ دێت با لێی بێت! دڵنیا بن کە ئەم قسە ئەحمەقانەیە لەوانەوە دەردەچێت کە بڕوایان بە پاشەڕۆژ نیە.."

هەروەها دەڵێت: "بەڵێ، بە ڕاستی پیرۆزترین ڕەوشتو ڕاسترین ڕەفتارو ئەوەی دەبێتە مایەی ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانو ئەوەی کە ئاینەکەشمان داوای دەکاتو فیترەتی پاکمان دەیخوازێ، ئەوەیە کە بڵێین: ئەگەر من بمرم، با ببمە قوربانیی میللەتەکەم، با میللەتەکەم بژییێتەوە، با ئیسلامەتیی بەرقەرار بێو من ژیانی ئەو دنیام بەسە. خۆشبەختیی ئیسلامو سەلامەتی ئاین، بەرزترو جوانترو شیرینترین شتە کە گیانی ئێمە بۆیان دەشنێ. دەبا ژیانی فانییو تیاچووی ئەم دونیایە، فیدای ژیانی نەبڕاوە بێت. دەبا مردن ڕۆژی نەورۆزمان بێت!." (لا: ٥٤).

پاشان بەشێك لە چارەی ئابووریی دەخاتە بەرچاوو دەڵێت: "ئەگەر زیرەكو هۆشیارەکان، زەکاتی زیرەکییانو ساماندارەکان زەکاتی

ماڵیان، بۆ سوودی میللەت دەربکەن، میللەت سەرفراز دەبێت (...) بەڵێ، سەرکردەکانتان هەروەك سامانو ماڵی ئێوەیان زەوت کردووە، باجیان لەسەر ژێریی‌و بیرکردنەوەی ئێوەش داناوە. تکایە دوورکەونەوە لە تەمەڵیی، دوورکەونەوە لە (تەواکول).." (لا: ٥٦).

## چەند ئامۆژگارییەك بۆ کاربەدەستانو جەماعەتی (ئیتتیحادو تەرەققی):

لە کۆتایی ئەو کتێبە ناوازەیەیدا نورسی ـ خوا لێی خۆشبێت ـ بە چەند ئامۆژگاریی‌و بیرخستنەوەیەك کۆتایی بە کتێبەکەی دێنێت.. سەرەتا ڕوو دەکاتە خەڵکی بە غیرەتی کوردستان، پاشان ڕوو دەکاتە کاربەدەستان، دوای ئەوەش ڕووی قسەی دەکاتە جەماعەتی (ئیتتیحادو تەرەققی).. ڕوو بە خەڵکی کوردستانو هەر ڕێزدارێکی تری ئەو دەڤەرە دەڵێت: "ئەی ڕێزداران! ئەی ئەهلی شەرەف! هەروەك ئێمە خزمەتی ئێوەمان کرد، ئێوەش خزمەت بکەن، ئەگینا... (لە دەقە عەرەبییەکەدا پاش ئەو وشەیە هیچ نەنوسراوە).

ئەی دارودەستەی حکومەت! ئێوە لای خۆی لافی سەرپەرشتیاریی خۆتان بۆ ئێمە لێدەدەن، گوایە ئێمە کەمو کورتین‌و سەلیقەو ڕوشدمان نیە، داواتان لێ دەکەین کە دادپەروەر بن، خاوەنی ڕوشدو ژیریی بن، هەروەك ئێمە گوێڕایەڵیی لە ئێوە دەکەین، ئەگینا... (لێرەشدا نووسەر هیچی نەنووسیوە).

ئەی جەماعەتی (ئیتتیحادو تەرەققی)! ڕاسترەوو ڕێكوپێك بن. چاك بزانن ئەرکێکی گرانو گرنگتان لەسەرشانە. بزانن ئێوە ئەرکی (کۆمەڵی نەتەوەی کورد)تان لە ئەستۆ گرتووەو تێکەڵی کاری خۆتانتان کردووە، یان بە چاکی مامەڵەی لەگەڵ بکەنو بیبەن بەڕێوە، یان ڕاسپاردەی وا بە خاوەنی بدەنەوە.." (لا: ٦٨).

لێرەدا دەمڕاسێکی کوردەکان بە نورسی دەڵێت: "ئەگەر نیازت ساغ بێت، سەرکەوتوو دەبیت، بەڵام کەم کەس لەو بوارەدا دەردەچێت، ئاگات لە نیەتت بێت.." (نورسی)یش بە هەلی دەزانێ کە هەندێ ڕاستییان بۆ ڕوون بکاتەوەو نەخشەی حاڵو باری خۆی لەبەردەستیاندا ڕا بخات، دەڵێت: "سوپاس بۆ خوا، بە بێ شانازیی دەڵێم: کە هیچ توخمێکی نیازشێوێن لە مندا نیە. ئەو توخمانەش بریتین لەم چوارە (نەسل)، (نەسەب)، (تەماع)، (ترس). نە من دەیانناسم، نە ئەوان دەمناسن، بە نیسبەت ناوبانگو (شوهرەت)ەوە، من لێی بێزار بووم، بە نیسبەت قازانجی قیامەتیشەوە من لەسەر سەفەرمو زۆر قازانجم دەستنەکەوتووە، بڕیاریشم داوە، کە ئەگەر سەریشمو سەرمایەشم تیابچێت، واز لەم ڕێبازە نەهێنم. (نەسەب)ێکی وایشم نیە، تا هەوڵی پاراستنی ڕابردووی بدەم. نەوەو (نەسل)ێکیشم لێ بەجێ نەماوە، تا خەمی داهاتوویان بخۆم، دەزانن کە من باوکی هیچم (أبو لاشيء)م، (مەبەستی ئەوەیە کە هاوسەری نەگرتووەو بێ منداڵو نەوە بووە).. (بەهەشت)ێکیشم هەیە، ئیتر تەماعم لە چی بێت؟ (...) شوهرەتێکی درۆینەشم هەیە، کە چەندین پلە لە ئاستی من تێپەڕیوە، ئیتر بە تەمای چی بم..؟!) (لا: ٦٨و ٦٩).

پاشان بە چەند ڕستەیەکی کورتو چڕو پڕ مانا ماڵئاوایی لە هاووڵاتیو کوردە گوندنشینەکان دەکاتو وەك دیارییەك دەیکاتە چەپکەگوڵی ئامۆژگارییو دەڵێت: "لە ڕەحمەتی خوا بێ هیوا مەبن. بۆ خوا بژین. خۆڕاگرو لەسەر خۆ بن ... ئەگەر ئەهلی هیدایەت بن، گومڕاکان ناتوانن زیانتان پێبگەیەنن. جگە لە خوا پشت بە کەس مەبەستن. ئاغایەتیی بە سەر گەورەو سەرکردەو دەمسپییەکانتاندا مەکەن. چاك بزانن کە هەرچی هەوڵی بۆ نەدرێت، دەست ناکەوێت. بە ڕاستی دەبێ پشووی خۆتان لە

خۆزەحمەتداندا ببینن. مرۆڤی سروشتو فیترەت زیندوو، پشووی خۆی لـە هەوڵو خەباتدا دەبینێت.." (لا: ٧٠).

خوێنەرانی خۆشەویست! ئەوە هەڵبژاردەیەك بوو لـە بابەتـە بـە پێـزو بایەخدارەکانی کتێبی (رچـةـ..)، ئەو بەرهەمەی کە کەڵە پیاوی باکووری کوردســتان، شۆڕەســواری گۆڕەپــانی خــەباتی ئیســلامیی هاوچــەرخ، کردوویەتە ئاوێنەی سەردەمێکی ئاڵۆزی مێـژووی گەلەکـەی لـە بـاکووری کوردســتان، چــەندین پــەیامی بــەپێزی لــەوێوە بـۆ نــەوەکانی گشــت سەردەمەکان تۆمار کردووە. ئێمە وەك ئەرکێك خستمانە بەرچاوو دیدەی بەڕێزتان، بەو هیوایەی جێی سوود بووبێو بەرکوڵی تەوفیقێکی خـودایی بێـت بـۆ وەرگێـڕانو چـاپکردنەوەو بڵاوکردنــەوەی نوسـخەی ئەسـڵیی تەواوی کتێبەکانی مامۆستا سەعید نورسی.[١٩٦]

لە کۆتاییدا پێویستە خوێنەری بەڕێز ئەوە بزانێت کە ئەو پەرەگرافانەی وەرمگێڕانــە ســەر زمــانی کــوردیی، لــە نوســخە ئەســڵە عەرەبییەکــەی مامۆستا خۆیەوە وەرمگێڕاوە، نەك ئەوەی دواتر نووسـراوەتەو کراوەتـە عەرەبی، نەك ئەوەش کە لە عەرەبییەکەوە کراوەتە کوردی، چونکە ئەم نوسخەیە ئەسڵ بووەو مەبەستم بووە کە خوێنـەر لـە نـاوەرۆکی نوسـخە

١٩٦ جێی خۆیەتی لێرەدا ڕێزو نرخاندنی خۆم دەربڕم بۆ برای خۆشەویستو هاوڕێی دێرینم مامۆستا (فاروق ڕەسول یەحیا)، کە ساڵانێکی زۆرە ئەرکی وەرگێڕانی سەرجەم پەیامەکانی نوری ـ بە ئەمانەتەوە ـ خستووەتە سەرشانی خۆی. خوا لێی وەربگرێو پاداشتی خێری بداتەوە. ڕەنگە لە قۆناغێکی کارەکەیدا ـ ئەگەر بەڵگەنامەکان، یان هەندێکیان، دەربارەی ئەو دەسکارییو ئاڵوگۆڕانە سەلمێنران ـ لە چاپەکانی دواتردا پێویست بکات ئەو تێبینییانە بخاتە ڕوو. ◙

ئەسڵییەکە ئاگادار بێت، چونکە کەس ئەمەی وەرنەگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو نوسخەکانی تر بە عەرەبیشو بە کوردیش لەبەردەستدا هەن.

دیارە نە نوسخە ئەسڵە کوردییەکەو نە وەرگێڕراوەکە تورکییەکەی نورسی، لە هیچ کوێ باس نەکراون، تاکو سوودیان لێوەرگیرێت.

## گۆشەنیگایەتی تر لەسەر ئەم بابەتە:[197]

پاش خستنە بەرباسی ئەو گۆشەیەی ژیانی مامۆستا سەعید نورسی، کە کەمترین تیشکی خراوەتە سەرو وەرگێڕانی چەند پەرەگرافو برگەیەکی کتێبی (رچتة العوام) ـ کە یەکێکە لەو نوسراوانەی تەرخانی کردوون بۆ خستنەڕووی باری سیاسیو کۆمەڵایەتی گەلی کورد بە تایبەتیو تورکیا بە گشتی ـ بە پێویستم زانی بە مەبەستی تەواوکردنی وێنەی باسەکان، وەك ئەمانەتێکی زانستیی، گۆشەنیگای خەڵکی بەرامبەر لە چەند ڕوونکردنەوەیەکدا بخەمە ڕوو:

**یەکەم**: مامۆستا سەعید نورسی تەمەنێکی پڕ هەورازو نشێوی بردووەتە سەرو کەم سەرکردەو ڕابەری فیکریو سیاسی هەن بە ڕادەی ئەو، چەکمەسەرەی ژیانو دەردیسەریی بینیبێت. ئەوەندە بەسە کە بزانین کە هاوسەردەمی دوو جەنگی جیهانیی کاولکارو لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانییو پیلانی ڕووخاندنی دوا پایەکانی بووەو چەندین کودەتاو شۆڕشی حەقو ناحەقی لە نێوان ساڵانی (١٩٠٠ز) تا (١٩٦٠ز) بینیوەو بەر پیلانەکانی (ئیتتیحادو تەرەققی)یەکان کەوتووەو تەنانەت ئامادەی داگیرکرانی ئەستەمبوڵ بووە لە لایەن شەش وڵاتی زلهێزەوە. لە سەرێکی

---

١٩٧ ئەم بەشە، لە ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (١١٩)، لە (١٩٩٧/١/٣ز)، بڵاوکراوەتەوە.

ترەوە شاهیدی کوردستانێکی بێنازو دواکەوتوو بووەو بەشێکی زۆری تەمەنی لە دوورخرانەوەو زیندانەکاندا بەسەر بردووەو کاتێك لە مەنفا هاتووەتەوە، شاهیدی سووتاندنی قەڵای شاری (وان)و کاولکردنی مەدرەسە شەرعییەکانو سووتاندنی دەستنووسو کتێبخانەکانو شوێنەوارە مێژووییەکانی ئەو شارەی بووە.

**دووەم**: ئەو ئاڵوگۆڕو ناسەقامگیرییەی باری کۆمەڵایەتییو سیاسییەی تورکیاو جیهان لە سەردەمەکانی ژیانی ئەودا، وای لە مامۆستا نورسی کردووە کە لە سەرێکەوە ئەزمونێکی چڕو لە سەرێکی ترەوە هەڵوێستی جۆراوجۆرو گۆڕاوی هەبنو تەنانەت زۆرجار خۆی لۆمەی خۆی بکاتو قوتابیو دۆستانی لە ئاوڕدانەوەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە سێ نازناوی (سەعیدی کۆن)و (سەعیدی نوێ)و (سەعیدی سێیەم)ی بۆ دانراوە.

**سێیەم**: بەڵام لە ڕاستیدا لە هیچ نوسراوو بەرهەمێکیدا نەبینراوە کە بە شێوەیەکی گشتیی نوسراوو بابەتەکانی سەردەمی (سەعیدی کۆن)ی خۆی ڕەت بکاتەوەو داوا لە دۆستو لایەنگرانی بکات کە بە شێوەیەکی گشتیی بیانخەنە لاوەو ئیعتباریان بۆ دانەنێن. بەڵکو زۆربەیانی پەسەند کردووە، هەر هێندە هەیە کە لەسەر هەندێکیان تێبینیو سەرنجی تایبەتی هەیەو لە هەندێ خاڵو هەڵوێستیدا ڕای گۆڕیوە.

ئەوەی تا ئێستە لەم بوارەدا دەسکەوتبێت ئەوەیە کە مامۆستا نورسی کاتێك دوور خراوەتەوە بۆ شاری (قەستەمونی)و دواتر بۆ شاری (ئەمیرداغ)، دوو نامەی نووسیوەو تیایاندا سەرنجی خۆی سەبارەت بە هەندێ لایەنی نوسراوەکانی سەعیدی کۆن دەردەبڕێت. مامۆستا (إحسان قاسم الصالحی) ئەو دوو نوسراوەی وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی، یەکەمیان

له (صيقل الإسلام)، دووەمیشیانی لە (الملاحق)دا بڵاو کردووەتەوە. ئەڵبەتە باس لەوەش نەکراوە کە نوسخەی ئەسڵیی ئەو دوو نووسراوە لە کوێ پارێزراونو بە خەتی کێ نووسراونو بەدەستی کێ گەیشتوون..؟

**چوارەم**: دەربارەی کتێبی (رچتة العوام) ـ کە پێشتر چەند پەرەگرافێکم لێی وەرگێڕا ـ حەز دەکەم ڕای مامۆستا ئیحسان صالحی ـ کە ڕەنجێکی زۆری کێشاوەو نامیلکەکانی مامۆستا نورسی بە جیهانی عەرەبیو ئیسلامیی گەیاندووە ـ خوا پاداشتی بداتەوە ـ لەبەر ئەمانەتی زانستییو تەواوکردنی وێنەی باسی ئەو کتێبەو خستنەڕووی هەموو بۆچوونەکان، لێرەدا بە کورتی بخەمە بوو:

مامۆستا ئیحسان لە بەرگی هەشتەمی (کلیات رسائل النور)دا ـ کە تایبەتی کردووە بە بەرهەمەکانی (سەعیدی کۆن)ەوە دەڵێت: "مامۆستا نورسی ئەو کتێبەی بە تورکی نوسیوەو لە ئەستەمبوڵ بە ناوی (بدیع الزمانك مناظراتی)، بڵاوی کردووەتەوە، پاشان خۆی کردوویەتی بە عەرەبیو ناوی لێ ناوە (رچتة العوام)"[198] بەڵام لە هەمان لاپەڕەدا مامۆستا ئیحسان بۆ خۆی دەقێکی کتێبی ناوبراو ـ واتە رچتة العوام ـ نەقڵ دەکات کە نورسی دەڵێت: "ئەم نامیلکە عەرەبییەم لە تورکی وەرگێڕا، تورکیەکەشم لە کوردی وەرگێڕا". ئیتر چۆن دەگونجێ بڵێین: نورسی کتێبەکەی بە تورکی نووسیوە؟

جگە لەوە ـ وەك پێشتر وتمان ـ نورسی بۆ خۆی دەڵێت: "ئەم کتێبی (رچتة الأكراد)ەم لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە دیمەشق وەرگێڕایە سەر

---

١٩٨ بڕوانە: لاپەڕە (٣٧٨)ی بەرگی (٨)ی (کلیات رسائل النور)ی نورسی، وەرگێڕانی: (إحسان قاسم الصالحی).

عەرەبی"، واتە بۆ خۆی بەو شێوەیە ناوی دەبات، ئیتر بۆ دەبێ بڵێین: ناوی کتێبەکە (بديع الزمانك مناظراتى) بووە؟ ڕاستتر وایە بگوترێ: نورسی کتێبەکەی بە کوردی ناو ناوە (رچتــة الأكـراد)، بـە تـورکیش نـاوی نـاوە (مناظرات)، بە عەرەبیش ناوی ناوە (رچتــة العوام). ئەمە ئەگەر دڵنیابین کە نـاوی سەر بەرگەکان لە نورسی خۆیەوەیەتیو ئیجتیهادی هەندێك لـە قوتابییـانی، یان چاپخانەو وەشانگەو بڵاوکەرەوەکان نیە، بەو پێیەی کە لە کاتی کۆمەڵی ئیتتیحادییو کەمالییە توندڕەوەکاندا چەند جارێك چاپ کراوەتەوە.

هەروەها مامۆستا ئیحسان دەقی نامەیەکی مامۆستا نورسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، کە وا دیارە سەرنجو پیاچوونەوەی تایبەتی نورسییە بۆ نوسراوە کۆنەکانی بە تایبەتی (مناظرات)، کە لە سەردەمی دوورکەوتنەوەیدا بۆ (قەستەمونی) ناردوویەتەوە، واتە پاش (٣٥) ساڵ لە نووسینی کتێبەکە.[١٩٩] ئیتر مامۆستا ئیحسان ئاماژە ناکات بۆ سەرچاوەی ئەسڵی ئەو نووسراوەو ئەو لایەنە تورکییەی کە لێی وەرگرتووە، بەڵام بە دوای نامەکەدا دەقی کتێبی (المناظرات)ی بڵاو کردووەتەوە ـ واتە هەمان کتێبی (رچتــة العوام)و دەربارەی ئەو کتێبە دەڵێت: " لە ساڵی (١٩٥٩ز) کە ویستیان ئەو کتێبە چاپ بکەنەوە نووسەر ـ واتە نورسی ـ بە وردیی چاوی پێدا خشاندەوەو هەندێك دەسکاریی کردو زیادو کەمی تێدا کرد، ئێمەش ـ واتە مامۆستا ئیحسان ـ ئەو دەسکاریکراوەمان وەرگێڕایە سەر عەرەبی".[٢٠٠] پاشان دەری دەخات

١٩٩ بڕوانە: لاپەڕە (٣٨١–٣٨٢)ی (صقيل الاسلام)، بەرگی (٨)ی (کلیات).
٢٠٠ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: (٣٧٩).

که ئەو نوسخە تورکییەکەی بە ئەسڵ داناوە کە بڵاوکەرەوەی (سۆزلەر) لە تورکیا چەندین جار چاپی کردووەتەوە.

بەڵام ئەوەی پێویستە خوێنەر بیزانێو توێژینەوەی زیاتری دەوێ، ئەوەیە کە نوسخەکەی کتێبخانەی (یوسف ئاغای قونیا) ـ کە پێشتر باسم لێ کرد ـ و ئەوی لە (صقیل الإسلام)دا مامۆستا ئیحسان قاسم صالحی وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبی، زۆربەی زۆریان لە یەك جیاوازنو مامۆستا ئیحسان بۆ خۆیشی دەڵێت: "مامۆستا نورسی بەو کتێبەدا چووەتەوەو لە سەرەتاوە نزیکەی سێیەکی کتێبەکەی لابردووە، هەروەها ئەوەی دەگونجێ خەڵکی بە ئاوەژوو تێی بگەن، لایبردووە".[٢٠١] بەڵام تەواوی ئەو بابەتانەی لەو سێیەکەدایە، هیچی هی ئەوە نیە لاببرێت، چونکە هەمووی دەردەدڵی واقعییەو بە بۆچوونی بەندە پاڵنەرێك بۆ لابردنی لە لایەن مامۆستا سەعید نورسییەوە بەبیردا نایەت.

**پێنجەم**: بەهەرحاڵ، کتێبەکە ـ چ ئەوەی نورسی بۆ خۆی کردوویەتە عەرەبی، چ ئەوەی مامۆستا ئیحسان کردوویەتە عەرەبی ـ بابەتانێکی زیندوو پڕ بایەخی ئیمانییو کۆمەڵایەتییان تێدایەو هیچ توێژەرێکی ژیانی نورسی لێیان بێنیاز نابێتو داوا لە خوێنەرانو تامەزرۆیانی بیرو ژیاننامەی نورسی دەکەم کە سوود لە کتێبی ناوبراو وەربگرن.

ماوەتەوە ئەوەش بڵێین کە پێویستە توێژینەوەیەکی بابەتییانەو ئەکادیمییانە سەبارەت بەو کتێبەو هەموو چاپە کۆنو نوێکانی بەرهەمەکانی (سەعیدی کۆن) بکرێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەو کارە ـ واتە بەراوردکردنی بەرهەمە دووبارەبووەکانی (سەعیدی کۆن) و (سەعیدی نوێ)و

---

٢٠١ هەمان لاپەڕەو هەمان سەرچاوە.

توێژینەوەیان ـ یارمەتییەکی زۆر دەدەن بۆ زیاتر ناسینی نورسیو هزرو بیرو خزمەتە بەرزەکانی، بە تایبەتی کە لەم ساڵانەی دواییشدا لە ناو خودی تورکیادا ئەو باسی گۆڕینو شێواندنو دەسکاریکردنە پەرەی سەندووە.

بەڕێز مامۆستا ئیحسان صالحی لە بارەی بایەخی کتێبە کۆنەکانی نورسییەوە لە پێشەکی بەرگی (٨)ی (الکلیات)دا دەڵێت: "نامیلکە کۆنەکانی مامۆستا نورسی بایەخێکی مێژوویی خۆیان هەیە، جگە لەوە کە لە سەرێکی ترەوە نرخو بەهایەکی فیکرییان هەیەو مامۆستا نورسی لە زۆر نامەیدا کە بۆ قوتابیانی نورسی ناردووە، ئاماژە بۆ ئەو نرخو بایەخە دەکات (...) بگرە ئاماژەی کردووە بۆ قوتابییەکانی کە پاش پێداچوونەوە لە شێوەی نامیلکەی سەربەخۆدا بڵاویان بکەنەوە."[٢٠٢]

لە کۆتاییدا ماوەتەوە ئەوە بڵێم کە خۆم بەدواداچوونی زۆرم کردووەو چەندین جار لە ئەستەمبوڵ دیدارم لەگەڵ مامۆستا ئیحسان کردووەو حەوت قوتابیی مامۆستا نورسیم دیونو سەردانی چەندین دەزگاو ناوەندی لێکۆڵینەوەم کردووە، سەرەنجام بە قەناعەتی تەواو گەیشتووم کە لە سەردەمی کەمالییەکانو کاتی دەسەڵاتی توندڕەوانی ئیتتیحادییەکاندا هەر کتێبێکی نورسی چاپکرابێت وشەکانی (کورد)و (کوردستان)یان لێدەرهێنراوەو تەنانەت وێنەی تەسکەرەی نورسی بە جامەدانەوە گۆڕاوەو جاری وا هەیە پەرەگرافو بابەتیشی لێ دەرهێنراوە.

لەو کاتەشدا قوتابییانی نور بوونەتە دوو دەستە: هەندێکیان لە ناچاریداو لەبەر خاتری ئەوەی کە پەیامەکانی نور بڵاو ببنەوە، لەو کارە بێدەنگ بوون، هەندێکیش لە تورکەکان ـ کە بە ناڕەوا خۆیان بە

[٢٠٢] بڕوانە: لاپەڕە (٥)ی بەرگی ٨ی (کلیات)ی نورسی.

شوێنکەوتووانی نور ناساندووە ـ لە خوایان ویستووە ئەو کارە بکرێ و مۆرکی کوردبوون لە نورسی بسڕڕێتەوە.

ئێمە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا ئەمەمان وت، بەڵام پاش بیست ساڵ لەو بۆچوونەی ئێمە، لەم ساڵانەی دواییدا ـ (٢٠١٤ز بە دواوە) چەند دەزگاو وەشانگەیەك لە تورکیا دانیان بەم ڕاستییەدا نا، کە لەبەر بارودۆخی تایبەتی ئەو ساڵانەی سەرەتای سەدەی بیست، دەسکاریی هەندێ وشەو ناونیشانی بەرهەمەکانی نورسی کراون.



**وێنەی بدیع الزمان نورسی،**

**پاش دوورخستنەوەی بۆ گوندی (بارلا)**

# بەشی حەوتەم

# دیدار لەگەڵ (پێنج) کەس لە قوتابییەکانی مامۆستا سەعید نورسی

١ـ دیدار لەگەڵ قوتابی دێرینی نورسی (حوسنی بەیرام ئوغلو).

٢ـ دوو دیدار لەگەڵ قوتابی نورسی (محەممەد فەرەنجی).

٣ـ دیدار لەگەڵ (مصطفی سونگور) قوتابی دێرینی نورسی.

٤ـ دیدار لەگەڵ حەسەن حوسەین، لە شاری ئیسبارتە.

٥ـ دیدار لەگەڵ (عەلی ئیحسان)، قوتابی نورسی، لە (سنل کنت).

٦ـ بینینی محەممەد سەعید ئۆزدەمیر

٧ـ مامۆستا ئەحمەد ئایتمور

وەك لە پێشەكییەكەدا ئاماژەم بۆ كرد، لە ئاكامی چەند سەفەرێكمەوە بۆ توركیا، لە سالانی نەوەدەكانی سەدەی بیستدا، تا سالانی (٢٠١٨)، چەند دیدارێكی ڕاستەوخۆم لەگەڵ ژمارەیەك لە قوتابییە دێرینەكانی مامۆستا نورسیو هاوڕێ یەكەمەكانی ساز كرد، لەوانە:

**١ـ دیدار لەگەڵ دێرینترین قوتابی نورسی (حوسنی بەیرام ئوغلو)**

ساڵی (١٩٩٥ز) لە سەفەرێكمدا بۆ وڵاتی توركیا، لە شاری ئەنقەرە، دیدارێكم لەگەڵ قوتابی دێرینی نورسی، (حوسنی بەیرام ئوغلو) ئەنجام دا. گەرماوگەرم دەقی دیدارەكەم لە ڕۆژنامەی یەكگرتوودا بڵاو كردەوە.[٢٠٣]

حوسنی بەیرام ئۆغلو ساڵی (١٩٤٨ز) لە زیندانی (ئەفیون) لەگەڵ نورسی زیندانیی بووەو ماوەی (١٠) ساڵیش هاوڕێیەتیی كردووە. ساڵی (١٩٩٥ز) لە ماڵی خۆیان لە ئەنقەرە دیدارێكی چوار كاتژمێریم لەگەڵ ئەنجام دا.[٢٠٤] لێرەدا دەقی دیدارەكە دادەنێم، چونكە زانیاریی زۆری تێدایەو تاكە دیداری ڕۆژنامەوانیشە كە بەڕێزیان ئەنجامی داوە، وەك خۆی پێی ڕاگەیاندین:

"كە چووینە بەر دەرگای ماڵەكەیو هاتە پێشوازیمان، واتدەزانی چەندین ساڵە دەتناسێ. خوڵكو خوو و سڵاوێكی گەرمو پێشوازییەكی پڕ لە میهرەبانییو ڕوویەكی خۆشو خەندەیەكی گەشی خستە پێش خۆی، هەر كە زانی لە باشووری كوردستانەوە بووینەتە میوانی، باوەشی پێداكردین. هەر كە بینیم، هێمنیو ویقارەكەی سەعید نورسی مامۆستای هاتە بەرچاوم، واتدەزانی كتومت لە مەجلیسی ئەودایت. نیشانەی ئیمانداریيو

---

٢٠٣ لە ڕۆژنامەی یەكگرتوو، ژمارە (٦٤)، لە (٢٧/١٠/ ١٩٩٥ز)، بڵاوكراوەتەوە.

٢٠٤ لە بەشی بەڵگەنامەو وێنەكاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە (٢٩).

خواناسـیی‌و ڕەوشـتبەرزیی لـە نێوچـاوو هەڵسوکەوتیـدا نومایـان بـوو، بەهرەمەندبوونی بە مامۆستای ناودارو پێشەوای، پێیەوە دیار بوو.

بەڵێ، باس لـە مامۆسـتا (حوسـنی بـەیرام ئوغلـو)ی هـاوڕێ‌و قوتـابی دێرینی مامۆستا بدیع الزمان سەعید نورسی دەکەم، کە دە ساڵی ڕەبەق هاوکارو هاوڕازو نیازی مامۆستاکەی بووەو زۆربـەی شـارەکان لـە گەڵیـدا گـەڕاوەو بەشـێك لـە کەلوپـەل‌و شـتومەکی مامۆسـتا نورسـی ـ وەك یادگاریی ـ لای خۆیەتی.

مامۆستا حوسنی کە خەڵکی باکوری کوردستانە، سەرەڕای ئەوەی لـە مێژە لە شاردا دەژی، بـە دڵ‌و گیـان‌و خولکـە پـڕ صـەفاو گەرمییەکـەی جارانی کوردەوارییەوە، لە گەڕەکێکی ناوجەرگەی (ئەنقەرە)ی پایتەختدا بووینــە میــوانی، زۆر بــە گــەرمیی دەرکــەی ســنگی‌و مــاڵی پێکـرا بـۆ کردینەوەو لە وتووێژێکی چوار سەعاتیدا مەلحەمەی بەسـەرهاتی ژیـانی خۆی لەگەڵ مامۆستا نورسیدا بۆ کردینە دیاری. ئەمەش پوختەکەیەتی:

*مامۆستا! زەحمەت نەبێ با سوننەتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ زیندوو بکەینەوە بە ناسینی تەواوی بەڕێزتان؟*

مامۆستا: ناوم (حوسنی بیرام ئوغلو)ە، خەڵکی ناوچەی (سقرم بول)ی سەر بە پارێزگای (قەستەمونی)م، لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٥)م. لە تەمەنی (٨) ساڵییەوە مامۆستا نورسیم ناسیوەو دە ساڵی تەواو لە خزمەتیدا بووم، تا کۆچی دوایی کردو لە کاتی وەفاتیدا لەسەر سـەری بـووم. ئەوەشـتان پێ بڵێم کـە ئەمـە یەکـەمین جـارە لـە بـواری (یادەوەرییەکانمـدا لەگـەڵ مامۆستا نورسـی) لێـدوان دەدەم، تـا ئێسـتە ئـەم زانیارییانـەم بـۆ هـیچ کەس‌و لایەنێك باس نەکردووە.

*مامۆستا! سوپاست دەکەین‌و حەز دەکەین بە پرسیار جەنابت ماندوو نەکەین، چی بە باش دەزانی لە بیرەوەری خۆت لەگەڵ مامۆستا نورسیدا، بیفەرموو، تا ئێمەش بیگەیەنینە کەسانی تر، بە هیوای سوودمەندیی.*

مامۆستا حوسنی: من وەك گوتم زۆر لە خزمەتیدا بووم. لە ماڵدا، لە کاتی سەفەریدا، لە کاتی ئیقامەی جەبریدا، لە کاتی خەوو خواردن‌و دانیشتن‌و ڕاکشان‌و هەڵسان‌و دەرس‌و نوێژو شەونوێژو گەشت‌و چوونە دەرەوەیدا، نازانم چیتان بۆ باس بکەم.

سەرەتا پێویستە وەصیەتەکەی خۆی بخەمەوە بیرتان کە دەیگوت: "باسی من مەکەن‌و تەعەللوق بە من پەیدا مەکەن، باسی (پەیامەکانی نوور) بکەن، کە ئەوانیش بەهرەی قورئانەکەی خوای گەورەن".

*بە (مامۆستا حوسنی)مان گوت: مامۆستا! ئاخر، تا هەرچی زیاتر مامۆستا نورسی‌و ڕەوشتی‌و ژیاننامەکەی بناسین، زیاترو چاکتر تامەزرۆی پەیامەکانی دەبین. ئەو بە (پەیامەکان)یەوە ناسراوە؟*

فەرمووی: بەڵێ، ڕاست دەکەن. پاشان درێژەی بە قسەکانی دا: من لە تەمەنی (٨) تا (١٠)ساڵیدا بووم، کە شەو تا بەیانی نەدەخەوتین‌و سەرگەرمی ڕوونووسکردنی پەیامەکانی نوور بووین. سەیر ئەوە بوو کە شتێکی وا تێنەدەگەیشتین، بەڵام عەلاقەیەکی هێجگار زۆرمان پێیان هەبوو، ئەو کاتە زۆر دەترساین لە جەندرمەکان، بەڵام ئێمە پەردەی ڕەشمان گرتبوو بە پەنجەرەکانداو لەبەر چرا، نامیلکەکانمان دەنووسینەوە. مامۆستا عالەمێکی تایبەت بوو. شەوان زۆر کەم دەنووست، (٣) تا (٥) سەعات زیاتر نەبوو. شەوانی ڕەمەزان هەرگیز نەدەخەوت، هەموو بەیانییەك دۆعای دەکرد بۆ موسڵمانانی جیهان، جاری وا هەبوو یەك سەعاتی پێ دەچوو. یەکێك لە شتە غەیبەکانی ئەمە بوو، گرنگترین

خەفەتی بۆ کێشەی موسڵمانانی جیهان بوو، زۆر نارەحەت دەبوو بە ناکۆکیی نێوان موسڵمانان. هەرگیز دیاریی وەرنەدەگرت، چونکە وایدادەنا کە لەبەر شەخسی خۆی دیاریی بۆ نابرێو خەڵکی بە تەواوی نایناسێ. من ئەمین صندوقو ڕازهەڵگری بووم، من یەکێك بووم لەو دوو کەسەی کە پێی گوتبوون: بە بێ ئیزن وەرنە لام، کەسەکەی تر (زوبەیر) بوو، کە لە نامیلکەکاندا ناوی دەبات. مامۆستا نورسی هێجگار کەمخۆر بوو، سەرمان سوڕ دەما کە چۆن دەژی، بەڵام زۆر چالاكو بەهێزیش بوو، کە دەچووینە دەشتو دەر لە ڕۆیشتندا پێشی دەداینەوە، بە مەرجێك گۆشت بە پەنجەکانییەوە نەبوو.

*دەربارەی ئەو ئامانجو ئارمانەی کە مامۆستا خۆیو ژیانی خۆی بۆ وەقف کرد، چی دەفەرمووی؟*

**مامۆستا حوسنی:** لەو سەردەمەدا کەس ورەی نەمابوو، ئەهلی دین داڕووخابوون، لەبەر هێرشی سەربازیی ئینگلیزو هێرشی فیکریو شارستانیی خۆرئاوادا، نائومێدیی ڕووی کردبووە خەڵکی بە گشتیو ڕۆشنبیران بە تایبەتی. ئێستە (زانست) لە خزمەتی (ئیمان)دایە، بەڵام لەو کاتەدا زانست دژی ئیمان بەکار دەبرا. ئەو سەعاتەش کە مامۆستا تیایدا ڕاچڵەکی، ئەو کاتە بوو کە بیستبووی نوێنەر (مبعوث)ێکی پەرلەمانی بەریتانیی دەمدرێژیی کردووەتە سەر قورئان، بۆیە فەرمووی: شەرتو پەیمان بێ، ژیانو گیانم تەرخان بکەم بۆ دیفاع لە ڕاستییەکانی قورئان. لەو کاتەشدا لە خەویدا کێوێکی بینی، کە لەبەر دەمیدا شەقوپەق دەبوو، دایکی وتی: مەترسە، یەکێکیش پێی وت: باسی ئیعجازەکانی قورئان بکە، ئیتر لەو کاتەوە زیاتر لێ بڕا.

*دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیزەکان؟*

**مامۆستا حوسنی:**

کاتێك ئینگلیزەکان ئەستەمبوڵیان داگیر کرد، مامۆستا منی ڕاسپارد کە دژی داگیرکەران لە ڕۆژنامەی (بُرکان)دا بنووسم، بۆیە لای ئینگلیزەکان حوکمی کوشتنم درا، منیش بە فەرمانی مامۆستا کەوتمە پۆشاك گۆڕینو شاردنەوەی جێو ڕێی خۆم.

ئەوەشمان بیر نەچێ کە مامۆستا نورسی لە بواری پووچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەو پیلانەکانی ئینگلیزو داگیرکەراندا، دەورێکی گرنگی هەبوو، بۆیە لە لایەن ئینگلیزو نۆکەرانیەوە (١٩) جار ژەهریان دەرخوارد دا، بەڵام (سبحان الله) هیچ زیانێکی پێ نەگەیشت، یەك جار نەبێت کە کەمێك نارەحەتی کردو بە زوویی چاك بوویەوە. لە سەرێکی ترەوە ئینگلیزەکان خەڵاتێکی زۆریان تەرخان کردبوو بۆ هەر کەس بتوانێ بیکوژێ، بەڵام خوا پاراستیو نەکەوتە دەستی کەس.

*دەربارەی (پەیامەکانی نور)؟*

**مامۆستا حوسنی وتی:** (پەیامەکانی نور) وەڵامگۆی پێداویستییو نیازمەندییەکانی سەردەم بوون. دەرمانی دەردە هاوچەرخەکان بوون. هەر شتێك ڕووی بدایە کە بە شێوەیەکی سەلبیی پەیوەندیی بە ئیمانەوە ببوایە، یەکسەر مامۆستا بدیع الزمان نامیلکەیەکی لەسەر دەنووسی. بۆ نموونە بیستی کە مولحدێك دژی ئیسلام دواوە، یەکسەر پەیامی ژمارە (٢٥)ی لە چەند سەعاتێکدا نووسی. یان کاتێك لە ناوچەی (بارلا) بوو، بیستی چەند کەسێك باسی (حەشر) دەکەنو بەڵگەی زانستییان دەوێ، بە خێرایی لە چەند سەعاتێکدا نامیلکەی (حەشر)ی دانا. بەو جۆرە هەموو پەیامەکانی، بە پیر خواستەکانەوە دەچوون.

*دەربارەی سەرچاوەی ئیلهامی نورسی؟*

**مامۆستا حوسنی:**

قورئـانی پـیرۆز هـاوڕێی هەمیشـەیی مامۆسـتا نورسـی بـوو، بۆیـە زۆر سەرکەوتووانە توانی بەرەنگاری شاڵاوی کوفرو ئیلحاد ببێتەوە.

*لە بارەی شتە تایبەتەکانییەوە لەگەڵ مامۆستا؟*

***مامۆستا حوسنی:***

کۆتایی ساڵی (١٩٤٢ز) بوو، کە مامۆستام ناسی. باوکم وایزانی مامۆستا نورسی شێخی تەریقەتە، بۆیە چوو بۆ لای، کە بەیعەتی بداتێ. ئەو کاتە منیشی لەگەڵ خۆی برد کە (٨) ساڵان بووم. بیرم دێ کە مامۆستا بە باوکمی گوت: من شێخی تەریقەت نیم، بەڵام هەندێ نوسراوت دەدەمێ، بۆ ئەوەی بە هەموومانەوە هەوڵی ڕزگارکردنی (ئیمان)ی ئەم میللەتە بدەین. بۆیە لەو کاتەوە باوکم بووە موریدێکی دڵسۆزیوماڵەکەشمان بووە چاپخانەیەکی ڕوونووسکردنەوەو نووسینەوەو بڵاو کردنەوەی (پەیامەکانی نور)، بە درێژایی ساڵانی (١٩٤٢) تا (١٩٤٨ز).

مامۆستا نورسی لە دۆعاکانیدا بە تایبەتی نـاوی منـی دەبـرد، چـونکە زۆری خۆش دەویستم.

*بەسەرهاتی جوببەکەی مەولانا خالدی نەقشبەندی چیە؟*

**مامۆستا حوسنی**: جارێکیان مامۆستا نورسی لـەملاو لەولایـەوە مـنو زوبەیری خستە ژێر جوببەیەك کە لەبەریدا بـوو. دوایـی فـەرمووی بـە مـن: حوسنی! تۆ هێشتا گەنجیو تەمەنت کەمەو باڵاشت کورتە، ئەگـەرنا ئـەم جوببەیـەم دەدایتـێ. ئەمـە جوببـەی (مـەولانا خالـدی نەقشـبەندی)یە، کەوتووەتە لای من.

بەسەرهاتی جوببەکەش ئەوەیە کە کـاتی خـۆی لای موریـدێکی شـێخ مـەولانا خالـد لـە شـاری (قونیـا) ماوەتـەوەو دواتـر لای ئـافرەتێکی

صالّح[205] بەجێی هێشتووەو وتوویەتی: با لات بێ، خاوەنی خۆی دێت بۆی. دەرکەوت ئەو کەسەی بووە خاوەنی، هەر مامۆستا نورسی بوو، بۆیە کاتێ مامۆستا چووە شاری (قونیا)و ئافرەتەکە بیستی، یەکسەر جوببەکەی بردو وتی: وا بزانم ئەو کەسە هەر تۆی کە وەصیەتم پێکراوە بیدەمێ. ئەوەشم بیر نەچێت ساڵی (١٩٥١ز) مامۆستا نورسی ئەو جوببەیەی ناردە شاری (ئورفە) بۆ ئەوەی نەفەوتێ، ئێستەش لەو شارە لای یەکێك لە دۆستەکانمانەو پارێزراوە.[206]

*خەمخواردن‌و دۆعاکردنی بۆ کۆمەڵی (برایانی موسڵمان)؟*

لە بارەی لایەنێکی تایبەت لە ژیانی مامۆستا نورسی مامۆستا حوسنی، هەندێك نهێنیی کەرامەت‌و فیراسەتی مامۆستا نورسی بۆ گێڕاینەوە، کە دیار بوو دواتر لەسەر وەصیەتەکەی خۆی حەزی نەدەکرد باسبکرێن. تەنها ئەم بەسەرهاتەی پێ ئاسایی بوو: وتی ڕۆژێکی ساڵی (١٩٥٤ز) بوو، بە منی وت: حوسنی! لە خۆمەوە هەست بەبێ تاقەتییەکی دەرونیی‌و بێزاریی دەکەم، وا دەزانم بەڵایەك بەسەر موسڵمانانداندا هاتبێ، بڕۆن سەیرێکی ڕۆژنامەکان بکەن، بزانن چی ڕووی داوە؟ ئێمەش یەکسەر چووین بەدەم فەرمانەکەیەوە، کاتێکمان زانی، باس لە دەسگیرکرانی هەزاران کەسە لە کۆمەڵی (برایانی موسڵمان)ی میصر، کە

---

٢٠٥ ئەو ئافرەتە ناوی (ئاسیا مولازم ئوغلو) بووە، لە نەوەی محەممەد ئەفەندی، ناسراو بە عاشقە بچوك، کە موریدی مەولانا خالدی نەقشبەندیی بووە. خەڵکی (ئافیون) بوون‌و نیشتەجێی ئەستەمبوڵ. (بڕوانە: دواهەمین شایەتەکان، ن: نجم الدین شاهینەر، چاپی ٢٠١٤ز، ناوەندی ئارا، ٢٨/١). ◙

٢٠٦ ئەو جوببەیە تا ئێستەش لای مامۆستا عبد القادر بادیللی، قوتابی مامۆستا نورسی، پارێزراوە.

هەواڵەکەمان پێ دا، خەم زیاتر دایگرت، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك باری ئاسایی نەبوو، دەستی کردە دۆعای خێر بۆیان، زۆر بە کوڵ لە خوا دەپاڕایەوە کە تۆڵەیان بۆ بستێنێ. پێیشی وتین: (برایانی موسڵمان)ی میصر، تێکۆشەرو موجاهیدی ڕێی خوان، دۆعای خێریان بۆ بکەن، خوا ڕزگاریان بکات".

ساڵی (١٩٥٨ز) من لە خزمەتیدا بووم کە (عەدنان مەندریس)ی سەرۆك وەزیرانی تورکیا هاتە پێش دەمی ماڵەکەی‌و دوو نوێنەری ناردە لای‌و وتی: "لە باتی من بچنە ژوورەوەو سڵاوی منی بۆ بەرن". مامۆستاش پێی وتن: "عەدنان دوو کاری باشی کردووە، دوانی تریش بکات، دۆعای خێری بۆ دەکەم، هەروەکو (بانگی کردەوە بە عەرەبی) و (فێربوونی قورئانی خستەوە ناو پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانە)، با پەیامەکانی نوریش بخوێنێتەوەو (ئەیاصۆفیا)ش بکاتەوە بە مزگەوت، بەڵام دیار بوو ئەو فەخرە نەبووە نسیبی عەدنان مەندریس.

*دەربارەی سەفەری کۆچکردنی نورسی:*

مامۆستا حوسنی کە شۆفێری تایبەتی مامۆستا نورسی بووە، دەڵێت: پێش وەفاتی بە چەند ڕۆژێك، فەرمووی: لە خەوما بینیم کە لەسەر ڕێیەکی دوورو درێژم، وا بزانم ڕێی قیامەتەو لێی نزیك بوومەتەوە. لەو کاتەدا لە شاری (ئیسبارتە) لەژێر چاودێریی‌و ئیقامەی جەبریدا بووین. مامۆستا زۆر نەخۆش بوو، بەڵام زۆری لێ کردین کە بکەونە ڕێ بەرەو شاری (ئەمیرداغ). لەوێ قوتابییەکانی کۆکردەوەو فەرمووی: من زۆر نەخۆشم، هەست بە نزیکبوونەوەی مەرگ دەکەم، حەز دەکەم ماڵئاوایی‌و خواحافیزیتان لێ بکەم. خۆی چاوی پڕ بوو لە گریان، هەموومانیشی خستە گریان. پاشان گەڕاینەوە بۆ (ئیسبارتە)، تەندروستی مامۆستا

تەواو تێکچوو. زۆری بۆ هێناین کە بچین بۆ شاری (ئورفـە). عـەرزم کـرد کـە: سـەیارەکە تـەواو نیـە، فـەرمووی: یـان چـاکی بکـەرەوە، یـان ئوتومبێلێکی تر پەیدا بکەن! من هـەر دەبـێ بچمە شـاری ئورفـە. چاك لەبیرمـە کـە سـەعات (١٠)ی ڕۆژی (٢٣) ڕەمـەزانی سـاڵی (١٩٦٠ز)، خۆمـان گورج کردەوە بۆ دوا سەفەری مامۆستا. لە دەرەوە پۆلیس چواردەورەی ماڵەکەی دابوو، مامۆستا فەرمووی: ئەگەر کەسێك لێی پرسین: بـۆ کـوێ دەچن؟ بڵێن: بۆ (بولدور)، کە شـارێکە پێچـەوانەی جیهـەتی (ئورفـە)!. پاشان مامۆستا فەرمووی: ناوی خوای لێ بێنن‌و دەرچن، گوێ بە پۆلیس مەدەن. بە ئیرادەی خوا کە دەرچووین، لەو کاتەدا هیچ پۆلیسێك ئێمەی نەدی. بە تەنیا من‌و زوبەیرو مامۆستا نورسی بووین. کەوتینە ڕێ بـەرەو شاری (ئورفە)، لە ڕاسـتیدا ئێمـە گومانمـان نەدەچـوو کـە ئەمـە کۆچـی وەفاتی بێت. واماندەزانی بردنەسەری وەعدێکە کە پێی دابووین، چونکە کاتی خۆی وەعـدی پێـدابووین کـە بمانبـات بـۆ ناوچـەکانی کوردسـتان‌و سەربدەین لە قوتابخانە شەرعییەکان‌و دۆستەکانی نور.

سەرەنجام هەر چـۆن بـوو گەیشـتینە شـاری ئورفـەو چـووینە ئـۆتێلی (ئەلیف) کە خاوەنەکـەی لـە دۆسـتانی (نـور) بـوو. خـەڵکی هەواڵەکـەی بیست، بە هـەزاران کـەس ڕژانـە سـەر جادەکـان‌و پێشـدەمی ئۆتێلەکـە. ئەویش لەناو جێ کەوتبوو، خەڵکیش زۆریان هێنا بوو، تەنها بۆ بینینـی، بۆیە فەرمووی: مـەجال بـدەن خـەڵکی بـێن‌و بیـانبینم‌و بـڕۆن. پۆلیسـی ئورفە وەزیری ناوخۆیان لە پایتەخت ئاگادار کردەوە، ئەویش فەرمانی دا کە بە زووتـرین کـات لـە ئورفـە دەرکـرێ‌و نەیـەڵن شـەوی بـێ بەسـەردا. پۆلیس هات‌و تەکلیفی لـە ئێمـە کـرد بـۆ دەرکـردن. منـیش وتم: ڕاسـتە ئێـوە مەئموری حکومەتن، بۆ دەرکردنی ئێمە، بەڵام منـیش مـەئموری مامۆسـتا

نورسیم، تا خۆی نەڵێت، ناتوانین بـڕۆین. ناچـار بەڕێوەبـەری ئاسایشـی شاری (ئورفە) هاتە ئۆتێلەکە بۆ لای مامۆستا نورسیو پێی وت: بەشـکو بڕۆی. مامۆستایش دەستی کردە ئامۆژگاریکردنیو فـەرمووی: هـەوڵ بـدە لەمەولا فەرمانەکانی خوا بەجێ بێنیتو دەستبکەی بە نوێژکردن! پاشـان دکتۆر هات، سەیرمان کرد گەرمای لەشی (٤٣) پلەیە، دکتۆر زۆر سـەری سوڕماو وتی: لە حاڵی وادا مەترسی مـەرگ هەیـە، ئـەم چـۆن تـا ئێسـتە ماوە؟ لە سەرێکی ترەوە کە خەڵکی زانیان گوشارمان خراوەتە سـەر بـۆ دەرکردن، هەزاران کەس دەوروبەری ئۆتێلەکەیان داو ڕێیان گرتو وتیان: نایەڵین دەریان بکەن. بەڕێوەبەری ئاسایش بـە پۆلیسـێکی زۆرەوە ویسـتی بڵاوە بـە خەڵکەکـە بکـەن، بـەڵام کـەس نـەجووڵا. ناچـار پـەنایان بـردە بـەر خۆمان، وتمان: خەڵکی موریدی مامۆستان، تەنها بە قسەی ئەو دەگونجـێ بـڕۆن. ناچـار (ئاسـایش) بـەڵێنی دا پێمـان کـە ئەگـەر خەڵکەکـە بـڕوات ئێمەش دەرنەکەن. بۆیە مامۆستا بـە (زوبـەیر)ی وت کـە لـە پەنجـەرەی ئوتێلەکەوە بە خەڵکەکە بڵێت: بە فەرمانی (مامۆستا نورسی) بـڵاوەی لێ بکەن. هەر کە (زوبەیر) وای وت، یەك کەس لە دەوری ئوتێلەکە نەما..!

*وەفاتی مامۆستا نورسی:*

**مامۆستا حوسنی** لەم بارەیەوە وتی: "شەوی (٢٥)ی ڕەمەزانی ساڵی (١٩٦٠ز) مامۆستا نورسی تەواو حاڵی تێکچوو، شـەو هـەر بـە دیارییـەوە بووین، لە بێتاقەتیدا پەرێشان بووبـووین، دەمـەو بـەیانی سـەیرمان کـرد گیانی پاکی گەڕاوەتەوە بۆ جێ پشـووی یـەکجاریی. لـە ڕاسـتیدا یەکـەم جار بوو، مردوو ببینم، بەلامەوە غەریب بوو، ئـیتر چـیتان عـەرز بکـەم؟ بـە ڕاسـتی ئـەو نارەحەتییـەی بەسـەر مـنو زوبـەیردا هـات بـاس ناکرێـت. بەهەرحاڵ، شار شڵەژا، لە ڕێی بەدالەی تەلەفونەوە ـ کە ئەو کاتە زۆر بە

زەحمەت خەت دەگیرا ـ هەموو تورکیامان ئاگادار کردەوە. حاکمی شاری ئورفەش هاتو شتومەکی مامۆستای تەسلیمی (عبد المجید)ی برای کرد، کە بە زوویی گەیشتە (ئورفە).

لە ئورفە زانایەکی خواناس هەبوو بە ناوی (مەلا حەمید) مامۆستای شۆرد، ئەو زانایە فەرمووی: دوێنێ شەو لە خەوما (واتە شەوی پێش وەفاتی نورسی) مامۆستا (سەعید نورسی)م بینی، پێی وتم: سبەینێ دەمرمو تۆش دەمشۆری! . بەڵێ، خەوەکەی هاتە دیو منو زوبەیر ئاومان دەکرد بە دەستی مەلا حەمیداو لە شوشتنی مامۆستادا یارمەتیمان دەدا. لەو ڕۆژەی یەکەمدا تورکیا هەمووی شڵەقا، بە هەزاران کەس گەیشتنە ئورفە. بە دەیان تۆپو تانك لەسەر جادەی شارەکانی (ئورفەو قارەمان مەراشو غازی عەینتاب) وەستانو ڕێیان گرت لە زەحفو شالاوی جەماوەری موسڵمان. پاشان لە (دەرگای ئیبراهیم) لە ئورفە ـ کە شوێنێکی پیرۆزەو وا مەشهورە جێی ڕزگاربوونی ئیبراهیم پێغەمبەرە (علیه السلام) لە ئاگر ـ بە هەزاران کەس نوێژی مردوویان لەسەر کردو دەیان جارو دەیان وەجبە دووبارەیان کردەوە. دوایی هەر لەو جێیە کە دوو گۆڕی ئامادەی لێ بوو، نێژرا.

پاشان دەوڵەت زۆر ترسا لەوەی کە بە هۆی دیاربوونی قەبرەکەیەوە کێشەی بۆ دروست ببێت، بۆیە دوای نزیکەی (٢) مانگو نیو هاتۆچۆیان قەدەغە کردو (عبد المجید)ی برای مامۆستایان بردو لە دۆخێکی زۆر ئاڵۆزی ئەمنیدا، گۆڕەکەی مامۆستا نورسییان هەڵکەندەوەو تەرمی مامۆستایان بە ئەلیکۆپتەرێکی سەربازیی بەرەو جێیەکی نادیار برد، کە ئێستاش نەزانراوەو ون کراوە".

مامۆستا حوسنی ئەمەی بە حیکمەتو بەڵگەیەکی تری کەرامەتدارییی مامۆستا نورسی زانیو وتی: "قوتابییەکانی (نور) بە ڕادەیەکی کەموێنە مامۆستا نورسیان خۆشدەویست، ئەم خۆشەویستییە گەیشتبووە ئاستێك کە دەترسا بکێشێ بۆ شتی نامەشروعو بیدعەت، بۆیە هەمیشە دۆعای دەکرد کە قەبرەکەی گوم ببێو نەناسرێ! زۆر جاریش دەیفەرموو: دەربارەی پاش مردنم وەصیەتی دوو شتتان بۆ دەکەم:

یەکەم: زیارەتی قەبرم هەرگیز مەکەن. دووەم: دوو قوتابی پاسەوانی قەبرەکەم بنو نەیەڵن کەس بێتە سەرم. جا دیار بوو خوا خۆشی ویستو مەکرەمەی پێ بەخشیو نەیهێشت بە هۆی ئەوەوە کەس تووشی کاری ناشەرعییو دوور لە سوننەت ببێت.

بەو جۆرە مامۆستا (حوسنی) بەبێ دەرخستنی ماندووبوون ـ سەرەڕای چوار سەعات قسەوباس ـ کۆتایی بە بەشێك لە بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ مامۆستا نورسی هێناو وەصیەتەکەی دووبارە کردەوە، کە گرنگی بە (پەیامەکانی نور) بدەن، نەك شەخصی (نورسی) خۆی.

خوای گەورە مامۆستا لە ڕیزی (منعم علیهم)ەکاندا حەشر بکاتو سەرکەوتن بکاتە نسیبی هەڵگرانی (پەیامی نور) لە هەر کوێ هەن."

## ٢ـ دوو دیدار لەگەڵ قوتابی ماموستا نورسی (محەممەد فەرەنجی)

محەممەد فەرەنجی: لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٨ز)ە، یەکێکە لە قوتابییە زۆر نزیکەکانی نورسی، تا نووسینی ئەم بابەتە (٢٠٢٠ز) لە ژیاندا ماوەو دانیشتووی شاری ئەستەمبوڵەو لە چوار بۆنەی جیاوازدا بینیومەو یەکێکە لەوانەی باوەڕی وایە کە هەندێك لایەنو دەزگا ـ کە خۆشیان سەر بە قوتابخانەی نورسی دەژمێرن ـ دەستکاریی (پەیامەکانی نور)یان کردووەو بەشێك لە زاراوەو ڕستەو تەنانەت هەڵوێستەکانی نورسییان شێواندووە.[٢٠٧]

### دیداری یەکەم (٢٩/٥/٢٠٠٦ز):

(محەممەد فەرەنجی) یەکێکە لە قوتابییە پێشینەکانی ماموستا سەعید نورسی، لە دایکبوی ساڵی (١٩٢٩ز)یە، پیاوێکی ڕۆحسووکی خواناسە، ئەو پیاوەیە کە چەندین مانگ نورسی لە ماڵیاندا لە ئەستەمبوڵ ماوەتەوە، خەندە لە دەمی نەدەفڕی، دڵبێدارو دەم بەزیکرو سەرحاڵ بوو، ڕۆژی (٢٩/٥/٢٠٠٦ز) هاتە زیارەتی ئەو تیپە برایەی کە میوانی خەڵوەتی نامیلکەکانی نور بووین. نور لەنێو چاوی دەتکا. پاش دەستو موشتاقی گەرم، فەرمووی: سەرەتا داوای لێبوردن دەکەم، دەبوایە ئێمە بچووینایە بۆ خزمەتی ئەم برایانە لە وڵاتی خۆیان، بەڵام ئەوان تەشریفیان هاتووە. ئەگەر ماموستا (نورسی) لە ژیاندا بووایە باوەشی بەم خۆشەویستانەدا دەکردو میوانیی دەکردن.

پاشان بەم جۆرە، کورتە باسێکی دەربارەی ماموستا سەعید نورسی کرد:

---

[٢٠٧] لە بەشی بەڵگەنامەو وێنەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە: (٣٠).

"..مامۆستام (سەعید نورسی) بۆ سەربەرزییو سەعادەتی مرۆڤایەتیی هیچ کەمتەرخەمییەکی نەدەکرد. بۆ حاڵی موسوڵمانان کسپە لە هەناوی دەهات. ئێمە بەهۆی بینینی ئەوو گۆڕانی حاڵەتی ئەوەوە، دەنگوباسی عالەمی ئیسلامیمان دەزانی. هێندە کاریگەریی ئەو شتانە لەسەری دیار بوو، یەکسەر پێتدەزانی.

مامۆستا نورسی فێری دەکرین کە موسڵمان لەهەر کوێ بێ برای ئێمەیە. لە سەردەمی خیلافەتو پاش خیلافەتیش سەرگەرمی کێشەی ئوممەتی ئیسلام بوو. پاش خیلافەت ڕووبەڕووی تەوژمی ماددییو کاریگەرییو کاڵبونەوەی دینداریی بوویەوە. لەگەڵ کۆمارییەکاندا کەوتە کێشەو ململانێ. لە شاری وان نیشتەجێ بوو، لەبەر چالاکیی دوورخرایەوە بۆ خۆرئاوای تورکیا، دژایەتی ئاین پەرەی سەند، حوجرەو قوتابخانە ئاینییەکانیان داخست، بانگو قامەتیان کردە تورکی.

مامۆستا نورسی لە تەمەنی لاوییەتیەوە دەستی کرد بە بانگەوازی تاکەکەسیی، لە هاوەڵو تاکەکانی دەوروبەری خۆیەوە دەستی پێکرد، ئێستە بانگەوازەکەی بە جیهاندا بڵاو بووەتەوە.

ماوەیەك لە هوتێل (پیرلوتی) لە ئەستەمبوڵ دابەزی، خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێدەکرد، ڕۆژێکیان خەڵکی هێندە زۆر بووبوون، شەقامەکە نەیدەگرتن، هەندێ لە بەرپرسان خۆیان گەیاندە شوێنەکە، نورسی ڕووی کردە بەرپرسانو وتی: بۆ واتان کرد؟ ئێوەن هۆی ئەم هەموو گیروگرفتە. پاشان بە خەڵکەکەی وت: خەمتان نەبێ، بە پەیامەکانی نوور پشتی بێباوەڕیی دەشکێنین، پێویست بە خۆپیشاندان ناکات. مامۆستا سەعید نورسی پاش سێ مانگ لەو ڕووداوە، لە ساڵی (١٩٦٠)دا وەفاتی کرد.."

له مامۆستا محەممەد فەرەنجیمان پرسی: بۆ یەکەم جار کەی بە خزمەتی نورسی گەیشتی؟ وتی: لە کۆتایی ساڵی (١٩٤٩)دا بوو، لە ناوچەی (نور عثمان)ی شاری ئەستەمبوڵ، لە کاتی نوێژی بەیانیدا بوو، دەستم ماچ کرد، ئەویش سەری ماچ کردم. هەموو جار دەیدیم سەری ماچ دەکردم. من لە ناو مزگەوت ئامادەی وانەو وتارەکانی دەبووم. مامۆستا زۆر چالاك بوو، لەبیرم دێ ساڵی (١٩٥٢ز) لەبەر پەیامی (ڕابەری لاوان)ـ کە بڵاوی کردەوەـ دەستگیر کراو دادگایی کرا.

هەروەها لەبیرم دێ کە ڕێکخراوێکی مولحیدی ئەو سەردەمە، بڕیاری دا کە (٤٠) هەزار لیرەی ئەو کاتە بدات بەهەر کەس کە سەعید نورسی بکوژێ. ئەمە لە شاری قۆنیا ڕووی دا.

مامۆستا نورسی پێی دەگوتین: جیهادی جاران بە شمشێر بوو، جیهادی ئەم سەردەمە بە زانستە. زۆریش تەئکیدی دەکردەوە کە نابێت بە چەكو شەڕکردن ڕووبەڕووی دوژمنی ناوخۆ ببنەوە، دەبێ بە زانستو فیکر ڕووبەڕووی دوژمن یان نەیاری ناوخۆ ببنەوە، بەکارهێنانی چەكو شەڕکردن تەنها بۆ دوژمنانی دەرەکییە".

**دیداری دووەم لەگەڵ محەممەد فەرەنجی، (٢٠٠٦/٦/١):**

ئەوە بەشێك بوو لەو بیرەوەرییانەی محەممەد فەرەنجی کە لەو دیدارەدا خستنیە ڕوو. جارێکی تر ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/١ز) لەگەڵ ژمارەیەك لە دۆستانو قوتابیانی نورو مامۆستا (محەممەد فەرەنجی) سەیرانێکی نوریمان کرد بۆ جەنگەڵی (بەلگراد) لە نزیك شاری ئەستەمبوڵ. لەم گەشتە ئیمانییەدا بوو لە ناکاو (محەممەد فەرەنجی) دیار نەما. لەبەر ئەوەی بە تەمەن بوو، بۆی نیگەران بووین، لەگەڵ برادەرێکم (مامۆستا

بەرزان ئەحمەد) پیاسەمان دەکرد، سەیرمان کرد فەرەنجی بە تەنها لە شوێنێك وەستاوەو تێڕاماوە. وربووینەوە بینیمان گەڵای درەختێکی بەدەستەوەیەو دەڵێ: ئەم جەنگەڵە چۆڵ نیە، هەرچی دارو درەختو گژوگیاو گەڵای دار هەیە، هەموو تەسبیحاتی خوا ئەکەن، مەگەر خوا وا نافەرموێ؟ (مەبەستی ئەم ئایەتە بوو کە دەفەرموێ: ﴿وإنْ مِن شيئٍ إلا يُسَبِّحُ بِحَمدِهِ ولكنْ لا تَفقَهونَ تَسْبيحَهم﴾ الإسراء/٤٤، واتە: هەرچی شت هەیە- لە بوونەوەردا - هەموو تەسبیحاتی خوا دەکەن، حەمدو سوپاسی خوا دەرئەبڕن، بەڵام ئێوە لە تەسبیح کردنەکەیان تێناگەن).

بەهەرحاڵ ئەو بەڕێزە کەوتبووە جیهانو کەشێکی عیرفانی سەیرەوە، وایدەزانی لە کەشتییەکدایە کە هەموو سەرنیشنانی وەك سەمفۆنیایەکی هاوسازو یەك ئاواز (سبحان الله) دەکەن، ئەوە مرۆڤە کە جاروبار غافڵو بێ ئاگا دەبێو سەرەڕای چاوهەڵتۆقینی بەم هەموو جوانکارییەی خوای گەورە لە بوونەوەردا (سبحان الله)ی بیردەچێت، تەنانەت سێڵو خانەکانی لەشیشی هەرخەریکی (حەمدو تەسبیح)ن، بەڵام خۆی زۆر جار بێ ئاگایە، کە هەقە موسڵمانی دڵبێدار وا نەبێت.

بەڵێ، فەرەنجیو هاوڕێیانیو هاووێنەکانی لە مامۆستا نورسی هەر ئەمە فێربووبوون، کە لە چۆڵەوانیدا هەست بە وەحشەتو غوربەتو تەنیایی نەکەنو لەبیریان بێت کە کەشتی بوونەوەر، نرکەو ناڵەی دێت بە ذیکرو تەسبیحی دروستکراوان بۆ خوای پەروەردگار.

ئەم مامۆستا ئێسك سووکە پڕ ئیمانە، ئەرکی سەرەکیی بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نورو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی مامۆستا نورسی بووە. ئێستەش تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە چالاکیی سەردەمی گەنجێتی پێوە

دیارەو لە دۆخێکی ئاسایی‌و دیمەنێکی خاکیدا لە شاری ئەستەمبوڵ ژیان بەسەردەبات. بۆ بەندە وا ڕێککەوت کە چوار جاری تر لە هەندێك کۆنگرەو بۆنەی تری میوانداریدا لە ئەستەمبوڵ بە خزمەتی گەیشتمەوە.

### ٣ـ دیدار لەگەڵ مامۆستا (مصطفى سونگور) قوتابی دێرینی نورسی

مستەفا سونگور دێرینترین قوتابی نورسی بوو، ساڵی (٢٠١٢ز) کۆچی دوایی کرد.[٢٠٨] لە فرسەتێکی گەشتییە نورانییەکەماندا (ساڵی ٢٠٠٦ز) ـ کە پێشتر باسمان کرد ـ سەردانی ئەم مامۆستا بەڕێزەمان کرد کە چاوو دڵمان پێی گەشایەوە، پیاوێکی دەم‌و لەفزشیرینی بەئیمان، ڕووخۆش‌و خاکیی‌و (متواضع)، لەسەر کورسییەکەی بە ئاستەم دەجوولا، بەلام کە ئێمەی پێ ناسێنرا، بە زەحمەتێکی زۆر هەستایە سەر پێ، بۆنی مامۆستا نورسی دەدا، لە هۆڵێکی گەورەدا کە پڕ بوو لە قوتابییەکانی ئێمەیان ناساند بە ئامادەبووان، پاش بەخێرهاتن داوای وتاریان لێ کردین، لەسەر داوای برا هاوسەفەرەکانم بەندە وتارێکی کورتم دا، سوپاسم کردن، شەوق‌و ڕێزو هەستی خۆمان دەربڕی، تیشکێکم خستە سەر واتا شیرینەکانی برایەتی ئیسلامیی‌و خۆشەویستیی لەبەر خوا. داستانی ئاشنابوونم بە نورسی باسکرد، ئاماژەم بە زەرورەتی سوودوەرگرتن لە هەموو ئەزمونەکان کرد، گەورەیی پەیامەکانی نورم دووپات کردەوە.

لە کاتی هەستاندا مامۆستا (مصطفى سونگور)، کتێبێکی دانسقەو دەگمەنی (المثنوي العربي النوري) مامۆستا نورسی بە دیاریی پێ بەخشیم، کە بە خەتی (جیلان چالیشقان) قوتابیی‌و دۆستی نزیکی نورسی نوسراوەتەوە، کۆمپانیای (سوزلر) وێنەی هاوشێوەی لێ چاپ کردووە.

---

[٢٠٨] لە بەشی بەڵگەنامەو وێنەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە: (٣١).

ئەم کتێبە (مصطفی سونگور) بۆ خۆی پێشەکی بۆ نووسیوە. ئەم کتێبە ئەوەیە کە لە گوندی (قەرەبوك) پۆلیس بردیانو بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ بزر کرا، بەڵام پاش ئەو (٣٠) ساڵە مامۆستایەك پیشانی زانایەکی دەدا بە ناوی (خلیل) لە شاری (قارس)، بەو جۆرە پاش (٣٠) ساڵ چاپ کرایەوە.[٢٠٩]

ئەم زاتە ـ سونگور، دە ساڵی ڕەبەق ـ لە (١٩٥٠) تا (١٩٦٠ز)ـ واتە: ساڵی کۆچکردنی نورسی ـ لەگەڵیدا ژیاوە، لە دایکبوی (١٩٢٩ز) یە، لە (١٩٤٦ز)داو لە تەمەنی (١٧) ساڵیدا بووەتە قوتابیو دۆستو ئاشنای نورسی. لە زۆر شوێنی پەیامەکانی نوردا ـ وەك قوتابییەکی دڵسۆزو دانەبڕاوو کارا ـ ناوی بردووە. ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە خستنەڕووی زۆر گۆشەو کەناری ژیانی مامۆستاکەی.

ئەم پیاوە بۆی گێڕاینەوە کە سەعید نورسی زیاتر لە (٨٠) کتێبی (متون)ی عەرەبی لەبەرکردووەو ئەو کتێبانە بوونە پێشەکی بۆ تێگەیشتن لە قورئان. نورسی متمانەی زۆری بە (سونگور) هەبووە، هەندێ کارو ئەرکی تایبەتی بەو سپاردووە. وا پێ دەچێت بۆ دیدارە سیاسییەکانو کاری پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی میری، پشتی پێ بەستووە. لە ساڵی (١٩٥٣ز)دا ئەم زاتەو چەند کەسێکی تر لەسەر چالاکیی دەسگیر دەکرێنو مەحکەمەی (تەمیز) بەریان دەدات. هەرئەم بووە کە پشتگیریی پێشنیارو داواکەی نورسی بووە بۆ کردنەوەی زانکۆی (الزهراء) لە کوردستان، کە نورسی ویستویەتی بەرانبەر

٢٠٩ لە پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکاندا بڕوانە وێنەی ژمارە: (٣٢)، بۆ بینینی بەرگی ئەو کتێبە یادگارییەی کە بەڕێزی پێی بەخشیم..

(الأزهر)ی میصر، (الزهراء)ی كوردستانیش هەبێو لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا كۆتایی پەنجاكان، هەوڵی بۆ داوە..

مصطفی سونگور دەڵێ: پاش (٥٥) ساڵ لە داواو تكاو ڕجا لە لایەنانی پەیوەندیدار، مامۆستا ڕایسپاردین درێژە بەو هەوڵە بدەین، چونكە ئەو ناوچانەی كوردستان پێویستیان بە پێشخستن‌و خزمەت هەیە.

مامۆستا مصطفی سونگور تا ئەو كاتە كە ئەو دیدارەمان لەگەڵ كرد لە ئەستەمبوڵ دادەنیشت‌و بە هەشتا ساڵ تەمەنەوە وانەی هەفتانەی بە قوتابی‌و دۆستانی نور دەوتەوە. بەڕێزی لە (٢٠١٢/١٢/١ز) پاش تەمەنێكی پڕ خزمەت، كۆچی دوایی كردو لە گۆڕستانی سوڵتان ئەیوب، لە شاری ئەستەمبوڵ، لە ڕێ‌و ڕەسمێكی شكۆداردا بە خاك سپێررا.

**٤ـ دیدار لەگەڵ بەڕێز حەسەن حوسەین، لە شاری ئیسبارتە**

حەسەن حوسەین: ساڵی (١٩٢٤ز) لەدایكبووە، یەكێكە لەوانەی لە سەردەمی مامۆستا نورسیدا پەیامەكانی نوری نووسیونەتەوە. ساڵی (٢٠٠٦ز) لە شاری (ئیسبارتە) بینیم‌و لە دەفتەری یاداشتەكانمدا بیرەوەرییەكی نایابی بۆ نووسیم.[٢١٠]

ئەو ساڵە وەك بەشێك لە بەسەركردنەوەكانمان بۆ بینینی شوێنەوارەكانی مامۆستا نورسی‌و دیدار لەگەڵ قوتابی‌و هاوڕێكانی‌و ئەو شارو شارۆچكەو گوندانەی بۆیان چووەو ئەو شوێن‌و خانووانەی تیایاندا ژیاوە، ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٣ز) سەردانی شاری (ئیسبارتە)مان كردو لەوێ سەردانی (كۆمەڵگەی وەقفی پەروەردەیی مەككی)مان كردو شەوەكەی كۆڕێكی

---

[٢١٠] لە بەشی بەڵگەنامەو وێنەكاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە: (٣٣)، كە بەڕێزی ئەو بیرەوەرییە دەنووسێت.

فراوانیان سازکردو پاش وتارێکی ئەوان، بە ئامادەبوونی ئەو قوتابییەی نورسی (حەسەن حوسەین)، مامۆستا (محەممەد عبد الرحیم) و بەندەش وتارێکمان هەبوو.

ئەو بەرێزە هاوکارێکی دڵسۆزی نورسی بووە، یەکێك بووە لەوانەی کاری نووسینەوەی پەیامەکانی نوری لە ئەستۆ بووە، ئەو کاتە تەمەنی لە هەشتاکاندا بوو، لە ژیانیدا ئەویش وەك نورسی مامۆستای، ژنی نەهێناوە. بە پێی قسەی خۆی خەڵکی گوندی (اسلام کوی) سەر بە پارێزگای (ئیسبارتە)یەو لەدایکبوویساڵی (١٩٢٤ز)ی بوو.

ناوبراو لە دەفتەری یاداشتەکانمدا، بەخەتی خۆی ئەمەی بۆ نووسیم: "ئەی خوای أرحم الراحمین! لەبەر خاتری حورمەتی (اسم)ی (أعظم)و ناوە گەورەو پیرۆزەکەت، لەبەر خاتری پێغەمبەری (أکرم) (علیه الصلاة والسلام)، ئیمان بکە بە نسیبی خاوەنی ئەم دەفتەرەو بە چوونە فیردەوسی بەهەشت دڵخۆش‌و سەعادەتمەندی بکە. ئامین".

ئێستە بەندەش دەڵێم ئامین! خوایە! لە گوناهی بەندەو ئەو زاتەش خۆش ببە، کە نوری ئیمان لە نێو چاوی دەتکاو هەستی خۆشەویستیی‌و برایەتیی ئیسلامیی، لە تەعبیرو ڕوخساریدا دەچۆڕا.

ئەو پیاوە بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ مامۆستا نورسی بۆ گێڕاینەوە، گوتی: لە ساڵی (١٩٥٨ز)دا ڕۆژێکیان لەگەڵ مامۆستا نورسی بووم، هات بەدڵمدا کە دەعوەتی هەندێ کەس بکەم کە ببنە قوتابی ئەو، کەچی لە ناکاو پێی وتم: حەسەن! قوتابییەکانی من لە ئەزەلەوە دیاری کراون، کەسی تر بانگ مەکە. وتیشی: پاش ئەوە بە ماوەیەکی کەم‌و لە ساڵی (١٩٥٩ز)دا مامۆستا کەوتە خواحافیزی کردن لە قوتابییەکانی‌و بە پارێزگای

(ئیسبارتە)ی وت: لەوە دەچێ جارێکی تر نەگەڕێمەوە ئەم شارە. ئەوە بوو کە پاش ساڵێكو لە (١٩٦٠ز)دا ماڵئاوایی لێکردینو کۆچی دوایی کرد.

**٥ـ دیدار لەگەڵ مامۆستا (عەلی ئیحسان) قوتابی مامۆستا نورسی**

ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٤ز) دوای ئەوەی سەردانی گوندی (بارلا)مان کرد، ئەو گوندەی مامۆستا نورسی بۆ دوور خرابوویەوەو زۆربەی (پەیامەکانی نور)ی تێدا نووسییەوە. سەردانی گوندی (سنل کنت)مان کرد، کە سەر بە پارێزگای (ئەفیون)ە، چونکە بیستبوومان کە یەکێك لە قوتابییە زۆر نزیكو خۆشەویستەکانی نورسی لەوێیە، مامۆستا عەلی ئیحسان ئۆزیود، کە لە ساڵی (١٩٢٨ز) لەدایکبووە.[٢١١]

لە ماڵێکی ساکاری کۆنی نزمی خاکیدا چووینە خزمەتی، ماڵێك سەرمان نەوی دەکرد تا بتوانین بە دەرگاکانیدا بچینە ژورەوە. ژورێك کە سێ بە چوار مەتر کەمتر بوو، لەوە دەچوو لەگەڵ ساڵانی ڕیشە سپییەکەی مامۆستا عەلی ئیحسان تەمەنی کردبێ. بەڕاستی خاکییەتی ژیانیان نهێنی سەربەرزییانی بۆ دەردەخستین، دەری خست ئەو پیاوانە بۆ خەڵکی ژیاون، نەك بۆ خۆیان.

لە خزمەت ئەو پیاوەدا نزیکەی کاتژمێرێك ماینەوە، خۆمانمان پێناساند، خۆشحاڵیی دەربڕی، هەندێ لە یادگارییەکانی خۆی لەگەڵ مامۆستا بۆ گێڕاینەوە، لە بەشێك لەوانەدا وتی: "فەیسەڵ پادشای عیراق بوو، کاتێك جموجووڵ دژی پەیدا بوو، (دەورووبەری ساڵی (١٩٥٧ز بوو)، مامۆستا نورسی ناردمی بۆ ئەنقەرەو ڕایسپاردم کە سەردانی (استخبارات) بکەمو پێیان بڵێم کە: وا پێشبینی دەکەم فەیسەڵی پادشای عێراق

---

[٢١١] لە بەشی بەڵگەنامەو وێنەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە: (٣٦).

دەڕووخێت، چونکە عبدالکریم قاسم ناوێكو دەستوپێوەندەکەی، جموجوولّیان هەیە لە دژی". سەیر ئەوەیە کە (عەلی ئیحسان) دەڵێ: لەو کاتەدا وێنەی لاوێکم بینی لە بەشی (استخبارات) هەڵواسرابوو، کە ئەم (صەدام حسین)ەی عیراق بوو..! نەمزانی بۆچی هەڵواسراوە. (عەلی ئیحسان) لە درێژەی قسەکانیدا وتی: نورسی لەگەڵ (پەیماننامەی بەغداد) ٢١٢ بوو کە ناسراوە بە (حلف بغداد)، چونکە پێی وابوو کە هەنگاوێکی ئیجابیو گونجاوە بۆ یەکخستنەوەی هەڵوێستەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان دژی دوژمنانی داگیرکار.

هەروەها وتی: من گەنج بووم لە شاری (ئەمیرداغ) لای مامۆستا نورسی بووم، وەزیری (مەعاریف)ی پاکستان (عەلی ئەکبەر شاە) هاتە لایو زوبەیر مصطفی آجر ـ لە قوتابییەکانی ـ لە لای بوون. جارێك لە ناکاو بەو قوتابییانەی وت: ئەم کوڕە (مەبەستی بەندە بوو) لە خزمانی منە. من یەکسەر وتم: چۆن؟ من خەڵکی (ئیسبارتە)مو تۆ خەڵکی (نورس)یت،

---

٢١٢ پەیماننامەی بەغداد پەیماننامەیەکی سەردەمی جەنگی ساردە،ساڵی (١٩٥٥ز) لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە سەرپەرشتی بەریتانیا دژی شاڵاوی کۆمۆنیستیی دامەزرا، ئەمریکاش پشتیوانیی لێکرد. جگە لە بەریتانیا، تورکیاو عیراقو پاکستانو ئێران، تیایدا ئەندام بوون، بەڵام پاش (١٤)ی تەموزی (١٩٥٨ز)و ڕاگەیاندنی سیستمی کۆماریو کۆتایی دەسەڵاتی پادشایی، عیراق لەو هاوپەیمانێتییە کشایەوە. لەگەڵ شۆڕشی (١٩٧٩ز)ی ئێرانیش، هاوپەیمانییەتییەکە بە تەواویی هەڵوەشایەوە. لەوەیشەوە دەرئەکەوێت کە بۆچی مامۆستا نورسی لەگەڵ ئەو هاوپەیمانێتییە بووە. ◘

چۆن دەبینە خزم؟ وتی: بابە ئێمە لەوەش زیاتر؟، برای یەکترین. مەگەر خوا نافەرمویٚ: ﴿إنما المؤمنون إخوة﴾ الحجرات/١٠.

لە هەڵوێستێکی تردا (عەلی ئیحسان) وتی: دەسەڵاتی ئەو کاتە داوای کرد کە خۆیو قوتابییەکانی چەك هەڵگرن دژی دژە شۆڕشەکان. نورسی وتی: لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماندا، نابیٚ چەك هەڵگیریٚ دژی کەس، ئیسلام بەکارهێنانی چەك بۆ ناوخۆ قەدەغە دەکات دەبیٚ ڕیزەکانی ناوخۆی وڵات بپارێزرێن..

لەم سەردانەی مامۆستا ئیحسانو بەشێك لە یادگارییەکانی خۆیو مامۆستا نورسییەوە، کەوتینە بیری خوێندنەوەیەکی تازەی ماوەی ژیانی نورسی لە مەنفا، بە تایبەتی لە شاری (ئیسبارتە) و گوندی (بارلا) کە قسەی زۆر هەڵدەگرێت.

**٦ـ بینینی محەممەد سەعید ئۆزدەمیر**

ئەم بەڕێزەش یەکێکە لە قوتابییە خۆشەویستەکانی نورسی. ساڵی (١٩٩٦ز) لە شاری ئەنقەرە سەردانم کردو بەشێك لە بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ گێڕامەوە، منیش باسی کوردستانو خۆشەویستیمان بۆ مامۆستا نورسیو گرینگدانمان بە پەیامەکانی، بۆ باس کرد. بەڕێزی جەختی کردەوە لەسەر بابەتە ئیمانییەکانو برایەتی ئیسلامییو خەمە گەورەکانی نورسیو جیاوازیی نورسی، کە خەمی ئەو خەمی ئیمانو قیامەتی خەڵك بوو. بەڕێزیان ساڵی (٢٠١٦ز) کۆچی دوایی کرد.[٢١٣]

---

[٢١٣] لە بەشی بەڵگەنامەو وێنەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە: (٣٤)، بۆ بینینی وێنەی بەڕێزیان.

## ٧ـ مامۆستا ئەحمەد ئایتمور(١٩٢٤ــ٢٠١٦ز):


دوا قوتابی نورسی کە بەندە بینیومە، مامۆستا ئەحمەد ئایتمورە، کە بۆ ماوەی دە ساڵ خزمەتی مامۆستا سەعید نورسی کردووە. بەندە ساڵی (١٩٩٥ز) چاوم پێی کەوت، کەسایەتییەکی خاکیی خوێن شیرین بوو، دەتگوت تا ئێستەش لە کەنار نورسیدایە، بیرەوەرییەکانی بە تاسەوە دەگێڕایەوە، باسی هیممەتبەرزیی، خاکییەتی، قەناعەتو زوهد، خۆشڕەفتاریی مامۆستا نورسی بۆ کردین. بەڕێزی زۆر نزیك بووە لە مامۆستاکەی، بۆیە یەکێك لەو چەند کەسەی کە نورسی (الملاحق) ـ بەشی (ئەمیرداغ)دا ــ ناوی بردوون، (ئایتمور)ە، کە لە وەصیەتنامەکەیدا دایناوە بە یەکێك لە میراتگرەکانی خۆی. هەروەها ناوی ناوە: یەکێك لە بڵاوکارەکانی پەیامەکانی نور، چونکە لە ڕۆژە سەختەکاندا کاری سەرەکیی بووبووە بڵاوکردنەوەی پەیامەکان.

ئەویش ساڵی (٢٠١٦ز) لە تەمەنی (٩٤) ساڵیدا، لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردو بە ڕەحمەتی خوا چوو، وەك ڕێزنانێك لە خزمەتەکانی، لە نزیك گۆڕی صەحابی (أبو أیوب الأنصاري) لە ئەستەمبوڵ نێژرا.[٢١٤]

ئەم بەڕێزانەی باسم کردن، لە ناسراوترینو نزیکترینی قوتابییەکانی نورسی بوون، کۆمایەك بوون لە جوانییو خەمخۆرییو زیندوویەتییو ڕەوشتبەرزیی، هەرکامیانم دەدی وامدەزانی تەنها ئەوەیان بووەتە ئاوێنەی کەسایەتیی نورسی، بەڵام دووەمیانم دەبینی پێشووەکەی بیر دەبردمەوە، تا ڕادەیەکی زۆر لە بینینی ئەو پیاوانەوە لە نهێنی کاریزمایی مامۆستا نورسی تێگەیشتم، کە خۆی لە ئیخلاصو لێبڕانو خۆدوور خستنەوە لە (ئەنانیەت)دا دەبینێتەوە.

---

[٢١٤] لە بەشی بەڵگەنامەو وێنەکاندا، بڕوانە وێنەی ژمارە: (٣٥) بۆ بینینی وێنەی بەڕێزیان.


Bediüzzaman Said Nursi
1876 - 1960

# بەشی هەشتەم[215]

# زانای کوردی بەهرەمەند، بدیع الزمان نورسی

نووسینی: عبد الرقیب یوسف عبد الرقیب، ٢٠١٤/٥/١٣ز

وەرگێڕان‌و ڕێکخستنی:د.عمر عبد العزیز

**بڕگەکانی ئەم وتارە:**

- بەشداریی نورسی لە جەنگداو بەدیلگیرانی
- بەرهەمە نووسراوەکانی نورسی بە کوردیی.
- بدیع الزمان لە جەنگی ڕوسداو چوونی بۆ گوندی (زڤنگ) لە بۆتان
- چۆن بدیع الزمان لە ڕوسیا ڕای کرد؟
- بدیع الزمان‌و تاهیر پاشای والی شاری وان
- سەعیدی یەکەم‌و سەعیدی دووەم

---

٢١٥ سەرنج: ساڵی (٢٠١٩ز) مامۆستا (عبد الرقیب یوسف) چەند پارچە نووسراوێکی خۆی ـ دەربارەی نورسی، پێدام، کە لە کاتی جیاجیادا نووسیبوونی، بەشێکیان بە شێوەی کرمانجی خواروو، بەشێکیان بە عەرەبی‌و هەندێ بەشیشی بە شێوەی کرمانجی سەروو بوو، داوای لێکردم پیایاندا بچمەوەو عەرەبییەکان وەرگێڕم بۆ کوردی‌و ڕێکیان بخەمەوە. ئەم وتارە ئامادەکراوی ئەوەیە. (عمر عبد العزیز). ◘

**ناوی‌و له‌دایكبوونی‌و زێدی:**

بدیع الزمان[٢١٦] سه‌عید، كوڕی میرزا، ساڵی (١٢٩٣ك/ ١٨٧٦ز) له‌ گوندی (نورسیٚ)ی بچووك، له‌ ناوچه‌ی هیران ـ كه‌ كه‌وتووه‌ته‌ باشوری ده‌ریاچه‌ی وان ـ له‌دایك بووه‌.[٢١٧] به‌ منداڵیی بۆ ماوه‌ی دوو ساڵ شتێك له‌ زانسته‌كانی نه‌حوو صه‌رفی لای (عبد الكريم)ی برای، له‌ قوتابخانه‌ی (میر حه‌سه‌ن) له‌ شارۆچكه‌ی (موكس)، خوێندووه‌.[٢١٨]

---

٢١٦ تێبینی: ئه‌م وتاره‌م له‌ كۆتایی حه‌فتاكانی سه‌ده‌ی بیستدا نووسیوه‌، به‌ڵام بڵاوم نه‌كرده‌وه‌. پاشان به‌ خه‌تی خۆم چه‌ند زانیارییه‌كم له‌سه‌ر (بدیع الزمان) بۆ زیادكرد، كه‌ پێشتر بڵاو نه‌كرابوونه‌وه‌. نوسخه‌ی ئه‌م وتاره‌م دا به‌ چه‌ند كه‌سێك بۆ سوود لێوه‌رگرتن. له‌ بنه‌ڕه‌تدا وتاره‌كه‌م به‌ بۆنه‌ی ئه‌وه‌وه‌ نووسی كه‌ (محمد فياض)، له‌ (١٩٧٨/٩/٧ز) له‌ ڕۆژنامه‌ی (العراق) ده‌رباره‌ی منداڵێكی ئه‌فغانیی (جه‌لال كه‌ریم سه‌ید)، بابه‌تێكی بڵاو كرده‌وه‌، كه‌ له‌ (بدیع الزمان) ده‌چوو، چونكه‌ توانیبووی له‌ ته‌مه‌نی یازده‌ساڵیدا بڕوانامه‌ی دكتۆرا وه‌ربگرێت. لێره‌دا ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیی به‌ باسی (جه‌لال)ه‌وه‌ هه‌بوو، لام بردو باسه‌كه‌م ته‌رخان كرد به‌ (بدیع الزمان)ه‌وه‌، چونكه‌ له‌ بنه‌ڕه‌تدا مه‌به‌ست له‌ وتاره‌كه‌ی من ئه‌و بوو. (عبد الرقيب يوسف).◙

٢١٧ به‌نده‌ (عبد الرقيب) له‌ (١٩٧٧/٨/١٠ز) سه‌ردانی ئه‌و ده‌ریاچه‌یه‌م كرد.

٢١٨ ئه‌و خوێندنگه‌یه‌ له‌ كوردستان، له‌ په‌یمانگه‌كانی زانست بوو. به‌ درێژایی چه‌ند سه‌ده‌یه‌ك هاوشێوه‌ی خوێندنگه‌ی (سوور) له‌ مه‌هاباد (سابڵاخ)و خوێندنگه‌ی (شێخ الإسلام) له‌ سنه‌و خوێندنگه‌ی میراوده‌لی له‌ شاری جزیره‌و خوێندنگه‌ی (ته‌نزه‌) له‌ كێوه‌كانی بۆتان بووه‌. یه‌كێك له‌ مامۆستایانی خوێندنگه‌ی (موكس) ـ له‌ سه‌ره‌تاكانی سه‌ده‌ی حه‌ڤده‌دا ـ عه‌لی ته‌ره‌ماخیی بوو، كه‌ یه‌كه‌م كه‌س بوو ڕێزمانی كوردیی دانا. هه‌روه‌ها مه‌لا موحسینی ته‌ره‌ماخیی ئوشفكی، نووسه‌ری كتێبی (ته‌صریف)و كتێبی (ظروف) به‌ زمانی كوردیی، جگه‌ له‌وان هه‌ردوو شاعیر ◄

پاش ئەوە، سەعید کۆچی کردووە بۆ شاری (بایەزید)و لای مەلا (محەممەدی جەلالیی) دەستی کردووە بە خوێندن، عادەتیشی وابووە لە کەنار گڵکۆی بیرمەندی گەورەی کورد (ئەحمەدی خانی) بە وانەکانیدا چووەتەوەو لەبەری کردوون. لەو شوێنەدا بەهرەیەکی کتوپڕی نامۆی موعجیزەئاسا ڕووی داوە، کە عەقڵەکان تیایدا دۆش دامابوون، ئەویش ئەوە بووە کە (نورسی) سەیری هەر کتێبێکی دەکرد، یەکسەر تێیدەگەیشت، بۆیە لە ماوەی سێ مانگدا تەواوی ئەو پرۆگرامەی خوێندنی فەقێیەتی تەواو کرد، کە لە خوێندنگە شەرعییەکانی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێتو بە لای کەمەوە پازدە ساڵیان پێویستە. قورسیی ئەو پرۆگرامەو ئاستی، وەك تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی تا دکتۆرا وایە.

سەعیدی منداڵ لەو سێ مانگەدا لە هەر زانستێك چەند وانەیەکی دەخوێند، هەر کتێبێکیشی دەخوێندەوە، هەرچی زانیاریی تێدا بووایە، دەهاتنە بەری، چونکە زیهنێکی تیژو حافیزەیەکی بەهێزی هەبوو. بۆ نموونە لە ماوەی یەك هەفتەدا، کتێبی (جمع الجوامع)ی لەبەرکرد، کە کتێبێکی قەبارە گەورەی قورسە لە زانستی (أصول الفقه)داو لە سەدان لاپەڕە پێکهاتووەو نزیکەی ساڵێکی دەوێ تا بە تەواویی بخوێنرێت، بە مەرجێك سەعیدی نورسی ڕۆژانە تەنها دوو سەعات خەریکی ئەو کتێبە دەبوو، بەڵام کە بە خێرایی هەرچی دەخوێندەوە، بابەتەکە دەهاتە بەریو لە زاکیرەیدا دەمایەوە.

---

▶ فەقێ تەیرانو ئاغائوکی بێداریی، لەوێ خوێندوویانەو ژمارەیەکی تری زۆر زانای بەڕێز هەر لەوێ خوێندنیان تەواو کردووە. (عبد الرقیب یوسف).◘

لەو سێ مانگەدا چەند زانستێکی تەواو کرد، لەوانە: فیقھ، تەفسیر، مەنتیقو گفتوگۆو مونازەرە، زانستی کەلام، بەلاغەو ڕەوانبێژیی، أصول الفقەو حیکمەت (فەلسەفە).. ئەو چوار زانستەی دوایی، قووڵو وردنو زۆر زەحمەتنو زۆربەی کتێبەکانی ئەو زانستە قەتوورو خەت وردن، بە جۆرێك کە لە خوێندنی باڵای ئەمڕۆدا، لەو جۆرە کتێبانە ناخوێندرێن.

نورسی زانستەکانی نەحو و صەرف لە دوو ساڵدا تەواو کرد، پاشان بە هەوڵی خۆی، بەبێ ئەوەی لای کەس بیانخوێنێ، زانستەکانی بیرکارییو فیزیاو گەردووونناسیو جوگرافیاش فێربوو. بەمەدا دەردەکەوێت کە ئەو منداڵە کوردە بەھرەمەندە، خوێندنی پازدە ساڵی بە دوو ساڵو سێ مانگ ـ یانی تەنھا (٢٧) مانگ ـ بڕیوە، لە کاتێکدا منداڵێکی ئەفغانیی هەڵکەوتوو، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی، بە هەژدە مانگ خوێندو دکتۆراکەی دوو ساڵ یان زیاتری پێ چوو، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەھرەی ئەم منداڵە کوردە، بەهێزترو تیژو وردتر بووە.

بەم جۆرە هەواڵی بەھرەی ئەم منداڵە (سەعید) بڵاو بووەوە، خەریك بوو خەڵکی ـ بە تایبەت زانایان ـ بڕوا نەکەن. پاش ماوەیەك کەنارەگیرییو پشوودان، سەعید دەستی کرد بە گەڕان بە شارو ناوچە کوردییەکاندا، زانا شارەزاکان لە زۆربەی زانستەکاندا لە شاری بتلیسو سعرتو غەیری ئەوان، تاقیان کردەوەو کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵی، ئەویش وەڵامی تێرو پڕی دەدانەوە. بۆ نموونە: گەورە زانای بتلیس (فتح الله) وەرقانسی (١٣١٧ك/ ١٩٠٠ز) نەیتوانی بۆڕی ئەو منداڵە بدات، بۆیە چەندین قسەی ئەفسانەیی لەسەری هەڵبەسترا. لەو شتانە کە دەوتران: گوایە (خزر)ی زیندەی بینیوەو دەرسێکی پێی وتووە، بۆیە ئاشنا بووە بە هەرچی زانستە. بە کورتی لە کاتی ئەو گفتوگۆو مونازەرە زانستییانەدا،

ناوبانگی به (مەلا سەعیدی مەشهور) دەرکرد، له کاتێکدا که تەمەنی نەگەیشتبووە پازده ساڵو باڵغ نەبووبوو. پاش ماوەیەك لەسەر بانگهێشتی والی (پارێزگا)ی (وان)، مەلا سەعید چووە ئەو شارە کوردییەو ماوەی (١٥) ساڵ لەوێ مایەوەو له قوتابخانەی (خوڕخوڕە) وانەی گوتەوە.

نورسی له مانگی ئازاری (١٩٠٩ز)دا، وتارێکی دژی کۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەققی) بڵاوکردەوە، لەسەر ئەوە دەستگیر کراو درایە دادگای عورفیو زیندان کرا، ئەویش داکۆکییەکانی له خۆی، له کتێبی (بەڵگەنامەی قوتابخانەی مەصائب) و (دیوانی ئەحکامی عورفی)دا بڵاوکردەوە. پاش ئازادبوونی گەڕایەوە بۆ شاری وانو دەستی کردە سەردانی هۆزە کوردییەکانو قسەی بۆ دەکردن، که وەڵامی پرسیارەکانیانی له کتێبی (وەڵامی پرسیارەکاندا) تۆمار کردووە.

**پرۆژەی زانکۆی زەهرا:**

پاش ماوەیەك بڕیاری کردنەوەی زانکۆیەکی دا، به ناوی (زانکۆی زەهرا)، که لقی له (بتلیس)و (دیاربەکر) هەبێو تەواوی زانستە هاوچەرخەکانی تێدا بخوێنرێ، وەك بیرکارییو فیزیاو کیمیاو گەردووناسی، هاوکات لەگەڵ زانستە ئاینییەکان. نورسی ئەیوت: زانکۆی (ئەزهەر) له ئەفەریقیا هەیە، ئەبێ زانکۆی (زەهرا)ش له ڕۆژهەڵات هەبێت، تاکو قوتابییە عەرەبو ئێرانییو قەفقاسیو هیندییەکان، ڕووی تێبکەن. بۆ ئەم مەبەستە سەفەرێکی کرد بۆ ئەستەمبوڵ، حکومەتی عوسمانیی ڕەزامەندیی لەسەر پێشنیارو داواکەی نورسی دەربڕیو به (٢٠) هەزار لیرەی ئەو کاتە، هاوکاریی کردو له شاری وان دەستی کرد به دروستکردنی زانکۆکە، بەڵام به هۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە پڕۆژەکە وەستا.

## ناوبانگی نورسی لە ئەستەمبوڵ:

کاتێك نورسی لە ئەستەمبوڵ بوو، کەسێك بەم جۆرە وەصفی دەکات: "زیرەکییەکی بێ وێنە، لە نێوان تاشە بەردەکانی ڕۆژهەڵات (واتە کوردستان) سەری هەڵداوە. ئێستە لە ئاسۆی ئەستەمبوڵەوە دەرکەوتووە. لەسەر ئەو خانووەش کە نورسی تێدا بوو نووسیبووی: "لەم خانووەدا هەموو گرفتێك چارەسەر دەکرێ‌و وەڵامی هەموو پرسیارێك دەدرێتەوە".

شایانی باسە لەو کاتەدا کە لە ئەستەمبوڵ بوو، شێخی ئەو کاتەی ئەزهەر (محەممەد بەخیت)، سەردانی کرد. کاتێك هەستی کرد وەڵامی پرسیارەکانی بە وردیی دەداتەوە، وتی: "ئەم لاوە هاوشێوەی نیە".

## بەشداریی نورسی لە جەنگداو بەدیلگیرانی:

کاتێك جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، (بدیع الزمان) سێ هەزار کەس لە قوتابییەکانی ئامادەی بەرەکانی جەنگ کردو ئازایەتییەکی کەموێنەی نواند. لە کاتی گرتنی شاری بتلیس لە لایەن هێزەکانی ڕووسیاوە، (نورسی)و چەند هاوەڵێکی بەدیل گیران، لەبەر ئەوەی خۆی بریندار بوو بوو، لە ژێر پردی (گوك مەیدان) نزیك قوتابخانەی مێژوونووس (شەرەفخانی بتلیسی)، لە ناو شاری (بتلیس)، نورسی لەگەڵ دیلەکان، ڕاپێچ کرا بۆ ناوچەی (کۆسترمە) لە (سیبریا)و دوو ساڵ بە دیلیی مایەوە، بەڵام توانی دەرباز ببێ‌و لە ڕێی ئەڵمانیاوە هەڵبێت بەرەو ئەستەمبوڵ، کە خەڵکی ئەم کارەیان بە کەرامەت‌و شتێکی نامۆ لە قەڵەم دا.

نورسی ماوەیەك لە ئەستەمبوڵ مایەوەو لە دەزگای (دار الحكمة) وانەی دەگوتەوە، خۆی ئەو ماوەیەی ناونابوو: خۆشترین ساتەکانی ژیانم.

**دامەزرانی (بدیع الزمان) لە (دار الحكمة)ی ئەستەمبوڵ:**

لە (٢٣)ی شەوالی (١٣٣٦ك)، بەرامبەر (٤)ی ئۆگستی (١٣٣٤ڕۆمی)، (٥)ی ئابی (١٩١٨ز)، بدیع الزمانو چەند کەسێکی تر بە ئەندامی (دار الحكمة) دامەزران. ئەم فەرمانە بە واژووی (شیخ الإسلام موسی كاظم) دەرچوو، لە سەرووشیەوە واژووی سوڵتان (محمد وحید الدین)ی لەسەر بوو.[٢١٩] ئەندامەکانی تر بریتی بوون لە: حوسەین عەونی: وانەبێژی زانستی کەلام لە قوتابخانەی (سولەیمانیە)، مامۆستای تەفسیر: جەودەت برغمەلی، شەوکەتی: وانەبێژی دەروونناسیو ڕەوشت، حەمدی: وانەبێژی زانستی لۆژیك (منطق).. ئەمانە لە وانەبێژانی شاری ئەستەمبوڵ بوون، هەروەها شێخ بەشیر: نێردراوی حەڵەب، شێخ بدرالدین: لە زانایانی شام (دیمەشق)، ئیبراهیم حەیدەریی: نێردراوی سەنەدانی خاقانی شەرعیی (کە کەسێکی کوردی هەولێر بوو، دواتر بووە (شیخ الإسلام)، لە دەوڵەتی عوسمانیدا)، هەروەها ئەندامانی تر: مستەفا تەوفیق، موفتی ئەماسیا، محەممەد عاکف، سەرۆکی نوسەرانو وانەبێژی ئەدەبیاتی تورکیی..[٢٢٠]

---

٢١٩ لە پاشکۆی بەڵگەنامەو وێنەکاندا بڕوانە وێنەی ژمارە: (٣٧)، کە کۆپی فەرمانی سوڵتانییە، بە واژۆی (شیخ الإسلام موسی كاظم) دەرچووە، لە سەرووشیەوە واژوی سوڵتان (محمد وحید الدین)ی لەسەرە. (عمر عبد العزيز). ◘

٢٢٠ مەلا ئەحمەد یوسفی برام، ئەم بەڵگەنامەیەی بۆ کێشاوم، لە کتێبی: (soll Devir osmanli ulemasi) (بەرگی ٤، لا: ٤٥٢، ١٩٩٦ز)، دانراوی: صادق ئالبەیرق، بە زمانی تورکی، چاپی ئەستەمبوڵ، بە مانای: زانایانی سەردەمی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی. لە لاپەڕە (٢٧١)ی ئەو کتێبەدا هاتووەو لە (عەریزەی بدیع الزمان) وەرگیراوە، کە میرزا باوکییەتیو (نوریە) دایکی، ◄

**تێبینی:** وا دیارە لە مێژووی گەیشتنی بدیع الزمان بە ئەستەمبوڵ، هەڵەیەك هەبێت لە لایەن ئەوانەی وەریانگرتبێ، کە منیش یەکێکم لەوانە، چونکە مرۆڤ بە دوور دەزانێ ڕۆژی پاش گەیشتنی بە ئەستەمبوڵ، یەکسەر کرابێتە ئەندامی ئەو دەزگا گەورەیەی زانستی (دار الحکمة).

**نورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا:**

کاتێك حکومەت نورسی بانگ کرد بۆ ئەنقەرەو مستەفا کەمال (ئەتاتورك) لە پەرلەمان پێشوازیی لێکرد، نورسی پەنجەی ڕاکێشا بۆ لای چاوی ئەتاتورکو موناقەشەیەك لە نێوانیاندا ڕووی دا. نورسی داوای لە (ئەنجومەنی نوێنەران) کرد کە ڕەزامەندیی دەربڕن لەسەر کردنەوەی زانکۆیەك لە شاری (وان). هەندێك لە پەرلەمانتاران ناڕازیی بوونو دانیشتنەکەیان بەجێهێشت، هەندێکیش ڕازی بوونو بڕی (١٥٠) هەزار لیرەی ئەو کاتەیان تەرخان کرد بۆ ئەو پرۆژەیە. بەڵام حکومەت

---

▶ خەڵکی دێی (نورسی)یە سەر بە ئیسپایردی قەزای هیزانی ویلایەتی بدلیس، ساڵی (١٢٩٣ك/١٧٨٦ز) لەدایکبووە، ماوەی پازدە ساڵ لە شاری (وان) خوێندوویەتی، بەشداری لە جەنگی جیهانی یەکەم کردووەو پلەی ئامر لیوا بووە، لە لایەن سوپای ڕووسەوە بە دیل گیراوەو پاش ماوەیەك لە دیلیی دەرباز بووەو لە (١٣٣٤/٨/٤ ڕومی، ١٩١٨/٨/٤ز) گەیشتووەتەوە ئەستەمبوڵ. ئەم بەڵگەنامەیەم دا بە مامۆستا هیلال ناجی، ئەویش لە ژیاننامەی بدیع الزمان بڵاوی کردەوە، منیش کۆپییەکی ئەم وتارەم پێ دا، تا سوودی لێ وەربگرێ بۆ کتێبێکی کە تایبەتە بە ژیاننامەی ژمارەیەك لە زانایانی کورد. ئەمە لە ساڵی (٢٠٠٥) یان (٢٠٠٦ز) بوو، لە ڕاستیدا زۆر کەسی تر سوودیان لەم وتارەمان وەرگرتووە. (عبد الرقیب یوسف).◙

پرۆژەکەی جێبەجێ نەکردو حەزی لەوە نەبوو کە زانکۆیەك لە کوردستان بکرێتەوەو ئەوەی بە پرۆژەیەکی سیاسی دانا.

کە سەعید نورسی گەڕایەوە بۆ شاری وان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچوو، نورسیش لە پەرستگایەکی کۆندا لە کێوی (ئەراك) ـ کە زۆر بەرزەو دەکەوێتە پشتی شاری وانەوە ـ خۆی شاردەوە. لەو کاتەدا (شێخ یاسینی وانی) ـ کە قوتابی نورسی بوو ـ بە نهێنیی خۆراکی بۆ دەبردو لەو سەریشەوە هەندێ بابەتی نورسی بە نوسراوی دەهێنایەوە بۆ قوتابییەکانی، هەروەك شێخ یاسین خۆی قسەی بۆ کردم.

مامۆستا نورسی دەیویست بچێت بۆ ئێران، بەڵام ڕۆژێك هێزەکانی حکومەت ئابلۆقەی پەرستگاکەیان داو مامۆستا (نورسی)یان دەستگیر کرد، ئیتر نەگەڕایەوە بۆ نیشتیمانەکەیو چل ساڵی لە (ئەنادۆڵ)داو لە ناو زیندانو ئاوارەییو مەنفادا بەسەر بردو دەیان جار خۆیو شوێنکەوتەوانی لە قوتابیانی نور، دادگایی کران، بۆ نموونە لە ماوەی دە ساڵدا پەلکێش کرا بۆ (٤٧) دادگا!، لە ساڵی (١٩٥٠) تا (١٩٦٠ن)، بە مەرجێك تەمەنی لە نێوان (٧٣) بۆ (٨٣) ساڵدا بوو.

مامۆستا نورسی ڕووداوەکانی دادگاکانی ئەسکی شەهرو ئەفیونو دینزلی لە کتێبی (مدافعاتی) ـ کە زیاتر لە (٥٠٠) لاپەڕەیە ـ تۆمار کردووە.

یەکێك لە ئاکارە بەرچاوەکانی مامۆستا نورسی ـ کە تا کۆتایی تەمەنی، زاهیدانەو بە ڕەبەنیی ژیا ـ ئازایەتیی بوو، بە پلەی یەکەم ئەفسەری ڕووسی (نیکۆلۆفیچ) لە کاتی بەسەرکردنەوەی دیلەکاندا لە (سیبریا)، حوکمی کوشتنی بە لەسێدارەدان بۆ نورسی دەرکرد، چونکە کاتێك لێی نزیك بوەوە، لەبەری هەڵنەستا، بەڵام ئەو ئەفسەرە کاتێك لە ئازایەتییو بوێریی نورسی دڵنیابووەوە، بڕیاری لێبوردنی بۆ دەرکرد.

ئەو زانا بەهرەدارە، لە گەرمەی لاوییەتیدا، لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی سیاسی کوردیدا کاری دەکرد، دەشوترێت کە لە شاری ئەستەمبوڵ ڕێکخراوێکی کوردیی دامەزراندووە، ساڵی (١٩٧٧ز) بیستم کە (زنار سلوبی) لە سەر ژیانی سیاسی (بدیع الزمان) کتێبێك دەنووسێت.

لە ڕاستیدا ئەو بەڵاو ناڕەحەتییانەی بەسەر نورسیدا هاتن، لێهاتنەکانی خنکاندو وایلێکرد کە بەرەو ئاڕاستەیەکی تەواو ئاینیی بچێت، لە کاتێکدا پێشتر ـ وەك خۆی لە چەند کتێبێکدا باسی دەکرد ـ سەرگەرمی بابەتی فەلسەفە بوو، دەیویست لە ڕێی فەلسەفەوە ڕاستی ببینێتەوە، بۆیە زۆر سەرسام بوو بە بۆچوونەکانی (ئیبن خەلدون) دەربارەی کۆمەڵگەی مرۆییو زۆرجار لە شاری وان کتێبی (المقدمة)ی لای دەستیدا دادەنا، هەروەك (عبد المطلب گۆران دەشتی) ـ کە قوتابی ئەو بوو ـ لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا قسەی بۆ کردم.

**بەرهەمە نووسراوەکانی نورسی:**

نورسی زیاتر لە (١٥٠) کتێبی لە نێوان قەبارەی گەورەو بچووکدا نووسیبوون، کە زنجیرەی (پەیامەکانی نور) بەشێکن لەوانەو لە (١٣٠) نامیلکە پێکدێن. کاتێك دوور خرایەوە بۆ ئەنادۆڵ، دەیان هەزار کەس ـ دوای ئەوەی ئاشنابوون بە نووسراوەکانی ـ بوونە شوێنکەوتەی. ئەو شوێنکەوتووانەی نورسی پێیان دەڵێن: قوتابییانی نور، یان نورچییەکان، کە ئێستا بە چەندین ملیۆن کەس دەخەملێنرێنو بە حزبێك لە حزبە سەرەکییەکانی تورکیا ئەژمار دەکرێن.[٢٢١]

---

٢٢١ لە ڕاستیدا (نورییەکان) چەند باڵێکنو تا ئێستە حزبیان نیەو زیاتر وەك ڕەوتێکی ئیسلامیی پەروەردەییو میانەڕەو ناسراون، کار لەسەر پەروەردەی تاکو کۆمەڵگە دەکەن، بەڵام لە هەڵبژاردەکاندا کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکان هەیە، ◄

(بديع الزمان) تەفسیرە بە نرخەكەی بە ناوی (إشارات الإعجاز) بە زمانی كوردیی نووسیوە، كە لە ئەوراقی قوتابییە ناسراوەكەیدا (حەمزە) پارێزراوە، پاشان بە عەرەبی نووسیویەتەوە. نورسی لەسەر كتێبەكە نووسیویەتی: لە كاتی شەڕدا نووسیومەو لەسەر پشتی ئەسپ، هەمووشی لەبەر نووسیوەتەوە، (واتە بەبێ بەكارهێنانی سەرچاوە).

**نووسینی چەند كتێبێك بە زمانی كوردیی:**

كاتێك لە زۆزان فەراشینی بەناوبانگ بووە، لە چیای (ئاشیت) ـ كە دەكەوێتە هەكاری ـ كتێبی (رچتـة العوام) و (رچتـة العلماء)و (الصيقل الاسلامی)، یان (محاكمات بديعيه)ی بە زمانی كوردیی نووسیوە،[٢٢٢] پاشان كردوونی بە توركی. كاتێكیش لە دیمەشق بووە، وەریگێڕاون بۆ عەرەبی، هەر لەوێ وتارێكی بەناوبانگیشی لە مزگەوتی ئومەوی داوە، كە دواتر ناونراوە (الخطبة الشامية). هەروەها نامیلكەی (جەبرو مقابلە)شی بە زمانی كوردی نووسیوە.

نورسی لە ساڵی (١٩٦٠ز) لە شاری (ئورفە) كۆچی دوایی كرد، كاتێك كە بە نەخۆشییو بە نهێنیی سەردانی ئەو شارەی كردبوو. پاش ماوەیەك دەسەڵاتداران گۆڕەكەیان هەڵدایەوەو جەستەكەیان دەرهێناو بە

---

◀ بۆیە لەم خولانەی دواییدا زۆربەی باڵەكانیان لەگەڵ پارتی (دادو گەشەپێدان ڕێككەوتنو داوایان لە دۆستو لایەنگرانیان كرد كە دەنگ بەوان بدەن. (عمر عبد العزيز) ◙

٢٢٢ ئەم زانیارییانەم لە هیچ سەرچاوەیەكی تردا بۆ ڕاست نەكرایەوە، جگە لە باسی كتێبی (رچتــة العوام)، كە مامۆستا نورسی لە پێشەكی خودی كتێبەكەدا ئاماژەی بۆ دەكاتو لەم كتێبەدا باسێكی تایبەتم بۆ تەرخان كرد. (عمر عبدالعزيز). ◙

فرۆكه ناردیان بۆ شاری (ئەفیون)و له شوێنێكی نادیاردا ناشتیان، تاكو خه‌ڵكی سه‌ردانی گۆڕه‌كه‌ی نه‌كه‌ن.[٢٢٣]

---

٢٢٣ سه‌رنج: ئه‌م پوخته‌یه له ژیاننامه‌ی نورسی، له‌م سه‌رچاوانه وه‌رگیراوه:
١/ ناميلكه‌يه‌كى بچوك، كه چه‌ند قوتابييه‌كى پێش (٢٠) ساڵ له ژيانى خۆى، نووسيويانه.
٢/ كتێبی (سيرة إمام مجدد، قبسات من حياة الإمام العلامة بديع الزمان النورسي)، نووسینی (عاصم الحسيني)، ده‌زگای (خدمات طباعية)، بيروت (١٩٧٤ز).
٣/ هه‌ندێ زانیاریی شه‌خصیم له دوو كه‌س وه‌رگرتووه، كه له قوتابخانه‌ی (بديع الزمان) له شاری وان ـ (قوتابخانه‌ی نورسین) ـ خوێندوویانه، كه تا ئێستاش ئه‌و قوتابخانه‌یه ماوه‌و چه‌ندین جار سه‌ردانم كردووه. ئه‌و دوو كه‌سه‌ش بریتین له: شێخ یاسین، دانیشتووی شاری وان‌و (عبد المطلب) له نه‌وه‌ی شێخ (محمد الطيار)، له گوندی (گوران ده‌شت) له‌سه‌ر ڕێی (وان ـ شاری شاخه هه‌كاریا).
٤/ هه‌روه‌ها چه‌ند زانیارییه‌كیشم له شوێنكه‌وتووانی بديع الزمان وه‌رگرتووه، له‌وانه زانای گه‌وره مه‌لا (صدر الدين)، له گوندی (نورشین)ی سه‌هل موس، كه زیاد له جارێك به نهێنیی سه‌ردانی بديع الزمانی كردووه، كاتێ له شوێنی دوورخرانه‌وه‌ی بووه، هه‌ر ئه‌ویش بوو ڕۆژی (١٣) یان (١٤)ی ئابی (١٩٧٧ز) ئاگاداری كردمه‌وه كه نورسی كتێبی (رچـتة العوام)و (الجبر والمقابلة)ی به زمانی كوردیی نووسیوه. ئه‌م زانایه (صدرالدين) به ڕه‌هایی له به‌ناوبانگترین زانایانی باكوری كوردستان بوو. ئه‌و پێی وتم كه نورسی له هاوینه‌هه‌واری فه‌راشین‌و كێوی ئاشیت ـ كه هاوینان له‌گه‌ڵ قوتابییه‌كانیدا بۆ گه‌شت ئه‌چوونه ئه‌وێ ـ ئه‌و كتێبانه‌ی نووسیون، هاوكات په‌یوه‌ندیشی ئه‌كرد به ئاغاوات‌و كه‌سایه‌تییه‌كانی هه‌كارییه‌وه‌و هۆشیاری ئه‌دا پێیان ده‌رباره‌ی دۆزی كورد. ئه‌م كاره‌شی بۆ ئه‌وه بوو كه خۆی له چاوی سیخوڕانی ده‌وڵه‌ت بشارێته‌وه.
٥/ هه‌روه‌ها هه‌ندێ زانیاری تریشم له چه‌ند كه‌سایه‌تییه‌كی تره‌وه وه‌رگرتووه.
(عبد الرقيب يوسف). ◘

**بدیع الزمان لە جەنگی ڕووسداو هاتنی بۆ دێکەمان:**

لە (٢٠١٠/١٢/٤ز) مەلا عومەری ئەحمەدی مەحمودی (زڤناگا حاجی عالیان)م دیت، لە ماڵی مەلا ئەحمەدی برامو بە شریتی کاسێت دیدارم لەگەڵی تۆمار کرد. مەلا عومەر ڕۆشنبیرەو لەسەر کوردایەتی لە لایەن تورکیاوە گیراوەو زۆر ئەشکەنجە دراوە، خەڵکی گوندی (زڤنگا حاجی عالیان)ە لە بۆتان. مەوالیدی (١٩٦٤ز)و مرۆڤێکی زیرەكو بیرتیژە، لە زووەوە زانیبووم بدیع الزمان سەعیدی نورسی هاتییە (زفنگ)یٚ، کاتێك چووە لای مستەفا پاشا میری سەرۆکی عەشیرەتی میران، نیوەڕۆ بوویە میوانی ماڵی حاجی ڕەحیم، مەلا عوض و مەلا ئەحمەد وتیان: تۆ بە هەڵە چووی، بەڵکو چووە ماڵی حاجی عەلی، کە دەوڵەمەندترین ماڵی (زڤنگ) بووەو نیوەڕۆ لەویٚ نانی خواردووە، کە دۆشاوی تریٚو مرەبای هەنجیر (هەنجیر لە نێو دوشاو)دا، لەگەڵ دەو (دۆ). بدیع الزمان وتوویەتی: ئەمە مورەببای نەڤنگی یەو زۆر خۆشە.[٢٢٤]

بدیع الزمان پاش نانخواردن بەرەو شاری جزیرە چوو. مەلا عومەر وتی: باپیرم لە دایکەوە حاجی یوسفی قوپیٚ زڤنگی، لەگەڵ (٢٠-٣٠) کەس لە خەڵکی زڤنگ، بە خۆبەخش، چوون بۆ شەڕی ڕووس لە جەنگی یەکەمی جیهانیداو چوون بۆ نزیکی بتلیسو گەیشتنە بدیع الزمانو هێزەکەی، کە هەندیٚ عالمو هەندیٚ ئاغا لەگەڵ بدیع الزمان بوون. بدیع الزمان ڕەئی کۆمەڵێك لەو خەڵکەی وەرگرت، چۆن شەڕ بکەن؟ یەك یەكو

---

٢٢٤ زڤنگی هەنجیر لە نێو دۆشاودا (لکولێن و تێخن نێو (گوزە–کوپە)ی گەورەدا، تەنیا ئەمە لە زڤنگو هەندیٚ گوندی نزیکی ئەو هەیە، وەك خورسیٚو مەڵبەندی ئەم مورەبایە (هێژیٚ نێڤ دۆ) زڤنگە. ریچال ژی هەیە کە (هرمیٚ لە نێڤ دۆشاودایە) مستەفا پاشا لە سەرۆکەکانی سوارەکانی حەمیدی بوو. (عبد الرقیب یوسف). ◙

بە تەنیا ڕەئی وەرگرتن، هەتا کەس بە ڕەئی ئەوی دیکە نەزانیٚو هەمان ڕەئی بێژیٚ. بدیع الزمان بە منی گوت: تۆ خەڵکی کوێی؟ وتم: خەڵکی زڤنگیٚ مە. گوتی: بە چ شێوەیەك شەڕ بکەین؟ وتم: ڕۆنی مەڕ لە خەڵکی گوندەکان بستێنە، لەگەڵ بەڕەو جلوبەرگی کۆنو شتی وەها، ڕۆنەکە دەکولێنینو ئەو ڕاخەرو شتانەی پیٚ چەور دەکەینو لە بەردی گەورەی دەپێچینو لە شەوێکی تاریکدا ئاگریان تێبەرئەدەینو بەسەر لەشکری ڕووسدا گلێریان دەکەینەوە، بەوە ئەترسنو ڕائەکەن. بدیع الزمان ئەم قسەیەمی پەسەند کردو ڕۆنو ڕێخەرو جلوبەرگی کۆنمان لەو گوندانە کۆکردەوەو ئاگادارمان کردن کە نیازمان چیە، تا نەڵێن زوڵممان لیٚ دەکەن.

بدیع الزمان ئەمری کرد لە هەردوو تەنیشتی گەلی بتلیس لە نێوان بتلیسو (بەریٚ زەر، بەری کون) واتە لە خوارووی شاری بتلیس، ئەو خەڵکەی بۆ شەڕ هاتبوون، ڕێخەرو جلو بەرگی کۆنیان لە بەردەکان پێچاو ڕۆنیان پێدا کردن، هەرکاتیٚ دیتیان بدیع الزمان ئاگری پێوە کرد ـ ئیشارەتی ئەم پلانە بووـ ئەوانیش ئاگریان لە بەردەکان بەرداو بەسەر لەشکری ڕووسدا گلێریان کردنەوە. حاجی یوسف وتی: جێگەی ئێمە بڵند بوو، جێگەی ڕووس نزم بوو، ئیتر لە هەردوو تەنیشتی گەلی، نیوەی شەو، بەردە ئاگرەکانمان بەسەر ڕووسدا گلێر کردنەوە، قێڕ کەوتە نێوانیانو ترسانو هەندێکیان ڕایان کردو هەندێك ئەسیر کران، چەكو تەقەمەنیشیان کەوتە دەستمان.

پاش ئەم سەرکەوتنە بە (بدیع الزمان)مان وت: با لە شەڕدا پەلە نەکەین، بەڵام بدیع الزمان وتی: صەبرم نەماوە، لە خانوویەکدا نۆ کوژراوم بینیوە، کە لە لایەن ڕووسەوە کوژراون، ئیتر پەلەی لە شەڕدا

کردو هێرشی بردە سەر ڕووس‌و ئەسیر کرا، (حەمێ ڕمێ)ش ـ کە خەڵکی زڤنگ بوو ـ لەگەڵ بدیع الزمان ئەسیر کرا.[٢٢٥]

## چۆن بدیع الزمان لە ڕوسیا ڕای کرد؟

بدیع الزمان لە شەڕەکانی ناوچەی بتلیس، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، دەوری (١٧٠٠) ئەرمەنی بە ژن‌و منداڵەوە ئازاد کرد، کە لە لایەن سەربازانی دەوڵەتی تورکیاوە گیرابوون‌و نیازیان بوو بیانکوژن. بەڵام (بدیع الزمان) توانیبووی لەدەستیان قوتاریان بکاو بەڕەڵایان بکات،

---

٢٢٥ ئەم پیاوە زۆر ژیاوە، لە (١٩٨٧ز) لە باتمان وەفاتی کرد، حەوت جار چوو بوو بۆ حەج، مرۆڤێکی زۆر زیرەك‌و ئاقڵمەند بوو)، بەڵام حاجی یوسف ئەسیر نەبوو، حەمێ ڕمێ کە لەگەڵ بدیع الزمان‌و ئەسیرەکانی دیکە بران بۆ ڕوسیا، پاشان کە لە دیلیی بەرەڵا کراو گەڕایەوە بۆ زڤنك، باسی کردبوو کە (بدیع الزمان) لە دیلیدا تەفسیری قورئانی تەئلیف کردبوو و باسی ئەوەی کردبوو کە لەبەر فەرماندەیەکی ڕووس هەڵنەستابوو، وەك نوسراوە (حەمێ ڕمێ) توانیویەتی دوو حەرەسی ڕووسەکان بەشەو بکوژێ‌و لەگەڵ کۆمەڵێ ئەسیر ڕا بکاو قوتار ببن‌و جل‌وبەرگی یەکێکیانی لەبەر کردبوو، تا لەڕێدا نەناسرێتەوە. حەمێ کە هاتەوە زڤنگێ کڵاوێکی ئەورووپی گەورەی لەسەر نابوو، نەدەناسرایەوە، چووبووە بەردەمی خانوویەك شایی تێدا بوو، کە پرسیبووی، زانیبووی ئەوە شایی ژنەکەیەتی‌و شووی کردووە، ئیتر خۆی بە خەڵکەکە ناساندبووەوەو خەڵکەکەش عوزریان بۆ هێنابووەوەو پێیان وتبوو: پاش بێ سەروشوێنبوونی مێرد بۆ ماوەیەکی زۆر، ژن دەتوانێت مێرد بکات، ئیتر شایی بەتاڵ بوو بوو و (حەمێ ڕمێ) بە ژنەکەی شادبووبووەوە.

من (عبد الرقیب) حەمێ ڕمێ (محمد رمضان)م دیوە، کاتێ بچووك بووم، هەروەها حاجی یوسفیشم دیوە. شایەنی باسە (بەرێ زەر ـ بەری کون) لە خوارووی شاری بتلیس، وەك تونێلێکی بچووك، لە شاخ کون کرابوو و ڕێگای گشتی لەو کونەوە دەچوو. من خۆم بە ئوتومبێل لەو کونەوە هاتووچۆم کردووە، ڕووس تا ئەم شوێنە هاتو لەولاتر نەهات، مخابن حکومەتی تورکی بەری زەری نەشکاندووە. (عبد الرقیب یوسف). ◙

پاشان کە خۆی ئەسیر کرا، هەندێ لەو ئەرمەنییانە (بدیع الزمان)یان ناسیبووەو بە ڕووسەکانیان ناساندبوو، ئەوانیش زۆر ڕێزیان لێ گرتبوو، ڕێگەیان بۆ خۆش کردبوو ڕابکات، یان هەر بەرەڵایان کردبوو، وەك من لە هەر دوو برای خۆم (مەلا ئەحمەدو محمد واثق)م بیستووە.

**بدیع الزمانو تاهیر پاشای والی شاری وان:**

لە (٢٩/٤/٢٠١٠ز)، هاوڕێی خۆم مەلا صالح شاهین عبد العزیز، لە دانیشتووانی گوندی (بوبکرای) نزیك شارۆچکەی (دهێ)ی بۆتان ـ کە لە شاری وان دادەنیشێ ـ بۆی گێڕامەوە، وتی :"لە نێوان بدیع الزمانو تاهیر پاشادا دۆستایەتییەکی بەتین هەبوو، سەعید نورسی زۆر خۆشدەویست. ڕۆژێك بە نورسی وت: من کچێکی جوانم هەیە، خەڵکانێکی زۆر لە پیاوانی گەورەی دەوڵەت داوای دەکەن، منیش ئەمەوێت بیدەم بە کەسێکی شایستە، بۆیە حەزدەکەم لە تۆی مارە ببڕم. نورسی وتی: تا ئێستە بڕیارم نەداوە لە ژیانمدا هاوسەرگیریی بکەم، هەر کاتێ بڕیارم دا، ئاگادارت دەکەمەوە. پاش ماوەیەك پاشا لێی پرسی: ها! بڕیاری چیت دا؟ نورسی وتی: هێشتا بڕیارم نەداوە.

ڕۆژێکیان نورسی سەردانیماڵی پاشا ئەکاو ئەکەونە گفتوگۆ، لەو کاتەدا کەسێك تەقە لە دەرگا ئەدات، پاشا دەرگا ئەکاتەوە، ئەبینێ هەژارێکەو لێی ئەپاڕێتەوە کە کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، تا بژێویی خۆیو ژنو منداڵی پەیدا بکات. پاشا پێی ئەڵێت: باشە، بڕۆ با بزانم. نورسی کە گوێی لەم مشتومڕە بوو، وتی: ئێستە بڕیارم دا! پاشا وتی: بۆچی ئێستە؟ وتی: بڕیارم دا تا لە ژیانمدا مابم، هاوسەرگیریی نەکەم. وتی: لەبەرچی؟ وتی: ئەترسم وەك ئەو پیاوە هەژارە بکەومو بچمە بەردەرگای کەسێکی وەکو تۆو دەست بەڕوومەوە بنێ، وەکو تۆ دەستت بە ڕووی ئەو پیاوە

هەژارەوە نا. پاشاش لێی توڕە بوو، وتی: ئێستە سەلماندت کە کوردیتو عەقڵییەتی کوردەکانت هەیە، ئەڵێن: بەگوێدرێژیان وت: تۆ کوردی. گوێدرێژەکە توڕە بوو، سێ ڕۆژ ئالفی نەخوارد. بدیع الزمان پێی وت: بە هەڵە بەسەرهاتەکەت گێڕایەوە. ڕاستییەکەی بەم جۆرەیە: گوێدرێژەکە تورك بوو، کاتێك پێیان وت: تۆ تورکی، تووڕە بوو، سێ ڕۆژ ئالفی نەخوارد. دوای ئەوە بدیع الزمان هەستاو پاشای بەجێهێشتو دۆستایەتیی لەگەڵ ناوبراو نەما، لە ژیانیشیدا هاوسەرگیریی نەکرد. !

ڕۆژی (١٩٩١/٥/١٧) ئەزو مەلا ئەحمەدی برام، چووینە لای دۆستی دێرینم سەید عەزیزی شەمزینی، کوڕی شێخ ئیسماعیل شێخ نور الدین، لە گوندی (گرك) لە مێرگەوەر، وتی: بڕیار بوو (بدیع الزمان) لەگەڵ شێخ ئەنوەر ئەفەندی پێکەوە ڕاکەنو بچنە ئێران، شێخ ئەنوەر وتی: (بدیع الزمان) بە منی وت: تۆ بڕۆ بۆ ئێران، وا مانگی ڕەمەزانە، ناتوانم ڕۆژوو بخۆم، پاش ڕەمەزان منیش دێم. من ڕام کردو چوومە شاری ورمێ. (بدیع الزمان) لە پشت شاری (وان) لە کۆنە (دێر)ێکدا لە چیای (ئەراك) لە گوندی (کۆپانس)، لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەستگیر کرا. ئەوە جاری دووەم بوو لە گرتنی، برا بۆ (ئەنادۆڵ)، ئیتر حکومەت بۆ هەمیشە ڕێگەی پێ نەدا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

بدیع الزمان بیری کوردایەتیی هەبوو، لەبەر ئەوە دوو جار گیراو بەند کراو دوورخرایەوە. یەکێك لە هەڤاڵانی بدیع الزمان، شێخ ئیبراهیمی گوندی (دوو دەریا)ی نزیك شاری (قولپ) لە باشورەوە (١٨کم) بووە. ڕۆژی (٢٠١٤/٥/١٣ز) شێخ مظهر غیاث الدین شێخ ئیبراهیمی دوو دەریا لە سلێمانی لە ماڵی ئێمە وتی: ساڵی (١٩٤٣ز) خاڵی من، مەلا خطیب مەلا سلێمان، خەڵکی گوندی (کەڕا)، لە عەشیرەتی بادیکان، لە قەزای قولپ ـ

قەزای دیاربەکر ـ سەرباز بوو، لە شاری قەستەمونی، لە باکوری ئەنقەرە، وتی: لەو سەردەمەدا بدیع الزمان لە قەستەمونی مەنفی بوو، من حەزم کرد ببینمو بە هۆی (تەحسین)ی خزمەتکاری بدیع الزمان، چوومە لای، کاتێك من پێم وت: من خەڵکی (قوڵپ)م، وتی: شێخ محەممەدو شێخ ئیبراهیمی شێخ عەمری دوو دەریا، ئەناسی؟ گەلۆ! ئەو چی ئەکات؟ من وتم: من هەڤاڵی شێخ ئیبراهیمم، بەڵام ئەو وەفاتی کردووە. شێخ محەممەد لە شاری ئایدین لە هەرێمی دەریای ئیجە سەرکونە (مەنفی)یە. بدیع الزمان وتی: شێخ ئیبراهیم هەڤاڵی من بوو، لە فەقێیەتیداو تو کوزاڤاڵیو پیێ زا ڤاڵی منی ژیو ئیدی جاروبار ئەنو دچوومە نك بدیع الزمان، جارێك چوومە لای، وتی: کوری من بوویە، گوت: تیێ چ ناڤەك لێ بکر، گوتم: ئەزێ ناڤێ باپیرە خۆە، حەسەن لێ بکم، بدیع الزمان وتی: با ناوی (حەسەن تەحسین) بێ، ئیتر ناوی ئەو بوو بە (حەسەن تەحسین)و ئێستە لە ژیاندایەو لە دیاربەکرە.

بیستوومە بدیع الزمان کە ئەوکاتە پێی دەوترا: (مەلا سەعیدی مەشهور) دووجار هاتووەتە (بۆتان)و چووەتە لای مستەفا پاشای میری، تا بیری کوردایەتیی لەلا دروست بکاتو زوڵمو زۆرداریش نەکات.

لە مامۆستام ـ مەلا مەحمودی موفتی جزیرەی بۆتان، کە زانایەکی مەزن بوو ـ بیستوومە، جارێك مەلا سەعیدی مەشهور هاتووەتە جزیرە، باوکی منی دیوە، کە (مەلا عبد الرحمان هوسەری) بووە، لە چەندین زانستدا لەگەڵی قسەی کردووە. هەروەها (مەلا عبد الحمید دێرشەوی)شی دیوە. مەلا عبدالحکیم دێرە شیعرێکی مەلا عبدوڵڵا بێتوشی بۆ نووسیوە، بەبێ نووسینی خاڵو نوقتەکان، لە کتێبەکەی (کفایة المعاني)، داویەتە دەستی

مەلا سەعیدی مەشهور، بۆ ئیمتیحانکردنی، ئەویش یەکسەر بۆی خوێندووەتەوە، مەلا عبد الحکیم زۆر عالم بووە، کتێبێکی داناوە لە (استعارة)دا، بە ناوی (سطور).

مامۆستا موفتی کە خاوەنی چەند کتێبێکە، وتی: بدیع الزمان چووە دیاربەکرو لەوێ خیطابێکی زۆر گرنگی دا، وتبووی: لە ڕۆژهەڵاتدا دوو زانای گەورەم دیوە، کە مەلا عبدالرحمن هوسەریو مەلا عبد الحکیم دێرشەوی بوون، موفتی وتی: وەختی بدیع الزمان دەچووە شوێنێك، خەڵکەکەی ـ بە تایبەتی مەلاو فەقێکان ـ دەچوون بۆ دیتنی ئەم لاوە بەهرەمەندەو لێی کۆدەبوونەوەو پرسیاریان لێ دەکرد، ئەویش بەبێ وەستان وەڵامیانی دەدایەوە. مامۆستا مەحمود موفتی زۆر باسی دەکردو هەندێ لەو زانیارییانەم لەبیرچوونەتەوە. خۆی زۆر موعجەب بوو بە بدیع الزمانو شێوازی نووسینی بە عەرەبی، لەبەر ئەوە هەندێ لە (دیوانی مەلا جزیری) شەرح کردبوو، لەسەر شێوازی عەرەبی (بدیع الزمان) کە ئەوپەڕی ڕەوانو خۆشە، ئیتر نازانم سەیدای موفتی دیوانی هەمووی شەرح کرد یان نا؟ مخابن![٢٢٦]

**سەعیدی یەکەمو سەعیدی دووەم:**

بدیع الزمان لە قۆناغی یەکەم لە ژیانی خۆیدا، بە (سەعیدی یەکەم) ناوی خۆی دەبرد، لە هەندێك کتێبی خۆیدا، خۆی بە مرۆڤێکی گوناهکار دەزانی. پاشان کە بەند کراو دوور خرایەوە، کەوتە بیرکردنەوە لە دونیاو

---

٢٢٦ موفتی برایەکی ترسنۆکی هەبوو، پاش مردنی، هەرچی نوسراوی موفتی هەبوو، سوتاندبووی. موفتی چەند کتێبێکی بە تورکی چاپ کردووە، یەکێکیان ناوی (AYRISALESI)ە، یانی (نامەی مانگ)، کە (٢٠٠) لاپەڕەیەو تێیدا پێشبینی کردووە کە مرۆڤ دەچێتە سەر مانگو ساڵی (١٩٦٣ز)دا چاپ کراوە، لەبەر ئەوەی خەڵك باوەڕیان نەدەکرد، دەیانوت: موفتی شێت بووە. (عبد الرقیب یوسف). ◘

دروستبوونی گەردوون‌و لە دوای حەقیقەت گەڕاو (پەیامەکانی نور)ی نووسی‌و خۆی بە (سەعیدی دووەم) ناوبرد.

(مەلا عبد المطلب)ی گۆران دەشتی ـ جێگەی بەهەشت بێت ـ بۆی گێڕامەوە، وتی: جارێك موترییەك کە دەهۆڵ‌و زوڕنای پێ بوو، لە بەردەمی مەدرەسەی (نورشین)ەوە تێپەڕی کە (بدیع الزمان)ی لێبوو. بدیع الزمان وتی: پێی بڵێن با بوەستێ، کە وەستا پێی وت: لە دەهۆڵ‌و زوڕنا بدە، کابرا لە دەهۆڵ‌و زوڕنای دا، (بدیع الزمان) بە دیققەت گوێی لێگرت.. مەلا عبدالمطلب وتی: ئەو کاتە (بدیع الزمان) زۆر توند نەبوو لە بارەی دیانەتەوە، هەندێ جار لە خەودا دەماو نوێژی بەیانی دەفەوتا.[٢٢٧]

**نورسی‌و کوردایەتیی:**

بدیع الزمان بیری کوردایەتی هەبوو، لەو بارەوە پەیوەندیی کردووە بە هەندێ لە پیاوماقوڵانی کوردەوە. کاتی شۆڕشی بتلیس فاشل بوو، شێخ شهاب الدین‌و سەید عەلی‌و محەممەد شیرین، ئیعدام کران، بدیع الزمان زۆر خەمی خوارد، وتی: "ئەوان ل درگەهێ (غەیدا)یێ‌و[٢٢٨] ژ بنەماڵا ئارواسێ ڕابوون‌و نەزانین ئیش بکەن، لێ چ بکەم، ئەز کوڕی جوتیارەکی خەڵکی

---

٢٢٧ نەدەبوو ئەو مەلایە بۆ پابەندیی بە ئاینەوە وشەی توندیی بەکاربهێنێ، جگە لەوە ئەم زانیارییەی دەربارەی فەوتانی نوێژی بەیانی، لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا نیەو هیچ کام لە هاوڕێ‌و شاهیدە پێشینەکانی نورسی ـ کە دەیان کەسن ـ نەمدیوە باسیان کردبێت. (عمر عبد العزیز). ◙

٢٢٨ شێخ شهاب الدین شێخی مەزنی هیزالی بوو، لەگەڵ محەممەد شیرین کوڕی (صبغة الله)ی ناسراو بە (غەوسێ هیزانێ) بوون‌و سەید عەلی پسمامی ئەوان بوو، (غەیدا) گرەکە لە ڕۆژهەلاتا شارۆچکەی هیزان، تەکیەی غەوسێ هیزانێ ل سەررووی گری یە. (عبد الرقیب یوسف). ◙

نورسیٚ مه". بدیع الزمان لەگەڵ (جەمعیەتی تەعاون‌و تەرەققی) لە ئەستەمبوڵ ئیشی کردووە. مەلا عبدالمطلب وتی: لە مەدرەسەی بدیع الزماندا کەس لە (مەلا عبد اللەی تینیسی) زاناتر نەبوو، خوێندنی تەواو کردبوو، هاتبوو لای (بدیع الزمان)یش بخوێنیٚ، وەختیٚ بدیع الزمان دەرسی دەوتەوە، مەلا عبدالله (کەڕەك)ی خۆی ئەدا بە سەری خۆیداو کەمێك لە دوورەوە دادەنیشت‌و گوێی لە دەرسی بدیع الزمان دەگرت، هەندیٚ جار ڕەخنەی لە بدیع الزمان دەگرت‌و دەبووە موجادەلەیان، مەلا عبدالله زۆر زیرەك بوو.[229]

لە وتارێکی خۆیدا بدیع الزمان ئەم وەصیەتەی بۆ کورد نووسیوە: "وەسیەتە پاشیٚ: خواندن، خواندن، خواندن.. دەست هەڤ گرتن، دەست هەڤ گرتن، دەست هەڤ گرتن".

بدیع الزمان لە (١٩٠٨/٩/١٩ز) پەیوەندیی کردووە بە کۆمەڵەی (کرد تعاون‌و ترقی)یەوە.[230] پێشتر من ئاگاداری ئەو نووسینانەی پیرەمێردی زاناو

---

[229] تێبینی: یەکێك لەوانەی داوای ئەم وتارەمی کرد، لێکۆڵەر بەڕێز کەمال ڕەئوف بوو، بە خەتی خۆی لە (١٩٩٤/٦/١٧ز) هەندیٚ زانیاریی لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسیوە، لە بارەی کوردایەتیی بەدیع‌و کارکردنی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردەکانی ئیستەمبوڵ، وەك کۆمەڵەی (کورد تعاون‌و ترقّی). کاك کەمال ئەو زانیارییانەی لە نووسینەکانی پیرەمێرد وەرگرتووە، کە لە چەند نووسینێکی خۆیدا لە ڕۆژنامەی (ژین)دا، باسی (بدیع الزمان)ی نووسیوە، کە پێکەوە کاری سیاسییان کردووەو پێکیشەوە لە ئەستەمبەڵ زیندانیی کراون. (عبدالرقیب یوسف). ◘

٢٣٠ بەڕێز دکتور (عومەر عەبدولعەزیز) مەلا بەهادین بیارەیی، لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (خاڵ)، کە لە (٢٠١٧/١١/٢٤ز) دەرچووە، وتارێکی نووسیوەو بۆی ناردم، تێیدا ئەوەی پیرەمێرد لە بارەی (بدیع الزمان) نووسیویەتی، بە گشتی ◄

بیرمەندو شاعیرو مێژوونووس نەبووم. لە کتێبێکی (بدیع الزمان)دا دیومە کە وتوویەتی: باش فێری نووسین (خط) نەبووم، ئیتر خەڵك کتێبەکانی بۆ دەنوسییەوە، چونکە ئەو گۆڕانکارییە فەسلەجییەی لە ناکاو لە مێشکیدا پەیدا بووەو بووەتە زانایەکی بەهرەمەند، ئەو بەهرەمەندییەی شامیلی خەتەکەی نەبووە، بەڵکو خەتەکەی وەك خەتی فەقێیەك بووە، کە دوو ساڵ، سێ ساڵ خوێندبێتی، هەر هێندەی زانیوە پیتەکان پێکەوە گرێ بدات، ئیتر پاشتر (بدیع الزمان) خۆی فێری خەت نەکردووە.

(بدیع الزمان) وتوویەتی: "کە باڵغ بووم، بەهرەمەندیم بەرەو کز بوون دەچوو، ئیتر دەستم بە دەرخکردنی کتێبە گەورەو گرنگەکانی وەك: (مصالح)و (طوالع) و (قاموسي فەیروز آبادی) تا حەرفی (س)". ڕەنگە کاتێك پیر بووە بیری کز بووەو بووەتەوە وەك مرۆڤێکی بیرتیژ، چونکە مامۆستام مەلا صدر الدین[٢٣١] بە منی وت: جارێك کە بە دزیی حکومەتەوە چوومە

---

►کردوویەتە وتارێکی زۆر بە نرخ، لە بارەی (بدیع الزمان)ەوە، لە بارەی خەباتی سیاسی ـ نەتەوەیی ئەوەوەو لەو ژمارەیەی ئەو گۆڤارەدا بڵاوی کردووەتەوە، لە لاپەڕە: (٦٥–٧٥). نەمریی بۆ (بدیع الزمان)و پیرەمێرد، سوپاسیشم بۆ دکتۆر عومەر لەسەر ئەو وتارە بە نرخە. (عبد الرقیب یوسف).


[٢٣١] مەلا صدالدین طاهر عەلی لە عەشیرەتی حەیدەران بوو، بە منالی هەتیو بوو، گولکڤانی مالی شێخی نورشین بوو، کە خراوەتە بەر خوێندنیش، دەرکەوت زەکاوەتێکی عەجیبی هەیە، وەك (آیة الله مەردۆخ)، یان نیو (بدیع الزمان)ێك، ئیتر مەلا صدر الدین لە (گولك ڤان) بووە زاوای شێخ مەعصومی نورشینی. من ساڵی (١٩٥٦ز) هەندێ دەرسم لای ئەو خوێندووە، کە ئەو ساڵە تەمەنی ئەو چل ساڵ بوو، دەرسی بە هەموو کەسێك نەدەوت، ئەگەر موعجیب نەبوایە بە زەکاوەتو بە زانابوونی، پەنجا فەقێ لە نورشین هەبوون. صدر الدین لە موریدەکانی ◄

لای سەیدا (یانی بدیع الزمان)، من دوو شتم لیَ پرسی، وتم: لە فلاَن کتێبو فلاَن کتێبی خۆتدا، تۆ ئەم شتو ئەم شتەت نووسیوە، باش لێی تێناگەیم، مەقصەدت چیە؟ وتی: نازانم، بیرم نایێ تەماشای کتێبەکان بکە.

لەوەی سەرەوە دەرئەکەوێت کە (بدیع الزمان) تا لاو بووەو هەرزەکار بووە، مەوهیبەی زۆرتر بووە، واتە لە پیریدا بیرە تیژو بەهرەمەندییەکەی نەماوە، بەڵکو بووەتە مرۆڤێکی بیرتیژ، وەك ئەو بیرتیژانەی هەن، لە پلەی یەکەم.

---

▶ (بدیع الزمان) بوو، خۆی فێری فارسیو ئینگلیزیش کردبوو. هەندێ جار توانیم مەلا صدرالدین لە کاتی دەرسدا تەنگاو بکەمو زۆر منی خۆشدەویست. دواتر ماڵی خۆی بردە ئەستەمبوڵو لە (٢٥/١٢/٢٠٠٤ز) لەوێ کۆچی دوایی کرد، (حوفید)ی کوڕی ئێستە لە ئەستەمبوڵ ڕۆژنامەنووسە. (عبد الرقيب يوسف).




**کۆی (١٣٠) کتێبی پەیامەکانی نور**

**شاکاری مامۆستا مەلا سەعیدی کوردیی (نورسی)**

# بەشی نۆیەم

# گەشتێکی نورانیو کۆگایەک لە ئەزموون

## تەوەرەکانی ئەم بەشە

ئابلۆقەو شالاوی نوور/کاریگەریی پەروەردەو ڕەوشت

**یەکەم/ ئەو شوێنانەی سەردانمان کردن:**

١ـ خەڵوەتگەی گەڕەکی کەمبرغاز ٢ـ بەشداریی یادی ئازادکردنی (قسطنطينية) ٣ـ سەردانی مزگەوتە دێرینەکان ٤ ـ بەشداریی کۆنگرەی ڕێکخراوە جیهانییە ئیسلامییەکان ٥ـ گەشت بە چەند دامەزراوەکدا ٦ـ سەردانی کەنداوی ئەستەمبوڵو مزگەوتی (أبو أيوب) ٧ـ سەردانی شاری ئیسبارتە، مەنفای نورسی ٨ ـ سەردانی (الوقف المكي للتربية) لە ئیسبارتە ٩ـ کۆڕێكو چەند وتارێك ١٠ـ سەردانی ماڵی نورسیو بینینی بەجێماوەکانی/ بیرۆکەی خۆوەقفکردن بۆ خزمەت.

**دووەم/ تاوتوێی چەند تەوەرێك:**

١ـ بۆچی موسوڵمانان سەرناکەون، کە لەسەر حەقیشن؟ ٢ـ چەمکی دونیاو ژیانی دونیا ٣ـ پرۆژەی چاکسازیی گەورە ٤ـ هەڵوێستەیەك لەگەڵ (تصوّف)و(حلول)/ ڕووداوێکی سەیر، بەڵام واقعیی.

**سێیەم/ هۆکاری بنەڕەتیی گۆڕانی ئاراستەی نورسیو تیشکێك لەسەر بەشێك لە پەیامەکانی سەعیدی دووەم:**

سەرەتایەکی پێویست/ ئەتاتورك چی کردو چی بەسەر تورکیا چی بەسەر هێنا؟

نورسی چۆن دەستی پێ کرد؟ چی هەژاندی؟

**تیشکێك لەسەر بەشێك لە پەیامەکانی سەعیدی دووەم.**

لە بەشێکی سەردانەکانمدا بۆ تورکیا، ئاشنابووم بە کەسایەتیی ناوداری کەرکوك، مامۆستا ئیحسان قاسم، کە دەتوانین بڵێین ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ وەرگێڕانی نامیلکەکانی نورسی بۆ زمانی عەرەبی، لەگەڵ بەڕێزیدا تاوتوێی زۆرمان کرد لەسەر ژیانو ئەزمونی قوتابخانەی نورو لایەنگرانی. سەرەنجام لە سەفەرێکی ساڵی (٢٠٠٥ز)دا تاوتوێی بیرۆکەی سەردانی گروپێکمان کرد بۆ تورکیا، تا لە نزیکەوە ئاشنا ببین بە قوتابخانە نورییەکانو دامو دەزگاکانیان. بەڕێزیشی بە سوپاسەوە ئامادەیی دەربڕی کە هاوکاریمان بکات بۆ ئەو سەردانە، کە سوپاس بۆ [٢٣٢] خوا ساڵی (٢٠٠٦ز) سەری گرت. ئەو گەشتە لە کۆتایی مانگی مایسو سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٦ز)دا سەری گرتو بەندە لە خزمەت گروپێکی (١٢) کەسیدا لە مانگی مایسی (٢٠٠٦ز)دا بەرەو تورکیا ڕۆیشتین. ئەم بەشە بریتییە لەو گەشتە کە دوو حەفتەی خایاندو تیایدا سەردانی

---

٢٣٢ لێرەدا وەك وەفاو پێزانینێك پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی برای خۆشەویستم کاك (هیوا غەفور) بکەم کە لە ئەستەمبوڵ دەژیو ساڵانێکی زۆرە لە خزمەتی بانگەوازی ئیسلامیدایەو لەو گەشتەدا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە ئاسانکارییو کاری وەرگێڕانو بەدەمەوەبوونو ڕێنوێنیدا. ◙

[233]
قوتابخانەو قوتابیانی نورو هەندێك لە دامەزراوەكانمان كرد، هیوادارم خوێنەرانی بەرێزیش وەك ئێمە چێژ لەم گەشتە ئیمانییو نورانییە بەرن.

## ئابلۆقەو شالاوی نوور

بۆ ناونانی ئەم گەشتە بە (گەشتێكی نورانی) یاداوەرییەكەی مەلا حەمیدی كۆنە قوتابی مامۆستا (نورسی)م بیركەوتەوە كە دەڵێ: "لەگەڵ مامۆستا نورسی لە مزگەوتی (نورشین) دانیشتبووم، لە ناكاو مامۆستا نورسی فەرمووی: مەلا حەمید! سەیر كە، تۆ ئەزانی ئابلۆقەدراوم بە نور؟! وتم: چۆن؟ لە ڕاستیدا تێی نەگەیشتم. وتی: ئەو دێیەی تێیدا لەدایكبووم، ناوی (نورس)ە، دایكم ناوی (نوریە)یە، باپیرم ناوی (نوری) بوو، مامۆستا نەقشبەندییەكەم ناوی (نور محەممەد) بوو، مامۆستا قادرییەكەم ناوی (نورالدین) بوو. یەكەم ئایەتێك هەژاندمیو و عەقڵمی ڕووناك كردەوە ئایەتی ﴿الله نور السموات والأرض﴾ النور/٣٥ بوو، ئەم مزگەوتەی كە تێیدا ماومەتەوە ناوی (نورشین)ە.. لەگەڵ ئەم قسانەدا زەردەخەنەیەك گرتیو وتی: مەلا حەمید! سەرت بەرز بكەرەوەو سەیری ئەو تابلۆیەی پشت سەرت بكە، كە سەیرم كرد تابلۆیەك بوو، لێی نوسرا بوو: عثمان ذو النورین.!

بەڵێ نورسی بە نوری هیدایەتی خوایی ئابلۆقە درابوو، لە گۆترە نەبوو پەیامەكانیشی ناو نا (پەیامەكانی نور). بۆیە هەركەس دەیەوێ بە

---

٢٣٣ دواتر بەندە كردمە كتێبێك بە ناوی (گەشتێكی نورانیی)و ساڵی (٢٠٠٨ز) لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی (ئارا)وە چاپ كرا، ئەمەی بەردەستی خوێنەر پوختەی ئەو گەشتەیە. ◘

بەشێك لەو نورە بەهرەمەند ببێت، با ساتێك لەگەڵ (سەعید نورسی)و (پەیامەكانی نور)و (گەشتی نوری)دا زاخاوی دڵو مێشكو گیانی بدات.

بۆ كارئاسانیش ـ پاش پێشەكییەك دەربارەی كاریگەریی پەروەردەو ڕەوشت ـ بابەتەكە ئەكەمە چەند بڕگەیەكو لە هەر بەشێكدا چەند نموونەیەك باس دەكەم:

## كاریگەریی پەروەردەو ڕەوشت

لەمێژ بوو باسمان لە ڕۆڵی پەروەردەی ئیمانیی دەكرد لە دروستبوونی كەسایەتیی تاكی (صالح)و چاكەكاردا. زۆریش دووبارەمان دەكردەوە ـ و دەیكەینەوە ـ كە ڕێی ڕزگاریی كۆمەڵگەو ئاسودەبوونی، لە ئاسودەبوونی گیانییو چاكسازیی ڕەوشتی تاكەكانەوە دەستپێدەكات. چونكە تاكەكانن دەبنە بنەچەی خێزانەكانو ستوونی دەسەڵات. تاكەكانن دەبنە مامۆستاو پزیشكو فەرمانبەرو دوكاندارو بازرگانو دیبلۆماسیو وەزیرو پەرلەمانتار. چی وا دەكات كە هەركام لەوانە بازنەی كاریان بكەنە گۆڕەپانی خزمەت بە خۆیانو میللەتو نیشتمانیان؟ بە تایبەتی لە وڵاتێكی وەك كوردستان، كە نەك تازە گەشەسەندووە، بەڵكو نائاشنایە بە چەمكی گەشەسەندن، وڵاتێكی بێ ئەزموون لە دەسەڵاتو لەرزۆك لە قەوارەی سیاسیدا، وڵاتێكی گەمارۆدراو بە ناحەزو ماندووكراو بەبێنازییو كەمصیفەتی دۆستانیو بەچەترسێنكراو بە هەڕەشەی بەردەوامی دوژمنانی ئابلۆقەدەری.

بۆیە بە ڕاستیی لەم كەشوهەواو قۆناغە ناسكە مێژووییەدا، خاكو گەلو وڵاتمان نیازمەندە بە كەسانێكی بڕوابەرزی ڕەوشتپاك لە لاوان، كە ئومێدو كڵاوڕۆژنەی داهاتووی ئەم میللەتەن. ئەركی هەموو كەسو لایەنە پەیوەندیدارەكانە ـ لە دەسەڵاتدارانی سیاسی، دەروونو كۆمەڵناسان،

مامۆستایانی ئاینی، ڕاگەیاندکاران، هێزە سیاسییە دڵسۆزەکان، دەزگاکانی خوێندنو پەروەردە، نووسەرو ڕوناکبیران، بێژەرو ئامۆژگاریکاران ـ کە ئاوڕێك لەم ڕاستییە بدەنەوەو ئەو ڕادەیە لە تواناو بەهرەو لێهاتن کە لە ئارادایە، بخەنە گەڕ بۆ خزمەتی ئەو لایەنە گرنگەی ژیان ـ لایەنی بڕواداریی‌و ڕەوشتبەرزیی ـ کە بە داخەوە تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خراوەو بەهەند ناگیرێت.

لەم سۆنگەیەوە گەڕان بە دوای هەر هۆکارو ڕێگاچارە، یان هەر بوارو مەیدانو هەلێکدا، ئەرکی سەرشانی هەموو لامانە. ئەم بابەتەی بەردەستی خوێنەر هەنگاوێکە لەو بوارەدا، کە ژمارەیەك کەسانی دڵسۆز کەوتنە بیری سودمەندیی لە ئەزمونێکی زیندووی هاوچەرخ، ئەزمونی هەندێك لە (قوتابیانی نور)، کە بایەخی زۆریان بە ڕەهەندی پەروەردەی تاكو خێزان داوە.

بێ گومان ئەم نوسراوە تەنها بەرهەمی سەربوردی گەشتێکە، نەك توێژینەوەی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی قوتابخانەی نورسی‌و پەیامەکانی‌و کارو ستراتیژو هەنگاوەکانی کۆمەڵە نورییەکان، تا کەس بە چاوی ڕەخنە لە هەندێ کەم‌و کورتی بە ناوی هەڵسەنگاندنی ئەو ڕەوتەوە، خۆی‌و خوێنەرانێکی دەوروبەری بێبەش نەکات لە خستنەڕووی دیوە ئیجابی‌و لایەنە سەرکەوتووەکانی ئەزمونەکە، چونکە ئاقاری گرنگیپێدانەکەی ئێمە باسی خەمی پەروەردەی لاوانو چاکسازیی باری ڕەوشتیی‌و بەهێزکردنی لایەنی ئیمانییانە، نەك ڕیزبەندیی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی هیچ کەس‌و دەزگاو لایەنێك.. ئێستەش فەرموون لەگەڵ بڕگەکانی ئەم تەوەرە:

**١ـ سەردانی شوێنەکان. ٢ـ تاوتوێی چەند تەوەرێکی فیکریی.**

**٣ـ خوێندنەوەی پەیامەکان.**

## یەکەم/ ئەو شوێنانەی سەردانمان کردن

### ١ـ خەڵوەتگەی گەڕەکی کەمبر غاز:

ڕۆژی یەکەم، (٢٠٠٦/٥/٢٥ز) پاش پشوویەکی کەم، چووینە گەڕەکێکی کەناری شاری ئەستەمبوڵ، بە ناوی (کەمبرغاز)، لە ماڵێکی دوو قاتی خنجیلانەدا دامەزراین. دواتر بۆمان دەرکەوت ماڵەکە برایەکی نوریی تێدایە کە لەگەڵ خێزانی خۆیان وەقف کردووە بۆ خزمەتی میوانانی نورسی، هەردووکیان خۆراکیان ئامادە دەکردو پێداویستیی میوانانیان دابین دەکرد، خۆراکێکی بە تامی بەپیت، بەڵام کەمو سادەو بێ تەکلیف. ماڵەکە خەڵوەتگەی بیرکردنەوەو خوێندنەوەو بیستن بوو، کەمێك دووركەوتنەوە بوو لە دونیای پڕ جەنجاڵی سەردەم، بۆیە نە ڕادیۆی تێدابوو، نە تەلەفزیونو سەتەلایت، نە تەلەفونو کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت، کۆنترۆڵی دەستمان پەیامەکانی نور بوون، پڕکردنەوەی ساتەکانمان یان بە خوێندنەوەو موتاڵا بوو، یان بە گوێگرتن، یان بە نووسینو یاداشتکردن، یان بە نوێژو ذیکرو قورئانخوێندن.

ڕاستە ئێمە ئاشنا نەبووین بە ئاوا کەشو هەوایەك، بەڵام تێگەیشتین کە جیهانێکی تر هەیە، هەروەك تێگەیشتین کە دڵو گیانیش زاخاویان دەوێ، بێگومان هەناسەدانو پشووشیان دەوێ. ئەوەش پێشتر تێگەیشتبووین کە گرنگییو بایەخدان بەهەر شتێك ـ لە ناسکترین شێوەی عیبادەتەوە، تا ئاڵۆزترین پرسی سیاسەت ـ دەبێ ڕێژەیی بێو بە پێی پێودانگی بەرژەوەندییە گشتییەکان بێت.

نایشارمەوە کە بۆ خۆم جیهانێکی ترو ئەزمونێکی تایبەت بوو، ڕەنگە کەسانی قاڵبووی ئەو شێوەو فۆڕمە لە ژیان ـ وەك ئێمەی قاڵبوو بە

فۆرمو شێوازێکی تر ـ هەڵوێستیان لە هەندێك قسەو بۆچوونو بیرکردنەوەی ئێمە کردبێت، وەك ئێمەش ـ بەشەکەی خۆمان ـ هەڵوێستەمان کرد.

با دوور نەکەوینەوە لە باس، لەگەڵ پشوویەکی کەمدا، پرۆگرامی شەوی یەکەم دەستی پێکرد، پرۆگرامی موتاڵاو دابەشکردنی پەیامەکانی نور بەسەر برایاندا، بۆ کورتکردنەوەو خوێندنەوەی دەستەجەمیی، لەگەڵ تاوتوێی هەندێك پرسیارو تەوەری وروژێنراو، بەو شێوەیەی لەوەو دوا دەیبینیو لە بڕگەیەکی تایبەتدا باسیان دەکەم.

**٢ـ بەشداریی یادی ئازادکردنی ( قسطنطينية):**

ئازادکردنی شاری (قسطنطينية)ی پایتەختی هەزاران ساڵەی بیزەنتییو ڕومەکانو ئەستەمبوڵی پایتەختی چەند سەد ساڵەی خیلافەتی عوسمانیی، یادێکی هەمیشە زیندووی خەڵکی تورکیایە، بە هەموو توێژەکانییەوە. قەدەری خوا وا بوو کە گەشتەکەی ئێمە بکەوێتە ئەو یادەش. بۆیە لە خەڵوەتی نوور هاتینە دەرێ، بەرەو کەرنەڤاڵی یاد، یادی گەورەترین سەرپێچی مێژوویی، یادی ئازادکردنی ئەو شارەی سەدان ساڵ بوو کرابووە مۆڵگەی پیلانو هەڕەشە لە دەوڵەتو نەتەوەی ئیسلام. ئەو کارەش لە سەردەستی خەلیفەی لاوی بەهیممەت سوڵتان محەممەدی ناسراو بە (فاتح)، ئەو سەرکردەیەی ـ بە لای خەندێك زانایانەوە ـ خەڵاتە پێشبینیکراوو هەواڵەکەی پێغەمبەری پێ ڕەوا بینرا، کە سەدان ساڵ پێش ئەو ڕووداوە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: (لَتُفتَحُنّ

٢٣٤
القسطنطينية، فلنِعمَ الأميرُ أميرُها، ولنِعمَ الجيشُ ذلك الجَيش) واته: به دڵنیایی شاری (قسطنطینية) ئازاد دەکرێ، ئەو سەرکردە ئازادکارە، باشترین سەرکردەو ئەو سوپایەش باشترین سوپایە.

بەڵێ، کاتەکە ڕۆژی (٢٩/٥) بوو، (٥٥٣) ساڵ بەسەر ئازادکردنی (قسطنطینية)دا تێپەڕی بوو، دابەزینە ناو گۆڕەپانی نمایشی ئازادکردنی (قسطنطینية)، لە ڤیستڤاڵێکی کەموێنەدا، کە سەدان هەزار کەس تێیدا بەشداریی دەکەن. تیایدا تیپە هونەریی‌و ئەکتەرە سەربازییەکان وێنەی هەڵمەتی ئازادکردنی ئەو شارەیان نمایش دەکردەوەو بە ناڵەی (الله أكبر) مرۆڤیان دەخستەوە ڕۆژانی سەربەرزیی.

لە بەشێك لەو کەرنەڤاڵە ملیۆنییەدا پیاسەیەکی بەچێژمان کرد لەگەڵ قوتابییە خۆینگەرمە ئێسکسووکەکەی نورسی، بەڕێز محەممەد فەرەنجی، کە یاداوەرییە پڕ سەروەرییەکان قورگیان تاساندبوو، ئەسرینی چاوەکانیشی دەیانگوت: تۆ بڵێی ڕۆژێ بێت ئەم نمایش‌و خۆنواندنە بەشکۆیە ببێتەوە بە واقع‌و سەربەرزیی بگەڕێتەوە بۆ ئەم ئوممەتەی کە ڕۆژگارێك هیوای گەلان‌و پەنای هەژاران‌و پشتیوانی چەوساوانی جیهان بوو؟!

---

٢٣٤ ئەم ڕیوایەتە لەم سەرچاوانەی فەرموودەدا هاتووە: المسند، أحمد، بە ژمارە: (١٩١٦٥)، المستدرك، الحاكم، بە ژمارە: (٨٣٠٠)، المعجم الكبير، الطبراني، بە مارە: (١٢١٦). التاريخ الكبير، البخاري، بە ژمارە: (١٧٦٠). سەبارەت بە سەنەدی ڕیوایەتەکە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێك بە (صحيح)، هەندێك بە (حسن)، هەندێك بە (ضعيف)یان زانیوە، لەبەر بوونی کەسێکی نادیار لە ڕاوییەکانیدا بە ناوی (عبد الله بن بشر الغنوي)، کە زۆر نەناسراوە، بەڵام لەبەر زۆریی‌و بەربڵاویی گێڕانەوەی ڕیوایەتەکە، لێرەدا دامان نا.. ◙

**٣ـ سەردانی مزگەوتە دێرینەکان:**

هەمان ڕۆژ دوای بەشداریی ئەو ئاهەنگە، گەشتێکمان کرد بەناو شوێنەوارە ئیسلامییەکانداو هەندێك لە مزگەوتە گەورەو نایابەکانی تورکیا، وەك: مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد، مزگەوتی سوڵتان بایەزید، کەنیسەی بیزەنتی ئەیاصۆفیا، کە دواتر کراوەتە مزگەوتو ئێستە وەك مۆزە سوودی لێ وەردەگیرێ.

لەو مزگەوتانەو چەندینی تردا، دەیان بیرەوەریی شیرینی مامۆستا نورسی هەن، کە لە بەشێك لە پەیامەکانیدا باسیان دەکات، یان هاوڕێیانی دەیانگێڕنەوە. لە تێکڕای ئەو دیدارە خێرایانەدا مرۆڤ گەورەیی هیممەتی ئەو پیاوانەو جوانکاریی‌و داهێنانی ئەو ئەندازیارانەی بۆ دەردەکەوێت کە نموونەی پێشکەوتووترین ژیارو جوانترین شارستانێتییان پێشکەش کرد، سەرەڕای هەندێك سەرنجو تێبینی کە لە لایەنەکانی ترەوە لەسەریان هەیە. مرۆڤ بەدەر لەو لایەنانە وانەی هیممەتبەرزیی، دڵسۆزیی، جوانکاریی‌و داهێنانو دەستڕەنگینیی‌و متمانە بەخۆبوون، فێردەبێت.

**٤ـ بەشداریی کۆنگرەی ڕێکخراوە جیهانییە ئیسلامییەکان:**

هەمان ڕۆژی (٢٩/٥/٢٠٠٦ز) لە هۆڵی کۆنگرەکانی هۆتیل (جەواهر) بانگێشتکرابووین بۆ بەشداریی کۆنگرەی جیهانیی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، کە ساڵانە لە بۆنەی یادی فەتحی (قسطنطينية)دا ساز دەکراو سێ ڕۆژ دەخایاند.

لەو کۆنگرەیەدا کەسایەتیی ناوداری تورکیاو سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیا نجم الدين ئەربەکانو نوێنەری کۆنگرەی جیهانی ئیسلامیی‌و چەندین کەسایەتی تر بە وتارو بروسکە بەشدارییان کردو کێشەو پرسە گەورەکانی ئوممەتی ئیسلامو جیهانی ئیسلامییان خستە بەر باسو توێژینەوە.

شەرەفێکی گەورە بوو بۆمان کە لەو ڕۆژەدا لە نزیکەوە دەیان کەسایەتیی ئیسلامیمان لە سەراسەری وڵاتانی عەرەبیی‌و ئیسلامیی‌و ئەوروپییەوە بینی، کە بۆ بەشداریی ئەو کۆنگرەیە میوانداریی کرابوون، جگە لە زیاتر لە (٢٥٠) کەسایەتیی‌و سەرۆک‌و نوێنەری لایەن‌و ڕێکخراوی ٢٣٥ ئیسلامیی جیهانیی.

جێی باسە مامۆستا صلاح الدين وەک ئەندامی (لیژنەی سیاسی کۆنگرە) هەڵبژێرراو لە وتارێکیدا تیشکی خستە سەر ڕۆڵی گەلی کورد لە مێژوی شارستانێتی ئیسلامیداو پێگەی دیارو بەرچاوی کورد لە نەخشەی ئوممەتی ئیسلامیدا، بەو هەموو کەسایەتییە هەڵکەوتووانەی کە پێشکەشی ئوممەتی کردووە. بۆیە داوای کرد کە وەک گەلێکی خاوەنی پرسێکی عادیلانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بە هاوشانی سەرجەم گەلانی تری جیهان.

---

٢٣٥ لەوانە نجم الدين ئەربەکان، د.عبد المنعم أبو الفتوح لە میصر، د.مصطفى طحان لە کوەیت، سیف الإسلام، کوڕی حسن البنا، ڕەجائی کۆتان سەرۆکی کۆنگرەو سەرۆکی حزبی سەعادە، قازی حسین سەرۆکی جەماعەتی ئیسلامیی باکستان، بانگخوازی ناسراوی لوبنانیی فەتحی یەکەن، نوسەری سورییایی هەڵکەوتوو حەسەن هوێدی‌و چەندین کەسایەتی تری میصری‌و مەغریبی‌و ئوردونی‌و مالیزی‌و کەنداویی، جگە لە چەند کەسایەتیەکی تری کوردستان، وەک بەڕێز مامۆستا صلاح الدين محەممەد ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، مامۆستا عبدالرحمن پیرانی، ئەمینداری کۆمەڵی دەعوەت‌و ئیصلاح لە ئێران، کە بانگێشتی کۆنگرەکە کرابوون. ◘

**٥- گەشت و گەڕان بە دەزگاو دامەزراوەکاندا:**

ڕۆژی پێنج شەمە (١/٦/٢٠٠٦ز) سەردانی چەند دامەزراوەیەکی هونەریی‌و ڕووناکبیریی‌و فیکریمان کرد، لەوانە: دامەزراوەی ڕۆشنبیریی (نەسل) کە دامەزراوەیەکی تایبەتە بە چاپو بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نور، کە سەرپەرشتی (١٦) دامەزراوەی ئیسلامیی‌و ڕووناکبیریی دەکرد، هەروەها سەردانی مەرکەزی دەرکردنی گۆڤاری (مورال)مان کرد کە مانگانە دەردەچوو. لە هەمان شوێن سەردانی ڕادیۆی (مورال)مان کرد کە (٢٤) کاتژمێر پەخشی هەبوو و بە یەکەم ڕادیۆی ئەهلیی لە تورکیا دادەنرێو لە (٧٥٪)ی ناوچەکانی تورکیا وەریاندەگرت.

دواتر سەردانی سەنتەری (توێژینەوەیناملیکەکانی نور)مان کرد، بەرپرسەکەی پێی وتین: کە لای خۆیان‌و بە هاوکاریی ئەوان بە (٤٠) زمانی جیهان پەیامەکانی نور وەرگێڕاون‌و بڵاودەکرێنەوە. ئەم دامەزراوە فەرهەنگیی‌و ڕووناکبیرییە زیاتر لە سی ساڵە خزمەت بە فیکری ئیسلامیی‌و پەیامەکانی نور دەکات.

هەمان ڕۆژ سەردانی سەنتەری (سۆز)مان کرد، کە ئەویش تایبەتە بە باس‌و توێژینەوەی پەیامەکانی نورو لەگەڵ سەرۆکی سەنتەرەکەو چەند ئەندامێکی کارای سەنتەرەکە، دیدارمان کرد.

**٦- سەردانی کەنداوی ئەستەمبوڵ‌و مزگەوتی (أبو أیوب):**

یەکێك لە گەشتە بەتامەکان لە ئەستەمبوڵدا، گەشتی دەریایی‌و بینینی تەنگەی ئاوی ئیجەو کەنداوەکانی دەوروبەریەتی. لەو گەشتەدا چاوساغان‌و ڕابەران سیناریۆی پرۆسەی ئازدکردنی شاری (قسطنطینیة) وێنادەکەن بۆ بینەران، کە چۆن لە ناو دەریاوە، بە پشتی دیوارە ئەستوورو

سەرسوڕهێنەرەکەی شورەی شاردا، سوڵتانو سەرکردەکان، پلانی ئازادکردنیان کێشاوەو لە دیوی وشکاییەوە کەشتییان بەسەر پیوی ئاژەڵاندا شۆڕکردووەتەوە، بەو شێوەیە بە دیوی پشتەوەی پاسەوانانی شورە مەحکمەکەی سەر دەریادا چوونەتە ناو دەریاو بە ناڵەی (الله أكبر) ڕشتەی هەزاران ساڵەی ڕۆمییەکانیان شکار کردەوەو سوپای ڕۆمیان هەراسان کردووەو وەك کەرامەت گوزارشتیان لەو هەڵمەتو پەلامارە مێژوییە کردووە.

هەر لەو گەشتەداو بۆ پشووی گیان، سەردانی مزگەوتی یاری خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ (أبو أيوب الأنصاري)مان کرد، کە گڵکۆ مێژوییەکەشی لەوێیە، ئەو گڵکۆیەی کە ڕۆمانێك لە بەسەرهاتو چامەیەکی نەبڕاوە لە سۆزو ئەوینو دەریایەك لە بڕوای بەتینو هیممەتی لەخۆگرتوە.

سەرەتای ئەم ڕۆمانە بەوە دەست پێدەکات کە سەدان ساڵ لەو دیوی دیواری (قسطنطينية)وە پیلانی خیانەتو پەلاماردانی سەرزەوی ئیسلام بەردەوام بوو، بۆیە هێزی بەرگری ئوممەتی ئیسلامیی، بەردەوام لە بیری بەزاندنی شورەی هەزاران ساڵەی دیواری (قسطنطينية)دا بوون. دەیان سەرکردە لەو پێناوەدا شەهید بوونو هەزاران موجاهید ماندوو بوون، لە یەکێك لە هەڵمەتەکانی سەردەمی (موعاویە)دا ئەم (أبو أيوب)ە- کە هاوەڵێکی بەساڵاچووی پێغەمبەری خوا بوو، تەمەنی لە هەشتاکاندا بوو- سەرکردەیەکی مەیدانیی بوو، تا ئەو شوێنەی فەرمانی سوپایی ئیزن بدات، چووە پێشەوە، یەکێك لە هاوەڵان خۆی بۆ نەگیراو، چووە سەر شورەی شارو خۆی خستە ئەودیو، واتە بەری سوپای دوژمن، هەندێك لە سەربازانی هاوڕێی وتیان: خۆی خستە تەهلوکەوە. یانی: خۆی تووشی مەترسیی کرد، لە ئاماژەیەکدا بۆ ئایەتی ﴿ولا تُلقُوا بِأيديكُم إلى التَّهْلُكَةِ﴾

البقرة/١٩٥، کەوا دیارە لەو کاتەوە زۆر کەس بە هەڵە دەچنە خزمەتی ئەو ئایەتەو لە غەیری جێی خۆیدا بە بەڵگە دەیهێننەوە.

(أبو أیوبی ئەنصاری) ـ کە گوێی لەو قسەیە بووـ سەری هەڵبڕیو وتی: ئەو ئایەتە بۆ ئەو باسو مەبەستە نەهاتووەتە خوارەوە، ئەو ئایەتە دەربارەی ئێمەی (أنصار)، ئێمەی پشتیوانانی (مهاجرین)و کۆچبەرانی مەککە دابەزیوە. کاتێك کە موسڵمانان لە مەدینە وەزعیان باش بوو، هەندێك لە ئێمەی (پشتیوانان) کەوتینە مقۆمقۆی ئەوەی کە بچینەوە بە دەم کشتوکاڵو کاروباری خۆمانەوە، چونکە سوپاس بۆ خوا وەزعی (مهاجرین) باش بووە. بەهەرحاڵ لە قسەکانیدا بۆنی ئەوە هاتووە کە هەستی بەخشینو (إنفاق) لە لایان کز بووبێت، بۆیە (أبو أیوب) فەرمووی: لەو هەلومەرجەدا ئەم ئایەتەی کە ئێوە ئێستە ئیشارەتان پێکرد، دابەزی. کە سەرەتاکەی بەبیرخستنەوەی ئێمە بوو بۆ بەخشین، دەفەرموێ ﴿وأنفقوا في سبيل الله﴾ البقرة/١٩٥.. بەڵێ، (أبو أیوب) لە ژێر ڕەهێڵەی تیرو ڕمی ڕۆمییاندا سەرگەرمی ڕاستکردنەوەی چەمکەکان بوو، ویستی گوزارشت لەوە بکات کە تەهلوکە ئەوەیە مرۆڤ هەستی (ئینفاق)و خێرکردنو بەخشینو خەمخواردنی هەژارانی لاواز ببێت، نەك ئەوە کە بچێت بەگژی دوژمناندا؟!

جێی خۆیەتی کۆتایی ڕۆمانەکەش باس بکەم کە ئەوە بوو: (أبو أیوب) لەو کاتەدا نەخۆش کەوت، وەصیەتی کرد کە ئەگەر کوژرام یان مردم، لە

دوورترین شوێنی ئەم ناوچەیەدا، لە ناو خاکی ڕۆمدا بمنێژن، تاکو لاشەکەم شاهید بێت، کە تا هەرکویێ توانیم، لە پێناوی خوادا، ڕۆشتم![٢٣٦]

خوێنەری بەڕێز! ڕەنگە بەڕێزت کەمتر چێژ لەم دیباجەو کۆتایی کورتە بەسەرهاتە بەریت، بەڵام بەندەو هاوڕێیانی ئەو گەشتە، زۆر چێژمان لێ برد، چونکە لە حەوشەی مزگەوتی (أبو أيوب)و لە کاتی سەیرکردنی گومەزو گڵکۆکەیدا، ئەم هەڵوێستو بەسەرهاتەم بۆ برایان گێڕایەوە، بەو هیوایەی خوای بەدەسەڵات گیانی ئەو پێشەنگە قارەمانەو هاوەڵانی ئاگادار بکاتەوە، کە نەوەکانی ئیسلام پاش نزیکەی (١٥) سەدە، شانازیی بە هەڵوێستەکانیانەوە دەکەن.

ماوەتەوە ئەوە بڵێم: سەردانی سوننەتییانەی گۆڕستان ئاوا دەبێو ئەوە نموونەیەکە لە سوودو بەهرەکانی.

**٧ـ سەردانی شاری ئیسبارتە، مەنفای مامۆستا نورسی:**

ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٣ز) بە یادی بەسەرهاتە تاڵو شیرینەکانی نورسی، کەوتینە ڕێ بەرەو شاری (ئیسبارتە)، ئەو شارەی نورسی بۆی دوور خرایەوە، کە مەرکەزی پارێزگای ئیسبارتەیەو دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای تورکیا، واتە بە تەواویی لە ڕووی جوگرافیی‌و کۆمەڵایەتییەوە پێچەوانەی شاری (وان)ی نشینگەی نورسییە.

ساڵی (١٩٢٥ز) کە مامۆستا نورسی سەرگەرمی بێدارکردنەوەی نەتەوەکەی بوو، دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە لە دەستەپاچەیی خۆیاندا،

---

٢٣٦ بۆ درێژەی ئەم بەسەرهاتە، بڕوانە: سير أعلام النبلاء، الذهبي، بەرگی (١)، ژیاننامەی (أبو أيوب الأنصاري).

نەیانزانی چۆن ڕوبەڕوی ئەو پیاوە ببنەوە، چەکێکیان نەما بەکاری بهێنن، جگە لە نەفیکردنو دوورخستنەوە، بۆیە لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە، دووریان خستەوە بۆ خۆرئاوای تورکیا، بۆ شاری (بوردور)و حەوت مانگ لەوێ مایەوە، پاشان ناردیان بۆ شاری (ئیسبارتە) کە دەکەوێتە خوارووی خۆرئاوای تورکیاو بەپێی قسەی یەکێك لە قوتابییانی نور ئێستە نزیکەی (١٥٠) هەزار نفوس لەو شارەدایە، کە زۆربەی زۆریان تورکن..

ئێمە زۆر کارمان بەم باسانەوە نەبوو، ئێمەی گەشتیارانی نور کەمەندکێشی ئەو شارە مێژوییە بووبووین، لەبەر ئەوەی بۆنی نورسی دەدا، لەبەر ئەوەی ماڵە خنجیلانەکەیو بەشێك لە جلو بەرگو ڕایەخو کەرەستە شەخصییەکانی زمانی حاڵیان بانگیان لێکردبووین: وەرن، تەوازوعو خاکییەتیو ساکاریی ببینن. وەرن هیممەتو ورەبەرزییو ئومێد ببینن. وەرن ببینن پیاوی ئازا چۆن (مەنفا)کەی دەکاتە (مەنفەعەت)، وەحشەتگەی دەکاتە خەڵوەتگەو لە زیندانی بێ هیواییدا، قوتابخانەی ئومێد دادەمەزرێنێو ژێرزەمینی ستەمکاران دەکاتە کۆشکی فێرکردنی وانەی دادگەرییو لە تاریکی بێ نازییو بێ سۆزیدا، سروودی خۆشەویستیو ڕێزو میهرەبانیی دەچڕێو خۆیو قوتابییە وەحشەت زەدەکانی دەکاتە مامۆستای ئونسو ئەوین. وەرن ببینن چۆن شاری (ئیسبارتە)ی غەوارەو غەریبان، دەکاتە ژوانی دڵانو بۆتەی تێکەڵکردنەوەی دڵو گیانە (مُجنّد)ەکانو لە باخچەی (ئەیازمە)ی بەرزاییەکانی ئیسبارتەوە دەڕوانێتە داهاتووی تورکیاو وڵاتانی ئیسلامییو بە دەم زەردەخەنەوە ئەسەف دەردەبڕێ بۆ عەقڵە

بچووکەکەی (سەرکردەکان)ی ئوممەت، کە توانای گوێگرتن لە قسەی حەقیشیان نیە، چ جای پەیڕەوکردنی حەق، یان داکۆکیکردن لە حەق.

**٨ ـ سەردانی (الوقف المكي للتربية) لە ئیسبارتە:**

لە ئیسبارتە چووینە شوێنێك کە لە شوێنەوارەکانی پیتو فەڕی نورسی بوو، دامەزراوەو کۆمەڵگەیەکی گەورە بوو بە ناوی (الوقف المكي للتربية)، کە ساڵی (١٩٩٦ز) کراوەتەوەو لە چەندین بەش پێکهاتووە، وەك: پۆلو هۆڵەکانی خوێندن، بەشی ناوخۆیی، باخچەو شوێنی تایبەتی وەرزش، هۆڵی وانەو وتاری گشتیی، مزگەوت، چێشتخانەو کافتریای تایبەت، بەشی فێربوونی کۆمپیوتەر. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پێی ڕاگەیاندن کە تەنها لە ساڵی (٢٠٠٥)دا ـ ساڵێك پێش چوونی ئێمە ـ (١٠٠) قوتابی بە تەواویی قورئانی پیرۆزیان لەبەرکردووە، سەدانی تریش بە شێوەی جیاجیا چەندین جوزئیان لەبەرە. جگە لەمەش قوتابیان بەشێك لە زانستە ئیسلامییەکان دەخوێنن، وەك: تەفسیرو فەرموودەو فیقھ.

شایانی باسە لەو قوتابخانەیەدا هەردوو ڕەگەزی کوڕانو کچان دەخوێنن، شوێنی وەرزشو خواردنو پشوو و حەوانەوەشیان بە جیاجیا بۆ تەرخان کراوە.

**٩ـ کۆڕێكو چەند وتارێك:**

لە شەوی هەمان ڕۆژدا، لە ئێوارە کۆڕێکی ئیمانیدا کە نزیکەی (٤٠٠) کەس لە نوخبەی دانیشتووانی شاری ئیسبارتە ئامادەبوونو قوتابییانی نور بۆیان سازکردین، بەشداربووین. پاش بەخێرهێنانو دەرخستنی هەستی برایەتییان، داوایان لێ کردین وتار پێشکەش بکەین. مامۆستای هاوسەفەرمان (محمد عبدالرحيم) وتارێکی ئیمانیی بە پێزی پێشکەش

کرد، تیایدا هەستی برایەتیی ئیسلامیی خۆمانی بۆ ئامادەبووان دووپات کردەوەو تیشکی خستە سەر چێژی خۆشەویستیی لەبەر خوا. هەروەها هەندێك لایەنی پرشنگداری ژیانی نورسی ڕوون کردەوە.

پاش ئەو، داوایان کرد بەندەش وتارم هەبێت، بە کورتی باسێکی سەرەتاکانی ئاشنایی خۆمانم لەگەڵ مامۆستا نورسی بۆ کردن، عەرزم کردن کە لە ساڵی (١٩٨٠ن)دا بۆ یەکەم جار کورتە باسێکم وەك نامیلکە لەسەر ژیان‌و خەباتی نورسی نووسی، بۆ ئاشنابوونی کوردزمانان بەو پیاوە گەورەیە. دواتر هەوڵی گەورەتر دراو زۆرێك لە پەیامەکانی نور لە لایەن بەڕێز مامۆستا فاروق ڕەسوڵەوە وەرگێڕران بۆ زمانی کوردیی، پاش ئەوەی مامۆستا ئیحسان قاسم زۆرێکیانی لێ کردبوونە عەرەبی.

جگە لەوە لەو کورتە وتارەدا ئەم خاڵانەم عەرز کردن:

ا- هەمووومان یەك سەرچاوەمان هەیە، ئەو سەرچاوەیە ئێمەو نورسی‌و نورییەکان‌و هەموو موسڵمانان بە تان‌وپۆی زەمین‌و زەمان‌و مێژوودا، بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، سەرچاوەی قورئان‌و فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ.

ب - پاشان باسی نیعمەتی برایەتیی ئیمانیم کرد، لە ژێر سایەی تەفسیری ئایەتی ﴿وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ الأنفال/٦٣، هەروەها ئایەتی ﴿وَاعْتَصِمُوا بحبل اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا..﴾ آل عمران/ ١٠٣.

ج ـ دواتر باسی ئەو منەتەی خوای گەورەمان کرد بەسەرمانەوە، منەتی هیدایەتدامان بەرەو ئیمان: ﴿يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُلْ لا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلامَكُمْ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلإِيمَانِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ الحجرات/١٧.

هـ ـ دواتر ئەو گوتەیەم شی کردەوە کە یەکێك لە زانایانی سەلەف دەڵێت: ئەگەر دوژمنانمان بزانن ئێمە لە چ کامەرانییو خۆشحاڵییەکداین، شەڕیان دەکرد لەگەڵمان لەسەری.. هەروەها دەڵێت: حاڵەتی ئیمانیی وا دێت بەسەرما، ئەڵێم: ئەگەر دانیشتووانی بەهەشتیش ئەوەندە کامەران بن، خۆش بەحاڵیان.!

دـ پاشان لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانیش دانیشتبوون، تیشکێکم خستە سەر فەرموودەی (سبعة يظلهم الله في ظله..) کە یەکێکیان (وشاب نشأ فی طاعة الله)یە. پاش وتارەکە گوێمان لە مامۆستایەکی ئەوانیش گرت کە بە گەرمیی خۆشحاڵیی دەربڕیو باسی بەشێك لە کارو چالاکییەکانی خۆیانی کرد.[٢٣٧]

---

٢٣٧ تێبینی: وتارەکانی ئێمە بە زمانی عەرەبی بوون، چونکە ئامادەبووان هەموو تورك بوون، بەشێکیان لە عەرەبی تێدەگەیشتن. بەڵام بۆ ئەوەی پەیامەکەمان بە تەواویی بگات، برای هاوکارمان کاك هیوا غەفور وتارەکەی وەردەگێڕایە سەر تورکی. ◘

١٠ـ **سەردانی ماڵەکەی نورسیو هەندێك لە بەجێماوەکانی:**

ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٣ز) چووین بۆ ماڵێکی خنجیلانەی دوو قات، کە ڕووبەرەکەی تەنها (١٥٠) مەتر دوو جا بوو، ژێرەوەی شتێکی وای تێدا نەبوو، جگە لە ئوتومبێلێکی سالآنی سییەکان، کە هەڵوێستە لەسەرکردنی دەوێو پاش کەمێکی تر دەگەڕێمەوە سەری.[٢٣٨]

کە چووینە سەرەوە هەیوانێكو سێ ژوور بوون. ژوورێکیان کرابووە جێی پاراستنی بەشێك لە جلو بەرگەکانیو ئەو قاپو قاچاخەی نورسی بەکاری هێناون. کراسو جلو جامانەکەی ڕایگرتین، دەتوانم بڵێم تووشی شۆکی کردین. بۆ دەبێ ئەو پیاوە گەورەیە چەندین پینە بە جلەکانییەوە بن؟ یان چۆن دەبێ لەولاوە جلو پێڵاوی پیناویی بن، بەڵام ئۆتۆمبێلی هەبێت؟ لە ساڵانێکدا کە لە سەدا یەکی هاووڵاتیان ئۆتۆمبێلیان نەبووە.

بەڵێ، لێرەوە داستانی سەیارەکەی دەست پێ دەکات:

نورسی بۆ خۆی وا ژیاوە، جلی پیناویی، وەسائیلی سادە، بۆ خزمەتی خۆی، بەڵام سەیارە، بۆ کاری بانگەوازەکەی. جا لەبەر ئەوەی لەو شارەو دەوروبەریدا خۆیو هاوکارانی سەردانی گوندەکانیان کردووەو وانەو وتاری هەبووە، ڕێگری نەکردووە کە ئوتومبێل بکڕن، چونکە خزمەتی گشتییو بەرژەوەندیی بانگەوازەکەی تێدا بینیوە، جگە لەوەش کاتی زێڕینی بۆ گێڕاوەتەوە. سەیر تر لە هەمووی ئەوەیە کەس لەو ساڵانەدا ـ ساڵانی سییەکانی سەدەی پێشوو ـ لەو شارەدا ئوتومبێلی نەبووە جگە لە

---

٢٣٨ لە پاشکۆی بەڵگەنامەو وێنەکاندا بڕوانە وێنەی (٥) بۆ بینینی ئەو ئوتۆمبێلە.

سەرکردەیەکی سەربازیی ئەو شارە. واتە ئەو دووەم کەس بووە ئەو ئۆتۆمبێلەی هەبووە،! با ڕاستتر بڵێین: ئۆتۆمبێلی بەکارهێناوە.

هەمان حاڵەتمان لە ژووری دووەمی ماڵەکەیدا بینی، سیسەمێکی ئاسنینی هەبوو، دوو ئامێری (زەنگ)ی ئاگادارکردنەوە لای دەستیدا دانرابوون، کە پرسیمان واتاو مەغزای ئەم دوو جەرەسە چیە؟ وتیان: یەکێکیان بۆ بانگکردنی ئەو کەسە بووە کە لەوێ خزمەتی کردوە ـ چونکە ژن‌و منداڵی نەبووە ـ دووەمیشیان بۆ چەند قوتابییەکی بووە کە لە یەکێك لە ژوورەکاندا بوون. ئەوەش ڕاهێنانێك بووە، ئەگەر خوێنەر بگەڕێتەوە سەرەتای سەدەی بیست‌و ساڵانی سییەکان، تێ دەگات کە نورسی بە جلە پیناوییەکانەوە، چ پیاوێکی پێشکەوتووی شارستانیی‌و ڕێك‌وپێك بووە؟

بەڵێ، بە ڕاستی شاری (ئیسبارتە) بە هۆی خەڵوەتگەی نورسی‌و جلە پیناوییەکانیەوە کەوتە مێژووەوە. قەدەری خواش هەر وایە، هەر شارو ناوچەو شوێنێك، یان هەر سات‌و کات‌و زەمەنێك، یان هەر کەسێك لە مرۆڤەکان، بە هۆیەکەوە دەخاتە لاپەڕەکانی مێژوو.

قوتابییە دڵبێدارەکانی نورسی ـ کە ئێستەش لەو شارەدا بە هەمان نەفەسەوە دەخوێنن ـ لە فرسەتێکدا دەعوەتییان کردین بۆ بەرزاییەکانی باخچەی (ئەیازمە)، کە بەسەر شاری (ئیسبارتە)دا دەڕوانێت، ئەو شوێنەی نورسی لە فێنکیی ئێوارەندا سەری لێ دەدا. لەوێ نانێکی نورسییانەی سادەمان خوارد، یەکێك لە قوتابییەکان وتی: لەم شارەدا کە لەبەرچاومانە (٢٠٠) قوتابی نور لە بەشی ناوخۆییدا دەمێننەوە، نامیلکەی نور دەخوێنن‌و فێری تەعالیمی ئیسلام دەبن. لەو کۆڕە ئیمانییەدا بە گرتنی

هەندێك وێنەی دۆستانەو وتووێژی برایانەو چەند دوعایەك کۆتاییمان هێناو گەڕاینەوە ناوشار.

**خۆ وەقفکردن بۆ خزمەت:**

پێش ماڵئاوایی لەم گەشتەدا جێی خۆیەتی خوێنەرانی بەڕێز لە داهێنانێکی گەورەی قوتابیانی نور ئاگادار بکەمەوە، کە ئەویش خۆوەقفکردنە بۆ خزمەت. زۆربەی زۆری بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەو سەنتەرو دامەزراوانەی نوور کە باسمان کردن‌و سەدانی تر کە باسیان لێ نەکراوە، لە چەند گەنجێکی چالاکی لێبڕاو پێکهاتوون، کە وازیان لە ژیانی ئاسایی خۆیان هێناوەو بڕیاریان داوە کە لە خزمەتی ئەو دامەزراوانەدا بن، ئەوانەیان کە توانای داراییان هەیە، بە بێ هیچ بەرامبەرێك خزمەت دەکەن، ئەوانەشیان کە سەرچاوەیەکی داهاتیان نەبێ، بە بڕێکی زۆر کەم‌و بۆ دابینبوونی لای کەمی بژێوی خۆیان شتێك وەردەگرن. هەندێ لەو کەسانە ژن‌و مێردێکن کە کاریان بۆتە خزمەتی میوانان‌و وەفدی بیانی، یان خزمەتی قوتابییانی نوور، هەندێکی تریان بۆ ساڵانێکی زۆر تورکیا بەجێ دەهێڵن‌و بۆ هەمان مەبەست دەچنە وڵاتانی تر، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری قوتابخانەو دامەزراوەکانیان.

## دووەم/ تاوتوێی چەند تەوەرێکی فیکریی

بەشێك لە بەرنامەی ئەو گەشتە نورانییە، تاوتوێی چەند تەوەرێکی فیکریی بوو، لەوانەی کە نورسی لە پەیامەکانیدا باسی کردوون، یان ئاماژەی پێکردوون، یان بە بیری خۆماندا هاتنو پەیوەندیدار بوون.. لەبەر گرنگییانو سوودی گشتیی لێرەدا دەیانخەمە ڕوو:

**١ـ بۆچی موسوڵمانان سەرناکەون، کە لەسەر حەقیشن؟**

ئەمە پرسیارێك بوو کە لە کۆڕە ئیمانییەکەی شەوی هەینی لەسەر شەممە (٢٦/٥/٢٠٠٦ز) وروژێنرا. هەر یەك لە برایانی بەشداری گەشت، لە گۆشە نیگای خۆیانەوە وەڵامیان دایەوە. بەندەش بە چەند پەیڤێك بەشداریم کرد، پوختەی بۆچوونم ئەم وێنایەی لێ کەوتەوە:

اـ موسوڵمانان لە بنەڕەتدا لەسەر حەقن، وەك هەڵگرانی پەیامێکی ڕاستو دروست، وەك هۆگرانی ئاینی حەق. واتە ئەو ئیسلامەی پێی ناسراون، ئاینی حەقی خوایە. مەرج نیە تاك تاکی خۆیان لەسەر حەق بن، چونکە مەرج نیە تاك تاکیان پەیڕەوی حەق بکەن.

ب ـ یەکێك لە نیشانەکانی ئەوەی بە تەواویی لەسەر حەق نین، ئەوەیە کە سوننەتە گەردوونییو تەشریعییەکانیان فەرامۆش کردووە، هەر ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی پاشکەوتنیان.

ج - سوننەتی خوا وەهایە کە مرۆۋ یەکێك بێت لە فاکتەرەکانی گۆڕانکاریی: ﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلاَ مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ﴾الرعد/١١، مرۆڤیش ـ وەك تاك ـ هیچی دەستناکەوێت ـ چ لەم دونیا، چ لەو دونیاـ مەگەر ئەوەی بۆی دەکۆشێت: ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلا مَا سَعَى﴾ النجم/٣٩.

د- ئەم یاسایە گەردوونییەو بڕوادارو بێباوەڕ تیایدا یەکسانن: ﴿كُلًّا نُمِدُّ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا﴾ الإسراء/٢٠.

هـ - جگە لەوە هەندێ هۆکاری تریش هەن:

– پاشکەوتنو پەرتەوازەیی ڕیزەکانی ئوممەت:

﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾ الأنفال/٤٦.

– پشتهەڵکردن لە خوای گەورەو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و موسڵمانان:

﴿وَمَن يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ﴾ المائدة / ٥٦.

بە کورتی لە قورئاندا هۆکارە بنەڕەتییەکان (خودی)ن، واتە ئەگەر ئوممەت پابەند بێ بە ئاراستە قورئانییەکان، دوژمن زیانیان پێناگەیەنێ:

﴿وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا﴾آل عمران، ١٢٠

**٢- چەمکی دونیاو ژیانی دونیا:**

لە کۆڕی ئیمانیی ڕۆژی (٢٠٠٦/٥/٢٧)دا (چەمکی ژیانی دونیا) کرا بە تەوەرێكو توێژینەوەی لەسەر کرا. سەرەتا گوتە مەشهورەکەی مامۆستا نورسی لەسەر (چەمکی ژیانی دونیا)و لایەنەکانی خرایە ڕوو:

یەکەم: ڕەنگدانەوەکانی ناوە پیرۆزەکانی خوا لە دونیادا.

دووەم: دونیا کێڵگەی دوارۆژو گۆڕەپانی کارە.

سێیەم: لایەنە زەمکراوەکەی: بوغرابوونە بە دونیاو پێشخستنیەتی بەسەر دوارۆژدا.

پاشان بەندە بەم چەند پەیڤە بەشداریم کرد:

- دونیا لە هیچ شوێنێکی قورئاندا زەم نەکراوە، باس لە ژیانی دونیا (الحياة الدنيا) کراوە، کە (صیفەو مەوصوف)ە. زەمی (غرور)ی دونیا

کراوە، واتە ئەو شتانەی کە مرۆڤ لەخشتە دەبەنو یاخیو سەرکەشی دەکەنو پاشەڕۆژی لەبیردەبەنەوە.

ـ لە سەرێکی ترەوە ئەوە زەم کراوە کە مرۆڤ بایەخی زیاتر بەم ژیانە بدات، واتە لەسەر حسابی دواڕۆژو لە بیری بچێ ئەمیان کورتو کاتییەو ئەویان نەبڕاوەو هەمیشەیی. واتای (دنیا) خۆیشی هەر ئەمەیە، واتە: ئەو شتەی نزیکەو لەپێش دەستوچاوی مرۆڤە.

ـ بەداخەوە زۆرێك لە موسڵمانان بە هەڵە لەم بابەتە تێگەیشتوونو ئەم چەند ڕاستییەیان لە بیرچووەتەوە:

ـ ژیانی دونیا جێی بەهرەمەندبوونی بەندەکانی خوایە بە نیعمەتەکانی جوانییو (زینەت)و ڕۆزییە خاوێنو پاکەکان، کە خوا حەڵاڵی کردوون: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ الأعراف/٣٢.

ـ ژیانی دونیا جێی مژدەدانە بە دۆستانی خوای گەورە: ﴿أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ (٦٢) الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُون (٦٣) لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ﴾ يونس/٦٢ـ ٦٣.

ـ ژیانی دونیا جێی دڵقایمکردنو ڕاگیرکردنی ناخی بڕوادارانە: ﴿يُثَبِّتُ اللّهُ الّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللّهُ الظّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللّهُ مَا يَشَاءُ﴾ إبراهيم/٢٧.

ـ ژیانی دونیا جێی سەرخستنی خوایە بۆ پێغەمبەرانو بڕوادارانی شوێنکەوتەیان: ﴿إِنّا لَنَنْصُرُ رُسُلَنَا وَالّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ﴾ غافر/٥١.

– ژیانی دونیا جێی پشتگیریی‌و خۆشەویستیی خوایە بۆ بەندەکانی: ﴿نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ﴾

- ژیانی دونیا جێی دابەشکردنی ژیان‌و بژێوییە لە نێوان بەندەکانی خوادا: ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ الزخرف/٣٢.

ئەمە نرخ‌و بەهاو بایەخی ڕاستەقینەی ژیانی دونیایە. ئەی کەواتە چ شتێکی دونیاو کوێی دونیا خراپەو زەم کراوە؟

وەك لە سەرەتاوە وتمان: لایەن‌و شتە یاخیکارەکان‌و (غرور)ەکان جێی زەمن. ئەو کەسانەش جێی زەم‌و گلەیین کە لەسەر حسابی دواڕۆژیان، زیادە بایەخ بەملا دەدەن، لە شتانێکدا دەردی ئەولایان ناخوات: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّوا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ﴾ النحل/١٠٧. ئەم تێگەیشتنە هەڵوێستە لەسەرکردنی دەوێت.

**٣- پرۆژەی چاکسازیی گەورە:**

لە عەسری ڕۆژی (٥/٢٨)دا تاوتوێیەکی زۆری (پرۆژەی ڕێنسانسێکی ئیسلامیی هاوچەرخ) کرا. مامۆستا ئیحسان قاسممان لەگەڵدا بوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی (پەیامەکانی نوور) بەسن بۆ ئەو ڕاپەڕینە سەراسەرییەی چاوەڕێ دەکرێ. ئێمە لەوەدا زۆر هاوڕا نەبووین، دەمانوت: پرۆژەی وا دەبێت زۆر فراوانتر بێت، لە ئاستی (تحدّيات)ی دوژمناندا بێت، دەبێت لە مرۆڤەکانەوە دەست پێبکات، تا دەگاتە ڕاستکردنەوەی چەمکەکان‌و ئیصلاحی ڕژێمەکان‌و هیدایەتی کۆمەڵگەکان‌و چاکسازیی یاساکان‌و گۆڕانکاریی دەستورەکان‌و..هتد. پرۆژەی وا، کاری گەورەی دەوێت. یەکخستنی پرۆژە ئیصلاحییەکانی دەوێت، پەیامەکانی نوور دەکرێ لەنگەرێکی گەورە

بگرن‌و بۆ زۆربه‌ی بواری چاکسازیی تاك‌و کۆمه‌ڵگا ڕابه‌رو پێشه‌نگ بن، به‌ڵام ناکرێت ته‌نها پشت به‌وان ببه‌سترێت.

**٤ـ چی بکه‌ین‌و چی نه‌که‌ین ؟ نه‌ك: چی ده‌بێ‌و چی نابێ؟**

هه‌ر له‌م باسانه‌دا گوته‌زاکه‌ی مامۆستا (ناصر سوبحانی)مان خسته‌وه یاد: چی بکه‌ین‌و چی نه‌که‌ین؟ نه‌ك: چی ده‌بێ‌و چی نابێ؟ یه‌که‌م ئه‌رك‌و کاری ئێمه‌یه. دووه‌میان کاری خوای گه‌وره‌یه. ئه‌وه‌ی ڕابورد ڕۆیشت‌و به‌سه‌ر چوو: نه ده‌گه‌ڕێته‌وه، نه ئێمه‌ی تێداین، تا ئه‌رکی خۆمانی تێدا بهێنینه سه‌ر. ئه‌وه‌ش نه‌هاتووه: نه له پێش ده‌ستمانه‌و نه ئێمه‌ی تێداین، تا به هه‌مان جۆر ئه‌رك‌و کاری تێدا بکه‌ین. که‌واته ئه‌رك‌و کارمان له حاڵی حازردایه، له ئه‌مڕۆو ئه‌و ساته‌وه‌خته‌دا که تێیدا ده‌ژین. ئێسته چی بکه‌ین؟ هه‌ر ئێسته چی نه‌که‌ین؟ چی بووه‌و چی نه‌بووه ـ له ڕابردودا ـ ڕۆیشت‌و تێپه‌ڕی‌و به‌سه‌رچوو! چی ده‌بێ‌و چی نابێ ـ له داهاتوودا ـ نه‌هاتووه‌و کاری ئێمه نیه.

ته‌نها لێره‌دا ماوه‌ته‌وه ئه‌وه بڵێین که: له ڕووی ئاینده‌بینیی‌و (ئیستیشراف)ی (موسته‌قبه‌ل)و پێشبینی داهاتوو، به نیازی پلاندانان بۆ ئه‌وه‌ی چی بکه‌ین‌و چی نه‌که‌ین؟ ده‌بێ قسه له داهاتوو بکه‌ین، بۆ په‌ندوه‌رگرتنیش، به‌هه‌مان جۆر، ده‌کرێ باس له ڕابردوو بکه‌ین. له‌مه زیاتر ئێمه ڕۆڵه‌ی حازرین‌و دونیا به دیار ئێسته‌و کارو ئه‌رکی ئێسته‌مانه‌وه ڕاوه‌ستاوه، ئێسته چی بکه‌ین‌و چی نه‌که‌ین؟

**٥ـ هەڵوێستەیەك لەگەڵ (تەصەووف) و (حلول):**

لە فرسەتێکدا ڕۆژی (٥/٢٩) مەکتوبی (٢٩)ی مامۆستا نورسیمان خوێندەوە، کە ئاماژەی نۆهەمی باسی مەترسییەکانی پێترازانە لە (تەصەووف)دا بەرەو (حلول). هەندێك لە شوێنکەوتووانی ئەو ڕێبازە دەکەونە هەڵەی گەورەی (حلول)ەوە. خۆیانو دونیاو هەرچی شتە لایان دەبێت بە یەك شت، وایان لێ دێت بڵێن: تەنها خوا لە دونیا هەیە. یان خوا ـ پەنا بە خوا ـ لە هەموو شتێکدا هەیە، جگە لەو هچ نیە. ئەمە (تەصەووف) نیە، ئەمە لادانو هەڵخلیسکانێکە کە پەیڕەوانی تووشی دەبن، ئەم تێگەیشتنە لەگەڵ یەکتاپەرستیی یەك ناگرێتەوە. بیروباوەڕی (تەوحید) ڕۆشنە، یەکخواناسیی مانای ئەو هەڵەیە نادات، قودرەتو دەسەڵاتی خوا ئەوە ناگەیەنێت، خۆشویستنی خواش ئەوە ناخوازێت. بە کورتیی پابەندیی بە جیهانبینیىو بۆچوونە قورئانییەکانەوە پشتیوانو دەستگیرێکی باشو ڕابەرێکی مەزنن، کە لەو پێترازانە لامان دەدەن.

لەم ئاقارەدا نورسی گوتەزایەکی بەناوبانگی هەیە، دەڵێت: "سەردەمی ئێمە سەردەمی پاراستنی ئیمانە، نەك پاراستنی تەریقەت". ئەمەی لە وەڵامی ئەفسەرێکی سەربازیدا وت، کە لە ناحیەی (بارلا) چووبووە لایو

٢٣٩

وایزانی بوو نورسی شێخی تەریقەتە.

بۆ ئەم مەبەستە سەیری کتێبی (التربیة السلوکیة عند النورسی) بەشی (مزالق السالکین)مان کرد، کە گرنگەو جێی بایەخە.

---

٢٣٩ بڕوانە: ذکریات عن سعید النورسی، أسید إحسان، لا: ٤١.

هەر لەم ڕۆژەدا بەڕێزان مامۆستایان ئیحسان قاسمو ئەدیب دەباغ کە دوو نووسەری ناسراوی عیراقینو سالآنێکە لە تورکیا دەژینو لە خزمەتی پەیامەکانی نوردان، سەردانیان کردینو کاتێکی خۆشمان بردە سەر، بە تاوتوێی چەند بابەتێکی فیکرییو ئیمانیی، بە تایبەتی ئێمە تەوەرێکمان وروژاند کە: بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەی مامۆستا سەعید نورسی، پێویستە قوتابیو دۆستانی ئەو ڕابەرە، سوود لە بیرمەندانی تریش وەربگرن، چونکە ئوممەتی ئیسلامیی لە کۆنو نوێدا کەسانی تری زۆری هەن، کە نوێگەرییان کردووەو هەموو پێکەوە پرۆژەیەکی کاملو تەواوکار پێکدەهێنن.

**ڕووداوێکی سەیر، بەلآم واقعیی:**

لە نێوەندی ئەم باسانەدا ـ بە تایبەتی لە بڕگەی باسی پێویستی سادەییو ساکاریی لە گوتاری ئیسلامیدا ـ مامۆستا ئیحسان ئەم ڕووداوە نامۆیەی بۆ گێڕاینەوە، وتی:

کۆنگرەیەکی جیهانیی گیرا بۆ توێژینەوە لە ژیانی نورسی، خەڵکێکی زۆر گوتاریان پێشکەش کرد، ڕۆژنامەنووسێکی مەسیحیی بە ناوی (فرێد) ئامادەی کۆنگرەکە بوو. لە نێوان وتاربێژاندا هەر پێنج قوتابییەکەی مامۆستا نورسی ـ کە لە ژیاندا مابوون ـ یەکی بە وتەیەکی سادەی کورت بەشدارییان کرد، کە زیاتر خاتیرەیەکی زۆر ساکاری خۆیان باس کرد لەگەڵ نورسی. پاش کۆنگرەکە بە ماوەیەکی کەم، ڕۆژنامەنووسەکە تەلەفونی کردو وتی: من بە بۆنەی سادەیی ئەو قوتابییانەی نورسیو قسەو خاتیرە ساکارەکانییەوە، ئەوا موسڵمانێتیی خۆم ڕادەگەینم، من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە هەرکام وتارێکی ڕازاوە بداتو قسە لەسەر هەندێ شتی زۆر گەورە بکات! بەلآم ساکارییو جۆری پەروەردەی ئەو پیاوانە بە دونیایەکی تر ئاشنایان کردم.

## سێیەم/ هۆكاری بنەڕەتیی گۆڕانی ئاراستەی نورسیو تیشكێک لەسەر بەشێک لە پەیامەكانی سەعیدی دووەم

### سەرەتایەكی پێویست: (ئەتاتورك چی كردو چی بەسەر توركیا هێنا؟

بۆ ئەوەی خوێنەر لەو بڕیارو بۆچوونەی مامۆستا نورسی تێبگات، كە بۆچی لە قۆناعی دووەمی ژیانیدا (سەعیدی دووەم) بێزاریی خۆی لە سیاسەت دەربڕیو ئەركی خۆی قۆرخ كرد بۆ ڕزگاركردنی ئیمان، زۆر پێویستە لەم خشتە زەمەنییەی خوارەوەو ئەو چەند خاڵە ئاگادار ببێتەوە، تا لە كەشو هەوای سیاسی ـ فكریی ـ كۆمەڵایەتیی دۆخە زەمەنییەكەی نورسی بگاتو بە حیكمەتی ڕیزبەندیی (أولویات)ی نورسی ئاشنا ببێت، چونكە كەسێك نەگەڕێتەوە بۆ كەشو هەواكەی ئەو كاتەو جۆری ڕووداوەكان، زۆر بە چاكیيو تەواویی لە جۆری بیركردنەوەو هەنگاوەكانی مامۆستا سەعید نورسی تێ ناگات:

* لە (١٩٢٢/١١/١ز): دەوڵەتی عوسمانیی ـ پاش شەش سەد ساڵ تەمەن ـ هەڵوەشێنرایەوە.

* لە (١٩٢٣/١٠/٢٩ز): كەمال ئەتاتورك ـ وەك یەكەم سەرۆك كۆماری توركیا ـ هەڵبژێررا.

* لە (١٩٢٤/٣/٣ز) هەڵوەشاندنەوەی خیلافەعی عوسمانیی ڕاگەیەنرا.

* لە (١٩٢٤/٣/١٦ز): قوتابخانەكانی فێربوونی قورئانو خوێندنگە شەرعییەكان داخرانو وانەی ئاین لە قۆناغەكانی خوێندندا لابرا.

* لە (١٩٢٤/٤/٢٤ز): وەزارەتی ئەوقافو كاروباری ئاینیی، بە ڕەسمیی هەڵوەشێنرایەوە.

* له (١٩٢٤/٦/٢٩ز): شێخ سەعیدی پیران‌و (٤٧) کەس لە هاوەڵانی گیران‌و لە سێدارە دران‌و شۆڕشەکەیان لە کوردستان کپ کرایەوە.
* له (١٩٢٤/٦/٢٩ز): هەموو تەکیەو خانەقاکان لە کوردستان‌و خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ داخران.
* له (١٩٢٤/١٢/٨ز): جل‌وبەرگی ئاینیی مەلاکان‌و باڵاپۆشیی ئافرەتان بە ڕەسمیی قەدەغە کراو پۆشاکی ئەوروپاییی‌و شەبقە لەسەرکردن، کرایە ئیلزامیی‌و پەتیارەیی ئازاد کرا.
* له (١٩٢٦/٢/١٧ز): زۆربەی یاساکانی باری کەسیی دەسکاریی کران: شێوە مارەبڕینی ئیسلامیی قەدەغە کرا، نیکاحی مەدەنیی داهێنرا، فرەژنیی‌و مارەیی ژنان یاساغ کرا، مافی تەڵاقدان لە پیاو سەنرایەوە، شووکردنی کچان بە غەیرە موسڵمانان بە ڕەوا دانراو سیستمی میراتی شەرعیی هەڵوەشێنرایەوە.
* له (١٩٢٦/١٠/٤ز): هەموو یاسا شەرعییەکان هەڵوەشێنرانەوەو دەقی یاسای سویسری بڕیاری لەسەر درا.
* له (١٩٢٨/٢/٣ز): یەکەم وتاری هەینی بە تورکی درا، وشەی (الله) و سوێندخواردن بە قورئان، لە سوێندی بەرپرسانی حکومیی‌و دادگاکان لابرا. ڕستەی (ئاینی وڵات ئیسلامە) لە دەستوردا دەرهێنرا، هەروەها هەموو وشەو زاراوەیەك کە پەیوەندییان بە ئیسلامەوە هەبوو، لە دەستوردا سڕرایەوە.
* له (١٩٢٨/١١/١ز): مەلاو کارمەندانی ئەوقاف‌و مزگەوتەکان لە (٢١٢٨) کەسەوە، لە هەموو تورکیادا کەمکرانەوە بۆ (١٨٨) کەس.
* له (١٩٢٨/١١/١ز): پیت‌و شێوەنووسینی عەرەبی لە سیستمی خوێندن‌و نووسینی ڕەسمیدا قەدەغە کراو پیتی لاتینی سەپێنراو کتێبە دێرینەکان

هەڕاجکرانو هەزاران تەن لە سەرچاوە بە نرخەکانی کتێبی ئیسلامییو کلتورییەکان ـ کە بە پیتی عەرەبی نوسرابوونەوە ـ سەر لە نوێ بە مەکینەدا کرانو کرانەوە بە هەویرو زۆربەیان فرۆشران بە بولغاریا.

* بە فەرمانی ئەتاتورك لە ڕۆژانی (١٢) و (١٣)ی تەموزی (١٩٣٠ز) لە ناوچەی دۆڵی (زیلان)ی سەر بە ناحیەی (ئەردیش)ی پارێزگای (وان)ی باکوری کوردستان، بە (٨٠) فڕۆکەی جەنگیی، جینۆسایدێك دەرهەق بە کوردانی دانیشتووی ئەو شوێنە کراو (١٥) هەزار کورد بە پیاوو ژنو منداڵەوە کوژران.[٢٤٠]

* لە کتێبێکی (زمانو ئەدەبی تورکی) پرۆگرامی خوێندندا، نووسرا: "مرۆڤ دروستکراوی دەستی سروشتە. ئێمە لە ئاسمان ئیلهام وەرناگرین، بەڵکو لە ژیان وەری دەگرین."[٢٤١]

* لە (١٩٣٢/٢/١٩ز): شوێنی لەشفرۆشییو داوێنپیسیی بە ڕەسمیی لە (١٩) پارێزگادا کرانەوە.

* لە (١٩٣٢/٧/١٨ز): بانگو قامەت کرا بە تورکیو بانگی عەرەبی یاساغ کراو قورئان بە پیتی تورکی چاپ کرا.

---

٢٤٠ ڕۆژنامەی (جمهوریەت)ی تورکی، کە سێ ڕۆژ پاش ئەو قەسابخانەیە دەرچووە ـ واتە لە (١٩٣٠/٧/١٦ز) ـ دانی بەو تاوانەدا ناوەو هەواڵەکەی بڵاو کردووەتەوە. بڕوانە: وێنەی ژمارە: (٤٤)ی پاشکۆی ئەم کتێبە بۆ بینینی کۆپی وێنەی ئەسڵیی ڕۆژنامەکە.◘

٢٤١ Hayat Ansiklopedisi, ٣٦ .

* ساڵی (١٩٣٢ز) له (ئینسکلۆپیدیا)ی تورکیدا- بۆ ناساندنی وشه‌ی (الله) ـ ڕاشکاوانه ده‌ڵێت: "پێشکه‌وتنی زانستیی که‌م که‌م ده‌ریده‌خات ئه‌و بیرۆکه‌یه‌ی که ئاینه‌کان ده‌یڵێن ـ گوایه خوا تاك‌وته‌نیایه‌و به‌دیهێنه‌ری گه‌ردوونه ـ بیرۆکه‌یه‌کی پووچه‌و هیچ شتێك نیه ناوی (الله) بێت (!)"[٢٤٢]

* هه‌مان سه‌رچاوه له وشه‌ی مرۆڤو ئاده‌مو حه‌وادا نووسیویه‌تی: "باسی دروستبوونی ئاده‌مو حه‌وا ئه‌فسانه‌یه‌کی ئاینییه"[٢٤٣]

* له (١٩٣٥/١/٢ز): ڕۆژی یه‌ك شه‌ممه له جێی هه‌ینی کرا به پشووی هه‌فته.

* له (١٩٣٥/١/٢ز): ئه‌یاصۆفیا ـ که کرابوو به مزگه‌وت ـ بانگی تێدا قه‌ده‌غه کراو کرا به مۆزه‌خانه، مزگه‌وتی (فاتح)یش کرا به مه‌خزه‌ن!.

* له زستانی (١٩٣٧ز): هه‌ڵمه‌تی ڕاگواستن‌و کوشتاری کوردان له ده‌رسیم ده‌ستی پێکردو (٧٥) هه‌زار که‌سیان لێ کوژراو شێخ ڕه‌زای ده‌رسیم‌و کوڕه بچوکه‌که‌ی‌و برازاکه‌ی له (١٩٣٧/١١/١٨ز) له‌سێداره دران.

* له (١٩٤٠/٣/٧ز): وانه‌ی (ئیلحاد)و دژایه‌تیی دین له ناوه‌نده‌کانی خوێندندا به ڕه‌سمیی ده‌ستی پێکرد.[٢٤٤]

---

٢٤٢ النورسي، الرائد الإسلامي الكبير، مطبعة الزهراء، ١٩٨٧م، ص: ١٠، که له (Hayat Ansiklopidisi ١٩٣٢ Ist) ١٣٢/١، وه‌ری گرتووه.

٢٤٣ هه‌مان سه‌رچاوه، لا: ١٣٢ ,Hayat Ansiklopedisi .

٢٤٤ بۆ دڵنیابوون له‌م مێژووانه‌و چه‌ندین نموونه‌و هه‌ڵوێست‌و ڕووداوی تری ناسۆر، ده‌کرێ خوێنه‌ر سه‌یری کتێبی (سيرة ذاتية) بکات، که تایبه‌ته به ژیاننامه‌ی نورسی، هه‌روه‌ها چه‌ندین په‌ره‌گرافی تایبه‌ت که له په‌یامه‌کانیدا هاتوون‌و ڕه‌نگدانه‌وه‌ی مێژووی ژیانی‌و واقعی سیاسی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ن، که ئه‌وی تێدا ژیاوه. ◙

لەم زەمینانەدا ئەتاتورك ڕاشكاوانە ڕایگەیاند: "توركیای نوێ هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ ئایندا نەما، ناوبردنی ئاین لە دەستوری توركیی ساڵی (١٩٢٤ز)دا لەبەر موجامەلەی بیرو بۆچوونە ڕزیوە كۆنەكان بوو، ئەو سەردەمە بەسەر چوو"!.[٢٤٥]

مامۆستا سەعید نورسی شایەتحاڵی ئەم هەموو پیلانو بڕیارو ڕووداوە ناسۆرانە بوو. لە سەرەتای ڕووداوەكاندا بە گوڕمێكی سیاسی بەهێزەوە پرۆژە چاكسازییەكەی دەستپێكرد. لە سەردەمی مەشروتەوە ئومێدێكی بۆ دروست بوو بوو، سەرەتا هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانو وەزیرەكانو ژمارەیەك لە والیو پارێزگاو قایمقامەكانی كوردستانو شوێنەكانی تریش، كەوتبوونە ژێر كاریگەریی وتارو ئامۆژگارییەكانییەوە، بەڵام خیانەتو خۆفرۆشیی كەمالییو ئیتتیحادییەكان لە ئاستێكدا نەبوو كە بە كەسێكی بێ پەڕوباڵی وەك نورسی بەرەنگاریی بكرێت. ئەوەش ئەنجامی سیناریۆی شۆڕشو ڕاپەڕین بوو، كە لە سەر دەستی شێخ سەعیدی پیرانو شێخ ڕەزای دەرسیم بینیمان.

بۆیە كاتێك گۆڕەپانو سروشتی شەڕەكە، لە گەندەڵییو فەسادی ئیدارییەوە سووڕا بەرەو ململانێی ئایدۆلۆژییو دژایەتیی ئیمانی موسڵمانانو دژایەتیی قورئان، بیركردنەوەی نورسی بە بارێكی تردا چەرخاو خۆی یەكلا كردەوە بۆ داكۆكیی لە كرۆكی ئاینو دەستی دایە ئەو پرۆژەیەی كە ناوی نا (ڕزگاركردنی ئیمان).

---

[٢٤٥] بدیع الزمان النورسي وتحدیات عصره، إبراهیم سلیم أبو حلیوة، مركز الحضارة للتنمیة، بیروت، ٢٠١٠م. ئەویش لە گۆڤاری (الفتح)، ژمارە (٦٩)، لا: ٢٨٢.

سەعید نورسی لە ئاوا هەلومەرجێکی دژوارو ئاڵوزدا ژیانی بەسەر برد، باوەڕ ناکەم هیچ بیرمەندو (موجەددید)و (موصلیح)ێکی ئیسلامیی ـ لە هیچ سەردەمێکی تردا ـ ئاوا دۆخێك ئابلۆقەی ژیانی دابێت. نەتەوەی ئیسلامیی پیاوانی گەورەی هاوچەرخی زۆری وەك: (محەممەد عەبدە) ، (جمال االدین ئەفغانی)، (أبو أعلی المودودی)و (جەزائیری)و (حسن البنا)ی بینیوە. کوردستانیش ـ بۆ خۆی ـ گەورە پیاوانێکی وەك مەلا محەممەدی گەورەی کۆیەو مەلا محەممەد قزلّجەیی‌و مەلا ئەمجەد زەهاوی‌و مەلا شێخ محەممەدی خاڵ‌و کاك ئەحمەدی موفتی زادەو کاك ناصری سوبحانی‌و زۆرێکی تاری بینیوە، بەڵام کەس لەمانەو غەیری ئەمانەش لە ئاوا بارودۆخێکدا نەژیاون، بۆیە میتۆدی بیرکردنەوەو هەڵوێستو هەنگاوە (ئیصلاحییەکانیان) لەگەڵ سەعید نورسی، لە ڕووی ڕیزبەندیی‌و دیاریکردنی (ئەولەویەت)ەوە زۆر جیاواز بوون. بۆیە نورسی دروشمی (ڕزگارکردنی ئیمان)ی هەڵبڕی، لە سەردەمی هیچ کام لەو پیاوە گەورانەدا ـ وەك سەردەمی نورسی ـ بەو ڕادەیە هەڕەشە لە خودی ئیمان‌و بنەماکانی خواناسیی نەکراوە.

بۆیە کاتێك خوێنەر ئەو لیستە ترسناکەی سەرەوە دەبینیّ، لەو هەموو نەخشەو پیلان‌و بڕیارە ستەمکارانەیە، ڕەنگە ئەوانە بەس بن بۆ ئەوەی لە پاڵنەرەکانی جۆری بیرکردنەوەی سەعیدی دووەم تێبگات، پاشان بپرسێت: نورسی چی کرد؟ لە کوێوە دەستی پێکرد؟ لە سەرەتاوە زیاتر چ شتێك هەژاندی؟

## نورسی چۆن دەستی پێ کرد؟ چی هەژاندی؟

پێش دەسکردن بە باسی سەرنجەکانمان لەسەر ئەو پەیامانەی خوێندنمانەوە، گرنگە وەڵامی ئەم پرسیارە بزانین. دیارە ئێوارە کۆڕێکیشمان بۆ گەلاڵەکردنی وەڵامی ئەم پرسیارە ساز کرد.

مامۆستا سەعید نورسی کاتێك لەسەر دەستی سەربازە ڕووسەکان دیل کرا، دوور خرایەوە بۆ ناوچەی (سیبریا)، لە کاتی جەنگەکەداو تا گەیشتنی بۆ ئەو شوێنە، کتێبی (إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز)ی نووسیو تەواوی کرد. پاشان بیری کردەوە ئەم شێوازە نووسینانە خزمەتی زۆر بە کۆمەڵگەی تورکیا ناکەن، بۆیە کەوتە بیری بڵاوکردنەوەی وردە پەیام، لە شێوەی نامیلکەو نوسراوی کورت، تا زۆرترین کەس لێی سوودمەند بن. هەروەها پەنای بردە بەر شێوازی ساکارو نموونەهێنانەوەو خۆلادان لە بابەتی ئاڵۆزو کاری شیکاریی زۆر.

ئەم کارەی نورسی دەستپێشخەرییەك بوو لە سەرەتای دەیەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، لە بواری دانانی (مەنهەجییەتی گوتاری ئیسلامی)دا، کە بە داخەوە پاش ئەو، زۆر گوێی پێ نەدرا، هەر وەك پێش ئەویش زۆر بیری لێ نەکرابووەوە، بگرە زۆرێك لە زانایان پەنایان بردبووە بەر شێوازە ئاڵۆزو نامەفهومەکانی زانستی کەلامو حیکمەت، کە بووبووە هۆکاری دروستبوونی جەنجاڵیی لە فکری عاممەی موسڵماناندا.

نورسی پێی وابوو دەبێ گوتاری ئیسلامیی ئاڕاستەی ناخو (فیطرە)تی بڕواداران بکرێت، سادەو ساکار بێت، ئیمانیان ببزوێنێ، ڕۆحیان بهەژێنێت، بە ناسکیی‌و لە ڕێی ڕۆحەوە دەست بەرێ بۆ عەقڵ.

پێشتر وتمان ئەوەی سەرەتا نورسی هەژاند، قسەیەکی وەزیری (مستعمرات)ی ئینگلیزی ئەو سەردەمە بوو، (گلادستۆن)، کە وتی: "تا ئەم قورئانە لە ناو موسڵمانانداا بمێنێ، ئێمە هیچمان بۆ ناکرێت". نورسی لە وەڵامیدا وتی: "شەرت بێ ژیانم وەقف بکەم بۆ دیفاع لە حەقیقەتە قورئانییەکان".

ڕابوونی جاری دووەمی نورسی لە بیستنو خوێندنەوەیەکی کوتوپڕو وردی ئەم ئایەتەوە بوو: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾ الأنبياء/٣٥ بوو. زۆر هەژاندیو تێیگەیشت کە دونیا هەمووی کاتییەو ژیانی ڕاستەقینە ژیانی دواڕۆژە. (ڕاستییەکی سەیرە) خەڵکی هەموو ملی بۆ با دەدەن، بەڵام لە سەریشی ناوەستن، یان زۆر کەم!. جارێکیان نورسی لە مزگەوتی بایەزیدی ئەستەمبوڵ ئەو ئایەتەی بیست، زۆر عەجیب ڕاچڵەکی. جارێکی تر کتێبێکی شێخ عبد القادری گەیلانی دەخوێندەوە، تیایدا نووسرابوو: "أنت في دار الحكمة.. إبحث عن طبيب يداوي قلبك"[٢٤٦] واتە: تۆ لە (دار الحكمة)ی، بگەڕێ بە دوای پزیشکێکدا چارەسەری دڵت بکات. نورسی دەڵێت: "وتم جێی سەرسوڕمانە! من لەو کاتەدا ئەندامی (دار الحكمة الإسلامية) بووم، هەروەکو چوویم تاکو برینەکانی ئوممەتی ئیسلامیی تیمار بکەم، لە کاتێکدا خۆم نەخۆشتر بوومو زیاتر پێویستم بە چارسەر بوو... بەو جۆرە شێخ پێی وتم: تۆ نەخۆشی، بڕۆ دکتۆرێك پەیدا بکە بۆ چارەسەری خۆت... منیش وتم: دەی جەنابی شێخ! تۆ خۆت ببەرە دکتۆرم... بۆیە دەستم کردە

---

٢٤٦ نووسینەکەی گەیلانی بەم جۆرەیە: "ئەی بەندەکانی خوا! ئێوە لە (دار الحكمة)ن، پێویستتان بە میانگیرو واسیتەیەکە، داوای پزیشکێك لە پەرستراوتان بکەن، تا نەخۆشییەکانی دڵانتان تەداوی بکات، داوای چاوساغێك بکەن، دەستتان بگرێت.." بڕوانە: الفتح الرباني والفيض الصمداني، عبدالقادر الجيلاني، دار الكتب، ص: ٢٦٥. ◙

خوێندنەوەی ئەو کتێبەی، [٢٤٧] تا نیوەیم خوێندەوە، نەمتوانی تەواوی بکەمو لە جێی خۆی دامنایەوە. دوای ئەوە هەستم کرد ئازاری برینەکان نەمانو چێژێکی ڕۆحیی سەیر جێی گرتنەوە، بۆیە دەستم دایەوە هەمان کتێبەکەی یەکەمی مامۆستامو تەواوم کرد." [٢٤٨] هەر لەو سەروبەندەدا نورسی دەستی دایە کتێبی (المکتوبات)ی پێشەوا فاروقی (سەرهەندی)، قەدەری خوا وا بوو دوو نامەی سەرهەندی بینی کە بۆ (میرزا بدیع الزمان) ناوێکی ناردوون! [٢٤٩] نورسی خۆی دەڵێ: "منیش باوکم ناوی میرزا بوو، تا ئەو کاتەش نەمبیستبوو کەسێکی تر نازناوی (بدیع الزمان)ی بووبێت، جگە لە (بدیع الزمان)ی هەمەدانی سەدەی چواری کۆچیی. لە شوێنێکی ئەو نامەنەدا

---

٢٤٧ ئەو دەقە لە لاپەڕە (٢٦٥)ی (الفتح الربانی)دا هاتووە، هەرچەند مامۆستا ئیحسان لە (الرجل والإعصار)، لا: (٤٣) دا نووسیویەتی: "لە (مفاتیح الغیب)دا هاتووە" ئەگەر ئەو گێڕانەوەیە دروست بێت، واتە شێخی گەیلانی لەوێش ئەو دەقەی هێناوە، یان لێگرەوە (نەسساخ)ەکان لە هەردوو لا دایاننناوە. ◙

٢٤٨ المکتوبات، لا: ٤٥٧ ـ ٤٥٨.

٢٤٩ بەندە گەڕام بە (المکتوبات الربانیة)ی سەرهەندیدا ئەو دوو نامەیەم دۆزینەوە، کە بۆ (میرزا بدیع الزمان) ناوێکی نووسیون، مەکتوبی (٧٤) و (٧٥)، کە دوور نیە ئەوانە بن کە مامۆستا نورسی بینیونی، لە یەکەمیاندا داوای لێدەکات هەژارانی خۆشبوێتو بایەخیان پێبدات. لە دووەمیشیاندا هانی دەدات کە پەیڕەوی لە پێغەمبەری خوا بکاتو ئەحکامە فقیهییە پێویستەکان فێرببێتو بیروباوەڕی خۆی ڕاست بکاتەوەو ڕووگەی یەکبخاتەوە. (بڕوانە: المکتوبات الربانیة، أحمد السرهندي الفاروقي (ت: ١٠٣٤هـ)، دار الکتب العلمیة، ١/١٤٧ـ١٤٩). ◙

نوسرابوو: (يا بديع الزمان!... وَحِّد القِبلَة)، واتە: ڕووگەو قيبلەت يەك خەرەوە!، يانى: شوێن يەك پێشەنگو ڕابەر بكەوەو مەشغوڵ مەبە بە كەسى ترەوە. منيش وتم: ئەمە لەگەڵ منيەتى.."[٢٥٠]

بەڵێ! پياوانێكى وەك گەيلانىو سەرهەندى بەو جۆرە بوون، زۆر ترساون شوێنكەوتووەكانيان تووشى خورافات ـ بگرە هاوەڵدانان ـ بۆ خواى گەورە ببن، بۆيە هۆشياريان كردوونەتەوە، كە تاكە خواى كردگارو تاكە ڕووگەيان لێ نەشێوێت..!

---

٢٥٠ السيرة الذاتية، ص: ١٦٢. ◘

## خوێندنەوەی بەشێك لە پەیامەكانی سەعیدی دووەم:

لەو دیدگایەوە ـ كە لە سەرەوە ئاماژەمان پێكرد ـ دەستدەكەین بە تاوتوێی ژمارەیەك لە پەیامەكانی قۆناغی سەعیدی دووەم، كە پاش ئەو داچڵەكانە دەستی پێكردوون:

### ١ـ خوێندنەوەی نامیلكەی (الأخوة والإخلاص)ی نورسی:

ئەم نامیلكەیە یەكێكە لە پەیامە زۆر نایابو كەموێنەكانی مامۆستا نورسی. هەموو هۆگرانی ئیسلام پەیامدارانی ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ، هەق وایە بەیناوبەین ئەم پەیامە بخوێننەوە.

لەم پەیامەدا نورسی تامو چێژی ڕاستەقینەی برایەتیی ئیسلامیی دەخاتەوە سەر مەزاقی موسوڵمانان. ڕێزو بەهای هاوئاینو هاوبیرانیان وەبیردێنێتەوە. بەڕاستی هەركەس بە وردیی ئەم نامیلكەیە بخوێنێتەوە، شەرم دەكات پاش ئەوە، غەیبەتی هیچ براو خوشكێكی بڕواداری بكات. شەرم دەكات هەمیشە دەم بەدۆعا نەبێت بۆ هاوئاینانی، پێی عەیبە خۆی لێیان جیا بكاتەوە، یان پۆز لێ بدا بەسەریاندا..

پاش نوێژی بەیانی ڕۆژی (٢٧/٥/٢٠٠٦ز)ی گەشتە ئیمانییەكەمان، لە كۆڕێكی نورانیو برایانەدا بە دەستەجەمی ئەم نامیلكە پڕ بەرەكەتەمان خۆێندەوەو واتا جوانەكانی خۆشەویستیی لەبەر خواو ڕێزو حورمەتو وەفاداریمان بیركەوتەوە، ئەو هەموو ئایەتو فەرموودەیەمان بیری خۆمان هێنانەوە كە دەربارەی برایەتیی ئیسلامیو ڕێزو خۆشەویستییو ئولفەتی بەینی دڵەكانو حەرامكردنی غەیبەتو دۆعاكردنی پاشملە بۆ یەكترو داوای لێخۆشبوونو هاوكارییو دەستگرۆیی یەكترو..هتد هاتوون.

ڕەحمەتمان نارد بۆ گیانی ئەو سەروەرەی بەو واتا جوانانە، دڵانی ئاوپرژێن کردین‌و چێژی خۆشەویستیی‌و برایەتیی ئیمانیی وەبیرهێنایینەوە.

**٢ـ پەیامی (ئیمان و کامڵبونی مرۆڤ):**

یەکێك لە پەیامە پڕ پیتەکانی تری نورسی ئەم پەیامەیە، کە ڕۆژی (٢٠٠٦/٥/٢٨ز) کاتێکمان لەگەڵی بردە سەر، خوێندمانەوەو تاوتوێیەکمان کرد، پێنج خاڵە جوانەکەی مامۆستامان خستە ڕوو:

**یەکەم:** مرۆڤ بە بڕواو (ئیمان) دەچێتە لوتکە، بە بێ بڕواییش دەچێتە زۆنگاوی (أسفل سافلین).

**دووەم:** بڕوا گۆڕانکاریی دروست دەکات، لە تاریکییەوە مرۆڤ دەگوازێتەوە بۆ ڕووناکیی، لە نەزانییەوە بۆ زانست، لە بێ ئاگاییەوە بۆ هۆشیاریی.

**سێیەم:** بڕوا هێزێکە تەحەددای هەموو لەمپەرەکانی بوونەوەر دەکات، چونکە بڕوادار خوای کردگاری لەگەڵە.

**چوارەم:** بڕوا مرۆڤ دەکاتە سەرداری گەردوون‌و لە گیانلەبەرەکانی تر جیای دەکاتەوە.

**پێنجەم:** بڕوا، دوعاو پاڕانەوەش دەخوازێ. خوا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ غافر/٦٠، خوای گەورە وەڵام دەداتەوە، بەڵام مەرج نیە هەموو دۆعایەك وەربگرێت. وەڵامدانەوەی ڕاستیی بۆ دوعا، بریتییە لە سازدانی هۆکارەکان‌و بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ هۆکارەکان. ئەمەیشە جیاوازیی دوعای کرداریی لەگەڵ دۆعای سەرزاریی. مرۆڤ دەبێ هەموو هۆکارەکان بەکار بهێنێت، دوای ئەوە لە ڕووی بێت داوا لە خوا بکات، تا خوای گەورەش کاریگەریی بخاتە هۆکارەکان. نەخۆش دەبێ دەرمان بخواو بڵێ: خوایە

شیفا بخەرە ئەم دەرمانە. برسی دەبێ خۆراك بخواو (بسم الله) بكاو بڵێ: خوایە بەم خواردنە تێرم بكە.! موسڵمان دەبێ ڕێی هیدایەت بگرێ، فەرمانبەردار بێ، پاشان داوای وەرگێرانی دوعاكانی بكات. كەواتە نیازمەندیی بە خوا ڕێ لە گەشەپێدانی مرۆڤ بەخۆی ناگرێت.

ئەمەش چەمكێكی ترە كە ڕاستكردنەوەی دەوێت، تا جیاوازیی نێوان (توكّل) و (تواكل) و (دوعا) و (ادّعا)و هاوشێوەیان، دەركەوێ‌و موسڵمان نەچێ بەهەڵەداو سوننەتە كەونییەكان تەرك نەكات.

**٣ـ پەیامی حەشرو گردبوونەوە:**

شەوی (٢٨/٥/٢٠٠٦ز) لە كۆڕێكی نورانیی تردا، بووینە میوانی نامیلكەی (حەشر)ی مامۆستا نورسی. شەش دیمەنە جوانەكەمان هێنایەوە پێش چاوو لەگەڵ ئەم چەند ڕاستییە هەڵوێستەمان كرد:

ـ ناگونجێ لەم دنیایەدا تەواوی پاداشت‌و سزا بە مرۆڤەكان بدرێت.

ـ بەندەكانی خوا لە دونیادا جێبەجێكردنی ئەركیان لەسەر شانە. لێپرسینەوە لە چاكەكاریش‌و خراپەكاریش بۆ پاشەڕۆژە.

ـ جوانیی دونیا بەڵگەی میواندارییەكی هەمیشەیی پڕ نیعمەتی دوارۆژە. ئەم دونیایە ئەم هەموو بەهرەو نیعمەت‌و خێرەی تێدایە، دەبێ ڕۆژی پاداشت‌و جێی پاداشت چۆن بێت؟ بیرمان نەچێت كە ئەم پەیامی حەشرە یەكەم پەیامە لە (١٣٠) پەیامەكەی نورسی، كە لە گوندی (بارلا)وە دەستی بە نووسینیان كرد.

لەم كۆڕەدا باسێكی زۆرمان لەسەر بایەخی پەروەردە كرد. جەختیشمان كردەوە لەسەر ئەو ڕاستییە كە شێوازی (ئوسرەی پەروەردەیی) و (شانەی ڕێكخستن)و ئاڕاستەی ڕوو بە ڕوو، باشترین

میکانیزمی پێگەیاندنو پەروەردەکردنی تاکە، هەروەك تەئکیدیشمان لەوە کردەوە کە کەسە سەرکردەو ڕابەرەکان لە زۆربەی خەڵکانی دی، زیاتر نیازمەندی ئەو پەروەردەیەن.

**٤ـ پەیامی (ڕابەری لاوان):**

یەکێك لە نامیلکە بەنرخەکانی مامۆستا سەعید نورسی (ڕابەری لاوان)ە، کە پڕیەتی لە پەندو حیکمەت. ڕەنگە خوێنەری بەڕێز بە لایەوە سەیر بێت کە بڵێم: تاوتوێی ئەم پەیامەش هەر ڕۆژی (٢٩/٥/٢٠٠٦ز) کرا. بە ڕاستی نازانم چ نهێنییەك بوو کە لە شاری ئەستەمبوڵی (٢٥) ملیۆن نفوسی، پڕ جەنجاڵی، ئەم سەرو ئەو سەر نادیاردا، لە تەنها ڕۆژێکدا کە یادی فەتحە، ئەو هەموو چالاکییە کرا؟: خوێندنەوەی مەکتوبی ژمارە (٢٩)ی مامۆستا نورسی. دیدار لەگەڵ مامۆستا محەممەد فەرەنجی. بەشداریی کەرنەڤاڵی یادی فەتحی شارو قەڵای (قسطنطينية). بەشداریی کۆنگرەی جیهانی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان. دیدار لەگەڵ دەیان کەسایەتیی. سەردانی تەنگەی ئەستەمبوڵ. سەردانی مزگەوتو گڵکۆی (أبو أيوب الأنصاري). خوێندنەوەو تاوتوێکردنی پەیامی (ڕابەری لاوان).. باوەڕ بفەرموون هەمووی لە ڕۆژی یادی فەتحدا کرا، ڕۆژی (٢٩/٥/٢٠٠٦ز).. چۆنو لەبەرچی؟ نازانم.

بەهەرحاڵ، چووینە خزمەتی (پەیامی لاوان)ی دڵە گەنجەکەی سەعید نورسی، نورسی خەمخۆری (لاوان) و (پیران) و (خوشکان) و هەموو لا. ئەو ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە (ڕابەری لاوان)ی نووسی، (ڕابەری پیران)یشی لە بیر نەچوو، (ڕابەری خوشکانی دوارۆژ)یشی خستە پاڵیان. ئەو کە لەگەڵ لەشساغانو تەندروستان دوا، ناساغو نەخۆشانیشی لەبیرنەچوو، بۆیە

(پەیامی بیماران)ی ئاڕاستەی ئەوانیش کرد. ئەو کە (ڕەچەتەی زانایان)ی دیاری کرد، (ڕەچەتەی عەوامان)یشی خستە پاڵی.

بەهەرحاڵ بۆ لاوان، چووە ناخیانەوە، قسەی لە (فیتنەی هەواو ئارەزوو) و (کێشی حەزەکان) و (فرۆفێڵی دونیایی کرد). بیری خستنەوە کە قۆناغی لاوێتیی دەڕوات، ئارەزووەکانیش کۆتاییان دێت. نورسی بە ئەسپایی بە گوێی لاوو گەنجاندا دەچپێنێ: ئازیزانم! چوون بەدەم ئارەزووەکانەوە سنووری هەیە، زۆر بچن پێتان دەترازێ، تووشی خلیسکانو گوناهو تاوان دەبن، تاوانیش پەشیمانیی زیاتر هیچی بەدواوە نیە، تەمەن تەواو دەبێت، پەشیمانیش دادێ نادات.. نورسی دەیەوێ بە لاوان بڵێت: بەڕێزانم! گوێ لە پیرانی بە حیکمەت بگرن، دڵسۆزیی دڵسۆزان بەهەند بگرن.

نورسی واقعی لاوانی سەردەمی خۆیو سەردەمە هاوشێوەکان دێنێتە بەر چاوانیانو پێیان دەڵێت: ئێوەی لاوو گەنج، لە سێ شت زیاتر چی چاوەڕێ دەکەن:

١ـ یان بە هۆی نەخۆشییەوە دەچنە خەستەخانە.

٢ـ یان بە هۆی چالاکییەکانتانەوە دەچنە زیندانەکان.

٣ـ یان بەهۆی چوونە تەمەنەوە پیر دەبنو لاوازو بێتاقەت دەبن!

بۆیە پێیان دەڵێت: خۆشییو نەشئەتی سەردەمی لاوێتی، داهاتووتان لەبیر نەباتەوە. بیرتان نەچێت مردن دوا سنووری هەموو کەسێکە.

ئاخر خۆی ـ بە ڕەحمەت بێ ـ هەر وابوو. کاتێك بە دیلیی ڕەوانەی (سیبریا) کرا، بەردەوام لە یادی خوادا بوو، زۆربەی کات لە کڕنوشدا دەمایەوە، تەنانەت لە بەردەم ئەفسەرە ڕوسەکانیشدا ئەو ئەرکەی خۆی

سەربەرزانە ئەنجام دەدا.[٢٥١] بۆیە خوا بۆی ڕێکخست کە دەرباز ببێ‌و بگەڕێتەوە شاری ئەستەمبوڵ، لەو شارەدا پێشوازییەکی پادشایانە کرا، بۆیە کەمێك هەوای لەخۆبایی بوون دای لە کەللەی، بەڵام خێرا بە خۆیدا هاتەوە، یەکسەر چوو بۆ مزگەوتی گەورەی بایەزید، قەدەرەن گوێی لە قورئانخوێنێك بوو، چەند ئایەتێکی دەخوێند، گەیشتە ئایەتی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾: الأنبياء/ ٣٥، واتە: هەموو مرۆڤێك مەرگ دەچێژێت. هەڵوێستەی کرد، کۆتایی ڕێپێوانی ژیانی هێنایەوە پێش چاوی خۆی. ئاخر ئەگەر مەرگو گۆڕی تاریك‌و بەرزەخ، دوا مەنزڵ بێ، ئیتر لە هەوای یاخی بوون‌و فیزو کەش‌وفشی چی؟ چی بکات لە شۆرەت‌و ناوبانگو قەرەباڵغی خەڵك‌و پێشوازیی شاهانە..؟ بۆیە بڕیاری دا ژیانی تەرخان بکات بۆ تۆشەخستن بۆ ئەو مەنزڵگەیەو خەڵکیش بخاتە سەر ئەم ڕێڕەوە.

مامۆستا نورسی دڵبێدار بوو، حەزی دەکرد لاوانی ئوممەتی ئیسلامیش هەروا بن. بۆیە ڕۆژێکیان لە پەنجەرەی زیندانەکەی خۆیەوە لە شاری (ئیسبارتە)، سەیری حەوشەی قوتابخانەیەکی ئامادەیی کچانی دەکرد، (پەنجەرەی ژووری زیندانەکەی وا ڕێککەوتبوو لەسەر ئەو حەوشەیە بوو) کچەکان یارییان دەکردو دەیانتریقاندو لە نێوان خۆیاندا گاڵتەوگەپیان دەکرد، سەعید نورسی چۆکی داداو دەستی کردە گریان، هاوەڵانی ژوورەکەی لێیان پرسی: مامۆستا! بۆچی دەگریت؟ وتی: وازم لێ بێنن.

---

٢٥١ بۆ بینینی دیمەنێکی لەو جۆرە، بڕوانە وێنەی ژمارە (٣٩)، کە لە حاڵەتی کڕنووشدا لەبەردەم ئەفسەرو سەربازە ڕوسەکاندا، کاتێك لە ڕوسیا دیل بووە، وێنەی گیراوە. ◘

بەڵێ، وازلێهێنانی چاکتر بوو، چونکە ئەو لاوە دڵبێدارە خەمخۆرە، بۆ حاڵی ملیۆنەها لاوی هاوشێوەی ئەو کچۆڵانە دەگریا، کە تەمەنیان دەڕواو زۆربەی کاتیان بێ سوود بە فیڕۆ دەچێت، خۆی دەڵێت: هەر ئەو کچۆڵانەم پاش پەنجا ساڵ هێنایە بەرچاوم، کە دەچنە گۆڕو ژێر گڵ، هەندێکیشیان دەبنە پیرەژنو جوانییان نامێنێت، ئێستە چاوی حەز تیریان بۆ دەهاوێ، ئەوکات چاوی قێز تێیان ڕادەمێنێ.

خوێنەری بەڕێز! لێرەدا جێی خۆیەتی عەرزت بکەم کە لەبەر ئەم هەڵوێستە ساکارە، کەسێك کتێبێکی نووسیوە بە ناوی: (ئەو پیاوەی بۆ گوناهی کەسانی تر دەگری)، ئەو کتێبە چەندین جار چاپ کراوەو تا ساڵی (٢٠٠٦ز) سەد هەزار تیراژی لێ بڵاوکرابووەوە!.

بەڵێ ئەمەش بۆ خۆی پلەو پایەو مەقامێکە. هەن بۆ حاڵی خۆیان دەگرین، بەڵام کەسانێکیش هەن کە بۆ حاڵی غەیری خۆشیان دەگرین.!

جا، نورسی ڕەحمەتیی، وەك خەمخۆرێکی لاوان، پێیان دەڵێت:

"ئەی لاوەکان! باشترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان بە پیرانو بە ئەزمونداراانتان دەچوێنن. هەروەك خراپترین پیرەکانیش ئەوانەن، خۆیان بە لاوان دەچوێنن.

ئەی لاوی شیرین! ئەگەر پشتو پەنات دەوێ، خوات بەسە. ئەگەر ئەنیسو هاودەمو هاوڕازت دەوێ، قورئان بەسە. گەر داراییو خەزێنەت دەوێ، قەناعەت بەسە. ئەگەر لە دوژمن دەگەڕێی، دەروونی خۆت لە پێشچاو بگرە. گەر ئامۆژگاریکارت دەوێ، مردن بەسە".

به کچۆڵە لاوەکانیش دەڵێت: "هەر لاوێکی گوناهبار لافی ئەوەی لێ دا کە تۆی خۆشدەوێ، باوەڕی پێ مەکە، چونکە مرۆڤی گوناهبار هەر خۆی خۆشدەوێ، هەرچەند لافی خۆشەویستیی کەسانی تر لێ بدات"!

بەم جۆرە مامۆستا نورسی بانگەشەی بۆ ڕەوشتبەرزیی‌و عیففەت‌و پاکدامێنیی‌و چاوپاکیی دەکرد. ئاخر ئەو لێی دەوەشایەوە، چونکە خۆی ئەو بوارانەی بەسەرکەوتویی بڕی بوو. مەگەر نەتانبیستووە کە نورسی لە تەمەنی لاوێتیدا بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەریەك، لە ماڵی کەسایەتییەکی بەناوبانگ بوو، کە شەش کچی هەبوون، سیانیان عازەب بوون، لە تەواوی ئەو دوو ساڵەدا نورسی ئەو کچانەی لە یەکتر جیا نەکردەوە.! چونکە لە عالەمێکی تردا دەژیا. تا ڕۆژێکیان زانایەك چووە ئەو ماڵەو دیدارێکی کرد لەگەڵ نورسی، زاناکە بەو سەردانە هەر سێ کچەکەی ناسی‌و لە یەکتری جیا کردنەوە. بەڵام سەرسوڕمانی دەربڕی بۆ ئەو کارەی نورسی. نورسی وتی: پاراستنی سەربەرزیی‌و عیززەتی زانست، ڕێم لێدەگرن کە لە کچانی نامەحرەم ورد ببمەوە: (صون عزة العلم يمنعني من النظر).

**نورسی لە لوتکەی عیففەتدا:**

بەڵێ نورسی لە چەندین ڕووەوە خۆی لە حەرام دەپاراست، لە سەرێکەوە وەك موسڵمانێکی مولتەزیم کە پێی وتراوە: چاوت بپارێزە لە نامەحرەم. لە سەرێکی ترەوە وەك پێشەنگێکی ئەهلی زانست، بە زیادە تاوانی دەزانی کە سومعەو ناوبانگی زانست‌و پیاوانی زانست لەکەدار بکات.

خوێنەری بەڕێز! ئەمەت لا سەیر نەبێت، خۆی لە سەردەمی قۆناغی سەعیدی دووەمدا لەمە سەیرتر دەگێڕێتەوە، دەڵێت:

"به ڕاستی سەعیدی کۆن لە گەرمەی لاوییەتیداو لە ناو جەرگەی ئەستەمبوڵدا، بە درێژایی (١٠) ساڵ، بۆ یەکجاریش ـ سوپاس بۆ خوا ـ نەزەرێکی حەرامم نەکرد، (بە ناڕەوا سەیری ئافرەتێکم نەکرد)[٢٥٢].

ئەمە پەیامێکیشی تێدایە بۆ تەواوی قوتابییانی حوجرەو فەقێو مامۆستایانی بەڕێزو مامۆستاو قوتابییانی زانکۆو پەیمانگاکانیش، بۆ هەموو زانستخوازێکی تریش، کە ڕێچکەی زانستیان گرتووەتە پێش، پێیان دەڵێت: ئەگەر خەڵکی بە گشتیی‌و لاوان بە تایبەتی تەنها مەسئولیەتی ئیلتیزام ڕووی تێ کردوون، ئەوە ئەهلی عیلمو قوتابیو زانایانی ڕەوتی زانست، دوو مەسئولیەت لەسەر شانیانە.

خوێنەری بەڕێز! ماوەتەوە ئەوە بزانی کە ئەم پەیامە ئەوەیە کە نورسی لە (١٩٥٢/١/٢٢ز) لەسەری دادگایی کرا، ڕاشکاوانەش پێیان وت: "تۆ ڕێو شوێن بۆ لاوان دادەنێی، داوا دەکەی ژنان پۆشتە بن. خەڵکی فێری ئاین **بکرێن**.. ئەمانەش تاوانن، چونکە بانگەشەن بۆ پێکهێنانی دەوڵەت لەسەر **بنەمای** ئاینی". بەڵام لەو دادگایەدا نورسی بە سەربەرزیی دیفاعی لە خۆی کردو بێ تاوان دەرچوو. سێ پارێزەریش لەو دادگایەدا داکۆکییان لە مامۆستا نورسی کرد، یەکێکیان محەممەد میهری هەورامانی بوو، کە پێشتر قسەمان لەسەر کرد[٢٥٣].

---

[٢٥٢] ذكريات عن سعيد النورسي، أسيد إحسان، الدار البيضاء، ٢٠٠٢م، ص: ٢٠.

[٢٥٣] لە بەشێکی پێشوودا بە درێژیی باسی ئەو بەسەرهاتەو ئەم دادگایەمان کرد، زۆر گرنگە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆی.

**٥ـ پەیامی (ڕابەری ئەهلی قورئان):**

لە خەڵوەتە نورانییەکەی گەشتەکەماندا ڕۆژی (٣٠/٥/٢٠٠٦ز) تاقی بەیانیمان تەرخان کرد بۆ تاوتوێی پەیامی: (ڕابەری ئەهلی قورئان):

مامۆستا لە ڕابەری ئەهلی قورئاندا ئاماژە بە نزیکترین ڕێگە بۆ گەیشتنە خوای کردگار دەکاتو دەڵێت: "باشترین تەزکیەکردنی دەروون، تەزکیەنەکردنیەتی". یانی: ئەگەر دەتەوێ بەهرەو لێهاتنە دەرونییەکانت گەشە بکەنو دەروونت لە زاخاو بدەیتو لە خەوشو خاڵو دەردە شاراوەکان خاوێنی بکەیتەوە، باشترین ڕێگە ئەوەیە خۆت بە گرنگ نەزانیو تەزکیەی خۆت نەکەی.

مامۆستا نورسی دەیەوێ بە حیکمەتە جوانەکەی، لە هەردوو ئایەتی ﴿وَمَن تَزَكَّى فَإِنَّمَا يَتَزَكَّى لِنَفْسِهِ﴾ الفاطر/١٨ و ﴿فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى﴾ النجم/ ٣٢. تێمان بگەیەنێ، کە یەکەمیان داوامان لێ دەکات تەزکیەی خۆمان بکەین. دووەمیشیان قەدەغەمان لێ دەکات تەزکیەی خۆمان بکەین، بەڵام دیارە یەکەمیان پێمان دەڵێت: هەوڵ بدەن بۆ گەشەو تەزکیەی خۆتانو بەرزکردنەوەی پاکژیی دەروونتان، دووەمیشیان پێمان دەڵێت: کە کاتێك ئەوەتان نەکردووە، لافی تەزکیەی دەروونو خۆبەپاك زانین لێ مەدەن.!

لە گوتەیەکی تری شیرینیدا دەڵێت:

"لەبیرچوونەوەی دەروون لە لەبیرنەچونەوەی دەرووندایە." واتە: گەر دەتەوێ دێوی ئەنانیەتو خودییەتی خۆت بتاسێنی، بەوە دەبێ هەردەم ئاگات لە خۆت بێو خۆتت لەبیر نەچێت، خەریکی خاوێنکردنەوەی دەروونت بە.. بەڵێ، بە ڕۆشنیی دەڵێت: "خۆتت لەبیر نەچێت، تا خۆتو

ئەنانیەتو (من.من)یت لەبیر بچێتەوە..". بەه، بەه، لەم گەوهەرەو ماشەڵڵا لەم دەروونناسییە. ئاخر لەخۆڕا نیە کە کەسانێك دەبنە ڕابەرو پێشەنگ. زانیویانە لە کوێوە دەدوێنو چی دەڵێن؟ ئەمانەن (سالك)ی (مەداریج)و قۆناغبڕانی پلەو هەنگاوەکانی عیبادەت، کە خۆیان ڕێیان گرتووەتە پێشو حەزیش دەکەن خەڵکانی خوا، لەو چێژو مەزەی خۆناسیی‌و خواناسییە، بیٚ بەش نەبن!

بەڵیٚ نورسی بۆ خوا دەژیا، داوای دەکرد هەموو خۆشەویستانی لە بیری ڕازیکردنی خوای خۆیاندا بن. دەیگوت: کاربکەنو بجووڵێن، ئاکامو سەرەنجام بدەنە دەست خوا. داوای دەکرد کە موسڵمان هەوڵ بدات لە تاقیکردنەوەکەی دونیادا دەربچێت. بەسەرهاتەکەی (عیسا) لەگەڵ (ئیبلیس)ی دەگێڕایەوە بۆ پەندوەرگرتن. دەگێڕنەوە کە شەیتانی زۆرزان جارێکیان وتی بە (عیسا) پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر): ئەی عیسا! ئەگەر تۆ پێت وایە کە هیچ شتێك ڕوو نادات، غەیری ئەوەی خوا نووسیویەتی، دەی وەرە لەم شاخەوە خۆت هەڵدەرە خوارەوە. عیسا فەرمووی: ئەی مەلعون! بڕیارە خوای گەورە عەبدەکانی خۆی تاقی بکاتەوە، نەك عەبدەکان خوای بەدیهێنەری خۆیان تاقی بکەنەوە.!

**٦ـ وتاری شامیی:**

عەسری هەمان ڕۆژی (٢٠٠٦/٥/٣٠ز) کۆڕمان گەرم کرد بۆ باسی ئەم نامیلکەیەی مامۆستا نورسی، کە بە (الخطبة الشامیة) بەناوبانگە، ئەم نامیلکەیە کورتە داستانێکی هەیە:

مامۆستا نورسی ساڵی (١٩١١ز) کە بۆ سەردانی خوشکێکی سەفەری شاری دیمەشقی کرد، لە مزگەوتی (الجامع الأموی)و لە کەنار گۆڕی

سەرکردەی قارەمانو گەورە (صلاح الدین)ی ئەیوبیدا گیرسایەوە، زاناو کەسایەتییەکانو خەڵکی تامەزرۆی سوریا ـ بە تایبەتی لە زانایانو بە تایبەتی تر لە کوردەکان ـ هەواڵی هاتنی نورسییان بیست. پێشتر ناوبانگیان بیستبوو، بۆیە ناو حەرەمو حەوشەو سەربانو سەرجادە، خەڵکی نەدەگرت. نزیکەی دە هەزار کەس کۆبوونەوە، هەروەك مامۆستا نورسی خۆی باسی دەکات..!

مامۆستا نورسی ـ کە لە تەمەنی (٣٤) ساڵیدا بوو ـ چووە سەر مینبەر، سەدان زاناو کەسایەتیی ئاینیی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی لەبەردەمیدا واقیان ورمابوو، گەنجێکی کوردزمانی چەوساوە، بە ڕانكو شەپكو مشکیی کوردییەوە، بە عەرەبییەکی ڕەوانو حەماسەتێکی کەموێنەوە، لە کۆنە میحرابەکەی (عمر عبد العزیز) و (صلاح الدین ئەیوبی)دا وتار دەدات.

پاش ناوی خواو صەلەواتدان، لە یەکەم ڕستەیدا وتی:

"برایانی عەرەب! من بۆ ڕێنوێنیکردنی ئێوە لێرەدا نەوەستاوم، من وەك قوتابییەك وام، کە بەیانییەکەی چووبێتە قوتابخانەو ئێوارە بگەڕێتەوە، وانە بۆ باوکی شەرح بکات. بەڵێ، ئێمەی کورد بە نیسبەت ئێوەوە منداڵینو ئێوە مامۆستامانن".

پاشان چووە سەر باسی نەخۆشییەکانی ئوممەتی ئیسلامو کورتی کردنەوە لە شەش لایەندا:

١ـ بێ هیوایی ٢ـ نەمانی ڕاستگۆیی ٣ـ حەز لە دوژمنایەتیی ٤ـ بێ ئاگایی لە پەیوەندیی نورانیی نێوان موسوڵمانان ٥ـ تاکڕەویی‌و دیکتاتۆریەت ٦ـ هەر کەس بۆخۆیی.

جا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دەردودایە، لە شەش وشەدا بناغەی چارەسەریشی خستە ڕوو:

یەکەم: هیواو ئومێدەواریی، بۆ چارەی دڵڕووخاویی‌و دەروونبەزیویی‌و ورە لەدەستدان.

دووەم: بە درێژیی باسی لە (شێرپەنجەی گەلان) کرد، کە مەبەستی نائومێدیی بوو و تیشکی خستە سەر ئایەتی ﴿..لا تقنطوا..﴾.

سێیەم: ڕاستگۆیی، وەك بناغەی ئیسلامەتیی‌و شیرازەی ڕەوشت، لەوێوە بە توندیی دای لە دوڕوویی‌و درۆو کەڵەکبازیی‌و تەزویر.

چوارەم: خۆشەویستیی‌و دژایەتیی ناکۆکیی.

پێنجەم: خەمی ئیسلامەتیی‌و نەتەوە پێکەوە..

شەشەم: شوراو ڕاوێژ بۆ کاری حاکمیەت‌و خەمی نەتەوەیی‌و پێکەوەبوون.

لە کۆتاییدا بۆ دیاریکردنی چارەسەر، پرسیارێکی ورووژاند: ئایا غیرەتی دینیی‌و نەتەوەیی کامیان لەپێشن‌و کامیان زیاتر دەبێ گرنگییان پێ بدرێت؟ بۆ خۆی وەڵامی ڕوونیش دەداتەوەو دەڵێت: "دینداریی‌و نەتەوەگەریی لای ئێمەی موسڵمان لە زاتی خۆیاندا یەك شتن، بەڵام بە ئیعتبار جیاوازن. ئاین ژیانی نەتەوەگەریی‌و ڕۆحی نەتەوەگەرییە".

بەم جۆرە مامۆستا نورسی دەرسی عەرەبان‌و غەیری ئەوانیش دەداو سەرنجیان ڕادەکێشێ‌و کۆتایی بە وتارەکەی دێنێت. بەڵام داستانی ئەم وتارە بەوە کۆتایی نایەت.

قەدەر وابوو ـ وەك وتمان ـ لە ساڵی (١٩١١ز)دا ئەم وتارە لە مزگەوتی ئومەوی دیمەشق درا، تا ساڵی (١٩٥١ز) بەرچاوی مامۆستا نورسی نەکەوتەوە، واتە لە دیمەشق نووسرایەوەو پاش چل ساڵ کەوتەوە

بەردەستی، کە یەکێك لە هاوڕێیانی لە شاری (وان)ەوە بەچاپکراوی بۆی نارد. ئەو کات مامۆستا دوور خرابووەوە بۆ ناوچەی (ئەمیرداغ)، وتارە چاپکراوەکەی خوێندەوە، پێیدا چوویەوە، بۆ خۆی خودی وتارەکەی لە عەرەبییەوە وەریگێڕایە سەر تورکی، هەندێ بڕگەو پەراوێزی بۆ زیادکرد، هەندێ شتیشی لێ لابرد، وەك وانە بۆ هەندێ لە قوتابییانی گوتەوە، پاشان بە مەلا (عبدالمجید)ی برای وت کە بیکاتەوە بە عەرەبی. بۆ خۆی پێشەکییەکی بۆ نووسی، تێیدا دەڵێت: "ئەم پەیامە پێش چل ساڵ لە مزگەوتی ئومەوی پێشکەش کرا، لەسەر داوای زانایان، نزیکەی دە هەزار کەس ئامادە بوون، هەروەها (١٠٠) زانای گەورەی شام لەوێ بوون. بەندە پێش ئەو چل ساڵە پێشبینیم کرد، بەڵام دوو جەنگی جیهانییو دیکتاتۆریەت کە زۆری خایاند، پێشبینییەکانیان دواخست بۆ ماوەی (٤٤) ساڵ. ئێستە ئاسۆکان بەرەو ڕوونی دەچن، بۆیە ئەمە وتارێك نیەو درابێ و تەوابووبێت، ئەمە وانەیەکی کۆمەڵایەتییەو فەرو تازەیی خۆی هەرماوە."

جگە لەوە ئەو وتارە چەندین جاری تر وەرگێڕراوە بۆ عەرەبی، لەوانە:

ـ لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوودا (د.سەعید ڕەمەزان بۆتانی)ش ـ بە شێوازە ئەدەبییەکەی خۆی ـ وەریگێڕایە سەر عەرەبیی.

ـ هەروەها (عاصم الحسینی)ش لە ئەسڵە تورکییەکەوە وەریگێڕایە سەر [٢٥٤] عەرەبیو ساڵی (١٩٧٤ز) لە بەیروت چاپ کرا.

---

٢٥٤ الخطبة الشامیة، سعید النورسي، پێشەکی ئیحسان قاسم صالحی.

ـ مامۆستا (ئیحسان قاسم)یش لەبەر ڕۆشنایی ئەو نوسخەیەی حوسەینیو نوسخەی ئەسڵە تورکییەکە ساڵی (١٩٨٨ز) نوسخەیەکی عەرەبیی تەواوی ئامادە کرد.

لە کۆتایی باسی ئەم پەیامەدا وتەکەی قەشەی ناسراو (تۆماس میشیل)مان باس کرد، کە بەرپرسی دایەلۆکی ئیسلامیی ـ مەسیحی بوو لە (ڤاتیکان). دەربارەی ئەو (وتارە شامی)یەی نورسی دەڵێت: "من وامدەزانی مەلایەکی دەوڵەتی عوسمانیی، ئەگەر لە ساڵی (١٩١١ز)دا قسە بکات، دەڵێت: ئەی موسڵمانان! شمشێرێك هەڵگرنو کافران لەناوبەرن. بەڵام سەعید نورسی وتاری داو لە شەش خاڵدا نەخۆشییەکانی هەموو ئوممەتی ئیسلامیی دەستنیشان کرد، کە خوێندمەوە، وتم: بە ڕاستیی نەخۆشییەکانی هەموو نەتەوەی مەسیحیەت ـ بگرە هەموو مرۆڤایەتیشی ـ دەستنیشان کردووە".

**٧ـ پەیامی (بەرهەمی درەختی ئیمان):**

ئێوارەی هەمان ڕۆژی (٣٠/٥/٢٠٠٦ز) چووینە باخچەی چنینی پەیامی (بەرهەم)، بەرهەمی درەختی ئیمان، تا زیاتر زاخاوی دڵو مێشكو دەروونمان بدەین.

مامۆستا نورسی لە دیباجەی تیشکی یازدەی تیشکەکانیدا دەڵێت: (بەرهەم) بەرهەمی زیندانی (دینیزلی)یە لە دوو ڕۆژی پیرۆزی هەینیدا.

بەڵێ خەڵکی لە زینداندا دەست بەچۆکەوە دەنێن، چاو بە دیوارو سەقفی زینداندا ئەبڵەق دەکەن، مەلی خەیاڵیان بێ هودە دێتو دەچێت، ئاخ هەڵدەکێشن، بەڵام قوتابییانی قوتابخانەی یوسفیی، بەرهەمی بیرکردنەوەو تێڕامان دەچننەوە، لەوێشەوە شان دەدەنە بەر خەمەکانی خەڵکیی، نەك

خەمە وردەكانیان، بەڵكو خەمی چارەنووسیان، خەمی گەورەی داهاتوویان، بۆیە بە دەستە لەرزۆكەكەی پەیامی (بەری درەختی ئیمان)ی، نووسی.

نورسی خۆی دەڵێت: "كاتێك كە لە زینداندا ئەم بەرهەمەم دەنووسی، دەنگی (الله أكبر)ی موسڵمانان ـ كە جەژنی قوربان بووـ دەگەیشتە گوێم. خەیاڵم تێكەڵ بووەوە بە پێنج یەكی مرۆڤایەتیی، گوێم لە زیاتر لە (٣٠٠) ملیۆن موسڵمان بوو، كە (الله كبر) دەكەن، (ئەو ژمارەیە ژمارەی ئەو كاتەی موسڵمانانی جیهان بووە).

لەوەش زیاتر، پێی وایە كە ئەستێرەو كەهكەشان هەموو تێكڕا لەگەڵ (الله أكبر)ی كورەی زەوی، سەمفۆنیایەك دەخولقێننو شایەتیی بۆ گەورەییو باڵادەستیی خوای كردگار دەدەن.

لەو پەیامەدا نورسی حەقیقەتی ژیانو مردن ڕوون دەكاتەوە، باسی نرخی ڕۆژانی تەمەنو تاوانی بەفیڕۆدانیان دەكات، هەروەها ئاماژە بە چەند بازنەیەكی جیٛ بایەخی مرۆڤ دەكات: بازنەی دڵ، بازنەی لاشە، بازنەی ماڵ، بازنەی گەڕەك، بازنەی شار، بازنەی وڵاتو نیشتیمان، بازنەی مرۆڤایەتیی، بازنەی كورەی زەوی، بازنەی بوونەوەر. پێشی وایە ئەم بازنانە لە نێو یەكدانو پێكەوە پەیوەستن، بەڵام تەئكید دەكاتەوە كە گەورەترین بازنەیان بچووكترینیانە، واتە: بازنەی دڵ. پاشان باس لە موناسەبەی (ئەرك)و (بەرپرسیارێتی) بازنەكان دەكاتو دەڵێت: تا بازنەكان بچووكترن، ئەركەكان گەورەترن. تا بازنەكانیش فراوانتر بن، ئەركەكان كەمو بچووك دەبنەوە.

بەو جۆرە مامۆستا نورسی ڕشتەی مرواریی گەردوون دەهۆنێتەوە، لە (دڵ)ەوە دەست پێدەكات، تا (گەردوون)و بوونەوەر، بە مەرجێك لە زیندانێكی ستەمكارانیشدا بەسەری دەبرد.

بەڵێ، وا دەبێ شەهامەت، وا دەبێ جوامێریی، وا دەبێ ئومێدو هیواو ورەبەرزیی. هەروەك وا دەبێ تێگەیشتنو خەمخۆریی‌و مرۆڤدۆستیی‌و هەست بە بەرپرسیارێتیی.

## کۆڕی ماڵئاوایی

پاش دوو هەفتە لەو گەشتەمانو ئەنجامدانی چەندین دیدارو سەردان، ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٦ز) لە بارەگای دامەزراوەی (نەسل) لە ئەستەمبوڵ بۆ بەدرەقەو بەڕێکردنمان، کۆڕێکی فراوان ساز کرا، گەورە بەرپرسانی ژمارەیەکی زۆر داموەدەزگای فیکرییو ڕوناکبیرییو پەروەردەیی، ئامادە بوون، وتەبێژێکیان بە ناوی دکتۆر فارس ـ کە پرۆفیسۆرێکی بە توانایە ـ ڕێزلێنانی خۆیو هاوکارانی بۆ ئێمەی میوان دووپات کردەوە، پێزانینی خۆیان بۆ هەڵسو کەوتو بیرو بۆچوونەکانمان دەربڕی، چونکە لەگەڵ زۆرێك لەو ئامادەبووانە لەو چەند ڕۆژەدا ئاڵوگۆڕی بیرورا کرابوو، تا ڕادەیەك ئاشنایی پەیدا بوو بوو.

پاشان ئێمەیان بانگهێشت کرد بۆ وتارێك، بەندە بەم جۆرە هەستی برایانەم بۆیان دەربڕی:

بەناوی خوای نوری ئاسمانو زەوی. سڵاوو درود لەو پێغەمبەرەی خوا کردی بە نورو ناردی بۆ مرۆڤایەتی.

سوپاسی ڕێکخستنی ئەم کۆڕە دەکەین، دەستخۆش بۆ ئەم میوانداربیە برایەنەیەو ئامادەبوونی برایان. سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین، کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ماندوومان کردن لەم گەشتە نورییە پیرۆزەدا.

دەمانەوێ عەرزتان بکەین: لەو کاتەوە ئاشنا بووین بە قورئان، ئاشنا بووین بە پەیامەکانی نور، چونکە پەیامەکانی نوور ڕەنگدانەوەی تیشکی قورئانن. ئێمە لە حەفتاکانیشەوە (نورسی)مان ناسیوە. بەندە ساڵی (١٩٨١ز) لە هەوڵێکی سەرەتاییدا مامۆستا (نورسی)م بە کوردزمانان ناساندوو پوختەیەك لە ژیاننامەیم لە نامیلکەیەکدا بڵاو کردەوە.

له ڕاستیدا (پەیامەکانی نور) فێری برایەتیی ئیمانیمان دەکەن، یەکێتیی ئوممەتی ئیسلامیمان بیر دەخەنەوە، واتاکانی (خۆشەویستیی)و (برایەتیی)و لەیەکتردا توانەوەمان وەبیردەێننەوە، ئەو واتایانەی کە بەربەستی سنورو جوگرافیاو زمانو نەژادیان شکاندووە، وەك لە سەردەمی یارانی پێغەمبەریشدا ﷺ شکێنران.

برایانی بەڕێز! ئێمەش لەسەر هەمان ڕێڕەوی خواناسیی دەڕۆین، پەیڕەوی لە ڕێبازی میانڕەویی‌و واقعیەت‌و لەسەرخۆیی دەکەین. سوودمان لە ئەزمونی سەرکەوتووی هەموو بزافە ئیسلامییەکان وەرگرتووە، خۆمان نەبەستووەتەوە بە شێوازێکی تایبەتەوە. ئێمە وا دەبینن ڕەوتی ئیسلامیی لە ڕەهەندی پەروەردەییدا پێویستی بە بیری مامۆستا سەعید نورسی‌و پەیامەکانی نور هەیە. وا دەزانین بایەخدان بە (ئیمان)و (غەیب)و جیهانی نادیارو ڕاهێنانی مرۆڤ لەسەر خۆشەویستیی خوا ـ کە بەشێکە لە مەنهەجی نورسی ـ ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە پەروەردەی تاکەکاندا، لە لایەنی خاکییەتیی‌و خۆشەویستیی نێوان تاکەکاندا، بۆ پێشەنگیی دەشێن. لە ڕووی دەسگوشادیی‌و (إیثار)و بەخشینەوە ـ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دامەزراوەکانیان ـ کەسیان ناگاتیێ، لە بواری دامەزراندنی دامەزراوەو ڕێکخراوەی جۆراو جۆردا هەنگاوی زۆریان بڕیوە. لە ڕووی گرنگیدان بە فێرکردنی قورئان‌و خزمەت لەو بوارەدا، کاری کەموێنە کراوە. بەڕاستی نورسی‌و قوتابییانی بەشێکی زۆر لە ئامانجی ستراتیژیی (ڕزگارکردنی ئیمان)یان بردووەتە سەر.

دواجار، هیوادارین خوشك‌و برایانی بەڕێز لە هەوڵی دەستخستنی زانستە شەرعییەکاندا هەوڵی زیاتر بدەن‌و زیاتر خۆیان بە کێشەکانی نەتەوە

ئیسلامییەکان ئاشنا بکەنو ئاڵوگۆڕی زیاتری ئەزمونی بزافو لایەنە ئیسلامییەکان بکەن.

دووبارە سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین.."

بە چەپڵەی گەرمو (الله أكبر)کردن پشتگیریی خۆیان بۆ قسەکانمان دەربڕی، دواتر ماڵئاواییان لێکردینو ئامادەبووین بۆ گەڕانەوە.

شایانی باسە مامۆستا ئیحسان قاسم کە کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد، ڕێزو پێزانینێکی زۆری بۆ ئەو شاندەی ئێمە دەربڕیو لە چەند بۆنەیەکدا دووبارەی کردەوە کە ئێوە نوێنەرێکی سەرکەوتووی کورد بوونو بە بیروبۆچوونی جوانو هەڵسوکەوتی شیرینتان هێندەی تر ڕووی کوردتان سپی کرد.. ئێمەش سوپاسی خوامان کرد لەسەر تەوفیقەکانی بۆمان.

## بەرهەمەکانی نورسیو تیشێک لەسەر (پەیامەکانی نور)

جێی خۆیەتی کە لە دوا وێستگەی ئەم گەشتە بە پیتەماندا بە ژیاننامەو بەسەرهاتەکانی مامۆستا سەعید نورسیدا، هەڵوێستەیەك لەگەڵ نووسراوو پەیامەکانیشیدا بکەین، کە بەشە بە (پەیامەکانی نور) ناسراون.

دیارە بدیع الزمان مامۆستا سەعید نورسی لە بۆنەی جیاجیاو لە بوارو بابەتی جۆراوجۆردا نووسینی هەیە، بەپێی هەندێك زانیارییو لێکۆڵینەوە کە لەم کتێبەدا کردمان، بە هەر سێ زمانی کوردییو تورکیو عەرەبی کتێبی نووسیون، بەڵام بە داخەوە ئەسڵی کتێبە کوردییەکانی نەماون، بە پێی چەند زانیارییەك ـ کە لەم کتێبەدا ئاماژەمان پێکردن ـ هەندێکیان لەوانەن کە کراونەتە تورکیو عەرەبی.

نووسینەکانی نورسی لە ڕووی قەبارەیشەوە جیاوازن، پەیامی وای هەیە کتێبێکی تەواوە، پەیامی وایشی هەیە تەنها چەند لاپەڕەیەکە.

کۆی (پەیامەکانی نور) لە بنەڕەتدا چوار بەشی سەرەکین، کە لە زمانی عەرەبیدا ناوەکانیان وەرگێڕڕاون بۆ: «الکلمات»، «المکتوبات»، «اللمعات»، «الشعاعات»، هەمووشیان لە (١٣٠) پەیام پێکهاتوون.

ئەمەش تیشکێك لەسەر کۆی پەیامەکانی نور، کە لە نۆ بەرگدا لە لایەن نووسەری شاری کەرکوك مامۆستا (ئیحسان قاسم صاڵحی)یەوە، لە تورکییەوە وەرگێڕڕاون بۆ عەرەبی،[٢٥٥] ژمارەیەکیشیان بە شێوەی جیاجیاو سەربەخۆ چاپو بڵاوکراونەتەوە. هەروەها بە شێوەی جیاواز زۆربەی ئەم پەیامانە وەرگێڕڕاون بۆ زۆرێك لە زمانەکانی تری جیهان:

---

٢٥٥ هاوڕێو برای خۆشەویستم مامۆستا (فاروق ڕەسوڵ یەحیا)ش زۆر ماندوو بوو بە وەرگێڕانیانەوە بۆ زمانی کوردیی، خوا پاداشتی بداتەوەو سەرکەوتوو بێت.

**بەرگی یەکەم/ (الکلمات):**

ئەم کتێبە لە (٣٣) پەیام، یان وتار پێکهاتووە. لە چاپە عەرەبییەکەی مامۆستا ئیحساندا (٩٢٠) لاپەڕەیە. پەیامەکان ناونراون (کلمة)، ساڵی (١٩٢٦ز) لە گوندی (بارلا) دەستی بە نووسینیان کردووە، بە زمانی تورکی نووسیونی، زیاتر لە تەفسیری هەندێك بڕگەو ئایەتی قورئانی پیرۆز پێکهاتوون، کە ماناو مەدلولی نایابی لێ دەرهێناون. لە بەشێکیاندا مانای چەمکی (عیبادەت) دەکاتو تیشك دەخاتە سەر فەلسەفەی بوونو ئەرکی مرۆڤ لە ژیاندا. هەروەها باسی نهێنییەکانی یەکتاپەرستییو حیکمەتی کاتەکانی نوێژو دەکاتو تیشکیش دەخاتە سەر باسی حەشرو بەڵگەکانیو جوانییەکانی بەهەشتو بابەتی شەوڕەوی (میعراج)و فریشتەکانو مانەوەی ڕۆح. لە بەشێکیاندا (١٢) بنەما باس دەکات بە ناوی (بنەماکانی تێگەیشتن لە فەرموودەکان).

**بەرگی دووەم/ المکتوبات:**

ئەویش لە (٣٣) پەیام، یان نووسراو پێکهاتووە، کە ناوی ناون (مەکتوب). لە چاپە عەرەبییەکەدا (٦٧٢) لاپەڕەیە. نورسی لە قۆناغی دووەمی ژیانیدا نووسیونی. زیاتر باسی بابەتە ئیمانییو غەیبییەکان دەکاتو بە درێژیی تیشکی خستووەتە سەر باسی موعجیزەو جۆرەکانیو نهێنییی نزاو پاڕانەوەو جیاوازیی نێوان ئیمانو ئیسلام. هەروەها باسی برایەتیو خۆشەویستییو خۆلادان لە کینەو دووبەرەکییو ئیرەییو تەماعو هەڵپەی دونیایی دەکات. جگە لەوانە هەندێك بابەتی هەستیاریشی وروژاندووە، وەك: باسی حیکمەتی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشتو حیکمەتی بەدیهێنانی شەیتانو باسی خدری ناسراو بە (خدری زیندە)و دابەزینی عیسا پێغەمبەر (درودی خوایان لەسەر).

بەشێکیشی تەرخان کردووە بۆ ئەو نامەو نووسراوانەی بۆ قوتابییەکانی ناردوون، کە ناوی ناون (ملاحق) پاشکۆکان، وەك: پاشکۆی بارلا، پاشکۆی قەستەمۆنی، پاشکۆی ئەمیرداغ. ئەمانەی هەموو لە مەکتوبی (٢٧)دا یەکی خستوونەتەوەو کۆی کردوونەتەوە.

**بەرگی سێیەم/ اللمعات:**

ئەم کتێبەش لە چاپە عەرەبییەکەدا (٦٤٦) لاپەڕەیە، لە (٣٣) پەیام پێکهاتووە، کە ناوی ناون (لمعة) پڕیسك، زیاتر تێڕامانن لە هەندێك ئایەتی قورئانی پیرۆزو هەڵگۆزینی واتاو مەدلولی گرنگ. لەگەڵ باسێك دەربارەی پرۆگرامی پێغەمبەرایەتیی‌و بابەتی ئیمامەت‌و جیاوازیی بۆچوونی سوننەو شیعەکان لەو بارەیەوە. هەروەها هەڵوێستە لەسەر بەسەرهاتی پێغەمبەران یونس‌و ئەییوب (درودی خوایان لەسەر)، لەگەڵ باسی صەبرکردن‌و ئارامیی‌و خۆڕاگریی. لەگەڵ چەند پەیامێك بۆ پیران‌و نەخۆشان. لە بەشێکیاندا ڕەددی مولحیدو بێباوەڕان دەداتەوەو باسی نهێنییەکانی ناوە جوانەکانی خوای گەورەش دەکات.

**بەرگی چوارەم/ الشعاعات:**

ئەم کتێبەش لە چاپە عەرەبییەکەدا (٧٥٢) لاپەڕەیە، لە (١٥) پەیام یان نووسراو، پێکهاتووە، کە ناوی ناون (شعاع) تیشك، بەشێکی لە زیندانی (ئەسکی شەهر) نووسیوە، دوای ئەوەی کە هاوڕێ خۆشەویستەکانی ــ کە لەگەڵیدا زیندان بوون ــ ئازاد کران‌و ئەو بە تەنها ماوەتەوە.

نورسی لە هەندێك لەو تیشکانەدا باسی نهێنییەکانی ئیمان‌و بەرهەمەکانی یەکتاپەرستیی دەکات. بەشێکیشیان تەرخانن بۆ ڕازو نیازو پاڕانەوە لەگەڵ خوای گەورەو باسی ناوو نازناوو صیفەتە بەرزەکانی.

له بەشێکی تریاندا بە درێژیی باسی نیشانەکانی دواڕۆژی کردووە، هەروەها پەیامێکیشی تەرخان کردووە بۆ باسی بەڵگەکانی بوونی خوای گەورەو تاکو تەنهایی، لە پزیسکێکیشدا تیشکی خستووەتە سەر واتاکانی (تەشەهود). لە بەشێکیاندا داکۆکییەکانی خۆیو قوتابییەکانی لە دادگای (دینیزلی)و (ئایفون) تۆمار کردووە

**بەرگی پێنجەم/ کتێبی (إشارت الإعجاز في مظان الإيجاز):**

ئەم بەشە کتێبێکی سەربەخۆیە، (٣٣٢) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە، کە یەکەم نووسراوی گەورەیەی نورسییەو لە کاتی جەنگکردن دژی ڕووسەکان دایناوە، تەنانەت خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرجار لەسەر پشتی ئەسپ یان لە ناو سەنگەردا بووە، کە لەگەڵ مەلا (حەبیب)ی قوتابی، خەریکی نووسینەوەی بووە، دیارە خۆی ئیملای کردووەو وتوویەتی بۆ مەلا حەبیبو ئەویش نووسیویەتەوە.

بە گشتیی ئەم کتێبە تەفسیرێکی نوێیە بۆ سورەتی (الفاتحة) و (٣٠) ئایەت لە سورەتی (البقرة)، کە بە شێوازێکی نوێ باسی نەزمی داڕشتنی قورئانی پیرۆزو پەیوەندیی نێوان ئایەتەکانو ڕەهەندیی ڕەوانبێژییو یاساکانی زانستی لۆژیك دەکات.

**بەرگی شەشەم/ المثنوي العربي النوري:**

ئەم بەرگەش (٥٣٤) لاپەڕەیەو لە (١٢) کتێب پێکهاتووە، دەربارەی: یەکتاپەرستیی ڕاستەقینەو ناسینی پێغەمبەری خواو بابەتی حەشرو نهێنییەکانی دەروونو چارەسەرکردنی دەردەکانی دڵو نەخۆشییە دەروونییەکانو بابەتی پەروەردەکردنی دەروونو گەشەپێدانیو نیشانەکانی خوا لە گەردووندا.. هتد.

**بەرگی حەوتەم/ الملاحق:** ئەم بەشەش (٤٦١) لاپەڕەیەو بە گشتیی سێ کتێب لەخۆ دەگرێت: مولحەقی بارلاو مولحەقی قەستەمۆنیو مولحەقی ئەمیرداغ، کە

هەرکامیان پەیوەندیی بە قۆناغێکی جیاوازی تەمەنی نورسییەوە هەیە، زۆربەی ئەو نامانەیان تێدایە کە بۆ قوتابییە نزیكو دێرینەکانی خۆی نووسیوە، زۆربەیان شێوازی ئامۆژگاریی‌و ئاراستەکردنیان هەیە، بە تایبەتی بابەتە ڕەوشتییەکان‌و شێوازی قسەکردن‌و مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیی‌و بانگەوازکردن بۆ ئیسلام لەم سەردەمەدا.

**بەرگی هەشتەم/ صيقل الإسلام:**

ئەو بەشەش لە عەرەبییەکەدا (٥٩٧) لاپەڕەیەو لە چەند کتێبێك پێکدێت، وەك: دادگا عەقڵییەکان دەربارەی چەند بابەتێکی تەفسیرو بەلاغەو عەقیدە. لەگەڵ پەراوێزی نورسی لەسەر کتێبی (السلم المنورق)ی عبد الرحمن الأخضري (ت: ٩٨٣ك)، بە ناوی (قزل إيجاز)، لە زانستی مەنتیق. هەروەها پەراوێزەکانی لەسەر (گەلەنبەوی برهان)، ئەم کتێبانەی بە زمانی عەرەبی نووسیون. هەروەها کتێبی (السانحات) کە بە عەرەبی نووسیویەتی، لەگەڵ (المناظرات) یان (رچتة العوام)، کە بە پێی زانیارییەکانی ئێمە لە بنەڕەتدا بە زمانی کوردی نووسیویەتی‌و دواتر هەر خۆی کردوویەتی بە تورکی‌و تورکییەکەشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. هەروەها کتێبی (دادگای عورفیی سەربازیی)و وتارێکی کە ساڵی (١٩١١ز) لە دیمەشق پێشکەشی کردووەو بە (وتاری شامیی) ناسراوەو نامیلکەی (شەش هەنگاوەکە) کە دژی ئینگلیز نووسیویەتی، لە کاتی داگیرکردنیاندا بۆ شاری ئەستەمبوڵ.

**بەرگی نۆیەم/ ژیاننامە:**

ئەو بەشە لە عەرەبییەکەدا (٥٨٤) لاپەڕەیەو تەرخانە بۆ ژیاننامەی نورسی، کە لە سەرجەمی نووسینەکانی خۆیدا بە پێی ڕووداوە مێژووییەکان هەڵگۆزراوە.

- چەند زانیارییەك لەسەر شێوەی نووسینەوەو بڵاوبوونەوەی پەیامەکانی نور:

ـ وەك پێشتر وتمان: نورسی خەتی ناخۆش بووە، قوتابییەکانی هاوکارییان کردووە، ئەو ئیملای داڕشتنەکەی کردووەو ئەوانیش نووسیویانەتەوە.

ـ لەو کاتەدا پیتی عەرەبی یاساغ بوون، بۆیە ناچار بوون هەموو پەیامەکان بە شێوە ئەلفبای عەرەبی بنووسنەوە، ئەویش پێیاندا دەچووەو هەڵەچنیی دەکردن.
ـ چالاکیی ئافرەتان لە بواری نووسینەوەی پەیامەکانی نوردا بنەڕەتیی و بایەخدار بووە.
ـ هەندێك لە قوتابییان ڕێبازیان ئەوە بووە کە پەیامێك ئەگەیشتە دەستیان، چەند نوسخەیەکی تریان لێ ئەنووسییەوە، بەم ڕێبازە بەخێرایی هەزاران نوسخە بڵاو دەبوونەوەو دەگەیشتنە زۆربەی ناوچەکانی تورکیاو نوسخەش دەگەیشتەوە کوردستان.
ـ تا ئێستەش هەندێك لە( نورچییەکان) بە خەت پەیامەکان دەنووسنەوەو نایانبەنە چاپخانەی نوێ، تەنانەت چاپکردنیان بە ئامێری نوێ بە کارێکی ناڕەوا دەزانن.
ـ بۆ ماوەی (٢٠) ساڵی تەواو پەیامەکان بەم جۆرە بڵاودەبوونەوە، تا لە ساڵی (١٩٥٦ز)دا بۆ هەمیشە چاپ و بڵاوبوونەوەی پەیامەکان ئازاد کراو بە ئامێری چاپی نوێ بڵاوکرانەوە.
ـ بەپێی زانیارییەکانی بەندە پەیامەکانی نور وەرگێڕراون بۆ دەیان زمانی زیندووی جیهان، لەوانە: ئینگلیزیی، عەرەبی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، فارسی، ڕوسی، ئۆزبەکی، کازاخستانیی، ئۆیگۆریی، کوردیی.. ئەمەش یەکێك لە ئاواتەکانی مامۆستا نورسی بوو لە ژیانیدا.
ـ ڕۆڵی مامۆستا ئیحسان قاسم صالحی کەرکوکیی بۆ وەرگێڕانی پەیامەکان بۆ زمانی عەرەبی و مامۆستا فاروق ڕەسوڵ یەحیا بۆ زمانی کوردیی بەرز دەنرخێنرێن.

## کەلێنێکی ڕەوتی نورو تیشکێک لەسەر باڵەکانی

لەم کۆتا بڕگەیەدا زۆر پێویستە بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەرانی بەڕێز، بە کورتی، ئاماژە بە دۆخی کۆمەڵی نور، پاش کۆچی دوایی مامۆستا سەعید نورسی بکەین:

لە ڕاستیدا پاش وەفاتی مامۆستا نورسی، قوتابخانەکەی نور بوو بە چەند پۆلێکەوە، ماوەیەك ئارام بوونو ڕۆڵی تەواوکاریی یەکتریان دەبینی، بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار، ناکۆکیی کەوتە نێوانیانو ڕاڤەی جیاجیاشیان بۆ وتەکانی مامۆستا کەوتە سەر ڕووپەڕەی ڕۆژنامەکانو هەندێکیان کەوتنە چەلەحانێو ململانێی یەکتر، جگە لەوەش هەڵوێستی سیاسییان بەرامبەر دەسەڵاتی تورکیاو پەیوەندییان لەگەڵ حزبە سیاسییەکان جیاوازیی تێکەوت.

مەبەستم نیە لێرەدا بە درێژیی لە هۆکاری ئەو چەند باڵییە بکۆڵمەوە، (چونکە بابەتی من لەم کتێبەدا باسی خودی مامۆستا نورسییە، نەك کۆمەڵی نور)، بەڵام بۆ ئەو بەشەی کە پەیوەندیی بەخۆیەوە هەیە، ڕەنگە هێندە پێویست بێت کە بڵێم:

مامۆستا نورسی ـ لەبەر تایبەتمەندیی قۆناغەکەی ژیانی ـ دوو هەڵەی کاریگەری بەسەردا تێپەڕین:

یەکێکیان: کارنەکردنی لەسەر ئامادەکردنی کەسێکی دیاریکراو لە قوتابییە بەتواناکانی، تا لە دوای خۆی ببێتە جەمسەری جەمکردنەوەی هەموو نورییەکان. چونکە وەکو یەك، مامەڵەی ئەکرد لەگەڵ هەموو ئەوانەی نزیکی بوونو بایەخدانێکی تایبەتو بەپلانی نەبوو، ئەمەش هەڵەیەکە زۆربەی سەرکردەی یەکەمی هێزە ئیسلامییەکانیش تێی دەکەونو لەبەر هەندێك هۆکاری ئەخلاقیی ئەو هەنگاوە نانێن.

دووەم: ڕوون نەكردنەوەی هەڵوێستی خۆی لە سیاسەت بە گشتیی، وەك پرەنسیب و میكانیزم، بەجۆرێك كە ڕووداوە كاتییەكان كاریگەرییان هەبوو لەسەر دیدو تێڕوانینەكانی لە دونیای سیاسەتدا، دوای ئەوەش لەسەر هەڵوێستەكانیشی، تا ڕادەی تێكەڵبوونی هەڵوێستی كاتیی لە سیاسەت، لەگەڵ هەڵوێستی كۆنكرێتیی‌و بناغەیی.

لەم كتێبەدا ئەمەمان بە ڕوونیی لە هەر سێ قۆناغی (سەعیدی یەكەم)و (سەعیدی دووەم) و (سەعیدی سێیەم)دا بینی، چونكە لەو ڕۆژەوە كە بێزاریی لە سیاسەت دەربڕی‌و كردییە هاوتای شەیتان،[٢٥٦] خۆی بەدوایدا ناچار بوو كە دەیان هەڵوێستی سیاسی بنوێنێت، تا سنوری چوونە پەرلەمان‌و دیدار لەگەڵ وەزیران‌و پەرلەمانتاران‌و گفتوگۆی سیاسی‌و بینینی باڵیۆزان‌و بەشداریی هەڵبژاردن‌و دەنگدان بە حزبێكی عەلمانیی ناسیۆنالیستی وەك (حزبی دیموكرات)و پیرۆزیایی لە سەرۆك كۆمارێكی عەلمانی بە بۆنەی دەرچوونییەوە، (دیارە ئەمانە هەموو لە بابی سیاسەتی شەرعیدا حێیان هەیە، دواهەمینیشیان لە ڕوانگەی تەرجیحدانی لایەنێكە بەسەر حزبێكی تری چەپو دژە ئاینی وەك (حزبی گەل)دا، كە ئەتاتورك دایمەزراندو ڕاشكاوانە دژایەتیی ئیسلامی دەكرد.[٢٥٧] كەواتە من باس لە

---

٢٥٦ بەوە مە دروشمی (أعوذ بالله من الشيطان والسياسة)ی ڕاگەیاند.

[٢٥٧] ڕەنگە ناڕوونیی لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەركەوێت: كە ئایا ئەگەر ئەو پاساوە بۆ ئەو كاتە پەسەند بوو، ئەی پاساو چی بوو كە هەندێك لە نورییەكانی ساڵانی نەوەدەكان، دەنگیان بە حزبێكی عەلمانیی وەك (ڕێگای ڕاست)ی (تانسۆ چیللەر) یان (سولەیمان دیمیریل) دا، لە كاتێكدا حزبێكی ئیسلامیی وەك (حزبی ڕەفاه) لە برەودا بوو، بگرە (نجم الدين ئەربەكان)ی سەرۆكی حزبەكە، بووبووە ◄

دروستیی‌و نادروستیی ئه‌م کاره‌ی ناکه‌م، به‌ڵکو باس له‌و بۆشاییه ده‌که‌م که دوای خۆی به‌جێ ما، بۆشایی: ته‌ئصیل نه‌کردنی بنه‌مای به‌ڵگه شه‌رعییه‌کان له‌سه‌ر مامه‌ڵه‌ی دروست له‌گه‌ڵ سیاسه‌ت ، چ وه‌ك (مبادئ)، چ وه‌ك (مومارەسات)، وه‌ك پێشتر وتم.

به‌هه‌ر حاڵ، ئه‌م دوو خاڵه‌ی ئاماژه‌م پێکردن هیچ له‌ پێگه‌و گه‌وره‌یی ئه‌و پیاوه که‌م ناکه‌نه‌وه، چونکه مه‌رج نیه موجه‌ددیده گه‌وره‌کان بتوانن ئابلۆقه‌ی هه‌موو ڕه‌هه‌ندو لایه‌نه فیکریی‌و سیاسی‌و فیقهییه‌کان بده‌ن، به تایبه‌ت له سه‌رده‌مێکی ئاڵۆزو پڕ جه‌نجاڵی وه‌ك ئه‌و قۆناغه‌ی ژیانی ئه‌ودا (نیوه‌ی یه‌که‌می سه‌ده‌ی بیست)، که جگه له دوو جه‌نگی جیهانیی کاولکار، شایه‌تحاڵی ڕووخانی ده‌وڵه‌تی زلهێزی عوسمانیی‌و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی شکۆو پێگه‌ی خیلافه‌ت بوو، جگه له‌وه که خۆیشی ده‌یان ساڵی له زیندان‌و ئاواره‌یی‌و دوورخستنه‌وه‌و بێنازیدا برده سه‌ر. بڕیاردانی یه‌کلابوونه‌وه‌شی بۆ داکۆکیی له (ڕاستییه‌کانی قورئانی پیرۆزو ڕزگارکردنی ئیمان)، له سه‌دا سه‌د کارێکی به‌جێ‌و دروست بوو، به‌ڵام نه‌په‌رژانی بۆ نووسینه‌وه یان ئیملانه‌کردنی ئه‌م بابه‌ته‌ی سیاسه‌ت ـ وه‌ك تێگه‌یاندن‌و وه‌ك هه‌نگاو ـ کاردانه‌وه‌ی خۆی هه‌بوو، به تایبه‌تی پاش وه‌فاتی.

ئه‌مه‌ی خواره‌وه گرنگترین باڵه‌کانی کۆمه‌ڵی نورن، که پاش کۆچی دوایی مامۆستا نورسی، له دۆخی جیاجیادا سه‌ریان هه‌ڵداوه، وه‌ك سه‌ره‌نجامێکی ئه‌و دوو که‌لێنه‌ی سه‌ره‌وه:

---

▶ سه‌رۆك وه‌زیرانی تورکیا؟ ئایا مه‌عقوله بوترێ: ته‌نها له‌به‌ر ئه‌وه‌ی حزبی ئه‌وانه، درێژه‌پێده‌ری (حزبی دیموکرات) بوو.؟!

**یەکەم/** کۆمەڵی (یەنی ئاسیا): واتە ئاسیای نویێ، کە بە هەمان ناوەوە ڕۆژنامەیەکیان هەبوو، گۆڤارێکیشیان هەبوو بە ناوی (کۆپرو) واتە: پرد. ئەم کۆمەڵە لە هەڵبژاردنەکاندا دژی هێزی ئیسلامییەکان، دەنگیان دەدا بە نەیارەکانی حزبی (سەلامە)ی ئەربەکان. لە نووسین‌و ئەدەبیاتیشیاندا زۆر دژی حزبە ئیسلامییەکان دەیاننووسی، بە مەرجێك خۆیان بە دروستترین کۆمەڵی جێگرەوەی نورسی دادەنێن. هەروەها زۆر دژایەتیی باڵەکانی تری ڕەوتی نور ئەکەن‌و بە لادەریان دەزانن.

**دووەم/** کۆمەڵی یەنی نەسل:

ئەمانەیان نەیاری کۆمەڵی یەکەمن‌و پێیان وایە لە مەنهەجی نورسی لایان داوە، لە ململانێ سیاسییەکاندا بێ لایەنن. کۆمپانیای (نەسل)یان هەیە بۆ چاپی پەیامەکانی نور، هەروەها سەنتەرێکی ڕۆشنبیریی‌و زانستییان هەیەو چەندین کۆنگرەیان بۆ باسی نورسی گرتووە، کە بەندە لە دووانیاندا بەشدار بووم.

قوتابییە زۆر ناودارو نزیکەکانی نورسی، وەك: محەممەد فەرەنجی، مصطفى سونگور، عبد الله یەکین‌و بەیرام یوکسل.. لەگەڵ ئەم کۆمەڵەن. هەروەها مامۆستا ئیحسان قاسم صالحی زۆر لەمان نزیکەو چاپی کتێبەکانیان بۆ کردووە.[٢٥٨]

---

٢٥٨ لەم کتێبەدا ئاماژەم بەوە کردووە کە بەندە سەردانی زۆربەی دامەزراوەکانی ئەم کۆمەڵەم کردووەو دیداری دوورو درێژم لەگەڵ ئەو قوتابییە ناوبراوانەی مامۆستا نورسی ئەنجام داوە.

**سێیەم/** کۆمەڵی وەقفی زەهرا:

ئەمانەش کۆمەڵێکن زیاتر کوردەکان لێیان کۆبوونەتەوە، مامۆستا (عز الدین یەڵدرم) سەرۆکایەتیی دەکردن، کە پێشتر قسەم لەسەر ئەوە کرد، کە باڵەکانی تر زۆر دژایەتییان دەکرد. ئەمانیش گۆڤارێکیان هەیە بە زمانی کوردیی، بە ناوی (نەوبەهار)، کە لە ئەستەمبوڵ دەردەچێت، زۆرێك لە (پەیامەکانی نور)یشیان وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. مامۆستا (عزالدین) ساڵی (٢٠٠٠ز) لە ئەستەمبوڵ لەسەر دەستێکی نادیار تیرۆر کرا.[٢٥٩]

**چوارەم/** کۆمەڵی (فتح الله گولەن ):

ئەم کۆمەڵە لە ڕووی چالاکیی‌و کاری نووسین‌و ڕاگەیاندن‌و بواری قوتابخانەو لقی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا، بەربڵاوترین کۆمەڵی نورن، ڕۆژنامەیەکیان هەبوو بە ناوی (میزان) کە نزیکەی (٥٠٠) هەزار تیراژی ڕۆژانەی هەبوو، جگە لە چەندین گۆڤاری جۆراوجۆرو کەناڵی ئاسمانیی ڕادیۆ تەلەفزیۆن‌و دەیان کۆمپانیای وەبەرهێنان لە ناوەو دەرەوەی تورکیا. ئەم کۆمەڵە نێوانیان لەگەڵ هەندێك لە باڵەکانی تر باش نیە، نەیارانیان لە نورییەکانی تر تۆمەتباریان دەکەن بە لادان لە ڕێبازی نورسی. تەنانەت لە دوا قەیرانی نێوان حکومەتی ئۆردوغان‌و (گولەن)دا ساڵانی (٢٠١٦ـ ٢٠١٩ز)دا پێنج کەس لە گەورە قوتابیانی نورسی کە لە ژیاندا مابوون، بریتی بوون لە: محەممەد فەرەنجی، عبدالقادر بادیللی، حوسنی بەیرام ئوغلو، صالح ئوزجان، عبد الله یەکین، بەیاننامەیەکیان

---

٢٥٩ ساڵانی نەوەدەکان لە شاری ئەستەمبوڵ سەردانی ئەم وەقفەو مامۆستا (عزالدین)م کردو هەندێك بەڵگەنامەی لەسەر نورسی‌و پەیامەکانی دامێ.

دژی (فتح الله گولەن)ی سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکردەوە، ئەم خاڵانەی تێدا هاتبوو:

"... ١ـ ئێمە قوتابیانی نورسی بە پێویستمان زانی ڕای گشتیی ئاگادار بکەینەوە کە بنەڕەتیی ترین خزمەت بە پەیامەکانی نور، تەنها خزمەتی ئیمانە...

٢ـ نابێت پەیامەکانی نور بکرێنە ئامڕازو دەستەك بۆ هیچ شتێك، جگە لە ڕازیکردنی خوای گەورە.

٣ـ خزمەتی نیشتمانو گەلو ئیسلام، لە ڕێی سیاسەتەوە، کارێکە ناکرێ فەرامۆش بکرێت، بەڵام هەندێ چالاکیی سیاسی بە ناوی کۆمەڵی نورەوە، یان دەست کێشانە ناو دەوڵەت، یان بۆ دەستخستنی دەسکەوت، بە تەواویی دژن بە پەیامەکانی نور..

٤ـ نورییەکان لە مامۆستاوە فێر بوون، کە پارێزگاریی لە دەسەڵاتێکی شەرعیی بکەن کە گەل هەڵیبژاردبێت.

٥ـ دەبێ دووریی بگیرێت لە هەر کارێك ئاسایشی وڵات تێکبدات.

٦ـ ئێمەی قوتابییانی بدیع الزمان (نورسی) مەبدەئەکانی خزمەت لە پەیامەکانی نور وەردەگرین، تەئویلاتی شەخسیی - لە هەر کەسێکەوە بێتو هەر ناوبانگێکی هەبێت ـ لای قوتابییانی نور پێوەر نیە.

٧ـ هەندێك ڕووداوی ئەم دواییە زۆر بێتاقەتی کردین، کە هەندێك تێکەڵیی کرا لە نێوان پەیامەکانی نورو هەندێك جووڵانەوەی سیاسیدا، کە زۆر دوورن لە سەرچاوەی بێگەردی خزمەتی نور، ناچارین ڕایگەیەنین

که قوتابییانی نور هیچ پەیوەندییەکیان بەو جووڵانەوەو چالاکیو تێگەیشتنە هەرزانانەوە نیە."[260]

ڕاستە لەو بەیاننامەیەدا ناوی (گولەن)یان نەبردووە، بەڵام تەواوی خاڵەکان لەسەر ئەوە، چونکە ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵە شکستخواردووەکەی کودەتای گولەنییەکان لە ساڵی (٢٠١٦ز)دا.

سەرکردەی ئەم باڵە ـ تا کاتی نووسینی ئەم کتێبە ـ (فتح الله گولەن)ە، کە لە (ئەرزڕوم) لەدایك بووەو لە ساڵی (١٩٩٩ز)وە تا ئێستا لە ئەمریکا دادەنیشێت، نووسەرو وتاربێژێکی بەتوانایە، زیاتر لە (٦٠) بەرهەمی هەیە، تا کاتێك لە تورکیا بوو زۆر دژایەتیی (حزبی رەفا)و ئەربەکانی کرد، کە چووە ئەمریکاش نێوانی لەگەڵ حزبی (ئاك پارتی)و (ئۆردوغان) تێکچوو، ساڵی (٢٠١٦ز) حکومەتی تورکیا تۆمەتباری کرد بەوەی کە لە ڕێی لایەنگرانییەوە لەناو پۆلیسو سوپاو میتی تورکیاو بە پشتیوانی ئەمریکا، هەوڵی کودەتایان داوە، بەڵام هەوڵەکەیان شکستی هێنا، بەو هۆیەوە تەواوی بەشدارانی گیرانو دامەزراوەکانیان داخرانو قوتابخانەو دەزگا گەورە گشتییەکانیشیان لێسەندرانەوە.

ئەوانەی باس کران ناودارترین باڵەکانی نورن، دیارە چەندین وردە تاقمی تر هەن، کە خۆیان بە شوێنکەوتەی نورسی دەزانن، هەر بەشێکیان لە شارو ناوچەیەکی سنوورداردان، هەندێکیان بە تەواویی وەك تەریقەتێکی صۆفی بیردەکەنەوە، هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە، دژی ئەوانەن، بەڵام کاریگەریی ئەو تاقمانە زۆر بەربڵاو نیە.

---

[260] بڕوانە پێگەی (http://www.rasaelalnour.com/) بۆ بینینی دەقی تەواوی ئەو بەیاننامەیە.

## هەندێک لە وتە پڕلە حیکمەتو داناییەکانی نورسی

- ئەتوانم بە بێ خۆراک بژیم، بەڵام ناتوانم بە بێ ئازادیی بژیم.
- کەسێ خوا بناسێو گوێڕایەڵی بێت، لە زیندانیشدا بێت کامەرانە.
- هاوئاهەنگیی نێوان پارچەکانی گەردوون، گەورەترین بەڵگەی کردگاریی خواو چاودێریی بەردەوامییەتی بۆ دروستکراوانی.
- دڵۆپەکانی باران ئەگەر کۆ نەبنەوە، زوو وشک دەبنەوە.
- هەرکەس هەموو سوونەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) بکاتە (عادەت)ی، هەموو ژیانی دەبێتە (عیبادەت).
- خودایەک (میر)ی بۆ مێرووولەو (شا)ی بۆ هەنگ دانابێت، هەرگیز ناگونجێت پێغەمبەران بۆ مرۆڤەکان نەنێرێت.
- دۆخی نەتەوەی کورد لە کوردستان، لە خراپترین حاڵیدایە، شارستانییەتیو ژیاری ئێمەی کورد، تەنها لە ڕێی زانستە نوێکانەوە دەستەبەر دەبێت.
- ئەگەر دەتەوێ بەسەر نەیارەکەتدا زاڵ بیت، بەرامبەر خراپەکانی، چاکە بنوێنە، بەوە ئاگری دووبەرەکیش دەکوژێتەوە.
- زانستە شەرعییەکان ڕووناکیی (دڵ)ن، زانستە نوێکانیش ڕوناکیی (عەقڵ)ن، بە تێکەڵکردنیان ڕاستییەکان دەردەکەون.
- دونیا کێڵگەیە، مەحشەر خەرمانە، بەهەشتو دۆزەخیش مەخزەنن.
- گەورەترینو پیرۆزترین چاکە کە لەگەڵ کەسێکدا بکرێت، هەوڵدانە بۆ ڕزگارکردنی ئیمانی، چونکە دونیایشی دەبێتە بەهەشتو پاشەڕۆژیشی.

- دەبێت لە شارستانییەتدا چاو لە (یابانییەکان) بکەین، چونکە داب و نەریتە نەتەوەییەکانی خۆیان پاراستو جوانییەکانی ئەوروپاشیان وەرگرت.
- کلیلی کامەرانیی موسڵمانان لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا (شورا)و ڕاوێژ کردنە.
- مانەوە لە تواندنەوەوە هەڵدەقوڵێت، دەروونی بەدکارت بتوێنەرەوە، تا بمێنیتەوە.
- سەردەمێک دێت لە زمانی سیاسەتدا: (دەستەواژە) پێچەوانەی (واتا) دەبێت، ستەم کڵاوی (دادپەروەریی) دەکرێتە سەری، (خیانەت) بە خۆڕاییو بە ناهەق بەرگی (غیرەت) دەکرێتە بەری، (دەستدرێژیی)ش ناودەنرێ (جیهاد)، کۆیلایەتیش ناو دەنرێ ئازادیی!
- هۆکانی دواکەوتنمان: ١. بێ هیوایی ٢ـ ناڕاستگۆیی ٣ـ حەز لە دووبەرەکیی ٤ ـ ونکردنی تۆڕی پەیوەندیی ٥ ـ تاکڕەویی ٦ـ کەم هیممەتیی.
- ئێمەی موسڵمان شوێن بەڵگە دەکەوین، نەک وەک کەسانی تر کە وازیان هێنا لە (بُرهان) ، پەنایان برد بۆ (رُهبان)!
- دەوڵەتی عوسمانیی ئاوسە بە ئەوروپاوەو هەر ڕۆژێک بێ ئەو کۆرپەیەی دادەنێت. ئەوروپایش ئاوسە بە ئیسلامەوەو هەر ڕۆژێک بێ دایدەنێت!
- کات ڕاستەو ڕاست ناڕوات تا سەرەتاو کۆتاییەکەی لە یەک دوور کەونەوە، بەڵکو لە بازنەیەکدا کە بەرەو ژوور دەکشێ،

دەسوڕێتەوە! ئەوە نیە هەموو زستانێک بەهاری بەدوادا دێت‌و هەموو شەوێکیش سپێدە.

- بیانییەکان دەڵێن: "ئەگەر من مردم با نەتەوەکەم بژی، چونکە ژیانی هەمیشەیی من لەوەدایە"، ئەمە لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاوی ئاینی دروستەو لێمان دزراوە. کەچی کەسانێک لە ئێمە دەڵێن: "ئەگەر من لە تینوویەتیدا خنکام، با باران نەبارێت"!
- ئیمان دەخوازێت سەرکز نەبی‌و کەسیش سەرکز نەکەیت. بەندەی خوا، سەربەرزو ئازادە، نابێتە کۆیلەی کەس.
- نە جوانییەکانی ئەوروپا، دەسکەوتی ئاینی گاورێتییە، نە پاشەکشێی‌و دواکەوتوویی خۆرهەڵات، خەتای ئیسلامە.
- ژیان جووڵەیەکی کارایە، شەوق ئەسپەکەیەتی‌و هیممەتیش جڵەوی ئەو ئەسپەیە، هەرکات هیممەتتان جڵەوی ئەسپی شەوقی گرت، سەرکەوتن لە بەرەکانی ململانێی ژیاندا، مسۆگەرە.
- ڕووناکیی (دڵ) زانستە شەرعییەکانن، ڕوناکیی (عەقڵ)یش زانستە نوێکانن، بە تێکەڵکردنیان ڕاستییەکان دەردەکەون.

**ژیاننامەی مامۆستا نورسی، بە پوختیی‌و کورتیی**

بە مەبەستی کارئاسانیی بۆ هەر خوێنەرێك کە بیەوێت کورتەی ژیاننامەی نورسی بزانێت، ئەم پوختەیە لە گرنگترین وێستەکانی ژیانیمان داناوە. دیارە کە وتمان گرنگترین، واتە گوڵبژێرمان کردووەو تەواوی ڕووداوو وێستگەکانمان نەنووسیوە:

- لەدایکبوون، لە گوندی (نورس)ی سەر بە (بتلیس): (١٨٧٦ز).
- دەستکردن بە خوێندن: (١٨٨٥ز).
- خەوبینینی بە پێغەمبەری خواوەوە: (١٨٩١ز).
- خوێندنی لای مەلا محەممەد جەلالی بایەزید: (١٨٩١ز)
- تاقیکردنەوەی لەلایەن زانایانەوەو لە شاری (سعرت): (١٨٩٢ز).
- پێبەخشینی نازناوی مەلا سەعیدی مەشهور: (١٨٩١).
- پێبەخشینی نازناوی (بدیع الزمان) : (١٨٩٢ز).
- چوونی بۆ شیروان: (١٨٩٣ز).
- کەنارگیریی لە تیللو: (١٨٩٤ز).
- مونازەرەو گفتوگۆی لەگەڵ زانایان لە شاری جزیرە: (١٨٩٤ز).
- چوونی بۆ شاری (وان)و مانەوەی: (١٨٩٧ز).
- لەبەرکردنی (٨٠ ـ ٩٠) مەتنی کتێبی زانستیی: (١٨٩٧ز).
- چوونی بۆ ئەستەمبوڵ، بۆ داوای کردنەوەی زانکۆی (زەهرا) لە کوردستان: (١٩٠٧ز).
- دامەزراندنی کۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی)و بوونی بە

ئەندامی دەستەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی: (١٩٠٩ز).

- گەڕانەوەی بۆ شاری (وان): (١٩١٠).
- گەڕان بەناو هۆزە کوردەکانداو نووسینی کتێبی (رچتە العوام) بە زمانی کوردیی: (١٩١٠ز).
- چوونی بۆ شامو پێشکەشکردنی (وتاری شامی) لە مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق: (١٩١١ز).
- پێکهێنانی تیپە جەنگاوەرە خۆبەخشەکان، بۆ شەڕکردن دژی ڕووسی داگیرکار: (١٩١٥ز).
- بەدیلگیرانو دوورخستنەوەی بۆ سیبریای ڕووسیا: (١٩١٦ز).
- ڕاکردنی لە دیلییەتیو گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبوڵ: (١٩١٨ز).
- ئەندامییەتی دامەزراوەی (دار الحکمە الآسلامیە): (١٣/٨/١٩١٨ز).
- نووسینی وتاری (شەش هەنگاوەکە) دژی ئینگلیز: (١٩٢٠ز).
- کەنارەگرتنی لە کێوی (یوشەع پێغەمبەر) لە ئەستەمبوڵو سەرەتای قۆناغی سەعیدی دووەم: (١٩٢٢ز).
- چوونی بۆ شاری ئەنقەرەو سەردانی پەرلەمانی تورکیا: (١٩/١١/١٩٢٢ز).
- گەڕانەوەی بۆ شاری (وان): (١٧/٤/١٩٢٣ز).
- کەنارەگرتنی لە کێوی ئەراکی (وان): (١٩٢٣ز).
- دوورخستنەوەی بۆ شاری (بوردور): (٢٥/٢/١٩٢٥ز).
- چوونی بۆ گوندی (بارلا): (١٩٢٧ز).

- گواستنەوەی لە بارلاوە بۆ شاری ئیسبارتە: (١٩٣٤ز).
- دادگاییکردنی لەسەر (پەیامی حیجاب)و زیندانکردنی: (١٩٣٥ز).
- ئازادبوونی لە زیندانو دوورخستنەوەی بۆ شاری (قەستەمونی)، (١٩٣٦/٤/٢٧ز).
- دادگاییکردنی لە شاری (دینزلی)، لەسەر پەیامەکانی (١٩٤٤ز).
- چوونی بۆ شاری (ئەمیرداغ): (١٩٤٤ز).
- دادگاییکردنی لەشاری (ئەفیون)و زیندانکردنی: (١٩٤٨/١/٢٣ز).
- ئازادبوونی لە ئەفیون: (١٩٤٨/٩/٢٠ز).
- ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرۆك كۆماری تورکیا، جەلال بایار، بە بۆنەی دەرچوونییەوە،(١٩٥٠/٥/١٤ز).
- ناردنی نامەو چەند پەیامێك بۆ پاپای ڤاتیکان: (١٩٥٢/١/٢١ز).
- دادگاییکردنی لەسەر پەیامی (ڕابەری لاوان): (١٩٥٢/١/٢٢ز).
- ئازادبوونی پەیامەکانی نور لە دادگای ئەفیون: (١٩٥٨/٥/٢٣ز).
- چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی: (١٩٦٠/١/٥ز).
- سەردانی شارەکانی: ئەنقەرە، قۆنیە، ئەمیرداغ، ئیسبارتە، ئەدەنە، غازی عەنتاب، ئورفە. (مانگی ١-٣ /١٩٦٠ز).
- کۆچی دوایی: (١٩٦٠/٣/٢٣ز).
- هەڵکەندنەوەی گۆڕەکەیو گواستنەوەی بۆ شوێنێکی نادیار: تەموزی (١٩٦٠ز).

# کۆتایی

سوپاس بۆ خوای میهرەبان کە لە پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەو نووسینی هەندێك بەشی نوێی ئەم کتێبە بوومەوە. قەدەری خوای گەورە وا بوو کە لەم کاتەدا لە شاری ئەستەمبوڵ بووم، لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی فاتیح، ئوتێلێکی تەواو هەرزانم گرت، شەوی بە (٨٠) لیرە، (نزیکەی (٢٠) دۆلار)ی ئەمریکی، لە کاتێکدا ئوتێلی زۆر ئاسایی دوو ئەستێرەش بە (٦٠) دۆلار کەمتر نەبوو، چوارو پێنج ئەستێرەش تا (٢٠٠) و (٥٠٠) دۆلاریش دەچن، نیەتم ئەوە بوو نزیکی مزگەوتی فاتح بم. سێ شەو لەو ئوتێلەدا مامەوەو زۆربەی باسە نوێکانی ئەم کتێبەو ڕێکخستنەوەیان، لەو سێ شەوەدا بوو. ژوورەکەم نە خەتی تەلەفون، نە تەلەفزیۆن، نە ڕادیۆی تێدا نەبوو.

لە جوانییەکانی قەدەر ئەوە بوو کاتێك دوا ئێوارە لە ئوتێلەکە هاتمە دەرەوە کە بەرەو فرۆکەخانە بڕۆم، برادەرێکم بینی وتی: ئەزانی ئەو بینایەی بەرامبەرت پێی ئەڵێن: بینایەی (خانی شەکرچی)، ("خان" جاران لە جێی ئوتێلی ئێستە بوو) وتی: مامۆستا نورسی کاتێك لە ئەستەمبوڵ ماوەتەوە، لەو شوێنەدا بووە، [٢٦١] وتم: (سبحان الله)! سێ شەوە خەریکی نووسینەوەی چەند بابەتێکم لەسەر مامۆستا نورسی، بۆیە کە بانگی ئێوارەی دا چووینە مزگەوتەکەی تەنیشت ئەو خانە، بە ناوی مزگەوتی (أفضل زادە) کە ساڵی (١٤٩٦ز) بنیات نراوە (واتە "٥٢٥" ساڵ لەمەوپێش)، تەنها پێنج مەتر لە بەرامبەری ئوتێلەکەمەوە بوو.

---

[٢٦١] بڕوانە وێنەی ژمارە (٧) و (٨)، کە وێنەی نووسەر (عمر عبد العزیز)ە لەو شوێنە، لەگەڵ برای بەڕێزم (أبو فاروق).

ئێستەش کە ئەم دوا دێڕانە دەنووسم کاتژمێر (دوو و پازدە) خولەکی شەوە بە کاتی کوردستان، ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٢١ز)یە، لە ناو فڕۆکەدامو لە ئەستەمبوڵەوە بەرەو سلێمانی دەگەڕێمەوە. سوپاسی نەبڕاوە بۆ خوای گەورەو میهرەبان بۆ تەوفیقاتو نیعمەتە نەبڕاوەکانی.

عمر عبد العزيز

## دەقی گفتوگۆکانی ناو دادگاییکردنی

## شێخ سەعیدی پیران

ئەمە دەقی گفتو گۆو مورافەعەی دادگاکردنی شێخی پیرانە:[٢٦٢]

" **دادگا:** تۆ لە کوێ خوێندووتە؟

**شێخ سەعید:** خوێندنم لە قوتابخانە زانستییە ئیسلامییەکانی (موش)و (مەلاز کورد)و (بالوو) بوو.

**دادگا:** لە قوتابخانەی ئاینی خوێندتان، یان حکومی؟ کێ دەرسی پێ وتوون؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ، لە قوتابخانە ئاینییەکان خوێندوومە. یەکەم مامۆستام شێخ حوسەین بالووی مامم بوو. دواتر لای شێخ محەممەد ئەمینی ئەفەندی موفتی مالووو شێخ عبد الله لە مەلازکوردو شێخ موسا ئەفەندی لە (خنس) خوێندم.

**دادگا:** چیت خوێندووە؟

**شێخ سەعید:** کتێبەکانی: (الأنوار، المحرر، نەحو، صەرف، مەعانی، الإشارة، البیان، البدیع، العقائد..)

**دادگا:** بیرۆکەی یاخیبوون، چۆن لە سەرتانا سەری هەڵدا؟ شتێك هانی دان، یان ئیلهامتان بۆ هات؟

---

٢٦٢ دەقی دانیشتنەکانی دادگاییکردنی شێخ سەعیدی پیران‌و پرسیارو وەڵامەکانی دانیشتنەکە، لە دادگای (استقلال)ی (دیاربەکر) ئامەد، لە ساڵی (١٩٢٥ز) بە زمانی تورکی لە گۆڤاری (جیرشیم)ی تورکیدا بڵاو کراوەتەوەو لە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا پارێزراوە. د.عوسمان عەلی وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی و لە (١٣) لاپەڕەدا بڵاو کراوەتەوە، ئەمە بەشێکییەتی کە بەندە لەبەر گرنگیی‌و بایەخی مێژوویی وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ◘

**شێخ سەعید:** ئیلهامم بۆ نەهاتووە. بەڵام لەو کتێبانەوە کە خوێندوومن، ئەوە فێر بووم ئەگەر حکومەت هەڵنەستێ بە جێبەجێکردنی شەریعەت، ئەو کاتە واجبە دژی هەستی. من دەمویست بۆچوونی خۆمان لەو بارەویەوە ڕوون بکەمەوە، بە تایبەتی ئەو بەشەی پەیوەندیی بەجێبەجێکردنی شەریعەتەوە هەیە.

**دادگا:** تۆ دەڵێی: ئەگەر دەسەڵات شەریعەت جێبەجێ نەکات، واجبە دژی هەستی. ئایا ئەمە ڕێکارو بنەما (ضابطة)یەکی نیە..؟

**شێخ سەعید:** من لەو بەشە دڵنیام کە جێبەجێکردنی شەریعەت ئەرکو واجبە، شتی وام نەزانیوە کە پێی بڵێن: (ضابطة).!

**دادگا:** کەواتە، لەمەوە وا تێدەگەین کە هەر کات پێشەوا هەڵەیەکی بچوکیشی کرد، بۆ هەر کەس هەیە کە دژی هەستێت. وایە یان نا؟

**شێخ سەعید:** نەخێر. من شتی وام نەوت. سەرەتا نیازی یاخیبوون نەبوو (لە حکومەت). گوشاری هەلومەرج خستمیە ئەو ڕەوشەوە. من نالێم خەڵکی چۆن دەیانەوێ دژی دەسەڵات هەستن. بەڵکو وتوومە: هەستان دژی دەسەڵات لە کاتی جێبەجێ نەکردنی شەریعەتدا واجبە.

**دادگا:** ئایا یاخیبوونی ئێوە ئەوە دەگەیەنێ کە قەناعەتی تەواوتان بۆ دروست بووە کە بە تەواویی جێبەجێکردنی شەریعەت لەم وڵاتەدا وەلانراوە؟

**شێخ سەعید:** (قورئان) جەخت دەکاتەوە کە دەبێت دژی ئەو حاکمو دەسەڵاتە هەستیت، لەو حاڵەتانەی باسمان کرد. جێبەجێکردنی شەریعەتیش دیارە، یانی ڕێگرتن لە کوشتنو داوێنپیسییو سەرخۆشییو هتد. سوپاس بۆ خوا هەمووومان موسڵمانین. بۆیە نابێت هیچ جیاوازییەك هەبێت لە نێوان کوردو تورك. ئێمە پێمان وایە ئێستە ئەم شتانە گوێیان نادرێتێ (واتە جیاوازیەکی ڕەگەزیی هەیە کە دژی شەرعە). ئێمە لێرەوە

قەناعەتمان بۆ دروست بوو کە دەستبکەین بە ڕاپەڕین. (بنەمای کارەکەشمان) قورئانی پیرۆز بوو.

**دادگا:** جەنابی شێخ ! واز لەم باسانە بێنن، هۆکارە ڕاستەقینەکانی ئەم شوڕشەمان بۆ باس بکە.

**شێخ سەعید:** (لە پیران) پێکدادانێك ڕووی داو هەردوو لا بریندارو قوربانییان هەبوو. ئەمە درایە پاڵ من. من بە ئەفسەرانی جەندرمەم گوت: گیراوو دیلەکان بەر بدەن. بەڵام ئەوان سێ تەڵاقەیان بۆ خستم شتی وا ناکەینو بە زەبری هێز گیراوەکانیان گل دایەوە.

**دادگا:** باشە پێش ئەوەی بگەنە (پیران) بیرتان کردبووەوە لە یاخی بوون؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ، بیرم لێ کردبووەوە. بەڵام ڕابەرایەتی بزوتنەوەیەکی چەکداریی بە خەیاڵمدا نەهاتبوو. من بیرم لەوە کردبووەوە کە لەگەڵ حکومەت قسە بکەم، دەربارەی ئەو یاسایانەی لەم وڵاتە دەردەچن، کە گونجاو بن لە گەڵ حوکمەکانی شەریعەت. بەتەمابووم ئەم داواکارییانە بنێرم بۆ ئەنجومەنی نوێنەران (مەجلیسی مە بعوثین).

**دادگا:** بۆچی نەتتوانی بە نووسین لە گەڵ حکومەت گفتوگۆ بکەی؟

**شێخ سەعید:** هەر کات حکومەت شەریعەت جێبەجێ نەکات، بە ڕاستی دەرچوون دژی ئەو حکومەتە واجیبە. من هەوڵم دا لە بەردەم خوای گەورەدا ئەم ئەرکە لە کۆڵ خۆم بکەمەوەو لە ئەستۆی خۆمی لابەرم.

**دادگا:** بەڵام جەنابی شێخ، پێش تۆزێك وتت: موسڵمانان برای یەکترن. ئایا ڕەوایە هانی موسڵمانان بدرێت کە یەکتریی بکوژن؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ موسڵمانان برای یەکترن. لە هەندێك کاتو هەلو مەرجدا دەکرێت جەنگ لە گەڵ پێشەوا بکرێت. قورئانی پیرۆز وا دەفەرموێ.

**دادگا:** ئاخر چۆن دەگونجێت موسڵمانان هان بدرێن دژی یەکترو شەڕ لە نێوان خۆیان بکەن، لە کاتێکدا برای دینیی یەکترن؟

**شێخ سەعید:** مەگەر ئەوانەی دژی (عەلی) شەڕیان کرد برای دینیی نەبوون؟ جەنگ لە نێوان برایانی دینییش هەندێك جار ڕوو دەدات.

**دادگا:** وتت: جیهاد (شەڕکردن) لەو بارودۆخەدا واجیبە، بەڵام جیهاد لە کاتێکدا کافران زەوی موسڵمانان داگیر بکەنو سووکایەتی بە قورئان بکەن، چۆنە؟

**شێخ سەعید:** لەو کاتەشدا جیهاد واجیبە.

**دادگا:** کاتێك یۆنانییەکان تەواوی سەرزەوی ئەم وڵاتەیان داگیر کرد، بۆچی خۆتو چوار هەزار پیاوەکەت نەچوون بۆ ئەو بەرەی جەنگە؟

**شێخ سەعید:** لەو کاتەدا ئێمە زۆر تامەزرۆ بووین بۆ ئەو بەرەیە، کەمترین هەلمان بۆ هەڵبکەوتایە دوا نەدەکەوتین. خۆشمان بۆ ئامادە کرد، بەڵام وتیان: پێویستمان بە ئێوە نیە. ئێمە سەرەڕای هەژارییو ئاوارەییمان هیچ دوودڵییەکمان نیە بۆ ئەو حاڵەتانە. (....)

**دادگا:** ئێوە تەنها خۆتان یاخی بوون؟ باوەڕ ناکەم کەسانێك بووبن یارمەتی دابن.

**شێخ سەعید:** نەخێر، هیچ کەس هانی نەداوین، نە لە ناوخۆو نە لە دەرەوە، هیچ پشتیوانێکی بیانیمان نەبووە، هیچ هێزێکی تورکیش بە دزییەوە نەیجوڵاندوین.

**دادگا:** کەواتە لەم قسانەوە هەموو لەوە تێدەگەین کە ئەم شۆڕشە هەر لە شەخسی خۆتەوە بووە؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ ئەوە لە زیهنمدا بوو کە بگەم بە ژیرانو زانایانی بەڕێزو نوێنەرانی حکومەتو گفتوگۆیان لەگەڵ بکەمو داوای جێبەجێکردنی شەریعەتیان لێ بکەم. چونکە ئەمە سوودی تێدایە بۆ ئاین، بەڕاستی ئەم ئاواتو ئومێدە خولیای سەرم بوو.

**دادگا:** ئایا ڕاوێژتان کرد بە زانایانو نوێنەرانی حکومەت؟
**شێخ سەعید:** نەخێر ڕاوێژم پێ نەکرا. چونکە لە (پیران) ڕووداوەکە ڕووی داو دەرفەتمان بۆ نەمایەوە، تا ئەو کارە بکەین.
**دادگا:** لەو نامانەتدا کە واژۆت کردوون، ناوی خۆت ناوە (أمیر المجاهدین) سەرکردەی خەباتگێڕان، ئایا شایانە مرۆڤ نازناوی وا بە خۆی ببەخشێ ؟
**شێخ سەعید:** لە سەرەتاوە قسەم لەگەڵ میرەکانی بەردەستم دەکرد لە سەر نامەکان دەمنووسی: (أمیر المجاهدین)، بەڵام پاش ماوەیەك دڵم بەو کارە ئاسوودە نەبوو، بۆیە دواتر بە ناوی (خادم المجاهدین) ئیمزام دەکرد لەسەر نامەکان، چونکە من خزمەتکاری موجاهدین بووم.
**دادگا:** گریمان، بتانتوانیایە (دیاربەکر) بگرن، دوایی بە تەمای چی تر بوون؟
**شێخ سەعید:** بیرمان لەوە دەکردەوە لەگەڵ زانایانی بەڕێز لەو شارە کۆببینەوەو قسە لەگەڵ حکومەت بکەین لەسەر پرسو بابەتە گرنگەکان. لەگەڵ ئەوەشدا قەدەغەکردنی یانەکانی لەشفرۆشییو کڕینو فرۆشتنی مەشروباتو کردنەوەی قوتابخانە ئاینییەکان.
**دادگا:** ئایا ئازادکردنی شاری دیاربەکر، هەنگاوێکی دەسپێك بوو بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ؟
**شێخ سەعید:** لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا هەنگاوی دامەزراندنی کوردستان، یان شتێکی لەم بابەتە بە زیهنماندا نەهاتووە، ئێمە تەنها بیرمان لە جێبەجێکردنی شەریعەت دەکردەوە، من ڕازی نەدەبووم بە سەرۆکایەتی دەوڵەتێکی کوردی، تواناشم بەسەر کارێکی وادا ناشکێ.
**دادگا:** تۆ چۆن دەتڕوانییە ئەو سەربازانەی هاتنە ناوچەکە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوونەکە، بڕوات وایە ئەوانە کافرن یان موسڵمان؟
**شێخ سەعید:** من وەك موسڵمان بینیمنو قسەم لەگەڵ کردن.

**دادگا:** فەرمودەیەکی پیرۆز هەیە کە هەر کەس شمشێر دژمان هەڵگرێت لە ئێمە نیە، ئایا ئەمە ڕاستە؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ، فەرموودەیەکی لەم بابەتە هەیە.

**دادگا:** تکایە بەردەوام بە لە شەرحی ئەم فەرمودەیە.

**شێخ سەعید:** بەڵێ ئەم فەرموودەیە هەیە، بەڵام ئەگەر شمشێر لە پێناو دیندا بەرز کرایەوە، ئەوە گونجاوە، من شمشێرم لە پێناو مافە تایبەتەکانی خۆمدا هەڵنەبڕیوە، بەڵکو من دیفاعم لە دین کردووە.

**دادگا:** باشە، لە ناو موسڵماناندا کەس نیە لە تۆ عیلمو دینی زیاتر بێت؟ ئەگەر هەیە، بۆچی تۆ بە تەنها بەم کارە هەستای؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ زانای زۆر هەن، لەوانەیە هەندێك هۆ هەبێت (ترس) یا هۆی تر کە من نایانزانم.

**دادگا:** ئەگەر ئەمەی تۆ دەیڵێی: شەریعەت پشتگوێ خراوە، ڕاستە، بۆ زانایانی تر نەجوڵان؟

**شێخ سەعید:** کۆدەنگیی لە نێوان ئەهلی شەریعەتو قوتابییانی شەریعەت لەم وڵاتەدا هەیە، کە پێویستە شەریعەت سەر لەنوێ جێبەجێ بکرێتەوە، بەڵام زانایان لە ژیانو بژێویی خۆیان دەترسن.

**دادگا:** ئێوە کێن داوای جێبەجێکردنی شەریعەت دەکەن؟

**شێخ سەعید:** بە ڕاستی ئەمڕۆ یاساکانی شەریعەت پشتگوێ خراون. بەڵێ ڕاستە ئەم پشتگوێخستنە لە ماوەی دەسەڵاتی هەندێك لە سوڵتانە پێشووەکانەوە دەستی پێکردووە، بەڵام کەس یاساکانی شەریعەتی هەڵنەوەشاندووەتەوە. ئایا داوامان لێ نەکراوە کە داوای خوای گەورە وەڵام بدەینەوە، کە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بەرپرسیارێتی خەلیفەکانە؟

**دادگا:** مەبەستت لە خەلیفەکان چیە؟

**شێخ سەعید:** مەبەست لە خەلیفەکان ئەوانەن کە بەرپرسی میللەتن‌و ئەو یاسایانە جێبەجیٚ دەکەن کە هەڵقوڵاوی شەریعەتن.


**دادگا:** ئایا تۆ دەتویست ببیتە جێنشین (خەلیفە)؟

**شێخ سەعید:** بەڕاستی بوونی جێنشین (خەلیفە)، دەستەبەرکردنی کارێکی بنەڕەتییە، بۆ جێبەجێکردنی پایەکانی ئاین، ئەو بابەتە لە ڕووی شەرعییەوە داوا کراوە. (...)

**دادگا:** تۆ چۆن گومانت بۆ دروست بوو کە حکومەت گویٚ بە شەریعەت نادات؟

**شێخ سەعید:** من خۆم دیم لە ڕۆژنامەی (سبیل الرشاد) کەسێك نوسیبووی: موسا پێغەمبەر (موتەکەببیر) بووە. عیساو محەممەد نەخوێندەوار بوون. هەر کامیان دینێکی هێناوە. یانی هەرچی عاقڵی ئوممەتە ناتوانن دینێکی تازە بێنن؟ خوێندنەوەی باسی لەم جۆرە بێزارییان زیاد کردم. کەسێکی تر لە هەمان ڕۆژنامە سووکایەتی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کردووە، موفتییەك شکایەتی لیٚ کردووە، کەچی مەحکەمە موفتییەکەی غەرامە کردووە. حکومەت (دار المشیخة) (یانەی زانایان)ی کردووەتە فێرگەی مۆسیقاو تیایدا کچان فێری پیانۆو کەمانچەژەنیی ئەکەن. ئەم شتانە بێتاقەتیان کردم. بیستووشمە (إلیاس سامی)ی نوێنەری (موش) لە ئەنجومەنی نوێنەران‌و لەگەڵ دوو هاوکاری، کتێبێکیان نووسیوە بە ناوی (پاشگەزبونەوە) (الردّة) و پڕە لە سووکایەتی بە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام). ئەوەش بوەستیٚ کە ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ بە باڵای ماسۆنیەت‌و عەلمانییەتدا دەخوێنن‌و بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەمانە غیرەتیان بۆ ئیسلام جووڵاندم‌و وامنەبینی کە مومکین بێت بێدەنگ ببم.

# پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکان




**وێنەی ژمارە (١)**

**وێنەیەکی بەربڵاوی مامۆستا نورسی،**

**بە مشکیی و بەرگی کوردییەوە، لە قۆناغی لاوییەتیدا،**

**کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم گیراوە**




**وێنەی ژمارە (٢)**

**کتێبی (من الفکر والقلب)ی سەعید ڕەمەزان بۆتانی، کە یەکەم وتارم تێدا بینی، لەسەر نورسی.**




**وێنەی ژمارە (٣)**

**یەکەم بەرهەمی نووسەر (عمر عبد العزیز) لەسەر نورسی، کە ساڵی (١٩٨١ز) لە چاپخانەی (سەیدیان)ی مەهاباد لە چاپ دراوە.**




**وێنەی ژمارە (٤)**

**نووسەر لە بەردەمماڵی مامۆستا (نورسی)دا لە شاری (ئەسبارتە)ی خۆرئاوای تورکیا، کە لە (١٩٢٥ز) دوور خرایەوە بۆی. (فۆتۆی نووسەر)، ساڵی (٢٠٠٦ز)**



وێنەی ژمارە (٥)

ئەو ئۆتۆمبێلەی نورسی لە ساڵانی سییەکانی سەدەی پێشوودا
بە کاری هێناوە، لەو خانووەی سەرەوەدا لە ئیسبارتە پارێزراوە.



وێنەی ژمارە (٦)

ئەو نووسراوەی دەیسەلمێنێ کە نورسی لە حەفتەیەکدا کتێبی (جمع الجوامع)ی ـ لە زانستی (أصول الفقه)دا ـ بە حەفتەیەك لەبەر کردووە، نووسراوە: (إني جَمَعْتُ جَمعَ الجوامع جميعَه في جُمُعَة) لە سەرەوەشی نووسراوە: (أي حفظته)، واتە: من هەموو کتێبی (جمع الجوامع)م لە هەفتەیەکدا لە زیهنمدا کۆکردەوە، واتە: لەبەرم کرد.!




**وێنەی ژمارە (٧) و (٨)**

**بینایەی خانی (شەکرچی)، لە گەڕەکی فاتح، لە ئەستەمبوڵ، کە نورسی تێیدا ماوەتەوەو لەسەر ژوورەکەی نووسیویەتی: لێرە وەڵامی هەموو پرسیارێك دەدرێتەوە.**



**دیواری لای ڕاست بەشێك لە مزگەوتی فاتح، لای چەپ (خانی شەکرچی) ڕۆژی (١٨/١٠/٢٠١٩ز) لەگەڵ برای بەڕێز (أبو فاروق) گیراوە.**



ابونه بدلی
ممالك عثمانيه ايله بالكان (بلغارستان) پوسته
حرسك مصر ، قبرس
وكريد ايچون
سنه لكى ١٢٠ آلتى آيلغى ٧٠
غروشدر
استانبول ايچون سنه لكى ١٠٨
غروش

وولقان

١٣٢٤

صاحب ومدير مسئول
قبرسلى درويش وحدتى
امور تحريره ايچون مدير مسئوله
مراجعت اولونور

آدرسى :
يره باغچه ده ساقى بك مطبعه سى

اتحاد محمدى جمعيتك مروج افكاريدر

نومرو ٧٠ صحيفه ٣

حقيقت

... قالوبلادن جمعيت محمديه ده داخلز .
... الوحدت اتحادمز ، توحيددر . پيمان
... ايماندر . مادام كه موحدز ، متحدز .
... ملا احمد جزيرى كردى . كردجه اوله رق
... ش كه

... سر وحدت زازل كربى يه حتى بايد

... برمؤمن اعلاى كلمة الله ايله مكلفدر . بو
... ، اك بيوك سببى ، مادة ترقى ايتمكدر .
... اجنبيلر فنون وصنايع سلاحيله بزى
... اد معنويلرى التنده ازيبورلر . بزده
... صنعت سلاحيله اعلاى كلمة الله ايله
... ك دشمنى اولان جهل وفقر واختلاف
... جهاد ايده جكز . اما : جهاد خارجى يى ،
... غرانك براهين قاطعه سنك الماس ،
... ينه حواله ايده جكز . زيرا مدنيلره غلبه
... اقناع ايله در . سوز اكلاميان وحشيلر كبى
... ايله دكلدر . بز محبت فدائيلرى يز . خصومته
... يوقدر . مشروطيتكه عدالت ومشورت
... انحصار قوتدن عبارتدر . اون اوچ

عصر اول شريعت غرا تأسيس ايتديكندن
احكامده اوروپايه ديلنجيلك ايتمك دين اسلامه
بيوك بر جنايتدر . وشاله متوجها تازى قيامق
كيدر . قوت قانونده اولملى يوقسه استبداد توزيع
اولنمش اولور ( ان الله هو القوى المتين ) حاكم
ر آمر ، وجدانى اولملى . اوده معرفت تام ومدنيت
عام وياخود دين اسلام ناميله اولملى . يوقسه
استبداد دائما حكم فرما اوله جقدر . اتفاق هداده در
هوا ده دكل .

انسانلر حر اولديلر . اما : ينه عباد الله در لر .
هر شئ حر اولدى . شريعتده حردر . مشرو-
طيتده ، مسائل شرعيه ، رشوت ويرميه جكز .
ايشته سنك قصورى . انسانك قصورينه سند
عذر اوله ماز . يأس مانع هر كمالدر . حواله
ايتمك منبع هر ذلتدر . نه لازم ! بشقه سى
دوشونسون ! استبدادك يادكاريدر . بو جمله لرك
ماينى ربط ايده جك اولان مقدماتى تركجه
بيلمديكم ايچون مطالعينك فكرلرينه حواله
ايده بيورم .

بديع الزمان سعيد كردى

وێنەی ژمارە (٩)


گۆڤاری (وولقان)، زمانحاڵی کۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی)، کە سەعید نورسیو پیرەمێرد تێیدا بەشداربوون، (١٩٠٩ز)، ئەستەمبوڵ. لە ژێر ناونیشانەکەدا نوسراوە: (ڕەواجدەری ئەفکاری اتحادی محمدی). (وتارێکی (نورسی) تێدایە، بە ناونیشانی (حەقیقەت)و بە واژۆی (بدیع الزمان سەعید نورسی).

اتحاد محمدی جمعیتی درسعادت مرکزی
مجلس اداره اعضالری

١ سعادتلو سیادتلو سید فضل پاشا حضرتلری
٢ شیخ فیض الله افندی زاده رشادتلو محمد صادق افندی حضرتلری
٣ بایزید درسعاملرندن فضیلتلو محمد امین صبری افندی
٤ ابن النافع احمد اسعد افندی
٥ شیخ الحاج محمد امین افندی
٦ قره گمرك جامعشریفی ایکنجی امامی نوشهرلی حافظ محمد صبری افندی
٧ باندرمه نائبی فضیلتلو شوکت افندی
٨ بدیع الزمان سعید کردی ابن میرزا
٩ طرقة سعادت حضرت نوری کتخداسی عطوفتلو حاجی خیری بك افندی
١٠ اوقاف همایون سرورنه‌داری سعادتلو راشد افندی
١١ دیره بالا ردیف قوماندانلغندن منفصل فریق رضا پاشا
١٢ ولقان محررلرندن فاروق عمر شوقی افندی
١٣ طریقت خلوتیه‌دن شیخ سید مسلم پناه افندی دارنده‌ری
١٤ بیکباشی رفیق بك افندی
١٥ قادری شیخی رشادتلو ولی محمد الثانی افندی
١٦ جیز درسعاملرندن فضیلتلو احمد لطیف افندی
١٧ فریقلکدن متقاعد حاجی عزت پاشا
١٨ سیواس ولایتی نقیب الاشراف قائمقامی سید عبدالله الهاشمی المکی افندی حضرتلری
١٩ مأمورینندن احسان بك
٢٠ مأمورینندن خیری بك
٢١ فاتح درسعاملرندن دیوربکی قاضی زاده فضیلتلو عبدالله ضیاءالدین افندی
٢٢ شیخ یونس درگاهی پوست نشینی شیخ علی افندی
٢٣ بکلربکی جامعشریفی واعظی حاجی کاظم افندی
٢٤ شیخ زاده حاجی محمد افندی
٢٥ مدرسیندن توفیق افندی
٢٦ وولقان محرری درویش وحدتی

**وێنەی ژمارە: (١٠)**

**لیستی ناوی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی (اتحادی محمدی) لە ڕیزبەندیی (٣)دا ناوی نورسی هاتووە، بە (بدیع الزمان سەعید، ابن میرزا)**



اتحاد محمدی جمعیتی

نظامنامه‌سی

جمعیتك، رئیسی اسمی، مقصدی، ساحهٔ فعالیتی

وسائطی :

ماده ۱ — جمعیتك رئیسی حضرت محمد

مصطفی ( ص م ) در .

ماده ۲ — جمعیتك اسمی « اتحاد محمدی


جمعیتی » در ۱۳۲۷ سنهٔ هجریه‌سنده دارالخلافه‌ده

تشکل ایتمشدر .

ماده ۳ — جمعیتك مقصدی ، ممالك

**وێنەی ژمارە (١١)**

**یەکەم لاپەڕەی پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی)، نورسیو پیرەمێرد ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بوون**



کرد

تعاون وترقی غزته سی

۱۳۲٤

جمیتك واسطهٔ نشر افكاریدر

تاریخ تاسیسی ۱۳۲٦ — ۱۱۲٤

نومرو ۸ — شمدیلك هفته ده بردفعه نشر اولنور دینی، علمی، سیاسی، ادبی، اجتماعی غزته در — جلد ۱

مجلس مبعوثان اوکنده ذات شاهانه‌یی انتظار

**وێنەی ژمارە (١٢)**

**ڕۆژنامەی (کورد)، زمانحاڵی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی کورد)،**

**تشرینی دووەی (١٩٠٨ز)، ئەستەمبوڵ، وتارێکی نورسی بە کوردیی تێدایە**



شرق و كردستان

**وێنەی ژمارە (١٣)**

**نمونەیەك لە گۆڤاری (شەرق و كوردستان)، ئەستەمبوڵ، (١٩٠٨ز)**

**بابەتێکی (نورسی) تێدایە بە ناونیشانی (کوردەکان موحتاجن)**







**وێنەی ژمارە (١٤)**

**نمونەیەك لە ڕۆژنامەی (سەربەستی)، ئەستەمبوڵ، (١٩٠٨ز )**

**وتارێکی (بدیع الزمان سەعید کوردی) تێدایە**

**کە ئامۆژگاریی ئاراستەی سەربازانی عوسمانیی دەکات**




سبيل الرشاد

١٣٣٠

كوردلر واسلاميت

**وێنەی (١٥)**

**نمونەیەك لە ڕۆژنامەی (سبیل الرشاد)، ئەستەمبوڵ، (١٩١٢ز) وتارێکی (نورسی) تێدایە، بە ناونیشانی: (کوردەکانو ئیسلامییەت)**



**وێنەی (١٦)**

**وێنەی عبد الملك فورات، ئەندامی دوو خولی پێشووی پەرلەمانی تورکیا، کوڕەزای موجاهیدو خەباتگێڕی گەورە، شێخ سەعیدی پیران.**



وێنەی (١٧)

دیمەنێك لە گوندی (بارلا)

یەکەم شوێنی دەرکەوتنی ئاسۆی پەیامەکانی نور



وێنەی ژمارە (١٨)

نووسەر، لە بەردەم ماڵی مامۆستا (نورسی)دا، لە گوندی (بارلا)، کە ساڵی (١٩٢٦ز) دوورخرایەوە بۆ ئەوێو هەشت ساڵو نیو تێیدا مایەوە..

فۆتۆی نووسەر ساڵی (٢٠٠٦ز).




وێنەی ژمارە (١٩):

وێنەیەکی دەگمەنی عەللامە مەلا محەممەدی میهریی دشەیی (هەورامانیی) یەکێك لە پارێزەرانی مامۆستا نورسی لە دادگای ئەستەمبوڵدا، لەگەڵ خاتوو (شازیە)ی هاوسەری، کە کوڕەزای شێخ شاملی داغستانی، ناسراو بە شێری قەوقازە.



سر محرری :
ارواسی زاده: محمد شفیق
مسلکمزه موافق مدلاقه مع الممنونیه
درج ایدرز .

کردستان

صاحب امتیاز :
محمد مهری
درج اولونمایان آثار اعاده اید‌لمز


سیاسیاتدن ماعدا هر موضوعدن باحث و هر لسان ایله هفته‌ده بردفعه نشر اولونور مجموعه‌در

برنجی سنه ۲۸ ربیع الآخر ۱۳۳۷ پنجشنبه ۳۰ کانون ثانی ۱۳۳۵ عدد ۱

ملاحظه

وێنەی ژمارە (٢٠)

نمونەی ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی کوردستان، (١٩١٩ز)، ئەستەمبوڵ، لە گۆشەی چەپی سەرەوەی، نووسراوە: محەممەد میهریی، صاحب ئیمتیاز.


کردستان

محمد مهری

۲۸ شعبان ۱۳۳۷   ۲۹ مایس ۱۳۳۵   عدد ۸

**وێنەی ژمارە (۲۱)**

**نمونەیەکی تری ڕۆژنامەی کوردستان، (۱۹۱۹ز)، ئەستەمبوڵ، ژمارە (۸) کە لە گۆشەی چەپی سەرەوەی، نووسراوە: محەممەد میهریی، صاحب ئیمتیازو مودیر مەسئول.**



شورای امت


CHOURA-I-UMMETT

Organe officiel du Comité Ottoman

UNION ET PROGRÈS

وێنەی ژمارە (٢٣)


نموونەیەکی ڕۆژنامەی (شورای ئوممەت)، ئەستەمبوڵ، (١٩٠٨ ز)، وتارێکی (سەعید نورسی) تێدا دەبینرێت، بە واژۆی (بدیع الزمان کوردی).




**وێنەی ژمارە (٢٤)**

**کڵێسەو مزگەوتی ئەیاصۆفیا، لە ئەستەمبوڵ، ساڵی (١٩٠٨ز)،**

وێنەی (٢٥) لیستی ناوی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی (اتحادی محمدی) ناوی نورسی سێیەمەو پیرەمێردی شاعیر بە ناوی (توفیق افندی) ژمارە (٢٥)ـەمە.



٦ قره كوك جامعشريفي ايكنجي امامي نوشهرلي حافظ
محمد صبري افندي
٧ باندرمه نائبي فضيلتلو شوكت افندي
٨ بديع الزمان سعيد كردي ابن ميرزا
٩ طرفهٔ سعادت حضرت نبوي كتخداسي عطوفتلو
حاجي خيري بك افندي
١٠ اوقاف همايون سررزنهداري سعادتلو راشد افندي
١١ ديرهٔ بالا رديف قوماندانلغندن متقاعد فريق
رضا پاشا
١٢ زولفان عمرلرندن فاروقي عمر شوقي افندي
١٣ طريقت خلوتيه‌دن شيخ سيد مسلم پناه افندي
دارنده‌وي
١٤ بيكباشي رفيق بك افندي
١٥ قادري شيخي رشادتلو ولي محمد الثاني افندي
١٦ عيز درساملرندن فضيلتلو احمد لطيف افندي
١٧ فريقلكدن متقاعد حاجي عزت پاشا
١٨ سيواس ولايتي نقيب الاشرافي قائمقامي سيد عبدالله
الهاشمي المكي افندي حضرتلري
١٩ مأمورينندن احسان بك
٢٠ مأمورينندن خيري بك
٢١ قائم درساملرندن ديوريكي قاضي زاده فضيلتلو
عبدالله ضياء الدين افندي
٢٢ شيخ يونس دركاهي پوستنشيني شيخ علي افندي
٢٣ بكلربكي جامعشريفي واعظي حاجي كاظم افندي
٢٤ شيخ زاده حاجي محمد افندي
٢٥ مدرسيندن توفيق افندي
٢٦ وولقان محرري درويش وحدتي



**وێنەی ژمارە (٢٦)**


**وێنەی خەلیل خەیال،ی قوتابی زۆر نزیكو خۆشەویستی**

**سەعید نورسیو یەكەم نووسەری ئەلفبێی كوردیی**


باسمه وان من شيء الا يسبح بحمده

**وێنەی ژمارە (٢٧)**

**نموونەیەك لە خەتی مامۆستا سەعید نورسی**


لسانمز کردجه

بدیع الزمان ملا سعید کردینك نصایحی

ای کلی کردان اتفاقیده قوت . اتحادی ده حیات . دی برانه بیده سعادت . حکومتی ده سلامت هه یه . کابیکا اتحادی و شریطا محبتی قوی بکرین داوه ژ بلایی خلاص که . قنیج کوهی خوا بده نی . ازی نشتکی ژورا بیژم : هون بزانین کوسه . سه جوهرانه هه نه حفظا خوا ژمه دوخوازین ؛ یك اسلامیت . کوهزارهزار خون شهیدانه بهای وی دانه . نه دوددوا انسانیت ، کو لازمه ام خوا نظرا خاقی ده بخدمتا عقلی ، جوامیرانی وانسانیتی اوخوا نشان دونی بدین .

نه سیسیان ملیتامه یه . کو . مزیتی دامه نه بری کو بقنجی اوخوا ساغین ؛ ام به کاری خوا بحفظا ملیتا اوخوا روحه وان قبرا وانده شادبکین بشنی وی سه دوز منی مه هه نه ؛ سه خراب دیکین یك فقیر تی یه . جهل هزار حمال استانبونی دلیلی وی یه نه دوددان ؛ جهالت وبی خواندنی ، کو هزار ژمه دایك وقازه ته نیکارین بخوانین ، لیلاوی یه نه سیسیان ؛ دوژمنی واختلافه کو اف عداوت قوتامه ووندادیکه . مه ژی مستحق تربیه دیکه وحکومتژی ؛ ژبی اتفاقیا خواظلم له دیکیر . کو وه اوسه کیر بزانین چارامه اوه ؛ کو ام سه شورالماس بدست اوخوا بکرین ؛ تا کو ، ام هرسه جوهرا خوازدست اوخوا نکین ! . هرسه دوژمنی خوا ، سرخوارا کین وشور عدل معارف وخواندنه نه دوددویان اتفاق ومحبتا ملی یه . نه سیسیان ؛ انسانی بنفسا خوا شغلا خوا ، بیکه ومیناسیفیلان ژقدرنا خاقی هیوی نکو ؛ تاخوا ، نده تی وصیتا پاشی خواندن ، خواندن ، خواندن ودست هف کیرتین ، دست هف کیرتین ، دست هف کیرتین .

منلا سعید

وێنەی ژمارە (٢٨)

کۆپی وتارێکی نورسی، بە زمانی کوردی، لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (کورد)دا، بە ناونیشانی (زمانمان کوردییە)، کە لە تشرینی دووەمی (١٩٠٨ز) دەرچووە، تەنها ناونیشانەکەی بە تورکی نوسراوە: (لسانمز کوردچە).



**وێنەی ژمارە (٢٩)**

**نووسەر لەگەڵ بەڕێز (حوسنی بەیرام ئۆغلو)، قوتابی دێرینی مامۆستا نورسی، ماڵی خۆیان، لە ئەنقەرە، (١٩٩٦ز)**



**وێنەی ژمارە (٣٠)**

**نووسەر لە کاتی وتارێکیدا بۆ قوتابییانی نور، لەگەڵ قوتابی نورسی، مصطفی سونگور، ئەستەمبوڵ، (١/٦/٢٠٠٦ز)**





**وێنەی ژمارە (٣١)**

**نووسەر لە نێوان هەر دوو قوتابی نورسی،**


**بەڕێزان مصطفی سونگورو محەممەد فەرەنجیدا،**

**(ئەستەمبوڵ، ٢٠٠٦/٦/١ز)**




**وێمنەی ژمارە (٣٢)**

**وێنەی بەرگی ئەو کتێبەی مامۆستا نورسی کە بە خەتی (گەیلان چالیشقان) نووسراوەتەوەو مامۆستا مصطفی سونگور،ساڵی (٢٠٠٦ز) نوسخەیەکی بە دیاریی پێبەخشیم**



وێنەی ژمارە (٣٣)

نووسەر (عمر عبد العزيز) لەگەڵ قوتابی دێرینی نورسی، حەسەن حوسەین، (شاری ئەسبارتە)، لە کاتی نووسینی بیرەوەریدا، (٢٠٠٦/٦/٣ز)



**وێنەی ژمارە: (٣٤)**

**مامۆستا محەممەد سەعید ئۆزدەمیر،**


**ساڵی (٢٠١٦ز) لە ئەنقەرە کۆچی دوایی کرد**



**وێنەی (٣٥)**

**مامۆستا ئەحمەد ئایتمور، (١٩٢٤ ـ ٢٠١٦ز)**

**یەکێك لە قوتابییانی مامۆستا سەعید نورسی**




**وێنەی ژمارە (٣٦)**

**مامۆستا عەلی ئیحسان ئۆزیود، قوتابی مامۆستا سەعید نورسی،**

**ماڵی خۆیان لە گوندی (سلن کنت) لە پارێزگای (ئەفیون).**


**فۆتۆی نووسەر، (٢٠٠٦ز)**



دار الحكمة الاسلاميه اعضالقنه مدرسه سليمانيه علم كلام مدرسى در سعادتلو خربوتلى حسين عونى و تفسير شريف
مدرسى در سعادتلو برغمه لى جودت و علم نفس و اخلاق مدرسى در سعادتلو شوكتى و منطق مدرسى در سعادتلو حمدى
و فضلاى متحيزه دن حلب مبعوثى شيخ بشير و شام علماسندن شيخ بدر الدين و مستندات خاقانيه شرعيه مموره
حيدرى زاده ابراهيم و اماسيه مفتيسى مصطفى توفيق و بديع الزمان سعيد افنديلر و باش كتابته ده دار الخلافه
العليه مدرسه‌سى ادبيات تركيه مدرسى محمد عاكف بك تعيين اولنمشدر

**وێنەی ژمارە (٣٧)**

**دەقی بڕیاری بە ئەندامکردنی بدیع الزمان سەعید نورسی لە دەزگای (دار الحكمة)ی دەوڵەتی عوسمانیی، بە واژۆی (شیخ الإسلام موسی کاظم)، لە سەرووشیەوە واژۆی سوڵتان (محمد وحید الدین)ی لەسەرە.**



6/A 14

S U R E T

161

Baş Vekâlet Muamelât müdürlüğü
25/4/935 günlü ve 2/2460 sayılı
kararname örneğidir.

Aslan Hizanlı olup eskiden mülga Darülhikme azalığında bulunmuş olan ve şark isyanı Şeyh Sait hadisesi ile ilişiği görülerek 929 yılında Isparta Vilâyetine kaldırılan Bediüzzamanı Saidi kürdinin burada da rahat durmayarak dini ve irticai tahrikâtta bulunduğu ve bu muhitte kalması da zararlı olacağı anlaşıldığından 2510 sayılı kaunun II in maddesinin (B) fıkrasına göre Kastomonu merkezine nakli ve iskânı Dahliye vekilliğinin 24/4/935 tarih ve 10178/2146 sayılı tezkeresile yapılan teklifi üzerine icra vekilleri hey'etinin 25/4/935 toplantısında onanmıştır. 25/4/935

Reisi Cümhur

K.Atatürk

22 TEMMUZ 1986

| BŞ. V | AD.V | M.M. V | DA.V | HA.V |
|---|---|---|---|---|
| İsmet inönü | Şükrü Saraç oğlu | K. Özal | Ş.Kaya | Ş.Kaya |


| MA. V | MF.V | NA.V | İK.V |
|---|---|---|---|
| Fuat Ağrali | Abidin özmen | Ali Çetin kaya | Celâl Bayar |

| S.İ.M .V | Gİ.V | ZR.V |
|---|---|---|
| Dr.Refik Saydam | Rana Tarhan | Muhlis Erkmen |

aslına uygundur. 16/5/935

**وێنەی ژمارە (٣٨)**

**کۆپی دەقاودەقی بڕیاری دوورخستنەوەی نورسی بۆ شاری قەستەمۆنی، لە لایەن سەرۆك کۆمارەوە، لە بەرواری (١٩٣٥/٥/١٦ز)**



و


وێنەی ژمارە (٣٩)


وێنەیەکی دەگمەنی نورسی لە کاتی کڕنووشبردندا، کاتێك لە لایەن ڕووسەکانەوە بەدیل گیراوەو براوە بۆ سیبریای ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا، (١٩١٥ز).



**وێنەی ژمارە (٤٠) و (٤١)**

**دیمەنی بەخاسپاردنی تەرمی مامۆستا نورسی**





وێنەی ژمارە (٤٢)

نورسی لە کاتی ئامادەبوون وەك ئەفسەرێکی

خۆبەخش بۆ جەنگی دژی ڕووس



**وێنەی ژمارە (٤٣)**

**سەعید نورسی، نیگایەك بە دوور!**



13 TEMMUZ 1930

YEDİNCİ SENE — № 2220

YUNUS NADI

PAZAR 13 TEMMUZ 1930

ABONE ŞERAİTİ

Nüshası her yerde — 5 Kuruştur —

# Cumhuriyet

## Asiler 5 Günde İmha Edildi

### Şark'taki hâdise ve İran!

### Hükûmetin tebliği

Zeylân nahiyesindeki siyasî ve irticaî kıyam hitam bulmuştur

İran'dan geçen çetelere karşı asker bulunmıyan yerlerde Cumhuriyeti bizzat vatandaşlarımız müdafaa etti

### Temizlik başladı

Zeylân deresindekiler tamamen imha edildi

Bunlardan tek bir kişi kurtulmamıştır

Ağrı'da harekât devam ediyor

### Gazi Hz.

Dün Yalova'ya avdet buyurdular

Son vaziyetle hallinin işte budur

### "Zeylân" hâdisesi

İbrahim Tali Bey bir beyanname neşretti

İki zabit ve dokuz neferimizin şehit düştüğü hâdise nasıl oldu?

Eşkiyaya yardım eden beş köy!

**Les massacres de Zilan au Kurdistan de Turquie en 1930**

### وێنەی ژمارە (٤٤)

کۆپی ڕۆژنامەی (جمهوریەت)ی تورکی، لە (١٩٣٠/٧/١٣ز) کە هەواڵی جینۆسایدی کوردانی تێدایە، لە ناوچەی زیلان، کە بە فەرمانی ئەتاتورک لە (١٢) و (١٣)ی تەموزی (١٩٣٠ز) لە ناوچەی دۆڵی (زیلان)ی سەر بە ناحیەی (ئەردیش)ی پارێزگای (وان)ی باکوری کوردستان، بە دەیان فڕۆکەی جەنگیی، جینۆسایدێك دەرهەق بە کوردانی دانیشتووی ئەو شوێنە کراو (١٥) هەزار کورد بە ژنو پیاوو منداڵەوە شەهید کران.

# سەرچاوەو ژێدەرەکان

## یەکەم/ کتێبەکان:


١. آثار بديعية، بديع الزمان سعيد النورسي، ت: عبد القادر بادللي، إسطنبول، ١٩٩٩م. (بە زمانی تورکیو ئیملای عوسمانی).

٢. آخر الفرسان، فريد الأنصاري، دار النيل، القاهرة، ٢٠٠٦م.

٣. بديع الزمان النورسي، نظرة عامة عن حياته وآثاره، إحسان الصالحي، أنقرة، ٢٠٠٠م.

٤. بديع الزمان النورسي وتحديات عصره، إبراهيم سليم أبو حليوة، مركز الحضارة للتنمية، بيروت، ٢٠١٠م.

٥. بڕوانامەی هەردوو قوتابخانەی موسیبەت، نورسی، و: فاروق ڕەسوڵ، ٢٠١٤ز، ناوەندی ئارا.

٦. بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر.

٧. التاريخ الكبير، محمد بن إسماعيل بن البخاري، موقع الشاملة.

٨. جەمعییەتی تەعالی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، ٢٠١١ز.

٩. الحركة الكردية في العصر الحديث، جليلى جليل وآخرون، دار الفارابى، بيروت، ٢٠١٣م.

١٠. خەباتی کوردو ڕەهەندی ئیسلامیی، عمر عبد العزیز، زانستو تەفسیر، ٢٠١٦ز.

١١. الخطبة الشامية، سعيد النورسي، پێشەکی ئیحسان قاسم صالحی.

١٢. دواهەمین شایەتەکان، ن: نجم الدين شاهينەر، و: لیژنەیەك. ناوەندی ئارا، سلێمانی، ٢٠١٤ز.

١٣. ديوانی حەربی عورفی، سەعيد كوردی، تەحسين ئيبراهيم دۆسكی، دهۆك، سبيريز.
١٤. ذكريات عن سعيد النورسي، أسيد إحسان، الدار البيضاء، ٢٠٠٢م.
١٥. ڕاپەڕينی شێخ سەعيد، حوسەين ئوقچو.
١٦. الرجل والإعصار، إحسان الصالحي، دار الكلمات، ٢٠٠٤ز، الجزائر.
١٧. رحلتي مع رسائل النور، إحسان قاسم الصالحي، إسطنبول، ٢٠١٦ز.
١٨. رچـتـة العوام، سعيد النورسی، چاپی ئاستانه، ١٩١١ز.
١٩. سير أعلام النبلاء، الذهبي، مؤسسة الرسالة.
٢٠. سيرة إمام مجدد، قبسات من حياة الإمام بديع الزمان النورسي، عاصم الحسينی، بيروت ١٩٧٤ز.
٢١. سعيد النورسي، بلسانه وأقلام تلامذته، دار الأنوار، إسطنبول، ٢٠١٦ز.
٢٢. سعيد النورسی، رجل القدر، فی حياة أمة، أورخان محمد علی، النسل، إسطنبول، ١٩٩٥م.
٢٣. سيرة ذاتية، سعيد النورسي، ترجمة: إحسان الصالحي، طبعة: ٦، دار سوزلر، القاهرة، ٢٠١١م.
٢٤. الشعاعات، سعيد النورسي، ترجمة: إحسان الصالحي، طبعة: ٦، دار سوزلر، القاهرة، ٢٠١١م.
٢٥. صيقل الإسلام، النورسي، ترجمة: إحسان الصالحي، طبعة: ٦، دار سوزلر، القاهرة، ٢٠١١م.
٢٦. الفتح الرباني والفيض الصمدانی، عبد القادر الجيلانی، دار الكتب.
٢٧. فی سبيل كوردستان، زنار سلوپی، بيروت.
٢٨. الكلمات، سعيد النورسي، ترجمة: إحسان الصالحي، طبعة: ٦، دار سوزلر.

٢٩. كوردانى ئەستەمبوڵى كۆن، ن: ڕۆهات ئەلاكۆم، و: ئەحمەد تاقانە، ٢٠٠٥ز، هەولێر.

٣٠. گەشتێكى نورانيى، عمر عبد العزيز، ٢٠٠٨ز، ناوەندى ئارا، سلێمانى.

٣١. اللمعات، سعيد النورسي، ترجمة: إحسان الصالحي، طبعة: ٦، دار سوزلر، القاهرة، ٢٠١١م.

٣٢. مەناقيبى كاك ئەحمەدى شێخ، خواجە ئەفەندى، و: پيرەمێرد، سلێمانى، ژيان، (١٣٥٨ك ـ ١٩٣٩ز).

٣٣. المثنوي العربي النوري، سعيد النورسي، سوزلر، إسطنبول، ٢٠٠٣م.

٣٤. المستدرك على تتمة الأعلام، بيروت، دار ابن حزم.

٣٥. المستدرك على الصحيحين، محمد بن عبد الله الحاكم النيسابوري، دار الكتب العلمية، ٢٠٠٢م.

٣٦. المسند، أحمد بن محمد بن حنبل الشيباني، مؤسسة الرسالة، ٢٠٠١م.

٣٧. المعجم الكبير، الطبراني، موقع الشاملة.

٣٨. المكتوبات الربانية، أحمد السرهندي الفاروقي (ت: ١٠٣٤هـ)، دار الكتب.

٣٩. المكتوبات، سعيد النورسي، ترجمة: إحسان الصالحي، طبعة: ٦، دار سوزلر، القاهرة، ٢٠١١م.

٤٠. الملاحق، أميرداغ، سعيد النورسي، ترجمة: إحسان الصالحي، طبعة: ٦، دار سوزلر، القاهرة، ٢٠١١م.

٤١. من الفكر والقلب، سعيد رمضان البوطي، دمشق، ١٩٧٢.

٤٢. النورسي، الرائد الإسلامي الكبير، د.محسن عبد الحميد، مطبعة الزهراء، ١٩٨٧م.

٤٣. النورسي، رجل القدر، أورخان محمد علي، دار الفضيلة، ١٩٩٩م..

٤٤. وولقان، زمانحاڵى (ئيتتيحادى محەممەدى)ـ ئەستەمبوڵ، ١٩٠٩م.

**دووەم/ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:**

١ـ ڕۆژنامەی (جمهوریەت)ی تورکی، (١٦/٧/١٩٣٠ز).

٢ـ ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارەکانی: (٦٦١)ی ١٩٤٢ز، (٧٣٩)ی ١٩٤٤ز، (٦٦٤)ی (١٩٤٢ز).

٣ـ ڕۆژنامەی (سەربەستی)، ئەستەملوڵ، ١٩١٠م.

٤ـ ڕۆژنامەی (شەرق‌و کوردستان)، (١٩)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٠٨ز)، ئەستەمبوڵ.

٥ـ ڕۆژنامەی (کورد) ئۆرگانی کۆمەڵەی (تەعاون‌و تەرەققی) کورد، ئەستەمبوڵ. ژمارە (١)، (١٩/١٠/١٩٠٨ز).

٦ـ ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارەکانی: (٦٤)، لە (٢٧/١٠/١٩٩٥ز)، (١١٩)، لە (٣/١/١٩٩٧ز)، (١٨٦)، لە: (٨/٥/١٩٩٨ز).

٧ـ گۆڤاری (شرق‌و کوردستان)، تشرینی دووەمی (١٩٠٨ز).

٨ـ گۆڤاری (شورای ئوممەت، مانگی تشرینی دووەمی (١٩٠٨ز).

٩ـ گۆڤاری (گریشم)، ژمارە: (٤٧)، ئابی (١٩٨٩ز).

١٠ـ گۆڤاری ڕۆژنامەوان، ژمارە: (٩)، لا: (٦٨).

١١ـ گۆڤاری کورد، ئۆرگانی کۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەققی کورد.

١٢ـ گۆڤاری وولقان، ئۆرگانی کۆمەڵەی ئیتتیحادی محەممەدی، ئەستەمبوڵ.

**سێیەم/ وتاری سایتەکان:**

١- Bilinmeyen Taraflariyle Bediuzzaman S. Nursi .

٢- Risale-i Nur Hakkinda Ilmi Bir Tahlil

٣- سایتی (إیلاف)، لە (٢٠)ی (دیسمبەر)ی (٢٠١٢ز)

## کورتە ژیاننامەی نووسەر (د.عمر عبد العزیز)و بەرهەمەکانی

Omer٩٥٨@yahoo.com

* ناوی سیانی نووسەر: عمر عبد العزیز بهاء الدین

* لە دایکبوی ساڵی (١٩٥٨ز)، باشووری کوردستان، پارێزگای هەڵەبجە.

* دەرچووی زانکۆی بەغدا، کۆلێژی شەریعە، ساڵی (١٩٧٩ز).

* بڕوانامەی ماجستێر لە زانکۆی ئەوزاعی لوبنان. (٢٠٠٩ز)

* دکتۆراە لە فیکرو توێژینەوە ئیسلامییەکان، لە هەمان زانکۆ، (٢٠١٣ز)

**ئەندامێتی دامەزراوەو ڕێکخراوە ناوخۆیی وجیهانییەکان:**

* ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی (رابیتەی ئیسلامیی کورد) (١٩٨٨ز).

* ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی نوسەران، (١٩٩٢ز).

* ئەندامی کۆنگرەی نیشتیمانیی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیی، واشنتون، (٢٠٠١ز).

* ئەندامی دامەزرێنەر لە یەکیەتی زانایانی جیهان (الاتحاد العالمي لعلماء المسلمین) لەندەن، (٢٠٠٥ز).

⋆ ئەندامی دامەزرێنەر لە ڕێکخراوی (المنتدی العالمي للوسطیة)، (کۆڕبەندی جیهانیی بیری میانەڕەوی).

* ئەندامی دامەزرێنەر لە کۆڕبەندی جیهانیی بیری میانەڕەوی کوردستان.

* ئەندامی (کارا)ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان .

* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەگەری جیهانیی (منظمة الصحافة العالمیة).

* ئەندامی کۆڕبەندی جیهانیی پەرلەمانتارانی ئیسلامیی. (المنتدی العالمي للبرلمانیین الإسلامیین).

⋆ ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.

* دامەزرێنەرو سەرۆکی ڕێکخراوی زانست بۆ باسو توێژینەوە.

☜ **بەشداریی کۆنگرە نێوخۆییو ئیقلیمییو جیهانییەکان :**

لە کوردستانو دەرەوەی وڵات بەشداریی دەیان کۆنگرەی نێوخۆییو ئیقلیمییو جیهانیی کردووە..

**پۆستی سیاسیو حیزبی:**

* زۆربەی پۆستە حزبییو سیاسییەکانی لە یەکگرتووی ئیسلامیدا، بینیوە.

* پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووەو سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو بووە لەو خولەدا.

**-چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکان:**

* سەرنوسەرو بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤاری (نداء الغريب) (ساڵانی (١٩٨٤ بۆ ١٩٨٦) لە شاری (پاوە)ی ڕۆژهەڵات.

* بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤاری (پەیامی ڕاستی)، ساڵانی (١٩٩٢ـ ١٩٩٤).

* سەرنوسەری ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) (ئۆرگانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) (ساڵانی ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٨) (هەولێر ).

**چالاکییە فیکرییو ڕۆشنبیرییەکان :**

* نووسینو چاپکردنی چەند کتێبو نامیلکەیەك، لەوانە:

١- کورتە ژیاننامەی زانای گەورەی کوردستان سەعید نورسی.

٢- القضية الكردية والمؤامرات الدولية.

٣ـ نامیلکەی (التعاليم) بە کوردی.

٤ـ دليل الراغب فى تهذيب مفردات الراغب.

٥ـ الفئة الشبابية في ظل العولمة.

٦- پەیامەکانی خوشکان (٢٥ نامیلکە).

٧- گەشتێکی نورانی.

٨- بڕواو ڕەوشت.

٩– یەکگرتووی ئیسلامییو پرسی چاکسازیی لە هەرێمی کوردستان.
١٠ـ بەڵێننامەی ئیسلامیی.
١١– ڕاڤەی (٤٠) فەرموودە.
١٢– ژیاننامەی عەللامە مەلا محەممەدی قزڵجەیی.
١٣ـ وتاری هەینیی هاوچەرخ.
١٤ـ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ڕێکخراوی (ژێ .کاف).
١٥– سەربوردێکی ئەلفبێی کوردیی.
١٦– ژیاننامەی مامۆستا مەلا بەهای بیارە.
١٧ـ چەند لاپەڕەیەکی لاخراو لە ژیانی پێشەوا قازی محمد.
١٨– خەباتی کوردو ڕەهەندی ئیسلامیی.
١٩– سەعدی شاعر، فارسێکی شیرازیی، یان کوردێکی هەورامیی.
٢٠ـ ڕەوتی بەناو قورئانییەکان.
٢١– پێگە فکرییەکانی بانگەواز لای عەللامە ناصر سوبحانی.
٢٢ـ بیری توندڕەیی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ. هۆکانی، ڕێگاکانی، چارەسەریی.
٢٣ـ دەریایەك لە خۆشەویستیی (بیرەوەرییەکانم لە خزمەت کاك ئەحمەدی موفتی زادە).
٢٤ـ پێگەی فەرموودەو حوجییەتی سوننەت لای عەللامە ناصر سوبحانی.
٢٥– تیشکێك لەسەر پرسەکانی ژنان.
٢٦ـ چۆن لەگەڵ قورئاندا بژین؟
٢٧ـ ئاماژە بە کوردو کوردستان لە قوئانو ژیاننامەی پێغەمبەردا.
٢٨ـ فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ڕەوتی ئیسلامیی میانەڕەو، سلێمانی.
٢٩ـ مۆدێرنیزم. تایبەتمەندییەکانی، هەڵومەرجی سەرهەڵدانی.
٣٠ـ خەوشوخاڵی زانست.

* ئێستە:

١ـ سەرپەرستی پرۆژەی (ئینسکلۆپیدیای کوردو کوردستان) دەکات، کە تا ئێستە بەرگی یەکەمی لیٚ دەرچووەو بەرگی دووەمیشی بەڕێوەیە.

٢ـ سەرقاڵی بە چاپ گەیاندنی (٢٥) کتێبی ترییەتی، بە زمانی کوردیی‌و عەرەبیی، کە ئامادەی چاپن.

* ناوبراو دانیشتووی شاری (سلێمانی)یەو خێزاندارەو سیٚ منداڵی هەیە.

* زمانەکانی کوردی و عەرەبی‌و فارسی دەزانێت.

* ژمارەی مۆبایل:

ئاسیاسێڵ: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٥٢٠٤٦٤/ کۆرەك: ٠٠٩٦٤٧٥٠١١٢٤٤٢١

* ناونیشانی نووسەر لە تۆڕو ڕایەڵە ئەلیکترۆنییەکانی: فەیس بووك، تویتەر، یوتیوب، ئینستاگرام، مەسینجەر، بە ناوی (عمر عبد العزیز)ە.